# عەمەرخانی شکاک

## لە سەرهەڵدانی سمکۆوە تا کۆماری کوردستان
## (١٩٠٦ - ١٩٤٦)

# عەمەرخانی شکاک

## لە سەرهەڵدانی سمکۆوە تا کۆماری کوردستان
## (١٩٠٦ ـ ١٩٤٦)

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی:

**محەمەدساڵح قادری**


گۆڕینی لە کورمانجییەوە بۆ سۆرانی:

**شەهاب خالیدی**

کوردستان ٢٠٢١

**بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤٢٢)**

بیروڕاگەلێک کە لەم کتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەر لەبەریان
دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر، ئاکادیمیای کوردی لێیان بەرپرس نییە.




**عەمەرخانی شکاک**

**لە سەرهەڵدانی سمکۆوە تا کۆماری کوردستان (١٩٠٦ - ١٩٤٦)**

بابەت: **دیرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان**

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی: **محەمەدساڵح قادری**

گۆڕینی لە کورمانجییەوە بۆ سۆرانی: **شەهاب خالیدی**

زمانەوانی: **شەریف فەلاح**

گرافیك و دیزاین: **لوقمان ڕەشیدی**

چاپخانە: **چاپی یەکەم ٢٠٢١ - تاران**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

نرخ: **١٠٠٠٠ دینار**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی
کوردستان ژمارە سپاردنی (٦٢) ساڵی ٢٠٢١ی پێ دراوە.

پێشکەشە بە هەموو ئەو تێکۆشەر و جەنگاوەرانەی نەتەوەی کورد، کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، لەپێناو ڕزگاریی نیشتمان و سەروەریی نەتەوەی کورددا بەوپەڕی ئازایەتی و فیداکارییەوە خەباتیان کردووە و هەرگیز تەسلیمی دۆڕان و سەردانەواندن بۆ داگیرکەرانی کوردستان نەبوون.

## پێڕست


سپاس و پێزانین: ١٣

پێشەکی: ١٥

**بەشی یەکەم**

بەرچاوڕوونییەک لەبارەی ژیان و کەسایەتیی عەمەرخان شەریفی (شکاک): ٢٢

کێشەی سمکۆ و عەمەرخان لەگەڵ مەشرووتەخوازەکان: ٤٦

گیرانی عەبدولڕەزاق بەدرخان و ڕزگارکرانی لەلایەن سمکۆوە: ٤٨

یەکەمین دامەزراوە و خوێندنگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٥١

چەند بەڵگەیەکی عوسمانی و فەرەنسی لەبارەی کورد لە ساڵی ١٩١٤: ٦٠

پیلانی گرتن و کوشتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە: ٨٥

دوورخستنەوەی سمکۆ و عەبدولڕەزاق لەلایەن ڕووسەکانەوە بۆ تفلیس: ٨٨

پەنابەریی شکاکەکان: ٩٢

شەڕی نێوان شکاک، سوورچی و زێبارییەکان: ٩٤

ئازادکردنی سمکۆ لەلایەن ڕووسەکانەوە: ١٠٠

پیلانگێڕیی ئێرانییەکان بۆ کوشتنی سمکۆ بە بۆمب: ١٠٥

ڕزگارکردنی شاری ورمێ: ١١٣

چاپکردنی ڕۆژنامەی «کورد» لەلایەن سمکۆوە: ١١٧

شەڕی ڕزگارکردنی شاری مەهاباد: ١٢٠

شەڕی شەکەریاز: ١٢٣

ڕاپۆرتی شەڕی هێزەکانی سمکۆ لە میاندواو ١٢٦

هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر سمکۆ و گرتنی قەڵای «چاری»: ١٣٧

جیابوونەوەی عەمەرخان و هێندێک لە سەرۆکهۆزەکان لە سمکۆ: ١٣٩

هێرشی تورکەکان بۆ سەر سمکۆ لە گوندی «شامانس»ی ئەلباک: ١٤١

## بەشی دووەم


| | |
|---|---|
| چاوپێکەوتنی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان لە «بەحرکە»ی هەولێر: | ١٤٤ |
| نامەی مستەفا کەماڵ بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجی: | ١٤٩ |
| نامەگۆڕینەوە و دیداری نێوان سمکۆ و شێخ مەحموودی حەفید: | ١٥٤ |
| بەڵێنەکانی ئۆزدەمیر و گەڕانەوەی سمکۆ بۆ تورکیە: | ١٥٩ |
| سیاسەتی ئەوکاتی سۆڤیەت بەرانبەر بە کوردەکان: | ١٧٦ |
| عەمەرخان لە نەبوونیی سمکۆدا: | ١٨١ |
| سەرلەنوێ گەڕانەوەی سمکۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان: | ١٨٣ |
| چاوپێکەوتنی سمکۆ لەگەڵ ڕەزا خان: | ١٩١ |
| ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران: | ١٩٤ |
| سەرهەڵدانی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان سمکۆ و عەمەرخان: | ٢٠٢ |
| پلانی سمکۆ بۆ گەڕاندنەوەی عەمەرخان و دەستبەسەرکردنی: | ٢١٢ |
| ڕادەستکردنی عەمەرخان بە دەوڵەتی ئێران لەلایەن سمکۆوە: | ٢١٧ |
| ڕاگەیاندنی وەفاداریی عەمەرخان بۆ دەوڵەتی ئێران: | ٢٢٢ |
| پیلانگێڕیی ئێرانییەکان بۆ قووڵترکردنی ناکۆکییەکانی نێوان سمکۆ و عەمەرخان: | ٢٢٤ |
| هێرشی ئەحمەد ئاغای برای سمکۆ بۆ سەر عەمەرخان لە سەڵماس: | ٢٢٧ |
| هێرشی هاوبەشی ئێرانییەکان و عەمەرخان بۆ سەر سمکۆ: | ٢٣٠ |
| نامەی سمکۆ بۆ بابەکر ئاغای پشدەری: | ٢٣٥ |
| پیلانی تیرۆرکردنی سمکۆی شکاک بە بڕیاری ڕەزا شا: | ٢٤٤ |


## بەشی سێیەم


| | |
|---|---|
| بڕۆی حەسکێ و دەستپێکردنی ڕاپەرینی ئاگری (ئارارات): | ٢٥٨ |
| پشتیوانیی خۆیبوون لە ڕاپەڕینی ئاگری: | ٢٦٢ |
| دامەزراندنی کۆماری ئارارات: | ٢٦٨ |

| | |
|---|---|
| درێژەی ڕاپەڕینی ئارارات لە هەرێمی «ماکۆ» ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: | ٢٨٦ |
| ناردنی عەمەرخان بۆ شەڕ لە دژی جەنگاوەرانی ئارارات لەلایەن ئێرانییەکانەوە: | ٢٨٧ |
| کوژرانی برۆی حەسکێ لەلایەن هێزەکانی سەر بە حکوومەتی ئێرانەوە: | ٢٩٠ |
| درێژەی ڕاپەڕینی ماکۆ لەلایەن فەرزەندە بەگ و هاوڕێیانییەوە: | ٢٩٢ |
| توندڕەویی دەوڵەتی ئێران لەدژی کورد: | ٢٩٩ |
| کۆبوونەوەی گوندی هەشتیان: | ٣٠٣ |
| گرتن و زیندانیکردنی عەمەرخان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە: | ٣٠٦ |


**بەشی چوارەم**


| | |
|---|---|
| شەڕی دووەمی جیهانی و هاتنی لەشکری سۆڤیەت و ئینگلیز بۆ ئێران: | ٣١٢ |
| ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزا شا و ئازادبوونی عەمەرخان لە گرتووخانە: | ٣١٥ |
| چالاکیی هێزەکانی ڕووسیا لەنێو کورد: | ٣١٧ |
| چوونی شاندی کوردان بۆ باکوو: | ٣١٩ |
| هەوڵی ڕووسەکان بۆ ڕازیکردنی عەمەرخان: | ٣٥٧ |
| عەمەرخان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک): | ٣٧٩ |
| سیاسەتی ئەوکاتەی سۆڤیەت بەرانبەر بە کورد: | ٣٩٧ |
| هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان: | ٤٠٢ |
| دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان: | ٤٠٥ |


**بەشی پێنجەم**


| | |
|---|---|
| دامەزراندنی کۆماری کوردستان: | ٤١٢ |
| پەیماننامەی نێوان کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان: | ٤١٨ |
| شەڕی نێوان دەوڵەتی ئێران و کۆماری کوردستان: | ٤٣٢ |
| سەفەری قازی محەمەد بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان: | ٤٥٠ |

هەوڵەکانی پاراستنی ناسنامەی کوردستانیبوونی ورمێ و دەوروبەری: ٤٥٤
پێوەندییە سیاسییەکانی عەمەرخان لەگەڵ سۆڤیەت و ئەمریکاییەکان: ٤٦١
نیگەرانیی عەمەرخان و بارزانی لەبارەی چارەنووسی کۆماری کوردستان: ٤٧٨
کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان: ٤٨٣
ماڵاوایی مەلا مستەفا بارزانی و قازی محەمەد: ٤٩٠
هەوڵە بێ ئەنجامەکانی عەمەرخان بۆ پێشگیری لە لەسێدارەدانی قازی محەمەد: ٥٦٨
لەسێدارەدانی قازی محەمەد: ٥٨٩
بەشێک لە وەسیەتنامەکەی قازی محەمەد: ٥٩١

## بەشی شەشەم

هەڵسەنگاندنی «ئارچیبالد ڕۆزڤێڵت» لەمەڕ کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان: ٥٩٨
عەمەرخان، دوای کۆماری کوردستان: ٦٠١
بۆچوونی کەسایەتییە سیاسییەکان لەبارەی پێگە و کەسایەتیی عەمەرخان: ٦٠٤

وێنەکان ٦١١

## سپاس و پێزانین:

بــە دڵنیاییــەوە کاری لێکۆڵینــەوە و ئامادەکردنــی ئــەم پەرتووکــە، بەبــێ هــاوکاری و ماندووبوونــی کۆمەڵێــک هــاوڕێ و مامۆســتای بەڕێــز و قەدرگــران، بــۆ مــن کارێکــی ئەســتەم بــوو. بۆیــە وەک ئەمەگناســی، لــە جێــی خۆیدایــە ســوپاس و پێزانینــی خــۆم بــۆ هەمــوو ئــەو بەڕێزانــە دەرببــڕم کــە بــە شــێوەیەکی گشــتی هاوکاریــی منیــان کــردووە. بەتایبــەت: مامۆســتا محەمــەد حەمەباقــی لــە ئەکادیمیــای کــوردی بــە پێدانــی چەندیــن ســەرچاوە، هەروەهــا بــە ڕێنماییــە بەنرخەکانــی هاوکاریــی منــی کــردووە. کەرەمــێ ســەرحەدێ، محەمەدحەســەن واژێ، گــولای کارائۆغلــۆ، ســوهەیلا شــەریفی، شــەریف فــەلاح، ســەعید ڤــەڕۆژ، شــەریف هــەژاری، دیــلان هــەردی، عەلــی مونەزەمــی، هــادی عەزیــزی، مســتەفا ســەلیم مینــا ئاغــا پشــدەری، قــادر شــکاک و کاووس عەزیــزی، بــە دابینکردنــی بەڵگەنامــە و ســەرچاوەکان هاوکارییــان کــردووە.

کامیــل نەجــاڕی، ئەکــرەم ئوونــەن، ســۆلین هاجــادۆر، ســاماڵ ئەحمــەدی، ئەدهــەم شــێخۆ، ســیپان ڕۆژهــەڵات، محەمەدغیاســەدین حوســێن، محەمەدئەمیــن شــەریفی و کەیــوان درووودی، بــۆ وەرگێڕانــی بەڵگەنامــەکان لــە زمانەکانــی: ئینگلیــزی، ڕووســی، تورکــی عوســمانی و فارســی بــۆ ســەر زمانــی کــوردی، زەحمەتــی زۆریــان کێشــاوە. ســەلام ئیســماعیلپوور، ســالار بابەشــێخ حیســامی لەبــاری زمانەوانییــەوە یارمەتیــدەرم بــووە. عەلــی ســمکۆ، ســمایل جەهانگیــرزادە، خــوسرەو عەبدوڵڵاهــی، ڕەفعــەت مامــەدی، فەهیــم ســەعیدیان، کۆنــێ ڕەش، مزگیــن مەهــدی زێبــاری، ڕەزا زوبێــر زێبــاری، شــوان عەلــی شــکاک، عەلــی عەبدوڵــڵا عوســمانی نــەوەی جەمیلئاغــای گــەردی، عەلــی

زەردەشـــت، ســـەعید موخلیـــس ئـــەردەم، عوســـمان محەمەدئەمیـــن باشـــکالی و ئەحمـــەد حەســـەنزادە، لـــە بـــواری مێـــژووی زارەکییـــەوە، زانیاریـــی بەنرخیـــان پـــێ داوم. هـــاوکات عەبدوڵـــڵا حیجـــاب بـــە ســـەرنج و پێشـــنیارەکانی یارمەتیـــدەرم بـــووە. جـــەلال ڕەوانگـــەرد بـــۆ دەســـتەبەندیی بەشـــێک لـــە بەڵگەنامـــەکان و کاروان مێـــراوی بـــۆ کاری تایپـــی بەشـــێک لـــە بەڵگەنامـــەکان هاوکاریـــی منیـــان کـــردووە.

بـــە داوای لێبـــووردن لـــەو خۆشەویســـتانەی ناوخـــۆی وڵات کـــە بـــە هـــۆکاری ئەمنیەتـــی، ناتوانـــم نێویـــان بێنـــم. ئـــەو بەڕێزانـــە بـــە دەستخســـتنی کۆمەڵێـــک بەڵگەنامـــە، وێنـــە و ســـەرچاوەی بەنرخـــی مێژوویـــی، هاوکاریـــی منیـــان کـــردووە و جـــارێ وەک ســـەربازی ون وان، هیـــوادارم ئـــەو ڕۆژە دوور نەبێـــت کـــە لـــە چاپـــی دواتـــری ئـــەم پەرتووکـــەدا، دەرفەتـــی ئـــەوەم بـــۆ بڕەخســـێ نـــاوی ئـــەو خۆشەویســـتانەش لـــەم پەرتووکـــەدا تۆمـــار بکرێـــت.

لـــە کۆتاییـــدا ســـپاس و پێزانینـــی تایبەتیـــم پێشکەشـــی هاوژینـــی بەڕێـــزم «نایمـــە خوڕەمـــی» دەکـــەم کـــە وێـــڕای تەحەمولـــی زەحمەتەکانـــی پێوەندیـــدار بـــە کاری ئـــەم پەرتووکـــە، پاڵپشـــتیی منـــی کـــرد تـــا ماندوویی‌نەناســـانە کارەکانـــی پەرتووکەکـــە بـــە ئەنجـــام بگەیەنـــم.

## پێشەکی:

سـەرەتا دان بـەو ڕاسـتییەدا دەنێـم کـە مـن نـە خوێندنـی زانسـتی و ئەکادیمیـی دیرۆکناسـیم هەیـە و نـە ئـەم پەرتووکـەم هەڵگـری هەمـوو ئـەو بنەمـا و مێتـۆدە زانسـتییانەیە کـە دەبـێ بـۆ نووسـینی وەهـا مژارێکـی هەسـتیاری مێژوویـی ڕەچـاو بکرێـن، بۆیـە بـە ئاسـایی دەبینـم کـە پەرتووکەکـەم هەڵـە و کەموکورتـی هەبێـت. ئامانـج و مەبەسـت لـە ئامادەکردنـی ئـەم پەرتووکـە بەرلـە هەمـوو شـتێک هەسـت بـە بەرپرسـایەتیی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بـووە کـە لەپێنـاو سـاغکردنەوە و گەشـاندنەوەی بەشـێک لـە مێـژووی ئاڵـۆز و ناڕوونـی گەلەکەمانـە، کـە بـە لایەنـە ئەرێنـی و نەرێنییەکانییـەوە دەتوانـێ ببێتـە دەرس و ئەزمـوون بـۆ نەوەکانـی داهاتوومـان. لەبـەر ئـەوەی ئـەم پەرتووکـە مێـژووی ٧٥ تـا ١١٤ سـاڵ بەرلـە ئێسـتامان بـۆ دەگێڕێتـەوە، بەهـۆی نەمانـی کاراکتەرەکانـی نـاو ڕووداوەکانـی ئـەوکات، نووسـین و ئامادەکردنـی ئـەم پەرتووکـە کارێکـی زەحمـەت بـوو، بـەڵام هەوڵـمان داوە کـە بـە لێکۆڵینـەوە و کەڵکوەرگرتـن لـە زانیاریـی نێـو سـەرچاوەی جیاجیـا و نـووسراوە زارەکییـەکان، بتوانیـن بـە گواسـتنەوە و پێشـاندانی لایەنـە بەهێـز و لاوازەکانـی ئـەم مێـژووە، ڕووناکـی بخەینـە سـەر تارمایـی و زۆر لایەنـی شـاراوە و نهێنیـی ڕووداوەکانـی ئـەو سـەردەمە، کـە پـڕن لـە زۆر کارەسـات و تراژیدیـای نەتەوەکەمـان.

هەوڵەکەمـان ئەوەیـە، کـە بـە ژیاندنـەوە و ڕووناککردنـەوەی لایەنێـک لـەو ڕووداوانـەی سـەدەی ڕابـردوو، بتوانیـن خزمـەت بـە گەلەکەمـان و بەتایبەتـی نـەوەی دوارۆژ بکەیـن. هەرچەنـد لـەم پەرتووکـەدا نـاوی زۆر کـەس، عێـل و عەشـیرەت بـە لایەنـە ئەرێنـی

و نەرێنییەکانـی پێوەندیـدار بـە ڕووداوەکانـی ئـەو کاتـەوە هاتـووە، یانیـش ڕەخنـە لـە هێندێـک کـەس گیـراوە، بـەڵام ئێمـە ئـەو زانیارییانەمـان بەپێـی لێکۆڵینـەوە و سـەرچاوە بەڵگەییەکانـەوە وەک ئەمانـەت بـۆ خوێنـەرەکان گواسـتووەتەوە. داوەریکـردن لەمـەڕ ئـەم ڕووداوانـە، پێویسـتە بەپێـی پێـوەر و ڕاسـتییەکانی زیاتـر لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوو بـن، کـە تایبەتـن بـە ڕەوشـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ڕوشـنبیری، ئابـووری و کولتووریـی ئەوکاتـە. ئـەم پەرتووکـە دەیهـەوێ بـە مێتۆدێکـی وەهـا، کـە هـەم گەورەیـی ئـەم مێـژووە پـڕ لـە شـانازییەی سـەرهەڵدانی «سـمکۆی شـکاک» شـێخ سـەعیدی پیـران، ئـارارات و کۆمـاری کوردسـتان بپارێـزێ و هەمیـش ڕۆڵـی «عەمەرخانـی شـکاک» کـە ئەکتەرێکـی بەرچـاو و کاریگەریـی نێـو بزووتنـەوەی کوردسـتان بـووە، دەستنیشـان بـکات.

هـاوکات ویسـتوومە دەرفەتـی گەنگەشـە و مافـی دادوەریکـردن لەمـەڕ ئـەم مـژارە بەپێـی ڕاسـتییەکانی ئـەو سـەردەمە، بـۆ لێکۆڵەرانـی کۆمەڵنـاس و مێژوونـاس پارێـزراو بێـت. بۆیـە ئـەم پەرتووکـە بـە ڕوانگەیەکـی خەسارناسـانە و لەسـەر بنەمـای هەسـتێکی بەرپرسـانەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی، ئامـادە کـراوە، بـەڵام دیسـانیش ناتوانـم بڵێـم لـەم کارەدا کەموکورتـی نییـە. ئاسـاییە کـە بەهـۆی لەبەردەسـتدانەبوونی سـەرچاوە و زانیاریـی گشـتگیر و سـەلمێندراو لـە ناوەڕۆکـی هێندێـک لـە زانیارییەکانـی ئـەم بەرهەمـەدا هەڵـە و کەموکورتیـش هەبـن.

ئـەوەی ڕوونـە، ئەوەیـە ئـەم پەرتووکـە نـە دەیهـەوێ بـە گێڕانـەوەی لایەنـە ئەرێنییـەکان لایەنگـری لـە کەسـێک بـکات و نـە دەشـیهەوێ بـە گێڕانـەوە و ناوهێنانـی هێندێـک هـۆز و عەشـیرەت و ئـەو کەسـایەتییانەی کـە لـەو سـەردەمەدا جاروبـار ڕۆڵـی نەرێنییـان

هەبـووە، هەسـتی هیـچ کەسـێک برینـدار بـکات، چونکـە هەمـوو ئـەو لایەنانـە بەپێـێ سـەردەمی خۆیـان و بەپێـی ئاسـتی ئیمـکان و زانینـی خۆیـان، خاکەڕایانـە خزمەتـی دۆزی کوردسـتانیان کـردووە و بـە لایەنـە ئەرێنـی و نەرێنییەکانیانـەوە، بوونەتـە بەشـێک لـە مێـژوو و ناسـنامەی گەلـی کـورد.

بەتایبەتـی مـژاری گرێـدراو بـە «سـمکۆی شـکاک و عەمەرخـان»، یـان عەمەرخـان و «کۆمـاری کوردسـتان»، وەک مژارێکـی ناوخۆیـی، هێندێـک هەسـتیار و ناڕوونـە، چونکـە لەبـارەی ئـەو مـژارەوە، گەلێـک دادوەریـی ناڕاسـت و بـێ بەڵگـە کـراون، بۆیـە پێویسـتە ئـەو بابەتـە دوور لـە ڕوانگـەی هەسـتەکی و دەمارگـرژی، بـە لێکۆڵینـەوە و ڕوونکردنەوەیەکـی زانسـتی بکەوێتـە بـەر دەسـتی خوێنـەران و مێژوونووسـان، بـۆ ئـەوەی هـەرکام لـەو ڕێبـەر و کەسـایەتییانە، بەپێـی زەحمـەت و تێکۆشـانیان ڕێزیـان لـێ بگیرێـت.

ئـەم میتـۆدە هـەم سـەنگ و زەنگینیـی لێکۆڵینەوەکـە دەپارێـزێ و هەمیـش دەبێتـە سـەرچاوەی زانیاریـی دروسـت بـۆ شرۆڤەکردنـی ئـەو کێشـە و ناکۆکییـە ناوخۆییانـەی کـە لـەو سـەردەمەدا ببوونـە هـۆی لاوازیـی سـەرهەڵدانی مێژوویـی «سـمکۆی شـکاک»، هەروەهـا تێکچوونـی کۆمـاری کوردسـتان. گێڕانـەوە و گەنگەشـەکردنی ناکۆکییـە ناوخۆییـەکان، نـەک هـەر لـە گەورەیـی «سـمکۆی شـکاک و قـازی محەمـەد» و خەباتـی پـڕ لـە سـەروەریی ئـەو ڕێبـەرە نەمرانـە کـەم ناکاتـەوە، بەڵکـوو ئـەم کارە دەرفـەت دەداتـە لێکۆڵـەر و خوێنـەران کـە بزانـن نەتـەوەی کوردیـش وەک هـەر نەتەوەیەکـی جیهـان لـە پرۆسـەی پێشـکەوتنی خۆیـدا لـە چ کۆسـپ و هـەوراز و نشـێوێکەوە تێپەڕیـوە تـا گەیشـتووەتە ئێـرە.

لــە ئاکامــدا نەوەکانــی دواڕۆژ بــە بینینــی ئــەم ڕاســتییانە، لایەنــە بەهێــز و لاوازەکانــی مێــژووی خۆیــان دەزانــن و بــە وەرگرتنــی وانــە و ئەزمــوون لــە مێــژووی خۆیــان، باشــتر دەتوانــن خزمــەت بــە ئامانجــە مێژووییەکانیــان بکــەن و ئەنجامــی ئەرێنــی وەربگــرن. بێگومــان گێڕانــەوەی ئــەم مێــژووە، هــەم دەبێتــە هــۆی وەرگرتنــی وانــە و ئەزموونــی بەنــرخ لــە ڕووداوەکانــی ڕابــردوو و هەمیــش نەســڵەکانی دواڕۆژ بــە دووبارەنەکردنــەوەی ئــەو هەڵانــەی ڕابــردوو، دەزانــن کــە ئەگــەر پیلانــی نەیــاران و ناشــارەزایی و ناکۆکیــی ناوخۆیــی، هــۆی شکســتەکانی ڕابــردووی نەتــەوەی کــورد بــوون، بێگومــان ڕێــگای ڕزگاری و ســەرکەوتنیش، بەهــۆی زانســت و یەکــتر قبووڵکــردن و یەکبوونــەوە بــە ئامانــج دەگات.

ڕاســتە ئــەم پەرتووکــە لەبــارەی «عەمەرخانــی شــکاک» و پێوەندیگەلــی دوور و نزیکــی ڕووداوەکانــی ســەردەمی ژیانــی ئــەو نــووسراون، بــەڵام هەوڵــم داوە وێــڕای مــژاری پێوەندیــدار بــە «عەمەرخــان»، لەســەر بەشــێک لــە مێــژووی٤٠ ســاڵ (١٩٠٦-١٩٤٦)ی پێوەندیــدار بــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی گەلــی کــورد لــە ڕۆژهــەڵات، باکــوور و باشــووری کوردســتانیش ڕابوەســتم و هەڵوێســت و سیاســەتی وڵاتــە هەرێمــی و زلهێــزە جیهانییــەکان لەبــارەی دۆزی کــورد لــەو قۆناغانــەدا شرۆڤــە بکــەم.

لــەم پەرتووکــەدا هەوڵــم داوە لــە ڕێــگای بەدەســتهێنان و وەرگێڕانــی هێندێــک لــە بەڵگەنامەکانــی ئەرشــیڤی ڕووس، ئینگلیــز، ئەمریــکا، عوســمانی و ئێــران، بتوانــم جیاوازیــی نێــوان بۆچــوون و ڕوانگــەی کــورد لــەو ســەردەمەدا لەمــەڕ سیاســەت و خەباتیــان لەگــەڵ سیاســەت و پیلانــی وڵاتانــی داگیرکــەر، هەروەهــا سیاســەتی ئەوکاتــەی ڕووســیە و

ئەمریــکا و ئینگلیــز لەبــارەی بزووتنــەوەی کوردســتان بــەراورد بکــەم. ئــەم کارەش بــۆ ئەوەیــە، کــە سیاســەتمەدارانی کــورد تەنیــا بەپێــی بۆچوونــی خۆیــان چــاو لــە خەبــات و تێکۆشــان نەکــەن، بەڵکــوو بــە وشــیاری و ژیرییــەوە لــە هاوکێشــە سیاسییەکان و بەرژەوەندیــی وڵاتانــی زلهێــز و دەوروبــەر تــێ بگــەن و بەپێــی بینینــی ئــەو ڕاســتییانە، بتوانــن سیاســەت و پلانــی خەباتەکەیــان بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجــی نەتەوەیــی دابڕێــژن.

لــە ناوەڕۆکــی بەڵگەنامەکانــدا بۆمــان دەردەکەوێــت کــە سیاســەتی وڵاتانــی وەک ڕووس- ســۆڤیەت، ئینگلیــز، ئەمریــکا، عوســمانی- تورکیــە و ئێــران، لــە قۆناغــی جیاجیــادا لەبــارەی کــورد و کوردســتان بــە چ شــێوازێک بــووە، هەروەهــا ڕوون و ئاشــکرا دەبێــت، کــە سیاســەت و هەڵوێســتی ڕێبەرانــی کــورد لــە قۆناغــی جیاجیــادا لەبــارەی هــەر یــەک لــەو وڵاتانــە، هەروەهــا ئــەو ڕووداوانــەی کــە ئــەوان تێیــدا ژیــاون، لەســەر بنەمــای لێکۆڵینــەوە و ســتراتیژییەکی دوور و درێــژ نەبــووە. بۆیــە ئێمــە دەبینیــن بەپێــی ســەردەمی جیاجیــا، لــە هەمبــەر ڕووداوە جۆراوجــۆرەکان، هەروەهــا هــەر یــەک لــەو وڵاتانــەی کــە باســمان کــردن، لــە سیاســەتی کوردانــدا جیــاوازی و پارادۆکــس هەبــووە. هەرچەنــد دەکرێــت بەشــێک لــەو پارادۆکســانە بەپێــی قۆناغــی جیــاواز، لــە چوارچێــوەی سیاســەتی تاکتیکــی و لــە ناچاریــی ڕێبەرانــی کــورد بەهــۆی بارودۆخــی ناجێگیــر و بێدەرەتانیــان لێــک بدرێتــەوە، لــە هەمانکاتــدا ناشــکرێ لــە ئاســت هەڵەکانیشــیاندا چــاو بنووقێنیــن و پەندیــان لــێ وەرنەگریــن. هیــوادارم خوێنــەران و بەتایبەتــی دیرۆکنووســان، بــە لێکۆڵینــەوەی زیاتــر لــەم بــوارەدا، بتوانــن ڕاســتییەکانی ئــەو مێــژووە بایەخــدارەی نەتەوەکەمــان کــە بەشــێکی هــەروا لەژێــر تەپوتــۆزی ڕۆژگاردا مــاوە و بەشــێکی

دیکەشـی لەلایـەن دوژمنەکانمانـەوە بـە دەسـتی ئەنقەسـت شـێوێندراوە، بدۆزنـەوە و سەرڕاسـتی بکەنـەوە، هەتـا ئـەو کارەیـان ببێتـە ئاوێنـەی باڵانوێـن بـۆ نـەوەی داهاتـوو و ئەوانیـش بزانـن کـە نەتەوەکەیـان بـە درێژایـی مێـژوو، چ ڕێگایەکـی سـەخت و دژوار و پـڕ کارەسـاتیان بڕیـوە، هەروەهـا چ ئەرکێکـی بـۆ ئەوانیـش بەجـێ هێشـتووە تاکـوو بـۆ گەیشـتن بـە سـەرکەوتنی یەکجارەکـی جێبەجێـی بکـەن.

محەممەدساڵح قادری _ خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی – هەولێر

# بەشی یەکەم

## بەرچاوڕوونییەک لەبارەی ژیان و کەسایەتیی عەمەرخان شەریفی (شکاک):

عەمەرخـــان شـــەریفی، نـــاسراو بـــە عەمەرخانـــی شـــکاک کـــوڕی محەمەدشـــەریف شـــەریفی، لەدایکبـــووی ســـاڵی ١٢٥٢ی هەتـــاوی (١٨٧٤ی زاییـنـــی) و یەکێـــک لـــە کارەکتـــەر و کەســـایەتییە گرینـــگ و ناودارەکانـــی هـــۆزی «کاردار» و «شـــکاک»ەکان بـــووە. محەمەدشـــەریف باوکـــی عەمەرخـــان کـــە ســـەرۆکی هـــۆزی کاردارەکان بـــووە، زۆر جـــار لەســـەر کێشـــەی زەویـــوزار و پاراســـتنی دەســـەڵاتداریی خۆیـــان بەســـەر شـــکاکەکاندا لەگـــەڵ « محەمـــەد ئاغـــا»ی باوکـــی ســـمکۆ، ناکۆکـــی و کێشـــەیان هەبـــووە.

محەمـــەد ئاغـــا لـــە ســـاڵی ١٩٠٥ و دوای تیرۆرکرانـــی ناجوامێرانـــەی «جـــەوەر ئاغـــا»ی کـــوڕی لەلایـــەن «نیزامولســـەڵتەنە»ی کاربەدەســـتی حکوومەتـــی قاجـــاڕ لـــە تەورێـــز، پەنـــای بـــردە بـــەر عوســـمانییەکان و داوای لـــێ کـــردن تۆڵـــەی جـــەوەر ئاغـــا لـــە دەوڵەتـــی ئێـــران بکەنـــەوە، بـــەڵام عوســـمانییەکان بەبـــێ ئـــەوەی لـــەدژی دەوڵەتـــی ئێـــران بجووڵێنـــەوە، بـــە گومانـــی دەســـتێدابوونی بنەماڵـــەی بەدرخانییـــەکان لـــە کوشـــتنی ســـەرۆکی ئەمنیـــەی عوســـمانییەکان لـــە ئیســـتەمبۆڵ و هاوکاریـــی مەمـــەد ئاغـــا لەگەڵیـــان، مەمـــەد ئاغایـــان دەستبەســـەر و دواتریـــش بێسەروشـــوێنیان کـــرد، کـــە تـــا ئێســـتاش کـــەس نازانـــێ چـــۆن کـــوژراوە و لـــە کـــوێ نێـــژراوە.

لـــەو ســـەردەمەدا ســـمکۆ لـــە ناوچـــەی کۆتـــۆل و لـــەلای ســـەرداری ماکـــۆ بـــووە، شـــکاکەکانی هـــۆزی «کاردار»ی ســـەر بـــە عەمەرخـــان و مســـتەفا ئاغـــای پســـاغا کـــە ئـــەوکات لـــە بـــواری هێـــز و ژمـــارەی

شـــەڕڤانەکانی لـــە عێڵـــی «عەودۆییـــەکان»ی بنەماڵـــەی ســـمکۆ زیاتـــر بـــوون، مســـتەفا ئاغـــا لـــە پسـائاغاکانی کاردار وەک ســـەرۆکی شـــکاکەکان لـــە قـــەڵای چەهریـــق (چـــاری) دەســـەڵاتی خۆیـــان بەســـەر شـــکاکەکانی «ســـەر بـــە ســـمکۆدا دەســـەپێنن، بـــەڵام شـــکاکەکانی ســـەر بـــە بنەماڵـــەی ســـمکۆ بەمـــە ڕازی نەبـــوون و دوای تێپەڕینـــی چەنـــد مانگێـــک، مســـتەفا ئاغـــا لەلایـــەن دوو کـــەس بـــە ناوەکانـــی ئەحمـــەد و مەحمـــوود کوڕەکانـــی «میـــرۆ»وە کـــە ســـەر بـــە عێڵـــی «شـــەکری»ی و نزیـــک لـــە بنەماڵـــەی ســـمکۆ بـــوون، کـــوژراوە.

لەگـــەڵ کوشـــتنی مســـتەفا ئاغـــا، کاردارەکانیـــش لـــە دەوروبـــەری ســـەڵماس هێرشـــیان کردووەتـــە ســـەر «عەودۆیی»یـــەکان و ســـمکۆش لـــە «کۆتـــۆل»ەوە بـــە هانـــای عەدۆییەکانـــەوە هاتـــووە و لـــە نێوانیانـــدا شـــەڕ و ئاڵـــۆزی و کوشـــتن ڕووی داوە. بەمجـــۆرە کوشـــتنی مســـتەفا ئاغـــا بـــوو بـــە بناغـــەی ناکۆکـــی و دووبەرەکـــی لەنێـــو دوو لایەنـــی شـــکاکاندا و ســـاڵانێکی زۆر درێـــژەی کێشـــاوە و ئیـــتر متمانەیـــان بـــە یەکـــتر نەمـــاوە. لـــەو ســـەردەمەدا بەهـــۆی پشـــتیوانیی ڕووســـەکان لـــە ســـمکۆ، ئیـــتر لـــە نێـــوان هـــەردوولا جـــۆرە ئارامییەکـــی ڕواڵەتـــی دروســـت دەبێـــت و دواتـــر وردە وردە پێگـــەی ســـمکۆ لـــە ناوچەکـــەدا بەهێزتـــر دەبێـــت. لـــەو کاتـــە بـــەدواوە ســـمکۆ وەک ڕێبـــەر و کەســـی یەکـــەم و عەمەرخانیـــش پـــاش کۆچـــی دوایـــی باوکـــی، بـــە کـــردەوە وەک دەســـتە ڕاســـتی ســـمکۆ لەنێـــو شـــکاکەکاندا دەوریـــان بینیـــوە.

عەمەرخـان بەرلـە شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و چەنـد سـاڵ دوای ئـەو شـــەڕەش، لـــە هەرێمـــی ســـتراتیژیکی باکـــووری ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان (ورمـــێ و شـــار و شـــارۆچکە و گوندەکانـــی) وەک هاوپەیمانێکـــی بەهێـــز لەگـــەڵ ســـمکۆی شـــکاک، بـــۆ مـــاوەی چەنـــد ســـاڵ لـــە شـــەڕ و

تێکهەڵچوونەکانی نێوان کورد و عەجەم، کورد و عوسمانییەکان، کورد و ڕووسەکان، بەشدار بووە. هاوکات عەمەرخان وەک ڕاوێژکاری سمکۆ و چ وەک فەرماندەی یەکەمی هێزی سمکۆ، لە ئاستێکی بەرزدا خزمەتی بە جووڵانەوەی کورد کردووە.

عەمەرخان، لەو سەردەمەی کە لەگەڵ سمکۆی شکاک بووە، بەهۆی ئەوەی کە لێزان و بەتوانا بووە، لە سەرهەڵدانی سمکۆدا ڕۆڵ و کاریگەریی دیار و گرینگی هەبووە، هەروەها دوای ئەوەی لە نێوان ئەو و سمکۆ ناکۆکی سەرهەڵ دەدات و لەلایەن سمکۆوە ڕادەستی حکوومەتی ئێران دەکرێت، دواتر لە دژایەتیکردنی سمکۆدا ڕۆڵی بینیوە. دوای شەهیدبوونی سمکۆش، عەمەرخان سەرلەنوێ وەک کەسی یەکەمی شکاکەکان، لەنێو ڕووداوە سیاسییەکاندا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی گێڕاوە.

عەمەرخان، لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی، دوای ئازادبوونی لە زیندانی ڕەزا شا، یەکێک لە ئەکتەرە گرینگەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و وەک کەسێکی دیاری "کۆمەڵەی ژێکاف" و "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" و یەکێک لە چوار ژێنراڵی کۆماری کوردستان، ڕۆڵێکی گەورەی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە کە لە سەدان بەڵگەنامەی نێوخۆیی و بیانیدا ناوی هاتووە. بەپێی بەڵگە و دیکیۆمێنتە بەردەستەکان، عەمەرخان لە ڕەوتی ژیانی سیاسی و نیزامی و کۆمەڵایەتیدا سیاسەتمەدارێکی لێزان، خاوەن ئەزموون و کاریگەر بووە، هەروەها ناوی لەگەڵ ناوی سمکۆ و قازی محەمەد لە سەدان بەڵگەنامەی ڕووسی، ئێرانی، عوسمانی و ئەمریکی و بریتانیاییەکان، هەروەها لە سەرچاوە مێژووییەکاندا


بەرچــاو دەکەوێــت.

عەمەرخــان لەگــەڵ ئــەوەی کــە بــە خەباتــە دوور و درێژەکــەی خزمەتێکــی گــەورەی بــە بزاڤــی ڕزگاریخــوازی نەتــەوەی کــورد کــردووە و پەنجەمــۆری خــۆی لــە مێــژووی هاوچەرخــی کوردســتان داوە، بــەڵام ئەمــە بــەو واتایــە نییــە کــە ئــەم کەســایەتییە خــاوەن هەڵــە و کەموکورتــی نەبووبێــت. ئێمــە لێــرەدا هــەوڵ دەدەیــن بەپێــی ئاکامــی زانیــاری و بەڵگەنامەکانــی بەردەســت، ڕۆڵ و کەســایەتیی عەمەرخــان بــە درێژایــی خەباتەکــەی، بــە لایەنــە ئەرێنــی و نەرێنییەکانــەوە بــۆ خوێنــەرەکان شرۆڤــە و پێناســە بکەیــن.

لەســەر بنەمــای ئــەو زانیارییانــەی کــە لــە ئاکامــی لێکۆڵینــەوە و ئامادەکردنــی ئــەم پەرتووکــەدا خراونەتــە ڕوو، دەبینیــن بەســەرهاتی عەمەرخانیــش وەک زۆربــەی ڕێبــەران و کارەکتــەرە دیارەکانــی دیکــەی کــورد، پــڕە لــە کەوتــن و هەســتانەوە، لــە ناکۆکیــی ناوخۆیــی و دژایەتیکردنــی یەکــتر، لــە کەوتنــەداوی پیلانــی دوژمنــەکان، ســەرەنجام هەوڵــدان و قارەمانەتــی نوانــدن و فیــداکاری بــۆ وەدیهێنانــی مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد. بێگومــان ڕوونکردنــەوەی ئــەم بابەتانــە، دەتوانــێ ڕووناکــی بخاتــە ســەر بەشــێک لــە ڕووداوە گرینگەکانــی چــل ســاڵ (١٩٠٦-١٩٤٦) لــە مێــژووی بزووتنــەوەی کــورد و ببێتــە مایــەی ســوودلێوەرگرتنیان.

چەنـد بەڵگەیەکـی دەوڵەتـی عوسـمانی کـە تایبەتـن بـە چۆنیەتیـی هەڵسـوکەوتی ڕووسـیەی قەیسـەری و عوسـمانی و ئێرانییـەکان لەگـەڵ عەمەرخانـی شـکاک و عەشـیرەتی کاردار:

### بەڵگەی ژمارە: ١


خارجیه نظارتی

بابی عالی
وەزارەتی دەرەوە
مودیریەتی کاری سیاسی
قەڵەمی دووەم

ئـەم بەڵگەیـە لـە ویلایەتـی وان، لەلایـەن مەئمـووری موڵکیەتـی ئیـدارەی مورسـەل جەهارییـەوە، لـە ١٩٠٩/٣/٤ بـە ژمـارەی ١٦٨ نێـردراوە.

تەلەگرافـی سـەرۆکی عەشـیرەتی کاردار عەمەرخـان هـەم لەبـەر ئـەوەی لـە بـواری ناوەرۆکـەوە گرینـگ بـوو، هەمیـش لەبـەر ئـەوەی کـە کاتمـان کـەم بـوو، مـن ڕاسـتەوخۆ بـۆ بەڕێزتانـم نـارد.

ئـەو شـوێنەی کـە عەمەرخـان لەژێـر کۆنترۆڵـی خۆیـدا ڕای گرتبـوو بـۆ پاراسـتن بـاش بـوو. دواتـر بەپێـی ئـەو لێکۆڵینەوەیـەی کـە لـەوێ کـردم، چەنـد پێشـنیارێکم بۆتـان نـارد. ئەگـەر ئـەوان لاواز نەبووبـان، ئـەو شـوێنەی کـە ئـەوان تێیـدا بـوون، بەبـێ ئـەوەی کـە تۆزقاڵێـک زیانیـان پـێ گەیشـتبا، دەیانتوانـی زۆر زەرەر بـە ڕووسـەکان بگەیەنـن. هـەروەک چـۆن فەرماندەیـی سـنووریش بـۆ کاربەدەسـتانی دەوڵـەت باسـی کـرد، ئەگـەر ئـەو کەسـانە بـە گوێـرەی لانیکەمـی توانایـی خۆیـان، لـە دەرەوەی حوکمـی یاسـای عوسـمانی، گوێیـان دابایـە، ئامۆژگارییەکانمـان، ئـەوکات بەبـێ ئـەوەی ناخۆشـییەک بۆیـان هاتبایـە پێـش، دەیانتوانـی بەبـێ کێشـە بگەنـە شـوێنی خۆیـان.

دەبـێ شـاهبەندەر (نوێنـەر)ی ئێمـە لـە ڕووسـیەش، خـۆی لـە هێندێـک لـە مافـە ڕەواکانیـان بـە خـاوەن کردبایـە. سـەرەرای ئـەوەی کـە ئـەوان بانگهێشـت کرابـوون، بـەڵام بـە فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن دەستبەسـەر کـران. بەپێـی ناوەڕۆکـی نامەکەیـان، دەردەکـەوێ کـە

جـاریّ هەواڵـی ئـەو دوو کەسـەی کـە لـە تەوریـز لەسـێدارە دراون، پێیـان نەگەیشـتووە و ئـاگادار نیـن. ڕەنگـە ئـەوان ئـەو هەواڵـە ئەمـڕۆ، یـان سـبەی ببیسـتن. سـەڕەرای ئـەوەی کـە تـا ڕادەیـەک پێشـبینیی هێرشـێکی لاوازیـان لـێ دەکـریّ، ئاخـۆ ئیمکانـی هەیـە کـە چ بـۆ پێداگـری لەسـەر مافەکانیـان، یـان ئەگـەر بکـریّ لـە دەرەوەی یاسـاکانی دەسـەڵاتداریی عوسـمانی، کارێکیـان بـۆ بکەیـن تـا لـەم هەلومەرجـەدا، ئـەوان لەژێـر ئەمـری عوسـمانییەکاندا بمێنـن؟

شـاهبەندەری ڕووسـیە لەبـارەی دەستبەسـەرکراوەکان، لـە وەڵامەکەیـدا دەڵێـت: لەسـەر داوای کاربەدەسـتانی سیاسـی، ئەوانمـان ناردووەتـە تەوریـز. ئەگـەر وای دابنێیـن کـە ئەمانـە تاوانباریـش بـن، لەبـەر ئـەوەی ئـەو خەڵکـە لەگەڵمانـن، دەبـێ بیانپارێزیـن، بـەڵام کاربەدەسـتە سیاسـی و ئیدارییەکانمـان بـە هیـچ شـێوەیەک ئـەم ڕاسـتییە لـە بەرچـاو ناگـرن.

بەپێـی هەواڵـی گەیشـتوو شـاهبەندەری ئێمـە لەبـارەی ئـەم بابەتـەوە دەمـی نەکردووەتـەوە و قسـەیەکی نەکـردووە. ئەمـڕۆ ڕووسـەکان تـا قیبلـەگای ئێمـەش ڕۆیشـتوون و دەیانهـەویّ بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا و بـە هەمـوو توانایەکـی خۆیـان، هەمـوو ئـەو کەسـانە لـە ئێمـە دابـڕن کـە بـە ڕەگێکـی ڕاسـتەقینەی دینـداری لەگـەڵ ئێمـەن. دەبـوا کاربەدەسـتانی ئێمـە لـەم هەرێمـەدا بـە شـێوەیەکی نهێنـی هاوکاریـی ئـەو خەڵکەیـان کردبایـە، بـەڵام نازانـم لەبـەر چـی ئێمـە نەمانتوانـی ئـەم فیداکارییـە لـە خۆمـان نیشـان بدەیـن؟ ئێمـە زۆر شـت لـە بەرپرسـەکانمان دەبیسـین، بـەڵام بەپێـی ئیدیعـاکان ئـەو گوندییانـەی کـە ئامـاژە بـە ناوەکانیـان دەکرێـت، مافـی ڕەواشـیان هەیـە، بـەڵام ئێسـتا لەبـارەی گەڕاندنەوەیـان بـۆ دواوە، ناتوانیـن هیـچ شـتێک بڵێیـن،


لەبەر ئەوەی نازانرێ کاریگەریی سیاسیی حکوومەتی تاران لەسەر حکوومەتی ئازەربایجان، تا چ ڕادەیەکە؟

ئەوانەی کە لە سێدارە دەدرێن، خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتن و بە بێتاوان تووشی زەرەر و زیانێکی زۆر بوونەتەوە. ئەگەر شاهبەندەری ئێمە ناتوانێ بۆ قەرەبووی ئەوانەی کە ئێعدام کراون شتێک بکات، لانیکەم دەبێ بۆ قەرەبووی زەرەر و زیانی ئەو گوندییانە شتێک بکات. ئەو کەسانەی کە ئاماژە بە ناوەکانیان دەکرێت، پێویستە بە فەرمانی بەڕێزتان و بەپەلە، لەلایەن ویلایەتەوە هاوکارییان بکرێت.

ئەمر و بڕیار لای ئێوەیە

ئەم بەڵگەیە وەک ئەسڵی خۆیە

## بەڵگەی ژمارە: ٢


دائرۂ صدارت تحریرات قلمی
شعبه

| اوراق نومروسی | مسودی | مبیضی | |
|---|---|---|---|
| ٢٦٠٧ | | | خارجیه نظارت وکالت علیه سنه |
| قلمه ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ مبیض | |

لاجل التبییض قلمه ورودی

مقابله ایدنلر

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4137 310225

نووسینگەی سەرۆکوەزیری

بۆ نووسینگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە


١٣ /١/ ١٩١٢

دەڵێن هێزەکانی ڕووس هێرش دەکەنە سەر سۆما و دەیانەوێ عەمەرخان بگرن. بۆ ئەم مەسەلەیە تەلەگرافمان بۆ سەرلەشکری ئەرزنجان نارد. لە ١٣ی ژانویە بۆ ئەوەی کە بەڕێزیشتان ئاگادار بن، ئێمە بە ژمارەی ٢٠٧٤ نامەمان بۆ ئێوە نارد و هیواداریـن چی پێویست بێت لەم بوارەدا جێبەجێی بکەن.

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی زۆر

.

## بەڵگەی ژمارە:٣



ویلایەتی وان


١٩١٢/٢/١١ سەرووی بەڵگەی ٨٤١

عەشـیرەتی "کاردار" کـە لـە هەرێمـی هـەکاری دەمێنـن، لەلایـەن ڕووسـەکانەوە دەسـت بەسـەر موڵـک و ماڵیانـدا گیـراوە، لـەو عەشـیرەتە دوو کەسـیان ئێعـدام کـردووە و، ٧ هـەزار پارەیـان لـێ وەرگرتـووە. سـەرۆکی عەشـیرەت عەمەرخـان، لەڕێگـەی مەئمـووری ئیدارەخانـە، ئـەو نامەیـەی کـە ناردوویەتـی، ئێمـەش بـۆ ئێوەمـان بـەڕێ کـرد.

لـەو نامەیـەدا سـەرۆکی عەشـیرەت وتوویەتـی، ئێمـە لەژێـر ئیـدارەی عوسـمانیداین و ڕووس بێهـۆ دێـن و زەرەرمـان پـێ دەگەیەنـن. بۆیـە ئێمـە دەمانـەوێ وەزارەتـی دەوڵـەت لـە ڕێـگای سیاسـییەوە پێوەندییـان لەگەڵـدا بگـرن و، ئـەو ماڵـەی ئێمـە کـە بـە زۆر لێیـان ئەسـتاندووین لێیـان وەربگیرێـت. هەروەهـا بـۆ ئـەو کەسـانەی ئێمـە کـە کـوژراون، چـی پێویسـت بـێ بکرێـت.

ئەو بەڵگە وەک ئەسڵی خۆیەتی

## بەڵگەی ژمارە: ٤


دائرهٔ صدارت تحریرات قلمی
شعبه ٢

| اوراق نومروسی | مسودی | مبیضی | | | | لاجل التبییض قلمه ورودی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧٤٨<br>١٧٤٩ | | | | | | |
| قلمه ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ تبییض | | ٥ | | مقابله ایدنلر |

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4145 310844 1

نووسینگەی سەدارەت بەشی تەلەگراف

بۆ نووسینگەی شەڕ


١٨ /٢ / ١٩١٢

خوارەوەی تەزکەرەکە،

ئـەم تەلەگرافـە پێوەندیـی بـە دوو مەسـەلەوەیە. دەڵێـن ڕووسـەکان لـە سـۆما، عەمەرخـان ڕادەسـت دەکـەن، گەلـۆ وەڵامـی باڵوێزخانـەی تـاران لەبـارەی ئـەم مەسـەلەوە چییـە؟

سـمکۆ و ڕووسـەکان پێکـەوە ڕۆیشـتوونەتە هەرێمـی سـۆما و ئـەو شەخسـەی باسـی کـراوە، ڕادەسـتی دادگای سـۆما دەکرێـت. دوو تەلەگـراف کـە باسـی ئـەو ڕووداوانـە دەکـەن، لـە ٤/ ٢ /١٩١٣ بـە نومـرەی ٢٨٧٦٢-١٧٤٨ و ٢٨٧٦٣-١٧٤٩ بـۆ جەنابتـان نێـردراوە.

## بەڵگەی ژمارە:٥



20

Perse

٥٠

پترسبورغ سفارتنه

باب عالی
خارجیه نظارتی
امور سیاسیه مدیریت عمومیه‌سی
ایکنجی قلمی
عدد
١٢٦٦١-١٧٤

N° 24830
RECU 12 Avril 1912
S. P.

خلاصه
قاره‌داغ عشیرتنده روسلر طرفندن
غصب اولنان اموال حقنده
ملفوفاتی
٢

دولتلو افندم حضرتلری

مواجهٔ شرقیه‌ده کائن قاره‌داغ عشیرتنه روسلر طرفندن انواع موحشه ایله افعال ایدیلرک ایکی آدملری اعدام و الی یدی بیک لیرالق اسنده

مالری اغتنام ایدلدیکی [illegible] معلوماته و افاده‌سنه دائر عشیرت مذکوره رئیسی [illegible] خان طرفندن ویریلان [illegible] نامه

نک و جاری ادارهٔ ملکیه مأمورلرینک مکتوبی [illegible] ولایتندن مطلوب داخلیه نظارت جلیله‌سندن بالتذکره

ارسال اولنان تحریرات ایله ملفوفاتی [illegible] لفاً تسریفلندی تحریرات مذکوره‌ده گوستردیگی وجهله اموال مغصوبه‌نک

استردادی و تضمینی [illegible] منع تکرری حقنده تشبثات مقتضیه و مؤثره ایفاسیله نتیجه‌سنک انباسی متوقف همم علیه جنابلری

سفیرانه‌لریدر اولبابده امر و فرمان حضرت من له الامرکدر

خارجیه ناظری نامنه
مستشار
[illegible]

٧ [illegible] ١٩١٢

بابی عالی

نەزارەتی دەرەوە

کاری سیاسی و مودیریەتی گشتی

بۆ باڵوێزخانەی پترسبۆرگ

١٩١٢/٤/٧

تایبەت بەو ڕووداوەی کە عەشیرەتی کاردار لەلایەن ڕووسەکانەوە، دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا گیرابوو

بۆ حەزرەتی دەوڵەتی


عەشیرەتی کاردار لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕووسەکانەوە دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا گیراوە. ڕووسەکان دوو کەسیان کوشتووە و بە ڕێژەی ٧ هەزار پارەیان لێ سەندووە. تایبەت بەو مەسەلەیە سەرۆکی عەشیرەت عەمەرخان گلەیی لە ئێمە کردووە و ئێمەش پێمان وتن کە ئەو دەتوانێ بە نووسراو و لەڕێگەی تەلەگرافەوە بۆ ویلایەتی وانی بنێرێت و ئەوانیش لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ئێوە بەڕێ بکەن.

لەو چوارچێوەیەدا بۆ ئەستاندنەوەی ئەو پارەیەی کە دەستی بەسەردا گیراوە، بۆ پێشگیریکردن لەوەی کە جارێکی دیکە ئەو زوڵمە نەکرێ، ئەوەی کە پێویست بێ دەبێ بکرێت. هەڵبەت بڕیار لای بەڕێزتانە. هەروەها فەرمانیش هی ئێوەیە.

لەسەر نێوی نازری دەرەوە

موستەشار

## بەڵگەی ژمارە: ٦



حربیه نظارتی
تحریرات دائره سی
شفره قلمی

وانده حدود ایرانیه برنجی قسم قومیسری ارکان حربیه قائممقاملی رجب بکدن مورود
۱ مارت ۳۲۶ تاریخلو شفره تلغرافنامه‌نك صورتیدر

غایت مهم و مستعجلدر

صوماییده کی شکاك عشیرتی رؤساسی اولان اسماعیل و تیمور و عمر آغالرك روسلر و [illegible] اتباعلری اوزره
دیلماجه گیدوب روسلر ولایتیله ایرانجه دخالتلری کمالی حرمتله قبول ایدلدیکی [illegible]
[illegible] روس قنسلیله تلطیف ایدلدکلرینك رسماً و تواتراً ثابت اولدیغی
[illegible] ایجون [illegible] تعلیمات الدقلری
روسیه و ایران حکومتلرنده عساکر عثمانیه‌یی ازعاج و نواحی [illegible] روسیه [illegible]
و بو [illegible] ایجون ایران طرفندن موعود فشنك و اوچیوز تفنگی [illegible] استقباله گیده جكلرینك
تسلیم آلمق اوزره ایکی یوز آتلی ایله [illegible] بالمرور ایران مأمورلرینی [illegible] حدود بلوکنك
[illegible] حدود بلوکی قوماندانلغی طرفندن بیلدیرلمکده [illegible]
[illegible] قوت امدادی و تعلیماتنك
طلب ایدلمکده اولدیغی و کیفیتك داخلیه نظارت جلیله‌سیله ولایت ، قول اردوسنه ده
بیلدیرلدیکی و محلنده تکرار استفسار ایدلدیکنده [illegible] جوابك عرض ایدیله جکی معروضدر.

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4044/303267 | 3

وەزارەتی لەشکری / ئیدارەی موخابرات

١٩١٢/٥/١٥


قەڵەمی تایبەت

تەلەگرافی تایبەتی سەرۆکی بنکەی سەرسنووری وان و ئێران بەهجەت بەگ

زۆر گرینگ و تایبەتە

سەرۆکەکانی عەشیرەتی شکاک لە سۆما سمایل، تەیموور و عەمەرخان بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووسەکان بکەون، ڕوویان لە دیلەمان کرد. چوونەوەیان بۆ لای ڕووسەکان، بە دڵی ئێران بووە. عەمەرخانیان کردووە بە ئەمیرتوومان و ئەوانی دیکەشیان کردووە بە سەرتیپ و نیشانەی ڕووسیەیان پێ داون. هەروەها ئەوان ئاگادار بوون کە حکوومەتی ڕووس و ئێران بۆ ئەوەی لەشکری عوسمانی لەوێ دەربکەن، ئەوانیان پەروەردە کردووە و٣٠٠ دانە چەکیان پێ داون. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە قەرەقۆڵی ١٨ی سنووری ئێران بە ئێمەیان دا،٢٠٠ سەربازی ئێران بۆ ئەوەی کە ئاڵای ڕووسەکان هەڵدەنەوە، چونکە جێگای قەرەقۆڵ (مۆڵگەی)ی ٢١، ئێستاش تەواو نەبووە، بەشێک لە سنووری ئێران لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نییە. بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان داوای هێزی نیزامیمان لە ناوەندی سەربازی (نیزامی) کردووە.

## بەڵگەی ژمارە: ٧



وەزارەتی دەرەوە / کاری سیاسی

١٩١٢/٥/٢٦

لەبارەی سەرۆکی عەشیرەتی شکاک کە لە ئێران پێشوازیی لێ کراوە، سەرۆکەکانی عەشیرەتی شکاک، عەمەرخان و سمکۆی شکاک بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووسەکان بکەون، ڕۆیشتوونەتە دیلەمان. ئەوان بە نێوبژیوانیی ڕووسەکان ڕۆیشتوونەتە لای کاربەدەستانی ئێران. ئەوەی کە ئێران چۆن ئەوانی قبووڵ کردووە و چیی وەک دیاری پێیان داوە، دواتر لەم بوارەدا زانیاریی پێویستتان پێ دەدەین. هاوکات ئێران بۆ ئەوەی هێزەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەڵات دەربکات، هاوکارییان دەکات. بە چ شێوەیەک هاوکارییان دەکات، ئێمە لەو تەلەگرافەدا کە بۆ ئێوەمان نارد، باسمان کرد. دەبێ وەزارەت لەو مەسەلەیەدا چ پێویست بێ بە پەلە بیکات.


لەم بەشەدا ئەو کەسەی کە باسی دەکرێت و ئەو زانیارییانەی کە ئێمە باسمان کردن، لە ڕێگای تەلەگرافەوە بۆ باڵوێزی پترسبورگ و تارانمان نارد. دواتریش لەو تەلەگرافەدا کە بۆ تاران و باڵوێزی عوسمانیمان لە پترسبورگ نارد، تێیدا باسمان لەوە کرد کە تا بڕیاری دادگای لاهە ئاشکرا دەبێ، لەو زەوییانەی کە لەژێر کۆنترۆلی دەوڵەتی عوسمانیدان، پشتگیری لە هێندێک عەشیرەت دەکەن و لەدژی دەوڵەتەکەمان بە کاریان دێنن. ئەو هەوڵدانانە و قسەکانی مۆسکۆ، سازانۆڤ و مێسیۆ تۆکۆفچا یەک ناگرنەوە.

لە نێوان ئێمە و دەوڵەتانی جیرانی ئێمەدا، پێوەندیی ئێمە کە بەتایبەتی دەمانەوێ بە شێوەیەکی باش درێژەیان هەبێ لە مەترسیدان. ئەو داوایەی ئێمە و سیاسەتی پترسبورگ چۆن یەک دەگرێتەوە نازانین. ئەو ڕەوشە دەبێ بە شێوەیەکی باش و گونجاو

بــە وەزارەتــی کاری دەرەوەی ڕووســیە ڕابگەیەندرێــت. هــەروەک لــە تەلەگرافەکــەی ئەمیــن بەگیشــدا گوتــرا، کاتێــک کــە ئێــران خەریــک بــوو پارچــە پارچــە ببێتــەوە، دەوڵەتــی عوســمانی ســەرەڕای ئــەوەی لەنێــو شــەڕی دەوڵەتــی ئیتالیــا بــوو، گوێــی نەدایــە ئــەو ڕەوشــە سیاســییە و هاوکاریــی ئێرانــی کــرد و بــۆ یەکپارچەیــی ئێــران هەوڵــی دایــەوە.

هــاوکات حکوومەتــی تــاران ئەمــڕۆ ئــەوەی لەبیــر کــردووە و ئــەو ڕەوشــە، ئێمــەی زۆر خەمبــار کــردووە. لــە نێــوان دەوڵەتــی عوســمانی و ئێرانــدا بــۆ پاراســتنی ســنوور دەبــێ کۆمیســیۆنێک پێــک بێــت، تــا ئەوکاتــەی کــە بڕیــاری دادگای لاهــە دەدرێــت. دەســتدرێژیی ئێمــە لــەلای ســنوورەکانی ئێــران، بــۆ دەســتگرتن بەســەر خاکــی ئێرانــدا نییــە. هــاوکات دەبــێ ئێرانیــش بــۆ بەرژەوەندیــی ڕووســەکان، گەلــی ســەر ســنوور (کــورد) دژی عوســمانییەکان هــان نــەدا. دەبــێ ئێــران لەســەر ئــەو پەیماننامەیــەی نێوانمــان ڕابوەســتێ و، بــە شــێوەیەکی دۆســتانە لەگەڵــمان بجووڵێتــەوە. بــەڵام ئەگــەر دەوڵەتــی ئێــران بــە شــێوەیەکی نەبــاش لەگەڵــمان بجووڵێتــەوە و هێــرش بکاتــە ســەر ســنورەکانمان، دەبــێ ئێــران بــە هیــچ شــێوەیەک لــە هیــچ پرســێکدا داوای هــاوکاری لــە عوســمانییەکان نــەکات و دەســت لــەو سیاســەتە دوڕووییانەیــە هەڵبگرێــت. بــۆ ئــەو پرســانە ئێمــە بــۆ باڵوێزخانــەی تــاران و هەمیــش بــۆ باڵوێزخانــەی پترســبورگ تەلەگرافــمان نــارد. دەبــێ لــە ماوەیەکــی زۆر کورتــدا هەرچــی پێویســت بــێ، بکرێــت. ئەمــر و بڕیــاری لای بەڕێزتانــە.

## بەڵگەی ژمارە: ٨



بابی عالی، وەزارەتی دەرەوە

١٩١٢/٦/٢

سەبارەت بە سەرۆکی عەشیرەتی شکاک

سەرۆکی عەشیرەتی شکاک لە سەڵماس لەگەڵ ڕووسەکان کەوتووە. ڕووسیە چۆن ئەمەی قبووڵ کردووە و چیی پێ داوە، وەزیری ئێمە لە ڕووسیە تورحان پاشا ئەمەی پرسی و دواتریش ئەنجامەکەی بۆ ئێمەی ناردەوە.

تورحان پاشا دەڵێت، موسیو سازانۆڤ وەڵامی ئەو ئیدیعایەی بەم شێوەیە داوەتەوە: سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بە هیچ شێوەیەک نەهاتووەتەوە لامان و ئەمە ڕاست نییە کە حکوومەتەکەمان خەڵات و نیشانی ڕێزلێنانی پێ دابێت. هیچ کاتێک ئەو نییەتەمان نییە دەوڵەتی

عوسـمانی لەسـەر سـنوور زویـر بکەیـن، یـان لـەوێ دووری بخەینـەوە. لـەو بـوارەدا هیـچ کاتیـک دەوڵەتـی ڕووس و ئێـران نەبوونەتـە یـەک. بەدڵنیاییـەوە ئـەم هەواڵـە دوورە لـە ڕاسـتییەوە.

سـازانۆڤ سـەبارەت بـە پرسـی هاوکاریـی چەکوچۆڵیـش وتـی: ”ئیمکانـی وا نییـە کـە بـە دانـی٣٠٠ قەبـزە چـەک هاوکارییـان لەگـەڵ بکرێـت، بۆیـە بـۆ ئـەوەی ئـەو هاوکارییـە بکـرێ، دەبـێ ئەوەنـدە چەکـمان هەبێـت“.

هەڵبـەت ئێمـە دەزانیـن کـە ڕووسـیە لەگـەڵ دەسـەڵاتداری ماکـۆ و خـۆی و سـەڵماس و ورمـێ پێکـەوە کار دەکـەن و لـەدژی ئێمـە پـلان دادەڕێـژن. ئێمـە دەزانیـن کـە خەڵاتـی ”خەنجـەری فەخـری و پلـەی ژێنراڵییـان داوەتـە حاکمـی ورمـێ.

سـەرنج بـدەن چەنـدە سـەیرە، ئەوکاتـەی کونسـوولەکەمان زانیـاری لـە ڕووسـەکان وەردەگـرێ، ئـەوان یـان دەڵێـن درۆیـە، یـان دەڵێـن لێکۆڵینـەوە لـەو پرسـانە دەکەیـن و دواتـر ئاگادارتـان دەکەیـن و دواتریـش هیـچ هەواڵێکـمان بـۆ نایـەت.

دیـارە ئـەوان بـەم شـێوەیە پلانەکانیـان دەشـارنەوە، بـۆ ئـەوەی کـە کات بەدەسـت بێنـن، چاوەڕێـمان دەهێڵـن. هـەروەک چـۆن مـاوەی دوو سـاڵە، بـە حکوومـەت دەڵێـن ئامانجـی ڕووسـیە ئەوەیـە کـە لـە سـنوورەکان دوورمـان بخەنـەوە. بـۆ ئەمـەش بـۆ هیـچ شـتێکیان پـارە نـادەن. لەسـەر ئەمـە زۆر کـەس لەگەڵـم هـاوڕان.

بەپێـی زانیارییەکانـی کونسـوولی ئێمـە لـە باتمـان و لـە قـەرس ڕەنگـە ئـەو زانیارییانـە ڕاسـت بـن. بۆیـە لـە ئازەربایجـان هێندێـک پلانـی ڕووسـیە هـەن و دەوڵەتـی ئاڵـمان و ئینگلیزیـش ئاگایـان لێیـە. هـەروەک پێشـتریش ئامـاژەم پـێ کـرد، دەبـێ ئێمـە لـە ماوەیەکـی زۆر

کورتــدا، لەگــەڵ ئێــران بــۆ ئەمنییەتــی ســنوورەکان کۆمیســیۆنێک پێــک بێنیــن بــۆ ئــەوەی ڕووســیە لــە دوارۆژدا نەبێتــە خــاوەن هیــچ مافێــک.

ئەمر و بڕیار لای ئێوەیە

## کێشەی سمکۆ و عەمەرخان لەگەڵ مەشرووتەخوازەکان:

سمکۆ دوای بێسەروشوێنبوونی محەمەد ئاغای باوکی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، لە ساڵی ١٩٠٦ و لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا، لە هەرێمەکانی ماکۆ، کەلا خوێ (خۆی)، کۆتوڵ و سەڵماس بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی، دەست بە جموجۆڵ دەکات. لەو سەردەمەدا بەهۆی هاوسۆزیی ئەو لەگەڵ تەڤگەری نەتەوەیی لە باکووری کوردستان، هەروەها نزیکبوونەوەی لە هێزی سەربازیی ڕووسەکان کە ئەوکات لە ناوچەکانی کۆتوڵ و سەڵماس و ورمێ لەگەڵ عوسمانییەکان شەڕیان بووە، سمکۆ جاروبار لەگەڵ عوسمانییەکانیش تووشی شەڕ بووە. "عەمەرخانی شکاک"یش لەو سەردەمەدا لە ناوچەی ئەنزەل و دەوروبەری ورمێ، بە هێزێکی بەرچاوی شکاکەکان، ئەو ناوچانەیان لە داگیرکاریی عەجەم و هێزی بیانی پاراستووە.

لە ساڵی ١٩٠٦-١٩١١ جیا لە شەڕی نێوان ڕووس و عوسمانییەکان، لە ئێرانیش شۆڕشی مەشرووتە لە ڕۆژهەڤدا بووە و سەرکردە هەرێمییەکانی موجاهیدینی سەر بە شۆڕشی مەشرووتە چالاکییان هەبووە. سەرەڕای ئەوەی کە سمکۆ زۆر جار هەوڵی داوە لەگەڵ "شێخ محەمەد خیابانی" سەرۆکی مەشرووتەخوازەکان پەیمانێک ببەستن، بەڵام مەشرووتەخوازانیش وەک قاجارەکان بە چاوی دوژمنایەتییەوە لە کوردەکانیان ڕوانیوە و هەوڵیان داوە ئازەرییەکانی نیشتەجێی ئەو هەرێمانە لەدژی کورد و بەتایبەتی لەدژی سمکۆ و عەمەرخان و "مورتەزا قولیخان ئیقبالولسەڵتەنە"ی سەرداری ماکۆ، بەکار بێنن. لە بەرانبەر ئەو جموجۆڵەی مەشرووتەخوازەکاندا

سمکۆش بە٣٠٠ شەڕڤانی خۆیەوە پشتیوانیی لە سەرداری ماکۆ کردووە و لەگەڵ هێزەکانیان شاری تەورێزیان گەمارۆ داوە.

لەو سەردەمەدا چەندین جار لە نێوان هێزی "سمکۆ و عەمەرخان" لەگەڵ موجاهیدینی سەر بە مەشرووتەخوازان، کە کەسانی وەک "حەیدەر عەمووئۆغلۆ"، "ئەمیر حشمەت"، "ئایدن پاشا" و "کازمخانی قووشچی" فەرماندەیی ئەوانیان دەکرد، شەڕ و تێکهەڵچوون ڕووی داوە. لەو شەڕانەدا کاتێک کە مەشرووتەخوازەکان شکستیان خواردووە، حەیدەر عەمووئۆغلۆ چەند ئەسپێکی بە بۆمبی تەوقیتکراوەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا بەجێ هێشتووە، بۆ ئەوەی کاتێک شەڕڤانانی کورد سواری ئەو ئەسپانە دەبن، پێیاندا بتەقێتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٠٨/٩/٥ کاتێک کە ئایدین پاشا بۆ ڕێکخستنی ئازەرییەکانی ورمێ لەدژی کوردان، بە حەفتا سواری خۆیەوە، لە سەڵماسەوە بەرەو ورمێ کەوتووەتە ڕێ، لە ڕێگا لەلای گوندی "جەبەل کەندی"ی سەر بە ناوچەی "ئەنزەل" لە نزیک ورمێ دەکەوێتە بۆسەی جەنگاوەرانی عەمەرخان و لە شەڕێکی کورتخایەندا، جیا لە ڕزگاربوونی دوو کەس، هەموو ئەوانی دیکە لەگەڵ ئایدین پاشا دەکوژرێن.

## گیرانی عەبدولڕەزاق بەدرخان و ڕزگارکرانی لەلایەن سمکۆوە:

لە بەسەرهاتی عەبدولڕەزاق بەدرخانەوە وەرگیراوە:

لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩١٢دا "سەید تەها" نەوەی "شێخ عوبەیدوڵلای نەهری"، بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەین، هاتە تفلیس بۆ سەردانی من و ئێمە بە یەکجاری گەڕاینەوە شاری خۆی، ئەو شوێنەی کە کونسوولخانەی ڕووسەکان لەوێ بوو.

کاتێک ئێمە گەیشتینە جۆلفای فارس - سنووری ئێران، کەسێکی ئەرمەنی کە سیخوڕی تورکیە بوو، لەبەرئەوەی ئێمە بەرەو خۆی دەچووین، کونسوولی تورکیەی لە شاری خۆی ئاگادار کردەوە. دوای ئەوەی بە شەو ئێمە گەیشتینە خۆی، لە کاروانسەرا پشوویەکمان دا. تازە لەوێ دەگیرساینەوە کە لەناکاو سکرتێری کونسوولخانەی تورکیە لەگەڵ پلەدارێک و چەند سەربازێک هاتن و بە زمانێکی نەرم داوایان لێ کردین کە لەگەڵیان بڕۆین و لە کونسوولخانەی تورکیە پشوو بدەین. کاتێک بینیمان لەژێر حوکمی ئەواندایین، لە ترسی ئەوەی کە ئەگەر لەگەڵیان نەچین بە زۆر دەمانبەن، بە ناچاری وەدوایان کەوتین و گەیشتینە کونسوولخانە. لە کونسوولخانە لەژێر چاوەدێرییەکی چڕدا بووین و کاتیک سەربازەکان لە کێشکدا ڕاوەستابوون، فەرماندەکان چاوەدێری ئێمەیان دەکرد. لەوێ لە ئێمەیان پرسی کە بۆ کوێ دەچین؟ ئێمە پلانەکەمان ئاشکرا نەکرد و بەوانمان وت کە دەچینە "وان".

دوای دو ڕۆژ لەژێر بەرپرسایەتیی فەرماندەیەک و ١٥ سەرباز، ئێمەیان ناردە "قەلای چەهریق" واتە ئەو شوێنەی کە یەکەیەکی

هێزەکانــی تــورک لــەوێ پشــوویان دەدا. لــە ڕێــگا دەرفەتێکــم دۆزییــەوە و هەواڵــم بــۆ ســمکۆ نــاردە کۆتــۆل، هەروەهــا بــۆ عەشــیرەتی کاردار- عەمەرخــان- لــە ســەلماس. مــن ئەوانــم ئــاگادار کــردەوە کــە تورکــەکان ئێمەیــان دەستبەســەر کــردووە و داوام لــێ کــردن بــە هانامانــەوە بێــن و ڕزگارمــان بکــەن.

دەستبەســەرکردنمان ببــووە هــۆی دڵگرانیــی کــوردەکان و تورکەکانیــش لــەم دڵگرانییــە ترســیان لــێ نیشــتبوو. بۆیــە وەک ئامادەباشــی داوای هێــزی یارمەتیــدەری نیزامییــان کردبــوو کــە بێنــە "خانەســۆر" لــە ســنووری نێــوان ئێــران و تورکیــە، واتــە ئــەو شــوێنەی کــە ئێمەیــان دەبــردە ئــەوێ. لــەو نێــوەدا، ســمکۆی مێرخــاس بــە چــل ســواری خۆیــەوە، ٢٤ کاتژمێــر بەرلــەوەی کــە ئێمــە بگەینــە ئــەوێ، لــە گەلیــی "ســەرحەلان" بۆســەی دانابــوو و چاوەڕێــی گەیشــتنی ئێمــە بــوو.

لــە "قــەڵای چەهریــق" تــا خانەســۆر، فەرماندەیــەک و ســێ ســەربازی تــورک ئێمەیــان دەگواســتەوە. هــاوکات لــە دوای ئێمــەش پــازدە ســەربازی دیکــە بــۆ پشــتیوانییان دەهاتــن. لــە گەلیــی ســەرحەلان، لەنــاکاو ســمکۆ تەقــەی لــە هێزەکانــی تــورک کــرد و ئــەوان ناچــار مانــەوە کــە خۆیــان ڕادەســت بکــەن. ســمکۆ چەکەکانیانــی لــێ وەرگرتــن و ویســتی کــە هەموویــان بکــوژێ، بــەڵام مــن دژی کوشــتنیان ڕاوەســتام.

دوای ڕزگارکرانمــان لەلایــەن ســمکۆوە، کاردارەکانــی ســەر بــە عەمەرخانیــش گەیشــتنە ئــەوێ، بــەڵام کاتێــک کــە چاویــان بــە ســمکۆ کــەوت، لەبەرئــەوەی کــە ناکۆکییــان پێکــەوە هەبــوو، ئێمەیــان بەجــێ هێشــت و گەڕانــەوە. ئێمــە لــەو کاتــەدا لــە خۆشــحاڵیی ڕزگاربوونمــان، لەبیرمــان کردبــوو کــە ١٥ ســەربازی دیکــەی تــورک لــەو گەلییــەدا بەدوامانــدا دێــن، بۆیــە بــە یەکجــاری ئەوانمــان لەبیــر کردبــوو. بۆیــە

کاتێـک کـە ئێمـە بـەرەو کۆتـۆل بـەڕێ کەوتیـن، غافـڵ لـەوەی کـە ئـەوان لەنێـو گەلییەکـەدا بۆسـەیان بـۆ ئێمـە دانـاوە، لـەو دەمـەی کـە ویسـتمان تێپەڕیـن، لەنـاکاو هێرشـیان کـردە سـەرمان و کوردێکـی گەنـج کـە لـە تەنیشـتمەوە بـوو، لەجێـدا کـوژرا. پارێزەرانـی ئێمـەش جێگـر فەرمانـدە و سـەربازێکی تورکیەیـان کوشـت و ئـەو شـەوە ئێمـە گەیشـتینە کۆتـۆل.

## یەکەمین دامەزراوە و خوێندنگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٣، سمکۆی شکاک بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکی و ململانێی نێوان ڕووس و عوسمانییەکان، توانی بە بیرۆکە و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی "عەبدولڕەزاق بەدرخان" لەگەڵ ڕووسەکان کە ئەو سەردەمە لە ناوچەی "کەلا خۆی" دەسەڵاتیان بووە، هەروەها بە هاوکاریی ماددیی کوردانی ناوچەکە، لە شاری "کەلا خوێ" (خۆی) یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەیی و ڕەوشنبیریی کوردی لەژێر ناوی "کۆمەڵەی جیهاندانی"ی دامەزراند. ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە کردنەوەی خوێندنگەی کوردی بۆ منداڵان و دروستکردنی بنکەی تەندروستی بۆ دانیشتوانی ئەو هەرێمە و چاپ و بڵاوکردنی ڕۆژنامەی کوردی بوو.


کاری قوتابخانە و بنکەی تەندروستی تا کۆتایی ١٩١٤ درێژەی کێشاوە. دواتر بەهۆی بارودۆخی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەروەها ڕاگوێزرانی عەبدولڕەزاق و سمکۆ لە سەرەتای ١٩١٥ لەلایەن ڕووسەکانەوە بۆ تفلیس، ئیتر کاروباری ئەو دامەزراوە نەتەوەییە ڕاوەستاوە. هەرچەند تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی چاپکراوی ئەو دامەزراوەیە نەدۆزراونەتەوە، بەڵام مێژووناسانی وەک «جەمال نەبەز و دکتۆر کەماڵ مەزهەر»، ئاماژەیان پێ داوە و ئەگەر هەبێ، دەکرێ لە ئارشیڤی ڕووسەکاندا بدۆزرێتەوە.

لەو کاتەدا دوای ئەوەی ڕووسەکان لەمەڕ کێشەی سنوور لەگەڵ ئێران ڕێک کەوتوون، «سمکۆ و عەبدولڕەزاق بەدرخان»یان بۆ تفلیس دوور خستۆتەوە. لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا

کـە عوسـمانییەکان لـەدژی ڕووسـەکان کەوتبوونـە بـەرەی ئاڵمانـەوە، عەبدولـڕەزاق ویسـتووویەتی بـە کەڵکوەرگرتـن لـەو بارودۆخـە و بـە پشـتیوانیی ڕووسـەکان، بتوانێـت لـە باکـووری کوردسـتان ڕاپەڕینێـک لـە دژی عوسـمانییەکان وەڕێ بخـات. بـۆ ئـەو مەبەسـتە گەڕاوەتـەوە باکـووری کوردسـتان و سـەرەڕای هەوڵـی زۆری، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـووە و دواتـر لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە گیـراوە و لـە ساڵی ١٩١٨دا ئـەو ڕۆشـنبیرە نـاسراوەی کوردیـان کوشـتووە.

لـەو قوتابخانـە کوردییـەی شـاری «خـۆی» چەنـد مامۆسـتای کـورد کـە لـە قەفقـازەوە هاتبـوون، بـە زمانـی کـوردی و ڕووسـی وانەیـان بـە٣٠- ٢٩ منداڵـی کـورد گوتووەتـەوە و لەبـارەی ئـەو قوتابخانـە کوردییـەوە لـە دیکیۆمێنتـی وەزارەتـی دەرەوەی ڕووسـیەدا، بـەم شـێوەیە بـاس کـراوە:

## بەڵگەی ژمارە:٩



школы, состоявшееся на слѣдующій же день, при особо
торжественной обстановкѣ. На праздникъ были приглаш
ны Начальникъ отряда Генералъ Веселовскій, командиры
отдѣльныхъ частей Хойскаго гарнизона, мѣстный Губер-
наторъ Эмиръ Аршедя, Каргузаръ, почетные граждане, хан
и купцы. Торжество началось молитвой, произнесенной
школьнымъ муллой. Призывая благословеніе Божіе на но-
вое, доброе для подрастающаго курдскаго поколѣнія дѣл
мулла пригласилъ дѣтей и ихъ родственниковъ воздат
хвалу Всевышнему за великую милость оказанную имъ и и
сородичамъ, - видѣть первую курдскую школу созданную
Совѣтамъ и при помощи русскихъ, несущихъ обездоленной
варварствомъ странѣ и ея населенію свѣтъ просвѣщені
„Да продлитъ Господь Богъ драгоцѣнную жизнь Великаго
Русскаго ИМПЕРАТОРА и да укрѣпитъ мощь и величіе ЕГО
Державы на счастье не только вѣрныхъ ЕГО подданныхъ,
но и тѣхъ, забитыхъ своими государями иноземцевъ, на
торыхъ по волѣ Божіей изливается русское милосердіе
закончилъ мулла молитву, подкрѣпленную троекратнымъ
„аминь" учениковъ и ихъ провожатыхъ.-

После подробнаго осмотра помѣщеній школы при
глашеннымъ гостямъ было предложено угоденіе, состоявш
изъ сластей, чая и фруктъ.-

Воспользовавшись моментомъ, я познакомилъ пр

№ 698 Исх.т.я.Перс.ст. 13 Ноября 1913 г. 20

Министръ Иностранныхъ Дѣлъ Повѣренному въ Дѣлахъ въ Тегеранѣ
С.Петербургъ 13 Ноября 1913 г., № 3232.

/Телеграмма./

Телеграмма № 92 получена.

/Шифромъ./

Благоволите предписать Чиркову выразить котурскому беку Иcмаилу Ага и прочимъ участникамъ курдской школы ВЫСОЧАЙШУЮ ЕГО ИМПЕРАТОРСКАГО ВЕЛИЧЕСТВА благодарность за выраженныя ими чувства.

/подп./ Сазоновъ.

دیکیۆمێنت:

قوتابخانـەی «سـەرەتایی مۆدێـرن» کـە بـە زمانـی کـوردی پـەروەردەی هەبـووە، ١٩١٣- کـەلا خـویَ (خـۆی) ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان.

ئــەو دیکیۆمێنتــە کــە نــاو و ئیمــزای وەزیــری دەرەوەی ئەوکاتــی ڕووســیەی قەیســەری «ســازانۆڤ س.د»ی لەســەرە، بــۆ «چیرکــۆڤ»ی سەرکونســوولی ڕووســیەی قەیســەری لــە شــاری «کــەلا خــویَ»ی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، نێـردراوە و تێیـدا سـازانۆڤ ئامـاژەی بـە بڕیـاری کردنــەوەی یەکــەم قوتابخانــەی ســەرەتایی مۆدێــرن لەمــەڕ پــەروەردە بــە زمانــی کــوردی کــردووە و بــە «چیرکــۆڤ»ی گوتــووە کــە ڕێــز و سپاسـی ئێمـە بگەیەنـە سـمکۆی شـکاک و هەمـوو ئـەو لایەنانـەی کـە بـە گەرمـی پێشـوازییان لـە کردنـەوەی یەکـەم قوتابخانـەی سـەرەتایی مۆدێــرن کــردووە.

لــە دیکیۆمێنتەکــەدا ســازانۆڤ لەســەر ئــەو قوتابخانەیــەی کــە بــە سەرپەرسـتیی سـمکۆی شـکاک، عەبدولـڕەزاق بەدرخـان و کونسـوولی ڕووســیەی قەیســەری بــە نــاوی چیرکــۆڤ لــە شــاری «کــەلا خــویَ» کراوەتـەوە، بـە فراوانـی ڕاوەسـتەی کـردووە. بەپێـی زانیارییەکانـی نێـو ئـەو دیکیۆمێنتـە، سـمکۆی شـکاک ٢٩ منداڵـی تەمـەن لـە نێـوان ٨-١٠ سـاڵی لـە ناوەنـدی «چـاری» و «سـۆما و برادۆسـت و حەیدەرانیـە و کۆتـۆل»وە هێنـاوە بـۆ «کـەلا خـویَ» و لـە ٢١ی ئوکتۆبـردا ئامـادەکاری بـۆ ڕێوڕەسـم و شـایی و خۆشـیی کردنــەوەی قوتابخانەکــە کــردووە و لــە ڕۆژی ٢٢ ی ئوکتۆبــری ســاڵی ١٩١٣دا قوتابخانەکــە کراوەتــەوە. ئــەو منداڵانــە هەموویــان بــە جلوبەرگــی ســڤیل و کڵاوی ڕووســی کــە لەسـەریان کردبـوو، بەنێـو شـاری «کـەلا خـویَ»دا بـە شـێوەی نمایـش ڕێپێوانیــان کــردووە.


لە دیکیۆمێنتەکەدا هاتووە، پێویست بوو قوتابخانەی کوردی لە ٥ی ئوکتۆبری ١٩١٣ لە کەلا خوێ (خۆی) بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی درەنگ گەیشتنی هێندێک کەلوپەل کە دەبوایە لە تفلیسەوە بیانهێنابا، کردنەوەی قوتابخانەکە چەند ڕۆژێک کەوتە درەنگی و هەر بۆیەش قوتابخانەکە لە ٢٢ی ئوکتۆبردا بە ڕێوڕەسمێکی فەرمی و بە ئاخافتنی چیرکۆڤ و سمکۆ کرایەوە.

لە ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەکە لە ٢٢ی ئوکتۆبردا زۆر خەڵکی شاری «کەلا خوێ» و بەرپرسانی فەرمیی کەلا خوێ لەگەڵ بەرپرسانی ڕووسی بەشدار بوون، هەروەها لەمەڕ کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە دەگوترێ، کاتێک ئەو منداڵانە بە پارێزڤانیی سوارەکانی سمکۆ بەنێو شاری «کەلا خوێ» تێپەڕیوەن، هێندێک لە ئازەرییەکان ناڕەزایەتیی خۆیان لەمەڕ ئەم کارەی سمکۆ دەربڕیوە و وتوویانە کە ئەو منداڵانە بۆ ئێمە دەبن بە «گورگی دواڕۆژ». کاتێک کە سوارەکانی سمکۆ ئەو قسەیەی ئازەرییەکانیان گەیاندۆتە ناوبراو، «سمکۆ»ش لەنێو ئاخافتنەکەی لە کاتی کردنەوەی قوتابخانەدا وتوویەتی ئەو منداڵانە دەبن بە «شێری دواڕۆژی کوردستان».

بەم شێوەیە دەبینین سمکۆی شکاک دوای کۆنترۆڵکردنی شاری «کەلا خوێ» بە هاوکاری و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی عەبدولڕەزاق بەدرخان، توانیویانە بنێشەی (بناغە)ی یەکەمین قوتابخانەی کوردی و گۆڤاری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابنێن. دەکرێ ئەو هەنگاوە گرینگە مێژووییە بۆ هێماسازیی نەتەوەیی، وەک «ڕۆژی پەروەردە و قوتابخانە بە زمانی کوردی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر بکرێت و بە بناغە دابنرێت.

بەپێــی زانیارییــەکان، ســمکۆ لــە بەرنامەیــدا بــووە لــە داهاتــوودا چەندیــن قوتابخانــەی لــەو چەشــنە بــۆ خوێنــدن و پــەروەردەی منــداڵان، لــە هەرێمەکانــی دیکــەی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان بکاتــەوە، بــەڵام لــە ســاڵی ١٩١٤دا بەهــۆی بارودۆخــی شــەڕی یەکەمــی جیهانــی و دواتریــش ڕاگوێزرانــی ســمکۆ و عەبدولــڕەزاق بەدرخــان لەلایــەن ڕووســەکانەوە بــۆ تفلیــس، ئیــتر دەرفەتــی ئــەم کارە بــۆ ســمکۆ نەمــاوە و قوتابخانــەی «کــەلا خــوێ»ش داخــراوە.

## بەڵگەنامەی ژمارە: ١٠



١٦٦١

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4245 318329 4

ئیدارەی گشتیی شەڕ/ لقی چوارەم

١٩١٣/١١/٢٣

ئــەم تەلەگرافــە لەبــارەی ئــەو چەواشــەکارییەیە کــە لــە لایــەن سـەفوەت، عەبدولـڕەزاق، سـمکۆ و سـەید تەهـاوە کـراوە. ئـەو کەسـانە ئـەو شـتانەی کـە لـە بنەڕەتـدا بـاش نیـن، وەک شـتی بـاش پێشـانی دەدەن.

کونسـوولی ڕووسـیە لـە شـاری خـۆی بەنـاوی چێرکـۆڤ، بەشـێک لـە ئەرمەنــی و کوردەکانــی نــاردووە بــۆ ئــەوەی کــە ســنووری «بایەزیــد» هەتـا سـنووری «شـەمزینان» کۆنـترۆل بکـەن و شـارەزای هـزر و فکـری خەڵـک بـن، کـە ژمارەیـان نزیکـەی٣٠ کـەس دەبـن.

سـەفوەت کـە لـە سـەربازگە و قایمقامیەتـی وان دوور خراوەتـەوە، لەگـەڵ عەبدولـڕەزاق و سـمکۆ و سـەید تەهـا، ئـەو شـتانەی کـە بـاش نیـن، وەک شـتی بـاش بـە گـەل پیشـانی دەدەن. لەمـەڕ ئـەو مەسـەلەیە لــە موفەتەشــخانەی ســەربازیی عەشــیرەتەکانی «ئــەرزڕۆم»ەوە دوو تەلەگرافـمان بـۆ هـات، ئێمـە یەکێکـمان بـۆ جەنابتـان نـارد.

ئەمر و فەرمان لای بەڕێزتانە

یاریدەدەری یەکەمی حەزرەتی شەهریار


ئەحمەد عیزەت

## چەنـد بەڵگەیەکـی عوسـمانی و فەرەنسـی لەبـارەی کـورد لـە سـاڵی ١٩١٤:

چەنـد بەڵگـەی گرنگـی عوسـمانی و فەرەنسـی کـە پێوەندییـان بـە سـمکۆ، عەبدولـڕەزاق، سـەید تەهـا و عەمەرخـان شـکاکەوە هەیـە.

بـە وردبوونـەوە لـە ناوەرۆکـی بەڵگـەکان، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، لـە بـەرەی شـەڕی ڕووسـەکان و تورکەکانـدا کـە لەسـەر سـنووری نێـوان ڕۆژهــەڵات و باکــووری کوردســتان ڕووی داوە، لــە هــەردوو بــەرەی شـەڕەکەدا لایەنـە دژ بـە یەکـەکان کەڵکیـان لـە کـوردەکان وەرگرتـووە، لـە هەمانکاتـدا کوردیـش لـەدژی یەکـتر بـۆ ڕووس و عوسـمانی شـەڕیان کـردووە.

## بەڵگەنامەی ژمارە: ١١



DH. EUM

باب عالی

داخلیه نظارتی

شیفره قلمی

صورت

بابی عالی / وەزارەتی ناوخۆ

قەڵەمی تایبەت

١٩١٤/١/٤

ڕەمزی تایبەتی ویلایەتی وان

تەلەگرافەکـەی بەڕێوەبـەری ناوچـەی «شـکەفتی» لـە سەرسـنووری ئێـران کـە بـۆ ئێمـەی نـاردووە، ئێمـەش بـۆ ئێـوەی دەنێریـن. دوای ئـەوەی کـە تەلەگرافخانـە لـە ناوچـەی «باژێرگـە و شـکەفتی» دروسـت کـرا، ئێمـە ڕۆژانـە لەوێـوە هـەواڵ وەردەگریـن. شـاهبەندەر (نوێنـەر) مـان لـە ورمـێ «راگـن بـەگ» و نوێنـەری خـۆی «تەحسـین بـەگ» لەڕاسـتیدا کەسـانی خەباتگێـڕن. ئێمـە لەگەڵیـان بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتوو تەلەگـراف دەنێریـن و وەردەگریـن. تەلەگرافـی کونسـوولی ورمـێ دوای ١٢ کاتژمێـر بەدەسـتمان گەیشـت، ئـەو ڕەوشـە سـەرنجی ڕووسـەکانی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـا. لەبـارەی ئـەو ڕەوشـە لـە کونسـوولەکانی ئێمـە لـە خـۆی و ورمـێ، داوای ڕوونکردنـەوە کـراوە.

هەروەهـا لـە سـەر سـنوور و بـۆ کۆنترۆڵکردنـی سـمکۆ ئـەو ڕەوشـە زۆر گرینگـە.


والی تەحسین

سوورەت:

هێزەکانی ڕووس لە ئێران ڕۆژانە زیاد دەبن. ڕێگای ئاسن کە ڕووسەکان لە ئێران دروستی دەکەن و ڕەنگە تا ساڵ و نیوێک ئەو ڕێگایە بگاتە ورمێ. پیاوێکی «سەعید بەگ» لەلایەن ڕووسەکانەوە کوژراوە. لەباتی خوێنی ئەو، ڕووسەکان یەکەیەکی سەربازییان داوەتە سەعید بەگ و لە عەشیرەتی ناوبراویش پێنج هەزار تمەنیان ئەستاندووە و لەو پارەیە هەزار تمەنیان بۆ عەبدولڕەزاق ناردووە لە تفلیس، هەروەها سمکۆش٣٠ منداڵی موسڵمانی هێناوە و شەبقەی لەسەریان کردووە و ئەوانی ناردووە بۆ مەکتەبی ڕووسەکان. لە هەمانکاتدا لە ڕووسیەوە ٥٠٠ کەسیان ناردووە بۆ ورمێ و ئەو زانیارییانە لەلایەن کونسوولی ئێمە لە «خۆی» بۆمان نێردراوە. هەروەها نوێنەرمان وتی لەسەر داوای ڕووسەکان، سمکۆ لە سەڵماس، بە زۆر ئیفادەی لە سەعید بەگ وەرگرتووە.

ئەو زانیارییانە بۆ دەوڵەتی عالین

## بەڵگەی ژمارە: ١٢



بابی عالی/ وەزارەتی ناوخۆ

قەڵەمی تایبەت

١٩١٤/٢/٢

تەلەگرافی والیی وان

بەپێی تەلەگرافی تایبەت کە موتەسەڕفی هەکاری بۆمانی ناردووە، سەید تەها ٥٠٠ چەکی لە ڕووسەکان کڕیوە و بەسەر هێندێک چەتەدا بڵاوی دەکاتەوە. لە ئێران ژمارەی چەتەکانی «کولوهان» گەیشتووەتە ٣٠ کەس، هەروەها هاوکاریی «سەعید بەگ»یشی کردووە. بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون، لە بەهاردا ئەوان ئاڵۆزی دروست دەکەن.

ئەوەی کە سەید تەها و سمکۆ و عەبدلڕەزاق هان دەدات، بێگومان ڕووسیەیە. چونکە ڕەنگە ٥٠٠ چەکیان پێ دابن. ئەگەری ئەوەی کە سەید تەها تۆڵە بستێنێ، هەیە و نابێ ئەوە لەبیر بکەین.

بێگومان ڕووسیە هاوکاریی سەید تەها دەکات. بۆیە هەواڵەکانی ئیستخباراتی ئیدارەی هەکاری بە ئەگەری زۆر ڕاستە. هەم لەبەر ئەم هەواڵە و هەمیش لە بەهاردا کوردانی ئێران هەر ساڵ دەست بە تالان دەکەن، دەبێ حەتمەن ئێمە ڕێوشوێنی پێویست بگرینە بەر. تەنیا ئەمساڵ بە ئیزنی خوا تێکیان دەشکێنین.

تەنیا دەبێ لەمەڕ ئەو هەڕەشانەی کە لە دواڕۆژدا لەوانەیە بەرەوڕوومان ببنەوە، دەوڵەت دەبێ لێی ورد ببێتەوە. سەرلەشکر «کازم بەگ» دەبێ بەپەلە سەردانی هەموو جەندەرمەکان بکات.

ئەمساڵ لەبەر ئەوەی کە ئەرتەشە مەزنەکە زۆر سەرقاڵە، ئێمە داوای هاوکاریی زیاد ناکەین، تەنیا دەبێ جەندرمە هاوکارمان بێت. ئەو سەربازانەی کە لە ئۆردووی ناوەندی هێرشیان کردووەتە

سـەر جەندرمـە، حاڵیـان دیـارە. لـە مەکتەبـی ترابـزۆن٣٠٠ سـەربازی «لازی»یـان نـاردووە، ٣٠٠ کەسیشـیان خەڵکـی ئایدنـن کـە ناردوویانـە، لەسـەر یـەک ٦٠٠ سـەرباز پێویسـتە تـا ١٥ی ئـادار بگاتـە هەرێمـی وان.

لـە ئاڵایـی (هەنـگ)ی نیزامیـی گـەورە تەنیـا دوو زابـت (ئەفسـەر) ی جەنگـی هـەن، ئەوانـەی دیکـە هـەر هەموویـان کۆنـە ئاغـان. دەبـێ لـەوێ سـەربازی سـەرکەوتوو هەبـن. مـن شەخسـەن سـەربەخۆ یەکینەیـەک سـەربازم بـۆ چاوەدێریکـردن ئامـادە کـرد، ئێمـە دەتوانیـن زۆر لـەو سـەربازانە کەڵـک وەربگریـن.

لەگـەڵ ئـەو سـەربازانە، عەشـیرەتەکانی سەرسنووریشـمان لەگەڵـن. ئێمـە ئـەو عەشـیرەتانەش بـەکار دەهێنیـن و نابـێ دەسـت لـەو ڕێوشـوێنانە بەردەیـن کـە گرتوومانەتـە پێـش.

ئـەو سـەربازانەی کـە دوای مانگـی نیسـان بێنـەوە، هیـچ سـوودێکیان بۆمـان نابـێ، بۆیـە ئـەو هاوکارییـەی دوای تاڵانکردنـی عەشـیرەت بکـرێ، سـوودی نییـە.

مـن چاوەڕێـم کـە ئێـوە مزگێنیـی قبووڵکردنـی داواکانـم بدەنـەوە. ئـەوکات بـە لوتفـی خـوا نـە سـەید تەهـا و نـە ئەوانـەی لەویـش مەزنـتر، ناتوانـن هیـچ بکـەن.


خەڵـک خۆشـیی لـە نیشـتەجێبوونی لێـرە بینیـوە و ئیـتر نایانهـەوێ ئـەو شـوێنەیان لەدەسـت بچێـت.

دەبـێ ئێمـە لەگـەڵ ئێـران پێوەنـدی دابنێیـن، بێگومـان ئەمـە سـوودی بۆمـان دەبـێ و لانیکـەم بـا ئێـران بزانـێ کـە ئێمـە ئـەو ڕووداوانـە تاقیـب دەکەیـن.

والی

تەحسین

## بەڵگەی ژمارە: ١٣



ئیدارەی سەدارەت، قەڵەمی لێپرسینەوە

بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ


١٩١٤/٣/٨

سەبارەت بە عەبدولڕەزاق و سەفوەت

سەفوەت بەگ کە بە گلەییکردن لە بنکەی١٠ لە قایمقامیەت دوور خرابووەوە، ئێمە ئاگادار کراین کە لەگەڵ «شێخی بارزان» و سەید تەها پێوەندیی هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەی کونسوولخانەی ورمێ ئاشکرا بوو کە سەفوەت لە جێگای خۆی نییە و لە دەڤەری بارزان بینراوە. دەبێ لە کاتێکی کەمدا بڕیاری دەستبەسەرکردنی دەربکرێ و مەئموورانی دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچەیە دەستبەسەری بکەن. باڵوێزی ئێمە لە تاران لەبارەی «سەفوەت بەگ و عەبدولڕەزاق بەگ»ەوە هێندێک زانیاریی بە ئێمە دا. لەڕێگەی کونسوولی خۆمان لە پترسبورگ، تەزکەرەی ١٩١٤/١/١٩ بە دەستمان گەیشت.

بەپێی ئەو ئەنجامەی کە لەو تەزکەرەیە بەدەست هات، دەبێ لە کاتێکی کەمدا ڕەوشەکە بە نووسراوە وەک ڕاپۆرت ئامادە بکرێت و بۆ دەوڵەتی عالیی عوسمانی بەڕێ بکرێت.

## بەڵگەی ژمارە: ١٤


TELEGRAMME

تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

Retransmission ou Expédition — تکرار کشیده ویا سوق

RECEPTION

N° d'expédit — transmis à — Date — Signature de l'employé — Signature de l'employé — Date — Reçu de — N° d'ordre

De ... Pour ...

N° ... Mots ... Date ... H. ... M. ...

Voie ... Indic. Eventuelles ... اشارت محتمله

DH. SFR 422/112

بۆ وەزارەتی ناوخۆ


١٩١٤/٤/٢

کەسـانی وەک سـەید تەهـا، سـمکۆ، سـەعید بـەگ و سـەفوەت کـە کێشەسـازن، ڕەنگـە لـە ئێرانـەوە پەڕیـوەی ئەمدیـو ببنـەوە و عیلەکانـی وەک «حەیـدەران و مەحموودیـان» هـان بـدەن. هـەر بۆیـە دەزانیـن ئـەم عێلانـە زۆر ڕێـزی سـەید تەهـا دەگـرن. ئـەم ڕەوشـە کـە بـە هاندانـی ڕووسـیە بـە ئـاکام دەگات، دەبـێ بـۆ گرتنەپێشـی ڕێوشـوێنی پێویسـت لەگـەڵ منداڵەکانـی قسـە بکـرێ و بـۆ سـەرۆک عەشـیرەتە کوردەکانیـش تەلەگـراف بنێردرێـت.

والیی وان

تەحسین

## بەڵگەی ژمارە: ١٥



TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

| Retransmission ou Expédition تکرار کشیده ویا سوق | | | | RECEPTION | | | اخذ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوق نومروسی No d'expédit. | کشیده اولنان مرکز transmis à | Date تاریخ | مأمور امضاسی Signature de l'employé | مأمور امضاسی Signature de l'employé | Date تاریخ | واسطه مرکزی Reçu de | نومروسی No d'ordre |
| | | H. M. | | | H. M. | دیاربکر | |

De ... Pour ... موردی

Date ... H. ... M. ... ساعت ... دقیقه ... تاریخ

Indic. Eventuelles اشارات محتمله

DH.SFR 428/98

تەلەگرافنامە

مەخرەج: وان

١٩١٤/٥/١٨


بەپەلەیە

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بەدەستمان گەیشتوون، لە سەڵماس لە نێوان ڕووس و کوردەکان کێشە و ئاڵۆزی دروست بووە. تێلەکانی تەلەگراف لەلایەن خەڵکەوە پچڕێنراون. لەنێو ئەواندا هێندێک سەرباز کە بە پارە بەکرێ گیراون و هەشت سەربازی ڕووس لەلایەن کوردەکانەوە کوژراون.

هەروەها باس لەوە دەکرێ کە لە تەورێزیش ئاڵۆزی هەیە. لەبەرئەوەی کە کونسوولەکەمان لێرە زۆر تەمبەڵە، وەڵامی ئەو تەلەگرافانەمان ناداتەوە کە بۆی دەنێرین. بۆ سلامەتیی زێدەکەمان، پێویستە بەڕێزتان هەوڵێکی تایبەتی بدەن، تاکوو لەم ڕۆژانەدا بەرپرسێکی لێهاتوومان بۆ بنێرنە تەورێز.

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی زۆر

## بەڵگەی ژمارە: ١٦


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

| Retransmission ou Expédition | | | | RECEPTION | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| N° d'expédit | transmis à | Date | Signature de l'employé | Signature de l'employé | Date | Reçu de | N° d'ordre |
| | | H. M. | | | H. M. | | |

De ... Pour ...

N° ... Mots ... Date ... H. M.

Voie ... Indic. Eventuelles

DH.ŞFR 426/78

1-2


١٩١٤/٥/١٨

لــە ئازەربایجــان جاروبــار هەواڵــی چالاکییەکانــی مەشرووتییــەت دەبیســترێت، داوا دەکــەن کــە "حاجــی شــێخی" بچێتــە تــاران، بــەڵام ئــەو ناچێــت. بێجگــە لەمــە لــە چەنــد هەرێمــی دیکــەی ئێرانیــش ئاڵــۆزی هەیــە. حکوومەتــی ئێــران ئەمــڕۆ لێــرەدا چەنــد بەیاننامەیەکــی ڕووســەکان لەنێــو خەڵکــدا بــڵاو دەکات. لەمــەڕ بابەتــی ڕاگەیاندنــی بەڕێوەبەریــی عورفیــش، ئێمــە لەگــەڵ تــاران و تەورێــز لــە پێوەندیدایــن، بــەڵام هێشــتا وەڵامێکــی ڕوونمــان بــۆ نەهاتــووە.

ســمکۆش ئــەم ڕۆژانــە لــەلای ســۆما چالاکــی دەکات، لــەوێ هەمــوو دووکانــەکان داخــراون. بــۆ وەرگرتنــی زانیــاری ئەمــڕۆ دوو هاووڵاتیــی عوســمانیم نــاردە کونســوولخانە، بــەڵام جــارێ نەگەڕاونەتــەوە. ئێمــە ئــاگادار کرایــن کــە ســمکۆ هاتووەتــە گونــدی تەمرئاغــا. حکوومەتــی ناوچەییــش بــە قســەی ڕووســەکان هەڵســوکەوت دەکات، بــەڵام ئەوانیــش لــەو چەنــد ڕۆژەی دواییــدا زۆر بــە تــرس و نیگەرانییــەوە جموجــووڵ دەکــەن.

لــە بەرانبــەر وەهــا بارودۆخێکــی مەترســیداردا چــۆن هەڵســوکەوت بکەیــن، چاوەڕێــی ئەمــر و فەرمانــی ئێــوەم.

## بەڵگەی ژمارە: ١٧



TELEGRAMME

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

| Retransmission ou Expédition تکرار کشیده ویا سوق | | | | RECEPTION اخذ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوق نومروسی N° d'expédit. | کشیده اولنان مرکز transmis à | Date تاریخ | مأمور امضاسی Signature de l'employé | مأمور امضاسی Signature de l'employé | Date تاریخ | خطه مرکزی Reçu de | نومروسی N° d'ordre |
| | | دقیقه ساعت H. M. | | | دقیقه ساعت H. M. | | |

De ............ Pour ............ موردی

N° ...... Mots ...... Date ...... H. ساعت M. دقیقه تاریخ

Voie ...... Indic. Eventuelles ...... احتمالی اشارت

بۆ وزارەتی ناوخۆ


١٩١٤/٥/١٨

ئێمــە ئێســتا تەلەگرافــی جێگــری کونســوولی ورمــێ "نەجاتــی بەگ"مــان وەرگــرت و بــۆ بەرپرســی ســەرەوەمان نــارد. لەبەرئــەوەی کــە تێلەکانــی تەلەگــراف پچڕابــوون، زانیارییــەکان بــە درەنگــی دەگەنــە ســەفارەتی بــاڵا. لــە ئازەربایجــان ئاڵۆزییەکــی زۆر هەیــە. بۆیــە هەندێــک ڕێوشــوێنمان گرتووەتــە بــەر. کەســانی وەک عەبدولــڕەزاق و ســمکۆ ڕەنگــە ئەمجــارەش دەربــەدەر بــن. هەروەهــا هاتنــی ســمکۆ بــۆ لای "تەمــر ئاغــا"ش سەرنجڕاکێشــە. لــە وەڵامــی "نەجاتــی بەگ"یشــدا نووســیبووم کــە ئەگــەر لــە سەرســنوور ڕێوشــوێنی پێویســت نەگرینــە بــەر، ناتوانیــن ئــەم ســەرهەڵدانە بکوژێنینــەوە. ئەگــەر گەلانــی عوســمانی کۆشــتاری بەکۆمــەڵ بکرێــن، ئێمــە ناچاریــن دەســتێوەردانی نیزامــی بکەیــن.

هــەر بۆیــە فەرمانمــان دا بــە تەلەگرافخانــەی هــەکاری و لقەکانــی لــە سەرســنوور، بــۆ ئــەوەی لەبــارەی ڕووداوەکان لــە کاتــی بەیانــان و ئێــواران زانیاریــمان پــێ بــدەن و ئێمــەش بــە بەردەوامــی ئــەو زانیارییانەتــان بــۆ دەنێریــن.

والی تەحسین

## بەڵگەی ژمارە : ١٨


داخليه نظارتى

شيفره قلمى

OSMANLI ARŞİVİ

DH. EUM. 2. Şb

2 | 72 | 2

بابی عالی / وەزارەتی ناوخۆ

قەڵەمی تایبەت

١٩١٤/١١/١٧


بەپێـی ئـەو ڕەمـزە نهێنییـەی کـە لـە وەکالەتـی ویلایەتـی «وان»ەوە هاتـووە

هێزەکانمـان بـۆ حەوتوویـەک دەبـێ لـە ئێـران، لـەلای سـەڵماس لـە نێـوان «چـاری و خانەسـۆر»دا لەگـەڵ چەتـەکان، کـە سـەر بـە عەشـیرەتەکانن و لـە دوو هـەزار پیـادە و چەنـد سـوارە کـە خـاوەن چەکـی قورسـن پێـک دێـن، شـەڕ دەکـەن. لـە ئاکامـی ئـەو شـەڕەی کـە لـە دوێنێـوە تـا ئێسـتا ڕوو دەدات، لـە هێزەکانـی دوژمـن دوو زابـت (ئەفسـەر) و ١٠٠ کـەس کـوژراون و، لـە هێزەکانـی ئێمـەش نـۆ شـەهید و ٢٠ برینـدار هـەن.

سـەرۆکی عەشـیرەت عەمەرخـان کـە تـا ئێسـتا هاوکاریـی ڕووسـەکانی دەکـرد، بـە٢٠٠ چەکـدارەوە لەگـەڵ هێزەکانـی موجاهیدمـان کەوتـن. ئێمـە ویسـتمان کـە ئـەو زانیارییەتـان پـێ بدەیـن.

جێگری والی جەودەت

## بەڵگەی ژمارە: ١٩



PREMIÈRE ANNÉE — N° 43. Le Numéro: CINQ CENTIMES MARDI 17 NOVEMBRE 1914.

# L'Homme Enchaîné

JOURNAL QUOTIDIEN DU MATIN

Rédacteur en Chef : G. CLEMENCEAU

Rédaction et Administration, 13 et 15, rue Taitbout, Paris

FRANÇOIS ALBERT, Secrétaire Général de la Rédaction

A. BERNIER, Directeur-Administrateur

## De quelques Neutres

## Échos

## LA VÉRITÉ

JOURNÉE D'ACCALMIE

## L'offensive allemande faiblit ou échoue partout

## Sur le front oriental

## Communiqués officiels

## Sur le front franco-belge

## L'aventure turque

## LETTRE OUVERTE au Professeur Wilhelm Foerster (BERLIN)

# L'aventure turque

## SUCCÈS RUSSES PRÈS DE LA PERSE

*Pétrograd, 16 novembre.* — On télégraphie d'Ourmia que les hostilités dans les régions limitrophes de la frontière persane ont commencé le 8 novembre par un combat au col de Khanessoum. Le 10 novembre, nous avons délogé les Turcs du village de Khanessoum, leur tuant deux officiers et 92 Ascaris, sans subir nous-mêmes aucune perte. Le 12 novembre, l'ennemi a tenté un mouvement enveloppant contre les ailes de notre formation ; mais, grâce à l'arrivée de renforts, nous avons rejeté les Turcs vers une position plus en arrière. Le même jour, l'ennemi a lancé une partie de ses forces contre notre partisan kurde Simko et, se retranchant au sud de Tchiarykalyl, a engagé une fusillade qui a duré plusieurs jours, jusqu'à l'arrivée de nos troupes, qui ont rejeté l'ennemi. Dans ce combat, deux de nos partisans kurdes ont été blessés, y compris un frère de Simko.

Le 13 novembre, sur la route de Kotura, en territoire turc, nos avant-gardes ont pris contact avec des forces importantes de l'ennemi, composées principalement de cavalerie kurde, avec de l'artillerie, qui cherchaient à s'avancer vers Khoi et le col de Kotur.

Dans le sandjak de Bayazid, les Kurdes se rendent à nos troupes presque sans résistance.

Un fort détachement de notre ami le khan Avadjik a envahi le territoire turc, où il a fait sa jonction avec Abdul-Rezak, dont l'influence est grande.

Mustapha bey, de Tchaldaran, a passé la frontière et s'est emparé de Katchane.

سەرچاوە: حەفتەنامەی «مرۆڤی ئازاد»، کە بەهۆی سانسۆرەوە ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ (مرۆڤی زنجیرکراو)

ڕووداوەکانی تورک: سەرکەوتنی ڕووسەکان لە نزیک وڵاتی فارس، پاریس، ١٧ی نۆڤامبری ١٩١٤، ئەرشیڤی کتێبخانەی نیشتمانیی فەرانسا.

سەرنووسەری حەفتەنامەکە: جۆرج کلێمانسۆ، سەرۆکوەزیرانی پێشووی فەرانسا بووە.

١٠٦یەمین ڕۆژی شەڕ

تەلەگرافی فەرانسەییەکان کە هاوپەیمانی ڕووسەکانن.

پێترۆگراد، ١٩١٤/١١/١٦ - لە «ورمێ»وە تەلەگراف دەکەین کە تێکهەڵچوونەکان لە هەرێمەکانی هاوسنووری وڵاتی فارس لە ٨ی نۆڤامبرەوە بە شەڕی دەستەویەخە لە «خانەسۆر» دەستیان پێ کردووە. ڕۆژی ١٠ی نۆڤامبر لە خانەسۆر پاشەکشەمان بە تورکەکان کرد و دوو ئەفسەر و ٩٢ جەندرمەمان لێ کوشتوون، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکمان بەر کەوتبێت.

ڕۆژی ١٢ی نۆڤامبر دوژمن جووڵەیەکی نهێنیی لەدژی لقەکانی هێزەکەمان کرد، بەڵام بە گەیشتنی هێزی یاریدەدەر توانیمان هێندەی دیکە پاشەکشە بە تورکەکان بکەین. لە هەمان ڕۆژدا دوژمن بەشێک لە هێزەکانی لەدژی پارتیزانە کوردەکەمان «سمکۆ» جووڵە پێ کرد و بە پەناگرتن لە باشووری گەلیی «چاری-چەهریق» توانیویانە بۆ ماوی چەندین ڕۆژ تەقە ساز بکەن، هەتا ئەوکاتەی هێزەکانمان گەیشتنە جێ و پێشیان بە دوژمن گرت. لەو شەڕەدا دوو لە پارتیزانە کوردەکانمان بریندار بوون کە یەکێکیان برای سمکۆیە.


ڕۆژی ١٣ی نۆڤامبر، لەسەر ڕێگەی «کۆتۆل»، لە ناوچەی تورکەکان، هێزە پێشڕەوەکانمان بەریەککەوتنیان لەگەڵ هێزێکی گەورەی دوژمن هەبووە، کە زۆرینەیان لە جەنگاوەری کورد پێک هاتبوون، کە لەگەڵ تۆپخانە دەیانویست بەرەو «خۆی» و «کۆتۆل» پێشڕەوی بکەن.

لە ناوچەی بازید (بایەزید) کوردەکانی (لایەنی تورکەکان) بەبێ هیچ بەرگرییەکی ئەوتۆ، خۆیان ڕادەستی هێزەکانمان کرد. لقێک لە هێزی هاوڕێمان «خان ئاڤاجیک» هێرشی کردووەتە سەر ناوچە تورکەکان و لەگەڵ عەبدولڕەزاق یەکیان گرتووەتەوە، کە ئەو کارەش کاریگەریی گەورەی هەیە.

مستەفا بەگ لە چاڵدران، توانی لە سنووور بپەڕێتەوە و دەست بەسەر «کاچانە»دا بگرێت.

کۆتایی

## بەڵگەی ژمارە: ٢٠


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'État n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

| Retransmission ou Expédition تکرار کشیده ویا سوق | | | | RECEPTION اخذ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوق نومروسی N° d'expédit. | کشیده اولنان مرکز transmis à | تاریخ Date | مأمور امضاسی Signature de l'employé | مأمور امضاسی Signature de l'employé | تاریخ Date | واسطه مرکزی Reçu de | سره نومروسی N° d'ordre |

De ……… Pour ……… موردی

N° ……… Mots ……… Date ……… H. M. ساعت دقیقه ……… تاریخ

Voie ……… Indic. Eventuelles ……… اشارت مخصوصه

DH. ŞFR 442/91

(1-1)

مەخرەجی «وان»

١٩١٤/١٢/١٧

«کاردار و حەیـدەران» پێکـەوە مامـی سـمکۆ واتـە «تەمـر ئاغا»یـان لـە گونـد دەرکـردووە. هـۆکار ئەمـە بـوو کـە ئـەو ناوچانـەی کـە هـی ئـەوان بـوو، لەلایـەن تەمـر ئاغـاوە دەسـتیان بەسـەردا گیرابـوو. دەگوتـرێ کونسـوولی ڕووس لـە ورمـێ «کـورت بـەگ» داوای لـە «کەریـم خـان» کـردووە بـە هانـای «تەمـر ئاغـا»وە بچێـت، کەریـم خـان و هەمـوو بەگـزادەکان داوای کونسـوولی ڕووسـیەیان قبـووڵ نەکـرد، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی سـوپای لاوازی ڕووس تێـک نەچـێ، داوای هاوکارییـان لـە ئێمـە کـرد. منیـش بەڵێنیـم پێیـان دا کـە بەپێـی ئیمـکان هاوکارییـان بکـەم.

ڕووسـەکان بەهـۆی ئـەو هێرشـانەی کـە کراونەتـە سـەر تەمـر ئاغـا، دوێنـێ لـە «ئەکشیسـۆ» و «حەسـار» پاشەکشـەی بـە سـەربازەکانی کـردووە.

## پیلانـی گرتـن و کوشـتنی شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە:

لـە سـاڵی ١٩١٤ کاتێـک کـە شۆڕشـی "شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی" لـەدژی عوسـمانییەکان لەگـەڵ لاوازی و شکسـت بـەرەوڕوو بـووە، ناوبـراو وێـڕای کۆمەڵێـک لـە هاوڕێیانـی ڕووی کردووەتـە ناوچـەی ورمـێ و لـەوێ لەبـەر مەترسـیی عوسـمانییەکان، بـە نهێنـی و لەژێـر چاوەدێریـی سـمکۆ و سـەید تەهـا ژیـاوە. لـەو ماوەیـەدا شـێخ عەبدولسـەلام لـە ورمـێ پێوەندیـی لەگـەڵ کونسـوولخانەی ڕووسـیە دادەنێـت و داوای پشـتگیری و هاوکاریـی ئـەوان بـۆ سـەرهەڵدانی بـارزان لـەدژی عوسـمانییەکان دەکات. دواتـر شـێخ عەبدولسـەلام بـۆ بینینـی کاربەدەسـتانی پایەبـەرزی ڕووس ڕووی کردووتـە تفلیـس و لـەوێ بـە هاوکاریـی "کامـل بەدرخـان" توانیویەتـی داخوازییەکانـی خـۆی بـە ڕووسـەکان بگەیەنێـت.

لـە بەرانبـەردا ڕووسـەکان بەهـۆی هەسـتیاریی بارودۆخـی شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و نیگەرانییـان لـە هەڵوێسـتی تورکـەکان، نـەک هـەر بەڵێنیـی هیـچ پشـتگیرییەکیان پـێ نـەداوە، بەڵکـوو هۆشداریشـیان پـێ داوە کـە لـەم کاتـەدا لـە بەرژەوەندیـی ڕووسـەکاندا نییـە کـە هیـچ هەنگاوێـک لـەدژی تورکـەکان هەڵبگیرێـت. ڕووسـەکان تەنیـا ڕێگایـان داوە شـێخ عەبدولسـەلام ماوەیـەک لەژێـر چاوەدێریـی ئەوانـدا وەک پەنابـەر لـە "نەخجـەوان" بمێنێتـەوە. هـاوکات عوسـمانییەکان نارەزایەتیـی خۆیـان لەمـەڕ بینینـی شـێخ عەبدولسـەلام لەلایـەن ڕووسـەکانەوە دەربڕیـوە. دوای گەڕانـەوەی شـێخ عەبدولسـەلام لـە نەخجـەوان، عوسـمانییەکان پیلانیـان بـۆ گرتـن و کوشـتنی شـێخ عەبدولسـەلام دارشـتووە.

شـێخ عەبدولسـەلام کـە بـە دەسـتبەتاڵی لـە تفلیـس گەڕاوەتـەوە، دێتـە ناوچـەی برادۆسـتی ورمـێ کـە ئـەوکات ئـەو ناوچەیـە لەژێـر دەسـەڵات و ڕکێفـی عوسـمانییەکاندا بـووە. شـێخ عەبدولسـەلام بەهـۆی بیروبـاوەڕی ئایینـی و متمانەکردنـی بـە "سـۆفی عەبدوڵـڵا" کـە کەسـایەتییەکی ئایینـی و هـاوکات بـرای "تەمـرێ جانگـۆ" سـەرۆکی تایفـەی "فەنەکـی" بـووە، لـەلای بووەتـە میـوان. سـۆفی عەبدوڵـڵا کـە ئـەوکات بـە هاوسـۆزی لەگـەڵ فتـوای عوسـمانییەکان، لـەدژی ڕووسـەکان دەجووڵایـەوە، بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی هاوکاریـی عوسـمانییەکان بـۆ ئـەوەی بتوانـێ لـە ناوچـەدا دژی ڕووسـەکان و سـمکۆ ڕابوەسـتێت، لـە پیلانـی بەگرتندانـی شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی بـە عوسـمانییەکان، ڕۆڵـی گێـڕاوە و لـە گونـدی "گەنگەچیـن"ی ناوچـەی برادۆسـتی ورمـێ شـێخ عەبدولسـەلامی دەستبەسـەر کـردووە و لـەڕاگای سـنووریی (سـێرۆ)وە ڕادەسـتی عوسـمانییەکانی کـردووە. عوسـمانییەکانیش لـە ماوەیەکـی کورتـدا شـێخ عەبدولسـەلامیان هێناوەتـە مووسـڵ و لـەوێ والیـی عوسـمانیەکان کـە نـاوی (سـولەیمان نەزیـف) کـوردی خەڵکـی دیاربەکـر بـووە، بڕیـاری لەسـێدارەدانی شـێخ عەبدولسـەلام و سـێی هاوڕێـی داوە و لـە ڕێکەوتـی ١٩١٤/١٢/١٤دا ئەوانیـان لـە سـێدارە داوە.

لـە هەمـان سـاڵدا ڕووسـەکان بـە پشـتیوانیی سـمکۆ بـۆ تەمێکردنـی سـەرانی عیلـی فەنـەک، کـە شـەڕی ڕووسـەکانیان کردبـوو، لـە ئاوایـی "قونـی"ی ناوچـەی سـۆما هێرشـیان کردووەتـە سـەر "تەمـرێ جانگـۆ". لـە ئاکامـی شـەڕێکی سـەختدا، تەمـرێ جانگـۆ ناچـار بـووە بـە تاریکیـی شـەو خـۆی لـە گۆڕەپانـی شـەڕ ڕزگار بـکات و بچێتـە هەرێمـی هـەکاری لـە باکووری کوردسـتان و لەوێـش لەلایـەن تورکەکانـەوە جێـگا و ڕێـگای پـێ دراوە. دوای ئـەم شـەڕە سـمکۆ توانیویەتـی دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر "فەنەکی"یەکانیشـدا بسـەپێنێت.

**بەڵگەی ژمارە: ٢١**

https://www.qdl.qa/en/archive/81055/vdc_100041348440.0x00001a?utm_source=testpdfdownload&utm_medium=pdf&utm_campaign=PDFdownload

”ڕاپۆرتی سەربازیی بریتانیا لەسەر عێراق، هەرێمی ٩. (کوردستانی ناوەندی)“

لاپەڕەی بەڵگە ٢٥، لاپەڕەی پەرتووک ١٦، پاراگرفی ٤ و ٥

لە مانگی ئۆکتوبر بەڕێز «بیڵ» ئەو کەسەی کە لەباتی «ڕاگر لیچمەن» لە مووسڵ بوو، وەک کارگێڕی سیاسی سەردانی ناوچەی ئاکرێی کرد.

شاخەکانی باکووری ئاکرێ ماڵی کوردانی زێبارییە. هەموو کاتێک لەلای قەراخی چەپی ڕووباری «زێ»یش گەورەترین ناوچە، هی شێخی بارزانە. شێخی بارزان و «فارس ئاغا»ی سەرۆکی زێبارییەکان لەبارەی بە چیرۆکی هاوکاریی فارس ئاغا لەگەڵ تورکەکان بۆ بەگرتندانی شێخ عەبدولسەلام کە پێشەنگی شێخ ئەحمەد بوو، دوژمنایەتییەکی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە. شێخ عەبدولسەلام لەلایەن تورکەکانەوە لە مووسڵ لە سێدارە درا.

## دوورخستنەوەی سمکۆ و عەبدولڕەزاق لەلایەن ڕووسەکانەوە بۆ تفلیس:

لەساڵی ١٩١٣-١٩١٥ لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی هێندێک کوردی شکاک و عەشیرەتە کوردەکان بە فتوای عوسمانییەکان لەدژی ڕووسەکان شەڕ دەکەن، ڕووسەکانیش بە بیانووی ئەوەی کە «خورشید ئاغا و شکور ئاغا»ی برای سمکۆ و هێندێک سەرۆکهۆزی شکاک بەشداریی ئەم شەڕە بوون، داوایان لە سمکۆ کردووە ئەو کەسانەیان ڕادەست بکات، بەڵام سمکۆ ئەو داوایەی ڕووسەکانی جێبەجێ نەکردووە.


لە گەرمەی دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە حکوومەتی «ئەحمەد شای قاجار» لەوپەڕی لاوازیی خۆیدا بووە، وێڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنیی خۆیان لەو شەڕەدا، بەڵام هێزەکانی ڕووس و ئینگلیز لە باکوور و باشووری ئێران جێگیر بوون و لەڕاستیدا دیپلۆمات و کاربەدەستانی ڕووس و ئینگلیزی لەو سەردەمەدا حوکمی ئێرانیان کردووە.

دوای ڕێککەوتنی نێوان ڕووسەکان و قاجارەکان سەبارەت بە کێشەی سنووری نێوانیان، ئێرانییەکان داوا لە ڕووسەکان دەکەن کە ڕێگا نەدەن سمکۆ لەو هەرێمەی ژێر کۆنترۆڵی ڕووسەکان لە ئێران بمێنێت. ڕووسەکانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لەلایەن ژێنراڵ «چێرنۆزۆکۆڤ» وە، فەرمانیان بە سمکۆ کردووە کە نابێ چیتر لە «کەلا خوێ» و لەو هەرێمانەی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان لە ئێران بمێنی و دەبێ وێڕای کەسە نزیکەکانی بچێتە تفلیس. لە کاتی چوونی سمکۆ بەرەو تفلیس، لە نزیک «جولفا» لەلایەن

ئـەو ئەرمەنییانـەی کـە بەهـۆی بارودۆخـی شـەڕ و لەناوچوونـی مـاڵ و حاڵیـان، کـە لـە «سـەڵماس و ورمـێ»وە بـەرەو جولفـا هەڵدەهاتـن، تەقـەی لـێ دەکرێـت، بـەڵام هیـچ زیانێـک بـە سـمکۆ نـاگات.

هـاوکات لەلایـەن ڕووسـەکانەوە بڕیـاری دوورخسـتنەوە لەسـەر «عەبدولـڕەزاق بەدرخان»یـش جێبەجـێ دەکرێـت و لـە ١٩١٥/١/١دا عەبدولـڕەزاق لەگـەڵ «تەیمـوور خـان»ی والیـی کـەلا خـۆی و چەندیـن کەسـی دیکـە بـۆ ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی ڕووسـەکان دوور دەخرێنـەوە. لـە گەرمـەی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا کـە عوسـمانییەکان لەگـەڵ ئاڵمانـەکان لـەدژی ڕووسـیە شـەڕیان دەکـرد، «عەبدولڕەزاق»یـش ویسـتوویەتی لـەو دەرفەتـەدا بـە پشـتیوانیی ڕووسـەکان لـە باکـووری کوردسـتان ڕاپەڕینێـک دژ بـە عوسـمانییەکان وەڕێ بخـات. سـەرەڕای ئـەوەی کـە عەبدولـڕەزاق بـۆ ئـەو مەبەسـتە هەوڵێکـی زۆری دا، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو. دواتـر عەبدولـڕەزاق بەدرخـان بـە دەسـتی والیـی مووسـڵ بـە نـاوی «سـلێمان نەزیـف» کـە بـە ڕەچەڵـەک کـوردی خەڵکـی دیاربەکـر و سـەر بـە ڕێکخسـتی «ئیتحـاد و تەرەقـی تورکـەکان» بـووە دەستبەسـەر دەکرێـت و لـە ١٩١٨دا بـە حوکمـی عوسـمانییەکان، لـە مووسـڵ لەسـێدارە دەدرێـت و لـە گۆڕسـتانی «غەریبـان»ی ئـەو شـارە بـە خـاک دەسـپێردرێت.

## بەڵگەی ژمارە: ٢٢


دولت عثمانیه
پوسته و تلغراف و تلفون نظارتی

صره نومروسی
واسطه مرکزی
تاریخ
دقیقه ساعت
مأمور امضاسی

مخرج نومرو کلمه تاریخ ساعت طریقی اشارات مخصوصه

A. ŞFR 511/80

بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ڕەمز

١٩١٥/٢/١٨

مەخرەج: ڕەواندز

سـمکۆ و سـەید تەهـا بـۆ ئـەوەی خەڵکـی «وان و باشـکالا» و سـەرۆکهۆزە کـوردەکان بـۆ لای خۆیـان ڕابکێشـن، کەسـانێک بـە جلوبەرگـی مەڵایەتـی دەنێرنـە ناوچەکـە و لەنێـو خەڵکـدا نامـە بـڵاو دەکەنـەوە.

ئێمـە ڕامـان گەیانـدووە ئەوانـەی بتوانـن ئـەو کەسـانە بگـرن و ڕادەسـتی ئێمەیـان بکەنـەوە، ئێمـە بـە دانـی ٥٠ لیـرە خەڵاتیـان دەکەیـن.

لە ڕەواندزەوە والیی مووسڵ حەیدەر

## پەنابەریی شکاکەکان:

ساڵی ١٩١٥، دوای گواستنەوەی سمکۆ بۆ تفلیس، ئەحمەد ئاغای برای لە «چاری» جێگیر بووە. لەلایەکی دیکەوە ڕووسەکان بە مەبەستی ڕازیکردنی ئێرانییەکان و سزادانی ئەو شکاکانەی کە لە شەڕی دژ بە ڕووسەکان، هاوکاریی عوسمانییەکانیان کردبوو، بۆ سزادانیان، پەلاماری کوردەکانی «سەڵماس و ورمێ»یان داوە. دوای هێرشی تۆڵەسەندنەوەی ڕووسەکان بۆ سەر شکاکەکان، ئیتر شکاکەکان متمانەیان بە ڕووسەکان نامێنێ و لە ترسی دەستبەسەرکردن و کوشتن بە دەستی ڕووسەکان، بە مەبەستی خۆڕزگارکردن لەو مەترسییە ناچار بوون بن بە سێ دەستەوە و لە زێدی خۆیانەوە بەرەو عێراق و تورکیە کۆچ بکەن.

لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەهۆی بارودۆخی قاتوقڕی و پەتای کۆلێرا کە بە ساڵی برسیەتی ناسراو بووە، دەستەی یەکەم کە شکاکەکانی سۆما و برادۆست و ئەنزەل بوون، بە سەرۆکایەتیی عەمەرخان و «تەمر خانی هنارە» و «سمایل ئاغای حەسێ» ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە و دوای چێشتنی زۆر ئازار و بەشمەینەتی، خۆیان دەگەیەننە شاری ئاکرێی سەر بە ویلایەتی مووسڵ کە ئەوکات لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو. ئەوکات بەهۆی برسیەتی و ماندووبوون و نەخۆشی و نەبوونی پێویستییەکانی ژیان، زۆر ژن و منداڵی شکاکەکان بە بەلەنگازی لە ڕێگادا گیانیان لەدەست داوە. دەستەی دووەم کە زۆربەیان شکاکی دەوروبەری سەڵماس بوون، لەگەڵ «شوکور ئاغا»ی برای سمکۆ و «حەسۆیێ جانگۆ» ڕوویان لە تورکیە کرد و لە هەرێمی «هەکاری»

و «شــڕناخ» نیشــتەجێ بــوون. دەســتەی ســێیەمی شــکاکەکان کــە زۆربەیــان خەڵکــی «بەگــزادە» بــوون، بــە ناچــاری لــە ناوچەکانــی ســەڵماس و ورمــێ بــڵاو بوونەتــەوە، بــەڵام ئەوانیــش لــە ئــازار و ئەشــکەنجە بەدەســتی هێزەکانــی ڕووس بێبــەش نەبــوون.

دوای ماوەیــەک ڕووســەکان نیگەرانــی ئەمــە بــوون کــە ڕەنگــە لــە ئەگــەری دوژمنایەتییــان لەگــەڵ کــوردەکان، کــوردەکان لــەدژی ڕووســەکان بکەونــە بــەرەی عوســمانییەکانەوە، بۆیــە سەرکونســوولی ڕووســیە لــە ورمــێ کــە نــاوی «واســیلی نیکیتیــن» بــووە، بــە ناچــاری بــۆ شــکاکەکان بڕیــاری لێبوردنــی دەرکــردووە. بــەم شــێوەیە جیــا لــە «شــوکور ئاغــا و حەســۆیێ جانگــۆ» کــە لێیــان خــۆش نەبــوون، دەســتەی دووەمــی شــکاکەکان گەڕانــەوە «چــاری»، و ناوچەکانــی خۆیــان کــە ئــەوکات «ئەحمــەد ئاغــا»ی بــرای ســمکۆ بــە ڕازیبوونــی ڕووســەکان لــەوێ دەســەڵاتدار بــوو. دواتــر شــوکور ئاغــا و حەســۆیێ جانگــۆش لەگــەڵ چەندیــن ســواری شــەڕکەری شــکاکەکان ڕوو دەکەنــە باشــووری کوردســتان و دەگەنــە لای دەســتەی یەکەمــی شــکاکەکان کــە بــە ســەرۆکایەتیی عەمەرخــان ڕۆیشــتبوونە ئــەوێ.

## شەڕی نێوان شکاک، سوورچی و زێبارییەکان:

کاتێـک دەسـتەی یەکەمـی شـکاکەکان لـە دەڤـەری ئاکـرێ پەنابـەر بـوون، عێلـی «مەرزکـی»ش کـە بەشـێکن لـە شـکاکەکان، لـە هەرێمـی سـەرحەدەوە لـە ترسـی تۆڵەکردنـەوەی ڕووسـەکان، ڕوویـان لـە ئاکـرێ کردبـوو و لـە دەڤـەری سـوورچییەکان نیشـتەجێ ببـوون. لـەو کاتـەدا بەهـۆی هەبوونـی پێوەندیـی بنەماڵەیـی لـە نێـوان گـەورەی عێلـی مەرزکـی بـە نـاوی «محەمەدعەلـی و شـێخ عوبەیدوڵـڵا»ی گـەورەی سـوورچییەکان، لـە نێـوان شـێخ عوبەیدوڵـڵا و خێزانـی محەمەدعەلـی، بەنـاوی «زمەیـران» پێوەندیـی سـۆزداری دروسـت دەبێـت و دواتـر ئـەو ژنـە لەلایـەن شـێخ عوبەیدوڵـڵاوە مـارە دەکرێـت.

ئـەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییـە دەبێتـە هـۆی ئاڵـۆزی و ناکۆکـی لـە نێـوان هـەردوو لایـەن. عەمەرخـان داوای لـە شـێخ عوبەیدوڵـڵا کـردووە تاکـوو بتوانـن بـە شـێوەیەکی ئاشـتیانە قەرەبـووی ئـەو کێشـەیە بکەنـەوە، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کـە شـێخ عوبەیدوڵـڵا نەیویسـتووە لەگـەڵ شـکاکەکان ئاشـت ببنـەوە، کێشـەکە گەورەتـر بـووە. هـاوکات زێبارییەکانیـش بـە پاسـاوی ئـەوەی کـە لـەو قاتوقڕییـەدا شـکاکەکان بـە سەرپەرسـتیی عەمەرخـان، دارایـی ئەوانیـان تـاڵان کـردووە، ئەوانیـش بـە سەرپەرسـتیی «فـارس ئاغـا» پەلامـاری شـکاکەکانیان داوە و بـەم چەشـنە لـە سـاڵی ١٩١٦ شـەڕێکی نەخـوازراو و خوێنـاوی، لـە نێـوان شـکاکەکان لەلایـەک و زێبارییـەکان و سـوورچییەکان لەلایەکـی دیکـەوە ڕووی داوە.

ئـەو شـەڕە لـە گەلیـی «مێـزێ»ی ناوچـەی «بـەرواری بـاڵا» کـە دەکەوێتـە نزیـک سـنووری نێـوان باشـوور و باکـووری کوردسـتان،

ڕووی داوە. لـەو شـەڕەدا زیانێکـی گیانیـی گـەورە بـە هـەردوو لایـەن گەیشـتووە و دەیـان کـەس کـوژراون. دواتـر شـکاکەکان توانیویانـە گەمـارۆی سـوورچی و زێبارییـەکان تێـک بشـکێنن و خۆیـان لـەو ناوچەیـەدا قایـم بکـەن. لـەو کاتـەدا هێزەکانـی عوسـمانیش کـە لـەو ناوچەیـە حاکـم بـوون، لەسـەر داوای سـوورچی و زێبارییـەکان هاتوونەتـە دەڤـەری شـەڕ و زەخـت و گوشـاریان خسـتووەتە سـەر شـکاکەکان کـە دەبـێ چەکەکانیـان ڕادەسـت بکـەن، لـە ئاکامـی ڕێککەوتنـی نێـوان شـکاکەکان و بەرپرسـانی عوسـمانیدا بـۆ ئـەوەی کـە ئەمنیەتـی گیانیـی شـکاکەکان بپارێـزرێ، عەمەرخـان ڕازی دەبـێ کـە چەکەکانیـان ڕادەسـتی عوسـمانییەکان بکـەن.

**بەڵگەی ژمارە: ٢٣**

شــایانی باســە لەبــارەی ئــەم شــەڕە دڵتەزێنــە، دەنگبێــژی نــاودار ئیبراهیــم حەســەن نەقەبــی گۆرانییەکــی سەرنجراکێشــی بــە نــاوی "شــەڕێ گەلیــێ مێــزێ" بــە شــێوەی خــوارەوە چڕیــوە:

گەلی برادەرینۆ ئاخ لۆلۆ ل مە فەرمانە، هایێ هایێ

ئەڤرۆکــە بەراهیــکا عێلــێ مــە شــەڕە، دووماهیــکا عێلــێ مــە تالانــە، هایــێ هایــێ

ئۆجاخ و بنەتارا مالا بابێ من قەلیبیا، ئاخ لۆ لۆۆۆ

دە ئیــرۆ بنەتــارا مــالا بابــێ مــن ژ ئێڤــارێ وە، دیســانەکێ کــەت یــەک ژێ نەمانــە، هایــێ هایــێ...

عەمەرخــان بــرا گرکــێ کومــێ ل گەلیــێ مێــزێ، وەی لــێ بــرا بێــژە گرەکــە ل گەڤیــا بێهایــێ هایــێ

شــەرەکە گــران یــا قەومــی ل گەلیــێ مێــزێ، وەی لــێ برانــۆ بێــژە ل گرکــێ گەڤیــا بێهایــێ هایــێ..،

ئیــرۆ شــاهد و شــهوودێ عەمەرخانــێ شــکاک گەلــەک هەنــە، گازی دکەتــن گەلــی لاڤێــن شــکاکیا بابــێ منــۆ، دەســت هلینــن وایــێ وایێیــێ

ئەڤــرۆ هوونــێ ب مەژیــێ خــۆ، تفەنگــێ خــۆ نیشــان باڤێــن، ئیــرۆ ســێ عەهــد و قــرارێ خــودێ گەلــەک هەنــە، ل ســەر جــان و جەســەدێ مێرانییــێ کەتــبن، گــەر مێــر ژ گەلیــێ مێــزە دە، یــەک ژێ خــلاس بــە، وایــێ وایــێ..،

هــای دەمێیــێ، تەرمــێ عەگیــد و خوەشــمێران دیســانەکێ هێلاینــە ل بــەر هەتاڤــێ، ئــاخ وەرە هایلــێ هایلــێ، ئــاخ وەرە دەلۆیلــۆ لۆیلــۆ ل مــە فەرمانــە،

عەمەرخـان بـرا شـەڕەکێ قەومـی ل گەلیـێ مێـزێ، وەی لـێ بـرا گەلییەکـە ب دار و سـپیندارە،

ب دەسـتێ عەمەرخـان و تەمرخانـێ شـکاکیا خـوەش تـێ دەنگـێ سـێتیران و پێنـج تیرانـە، واێـی وایـێ

ب دەسـتێ مێـرێ زێباریـا خـوەش تـێ دەنگـێ میراتـێ ئینگلیزییانـە، لاڤـۆ وایـێ وایـێ،

ئیـرۆ شـاهد و شـهوودێ عەمەرخانـێ شـکاک گەلـەک هەنـە گازی دکەتـن گەلـی لاڤێـن شـکاکیا بابـێ منـۆ دەسـت هلینـن، وایـێ وایـێ.

ئەڤرۆ هوونێ ب مەژیێ خۆ، تفەنگێ خۆ نیشان باڤێن،

ئیـرۆ سـێ عەهـد و قـرارێ خـودێ گەلـەک هەنـە، ل سـەر جـان و جەسـەدێ مێرانیـێ کەتـبن، گـەر مێـر ژ گەلیـێ مێـزێ دە یـەک ژێ خـلاس بـن، وایـێ وایـێ.

هـای دە چـاوا وێ ل گوهـێ مـە خـۆش بـێ دەنگـێ نالیـن و قیرینـا وان برینـداران، وایـێ وایـێ،

وەرە هایلێ دەلۆیلۆ ل مە فەرمانە، وایێ وایێ،

عەمەرخـان بـرا گرکـێ کۆمـێ ل گەلیـێ مێـزێ، وەی لـۆ بـرا بێـژە گرەکـە ب جـۆک و کانـی نـە،

"مەلـە شری" ب سـێ دەنـگان گازی دکەتـن گەلـی لاڤـۆ و عەشـیرا بابـێ منـۆ، هوونـێ دەسـت هلینـن، وایـێ وایـێ،

بەلـێ ئیـرۆ دوو برایـێ مـن یێـن دایـک و بابـی هاتنـە کوشـتن، ئـەز ژی ب سـێ گولەیێـن سـێ تیـران برینـدار بوومـە، خـودێ دزانـە ئەڤرۆکـە مـە ب یەکجـاری چ حالـێ خـوە ننـە لاڤـۆۆ، وایـێ وایـێ،


وەرە گەلـــی خۆرتـــان هوونـــێ ڕابـــن، ئەڤرۆکـــە مێـــران و مێـــر چـاکان بگـرن هایـێ هایـێ، ژ حەیفـا مـە خۆشـمێران ڕە، هوونـێ بـەر

خەنجــەران بدرینــن، وایــی وایــێ،

وەر دەلۆیلۆ لۆیلۆ، ل مە فەرمانە وایێ وایێ.

دوای ئـەو ڕووداوەی کـە لـە سـاڵی ١٩١٦دا ڕووی داوە، عوسـمانییەکان عەمەرخــان و چەنــد کەســایەتیی گــەورەی شــکاکەکانیان دەستبەســەر کــردووە و بــۆ مــاوەی چەنــد مانــگ لــە قشــڵەی ســەربازیی ئاکــرێ زیندانیــان کــردوون.

## بەڵگەی ژمارە: ٢٤


DH.SFR 554/10

بۆ وەزارەتی ناوخۆ

ڕەمز

١٩١٧/٥/١٤

نێردراو لە مووسڵەوە

ئـەو نامەیـەی کـە سـمکۆ بـۆی نـاردم، وەڵامەکـەم دایـەوە. پێـم وت حکوومەتـی عوسـمانی قبووڵـت دەکات. دەمهـەوێ بـە شـێوەی ویلایـەت کەڵکـی لـێ وەربگریـن.

سەرلەشکری ئەرتەشی شەشەم

حوسێن

## ئازادکردنی سمکۆ لەلایەن ڕووسەکانەوە:

دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر دەستبەسەرکردنی سمکۆ لەلایەن ڕووسەکانەوە، کاتێک ڕووسەکان دەبینن کە توانای بەڕێوەبەریی ئەحمەد ئاغا لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا زۆر لاوازە، نیگەرانی ئەمە دەبن کە ڕەنگە ئەو لاوازییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە ببێتە هۆی سوودوەرگرتنی عوسمانییەکان. بۆیە ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٦ سمکۆ ئازاد دەکەن و ڕێگای پێ دەدەن بگەڕێتەوە ناوچەی کۆتۆڵ.

ئەوکات کە ڕەوشی پەنابەرانی شکاک لە باشووری کوردستان بەهۆی دەستبەسەرکردنی عەمەرخان و سەرۆکهۆزەکانی شکاک لەلایەن عوسمانییەکانەوە زۆر تێک چووبوو، ئەوانیش بە ناچاری جارێکی دیکە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان ڕوو دەکەنەوە سنووری ئێران. کاتێک پەنابەرەکان دەگەنە سنوور، سمکۆ کە ئەوکات ڕووسەکان تازە ئازادیان کردبوو و گەڕابوویەوە ناوچەی کۆتۆڵ، داوا لە ڕووسەکان دەکات کە ڕێگا بدەن ئەو پەنابەرانە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. ڕووسەکانیش ئەو داوایەی سمکۆ بە هەند وەردەگرن و قبووڵی دەکەن.


عەمەرخان و سەرۆکهۆزەکانی شکاکیش، دوای چەند مانگ مانەوە لە گرتووخانەی عوسمانییەکان لە ئاکرێ، لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە بەمەبەستی دادگاییکردن و سزادانیان، بەدەست و لاقی زنجیرکراو، بە یەکەیەکی جەندرمەی خۆیان دەسپێرن کە بیانبەنە تورکیە. دوای چەند ڕۆژ ڕێگەبڕین بە پێیان، ئەوان دەگەنە هەرێمی "جزیرێ" لەوێ لە کاتی پشوودان، عەمەرخان دەبینێ جەندرمەکان بەهۆی ماندوویی و بێخەوی، خەویان لێ کەوتووە،

هـەر بۆیـە عەمەرخـان ئەمـە بـە دەرفـەت دەزانـێ و یەکسـەر لەگـەڵ هاوڕێیانـی خـۆی چەکـی جەندرمەکانیـان لـێ دوور دەخەنـەوە. دوای دوورخسـتنەوەی چەکەکانیـان، جەندرمـەکان لـە خـەو هەڵدەسـتێنن و زنجیـری دەسـت و لاقـی خۆیـان، بـە وان دەکەنـەوە، دواتـر دەرزیـی چەکـی جەندرمـەکان دەردێنـن و ئازادیـان دەکـەن و بـۆ خۆشـیان بـەرەو ناوچـەی هـەکاری دەکەونـە ڕێ. دوای چەنـد ڕۆژێـک خۆیـان دەگەیەننـە دەوروبـەری شـارۆچکەی "باشـکالا" و لەوێشـەوە خۆیـان دەگەیەننـە هەرێمـی "شـپیران"ی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. لـە بەهـاری سـاڵی ١٩١٧دا لـە ناوچـەی شـپیران خۆیـان دەگەیەننـەوە لای سـمکۆ.

شـایانی باسـە دوای ئازادکردنـی سـمکۆ لەلایـەن ڕووسـەکانەوە، ئەحمـەد ئاغـای بـرای، بـە پشـتیوانیی هێندێـک سـەرۆکهۆزی شـکاک (حاجیـێ عەتمانـی عەودۆیـی، میـرزا محەمـەدێ عەتمانـی و تەمـرێ عەتمانـی) لـە بەرانبـەر سـمکۆدا ڕاوەسـتاوە و ئامـادە نەبـووە سـەرۆکایەتیی شـکاکەکان ڕادەسـتی سـمکۆ بـکات. هەروەهـا نەیویسـتووە سـمکۆ بگەڕێتـەوە بـۆ "چـاری". سـمکۆش دوای ڕزگاربوونـی عەمەرخـان و سـەرۆکهۆزی شـکاک لەدەسـت عوسـمانییەکان، بـە پشـتگیریی عەمەرخـان و ئـەو شـکاکانەی کـە لەگـەڵ ئەحمـەد ئاغـا نەبـوون، لـەدژی ئەحمـەد ئاغـا ڕاوەسـتاوە. دوای ئـەوەی چەنـد تێکهەڵچوونێـک لەنێوانیانـدا ڕووی داوە و لـە گونـدی "بـاوان"ی ناوچـەی سـۆما فەرماندەیەکـی لێهاتـووی سـمکۆ بـە نـاوی "حەسـۆ ئێـوەری" بابـی حەجـێ زبـێ بـە دەسـتی ئەحمـەد ئاغـا دەکوژرێـت، ئیـتر سـمکۆش پەلامـاری ئەحمـەد ئاغـا و ئـەو سـەرۆکهۆزانەی کـە لەگەڵیـدا بـوون دەدات و لـە گونـدی "گۆلەگەنـی" گەمـارۆ دەدرێـن و لـە ئاکامـدا بـە ناچـاری خۆیـان ڕادەسـتی سـمکۆ دەکـەن.

دوای شکسـتی ئەحمـەد ئاغـا، سـمکۆ دەیهـەوێ لەگـەڵ ئـەو سـەرۆکهۆزانەی شـکاک کـە لەگەڵـی بـوون، هـەر هەموویـان بکوژێـت، کەچـی لەسـەر تـکا و پاڕانـەوەی هێندێـک لـە گەورەپیاوانـی شـکاک، سـمکۆ لـە بڕیـاری سـزادانی ئەحمـەد ئاغـا پاشـگەز دەبێتـەوە، بـەڵام بـۆ ئەوانـی دیکـە وەک سـزادان بڕیـاری بڕینـی دەسـتێکی هەرکامەیـان دەدات. "حاجیـێ عەتمانـی عەودۆیـی" و چەنـد کەسـی دیکـە، کـە پشـتیوانی سـەرەکیی ئەحمـەد ئاغـا بـوون، وەبـەر ئـەو سـزایە کەوتـوون. دوای ئـەو ڕووداوە ئیـتر ئەحمـەد ئاغـای بـرای سـمکۆ و ئـەو سـەرۆکهۆزانەی کـە هـاوکاری بـوون، "عەمەرخان"یـان وەک هـۆکاری شکسـت و سـزادانی خۆیـان لـە بەرانبـەر سـمکۆ زانیـوە. هـەر بۆیـە دواتریـش هەوڵیـان داوە پێوەنـدی و دۆسـتایەتیی نێـوان سـمکۆ و عەمەرخـان تێـک بـدەن. بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجەشـیان لـە هـەر دەرفەتێکـدا لـەلای سـمکۆ، بـە خراپـە باسـی عەمەرخانیـان کـردووە.

## بەڵگەی ژمارە: ٢٥



ایالت آذربایجان

۱۰

سواد مراسله کارگذاری ارومی

مورخه ۲۴ جمادی الثانی ۳۷

نمره

ئەیالەتی ئازەربایجان

١٢٩٨/٦/١ی هەتاوی

١٩١٩/٣/٢٧ی زایینی

شێری شەڕ بەهادورخان، لە کاتی دانوستانی خۆی لەگەڵ بەڕێز حوکمڕان، باسی شێخ مەحموودی بەناوبانگ کردووە و وتوویەتی کوردەکانی خاکی عوسمانی کە ئێستا بەشێک لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئینگلیزە، خودموختارییان پێ دراوە و بەشێک لە کوردەکانی ئێرانیش بەتەمای وەها بارودۆخێک بوون، بەڵام دەوڵەتی ئینگلیز بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی ئێران، ئەو داوایەی کوردەکانی قەبووڵ نەکرد و وەڵامی دانەوە کە ئەو کارە ڕەنگە کێشەی بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی حکوومەتی ئێران هەبێت. ناوبراو وتوویەتی ژمارەیەک لە خێڵەکانی عوسمانی کە هاتوونە ناو خاکی ئێران و لەوێ نیشتەجێ بوون و بوونەتە هۆی زەحمەت و دەبێ کۆچ بکەن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

سەبارەت بە «سەید تەها»ش، شێری شەڕ، بەهادورخان ڕای گەیاندووە لەبەر ئەوەی ناوبراو لەنێو خێڵەکاندا قسەی دەڕوات، وا باشترە حکوومەتی ئێران هیواداری بکات و بۆ خۆشخزمەتی ئاگاداری ناوبراو بن و لە کاتی پێویستدا لەڕێگەی ئەوەوە ڕێگا لە هێندێک خەیاڵاتی خێڵەکان بگرن. ئەمەم تەنیا بۆ ئاگاداریتان وت.

بۆ ئاگاداریی زیاترتان ڕای دەگەیەنم کە شێخ تەها، کوڕی شێخ سەدیقە و بەم نزیکانە لەگەڵ «سمایل ئاغای سمکۆ» پێوەندیی گرتووە و وەک بەڕێز جەنابی حوکمڕان نووسیویەتی و ڕای گەیاندووە چەند کەسێک لە هاووڵاتیانی عوسمانییان لە شار گرتووە و...


شریف الملک


## پیلانگێڕیی ئێرانییەکان بۆ کوشتنی سمکۆ بە بۆمب:

لــە مانگــی دووەمــی بەهــاری ســاڵی ١٩١٩دا، دەوڵەتــی ئێــران بــە مەبەســتی کوشــتنی ســمکۆ دەســت بــە جموجــۆڵ دەکات، یەکەمجــار حاکمــی تەورێــز «موکــەڕەم ئەلمولْــک» بــە هاوکاریــی ئەرمەنییەکانــی ئــەوێ، پاکەتێکــی بۆمبڕێژکــراو ئامــادە دەکات و لەژێــر نــاوی دیاریــدا لەلایــەن ژنــە ئازەرییەکــی خزمــی ســمکۆوە بــۆ خــوسرەوەی کــوڕی دەنێردرێتــە گونــدی «چــاری». کاتێــک ســمکۆ بەهــۆی پێداگریــی زۆری خــوسرەوی کــوڕی، دەیهــەوێ پاکەتەکــە بکاتــەوە، لەنــاکاو بریســکەیەک لــە تێلەکانــی پاکەتەکــە لــێ دەدات، ســمکۆش یەکســەر پاکەتەکــە دوور دەهاوێــژێ و بۆمبەکــە هێندێــک دوور لــە وان دەتەقێتــەوە. لــە ئاکامــی تەقینــەوەی بۆمبەکــە، بــرای ســمکۆ واتــە «عەلــی خــان» و ســێ کەســی دیکــە، هــەر لــەوێ گیانیــان لەدەســت دەدەن و چەنــد کەســی دیکــەش برینــدار دەبــن.

دوای ئــەو کــردەوە تیرۆریســتییە، ســمکۆ داوای لــە کاربەدەســتانی ئێرانــی کــردووە کــە دەبــێ پیلانداڕێــژ و ئەنجامــدەری ئــەو کــردەوە تیرۆریســتییە بــۆ ســزادان ڕادەســتیان بکرێــت، بــەڵام کاربەدەســتانی ئێرانــی بــۆ ئــەوەی کــە پیلانداڕێــژی ســەرەکی ڕادەســت نەکــەن، لەجێــی ئــەوان، چەنــد تاوانبــاری دیکــە ڕادەســتی ســمکۆ دەکــەن و ســمکۆش ســزای کوشــتنیان بەســەردا جێبەجــێ دەکات.

## بەڵگەی ژمارە: ٢٦



بۆ وەزارەتی ناوخۆ ڕەمز

١٩١٩/٤/٩

ئەمە هاوپێچە بۆ تەلەگرافی ٢ی ئاداری ساڵی ١٩١٩یە


بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە «باشکالا»وە پێمان گەیشتوون، سەید تەها ئەفەندی و سمکۆ هەوڵ دەدەن بۆ شارە کوردییەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی خودموختاری بەدەست بێنن، هەر بۆیەش بەرپرسانی ئینگلیز لە ورمێ بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم پرسەوە، ئەو کەسانەیان بردووەتە مووسڵ.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە سیخوڕەکانمان بۆیان هێناوین، ئینگلیز و «ئەحمەد فایق» هەروەک لە تەلەگرافی دوێنێدا باسمان کرد، دەبوا سپاسی سەید تەهایان بکردبایە، بەڵام نەیانکردووە.

والیی وان

حەیدەر

## بەڵگەی ژمارە: ٢٧


تلغرافنامه

دولت عثمانیه

مخرجی | نومروسی | کلمه‌سی | تاریخی

DH.ŞFR. 631/82

بۆ وزارەتی ناوخۆ ڕەمز

١٩١٩/٥/٢٤

بەڕێکراو: وان


ئێستا بەپێی ئەو نامەیەی کە لەلایەن سمکۆوە هاتووە، ... ئەو زانیارییەمان پێ گەیشتووە، کە نزیکەی سێ هەزار سەربازی ئینگلیز لە تەورێزەوە هاتوون، هەروەها دەگوترێ کە لەسەر نێوی حکوومەتی کوردستان نوێنەریان ناردووەتە مازەندەران.

بەپێی ئەم زانیارییە، ئەم تێگەیشتنە دروست دەبێ کە سمکۆ دەیهەوێ لە ئێران حکوومەتی کوردستان دامەزرێنێت. تایبەت بەم مژارە، ئەو زانیارییانەی کە بە دەستمان بگەن، بۆ ئێوەی دەنێرین.

والی حەیدەر

سەرنج: بەپێی ناوەرۆکی ئەم بەڵگەیە دەردەکەوێت کە لەو سەردەمەدا لە نێوان سمکۆ و "میرزا کووچەک خان" کە ئەوکات ئەوانیش لەدژی دەوڵەتی ئێران بزووتنەوەی گیلان، ناسراو بە "شۆڕشی جەنگەڵ"یان وەڕێ خستبوو، پێوەندی هەبووە و هەوڵیان داوە لە نێوان بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی جەنگەڵ هاوپەیمانییەک دروست بکەن و هاوکاریی یەکتر بکەن.

**بەڵگەی ژمارە: ٢٨**




١٩١٩/٧/٩

نابێ ئەم زانیارییە بە هیچ کەسێک بدرێت


بەپێـی ئـەو زانیارییـەی کـە پۆسـتچی بۆمانـی هێنـاوە، هێندێـک کەسـی ئینگلیـز هاتوونەتـە ورمـێ و لەگـەڵ عەجەمـەکان قسـەیان کـردووە، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ سـمکۆ هیـچ شـەڕێک نەکـەن، کاتێـک زانیاریـی نوێـمان بەدەسـت بـگات، ئاگادارتـان دەکەینـەوە.

لە ئەرنیس (مورادیە)ـەوە

والی وان

حەیدەر

**بەڵگەی ژمارە: ٢٩**


DH. ŞFR 637/12

وزارەتی ناوخۆ

بەپەلە

نێردراو لە ئەرنیس

١٩١٩/٧/١٧

ئەو نێردراوەی کە دوایین جار نامەکەمی بۆ سمکۆ برد، ڕۆیشتووەتە ویلایەتی ناوەندی و ئەم زانیارییەی خوارەوەی بۆ ناردووم.

سمکۆ لە نامەی من زۆر مەمنوون بووە و ڕێزی لە نێردراوەکەمان گرتووە. دوای سێ کاتژمێر، سەید تەها و سێ ئەفسەری ئینگلیز هاتوون و لەگەڵ سمکۆ سێ کاتژمێر تایبەتی قسەیان کردووە. دواتر هەڵساون و ڕۆیشتوون.

بەپێی زانیارییەکانی نێردراوەکەمان، کۆمەڵێک ئەفسەری

ئینگلیــز هاتوونەتــە ورمــێ و عەجەمــەکان و ســمکۆیان پێکــەوە ئاشــت کردووەتـــەوە.

هەر کاتێک زانیاریمان بە دەست بگات، ئاگادارتان دەکەینەوە.

## ڕزگارکردنی شاری ورمێ:


لــە ســاڵی ١٩٢٠ ســمکۆ ئــاگادار دەبــێ کــە دەوڵەتــی ئێــران بــۆ لەناوبــردن و دەرکردنــی کــورد لــە ورمــێ، والییەکــی نوێــی بــە نــاوی "زیائەلدەولــە"ی نــاردووە بــۆ ورمــێ. کاتێــک ســمکۆ بینیویەتــی، ســەرەڕای ئــەو پیلانــەی ســاڵی ١٩١٩ی کاربەدەســتانی ئێــران، واتــە ناردنــی بۆمــب بــۆ کوشــتنی، ئێســتاش ئــەوان لەســەر دژایەتیــی خۆیــان لەگــەڵ کــورد بەردەوامــن، چەنــد جــار لەگــەڵ کاربەدەســتانی ئێــران وتوویــژ دەکات، بــۆ ئــەوەی بتوانــێ پێــش بــە پیلانەکانیــان بگــرێ، بــەڵام هەوڵەکانــی بــێ ئــاکام دەمێنــن.

هــەر بۆیــە ســمکۆش لــە ١٩٢٠/٧/١٧بــۆ دەرکردنــی ئــەو والییــە و ڕزگارکردنــی ورمــێ، بــە بڕیارێکــی تایبەتــی، عەمەرخانــی بــۆ ئــەو مەبەســتە ئەرکــدار کــردووە. عەمەرخانیــش ســەرەتا بــۆ گرتنــی ورمــێ، پلانــی گرتنــی بەنــدەری "گۆڵمەخانــە"ی دانــاوە، کــە دەروازەی ســەرەکی و ســتراتیژیکی ورمــێ بــووە. لەگــەڵ گەمارۆدانــی بەنــدەری گۆڵمەخانــە، دوای دوو ڕۆژ شــەڕی قــورس، هێزەکانــی قەزاقــی ئێــران بــە فەرماندەیــی "ئەســـەد ئاقــا خـــان" بـــە یەکجـــاری تێـــک شـــکاون و عەمەرخـــان گۆڵمەخانــەی لەدەســت هێزەکانــی ئێــران دەرهێنــاوە. دواتــر عەمەرخــان لەگــەڵ هێزەکانــی دیکــەی ســمکۆ، شــاری ورمێــی ڕزگار کــردووە. لەگــەڵ گرتنــی ورمــێ، والیــی ورمــێ کــە دوژمنایەتیــی کوردەکانــی دەکــرد هەڵــدێ. دواتــر بــە فەرمانــی ســمکۆ، عەمەرخــان وەک حاکمــی تــەواو دەســەڵاتداری ورمــێ دەستنیشــان دەکرێــت.

عەمەرخــان، کــە بــە فەرمانــی ســمکۆ بــۆ ڕزگارکــردن و بەڕێوەبردنــی ورمــێ ڕاســپێردرابوو، لەلایــەک بــە دڵــی ئەحمــەد ئاغــا و هاوڕێکانــی

نەبــوو، لەلایەکــی دیکــەش ئازەرییەکانــی ورمێــش بــە مەبەســتی خۆدزینــەوە لــە پێدانــی بــاج و خــەراج بــۆ بەڕێوەبەریــی ورمــێ، دژایەتیــی "عەمەرخان"یــان دەکــرد. لــە هەمانکاتــدا ســمکۆش لــە بەرانبــەر هەڕەشــە و هێرشــەکانی دەوڵەتــی ئێرانــدا، پێویســتیی بــە فەرماندەییــی عەمەرخــان لــە بەرەکانــی شــەڕ هەبــوو، هــەر بۆیــە ســمکۆ بڕیــاری گواســتنەوەی عەمەرخــان بــۆ بــەرەی شــەڕی "شــەکەریاز"ی دایــەوە و لەباتــی ئــەو کەســێکی ئــازەری بەنــاوی "تەیمــوور ئاغــا" کــە خەڵکــی کەڤنەشــاری ســەڵماس بــوو، وەک والیــی ورمــێ دیــاری کــرد.

## بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٠



Administration des Douanes

ادارهٔ گمرکات

مورخه ۱۵ دسامبر ۱۹۲۰

نمره ۴۵۲

آقای رئیس ایالتی

Modèle № 110

١٩٢٠/١٢/١٥

وەرگێڕانی ڕاپۆرتی ورمێ بە ناوی سەرۆکی ئەیالەتی تەورێز

بەڕێز سەرۆکی ئەیالەتی

لـە سـەرەتای هاتنـم، گرفتـی ئیـداری هەمـوو کاتەکانمـی گرتـووە و هێشـتا دەرفەتـی لێکۆڵینـەوە لـە دۆخـی سیاسـیی ئـەم شـارەم نەبـووە، بـەڵام بەگشـتی دەتوانـم بڵێـم کـە دۆخـی ئـەم شـارە کـە کەوتووەتـە ژێـر دەسـەڵاتی کـوردەکان، مایـەی ڕەزامەنـدی نییـە. وەک بـاس دەکـرێ «ئیسـماعیل ئاغـای سـمکۆی سـەرداری نـوسرەت»، هەمـوو کوردەکانـی بـەرەو لای خـۆی بانـگ کـردووە کـە لـە مـاوەی سـێ ڕۆژدا بگەنـە چەهریـق. ئەمـڕۆ مۆڵەتەکـە تـەواو دەبـێ و لەنـاو شـاردا کوردێکـی زۆر دەبیـنرێ کـە چەکـدار کـراون و دەڵێـن لـە دەوروبـەری شـارەوە هاتـوون بـۆ ئـەوەی بـۆ ئـەم سـەفەرە ئامـادە بـن و وەڕێ بکـەون. بەهـۆی دەرچوونـی کوردەکانـەوە بازرگانـی بـە تـەواوی ڕاوەسـتاوە. لەبەرئـەوەی ئـەوان پێشـتر خەریکـی کڕیـن و فرۆشـتن بـوون. چەنـد هـۆکاری جیـاواز بـۆ دەرچوونـی کـوردەکان لـە شـار بـاس دەکرێـت. هێندێـک کـەس دەڵێـن بـەرەو خـۆی دەچـن و هێندێکیـش بـاس لـەوە دەکـەن بـەرەو ماکـۆ و جولفـا دەچـن. بـەڵام هـۆکاری سـەرەکی هێشـتا دیـار نییـە. فەڕاشباشـی هەواڵـی هێنـاوە کـە کـوردەکان سـەڕافەکانی نـاو بازاڕیـان دەستبەسـەر کـردووە و بـە زۆری داوای مووچـەی سـەرۆکی ئەمنییـە و سـوارەکانی دەکـەن کـە هێشـتا وەریـان نەگرتـووە.

واژۆ: ئەحمەد.

## چاپکردنی ڕۆژنامەی «کورد» لەلایەن سمکۆوە:

ماوەیەک دوای گرتنی ورمێ، سمکۆ بۆ کاری ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەی ئامانجی سەرهەڵدانەکەی بۆ ڕای گشتی، بڕیاری وەشاندنی ڕۆژنامەیەکی کوردی دەدات و بۆ ئەو ئامانجە گرینگە، مامۆستا مەلا محەمەدی تورجانی ئەرکدار دەکات. سەرەتا بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکە، کاتێک قاسیدەکانی سمکۆ دەچنە لای «محەمەد تەمەدون»، خاوەنی چاپخانەی تەمەدونی ورمێ فەرمانی سمکۆی پێ ڕادەگەیەنن، خاوەنی چاپخانەکە بە بیانووی نەبوونی فۆنتی کوردی و تەکنیکی پێویست بۆ چاپی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی، مل ناداتە بەر چاپی ڕۆژنامەکە.

کاتێک سمکۆ لە وەڵامی نەرێنیی خاوەنی چاپخانەکە ئاگادار دەبێ، ڕۆژی دواتر بۆ ڕازیکردنی خاوەنی چاپخانە، چەند کەسێکی دیکە دەنێرێتە چاپخانەکە، بەڵام کاتێک ئەوان دەگەنە ئەو شوێنە، دەبینن دەرگای چاپخانەکە داخراوە و خاوەنەکەشی دیار نییە. کاتێک سمکۆ لەوە ئاگادار دەبێ بە پێکەنینەوە دەڵێ، چونکە ئەو نەیویستووە هاوکاریمان بکات و لە ترسان هەڵاتووە، باشترە کە ناوی چاپخانەکەش لە «تەمەدون»ەوە بگۆڕن بۆ چاپخانەی «غیرەت» و دەست بە کاری وەشاندنی ڕۆژنامەکە بکات.

دوای ئامادەکاریی پێویست لە مانگی جوولای ساڵی ١٩٢٢دا، کارە گرینگ و مێژووییەکەی سمکۆ بە وەشاندنی ڕۆژنامەی "کورد" دەستی پێ کرد و چەند ژمارەیەک لەو ڕۆژنامەیە بە دوو زمانی کوردی و فارسی چاپ و بڵاو کرانەوە. ناسنامەی ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە بوو: "ڕۆژنامەیەکی سیاسی- ئەدەبی- ئەخبارییە کە سەرگوتارەکەی وەردەگێڕدرێتەوە سەر فارسی، کوردێک بۆ هەموو کوردان دەنووسێت.

**بەڵگەی ژمارە: ٣١**


(واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا)

جیگی ادارە و رەی چاپخانه غیرت
مدیر محمد ترجانی
مقالا تیك منفعت کرداتی
تیدایی ورد گیری
جاری له هرهفتەدا یکیك چاپ
دکری
١٢ مانك شوال ١٣٤٠

حق روژنامه پیشکی ورد گیری
داخله خارجیه
سالیك ٥٠ ٦٠ قراز
ششمانك ٢٧ ٣٥
قیمت یك نسخه ده شاهی
قیمت اعلانات هر دیری‌دو قران

رزونامیکه سیاسی‌ادبی‌اخباری سرمقالی‌ترجمه‌دکری بفارسی دینوسی‌کردیك بوهەو کردان

ڕۆژنامـەی ژمـارە ٣ی سـاڵی یەکـەم کـە لـە ١٩٢٢/٧/٢٣دا دەرچـووە، لەگـەڵ ڕۆژنامـەی ژمـارەی (...؟) کـە  لـە ١٩٢٢/٦/٨دا دەرچـووە:

لیـس للانسـان الا مـا سـعی ئەعنـی ئـەوە / هـەوڵ و غیـرەت بابەتـی شـەرعی و کەلامـی بارییـە

کورد ١٣٤٠ (١٩٢٢ی زایینی)

نرخی ڕۆژنامە بە قیستیش وەردەگیرێ

ساڵێک بۆ ناوخۆ، ٥٠ و بۆ دەرەوە ٦٠ قڕان

شەش مانگ بۆ ناوخۆ ٢٧ و بۆ دەرەوە ٣٥ قڕان

نرخی ڕێکلام هەر دێڕێک دوو قڕان

ڕۆژنامەیەکـــی سیاســـی و ئەدەبـــی و هەواڵییـــە. ســـەروتارەکەی تەرجومـــە دەکـــرێ بـــە فارســـی و کوردێـــک بـــۆ هەمـــوو کوردانـــی دەنووســـێ.

مقالاتیك منفعت کردان
تیدایی وردو کبری
جاری لەهر هفتەدا یکیك چاپ
دکری
دوشنبه
۲۸ مانك ذیقعده ۱۳۴۰

سالیك ۵۰ ، ۶۰ قران
شش مانك ۲۷ ؛ ۳۵
قیمت یك نسخه ده شاهی
قیمت اعلانات هر
دیری دو قران


روژنامەیکه سیاسی ادبی اخباری سرمقالی ترجمه دکری بفارسی دینوسی کردیك دوهو کردن

چارساله وقوعاتیت لوان سرحدان واقع دبن عجم بواسطا غزتیت خوه بناوی شقاوتی اعلان دکن مروفیت درر ژی چکوژ حقیقتاشولی بی خبرن بوی طرزی دزانن حال اوه حقیقتاشولی نەوەیه مەهیوی هیەجریدا کردان ایرویاشوه راستیادشتیت وها بنوسنت داخلق حقیقتی بزانت :

(دوی بابداچندخبران ازدی بیژم)

ایا ... کو ... مه کو دوی حرباعمومیدا ایرانی بی طرفیاخوه اعلان کری بوحال اوملتی چرد ولئیت محارب هندی کردیت کفتی دسرحدا ایراندا متضرر نبویەا وەلمیدانی یەهر کس باور نکت بلانیت ببینت نەنوس، نەمال بوکردیت فقیرنمایه آیا اوه ژچه بو؟ اگردولتا ایرانی - کوختانهاخوه متبوعی وی ملتی کرد فقیر کفتی دوی محیطی دزانی محارب بولو رامتی تابعی وی متضرر بو. کانی اعلان حرب دکل کی دولتی کری یەبلان بده زانین

از آقای مدیر محترم جریده شریفه (کرد) خواهشمندم بنام کردیت این چند سطر بندەرا دریکی از ستونهای جریده برای اطلاع عمومی درج فرمایند

وقایع چهارساله کردستان را ایرانیان در جرائد خود بنام شقاوت اکراد اعلان کرده وقارئین محترم جرائد نیز چون از حقیقت کار بی خبرند به اظهارات جرائد باور کرده وچنین تصور مینمایند درصورتیکه تمامی اظهارات جرائد ایران محض کذب بوده ونام شرافت قیام کردستان بنام منحوسه شقاوت لکه دار میکنند لهذا فریضه کردی خود میدانم حقیقت مسئله را بطور واضح برای اطلاع عمومی بوسیله جریده شریفه عرض ویسمع قارئین محترم برسانم اولا دولت ایران در این جنك بین المللی بی طرفی خودرا اعلان کرده بود بدبختانه هیچ کدام مملکت در ول محارب مثل کردستان سرحد ایران ، متضرر نشده دوچار صدمات فوق الطاقه نکردیده علت این مسئله هانا بی اقتداری

## شەڕی ڕزگارکردنی شاری مەهاباد:

لـە ٦- ١٩٢١/١٠/٧ سـمكۆ ئـاگادار دەبـێ كـە دەوڵەتـی ئێـران لـە چوارچێـوەی پیلانگێڕییەكـی نیزامیـدا دەیهـەوێ هێزەكانـی لـە مەهابـاد و میاندوئـاوەوە بـۆ گرتنـی ورمـێ بـەكار بێنێت. سـمكۆش بـە مەبەسـتی پێشـگرتن لـەو پیلانـە، دوای چەنـد وتووێژێـك لەگـەڵ كاربەدەسـتانی ئێرانـی، كـە هیـچ داواكارییەكـی ئەویـان بـۆ دەسـەڵاتداریی كـورد لـە هەرێمەكـەدا قبـووڵ نەكردبـوو، بـۆ ڕەچاوكردنـی ڕێوشـوێنی پێویسـت لـە بەرانبـەر ئـەو پیلانـەی دەوڵەتـی ئێـران، بـە پێكهێنانـی كۆبوونەوەیەكـی بەرفـراوان لەگـەڵ زۆربـەی سـەرۆك عەشـیرەتە كـوردەكان لـە "چـاری"، توانیویەتـی ڕەزامەنـدی و بڕیـاری بەرەڤانـی و ڕزگاركردنـی بسـت بـە بسـتی خاكـی كوردسـتان لـەو كۆبوونەوەیـەدا بەدەسـت بێنـی و دواتریـش بـە پێكهێنانـی یەكیەتییەكـی بەهێـزی عەشـیرەتە كـوردەكان، دەسـتی بـە تەڤگەرێكـی نـوێ كـردووە.

سـمكۆ بـە مەبەسـتی پێشـگرتن بـە پیلانـی ئێرانییـەكان، هەروەهـا ڕزگاركردنـی مەهابـاد لـە دەسـتیان، سـەرەتا سـەید تەهـا و هێندێـك لـە هێزەكانـی ناردووەتـە دەوروبـەری مەهابـاد و دوای دوو ڕۆژ سـمكۆ بـۆ خۆشـی لـە "چاری"یـەوە ڕووی كردووەتـە ورمـێ و لەوێـش لەگـەڵ عەمەرخـان و هێزێكـی گـەورەی شـەڕڤانانی كـورد لـە "ورمێ"یـەوە بـۆ هاوكاریـی سـەید تەهـا بـەرەو دەوروبـەری مەهابـاد وەڕێ كەوتـوون.

دوای هێندێـك شـەڕ و تێكهەڵچوونـی بەربـڵاو لـە دەوروبـەری شـارەكە، كـە هێـزە ئێرانییـەكان هەڵاتبوونـە نێـو شـاری مەهابـاد، سـمكۆ پەیامـی بـۆ سـەرۆكهۆزەكانی مەهابـاد و بنەماڵـەی "قـازی عەلـی" ناردووە و داوای لـەوان كـردووە كـە بـۆ ڕزگاركردنـی شـارەكەیان،

هاوکارییان لەگەڵ بکەن و ڕێگا نەدەن هێزە ئێرانییەکان خۆیان لەنێو شارەکەدا بشارنەوە، بەڵام ئەو پەیامەی سمکۆ بێجگە لە عەشیرەتی مامەش و مەنگوڕ، کە ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریی ئەو ڕادەگەیەنن، لەلایەن هێندێک سەرۆکهۆزی دیکە و بەتایبەتی ماڵباتی قازییەکانەوە بێ وەڵام دەمێنێتەوە. بۆیە سمکۆش بۆ ڕاماڵینی هێزە ئێرانییەکان و ڕزگارکردنی شاری مەهاباد، بڕیاری هێرشی داوە بە شەڕڤانانی خۆی و دوای شەڕێکی گران کە دوو ڕۆژی خایاندووە، زیاتر لە٧٠٠ کەس لە جەندرمە و هێزە سەربازییەکانی ئێرانیان کوشتووە، هەروەها فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئێران لە پادگانی (بنکەی سەربازی)ی مەهاباد بە ناوی سەرهەنگ «حەسەن مەلەکزادە»یان بە دیل گرتووە و ئیتر مەهابادیان بە یەکجاری لەدەست داگیرکەرانی ئێران ڕزگار کردووە.

شایانی باسە کاتێک کە مەلەکزادەیان وەک دیل بردووەتە لای سمکۆ و سەید تەها، کە ئەوکات لە دەرەوەی شاری مەهاباد لەنێو خیوەتێکدا بوون، عەمەرخانیش کە لەو دەمەدا لە شەڕی نێو شارەوە گەڕاوەتەوە لای سمکۆ، سمکۆش بە ئیشارەتی دەستی عەمەرخانی بە مەلەکزادە ناساندووە و پێی وتووە: «ئەمە گەورەیە و سەر فەرماندەی هێزەکانی منە».

بەڵام کاتێک عەمەرخان چاوی بە مەلەکزادە دەکەوێ، ئەنگۆستیلەیەک لە گیرفانی خۆی دەردێنێ و پێشانی مەلەکزادەی دەدات و لێی دەپرسێ: «ئەم ئەنگۆستیلەیە هی ئێوەیە؟»، مەلەکزادەش یەکسەر تێ دەگا، کە عەمەرخان دەزانێ کە مۆری مەلەکزادە لەسەر ئەم ئەنگۆستیلەیەیە و ناوبراو لە شەڕەکەدا بووە هۆکار کە هێزەکانیان زوو خۆیان ڕادەستی عەمەرخان

نەکـەن و لـە ئاکامـدا زۆربـەی هێـزە ئێرانییـەکان  کوژرابـوون. بـەم شـێوەیە مەلەکـزادە نەیتوانیـوە وتەکانـی عەمەرخـان ڕەت بکاتـەوە و بـە ئامـاژەی سـەر، وتوویەتـی «بەڵـێ، ئەنگۆسـتیلەکە هـی منـە».

عەمەرخـان هـەر لـەوێ لەگـەڵ چەنـد قسـەیەکی ڕەق کـە بـە مەلەکـزادەی دەڵـێ، لەنـاکاو لوولـەی چەکەکـەی بـەرەو مەلەکـزادە نیشـانە دەگـرێ و دەیهـەوێ بیکـوژێ، بـەڵام سـمکۆ و سـەید تەهـا پێشـی پـێ دەگـرن. . (نووسـەر: دەگوتـرێ هەمـان ئـەو چەکدارانـەی کـە پێشـتر لـە شـەڕێکی دیکـەدا لەلایـەن شـەڕڤانانی سـمکۆوە بەدیـل گیرابـوون و دواتـر سـمکۆ ئەوانـی ئـازاد کردبـوو، هـەر ئـەو چەکدارانـە دیسـان هاتبوونـەوە بـۆ شـەڕی سـمکۆ، بۆیـە هێزەکانـی سـمکۆ ئەمجـارە هەموویانیـان کوشـتبوو). دوای کۆتاییهاتنـی شـەڕەکە و ڕزگارکردنـی مەهابـاد لەدەسـت داگیرکەرانـی نیشـتمان، بەهـۆی شـەڕی نێـو شـار، خەڵـک تووشـی هێندێـک زەرەری گیانـی و مـادی ببـوون، هەروەهـا سـمکۆش هێندێـک لـەو سـەرۆکهۆزانەی مەهابـادی لۆمـە کردبـوو، کـە لـەم شـەڕەدا هاوکاریـی هێزەکانـی ئەویـان نەکردبـوو. دواتریـش بەڕێوەبەریـی شـاری مەهابـادی داوەتـە دەسـت هێندێـک کەسـایەتیی باوەڕوپێکـراوی مەهابـادی کـە جێـگای متمانـەی خـۆی بـوون، مەلەکزادەشـی لەگـەڵ خـۆی بـردووە بـۆ ورمـێ.

کاتێـک ئازەرییەکانـی ورمـێ، مەلەکـزادە بـە دیلـی لەدەسـت هێزەکانـی سـمکۆدا دەبینـن، بـەو سـەرکەوتنەی سـمکۆ و نەکوشـتنی مەلەکـزادە تووشـی سەرسـوڕمان دەبـن. دواتـر سـمکۆ، مەلەکـزادە لەگـەڵ خـۆی دەباتـە «چـاری» و، دوای ماوەیـەک بـە وتووێـژ لەگـەڵ کاربەدەسـتانی ئێـران ناوبـراو ئـازاد دەکات.

## شەڕی شەکەریاز:

ئــەو شــەڕە، یەکێــک لــە شــەڕە مەزنەکانــی ســەردەمی ســمکۆ بــوو، کــە لــە ڕۆژی ١٩٢١/١٢/١٧ بــە فەرمانــی ســەرۆکوەزیری ئێــران "قەوامولســەڵتەنە"، ئەرتەشــی ئێــران بــە پێنــج هــەزار شــەڕکەر و بــە فەرماندەیــی ئەمیــر ئەرشــەد "زەرغــام قەرەداغــی" لەگــەڵ ڕاوێــژکاری نیزامیــی ســووئێدی بــە نــاوی "لینــد بیــرک" هێرشــیان کــردە ســەر ســمکۆ. ئەمیــر ئەرشــەد زەرغــام، بــرای "محەمەدحوســێن خــان"ی قاتڵــی "جــەوەر ئاغــا"ی بــرای ســمکۆ بــوو، کــە لــە ســاڵی ١٩٠٥دا جــەوەر ئاغــای لــە تەورێــز کوشــتبوو. هێزەکانــی ئێــران لــە شــاخەکانی دەوروبــەری شــاری کــەلا خــوێ، "ســەڵماس و ورمێ"یــەوە هێرشــیان کــردە ســەر ســەڵماس و هەرێمەکانــی ژێــر دەســەڵاتی ســمکۆ.

کاتێــک ســمکۆ دەبینــێ هیزەکانــی دوژمــن بــە گرتنــی چەپەرەکانــی پێشــەوە، پێشــڕەوی دەکــەن، یەکســەر فەرمــان دەداتــە عەمەرخــان کــە بــە ســوارەکانییەوە وێــڕای هێــزێ زێبارییــەکان هێــرش بکەنــە ســەر ســەنگەرەکانی دوژمــن لــە کێــوی شــەکەریاز کــە فەرمانــدەی گشــتیی ئێرانییــەکان بەنــاوی "ئەمیــر ئەرشــەد قەرەداغــی" لــەوێ جێگیــر ببــوو. عەمەرخانیــش لــە چوارچێــوەی فەرمانــی ســمکۆدا، وێــڕای هێزێکــی ٢٠٠ کەســیی زێبارییــەکان کــە لەلایــەن "مەحمــوود ئاغــا" و "فــارس ئاغــا"وە فەرماندەیــی دەکــران، هێرشــیان کردووەتــە ســەر ســەنگەرەکانی ئەمیــر ئەرشــەد قەرەداغــی و دوای شــەڕێکی قــورس توانیویانــە لەشــکری دوژمــن تێــک بشــکێنن و فەرمانــدەی هێزەکانــی ئێــران، واتــە "ئەمیــر ئەرشــەد قەرەداغی"یــش بکــوژن.

شــایانی باســە لــە ســاڵی ١٩١٩دا عەشــیرەتی زێبارییــەکان بەهــۆی


لایەنگرییـــان لـــە عوســـمانییەکان، دوای شـــەڕیان لەگـــەڵ ئینگلیـــزەکان، بەهـــۆی بۆمبارانـــی فڕۆکەکانـــی ئینگلیـــز ناچـــار ببـــوون، گوندەکانیـــان بەجـــێ بهێڵـــن و لـــە باشـــووری کوردســـتانەوە پەنـــا بەرنـــە لای عوســـمانییەکان لـــە دیـــوی باکـــووری کوردســـتان. دواتـــر لەســـەر داوای ســـمکۆ لـــە "گـــەوەر"ی باکـــووری کوردســـتانەوە ڕۆیشـــتبوونە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و لـــەلای ســـمکۆ گیرســـابوونەوە. بەمجـــۆرە دەبینیـــن هەمـــان ئـــەو زێبارییانـــەی کـــە لـــە ســـاڵی ١٩١٦ و لـــە کاتـــی پەنابەربوونـــی شـــکاکەکان کـــە بەهـــۆی مەترســـیی ڕووســـەکانەوە پەنایـــان بـــۆ لای زێبارییـــەکان بردبـــوو و دواتـــر لـــە نێـــوان ئـــەوان و شـــکاکەکاندا شـــەڕ و کوشـــتن هاتبـــووە ئـــاراوە، ئەمجـــارە چارەنـــووس وای کـــرد کـــە زێبارییەکانیـــش بەهـــۆی مەترســـیی ئینگلیـــزەکان، لـــە ســـاڵی ١٩١٩دا بـــە ناچـــاری زێـــدی خۆیـــان بەجـــێ بهێڵـــن و بـــە ژن و منداڵـــەوە لـــەلای ســـمکۆ و عەمەرخـــان بگیرســـێنەوە و دواتـــر شانبەشـــانی ســـمکۆ و عەمەرخـــان لـــە یـــەک ســـەنگەردا لـــەدژی هێـــزی ئێرانییـــەکان بجەنگـــن و پێکـــەوە لەشـــکری دوژمـــن تێـــک بشـــکێنن. لـــەو کاتـــەدا پێـــش ئـــەوەی زێبارییـــەکان بگەڕێنـــەوە باشـــووری کوردســـتان، لەلایـــەن ســـمکۆوە زەهـــرا خانمـــی خوشـــکی مەحمـــوود ئاغـــا و فـــارس ئاغـــای زێبـــاری خوازبێنـــی دەکرێـــت و لـــە خـــۆی مـــارە دەکات و ئـــەو خزمایەتییـــە دەبێتـــە بناخـــەی دۆســـتایەتیی درێژخایەنـــی نێـــوان شـــکاکەکان و زێبارییـــەکان.

دوای کوشـــتنی ئەمیـــر ئەرشـــەد قەرەداغـــی لەلایـــەن "عەمەرخـــان"ەوە، ئیـــتر هێزەکانـــی ئێـــران بـــێ فەرمانـــدە دەمێنـــن و بڵاوبوونـــەوەی ئـــەم هەواڵـــەش لەنێـــو هێزەکانـــی دوژمـــن، دەبێتـــە هـــۆی دابەزینـــی ورەی هێزەکانـــی دوژمـــن و ئیـــتر نەیانتوانیـــوە لـــە بەرەکانـــی دیکـــەی شـــەڕدا لـــە بەرانبـــەر هێزەکانـــی ســـمکۆ خۆیـــان ڕابگـــرن و لـــە هەمـــوو بەرەکانـــی

شــەڕدا تێــک شــکاون و پــرش و بــڵاو بوونــەوە. ئــەو تێکشــکانەی هێزەکانــی ئێــران لەلایــەن ســمکۆوە ئــەوکات لــە سەرانســەری ئێــران دەنگدانەوەیەکــی باشــی هەبــوو، هەروەهــا ئــەو شــەڕەی شــەکەریاز کــە بــە فەرماندەیــی عەمەرخــان زۆر ســەرکەوتوانە گەیشــتووەتە ئەنجــام، وەک ســەرکەوتنێکی گــەورەی مێژوویــی بــۆ ســەرهەڵدانی ســمکۆی شــکاک تۆمــار کــراوە.

# ڕاپۆرتی شەڕی هێزەکانی سمکۆ لە میاندواو

**بەڵگەی ژمارە: ٣٢**


شماره ۲ — سال اول — صفحه ۴

کلنل شب عید با چند نفر سوار فرار متباقی
قوه او تمام محو تعرضات قشون مالکردیه و یک عراده
توپ و یک متراليوز اغتنام شده در مدت
دو روز اردوی دشمن درهم و نقطه
نابود گردیدند تلفات ما هفت نفر شهید
و سیزده مجروح ما با تمامی مفوت
قلب خود مجاهدین و غیرت کردان
غیور و جسور خود را تقدیر و مظفریت
ایشان را تبریک میگوییم شجاعت و حمیتی
را که ایشان در این مرتبه اظهار و آن
شرف بسالتی را که آن شیران احراز کردند
بسی شایسته است که بقلم زرین در
صحایف تاریخ ایشان و شرف کردستان
ثبت کرده در ازمنه ممدوده کردان بدان
افتخار نمایند خداوند توفیق عنایت فرموده
مجروحین را صحت و سلامت ببخشید
شهدا را مظهر لطف و عاطفت خود کند
باید اولاد و اطفال این شهدا بدانند
که تمامی کردان مدیون حسن عدل پدران
ایشان بود و از هر نوع معاونت و ملاطفت
با ایشان قصور ندارند و خود را دلشاد
و مفرح القلب سازند که اگر تا حال تنها پدران
صاحبی از ایشان کردند از روز به بعد
تمام ملت کرد بهای نگهداری صاحبی
ایشان حاضرند

محمد جمال الکاتب

جریده
مدیر مسئول محمد ترجانی

مطبعه غیرت

۱۷۸

سیل خانمان کن نفوذ ایشان را در مملکت خودمان
سد نمائیم. هرکس در پی حفظ شرف قوم خود نباشد
در قیامت مواخذ و مسئول اولاد و اطفال خویش خواهد شد
ای اکراد ما الحال حاضر مرگ هستیم و میدانیم همه کس شربت
موت را چشیده و دنیا به بزرگان و پیغمبران هم باقی
نمانده و یقیناً با ما هم نخواهد ماند پس چه سعادت ابدی
را تحصیل کنیم با غیرت و عصبانیت بمقام حفظ ناموس
خود برآئیم و مال و جان را در این راه فدا کنیم که در
دنیا و آخرت روسفید و نام نیکمان تا ابد خواهد ماند

(سمتکو)

روز ۲۸ شهر صیام عده دو هزار نفر از مهاجمان
در تحت ریاست خالو قربان سالار ظفر از
میاندوآب بساوجبلاغ و عده ششصد نفر هم در
تحت ریاست کلنل نصرالله خان از صاین قلعه
به بوکان هجوم آور شده عده قشون ظفر نمون ما که
در تحت ریاست سید طه افندی در حوالی
سقز بود از حقیقت وقعه مطلع شده بسر دشمن
متجاجماً عودت مینماید روز ۹، رمضان اردوی
دشمن در ساوجبلاغ محاصره صبح علی الطلیعه شروع
بجنگ گردید در مدت چهار ساعت زد و خورد
قوه دشمن تماماً محو و نیز اردو خالو قربان و ارکان
حرب شهزاده روح الله میرزا موقع جنگ با خنجرهای
شجیعان اکراد بخاک میافتند سطوت السلطنه
اسیر دو عراده توپ و هفت متراليوز غنیمت
اردوی ما گردیده دشمن رو به میاندوآب
تعقیب شکسته مجبراً از رود جغاتو گذشته
و غنائم بیحد و حساب است عده که از
اردوی فاتح ما در مقابل عده کلنل بود در
همان روز مشغول زد و خورد میشوند


ڕاپۆرتـی شـەڕی هێزەکانـی سـمکۆ لـە میانـدواو کـە لـە ١٩٢٢/٥/٢٦دا ڕووی داوە و لـە ڕۆژنامـەی ژمـارە ٢ی «کـورد»دا بـڵاو کراوەتـەوە:

چەهریـق محەمـەد جەماڵەدیـن بەڕێوەبـەری نووسـین: محەمـەد تورجانـی چاپخانـەی غیـرەت

ڕۆژی ٢٨ی ڕەمـەزان، دوو هـەزار کـەس لـە عەجەمـان بـە سـەرۆکایەتیی «خاڵـۆ قوربانـی سـالار زەفـەر»، (بکـوژی میـرزا کوچـەک خـان) لـە میانـدواوەوە بـەرەو سـابڵاغ هاتـن و ٦٠٠ کەسـیش بـە سـەرۆکایەتیی «کۆلۆنێـل نەسرولڵاخـان»، لـە سـایین قـەڵاوە هێرشـان کـردە سـەر بـۆکان. ژمارەیـەک لـە هێـزە هەمیشـە براوەکانـی ئێمـە کـە بـە سـەرۆکایەتیی سـەید تەهـا ئەفەنـدی لـە دەوروبـەری سـەقز بـوون، لـە ڕووداوەکـە ئـاگادار کرانـەوە و گەڕانـەوە و هێرشـیان کـردە سـەر دوژمـن. لـە ڕۆژی ٢٩ی ڕەمەزانـدا ئـوردووی دوژمـن لـە سـابڵاغ گەمـارۆ درا و بەرەبەیـان و لـە کاتـی تاوهەڵاتنـدا شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد. لـە مـاوەی چـوار کاتژمێـر شـەڕ و پێکدادانـدا، هێـزی دوژمـن بـە تـەواوی لەنـاو چـوون و سـەرۆکی ئـوردوو خاڵـۆ قوربـان و سـەرۆکی ئەرکانـی شـەڕ، شـازادە «ڕۆحوڵـڵا میـرزا» لـە کاتـی شـەڕدا بـە خەنجـەری دلاوەرانـی کـورد کەوتنـە سـەر خـاک. «سەتوەتولسـەڵتەنە» بـە دیـل گیـرا و دوو تـۆپ و حـەوت مەترەلـۆز (ڕەشـاش-تیربار) بـە غەنیمـەت گیـران و دوژمـن بـەرەو میانـدواو پاشەکشـەی کـرد. عەجەمـەکان لـە چۆمـی جەغەتـوو پەڕینـەوە و غەنیمەتـەکان بێحـەد و حیسـابن ئـەو هێـزەش کـە لـە ئـورودووی سـەرکەوتووی ئێمـە لـە بەرانبـەر هێزەکانـی کۆلۆنێـل بـوون، هەمـان ڕۆژ پێکـدا دەدەن. کۆلۆنێـل شـەوی جێـژن لەگـەڵ چەنـد سـوارێک هەڵـدێ و لـە پاشـان هێزەکـەی بەتـەواوی لەنـاو چـوون و تۆپێـک و مەترەلۆزێـک بـە غەنیمـەت گیـران و لـە

مــاوەی دوو ڕۆژدا، ئــوردووی دوژمــن لــە هــەردوو شــوێنەکە لەنــاو چــوون و قوربانییەکانــی ئێمــەش حــەوت شــەهید و ســێزدە بریــندار بــوون. ئێمــە بــە هەمــوو هێــز و وورەی خۆمــان، ئازایەتــی و غیــرەت و فیداکاریــی کــوردان بــە پیــرۆز دەکەیــن و بــە بۆنــەی ســەرکەوتنیانەوە پیرۆزباییــان لــێ دەکەیــن و ئــەو ئازایەتــی و جوامێرییــەی ئەمجــارە لــە خۆیــان پێشــان دا و ئــەو شــەرەف و کەرامەتــەی ئــەو شــێرانە وەدەســتیان هێنــا، شــیاوی ئەوەیــە بــە قەڵەمــی زێــڕ لــە کتێبەکانــی مێــژووی ئــەوان و شــەرەفی کوردســتاندا تۆمــار بکــرێ و لــە هەمــوو چاخەکانــدا کــوردان شــانازیی پێــوە بکــەن. خــوا یارمەتیــمان بــدات و ســڵامەتی بــە بریــندارەکان ببەخشــێ و شــەهیدانمان بــە لوتــف و دلۆڤانیــی خــۆی پــاک بکاتــەوە. دەبــێ منداڵانــی ئــەم شــەهیدانە بزانــن هەمــوو کــوردان قەرزاربــاری جوامێریــی باوکەکانیانــن و لــە هیــچ هــاوکاری و مێهرەبانییــەک بــۆ ئــەوان خــۆ نابوێــرن و ئــەوان دەبــێ دڵخــۆش بــن لەبــەر ئــەوەی ئەگــەر تــا ئێســتا تەنیــا باوکەکانیــان ئاگاداریــان بــوون، ئــەوا لــە ئەمــڕۆ بــەدواوە هەمــوو نەتــەوەی کــورد بــۆ چاوەدێریــی و ئــاگاداری ئــەوان ئامــادەن.

**بەڵگەی ژمارە: ٣٣**



شماره (٢) سال اوّل صفحه (١)

کرد

١٣٤٠

لیس للانسان الا ما سعی

حق روزنامه پشکی ورد کری

داخله خارجه

سالانک ٥٠ بیتران

ششماهک ٢٧ ٣٥ قران

قیمت یکنسخه ده شاهی

قیمت اعلانات هر دیری دو قران

روزنامه یه سیاسی ادبی اخباری سر مقالی ترجمه دکرتی بفارسی دنوسی کرد کب بو هو کردا

ای جماعت اکراد، ای ملت بی
صاحب و دادرس ای مظلومین پنجه
ستمکاران!! آیا میدانید ملت کردستان
چه قدر لگد کوب اجانب واقع شده
مورد تعرضات غیر قابل تحمیل ملل
گردیده است؟ یا نه البته آنانی
که ندانسته‌اند باید بدانند که ملت کرد را
نه مال مانده، نه نفوس، نه عزت و نه
ناموس، ملت آثوری که ازنی
تراز ادمیانند عرض حیثیت کردانرا
نابود ساختند ایرانیان که برادران دینی
هستند پیوسته به پنجه قهارانه در امحاء
عرق و نسل آنان کوشیده تیشه بر ریشه
شان میزنند و در اغتنام فرصت اند که
بالمره ایشانرا استیصال نمایند. ای
مظلومی وای بی صاحبی؟؟ کس نیست

با اوضاع دلخراش و محنت افزای ما نظر
محتی نمایند ،، حکومت روس در موقع
اشغال کردستان با وجود تنافر مذهبی
دیدید چه ملاطفات و مهربانیها مبذول
کردند . برادران دینی را هم ببینند که از
فجایع اعمال دریغ نمی نمایند . بنوامیس
کردان و عفت دختران تعرضات کرده
و دارند بکنند . اعمال سوءشان نسبت بما
از حد خارج و زبان از بیانشان عاجز
ای اکراد بجز از اتفاق و اتحاد
چاره به خلاصی ملت خود ابد
بنجه دشمنان نمی یابیم
و بجز از گرفتن دست برادری هم
دیگر چاره بحال بیچارگی اکراد
نیست ، دست یگانگی و وفاق صادقانه
بیکدیگر داده با تمام موجودیت از تعرضات
دیگران خود را محافظه نمائیم طریقی خلاصی
همین است لاغیر
من تنفر کردم و زندگانی خودم را برای تأمین
آسایش این ملت خود فدا کرده و میکنم ولی نظر
باستماعاتم ایرانیان اعمال مرا باسم شقاوت
معرفی کرده و مرا باین نام لکه دار میکنند
و من قاچاق و اشقیا نیستم مدافعه از حقوق
مینمایم ایرانیان ظالم و دزدند که تمام حال
مملکت کردستان را دزدیده و حتی بعرض
کردان تعرض میکنند و در ازاله تمام
شئونات میباشند هر کسی که جانسوز
و علاقه مند و محب خود است
با صمیمیت عزم مردانه دست اتحاد بمن بدهد
و بخلاصی ملت خود از چنگال اهریمن ایرانیان خلاص
نماید که

**نامـەی سـمکۆ ڕووو لـە گەلـی کـورد کـە لـە ڕۆژنامـەی "کـورد" ژمـارە ٢ی سـاڵی ١٩٢٢دا بـڵاو کراوەتـەوە:**

ئـەی جەماعەتـی کـوردان، ئـەی نەتـەوەی بـێ خـاوەن و دادڕەس، ئـەی سـتەم لێکراوانـی دەسـتی سـتەمگەران. ئاخـۆ دەزانـن نەتـەوەی کوردسـتان چەنـدە پێشـێلی بێگانـەکان بـووە و لەلایـەن گەلانـی دیکـەوە کەوتووەتـە بـەر هێرشـی لەڕادەبـەر، یـا نـا؟ هەڵبـەت ئەوانـەی نەیانزانیـوە دەبـێ بزانـن کـە نەتـەوەی کـورد نـە ماڵـی بـۆ مـاوە و نـە کەسـایەتی و نـە سـەربڵندی و نـە نامـووس. نەتـەوەی ئاسـووری کـە سـووکترینی مرۆڤەکانـن، شـەرەفی کوردانیـان لەنـاو بـردووە. ئێرانییـەکان کـە بـرای دینیـن، بـەردەوام بەدەسـتی دوژمنکارانـە، هەوڵیـان بـۆ لەناوبردنـی وەچـەی کـوردان داوە و تیشـە لـە ڕیشـەیان دەدەن و لـە دەرفەتێـک دەگەڕێـن بـۆ ئـەوەی ئـەوان لەنـاو ببـەن. ئـەی مەزڵوومـی و ئـەی بـێ خاوەنـی!! ئاخـۆ کـەس نییـە چاوێکـی دلۆڤانانـە لـە دۆخـی دڵتەزێـن و پـڕ لـە پـەژارەی ئێمـە بـکا. حکوومەتـی ڕووس لـە کاتـی داگیرکردنـی کوردسـتاندا، ئەگەرچـی جیاوازیـی ئایینییـان هەبـوو، دیتتـان کـە چەنـدە بـە نەرمـی و مێهرەبانـی جووڵانـەوە. برایانـی دینیـش ببینـن کـە لـە هیـچ کردەوەیەکـی کارەسـاتبار خـۆ نابوێـرن. دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر نامووسـی کـوردان و داوێنپاکیـی کچانمـان. کـردەوەی نەشـیاویان لـەدژی ئێمـە هەمـوو سـنوورێکی بەزانـدووە و بـە زمـان نایەتـە بـاس. هـۆ ئـەی کـوردان، جگـە لـە یەکگرتوویـی و پێکەوەبـوون، هیـچ ڕێگایەکـمان بـۆ ڕزگاریـی نەتـەوەی خۆمـان لـە چنـگ دوژمنـان پـێ شـک نایـە و جگـە لـە گرتنـی دەسـتی برایانـەی یەکـتری، هیـچ چارەیـەک بـۆ دۆخـی بێچارەیـی کـوردان نییـە. بـە ڕاسـتگۆیی دەسـتی یەکگرتوویـی و پێکەوەبـوون بدەنـە دەسـتی یەکـتر

و بـه هەمـوو توانـاوە لـە بەرانبـەر دەسـتدرێژیی ئەغیـار، خۆمـان بپارێزیـن و ڕێـگای ڕزگاری تەنیـا ئەوەیـە نـەک هیچـی دیکـە.

مـن تاکێکـی کـوردم و ژیانـی خـۆم بـۆ دابینکردنـی ئاسایشـی نەتـەوەی خـۆم فیـدا کـردووە و دەیکـەم. بـەڵام وەک دەبیسـتمەوە ئێرانییـەکان کردەوەکانـی مـن وەک دڵڕەقـی دەناسـێنن و مـن بـەم نـاوەوە تۆمەتبـار دەکـەن. مـن قاچـاغ و دڵـڕەق نیـم. بەرگـری لـە مافـی خـۆم دەکـەم. ئێرانییـەکان سـتەمکار و دزن کـە تـا ئێسـتا وڵاتـی کوردسـتانیان تـاڵان کـردووە و تەنانـەت دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر دارایـی کـوردەکان و دەیانهـەوێ هەمـوو شـتێکیان لەنـاو ببـەن. هـەر کەسـێک کـە گیانبـاز و هۆگـر و ئەوینـداری نەتـەوەی خۆیەتـی، بـا بـە دڵپاکـی و نییەتێکـی پیاوانـەوە، دەسـتی هاوخەباتـی بداتـە مـن و نەتـەوەی خـۆی لـە چنگـی ئاسـنینی ئێرانییـەکان ڕزگار بـکات بـۆ ئـەوەی ببینـە بەربەسـتێک لەبـەردەم لافـاوی ماڵوێرانکـەری ئـەوان لـە وڵاتـی خۆمـان. هـەر کـەس هـەوڵ بـۆ پاراسـتنی شـەرەفی گەلـی خـۆی نـەدا، لـە ڕۆژی قیامـەت مواخیـزە و قـەرزداری عـەولاد و منداڵانـی خـۆی دەبـێ. ئـەی کـوردان، ئێمـە کـە ئامادەیـن بـۆ مـردن و دەزانیـن کـە هەمـوو کـەس شـەربەتی مـەرگ دەچێـژێ و دنیـا بـۆ گەورەپیـاوان و پێغەمبـەران و دوژمنانـی ئەوانیـش نەماوەتـەوە، بەدڵنیاییـەوە بـۆ ئێمـەش نامێنێتـەوە، دەبـێ بەختەوەریـی هەمیشـەیی بەدەسـت بێنیـن و بـە غیـرەت و بوێـری، ناموسـی خۆمـان بپارێزیـن و مـاڵ و گیانمـان لـەم ڕێگایـەدا فیـدا بکەیـن کـە لـە دنیـا و قیامـەت، ڕووسـپی دەبیـن و نـاوی چاکەمـان بـۆ هەتاهەتایـە دەمێنێتـەوە.

سمکۆ

**بەڵگەی ژمارە: ٣٤**

# KURDISH REPUBLIC FORMED.

## Simko, Bandit Leader, Said to Have Defeated Persian Troops.

CONSTANTINOPLE, July 9 (Associated Press).—Angora dispatches to local newspapers report that the Persion bandit Simko has proclaimed a Kurdish Republic, assuming the Presidency himself, after defeating the Shah's army. It is said that Simko commanded 85,000 men and was assisted by Mustapha Kemal Pasha, former Turkish War Minister, with the fighting lasting for several days. Simko's cavalry is reported to be marching on Tabriz.

The new republic embraces the regions of Kermanshah, Selmas, Urumiah and Erdilak, according to the dispatches, which report also an insurrection in Luristan, Western Persia.

The New York Times
Published: July 10, 1922
Copyright © The New York Times

کۆماری کورد دامەزرا

١٩٢٢/٧/١٠

دەگوترێ ڕێبەری کاریگەر سمکۆ، ئەرتەشی ئێرانی تێک شکاندووە.

«کۆنستانتینۆپل/ ئەستەنبۆل، ٩ی تیر مەهێ، (وەشانی هەڤکاری)

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژنامە هەرێمییەکان بڵاوی دەکەنەوە؛ سمکۆ ڕێبەری کوردی ئێران، دوای تێکشکاندنی ئەرتەشی شای ئێران، کۆماری کورد دادەمەزرێنێ و بۆ خۆیشی دەبێتە سەرۆکی ئەو کۆمارە.

دەگوترێ سمکۆ فەرماندەی ٨٥ هەزار پیاوە و لەلایەن مستەفا کەماڵ پاشا وەزیری پێشووی شەڕی تورکیە کە چەندین ساڵ ئەو شەڕانە درێژەیان هەبووە، پشتگیریی لێ کراوە.

هەروەها ڕاگەیەندرا کە لایەنگرانی سمکۆ لە شاری تەورێز، بۆ سەرکەوتنی سمکۆ حەرەکەتی پشتگیری بەڕێوە دەبەن. ئەو کۆمارە نوێیە ناوچەکانی: کرماشان، سەڵماس، ورمێ و ئەردەڵان لەخۆ دەگرێت. بەپێی ئەو بڵاڤۆکانەی کە ڕاپۆرتیان لەسەر بڵاو دەکەین، سەرهەڵدانێکیش لە هەرێمی لوڕستانی ڕۆژئاڤای ئێران دەستی پێ کردووە.

نیۆیۆرک تایمز: ڕێکەوت:

**بەڵگەی ژمارە: ٣٥**

THE KURDISH MINORITY PROBLEM

CENTRAL INTELLIGENT AGENCY

Published on 8th December 1948

کێشەی کەمایەتیی کورد

ڕێکخراوی هەواڵگریی ناوەندی (سی.ئای.ئەی)

سەبارەت بە ئیران

لاپەڕەی ژ٩، بەشی سێیەم

کوردانــی ئێــران زۆر جــار هەوڵیــان داوە دەســەڵاتداریی حکوومەتــی ناوەنــدی لــە خۆیــان دوور بخەنــەوە. لــە ئاڵۆزیــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتی بــەر لــە شــەڕی یەکەمــی جیهانــی، دوو کــورد لــە عەشــیرەتی شــکاک، «ئیســمائیل ئاغــا» کــە بــە «ســمکۆ» دەنــاسرێ و، «عەمەرخــان»، بەرلــەوەی هێزەکانیــان لــە ســاڵی ١٩٢٢ لەلایــەن هێزەکانــی ئێرانــەوە تێــک بشــکێندرێن، بــۆ مــاوەی چــوار ســاڵ پارچەیەکــی گــەورە لــە باکــووری ڕۆژئــاوای ئێــران بــە شــێوەیەکی ســەرکەوتوو لەژێــر دەســەڵاتی ئەوانــدا بــوو.

ســەرکردەیەکی دیکــەی ڕاپەڕیــوی کــورد «جافــر ســوڵتان» بــوو، ئەویــش تــا ســاڵی ١٩٢٥ توانیبــووی بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان ســەربەخۆیی خــۆی درێــژە پــێ بــدات.

## هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر سمکۆ و گرتنی قەڵای «چاری»:

ڕەزا خان، دوای کوودەتای ١٩٢١/٢/٢٢ لە ئێران دەیهەویست دەسەڵاتەکەی بەسەر هەموو هەرێمەکانی ئێراندا بسەپێنێت، بەڵام بەو هەموو هێزەوە کە هەیبووە، سمکۆی وەک کۆسپ و مەترسییەکی سەرەکی لەسەر ڕێگای سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی زانیوە. هەر بۆیەش پلانێکی تۆکمەی داناوە و لەژێر فەرماندەیی سەرلەشکر «جەهانبانی» و لە ١٩٢٢/٧/٢٧ بە ١٥ هەزار چەکدار و بە چەندین یەکەی تۆپخانە و ڕەشاش هێرشی کردووەتە سەر سمکۆ.

هێزەکانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتداریی سمکۆ و بە ئامانجی داگیرکردنی «کەلا چاری» پایتەختی سەرهەڵدانی سمکۆ، هێرشیان کردووەتە سەر هەموو ناوچەکە. لە بەرانبەر ئەم هێرشە بەرفراوان و زۆر و زەوەندەی هێزەکانی ئێران، سمکۆ بۆ بەرخۆدان داوا لە سەرۆکهۆزەکان دەکات، کە لە ئامادەباشیی تەواودا بن، بەڵام بەشێکی ئەو سەرۆکهۆزانە بەهۆی ناتەبایی و ناکۆکییان لەگەڵ سمکۆ، دڵسارد ببوونەوە، بۆیە ئەوان لە دڵەوە ملیان نەداوە بەم داوایەی سمکۆ بۆ بەرخۆدان لە بەرانبەر هێزەکانی ئێران.

بەڵام عەمەرخان سەرەڕای ئەو دڵگرانی و ساردوسڕییەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەحمەد ئاغای برای سمکۆ، بە سەد سوارەوە لە دەوروبەری سەڵماس بەرەوڕووی هێزەکانی دوژمن دەبێ و دوای دوو ڕۆژ شەڕ، بەهۆی نەمانی تەقەمەنی، تەنیا توانیویانە بەشێک لە هێزەکانی سمکۆ لە بەرەی سەڵماس لە گەمارۆی دوژمن ڕزگار بکەن.

بەهـــۆی ئـــەو هێرشـــە قورســـەی هێزەکانـــی ئێـــران و نەبوونـــی یەکڕیزیـی نێـوان سـەرۆکهۆزەکانی کـورد، هێزەکانـی سـمکۆ دوای سـێ ڕۆژ شـەڕکردن و بەربەرەکانییەکـی سـەخت، بەهـۆی کەمـی جەنـگاوەر و نەمانــی تەقەمەنــی، توانایــی بەرگریکردنیــان لاواز دەبــێ و هێزەکانــی ئێــران توانیویانــە بــەرەو قــەڵای «چــاری» پێشــڕەوی بکــەن. لــە ڕەوشـێکی ئەوتـۆدا، کاتێـک کـە سـمکۆ بێجگـە لـە هێندێـک شـەڕڤانی خـۆی، لـە بەرانبـەر هێـزە زۆر و زەوەندەکـەی ئێرانـدا خـۆی بەتەنیـا دەبینـێ، ناچـار دەبـێ لـە «چاری»یـەوە بـەرەو هەرێمـی شـپیرانی نزیـک سـنووری تورکیـە پاشەکشـە بـکات. دەوڵەتـی ئێرانیـش گرتنـی «چـاری»ی وەک سـەرکەوتنی خـۆی بەسـەر سـمکۆدا ئەژمـار کـردووە و لــە سەرانســەری ئێــران شــاییان گێــڕاوە.

## جیابوونـەوەی عەمەرخـان و هێندێـک لـە سـەرۆکهۆزەکان لـە سـمکۆ:

دوای داگیرکردنــی «چــاری» و ڕۆیشــتنی ســمکۆ بــەرەو ســنووری تورکیــە، بەهــۆی ئــەو ناکۆکییــەی کــە لــە نێــوان شــکاکەکاندا هەبــوو، «قۆتــاز مامــەدی» یەکێــک لــە ناسراوتریــن عێلــی شــکاکەکان، لەگــەڵ ســوارەکانی لــە ســمکۆ جیــا بووەتــەوە و بــەرەو هەرێمــی «ئەلبــاک»ی ســەر بــە عێلــی «مەرزکــی» ڕۆیشــت. ســمکۆ بــۆ گەڕاندنــەوەی قۆتــاز و دڵدانــەوەی، داوای لــە عەمەرخــان کردبــوو کــە هــەوڵ بــدات بــۆ گەڕاندنەوەیــان. کاتێــک عەمەرخــان بــە مەبەســتی گەڕاندنــەوەی قۆتــاز و ســوارەکانی بــەرەو هەرێمــی ئەلبــاک چــووە، لــە ڕێــگا ڕووبــەڕووی ئەحمــەد ئاغــا و ســوارەکانی بــووەوە، کــە لــەلای ئێرانــەوە دەگەڕانــەوە. کاتێــک ئــەوان لــە «عەمەرخان»یــان پرسیبوو کــە ئــەوە بــۆ کــوێ دەچــن، «عەمەرخان»یــش هــۆی چوونیــان بــە فەرمانــی ســمکۆ بــۆ گەڕاندنــەوەی قۆتــاز پێیــان دەڵێــت. دوای تەواوبوونــی قســەکانی عەمەرخــان، یەکێــک لــە ســوارەکانی ئەحمــەد ئاغــا بــە نــاوی «عەودالــێ حەیــۆ»، بــە قســەی نەشــیاو ســووکایەتی بــە عەمەرخــان و قۆتــاز دەکات. بــەڵام ئەحمــەد ئاغــا کــە ئەمــەی بینیــوە، هیچــی بــەو ســوارەی خــۆی نەگوتــووە.

کاتێــک کــە عەمەرخــان ئــەو هەڵســوکەوتە نەشــیاوەی ســوارێکی ئەحمــەد ئاغــا دەبینــێ، ئیــتر مانــەوەی خــۆی لەگــەڵ ســمکۆ بــە بێســوود دەبینــێ، بۆیــە هــەر لــەو کاتــەدا دەگەڕێتــەوە لای ســمکۆ و ئــەو بەســەرهاتەی خــۆی و ســوارەکانی ئەحمــەد ئاغــا، بــۆ ســمکۆ دەگێڕێتــەوە و بــە ســمکۆ دەڵێــت ئیــتر ئــەو ناتوانــێ لەگــەڵ ســمکۆ بمێنێــت.

دوای چوونـــی عەمەرخـــان و ئـــەو ڕەوشـــە خراپـــەی کـــە بەســـەر سـمکۆدا هاتبـــوو، زۆر لـــە ســـەرۆکعێل و ســـواری دیکـــەش لەبـــەر ڕوونەبوونـی دواڕۆژیـان و بەهـۆی هەبوونـی ناکوکیـی ناوخۆیـی لـە سـمکۆ جیـا دەبنـەوە. بـەم شـێوەیە هێـدی هێـدی هێزەکانـی سـمکۆ پـرش و بـڵاو دەبـن و، سـمکۆ لەگـەڵ ژمارەیەکـی کـەم لـە خـزم و کەسـە نزیکەکانـی بەتەنیـا دەمێنـێ و بـە ناچـاری ڕوو دەکاتـە باکـووری کوردستان و تورکیە.

## هێرشی تورکەکان بۆ سەر سمکۆ لە گوندی «شامانس»ی ئەلباک:

دوای ڕۆیشتنی سمکۆ بەرەو باکووری کوردستان، دەوڵەتی ئێران داوا لە دەوڵەتی تورکیە دەکات کە سمکۆ دەستبەسەر و ڕادەستیان بکات. دەوڵەتی تورکیەش سەرەڕای ئەو بەڵێنانەی کە پێشتر بۆ پشتگیری بە سمکۆیان دابوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئیران، لە شەوێکی مانگی ١٠ی ١٩٢٢دا، بە ئامانجی دەستبەسەرکردنی سمکۆ و دەستگرتن بەسەر دارایی و چەکوچۆڵەکانی، هێرش دەکەنە سەر گوندی شامانس لە دیوی باکووری کوردستان. لە ئاکامی ئەو هێرشەی هێزەکانی تورکیە، هاوژینی سمکۆ بەناوی «جەواهیر خانم» لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دەکوژرێن و کوڕە شەش ساڵانەکەی سمکۆ بە ناوی «خوسرەو» دەستبەسەر دەکرێت و هەموو داراییەکەشی دەستی بەسەردا دەگیرێت. هاوکات لەگەڵ ڕۆیشتنی سمکۆ بەرەو باکووری کوردستان، شکاکەکان لە نێوان سنووری ئێران و تورکیە بێ پەنا و پەرێشان دەمێنن. دەوڵەتی ئێرانیش بە مەبەستی بەتەنیا هێشتنەوەی سمکۆ و کۆتاییهێنان بە سەرهەڵدانەکەی، بۆ شکاکەکان بڕیاری لێبووردن دەردەکات. لە بەرانبەر ئەمەدا شکاکەکانیش بە ناچاری ئەو بڕیارەی لێبووردن قبووڵ دەکەن و جارێکی دیکەش دەگەڕێنەوە نێو سنوورەکانی ئێران.

**بەڵگەی ژمارە: ٣٦**

*بەڵگەل ژمارە: CIA-RDP79-01009A002500030006-6*

*بەڵگەی لاپەڕە ٦، بە پی دی ئێف لاپەڕەی ١٠*

دوا سـەرۆک، عەمەرخانـی شـکاک کـە لەلایـەن زۆربـەی کوردانـی ئێـران، هەروەهـا لەلایـەن حکوومەتـی ئێرانـەوە وەک «پیـری مـەزن» هەژمـار دەکـرا و بـە ڕێزگرتنێکـی کۆمەڵایەتیـی هاوبـەش ڕێـزی لـێ دەگیـرا، بـەڵام کاریگەرییەکـەی بەسـەر هەمـوو عەشـیرەتەکەی خۆیـدا نەبـوو. نەبوونـی وەهـا پشـتیوانییەکی گشـتی لـە سـەرۆکە کـوردەکان ئامـاژە بـەو نایەکگرتووییەیـە کـە لـە نێـوان کوردەکانـدا هەیـە و بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ڕێگـر بـووە لـە هەبوونـی ڕێکخـراوی کاریگـەری کـوردی.

لەبـەر ئـەوەی کـوردان لەسـەر زەوییەکانیـان پێکـەوە نەدەحەوانـەوە، عەشـیرەتە جۆراوجـۆرەکان و تەنانـەت لەنێـو خۆشـیاندا عەشـیرەتەکان، لـە یـەک جیـا دەبوونـەوە. بەتایبەتـی تێکەڵاویـی کـوردان لـە هەرێمەکـەوە بـەرەو هەرێمێکـی دیکـە زۆر کەمـە و ئەمـەش لـە وەرزی زسـتاندا، وەک کۆسـپێک چالاکییەکانیـان لاوازتـر دەکات.

# بەشی دووەم

## چاوپێکەوتنـــی ســـمکۆ لەگـــەڵ ئینگلیـــزەکان لـــە «بەحرکـــە»ی هەولێـــر:

دوای ئــەو هێرشــەی تورکیــە بــۆ ســەر ســمکۆ و کوشــتنی هاوژینــی سـمکۆ لـە گونـدی شـامانس، سـمکۆ لـە باکووری کوردسـتانەوە پەڕیـوەی باشـووری کوردسـتان بـووە و خـۆی گەیاندووەتـە «دێـرێ» و لـە نزیـک هەولێـر و پاشـان لـە گونـدی بەحرکـەی نزیـک شـاری هەولێـر زیاتـر لـە مانگێـک لـە ماڵـی «جەمیـل ئاغـای گـەردی» دەمێنێتـەوە. شـایانی باســە ئــەوکات ئینگلیــزەکان لــە ئێــران دەســەڵاتدار بــوون و لەمــەڕ چارەنووسـی ویلایەتـی مووسـڵ و «شـۆڕشـی شـێخ مەحمـوود» لـە نێـوان تورکیـە و ئینگلیزەکانـدا دژایەتـی و ئاریشـە هەبـوو، بۆیـە لـەو کاتـەدا هـــەم ئینگلیـــزەکان ویســـتوویانە «ســـمکۆ و شـــێخ مەحمـــوود» وەک گوشـارێک لـەدژی تورکیـە بـەکار بێنـن و هەمیـش سـمکۆ دەیهـەوێ بــە دانانــی پێوەنــدی و وەرگرتنــی پشــتیوانیی ئینگلیــزەکان، جارێکــی دیکـە لـەدژی تورکیـە و ئێـران ڕاپەرینەکـەی دەسـت پـێ بکاتـەوە.

بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەنـد کاربەدەسـتێکی ئینگلیـز بـە سەرپەرسـتی «سیسـل جـی ئەدمۆنـدز» لـە ڕێکەوتـی ١٩٢٢/١١/٦ لـە گونـدی بەحرکـە لەگـەڵ «سـمکۆ، سـەید تەهـا و ئەحمـەد ئاغـا»ی بـرای سـمکۆ کـۆ دەبنـەوە. سـمکۆ لـەو هەڤدیتنـەدا داواکـەی بـۆ بەردەوامیـی ڕاپەڕیـن و وەرگرتنــی پشــتیوانیی ئینگلیــزەکان بــۆ بەدەوڵەتبوونــی کوردســتان پێیــان ڕادەگەیەنێــت.

ئەدمۆنـدز ئـەو دیـدارەی نێوانیـان لەگـەڵ سـمکۆ بـەم شـێوەیەی خــوارەوە گێڕاوەتــەوە:

ڕۆژی چوارەمــی نۆڤەمبــەر بــۆ گفتوگــۆ لەگــەڵ ســمکۆ، وێــڕای

«لایــن» بــە فڕۆکــە چــووم بــۆ «کۆیــە» و لــە پێنجەمــی نۆڤامــبردا کەوتمــە ڕێ بــۆ هەولێــر، لــە ڕۆژی شەشــەمدا لەگــەڵ لایــن کــە لــە کۆیــەوە بــە ئۆتۆمبێــل گەڕابــووەوە، وێــڕای «ئەحمــەد ئەفەنــدی و لیتــڵ دیــڵ» بــە ئۆتۆمبێــل کەوتینــە ڕێ بــۆ دیــداری ســمکۆ و دیدارەکــە لــە گونــدی بەحرکــە بــوو، کــە هــی هــۆزی گەردییــە و کەوتووەتــە١٠ مایلــی تەنیشــت ڕێــی «دێــرێ». ســمکۆ لەگــەڵ ئەحمــەدی بــرای و دوو ســێ خزمــی گەورەتــری و نزیکــەی بیســت کــەس لــە هاوڕێکانــی هاتبــوو. ســمکۆ وتــی بەرانبــەر بــە ئێرانییــەکان هەســت بــە پــەژارە و ڕەنجانێکــی تایبەتــی نــاکات، لەبــەر ئــەوەی کــە چەنــدەی لــێ چێشــتوون، ئەوەندەشــی تــێ سرەوانــدوون، بــەڵام دەیهــەوێ لەگــەڵ تورکــەکان پاکانــە حیســاب بــکات. لەبــەر ئــەوەی کــە گفتیــان دابــوو پشــتوانیی لــێ بکــەن، کەچــی پشــتیان تــێ کــرد.

ســمکۆ ســەری ســووڕ مــا لــەوەی کــە ئێمــە زۆر بــە تەنــگ نەڕەنجاندنــی ئێرانییەکانەوەیــن، ســەڕەرای ئــەوەی کــە هەمــوو دەزانــن بــە درێژایــی ســنوور، ئێرانییــەکان لەگــەڵ تورکــەکان، ئێمەیــان لــە «ڕەوانــدز و ڕانیــە» دەرپەڕانــدووە و هێشــتا لەگــەڵ ئێمــە دەجەنگــن و هاوکاریــی یەکــتر دەکــەن. ســمکۆ وتــی بــەو هیوایــە هاتبــوو کــە ئینگلیــزەکان ئامادەیــی خۆیــان دەرببــڕن تــا لــە بەرانبــەر ئــەو دوو حکوومەتــەدا کــە دوژمنایەتیــی هاوبەشــیان لەگــەڵ هــەردوولادا هەیــە، پشــتیوانی لــە ئازادیــی کــورد بکــەن.

هەروەهــا ئەحمــەد تەقــی لــە زمانــی ســمکۆوە، گفتوگــۆکان بــەم شــێوەیە دەگێڕێتــەوە:

ئینگلیــزەکان و تورکــەکان هــەردوو لایــان درۆمــان لەگەڵــدا دەکــەن. ئــەوان لــە بابــەت ســەربەخۆیی و سەربەســتیی کوردســتان هــەر بەڵێنێــک بــدەن و هــەر قســەیەک بکــەن، درۆ دەکــەن و هەڵــمان دەخەڵەتێنــن. ئینگلیــز دەیهــەوێ هەمــوو کوردێــک وەک نۆکــەر هەڵســووڕێنێ و ئیشــی پــێ بــکات، دەیهــەوێ بــۆ دەســکەوت و بەرژەوەندیــی خــۆی، بــە کەیفــی خــۆی وەک مەیمــوون هەڵمانپەڕێنــێ و بەرانبــەر نەتەوەکەمــان شــەرمەزارمان بــکات، ئەمــەش بــە مــن ناکرێــت.

لــە کاتێکــدا کــە مــن لــە شــوێنەکەی خــۆم ڕام کــرد و تورکــەکان هێرشــیان هێنایــە ســەرم، لەســەر ئامــۆژگاری و هاندانــی ســەید تەهــا، مــن هاتــم بــۆ ناوچــەی «دێــرێ» لــەلای هەولێــر- عێــراق، تــا بــۆ یەکــتر بینیــن و ڕێککەوتــن لەگــەڵ ئینگلیــزەکان ئامــادە بــم. حاکمــی سیاســیی ئینگلیــز لەگــەڵ ســەید تەهــا هاتنــە دێــرێ بــۆ بینینــم و بــە دوور و درێــژی قســەمان کــرد و پێــم وت: «مــن کــوردم و لێــم قەومــاوە، دوژمنــی حکوومەتــی فارســم لــە ئێــران، وا ئەمجــارەش بوومــە دوژمنــی تــورک، چونکــە ژنەکەمیــان کوشــت و کوڕەکەشــمیان بــە دیــل گــرت. ئێــوە ئینگلیزەکانیــش قســەی زۆرتــان لەگــەڵ «کۆمەڵــەی کــورد» لــە ئەســتەنبۆل کــردووە و بەڵێنیــی زۆرتــان پێیــان داوە، بــەڵام هیچتــان بەجــێ نەهێنــاوە، بۆیــە کــوردەکان لەگــەڵ مســتەفا کەماڵــدا ڕێــک کەوتــن. هەروەهــا لــە کوردســتانی باشــووریش، ئێــوە ئیــدارەی حکوومەتــی شــێخ مەحموودتــان تێــک دا و ئەوانیــش ناچــار بــوون لەگــەڵ کەماڵییــەکان ڕێــک کەوتــن و ئەوانیــان هێنایــە ڕەوانــدز. ئێســتا مــن لەجیاتــی هەمــوو کوردێــک لــە هەمــوو کوردســتان پێتــان دەڵێــم

کـە ئەگـەر ئێـوە بـۆ پێدانـی سـەربەخۆیی بـە کوردسـتان، بـە ڕاسـتی بێنـە پێشـەوە و ئامـادە بـن، ئـەوکات منیـش ئامـادەم و بەڵێـن دەدەم کـە کوردتـان لەگـەڵ ڕێـک بخـەم. ئەگـەر ئەمـەش ناکـەن، تەنیـا داوام لـە ئێـوە ئەوەیـە کـە یارمەتیـم بـدەن کـە چ بـە شـەڕکردن لەگـەڵ ئێـران، یـان بـە ئاشـتبوونەوە لەگەڵیـان، لەسـەر بەڵێـن و گفتـی ئێـوە بچمـەوە جێـگای خـۆم.

حاکمـی سیاسـیی ئینگلیـز لـە وەڵامـدا وتـی: جـارێ حـەز دەکـەم بزانـم ئێـوە کـە دەربـەدەر بـوون، چەنـدە پارەتـان پێویسـتە بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییەکانتان؟ سـمکۆ وەڵامـی دایـەوە: «هیـچ شـتێکمان پێویسـت نییـە، مـن لێـرە مێوانـی بـرا کـوردە دلێرەکانـم و هـەر ئێسـتا شـێخ مەحمـوودی بەڕێـز٥٠٠ لیـرەی ئاڵتوونـی بـۆ نـاردووم".

ئینجـا حاکـم وتـی: «ئـەی پێـت چۆنـە سـەید تەهـا بکەیـن بـە حاکمـی «ڕەوانـدز و حەریـر» هەروەهـا «ئەحمـەد ئاغـا»ی بـرات بکەیـن بـە حاکمـی بادینـان؟"

سـمکۆ لـەم پێشـنیارەی حاکمـی سیاسـی زۆر دڵگیـر بـوو و وتـی: «مـن و سـەید تەهـا تەنیـا کۆچەریـن و لـە دێـرێ دانیشـتووین. دیـارە خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە لـە شۆڕشـەکاندا لەگـەڵ ئێـوە بـوون و مـن پێشـتریش بـۆ ئێـوە ڕوونـم کـردەوە کـە ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن، دەبـێ بـەر لـە هەمـوو شـتێک سـەربەخۆیی و ئازادیـی کوردسـتان بخەنـە بەرچـاو. تەشـکیلات و دانانـی خەڵـک دەبـێ بەپێـی ئـارەزووی دانیشـتوانی وڵاتەکـە بێـت، نـەک بـە ئـارەزووی مـن و تـۆ. پێـم وایـە نیازتـان ئەوەیـە بـە قبووڵکردنـی ئـەم داواکارییانەتـان ئێمـە بکـەن بـە دوژمنـی کوردسـتانی خـوارووو و لەنێویانـدا سـووکمان بکـەن. ئێـوە

بۆچـی لەجیاتـی پرسـی دانانـی حاکـم بـۆ ڕەوانـدز و حەریـر، باسـی تەرتیبـات و تەشـکیلاتی دامەزراندنـی سـەربەخۆیی کوردسـتان ناکـەن و وەک نوێنـەر نامنێـرن بـۆ لای «شـێخ مەحمـوود» تـا ئەویـش بەشـدار بـێ لـەم یەکیەتییـەدا؟

حاکمـی سیاسـی پـاش چەنـد سـاتێک بێدەنگبـوون و بیرلێکردنـەوە وتـی: «ئـەو داواکارییانـەی ئێـوە نـە بـە مـن جێبەجـێ دەکرێـن و نـە قبووڵیـش دەکرێـت، چونکـە لـە دەسـەڵاتی منـدا نیـن، بفەرمـوو بـا بچیـن بـۆ هەولێـر و لـەوێ نوێنـەری سـامی لـە بەغـداوە دەهێنیـن بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر ئـەم بابەتـە.

## نامەی مستەفا کەماڵ بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجی:

لــە گەرمــەی شــەڕی یەکەمــی جیهانیــدا، کاتێــک ســاڵی ١٩١٦، پەیمانــی ســایکس پیکــۆ بــە شــێوەیەکی نهێنــی لەلایــەن ئینگلیــز-فەرانســە و ڕووســیەوە بــۆ دابەشــکردنی خاکــی ئیمپراتــۆری عوســمانی بەســترا، لــەو کاتــە بــەدواوە ئیــتر ئیمپراتــۆری عوســمانی، ئاڵــمان و ئوتریــش بــەرەو شــکان و داڕووخــان دەچــوون. پــاش تەواوبوونــی شــەڕی یەکەمــی جیهانــی، تورکــە لاوەکان بــە ڕێبەریــی مســتەفا کەمــاڵ لــە ســاڵی ١٩١٩دا بــە پێکهێنانــی کۆنگرەکانــی ئــەرزەڕۆم و ســێواس، هەوڵیــان دەدا بــە ڕاکێشــانی هاوســۆزی و یارمەتیــی کەســایەتییە خــاوەن پێگــە و ســەرۆک عەشــیرەتەکانی کــورد، بەڵکــوو بتوانــن دەســەڵاتی تورکیــەی دوای ڕووخانــی خەلافەتــی عوســمانی بەدەســتەوە بگــرن. بــۆ ئــەو مەبەســتەش بــە ناردنــی نامــە بــۆ هــەر لایەنێــک، کۆمەڵێــک قــەول و بەڵێنییــان پــێ دەدان و وایــان دەنوانــد کــە حکوومەتــی داهاتــووی تورکیــە، حکوومەتــی هاوبەشــی تــورک و کــورد دەبێــت. یــەک لــەو نامانــەش بــۆ هەمــان مەبەســت لەلایــەن مســتەفا کەماڵــەوە بــۆ شــێخ مەحمــوودی بەرزنجــی نێــردراوە.

بــە وردبوونــەوە لــە ناوەرۆکــی ئــەم نامەیــەی مســتەفا کەمــاڵ، بۆمــان دەردەکــەوێ کــە ئــەو سیاســەتەی ناوبــراو و هاوبیرانــی، چ کاریگەرییەکــی نەرێنیــی لەســەر جووڵانــەوەی شــێخ مەحمــوود و پرســی کــورد بەگشــتی دانــاوە. هەرچەنــد لــە پەیمانــی ســێڤەر لــە ١٩٢٠دا بــە هەوڵــی دیپلۆماســی و لێزانیــی مســتەفا پاشــا یامولکــی، بریتانیــا دەیهەویســت باکــووری کوردســتان بــە ویلایەتــی مووسڵیشــەوە، بــۆ ماوەیەکــی دیاریکــراو بــە شــێوەیەکی ئۆتۆنــۆم لەژێــر چاوەدێــری

خۆیانـدا ئیـداره بکرێـن، تـا ئـەو کاتـەی کـە چارەنووسـی ئـەو شـوێنانە لەلایـەن هاوپەیمانەکانـەوە یـەکلا بکرێتـەوە. بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە پەیمانـی لۆزانـدا بـە پیلانـی تورکـەکان هاوکێشـەکە بەپێچەوانـەی ویسـتی کـوردەکان کۆتایـی پـێ هـات و سـەرەڕای لەژێرپێنانـی بەندەکانـی پەیمانـی سـێڤەر، ئەمجـاره حاکمیەتـی دەوڵەتـی نوێـی تورکیـە بـە سـنوورەکانی ئێسـتای، لەلایـەن هاوپەیمانەکانـی بـراوەی شـەڕی یەکەمـەوە، بـە فەرمـی نـاسرا. بەمشـێوەیە دەرکـەوت کـە تورکـەکان لـەو سـەردەمەدا چەنـدە فێڵبازانـە هەوڵیـان داوە بـە کەڵکوەرگرتـن لـە هەسـتی ئایینیـی کـوردەکان، هەروەهـا بـە پێدانـی بەڵێنیـی بێبنەمـا، بتوانـن ئـەوان وەک کارتێـک لـەدژی بریتانیـا و لایەنـی دژبـەری خۆیـان بـەکار بێنـن و دواتریـش لـەدژی هەرچەشـنە مافێکـی کـورد ڕابوەسـتن.

## بەڵگەی ژمارە: ٣٧

Saygıdeğer Şeyh Mahmut Berzenci Hazretleri



Yüce Hilafet ve Osmanlı Saltanatı Makamına olan gerçek bağlılığınız ve sevgili vatanımız için beslediğiniz yakın ilginiz [illegible] bilinmekte ve kabul edilmektedir.

1. Dünya Savaşı'nın kötü sonucu düşmanlarımıza çok fırsatlar verdiğinden, ateşkes antlaşmasından beri devlet, millet ve vatanımıza uygun görülen saldırı ve kıyımlar, dayanılamayacak ve kabul edilemeyecek bir ölçüye varmıştır. Hilafet ve saltanatın yıkılmasına, yurdumuzun [illegible] ayakları altında çiğnenmesine ve milletimizin [illegible] esir olmasına kayıtsız ve [illegible] hiçbir Müslüman düşünülemez. Düşmanlarımızın her yandaki teşebbüsleri hep vatanın parçalanması ve milletimizin esir edilmesi amaçlarına yöneliktir. Gücünü milletten almayan ve [illegible] durumda bulunan İstanbul Hükümeti güçsüzlükten öteye bir durum gösterememektedir.

Milletin birlik olarak gücünü ve kudretini bütün dünyaya göstermesinden başka kurtuluş yolu ve dayanak noktası kalmamıştır. Bu nedenle ben resmi görev ve [illegible], bu yolda çalışmama engel olduğunu görerek, hemen askerlik mesleğinden çekilerek yurdumuzun ve milletimizin tam olarak kurtuluşuna kadar onunla birlikte ve milletin içinde çalışmaya karar verdim. Sizin gibi fedakâr, yurtsever dindaşlarımın benimle birlikte çalışacaklarına inanıyorum. Bu defa Erzurum Kongresi'nce karar verilen bildiri ve türküklerden yeterince gönderiyorum. O yörede milli teşkilatın yaygınlaştırılarak güçlendirilmesi için yoğun çaba harcamanızı rica ederim. Yakında Sivas'ta toplanmak [illegible] genel bir Kongre ile de daha yararlı ve kesin amaçlar elde edileceğine inanıyorum. O bölgede İngilizlerin aldatıcı propagandalarının önüne geçilmesi pek çok gereklidir. Yüce Tanrı hepimizi başarıya ulaştırsın. Gözlerinizden öperim, efendim."



Eski Üçüncü Ordu Müfettişi

Mustafa Kemal

نامەی مستەفا کەماڵ بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجی

١٩١٩/٣/١٣

بەڕێز شێخ مەحموود بەرزنجی

پێوەندیـــی بەهێزتـــان لەگـــەڵ دەســـەڵاتی عوســـمانی زانـــراوە و هەســـتی پـــێ کـــراوە، ئەنجامـــە خراپەکانـــی جەنگـــی جیهانـــی، پێـــش دەســـتپێکردنی ئاگربەســـت، دەرفەتـــی زۆری دایـــە دوژمنانمـــان بـــۆ لاوازکردنـــی دەوڵـــەت و میللـــەت و نیشـــتمانەکەمان. پەلامـــار و هێرشـــکردن گەیشـــتووەتە ڕادەیەکـــی وا کـــە شـــایەنی قبووڵکـــردن نییـــە. کاتێـــک خەلافەتـــی عوســـمانی کۆتایـــی هـــات، هیـــچ موســـڵمانێک وا بیـــر ناکاتـــەوە نیشـــتمانەکەمان ببێتـــە دیلـــی ئەرمەنـــەکان و بـــە ئـــارەزووی خۆیـــان پـــێ بخەنـــە وڵاتەکەمانـــەوە. دوژمنانمـــان هەمیشـــە لـــە هەوڵـــی پارچەپارچەکـــردن و دیلکردنـــی گەلەکەمانـــدا بـــوون، گـــەر هێـــز و باوەڕێـــک لـــە میللـــەت وەربگیرێـــت، ئەســـتەنبوڵ بارودۆخـــی لـــەوە خراپـــتر نابێـــت کـــە دەبینرێـــت. جگـــە لـــەوە پێویســـتە میللەتەکەمـــان یـــەک بێـــت و هێـــز و تواناکانـــی بـــۆ هەمـــوو جیهـــان پیشـــان بـــدات. جیـــا لـــەوە هیـــچ ڕێگەیەکـــی دەربازبـــوون و خاڵـــی بەرگەگرتـــن نەمـــاوە و بەهـــۆی ئەمـــەوە دەبینـــم ئـــەم هـــۆکارە ڕێگـــە لـــە ئەرکەکـــەم و ناونیشـــانەکەم دەگرێـــت. بۆیـــە خێـــرا دەســـت بـــەکاری ســـەربازی دەکـــەم و بـــاوەڕم بـــەوە هەیـــە کەســـانی فیـــداکار و نیشـــتمانپەروەر و ئیمانداراتـــی وەکـــوو ئێـــوە لەگەڵـــم کار دەکـــەن. ئەمجـــارە بەتـــەواوی تـــا کۆنگـــرەی ئـــەرزەڕوم ئاگادارتـــان ئەکەمـــەوە.

داوای هـــەوڵ و تێکۆشـــانێکی زۆرت لـــێ دەکـــەم و بـــۆ بڵاوکردنـــەوەی ڕێکخســـتنی میللـــی لـــەو دەڤـــەرەدا و لـــەو بـــاوەڕەدام ئـــەو کەســـانەی ئەمجـــارە لەگـــەڵ کۆنگرەکـــە لـــە «ســـیواس» کـــۆ دەبینـــەوە، ئەنجامـــی

بــاش و دڵنیاکــەرەوە بەدەســت دەهێنیــن.

پێویســتە ئــەو پڕوپاگەندانــەی ئینگلیــزەکان بــە مەبەســتی فریودانتــان لــەو ناوچەیــەدا بڵاویــان کردنــەوە، لابرێــن. خــودای گــەورە هەمووومــان ســەرکەوتوو بــکات، بەڕێــزم چاوەکانــت مــاچ دەکــەم.

سێیەمین چاودێری سەربازی دێرین مستەفا کەماڵ

## نامەگۆڕینـەوە و دیـداری نێـوان سـمکۆ و شـێخ مەحمـوودی حەفیـد:

**بەڵگەی ژمارە: ٣٨**

نامەی شیخ مەحموود بۆ سمکۆ:

هەولێر/

١٩٢٢/١٢/١٤

قارەمانی کوردستان، سمایل ئاغا:

ڕەنگـە بزانـن کـە لەڕێـگای سـەندنی مافـی گەلـی کـورددا، هەمیشـە فیداکاریـم کـردووە و تووشـی زۆر ناڕەحەتـی بـووم. ئەمـڕۆ بـە یارمەتیـی قارەمانێکـی وەک ئێـوە، بـۆ گەیشـتنی ئـەو ئاواتـە زۆر هیـوادارم. وا دەزانـم پێویسـت بـە نووسـین نـاکات، چونکـە دەزانـم خۆتـان دەتوانـن تەقدیـری بکـەن کـە ئەگـەر بـە بـێ هێـز و یاریـدەدەر خۆمـان بهاوێژینـە نـاو ئاگـری بەربەرەکانـێ، گومانـت نەبـێ کـە ئـەو کارە دەبێتـە هـۆی لەناوبردنـی کـوردی هـەژار. سـەڕەرای ئـەوەی کـە تـا ئێسـتا بـە ڕەسـمی و بەتـەواوی سـەربەخۆیی نـەدراوە بـە کـورد کـە بتوانـن بەربەرەکانێـی حکوومەتـەکان بکەیـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە داوای مافـی خۆمـان دوا نەکەوتوویـن. سـێ مانـگ لەمـەو پێـش، لـەو بەڵێنـەی کـە حوکمەتـی بریتانیـای گـەورە بـە ئێمـەی دا، تـا ئێسـتا هیچـی بەجـێ نەهێنـاوە تاکـوو ئێمـەش بتوانیـن پێشـانی نەتەوەکەمانـی بدەیـن کـە پێـمان خۆشـە لەسـەر حـەق بجەنگێیـن، بۆیـە نامهەوێـت بـە بێسـوود خوێنـی کـورد بڕژێـت. ئەگـەر حەقـی خۆمـان پـێ ببەخشرێـت، هـەر لـە دوورەوە ئەتوانـم هەمـوو فەرمانێکـی

حکوومەتــی بریتانیــای گــەورە، لــە شــیرازەی یاســادا بەجــێ بهێنــم.

ئەگــەر زیاتــر ئــارەزووی تێگەیشــتن و گفتوگــۆ ئەفەرمــوون، تەشریــف بهێنــن بــۆ ســلێمانی تکایــە...

محمود/


چ پێشــتر و چ دوای دیــداری نێــوان ســمکۆ و شــێخ مەحمــوود، چەنــد تەلەگــراف و نامەگۆڕینــەوە لــە نێــوان ســمکۆ و شــێخ مەحمــوود هەبــوون و لــە ١٩٢٣/١/٨دا ســمکۆ بــۆ ســەردانی شــێخ مەحمــوود دەچێتــە شــاری ســلێمانی و لــەوێ بــە ڕێوڕەســمێکی فەرمــی و کەرنەڤاڵێکــی گــەورە لەلایــەن شــێخ مەحمــوود و خەڵکــی ســلێمانییەوە پێشــوازیی لــێ کــراوە.

ســمکۆ لــە مــاوەی مانــەوەی لــە شــاری ســلێمانی، هەوڵــی داوە لــە چاوپێکەوتنەکانــی خــۆی لەگــەڵ شــێخ مەحمــوود، بتوانــێ ڕازیــی بــکات کــە متمانــە بــە عوســمانییەکان نــەکات و چارەنووســی شۆڕشــەکەی نەداتــە دەســت عوســمانییەکان، بــەڵام شــێخ مەحمــوود بەهــۆی هاوســۆزیی ئایینــی و کاریگەریــی بەڵێنیــی فریودەرانــەی تورکــەکان کــە لەڕێــی «ئۆزدەمیــر»ی نوێنــەری تورکــەکان لــە ڕەوانــدزەوە هیــچ وەڵامێکــی ئەرێنیــی نەداوەتــەوە بــە ســمکۆ، هەروەهــا لــەو کاتــە هەســتیارەدا، شــێخ مەحمــوود نەیتوانیــوە پێوەندییەکانــی لەگــەڵ ئینگلیــزەکان ئاســایی بکاتــەوە.

شــایانی باســە لــەو کاتــەدا «ڕەفیــق حیلمــی»، هەروەهــا «مســتەفا پاشــا یامولکــی»ش زۆر جــاران هەمــان بۆچوونــی وەک ســمکۆیان لەمــەڕ سیاســەتی ئەوکاتــەی عوســمانییەکان و ئینگلیــزەکان لەمــەڕ کــورد هەبــووە و ئەمەیــان بــە شــێخ مەحمــوود ڕاگەیانــدووە، بــەڵام هەوڵەکانیــان بــێ ئەنجــام مابــووەوە. ســمکۆ لــە مــاوەی مانــەوەی لــە

سـلێمانی، دوای چەندین دیـدار لەگـەڵ شـێخ مەحمـوود و وەرنەگرتنـی وەڵامـی ئەرێنـی لەلایـەن شـێخ مەحمـوودەوە بـۆ ڕێککەوتـن لەگـەڵ ئینگلیـزەکان، هەروەهـا بێهیوابوونـی سـمکۆ لـە پشـتیوانیی ئینگلیـزەکان، کـە نەیاندەویسـت لـەو کاتـەدا لـەدژی دەوڵەتـی ئێـران پشـتیوانیی سـمکۆ بکـەن، هەروەهـا بەهـۆی سـەرلەنوێ دەسـتپێکردنی شـەڕی نێـوان شـێخ مەحمـوود و ئینگلیـزەکان، ئیـتر سـمکۆ تـێ گەیشـت کـە مانـەوەی ئـەو لـە سـلێمانی بێسـوودە و داهاتووەکەشـی ناڕوونـە. بۆیـە لـە ١٩٢٣/٣/٨١ شـاری سـلێمانی بەجـێ دەهێڵێـت و دەگەڕێتـەوە دەوروبـەری ڕەوانـدز.

**بەڵگەی ژمارە: ٣٩**



دەقی نامەی سمکۆ بۆ شێخ مەحموود:

١٩٢٣/١/٢٨

بـــۆ بەڕێـــز حوکمـــداری خاوەنشـــکۆی کوردســـتان، جەنابـــی شـــێخ مەحمـــوود

ئەمـــڕۆ هەمـــوو نیشـــانەکان لـــە توانایـــی کوردســـتان، لەبەردەســـت و حوکمـــی ئێوەدایـــە و ئێمـــە بـــۆ هیـــچ کارێـــک لـــە قســـەی جەنابـــت لا نادەیـــن. هـــەر شـــتێک کـــە ئێـــوە بفەرمـــوون و بەرژەوەندیـــی میللەتـــی کـــوردی تێـــدا بـــێ، ئێمـــە بـــە قســـەت دەکەیـــن.

مـــن لـــە ناوچـــەی خۆشـــناوەتی و لـــە گونـــدی بێتواتـــەم، داوات لـــێ دەکـــەم کـــە بێمـــە ســـلێمانی و هێندێـــک هەواڵـــی کوردســـتانی ئێرانـــت

بــۆ بێنــم. پتەوکردنــی کاروبــاری کوردســتان پێویســتیی بــە برادەرایەتــی و دۆســتایەتیی ئینگلیزەکانــە.

بە زوویی

موخلس...

سمایل شکاک

## بەڵێنەکانی ئۆزدەمیر و گەڕانەوەی سمکۆ بۆ تورکیە:

دوای بێهیوابوونی سمکۆ لە ئینگلیزەکان و بەجێهێشتنی سلێمانی و هاتنی بۆ ناوچەی ڕەواندز، لەوێ لەلایەن ئۆزدەمیری کاربەدەستی تورکەکان کۆمەڵێک بەڵێنی پێ دەدرێ و سمکۆ بە ڕێگای ئەوەوە پێوەندی بە حکوومەتی تورکیەوە دەکات و چاوەڕێی وەڵامی ئەوان بۆ چوونەوەی تورکیە وەرگرتنی پشتیوانی دەمێنێت.

لەلایەکی دیکەوە، حکوومەتی نوێی تورکیە لەژێر سەرۆکایەتیی «مستەفا کەماڵ» بەمەبەستی بەتەفرەبردنی سمکۆ، بۆ ئەوەی نەهێڵن ئینگلیزەکان سمکۆ لەدژیان بەکار بێنن، وەک تاکتیکی کاتی وێڕای ڕێگادان بە سمکۆ بۆ چوونەوەی بۆ تورکیە و گەڕاندنەوەی بەشێک لە سامانە زەوتکراوەکەی، هەروەها بە ئازادکردنی خوسرەوی کوڕی، زۆر بەڵێنی بێ بنەمای دیکەش بە سمکۆ دەدەن.

سمکۆ وێڕای ئەوەی تا ڕادەیەک کەوتبووە ژێر کاریگەریی بەڵێنەکانی تورکەکان، بەو حاڵەش ویستوویەتی لەو بارودۆخەدا، ئەو هەڵوێستەی تورکەکان، وەک دەرفەتێک بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی خەباتەکەی بەکار بێنێ. لە چاوپێکەوتنی سمکۆ لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئاکشام»ی تورکی لەو سەردەمەدا، هەروەها لە نامەی سمکۆ بۆ «شێخ عەبدولڕەحمانی سەران»، ڕوانگە و سیاسەتەکانی ئەوکاتی سمکۆ لەبارەی تورک و ئینگلیز، هەروەها چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ و مافی کوردەکان، بە ڕوونی دیارن.

کەچی دوای ئەوەی پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣/٧/٢٤ واژۆ دەکرێ و ناکۆکییەکانی نێوان تورک و ئینگلیزەکان لەسەر چارەنووسی ویلایەتی

مووسڵ تا ڕادەیەک چارەسەر دەبێ، ئیتر سمکۆش نەیتوانیوە لە تورکیەدا بمێنێ و سەرلەنوێ بەدەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوە دەوروبەری چیای «دالانپەڕ» لە سەر سنووری نێوان ئێران، تورکیە و عێراق و لەوێ نیشتەجێ بووە.

# بەڵگەی ژمارە: ٤٠



هر کون نشر اولنور ، ملیتپرور ، ترقیپرور تورك غزته‌سی

نومرو : ٢١٥٤ — یدنجی سنه — هر یرده فیآتی ٣ غروشدر

آقشام

سال ٧ تشرین اول ١٣٤٠ — ١٩٢٤ — ٨ ربیع الاول ١٣٤٣

مطبعه و اداره‌خانه‌سی: باب عالی جوارنده آنی موصلی سوقاغنده دائرهٔ مخصوصه — آدرس: استانبول آقشام — تلفون: استانبول ١٤٢٤ — پوسته قوطوسی: ٣٩١

آبونه‌نامه شرائطی: ولایات ایچون: سنه‌لکی ١١٠٠ آلتی آیلغی ٦٠٠ اوچ آیلغی ٣٢٥ غروش — ممالك اجنبیه ایچون: سنه‌لکی ١٧٠٠ آلتی آیلغی ٩٠٠ اوچ آیلغی ٥٠٠ غروشدر

## جنوبده مخابرمزك مکتوبلری

## جمعیت اقوامده پولیتیسك بلاغت چیچکلری

یونان مرخصی اوقدر کوزل سوز سویلدی ... جلسه‌لرده الك عادی و مبتذل بلاغت تکرارلرینه تنزل ایدیور !

## استانبولك قورتولدیغی کونده

## استانبول شهری ، خلاص کوننك سنهٔ دوریه‌سنی بو صباح جانلی تظاهرات ایچنده تقدیس ایتدی

کاظم قره‌بکر پاشا بو مناسبتله ایراد ایتدیکی نطقده دیدیکه : « یکی نسلك باغیره‌جغی سوز شودر : بو ملت آدنی آیاقلر آلتنده ازیلمز ، حر یاشار حر اولور »

بوکونکی رسم‌چکیده اشتراك ایدن بر سواری مفرزه‌مز

قاسم قره‌بکر پاشا و میرآلای حسین حسنی امیر بك قورتولوش بایرامی کچید رسمی

## استانبول شهری نامنه غازی پاشایه تلغراف

## امیر علی حجاز تختندن اوطو رمقدن استنکاف ایتدی

## مهاجرلره اراضی توزیعی

## صحیه وکیلی چهارشنبه‌یه کیدیور

## چك سولو واقیا ایله معاهدت

## شرقده بر کورد عشیرتنك حیاتی

## مشهور کورد رئیسی سمیقو وان مخابرمزه الك جانلی ماجرالرندن بعضیلرینی نقل ایدیور

سمیقو موصل ایچون دیورکه : « بورانسی هر کسدن زیاده بن بیلیرم ، موصلك تورکیه‌دن آیرلماسنه رضا کوسترجك هیچ بر کورد موجود دکلدر »

سمیقو [ اسماعیل خان ]

## غازی پاشا مجلسك کشادنده عودت ایتمش بولونه‌جق

## ضابطه‌ده‌کی جرائم اخلاقیه دوسیه‌لری تدقیق ایدیله‌جك

## حقوق عائله لایحه‌سی

## حکام ایچون بر ستاژ مکتبی

آقشام فقره‌سی

حدتلی قالپاق

# بك اوغلنده اسکان

## اموال متروکه بدرلو تخلیه ایدیریلیور

# سمیقو واله مخابره‌مزه ماجرالرینی نقل ایدییور

[ برنجی صحیفه‌دن مابعد ]

حیات حقیقیه‌ده نه‌لر اولویور ؟

# باکره برکلین اوله‌رق قوجه‌یه ویریلن اوچ چوجوقلی قادین


فوق‌العاده برماجرا ، اسرار انکلیز بر رومان وعظیم برفیلم

## صوك ساعت

٨ تشرین اول چهارشنبه آقشامندن اعتباراً الحمرا سینماسنده

ایکی قسملق « هارولد لوئید » قومدی

پروغرامه علاوة : بوکون اجرا ایدیلن استانبول قورتولوش بایرامی

بر آقشامدن اعتباراً کوستریله‌جکدر



## تائو ! تائو ! تائو !

غیر قابل تعریف بر کلمه ... ابدی بر معما که ٩ تشرین‌اول اوکزده‌کی چهارشنبه آقشامی

« ماژیق سینماسی » تشریف ایدنلره حل ایدیله‌جکدر


## شهر اماتی اعلانلری

شهر اماتندن : قره کوی کوپریسی دوبه‌لرینك تعمیرینه مقتضی بشیوز طون ساج لوحه‌نك دلیکسز و پاصلی اولمامق واخراجیه ایله کمرك رسمی متعهده عائد بولونمق وریختیمده تسلیم ایدلمك وتأدیات ساجلرك تسلیمندن صوکره یاپیلمق شرطیله بهر طونیلاتوسی ١١،٨٠ انکلیز لیراسنه اعطایه طالب بولندیغندن بوندن دها تقصانیله عینی اوصاف وشرائطی حائز ساج اعطاسنه طالب اولانلرك شهر حالك سکزنجی چهارشنبه کونی بعد الزوال ساعت درده قدر تکلیفلرینی قپالی ظرف ایله یوزده اون نسبتنده تأمینات آقچه‌لری ویا او نسبتده بانقه کفالتنامه‌سیله برابر مقام اماتنه تودیع ایلملری و اوصاف حقنده معلومات آلمق ایستیلرك آندن اول هیئت فنیه‌یه مراجعتلری اعلان اولنور .

اقبال کتبخانه‌سی

## تجدد خریطه‌لری

| | |
|---|---|
| ٢٥ | تورکیه صنوف عالیه‌یه مخصوص |
| ٢٥ | » مکاتب ثانویه وابتدائیه‌یه مخصوص |
| ٢٥ | آوروپا ( یکی تشکیلاته کوره ) |
| ٢٥ | آسیا |
| ٢٥ | آفریقا |
| ٢٥ | شمالی آمریقا |
| ٢٥ | جنوبی آمریقا |
| ٢٥ | اوقیانوسیا |
| ٢٥ | کرهٔ مسطحه |
| ٢٥ | عالم اسلام |

بالاده‌کی یکی طبع ایدیلن خریطه‌لرك مرکز فروختی اقبال کتبخانه‌سیدر .

### ایش یوردی


## تورك یوردی مجموعه‌سی

یك کزیده قلملرك معاونتیله یکیدن نشر اولندیغنی اوقه‌یجیلریمزه ( تورك یوردی ) آنقره‌ده انتشار ایتمشدر . یارندن اعتباراً « تورك یوردی »نی بتون استانبول موزعلرنده و کتبخانه‌لرده آرایکز .



## ئه‌توال سینه‌ماسنك

بوکونکی پروغرامی ؟

استانبولك قورتولوشی بایرامی مراسمی

لورده‌ماسی : ٧ قسملی درام

ژیغولو : مندرنلی ، قومدی


۱۰۰۰۰ انکلیز لیرالق تضمینات

برلانطه

آناطولی – بغداد دمیریوللری

آناطولی – بغداد دمیریولری

دەقــی وەرگێــڕدراوی وتووێــژی ڕۆژنامــەی «ئاکشــام»ی تورکــی لەگــەڵ ســمکۆ

سالی حەوتەم- ژمارە: ٢١٥٤

١٩٢٤/١٠/٧

چارەنووسی عەشیرەتێکی کورد لە «ڕۆژهەڵات»

ســەرۆکی بەناوبانگــی کــورد «ســمکۆ» بــۆ جــاری یەکــەم بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ باســی هێندێــک لــە ڕووداو و بەســەرهاتەکانی بــۆ پەیامنێــری ئێمــە دەکات

ســمکۆ لەبــارەی مووســڵەوە دەڵێــت: «زیاتــر لــە هــەر کــەس مــن ئــاگادارم، هیــچ کوردێــک نییــە لەگــەڵ جیاکردنــەوەی مووســڵ لــە تورکیــە بێــت.

لە پەیامنێری تایبەتمانەوە:

ســمکۆ ســەرۆکی بەناوبانگــی عەشــیرەتەکانی کــورد کــە ماوەیەکــە لــە شــاری «وان»ە، ئــەو لــە ڕۆژهەڵاتــی ئانــادۆل و لــە نێوخــۆی ئێرانــدا لایەنگرێکــی زۆری هەیــە. مــن توانیــم چاوپێکەوتنێــک لەگــەڵ ئــەو ســەرۆک عەشــیرەتە نــاودارە پێــک بێنــم، مــن ئــەوم لەبــەردەم بینــای پێشــووی کونســووڵخانەی ڕووســیا بینــی کــە بــە کرێــی گرتبــوو. ســمکۆ گەنجێکــی ٣٥ ســاڵان، چــالاک و تیژبیــن، زیــرەک و توندوتــۆڵ، بەهەیبــەت و جددییــە. ئــەو بــە زمانەکانــی تورکــی، فارســی و رووســی قســە دەکات. ســمکۆ شــەدە و کڵاوپێچەیەکــی ڕیشــۆڵەداری ئاوریشــمی لەســەر بــوو، کــە بەرهەمێکــی دەســتکردی ناوچــە ســنوورییەکانی ئێرانــە.

کاتێــک لەگــەڵ ســمکۆ دانیشــتین و دەســتمان بــە قســە کــرد، لــە دوای باســێک لەبــارەی ئەســڵ و ڕەچەڵەکــی، لەبــارەی ڕاپەڕیــن و شــەڕەکانی لەگــەڵ ئێــران، بــەم شــێوەیە بۆچــوون و داخوازییەکانــی

خســـته ڕوو:

ئێـران لەگـەڵ هەمـوو هەوڵەکانیـدا نەیتوانـی سـوپایەکی بەهێـز و شـەڕکەر دروسـت بـکات. هەڵبەتـە ئـەوەی هەوڵـی زۆر بـدات، کاری زۆر ئەنجـام دەدات و دەسـکەوتی زیاتـری دەبێـت. ئـەوان لـە کۆتاییـدا سـوپای خۆیـان دروسـت دەکـەن، بـەڵام ئـەوە تەنیـا بـە فـۆرم سـوپا دەبێـت، چونکـە سـەربازی فـارس توانـای شـەڕکردنی سـفرە، ئـەوان تەنیـا بـە زمـان ئـازا و بەجەرگـن، مـن هـەر کاتێـک کـە شـەڕم لەگـەڵ فارسـەکان بـووە، هەمیشـە ئەوانـم تێـک شـکاندووە.

لــە دواســاتدا ئــەوان زەوی و ســامانەکانی منیــان وەکــوو مڵکــی دەوڵـەت بـە ئەرمەنییـەکان بەخشـی. ئـەوان زەوی و موڵکـی تایبەتیـی بنەماڵـەی مـن کـە لـە ورمـێ، خـۆی و سـەڵماس هەمانبـوو، داویانـە بــە ئەرمەنییــەکان و ئەوانیــان لەســەری نیشــتەجێ کــرد. لــە وەهــا دۆخێکـدا، بەرگریکـردن لـە مافـی خـۆت، بابەتێکـی نامووسـییە، بۆیـە منیــش بــەو مەبەســتە دەســتم دایــە چــەک.

ئێمـە لـە ناوچەیەکـی سـنووری لەگـەڵ هێزەکانـی ئێـران کەوتینـە شــەڕ، مــن تــۆپ و موسەلســەل و هێندێــک چەکــم هەبــوون کــە لــە ئەرمەنییەکانــی ڕووســیە بــە غەنیمــەت ســەندبووم. لەنێــو هێــزی ئێرانییەکانــدا زۆر پلــەداری ئەرمەنیــش هەبــوون. شــەڕ بــۆ ئــەوان سـەخت و بـۆ ئێمـە ئاسـان بـوو، کاتێـک کـە ئێمـە لـە سـەرکەوتن نزیـک ببووینــەوە، لەنــاکاو لــە هێندێــک شــوێنەوە ســەربازە تورکەکانمــان لــە بەرانبــەر خۆمــان بینــی. لەکاتێکـدا بەهــۆی لاوازیــی ئێرانییــەکان، بــە بیــری کەســدا نەدەهــات کــە ئــەوان بتوانــن فێڵێکــی لــەو چەشــنە بکـەن، بـەڵام دیـار بـوو کـە ئـەوان لـە تورکیـە پاڕابوونـەوە کـە هێـزە سـنوورییەکانی تورکیـە لـەدژی ئێمـە هاوکاریـی ئـەوان بکـەن، بۆیـە

مـن زوو فەرمانـی ئاگربەسـتم دایـە جەنگاوەرەکانـم. لەبـەر ئـەوەی لـە بەرژەوەندیـی بنەماڵـە و عەشـیرەتی ئێمەیـە کـە بـە قسـەی حکوومەتـی تورکیـە بکەیـن و نابـێ ڕووی چەکەکانمـان بکەینـە تورکیـە، بەڵکـوو پێویسـتە گەلـی تورکیەمـان خـۆش بوێـت و زیـان بـە ئـەوان نەگەیەنیـن.

کاتێـک بڕیـاری ئاگربەسـتم دا، لـەو کاتـە بـەدواوە ئیـتر وازم لـە هەمـوو شـتێکی خـۆم لـە ئێـران هێنـا و چوومـە سـەر خاکـی بابـم «محەمـەد پاشـا» لـە تورکیـە و لـەوێ ئـەو هەسـتە لـە دڵمـدا دروسـت بـوو کـە دەتوانـم بـە ئاشـتی و ئارامـی بژیـم. تێگەیشـتم ئەگـەر تورکیـە پشـتگیریی ئێـران بـکات، ئیمکانـی ئـەوە نییـە مـن سـەرکەوتن بەدەسـت بێنـم. مـن لـەوێ پاشەکشـەم کـرد و تـوپ و تفەنـگ و جبەخانـەی خـۆم ڕادەسـتی هێزەکانـی سەرسـنوور کـرد و پەڕیمـەوە نێـو تورکیـە.

کاتێـک پێـم نایـەوە سـەر ئـەو خاکـەی کـە کاتـە خۆشـەکانی منداڵیـم تێیـدا بەسـەر بردبـوو، هەسـتێکی خـۆش لـە دڵمـدا دروسـت بـوو کـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی باوکـم، منیشـی لەخـۆ گـرت. ئەندامانـی عەشـیرەتی مـن کەسـانی زۆر بـە غیرەتـن و ناتوانـن دەسـت لـە نیشـتمان و زێـدی خۆیـان بـەردەن، بۆیـە هەموویـان نەیانتوانـی بێنـە ئەمدیـو. سـەرەڕای ئەمـەش کاتێـک پەڕیمـەوە، خەڵکێکـی زۆر لەگەڵـم بـوون. مـن دەمهەویسـت ئـەو شـوێنەی تێیدایـن، ئـاوەدان بکەیـن و بـە ڕێگـەی مـەڕداری و کشـتوکاڵەوە، ئـەوان لەژێـر تابعییەتـی تورکیـەدا بـە ئاشـتی و ئـازادی بژیـن، بـەڵام هێندێـک لـە هاوڕێیانـم ڕێگرییـان لـەو پلانـە ماقـووڵ و باشـە کـرد و نەیانهێشـت سـەر بگرێـت.

کازم چەرکـەز کـە وەدووم کەوتبـوو، بـە شـێوەیەکی خیانەتکارانـە

چاوی بڕیبووە پارە و خشڵ و زێڕ و شتە بەهادارەکانم. ئەو لەگەڵ سەرهەنگێک بە ناوی «نەجمەدین» ڕێک کەوتبوو و ویستیان ناو و ناوبانگ و شکۆی من لە بەرچاوی دەسەڵات و خەڵک بشکێنن. بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەی بەڕێز «محەمەدعەلی بەگ»یان لە دژی من هان دا و بە حکوومەتیان ڕاگەیاند کە من کەسێکی زیانبەخشم بۆ تورکیە.

دوای ئەوە نەجمەدین بەگ بە منی ڕاگەیاند کە بەپێی ئەو فەرمانەی بەدەستیان گەیشتووە، داوام لێ دەکەن بنەماڵەکەم بگوێزمەوە بۆ «وان» و لەوێ لە ڕێگای تلگرافەوە لەگەڵ بەرپرسێکی باڵا قسە بکەم. من یەکسەر خۆم ئامادە کرد و لەگەڵ خێزانەکەم و چەند خزمەتکارێک، شتوومەکە بەهادارەکانم هەڵگرت و بەرەو وان بەڕێ کەوتین و، بە دووریی مەودای نیو کاتژمێر لە «باشکاڵا»وە، ڕاوەستاین و خێوەتمان هەڵدا.

لە دوای ماوەیەک خزمەتکارەکانم ئاگاداریان کردمەوە کە سوپای تورکیە خێوەتەکەمانی گەمارۆ داوە. لەو کاتەدا دەکرا یەکسەر دەست بدەمە چەک و چەند سەربازێکی وەفادار برینداربکەم، بەڵام ئەو کارە منی وەکوو کەسێکی زیانبەخش بۆ تورکیە دەردەخست و ئەوکاتە درۆ و بۆختانی دوژمنانم بەدی دەهاتن و ڕاست دەردەچوون. بۆیە بڕیارم دا ژن و کوڕەکەم بە ویژدانی تورک بسپێرم و بەتەنیا خۆم هەڵاتم. لەوکاتەدا گوللەیەک بەر هاوژینەکەم کەوت و ژنە بێچارەکەم هەر لەوێ شەهید بوو، هەروەها کوڕە شەش ساڵانەکەشم بە ناوی خوسرەو دەستگیر کرا. با خوێنی ئەوان فیدای میللەت و حکوومەت بێت.

هەرچەند خۆسرەوی کوڕم لە «ساری قامیش» لەلای «سەعید

پاشـا» ژیانێکـی باشـتری هەبـووە  لـەوەی کـە لـەلای مـن بـە هەتیـوی گـەورە ببێـت، ئێسـتاش دەبینـن ئـەو بـە تورکـی قسـە دەکات و دەڵـێ لێـرە بێـزار بـووە. هەرچەنـد مـن لـەوە دڵنیـاش بـم، بـەڵام چ سـوودێکی هەیـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو کەسـانەی  بارودۆخـی ژیانیـان وەکـوو منـە، نابـێ بکەونـە داوی هەسـتەکانیان.

دوای هەڵاتنـم، لەبـەر ئـەو هەمـوو گوشـارانەی کـە لـەدژی مـن بـەکار هێـنران، لـە هیـچ شـوێنێک نەگیرسـامەوە. حکوومـەت ڕایگەیانـد کـە سـزای هەمـوو کەسـێک دەدات کـە داڵـدەی مـن بـدات، منیـش نەمویسـت هیچـکام لـە هاوڕێیەکانـم بـۆ ئـەوە هـان بـدەم کـە لـەدژی حکوومـەت ڕابوەسـتن. بـۆ ماوەیـەک دەربـەدەر بـووم و، نـەداری، برسـیەتی و ئـازاری زۆرم کێشـا. چوونـم بـۆ ئێـران، یـان ڕووسـیا، بـە واتـای خۆکـوژی بـوو بـۆ مـن، بۆیـە لەپێنـاو ژیـان و مانـەوەم ڕووم لـە ویلایەتـی مووسـڵ کـرد کـە لەژێـر داگیـرکاری و دەسـەڵاتی ئینگلیزەکانـدا بـوو.

ئینگلیـزەکان بـە خۆشـحاڵییەوە پێشـوازییان لـێ کـردم و کارمەندێکـی تایبەتییـان خسـتە بەردەسـتم و پێیـان ڕاگەیانـدم کـە لەگـەڵ یەکـەم داواکاریمـدا، ئـەوان ٥٠٠ کـورد لەگـەڵ ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە بمهەوێـت، دەخەنـە ژێـر دەسـتمەوە. لەنێـو داواکارییەکانیانـدا شـتی وا هەبـوو کـە هەسـتی منیـان بریـندار دەکـرد و قبووڵکردنـی ئـەو داوایـە وەک ئـەوە بـوو کـە ناموسـی خـۆت بفرۆشـی. مـن نەفـرەت لـە سـەید تەهـا و کەسـانی وەک ئـەو دەکـەم کـە ئـەو کارانـە دەکـەن. بۆیـە نەمتوانـی لـە پێـش چـاوی هەمـوو جیهـان، کارێکـی وا ئاسـت نـزم هەڵبژێـرم.

لـە دوای چنـد ڕۆژ بیرکردنـەوە، بڕیـارم دا لەجیاتـی ئـەوەی کـە خـۆم بـە ئینگلیـز بفرۆشـم و خیانـەت لـە ئاییـن و نەتەوەکـەم بکـەم، باشـترە

خـۆم ڕادەسـتی حکوومەتەکـەی خـۆم بکـەم، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو بڕیـارە بـەرەو پەتـی سێدارەشـم ببـات. لـە دوای پێوەندیکـردن لەگـەڵ کاربەدەسـتێکی تـورک بـە نـاوی ئۆزدەمیـر بـەگ، هاتمـە نـاوەوە.

حکوومـەت باوکـە، تەنانـەت ئەگـەر بـاوک لەگـەڵ منداڵەکانـی تونـد بێـت و ناحەقیشـیان لـە بەرانبـەر بـکات و لێشـیان بـدات، نابـێ ئـەو منداڵانـە بەرانبـەر باوکیـان بوەسـتن و، شـیاو نییـە ملکەجـی نەبـن و ڕێـزی لـێ نەگـرن. چونکـە ڕۆژێـک دێ ئـەو باوکـە ناحەقـی و هەڵەکـەی خـۆی ڕاسـت دەکاتـەوە، تەنانـەت لـە هەڵـە و کەموکوڕیـی منداڵەکانیشـی خـۆش دەبێـت و قەرەبوویـان دەکاتـەوە. هـەروەک ئـەو هەڵوێسـتەی کـە خـۆم زۆر جـار بەرانبـەر بـە ئەندامانـی عەشـیرەتەکەم پیشـانم داوە، ئەگـەر لەلایـەن حکوومەتەکەمـەوە بـە هەمـان شـێوە پێشـان نەدرێـت، دژایەتـی دەکـەم. مـن لەبـەردەم هەمـوو جیهـان ڕادەگەینـم، ئەگـەر بەڵگەتـان هەیـە کـە مـن و عەشـیرەتەکەم کەمتریـن نافەرمانـی و دژایەتیـمان بەرانبـەر حکوومـەت و گەلـی تورکیـا هەبـووە و زیانیـان پـێ دەگەیەنیـن، ئەگـەر کەسـێک هەیـە کـە ئـەم ئیدعایـە بـکات، بـا بێـت بیسـەلمێنێت، ئەوکاتـە مـن ئامـادەم ملـی خـۆم بخەمـە بـەر شمشـێری جـەلادەکان.

ئەمـڕۆ مـن لـە زێـدی بـاوک و لـە باوەشـی براکانمـدام، بـەڵام لەنێـو ئەوانـدا خـۆم لـە بارودۆخێکـی نالەبـار و ڕەزیلیـدا دەبینـم. هەڵبـەت بێتاوانبوونـی خـۆم دەسـەلمێنم. مـن سپاسـگوزاری ئـەو خودایـەم کـە ژیانـی پـێ بەخشـیوم و بـە سـەدان جـار گیانـی منـی ڕزگار کـردووە، ژیـان لای مـن ئەوکاتـە نرخـی هەیـە کـە بـە شـەرەفەوە بژیـم، ژیانێکـی بـەدەر لەمـە، لای مـن نرخـی نییـە. بۆیـە سـەلماندنی ئـەم ڕاسـتییە کـە خیانەتـم لـە حکوومـەت و میللـەت نەکـردووە، بـۆ مـن بابەتێکـی

گرینــگ و نامووســییە.

هەواڵنێــر: پــاش ئــەوەی کــە ســمکۆ باســی حکوومەتــی کــرد، لەبــارەی کێشــەی مووســڵ و کــوردەوە پرســیارم لــێ کــرد.

ســمکۆ دەڵێــت: مــن ســەرم ســوورِ مــاوە کــە بابەتێــک بــە نــاوی مەســەلەی کــورد و تــورک هەبێــت؟ شــتێکی ئــاوا بــە مێشــکی مرۆڤــدا دێــت؟ لێــرە بەپێــی پێگــەی خۆمــان هەمــوو مافێــک بــە ئێمــە دەدرێــت و هێــچ جیاوازییــەک نابینرێــت. کەســێک نییــە کــە دژایەتــی ئــەم حکوومەتــە بــکات کــە نوێنەرایەتیــی کــورد و تــورک دەکات، ئەگــەر کەســانێکیش هەبــن، زۆر کەمــن و بــێ پێگــە و خۆفرۆشــن. نەتەنیــا خەڵکــی تێگەیشــتوو و زیــرەک، بگــرە خەڵکــی ئاســایی و کــوردە نەخوێندەوارەکــەش، بــاش لــە پێویســتیی پێکەوەژیانــی برایانــە لەگــەڵ نەتــەوەی تــورک تــێ دەگــەن و لــە هەمانکاتــدا دەزانــن کــە دوژمنایەتیکــردن لەگــەڵ ئــەو نەتەوەیــەدا، واتــای مەرگــە بــۆ مانــەوە و ســەربەخۆییان.

ئــەوەی کــە پێوەندیــی بــە کێشــەی مووســڵ و بارودۆخــی ئــەو ناوچەیــە و ژیانــی عەشــیرەتەکانی ئەوێــوە هەیــە، مــن لــە هەمــوو کــەس باشــتر دەزانــم چۆنــە. خەڵکــی ئــەو نــاوە و عەشــیرەتەکانی لەژێــر چەوســانەوەیەکی وێرانکــەردا ژیــان بەســەر دەبــەن و بەبــێ ئۆقــرە چاوەڕوانــی یارمەتــی و پشــتگیریکردنی ئێمــەن. هەموویــان بەبــێ ئــەوەی کەســێکی لــێ دەرکــەم، بەبــێ ئارامــی چاوەڕێــی ئــەو ڕۆژە دەکــەن کــە دەگەڕێنــەوە باوەشــی تورکیــە و، هەتــا بڵێــی لــە ژیانــی ژێردەســتی ئینگلیــزەکان، تــووڕە و بێــزارن. هەرچەنــد ئێســتا لــەوێ جاروبــار ئارامــی و هێمنییەکــی ڕێژەیــی هەیــە، ئــەوەش لەبــەر ئەوەیــە کــە خەڵکەکــە جــارێ هیــوادارن کــە بــەم زووانــە ڕزگاریــان دەبێــت،

بـەڵام ئەگـەر ڕۆژێـک ئـەوان ئـەم هیوایـە لەدەسـت بـدەن، مووسـڵ خەڵتانــی خوێــن دەبێــت.

مــن تەنیــا لــەم پرســەدا ملکەجــی حکوومــەت نابــم کــە ئەگــەر مووسـڵ لـە تورکیـە دابڕێـنرا و حکوومەتـی تورکیـە ڕەزامەندیـی لەسـەر ئەمـە بـدات. بـاوەڕت هەبێـت مـن و سـەدان سـەرۆک هـۆزی دیکـەی بوێــر هەیــن کــە مووســڵ خەڵتانــی خویــن دەکەیــن و ئــەوێ دبێتــە گۆڕســتانی ســتەمکاران.

دەبێ باوەڕ بەمە بکەیت، دەبێ باوەڕ بەمە بکەیت».

پەیامنێرەکــە دەڵێــت: «کاتێــک ســمکۆ ئــەم قســانەی دەکــرد، هەیەجانێکـی زۆری هەبـوو و ئاگـر لـە چـاوی دەبـاری و مـرۆڤ گوێـی لــە ترپــەی دڵــی دەبــوو». ئــەو هەیەجانــە ئــەو واتایــەی دەگەیانــد کـە ئـەو پڵنگـە شـەڕکەرە دوای دوو سـاڵ بێدەنگـی، هـەروا زینـدوو و تێنووئاسـا بـە دوای ڕاوەکەیـدا دەگەڕێـت کـە هێرشـی بکاتـە سـەر، ئێسـتا ئـەو نێچیرەکـەی دۆزیوەتـەوە و ئامـادەی هێرشـکردنە. بەپێـێ ئـەو لێکۆڵینـەوە تایبەتـەی کـە لەبـارەی سـمکۆوە ئەنجامـم داوە، لـەو ڕۆژەوە کـە سـمکۆ دەسـتی بـە جووڵـە کـردووە، گەیشـتووەتە ئاسـتێک کـە توانیویەتـی بـە لانیکەمـەوە ٢٠ هـەزار کـەس لـە دەوری خـۆی کـۆ بکاتـەوە و ڕێبەرایەتییـان بـکات. ئاخـۆ حکوومەتـی ئینگلیـز بـۆ ئـەوەی بتوانــێ کەســێکی وەهــا بــە بیســت هــەزار لایەنگریــەوە لەنێــو ببــات، دەبــێ بــە چەنــد هــەزار کــەس و چەنــد ملیــۆن لیــرە و چەنــد ســاڵ لـە دژیـان تێبکۆشـێت؟ مـن ئەمـە بـۆ کەسـانی پسـپۆر بـە جـێ دێڵـم و، پرسـیاری ئـەوەم لـە سـمکۆ کـرد کـە دەتوانـێ لەگـەڵ چەنـد کـەس بەشــداریی لــەو تێکۆشــانەدا بــکات؟

ســمکۆ وتــی: «ناتوانێــت ژمــارە بڵێــت، لەبــەر ئــەوەی ڕەنگــە ئێــوە

گومـان بکـەن کـە موبالغەیـە، بـەڵام گومانـم لـەوەدا نییـە کـە هەمـوو کــورد و هەروەهــا ئــەو لاوە تورکانــەش کــە هەڵگــری دروشــمەکانی «پەیمانــی میللــی»ن، بــۆ وەدیهێنانــی ئــەو ئامانجــە، پشــتگیریی مــن دەکـەن. ئێسـتا تەنیـا لـە سـلێمانی پـازدە هـەزار کـەس کـە ئینگلیـزەکان ماڵــی ئەوانــی بۆمبــاران کــردووە، ئامــادەن لــەدژی ئینگلیــزەکان هاوکاریــمان بکــەن. لەنێــو ســنوورەکانی ویلایەتــی مووســڵ، ڕق و بێزاریـی خەڵـک گەیشـتووەتە ئاسـتێک کـە ١٥٠ سـەرۆکهۆز ئامـادەن دەسـت بدەنــە چــەک و لــە یەکــەم دەرفەتــدا ڕاپــەڕن، ئەوانیــش گرووپێکــی ئامــادەن.

لـە جزیـرە، نەتەنیـا کـورد و تـورک گریـان بـۆ ئـازادی و گەڕانـەوەی مووســڵ تــێ بــەر بــووە، بەڵکــوو هــەزاران عەرەبیــش حــەز دەکــەن لــە ســتەمی ئینگلیــزەکان ڕزگاریــان ببێــت. مــن نامهەوێــت نــاوی بنەماڵـەکان بدرکێنـم، بـەڵام نامـەی زۆرم لـە عەرەبـی شـار و کۆچـەرەوە بـۆ دێـت و بانگەوازیـم بـۆ دەکـەن.

پەیامنێرەکـە دەڵێـت: چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـمکۆ لێـرەدا کۆتایـی پێهــات، مــن وەکــوو کەســێک کــە لــە نزیکــەوە بەدواداچوونــم بــۆ ڕووداوەکان کــردووە، چەنــد تێبینییەکــی خــۆم لێــرەدا دەنووســم.


یەکـەم: کـورد نەتەوەیەکـی موسـڵمانی بەڕێـز و بەهێـزن، ئـەوان ددان بـە هیـچ دەسـەڵاتدارێکی لاوازی ئێرانیـدا نانێـن و سەرۆکعەشـیرەتەکانی خۆیـان لـە ئاسـتی شـای ئێرانـدا دەبینـن. نەتەوەیـەک کـە ئاوهـا بـێ، مەلیکێکــی وەکــوو فەیســەڵ، یــان دەســەڵاتدارانی عێراقــی، چــۆن دەتوانــن ئــەوان بخەنــە ژێــر ڕکێفــی خۆیانــەوە؟ بەتایبــەت ئــەو عەرەبانــەی کــە ئێســتاش زۆربەیــان وەکــوو کۆچــەر ژیــان بەســەر دەبــەن.

دووەم: ئاکامەکانــی ئــەو پڕۆپاگەنــدە زیانبەخشــەی کــە لەنێــو کوردەکانــی دانیشــتووی تورکیــەدا دەکــرا، ئاشــکرا بــوون و کاردانــەوەکان پێچەوانــەی چاوەڕوانییەکانــی ئــەو کەسانە بــوو کــە ئــەو پڕۆپاگەندانەیــان بەڕێــوە دەبــرد. ئێســتا هەمــوو کــورد بــاش لــەوە تــێ گەیشــتوون کــە هێشــتنەوەی مووســڵ لەنــاو عێــراق و لــە بندەســتیی ئینگلیزەکانــدا، هەڕەشــە لــە داهاتوویــان دەکات. ئەمــەش وایــان لــێ دەکات پەنــا بــۆ کــردەوەی یەکلاکــەرەوە ببــەن، وەک ئــەوەی ســمکۆ باســی لێــوە دەکات.

سـێیەم: سـمکۆ سـەرکردەیەکی خۆشەویسـتی کوردەکانـە و توانـای ئـەوەی هەیـە کـوردەکان لـە دەوری خـۆی کـۆ بکاتـەوە و خەڵکیـش ئەویـان خـۆش دەوێـت.

«خەڵکــی ئێــران، ســمکۆ بــە پڵینگــی شــەڕ نــاو دەبــەن، مــۆری ســمکۆ لــە وێنــەی «شــێر»ە و وشــەی ســمکۆ لەســەر ئــەو شــێرە هەڵکەنــدراوە.»

## بەڵگەی ژمارە: ٤١



**سەرۆکی عەشیرەتی "ئاکۆ" شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی (سەران)**

١٩٢٣/١٢/٢٦

برا بەڕێزەکەم

لــە دڵــەوە ڕێــز و حورمەتــی خۆمتــان بــۆ دەنێــرم. لــەو کاتــەوە کــە لێتــان دوور کەوتــووم، چونکــە هەواڵێکــی ڕوونــم لــە ئێــوە نەبــوو، زۆر تامــەزرۆی ئێــوە بــووم. جاروبــار ئەوانــەی کــە هاتوچۆیــان دەکــرد، لەبــارەی ئێــوەوە هەواڵیــان پــێ دەدام، بــەڵام مــن بەتــەواوی دڵــم ئوقــرەی نەدەگــرت، چونکــە ئێــوە لــە ڕەوشــێکی خراپــدان. بەتایبەتــی ئەوکاتــەی کــە سیاســەتی پشــتیوانیی ئینگلیــزەکان لــە دوژمنــی دینــی و خوێنیــی ئێمــە واتــە ئەرمەنــی و ئاســوورییەکان بەردەوامــە و مــن ئەمــە دێنمــەوە بەرچــاو، زۆرتــر خەمبــار دەبــم.

بــە فەســاد و هاندانــی ســەید تەهــا، ئینگلیــز بــە ئەرتەشــێک کــە لــە ئەرمــەن و «سریانی»یــەکان پێــک دێ، دەیانــەوێ هێــرش بکەنــە ســەر شــێخ مەحمــوود ئەفەنــدی.

دەبــێ ئێمــە هاوکاریــی شــێخ مەحمــوود بکەیــن، تەنیــا بــەم شــێوەیە ئێمــە دەتوانیــن دوژمنەکەمــان ناچــار بکەیــن کــە ســەر دانەوێنــن.

کاتیــک ئێــوە ئــەو هاوکارییــە بکــەن، مــن وەکیلــم کــە ئــەو حکوومەتــە باشــەی ئێمــە، بــە مــاددی و مەعنــەوی هاوکاریتــان دەکات.

ویلایەتــی مووســڵ کــە بــە شــێوەیەک لەنێــو ســنوورە میللییەکەماندایــە، ئامانجــمان ئەوەیــە بــە هــەر شــێوەیەک کــە لــە دەســتمان دێــت، جارێکــی دیکــە مووســڵ بســتێنینەوە.

هەروەهــا چــۆن ئێــوە تــا ئەمــڕۆ لــە بەرانبــەر ئــەو دوژمنــە شــێتەی

ئێمە سەرتان دانەنواند، ئەگەر ئێوە ئەمڕۆش لە بەرانبەریاندا سەر دانەنوێنن، بێگومان ئێوە لە حکوومەتی دادپەروەری ئێمە حەقی خۆتان وەردەگرن.

ئینگلیز و فەیسەڵ نییەت و ئامانجیان ئەوەیە، لە ڕۆڵەکانی ئەرمەن و ئاسووری دەستەی چەکدار دامەزرێنن و باکوور و باشووری کوردستان لە یەک دابڕێنن. ئەگەر ئێوە ئەم داوایەمان جێبەجێ بکەن، ئەو سیاسەتەیان ئیفلاس دەبێ و بۆ ئیسلامیەتیش خزمەتیکی باش دەبێت.

جلوبەرگ و پلە و پایەی ئینگلیز شەرەف نادەن بە مرۆڤ، شەرەف ئەوەیە کە ئێمە نەبین بە دیلی دوژمنی دینی و خوێنی خۆمان و گرینگی نەدەین بە ماڵی دونیا. ئەگەر بتانەوێ حاڵی من بپرسن، هەر چۆن حکوومەت کوڕەکەمی ڕادەستی من کرد، لەبەر ئەو لوتف و مەرحەمەتەی کە پێشانی دام، من لەمەش باشتر دەبم.

من چاوەڕێی ئەنجامی خەبات و غیرەتی مادیی و مزگێنیی باشی ئێوە دەبم.

## سیاسەتی ئەوکاتی سۆڤیەت بەرانبەر بە کوردەکان:

### بەڵگەی ژمارە: ٤٢

بەپێـــی ڕاپۆرتـــی «پاســـتۆخۆف» ســـەرۆکی بەشـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتی وەزارەتـــی دەرەوەی ســـۆڤیەت لـــە ١٩٢٣/١٠/٢٥ سیاســـەتی نەرێنیـــی ســـۆڤیەتییەکان لەبـــارەی کـــوردان بـــەم شـــێوەیە بـــووە:

یەکـەم- ئێمـە کێشـەی کـورد بـە کێشـەیەکی نێودەوڵەتـی نازانیـن، هـەر بۆیـەش ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان بـە پشـتگیریی هـەر کەسـێک بـێ، لـەدژی ڕادەوەسـتین.

دووەم- بەهـــۆی ئـــەو پێوەندییانـــەی کـــە لەگـــەڵ ســـەرکردەکانی کـورد هەمانـە، دەبـێ پێیـان ڕابگەیەنیـن کـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان دروشـمێکە، کـە ئینگلیـزەکان پڕۆپاگەنـدەی بـۆ دەکـەن. ئـەم دروشـمە وەک کارتێکـە لـە دەسـتیاندا، کـە بـۆ ئـەو کێشـانەی نێـوان خۆیـان و تورکـەکان بـەکاری دێنـن. ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز بـە دروشـمی ئۆتۆنۆمـی بـــۆ کوردســـتانی ژێـــر دەســـەڵاتی خۆیـــان، پاشـــماوەی کۆیلایەتـــی لـــە فۆرمێکـی دژوارتـردا، بـۆ کـوردان بـە دیـاری دێنێـت.

سـێیەم- دەبـێ کـوردەکان هـەوڵ بـدەن بـە وتوویـژی ڕاسـتەوخۆ لەگـــەڵ دەوڵەتـــی تـــورک و فـــارس، هەروەهـــا لەگـــەڵ هێـــزە پێشـــکەوتنخوازەکانی ئـــەو دەوڵەتانـــە، بتوانـــن ڕەوشـــی خۆیـــان باشـــتر بکـــەن.

بەپێـــی ڕوانگـــەی وەزارەتـــی دەرەوە کـــە هەڤـــاڵ «شۆمیانیســـکی» ئاراســـتەی کـــردووە، هەڵوێســـتی ئێمـــە لەمـــەڕ کێشـــەی کـــورد بـــەم شـــێوەیەیە:

١-دەبێ ئۆتۆنۆمیی کوردستان لەژێر پشتگیری و پاراستنی ئینگلیز و تورکەکاندا بێ، بەڵام قەت نابێ لەژێر پاراستنی فارسەکاندا بێ، چونکە دەبێتە هۆی مەترسییەکی سیاسی و نیزامی لە هەمبەر بەرژەوەندیی یەکیەتیی سۆڤیەت. هەر پلانێک بۆ ئۆتۆنۆمییەکی بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، دەبێ بە پێداگرییەوە گەنگەشە و ڕاڤەی لەسەر بکرێ.

٢- پێویستە ئێمە لە پارچە پارچەکردنی کوردستان کە باشوور بۆ ئینگلیزەکان و باکووریش بۆ تورکیە بێ، ئاگادار بین.

ئا: ئینگلیز هەوڵ دەدات باشووری کوردستان بخاتە سەر عێراق.

ب: گەر تورکیە بیهەوێ ئۆتۆنۆمی بدات بە باکووری کوردستان، ئەمە بۆ بەرژەوەندییەکانمان زۆر زەرەی دەبێت.

ج: بۆ ئەوەی باشووری کوردستان بخرێتە سەر عێراق، دەبێ ئینگلیزەکان لەگەڵ سەرۆکایەتیی دەوڵەتی فارسەکان ڕێک بکەون و پێکەوە لەدژی کوردی ئێران (کوردی ماکۆ، سەڵماس، ورمێ و ...هتد) ڕابوەستن.

ئێمە دژی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانین بە هاوکاریی هەر لایەنێک بێت، هەروەها ئێمە لەدژی چەکدارکردنی عەشیرەتە کوردەکانین لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت. زۆر گرینگ و بە قازانجمانە کە ئێمە تایبەتمەندیی شەڕڤانیی عەشیرەتە کوردەکان بپارێزین و لەنێویاندا بانگەشە بکەین کە ئەمە بۆ ناسیۆنالیزمی کورد، سەربەخۆیی عەشیرەتەکانی کورد، پێویستیی ژیان و زیندوومانەوەیە. دەبێ پێیان بێژین کە لایەنگری لە تورک و ئینگلیزەکان نەکەن، چونکە ئەوان ئارمانی ئیمپریالیستییان هەیە. دەبێ تێیان بگەیەنین کە ئینگلیز و تورک و فارس دەیانهەوێ کوردان بکەنە قوربانیی ئامانجە سیاسی

و نیزامییەکانیـان. دەبـێ پێیـان بگوتـرێ کـە بەرژەوەندییـان لەوەدایـە لەگـەڵ دەوڵەتانـی خۆیـان بەجیـا ڕێـک بکـەون، بـۆ ئـەوەی بیانـووی هێرشـی سـەرکوتکارانەی ئـەو دەوڵەتانـە جێبەجـێ نەکـەن.

دەبـێ پێیـان بگوتـرێ، بـا لەگـەڵ دەوڵەتـی فـارس لەسـەر ئـەم خاڵانـە ڕێککەوتـن بکـەن.

یەکـەم- بـا عەشـیرەتەکان بـە فەرمـی سـەروەریی دەوڵەتـی فـارس قبـووڵ بکـەن.

دووەم: بـا عەشـیرەتەکان ئامـادە بـن لـە کاتـی دیاریکـراودا هێندێـک بـاج و سـەرانە بدەنـە دەوڵـەت.

سـێیەم: بـا عەشـیرەتەکان ئامـادە بـن بەپێـی پێویسـت، سـوارەکانیان بـۆ خزمەتـی نیزامـی بدەنـە دەوڵـەت.

هەڤـاڵ سۆمیاتیسـکی دەڵێـت: «ڕوونـە هاوکاریـی ئێمـە بـۆ کـوردان، نابـێ لـە هاوکاریـی تەسـکی بانگەشـەیی زیاتـر نێوەرۆکـی نیزامـی هەبێـت، وەک هـاوکاری بـۆ چاپەمەنـی و بەیاننامـە و ...هتـد».

پێشـنیارەکانی هەڤـاڵ سۆمیاتیسـکی لەگـەڵ دەسـتووری هاوڕێیانـی وەزارەتـی دەرەوەی ئێمـە، لەبـارەی مـژاری ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان و چارەسـەریی کێشـەی کـورد بـە ڕێککەوتنـی کـوردەکان لەگـەڵ دەوڵەتـی تـورک و فـارس، یـەک دەگرێتـەوە، بـەڵام لـەم خاڵانـەدا پێکناکۆکـن.

یەکەم- ئێمە لەدژی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی تورکیە ڕادەوەستین.

دووەم- ئێمـە لـەدژی چەککردنـی عەشـیرەتە کوردەکانیـن، ئـەو بابەتـە نوێیـە کـە لـە پێشـنیاری سۆمیاتیسـکیدا هەیـە، ئەوەیـە کـە ئێمـە دژی لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە دەوڵەتـی عێراقـەوە بیـن.

بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی وەزارەتـی دەرەوەی سـۆڤیەت وەهـا هـزر دەکات کـە:

ئـا- دەبـێ پاشـماوەی فیۆدالیـزم و ئاغـا- نۆکەرایەتـی (دەرەبەگایەتـی)، تـا قۆناغـی سـەرمایەداری لـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بنبـڕ بکرێـت.

ب- چونکـە بەرژەوەندیـی ئێمـە لـە ئارامیـی ناوچەکەدایـە، نابـێ ئێمـە نـە لـەدژی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتانی تورکیـە و نـەش لـەدژی چەککردنـی عەشـیرەتە کـوردەکان بیـن، ژیرانەیـە کـە دوای دانـی ئۆتۆنۆمـی بـە کوردسـتانی تورکیـە، ئێمـە بـە هیـچ شـێوەیەک ئـەم دەرفەتـە نەدەیـن کـە ئـەو شـوێنە لەگـەڵ باکووری کوردسـتانی فـارس یـەک بگـرن و بـبن یـەک.

دوور نییـە ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتانی فـارس تێـک بچـێ، یـان وای لـێ بێـت کـە هەڤـاڵ سۆمیاتیسـکی پێشـنیار دەکات، بـەڵام ئـەوەی کـە بـە لۆمـەی ئینگلیزەکانـەوە گـرێ دراوە، واتـە لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـەوە، هیـچ بەرژەوەندییەکـی ئێمـەی تێـدا نییـە، کـە ئێمـە لـەدژی ئەمـە ڕابوەسـتین. چونکـە ناکـرێ هەمـوو کوردسـتان لەژێـر پاراسـتنی ئێمـەدا بێـت. جیـا لـەوەی کـە بەشـێک دەچێتـە سـەر عێـراق، باشـترە کـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانیش پارچـە پارچـە بـن. ئەمـە لـە بەرژەوەندیـی ئێمەدایـە و دەبێتـە هـۆی:

یەکـەم- ئاڵـۆزی و کیشـەیەکی جـددی لـە نێـوان تورکیـە، عیـراق و ئینگلیـز و تورکیـە بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ دەکات.

دووەم- عێـراق (ئینگلیـز) لاواز و هێزەکانیشـیان پـرش و بڵاوتـر دەبـن، بـەڵام بـەرەی بەرانبەریـان بەرفراوانـتر دەبـێ و ڕەنگـە ئەمـەش لـە بەرژەوەندیـی ئێمـەدا بێـت. لەسـەر ئـەو پرسـیارانەی کـە لێـرەدا بـاس کـراون، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی وەزارەتـی دەرەوەی سـۆڤیەت داوا لـە هاوڕێیانـی دەسـتەی وەزارەتـی دەرەوە دەکات لـەم بـوارەدا بڕیـاری

خۆیـان بـدەن.

پاسـتۆخۆف سـەرۆکی بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی وەزارەتـی دەرەوەی سـۆڤیەت ١٩٢٣/١٠/٢٥

بـەم شـێوەیە دەردەکـەوێ کـە پرسـی کـورد و داخـوازە نەتەوەییەکانیـان لـە چوارچێـوەی سـتراتیژیی سـۆڤیەتدا جـێ ناگـرن و، تەنیـا وەک کارتێـک لـە هاوکێشـە هەرێمییەکانـدا بـۆ پاراسـتنی هاوسـەنگیی بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئێـران، تورکیـە و بریتانیـا بـەکار هێـنراون.

## عەمەرخان لە نەبوونیی سمكۆدا:

دوای ئـەو ڕەوشـەی کـە بـۆ سـمکۆ هاتبـووە پێـش و لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نەمابـوو، عەمەرخـان وەک کەسـی دووەم و خـاوەن ئەزمـوون، سـەرکردایەتیی شـکاکەکانی کـردووە.

ئـەوکات کـە لـە نێـوان کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی ئێـران و حاکمـی «پشـتکۆ» لـە هەرێمـی «لوڕسـتان» شـەڕ سـاز بـووە و مـاوەی سـاڵێک درێـژەی کێشـاوە، هێزەکانـی ئێـران نەیانتوانیـوە کۆتایـی بـەو شـەڕە بێنـن. ڕەزا خـان کـە زانیویەتـی عەمەرخـان و عەشـیرەتی شـکاک خاوەنـی ئەزموونـی دەیـان شـەڕی مەزنـن، بـۆ کۆتاییهێنـان بـە شـەڕی پشـتکۆ، داوای لـە فەرمانـدەی هێـزی ٦٤ی ورمـێ کـردووە، کـە بـۆ سـوودوەرگرتن لـە هێـزی شـکاکان بـۆ شـەڕ لـەدژی حاکمـی پشـتکۆ، پێوەنـدی بـە عەمەرخـان و عەشـیرەتی شـکاکەوە بگرێـت.

کاتێـک کـە لەسـەر داوای ڕەزا شـا، فەرمانـدەی لەشـکری ورمـێ ئـەو داوایـە لـە عەمەرخـان دەکات، عەمەرخـان لەنـاو دووڕێیانێکـدا مـاوە و بیـری لـەوە کـردووە کـە، کاتێـک سـمکۆ لەسـەر سـنوورەکان لـە ڕەوشـێکی نادیاردایـە، نابـێ هەنگاوێکـی وەهـا هەڵبگـرێ کـە سـمکۆ پێـی تێـک بچێـت. لەلایەکـی دیکـەوە عەمەرخـان زانیویەتـی کـە ئەگـەر فەرمانـی شـای ئێـران قبـووڵ نـەکات، ئەمـە دەبێتـە هـۆی تۆڵەکردنـەوەی شـا لـە خـۆی و لـە عەشـیرەتی بـێ سـەرپەنای شـکاک. هـەر بۆیـە بـە ناچـاری ڕازی بـووە کـە بـە هـەزار سـواری شـکاکەوە بچێتـە هەرێمـی پشـتکۆی لوڕسـتان.

بـەڵام کاتێـک ڕووی کردووەتـە ئـەو هەرێمـە، حاکمـی پشـتکۆ زانیویەتـی کـە عەمەرخـان بـە سـوارەکانی شـکاکەوە لەلایـەن هێزەکانـی

ئێرانــەوە بــە زۆر نێــردراوە کــە لەدژیــان شــەڕ بــکات. لــە بەرانبــەر ئەمــەدا حاکمــی پشــتکۆ بــێ ئــەوەی شــەڕ بــکات، بــەرەو ســنوورەکانی عێــراق دەچــێ و بــەم شــێوەیە لــە نێــوان ئــەوان و عەمەرخانــدا هیــچ شــەڕێک ڕوو نــادات. ئەمــەش دەبێتــە هــۆی دڵخۆشــیی عەمەرخــان و دواتــر لەگــەڵ ســوارەکانی شــکاک دەگەڕێتــەوە زێــدی خــۆی.

## سەرلەنوێ گەڕانەوەی سمکۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

دوای بێ ئەنجام مانەوەی هەوڵەکانی سمکۆ لەگەڵ تورکەکان و ئینگلیزەکان، جارێکی دیکە لەسەر سنوورەکان بەندەوار و چاوەڕێ دەمێنێ. لە ڕەوشێکی بەم شێوەیە ناڕووندا سمکۆ بۆ ئەوەی بتوانێ دەرفەتێکی دیکە بۆ بەردەوامیی خەباتەکەی ببینێ، لەگەڵ دەوڵەتی ئێران پێوەندی دادەمەزرێنێت و لەڕێگەی فەرماندەیەکی سەربازیی ڕەزا خان لە سەڵماس بە ناوی سەرهەنگ «کەلبعەلیخان»، هەروەها «ئەمیر عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی» فەرماندەی لەشکری باکووری ڕۆژئاوای ئێران، لە کۆتوڵ و سەڵماس دیدار و وتووێژیان بووە. ئێرانییەکان بەو مەرجانەی خوارەوە وەڵامی داواکانی سمکۆیان داوەتەوە:

١-دەبێ بەڵێن بدەی کە لەدژی دەوڵەتی ئێران شەڕ نەکەی.

٢- لە کاتی پێویستدا دەبێ هاوکاریی دەوڵەتی ئێران بکەی.

٣- نابێ بچییەوە «چاری» و دەبێ لە گوندی هۆوەسن نیشتەجێ بیت.

٤- لەگەڵ قبووڵکردنی ئەم مەرجانە، تۆ عەفوو دەکرێی و دەتوانی بگەڕێیتەوە ئێران و سەرپەرستیی شکاکەکان بکەی.

هاوکات ئێرانییەکان بۆ ڕازیکردنی سمکۆ، بەڵێنیان پێ داوە تا ئەوکاتەی عەمەرخان لە ژیاندایە، یان لە زینداندا دەبێت، یانیش لە ناوەندی ئێراندا ڕادەگیرێت و ئیتر دوور بێت لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆت.

دوای ڕێککەوتنی هەردوو لایەن، سمکۆ دەگەڕێتەوە ئێران و لە دەستپێکی ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی «هۆوەسن» لە ناوچەی

«سۆما»ی ورمێ نیشتەجێ دەبێت و دوای گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆربەی سەرۆکعێلی شکاک و هەرکییەکان لەگەڵ کوردانی دەوروبەری ورمێ، پێشوازییان لە سمکۆ کرد و لە گوندی هۆوەسن سەردانیان کرد.

بەڵام عەمەرخان بەهۆی ئەو دڵگرانییەی کە لە نێوان ئەو و سمکۆدا هەبووە، سەردانی سمکۆی نەکردووە و چاوەڕێ بووە کە سمکۆ بۆ خۆی بانگهێشتی بکاتە لای خۆی. سمکۆش لە بەرانبەر نەهاتنی عەمەرخان بۆ پێشوازی و سەردانی، دڵگران بووە و نەهاتنەوەی عەمەرخانی وەک بێڕێزی بە خۆی زانیوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو دڵگرانییەی نێوان عەمەرخان و سمکۆ دەرفەت دەداتە هێندێک لەو سەرۆکعێلانەی کە لە بەرانبەر عەمەرخان کینەدار بوون، بتوانن لەلای سمکۆ لەدژی عەمەرخان قسە بکەن. لە ئاکامی ئەو ڕۆڵگێڕانە نەرێنییانەی ئەو سەرۆکعێلانە، ئیتر سمکۆ، عەمەرخانی وەک نەیارێک لە بەرانبەر خۆی ئەژمار کردووە.

دواتر سمکۆ بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی عەمەرخان لەنێو شکاکەکاندا کەوتووەتە هەوڵدان و دەستووری بە سوارەکانی داوە، کە بچنە گوندی عێلی عەمەرخان و گوندییەکان بخەنە ژێر فەرمانی خۆیانەوە. هەرچەند عەمەرخان بەمە دڵگران دەبێ، بەڵام نایهەوێ لە بەرانبەر سمکۆدا ڕابوەستێ، چونکە باش دەیزانی کە لە ڕەوشێکی بەم شێوەیەدا هەم زۆربەی سەرۆکعێلەکانی شکاک و هەمیش هێزەکانی حکوومەتی ئێران لەدژی ئەو لایەنگری لە سمکۆ دەکەن، هەروەها نایهەوێ بە زۆریش تەسلیمی سمکۆ بێت.

**بەڵگەی ژمارە: ٤٣**

*دەفتەری مێژوو*
*کۆی بەڵگە و سەرچاوە مێژووییەکان، کۆکردنەوەی ئیرەج ئەفشار*
*ڕاپۆرتە نیزامییەکانی شەڕ لەگەڵ سمکۆ*
*دەستنووسی غوڵامحوسێن محەمەدی (سالار ئینتزام)، لاپەڕەکانی ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧و ١٧٨.*

ڕەوشی سمایل ئاغا سمکۆ

دوای هەڵاتنی سمکۆ لە ئێران و کۆتاییهاتنی شەڕی کوردستان، هێزەکانی تورکیە لە سەرحەد ئەویان غافڵگیر کردووە و لە کاتی شەودا هێرشیان کردووەتە سەری و دەستیان بەسەر هەموو سەروەت و سامانیاندا گرتووە. هاوسەرەکەیان کوشت و کوڕەکەیان دەستبەسەر کرد و چەندین کەس لە شەڕڤانەکانی سمکۆیان کوشتووە.

سمکۆ هەڵات و ڕۆیشتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان (باشووری کوردستان- نووسەر) و ماوەیەک لەلای شێخ مەحموود مایەوە، کە ئەوکات «ئۆزدەمیر پاشا»ش لەگەڵ هیندێک تورک لە ڕەواندز بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەدژی ئینگلیزەکان شەڕیان دەکرد.

ئۆزدەمیر پاشا بیری لەو دەکردەوە کە مانەوەی سمکۆ لە سەر خاکی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بەتەواوی بە زەرەری تورکەکان تەواو دەبێ، بۆیە ناوبراو لەسەر ناوی دەوڵەتی تورکیە هێندێک بەڵێنیی دایە سمکۆ و پێی وت کە تورک گرینگیت پێ

دەدەن و کوڕەکـەت ئـازاد دەکـەن و بـەم شـێوەیە توانــی سـمکۆ ڕازی بــکات و بیگەڕێنێتــەوە «باشــکالا» لــە تورکیــە.

سـمکۆ لـەو ماوەیـەدا کـە لـەلای شـێخ مەحمـوود بـوو، لەڕێـگای شـێخ مەحمــوودەوە بــە ناردنــی نامــە و دانانــی پێوەنــدی لەگــەڵ عەبدوڵــڵا خــان تەهماســبی (ئەمیــر لەشــکر) ئامادەیــی خــۆی بــۆ گەڕانــەوە بــۆ ئێــران ڕاگەیاندبــوو، هەمــان ئــەو ڕۆژەی کــە ســمکۆ لــەلای شــێخ مەحمــوودەوە بــەرەو باشــکالای تورکیــە وەڕێ کەوتبــوو، ئەمیــر لەشــکر عەبدوڵــڵا خــان تەهماســبی فەرمانــی پــێ کــردم کــە بڕۆمــە کۆتــۆل و لەگــەڵ ســمکۆ چاوپێکەوتــن بکــەم.

مــن لــە کۆتــۆل لەگــەڵ ســمکۆ چاوپێکەوتــن و وتوویــژم پێــک هێنــا و دیــار بــوو قســەکانی ناوبــراو ناڕاســتن و ئــەو تەنیــا دەیهــەوێ بیانــوو دروســت بــکات بــۆ ئــەوەی ئێــران و تورکیــە، لــە دەســتی خــۆی ڕابگــرێ. ئــەو دەیهــەوێ لــە ئێــران هەمــان دەســەڵاتی پێشــووی هەبێــت، هەروەهــا دوای وتوویــژ وتــی دەبــێ مــن ســەرەتا بڕۆمــە تورکیــە، چونکــە کوڕەکــەم لــەوێ لــە دەســتی تورکیــەدا دیلــە. بــەم شــێوەیە وتووێژەکــەم لەگەڵــی بــێ ئەنجــام بــوو و ســمکۆ ڕۆیشــت و منیــش گەڕامــەوە.

دوای ئــەم بابەتــە تورکیــە بەتایبەتــی «ســلێمان ســەبری بــەگ» فەرمانــدەی تورکیــە لــە ســەرحەد بــە هــەر شــێوەیەک بــووە وەفاداریــی خــۆی دەرحــەق بــە ســمکۆ نیشــان دا و کوڕەکەیــان ڕادەســت کــرد و ســەرۆکایەتیی ئەرتەشــی ســەرحەدیان دایــە ناوبــراو، هەروەهــا پــارە و چــەک و تەقەمەنیشــیان دایــە ســمکۆ.

بـەم شـێوەیە ئـەوان سـمکۆیان وەک پەیکەرێـک لـە بەرانبـەر ئێرانـدا بــەرز کــردەوە بــۆ ئــەوەی هەمــوو کاتێــک ببێتــە هــۆی سەرئێشــە.

سـمكۆ لـەو ماوەیـەی کـە لەگـەڵ تورکەکانـدا بـوو، وەک شـەخس لەڕێـگای پەیـام و نامەکانـەوە دەیسـەلماند کـە ئـەو ئێرانپەرەسـتە و دەیهـەوێ بگەڕێتـەوە بـۆ ئێـران. لـە پـارەوە کـە جەنابـی «ئەمیـر لەشـکر تەهماسـبی» هـەوڵ دەدا سـمکۆ بێنێتـەوە ئێـران، ئەمانـەی خـوارەوە بوونەتـە هـۆکار تاکـوو سـمکۆ ناچـار بـێ بگەڕێتـەوە ئێـران:

١-ئـەو پارەیـەی کـە تورکـەکان بـۆ خەرجکـردن دەیاندایـە سـمکۆ، زۆر کـەم بـوو و ناوبـراو زۆر بـە زەحمـەت دەژیـا.

٢-شۆڕشـی تورکـەکان لـەدژی کـوردان، سـمکۆی تووشـی سەرسـووڕمان کـرد و ئـەو بەتـەواوی لـە تورکـەکان بێهیـوا بـوو، بۆیـە ناچـار مایـەوە بـە حاڵێکـی پەرێشـان بگەڕێتـەوە ئێـران. ئـەو نەیدەتوانـی بڕواتـە مووسـڵ و لای ئینگلیـزەکان، چونکـە ئـەو دژایەتییەکـی لەگـەڵ ئاشـوورییەکان هەبـوو و نێوانیـان خـۆش نەبـوو.

٣-سـمکۆ جـاری یەکـەم بەرلـە هێنانـەوەی بنەماڵەکـەی بـۆ ئێـران، لەگـەڵ ئەمیـر لەشـکر تەهماسـبی هەڤدیـتن و وتوویـژی پێـک هێنـا و، بـەو مەرجانـە ڕازی بـوو کـە بگەڕێتـەوە ئێـران، کـە سـەرۆکایەتیی عەشـیرەت بـۆ ئـەو بێـت و هەمـوو دەسـەڵاتێکی هەبێـت، هەروەهـا لەلایـەن فەرماندەی گشـتیی هێزەکانـی ئێرانـەوە (ڕەزا خـان) لێبووردنـی گشـتیی بـۆ دەربکرێـت. دوای ئـەم وتووێژانـە سـمکۆ ڕۆیشـت و دوای چەنـد ڕۆژ بـە بنەماڵەکەیـەوە گەڕانـەوە ئێـران.

جەنابـی سەرلەشـکر ئەمیـر تەهماسـبی سـەرۆکایەتیی تـەواوی هـۆزی شـکاک، هەروەهـا تـەواوی عێلـی عەمەرخـان، لەگـەڵ شەخسـی عەمەرخانـی ڕادەسـتی سـمکۆ کـرد و بەڵێنـی پێـی دا کـە تـەواوی ملْـک و ماڵـی سـمکۆش کـە دەسـتیان بەسـەردا گیرابـوو، بـۆی دەگەڕێننـەوە. هەروەهـا فەرمانـی دایـە هەمـوو سـەرۆک عێلـەکان کـە دەبـێ ئێـوە

لەژێــر فەرمانــی ســمکۆدا بــن و ناوبــراو وەک مەقامــی ســەرۆکایەتیی خۆتــان بــە فەرمــی بناســن. بەهــۆی ئــەو فەرمانــەوە کــە عەمەرخــان پەیڕەویــی لــێ نەکــرد، عەمەرخــان دەستبەســەر کــرا و بــۆ ناوەنــد گوێزرایــەوە.

لــەو کاتــەوە ســمکۆ ســەرۆکایەتیی تــەواوی عێلەکانــی کــردووە و زۆربەیــان وەک پێشــتر زۆر لــە ســمکۆ دەترســن، بــە شــێوەیەک کــە ئەگــەر ســمکۆ ئــازار و ئەزیەتــی کەســێک بــدات، ئــەوان لــە ترســان ناتوانــن ســکاڵاش بکــەن، مــن بــەو مەرجانــەی خــوارەوە ســمکۆ بــە خزمەتــکاری دەوڵەتــی ئێــران دەبینــم:

١-ســەرۆکایەتیی تــەواوی عێلــەکان و بەڕێوەبەریــی پێوەندیــدار بــەو ئیلانەیــان بەتــەواوی بــە ســمکۆ ســپارد، بــۆ ئــەوەی کــە ئــەو بــۆ خــۆی ئــەو ئەرکــە ڕاپەڕێنــێ.

٢-بــە شــێوەیەک کــە جەنابــی ئەمیــر لەشــکر عەبدوڵــڵا خــان تەهماســبی بەڵێنیــی ڕاســتی پــێ دابــوو، کــە موڵــک و ماڵــی دەستبەســەرداگیراوی ســمکۆ پێــی بدرێتــەوە.

٣-دەبــێ ئێمــە عەمەرخــان بخەینــە ژێــر دەســەڵاتی ســمکۆ، یانیــش دەبــێ عەمەرخــان تــا ئەبــەد لــە گرتووخانــە، یانیــش لــە ناوەنــددا ڕابگیرێــت.

٤-بەهــۆی ئــەوەی جــارێ ســمکۆ خاوەنــی هیــچ شــتیک نییــە و ١٥٠-٢٠٠ ســوار و نانخــۆری هەیــە، دەبــێ هێندێــک پــارە وەک هــاوکاری پێــی بدرێــت.

لەگــەڵ ڕێــز و حورمــەت، پێتــان ڕادەگەیەنــم، کــە ئەگــەر بەپێــی ئــەو بۆچوونانــەی ســەرەوە لەگــەڵ ســمکۆ هەڵســوکەوت بکــرێ، ئێمــە حەتمــەن دەتوانیــن کەڵــک لــەو وەربگریــن و هیــچ گومانێــک

لــە خزمەتــکاری و فیداکاریــی ئــەو نابێــت، بــەڵام ئەگــەر جیــا لەمــە هەڵســوکەوتی لەگــەڵ بکرێــت، ســمکۆ جارێکــی دیکــە دەســت بــە ســەرهەڵدان دەکاتــەوە و لەگــەڵ بیانییــەکان پێوەنــدی دادەمەزرێنێــت.

جــارێ ســمکۆ لەنێــو وەهــم و دڵەڕاوکێدایــە و کاتێــک بــۆ کارێــک بانگهێشــت دەکــرێ، لەگــەڵ ٢٠٠-٣٠٠ کــەس لــە ســوارەکانی حەرەکــەت دەکات، هەروەهــا خەیاڵــی دەســەڵاتی پێشــووی لــە ســەردایە، هــەر کــە کەمێــک ئــازار بدرێــت، لەنــاکاو تووشــی دڵئێشــان دەبێــت و دوور دەکەوێتــەوە.

-بەشی کۆتایی، ڕەوشی کوردان:

کــورد واتــە عێلــی ســمکۆ بــۆ خــۆی، کــە عەشــیرەتی «عەودۆیــی»ن، هێندێــک لــەوان بــە هاتنــەوەی ســمکۆ بــۆ ئێــران ڕازیــن و ئێســتاش وەک ڕابــردوو لــە دەوری کــۆ بوونەتــەوە، بــەڵام عێلــی «کاردار» کــە عێلــی عەمەرخانــە، بەتــەواوی لەگــەڵ هاتنــەوەی ســمکۆ بێهیــوا بــوون. بەتایبــەت دوای دەستبەســەرکردنی عەمەرخــان، کوردانــی ڕەعیەتیــش ناڕازیــن و بەرلــە هاتنــی مــن بــۆ ســەڵماس، ســمکۆ هێندێــک لــە ئەندامانــی عێلــی خــۆی لــە گوندەکانــی کاردارەکان دانــاوە، بــە شــێوەیەک زۆریــان لــێ دەکــەن، کــە ئەمــە بووەتــە هــۆی بێهیوابوونیــان، بــەڵام لــە ترســان ناوێــرن ســکاڵا بکــەن.

پێشــتر کاتێــک ســمکۆ هەڵاتبــوو، زۆربــەی ئــاژەڵ و چوارپێیەکانــی بەجــێ مابــوون و، ئێســتاش لــەلای عەمەرخــان و عێلــی ناوبــراون، ســمکۆ بــۆ خــۆی هێندێکیانــی لــە عێلــی کاردار وەرگرتووەتــەوە، بــەڵام هێندێکیــان هــەر ئێســتاش لــەلای ئــەوان مــاون و ســمکۆ داوای ئەوانــەش دەکاتــەوە.

ئەگـەر ئێمـە سیاسـەتی دەوڵەتـی ئێـران لەمـەڕ سـمکۆ و کـوردان پەراوێـز بخەیـن، ئـەوکات ڕەوشـەکەیان بـەو شـێوەیە دەبینیـن، کـە لـە سـەرەوە باسـم کـرد.

فەرماندەی هێزی سەڵماس- سەرهەنگ کەڵبعەلیخان

سـەرنج: بـە وردبوونـەوە لـە ناوەرۆکـی ئـەم بەڵگەیـە، دەردەکـەوێ کـە لـە سـاڵی ١٩٢٤دا نـووسراوە.

## چاوپێکەوتنی سمکۆ لەگەڵ ڕەزا خان:

بەرلــەوەی ڕەزا خــان ببێتــە شــای ئێــران، لــە ١٩٢٥/٧/١ فەرمانــدەی هێزەکانــی ڕەزا خــان لــە ورمــێ بەنــاوی «ئەمیــر عەبدوڵڵاخانــی تەهماســبی»، ســمکۆ ئــاگادار دەکاتــەوە کــە ڕەزا خــان (ســەرداری ســوپا و وەزیــری شــەڕ) دێتــە ســەڵماس و، دەیهــەوێ بتبینــێ.

تەهماســبی داوا لــە ســمکۆ دەکات کــە بــە ژمارەیەکــی کــەم لــە ســوارەکانیەوە بێتــە شــوێنی دیاریکــراو لــە نزیــک ســەڵماس، بــەڵام ســمکۆ بــە پێچەوانــەی داواکارییەکــەی تەهماســبی، بــۆ پێشــوازی لــە ڕەزا خــان لەگــەڵ ژمارەیــەک ســەرۆکعێلی شــکاکەکان و زیاتــر لــە ٧٠٠ ســوارەوە دەچنــە ســەر ڕێــگای نێــوان «موانجــخ و ســەڵماس» و، لــەوێ چاوەڕوانــی هاتنــی ڕەزا خــان دەبــن.

ســمکۆ ئــەو ســەردانەی وەک دەرفەتێــک دەبینــێ و بیــر لــە کوشــتنی ڕەزا خــان دەکاتــەوە و بــۆ ئــەو مەبەســتە جیــا لــە چــەک و دەمانچــەی خــۆی، کــە پێــی بــووە، بــۆ دڵنیابــوون دەمانچەکــەی «فەتحوڵــڵا“ی کــوڕی خاڵــۆ میــرزا، کــە دەبێتــە کــوڕە خاڵــی خــۆی، وەردەگرێــت و لــە گیرفانــی خــۆی دادەنێــت و لــە چەنــد میتریــی ســوارەکانی لــە کاتــی پیاســەکردندا بیــری لــە پلانــی کوشــتنی ڕەزا خــان کردووەتــەوە. هــەر لــەو کاتــەدا لەنێــو ســوارانی شــکاکدا، بەهــۆی ڕووداوێکــی بچــووک کێشــە ســاز دەبێــت و ئەمــەش فیکــری ســمکۆ بــە خۆیــەوە ســەرقاڵ دەکات. لــە هەمانکاتــدا کــە ســمکۆ دەیهــەوێ هــۆکاری ئــەو ناکۆکییــەی نێــو ســوارەکانی بزانــێ و بتوانــێ چارەســەری بــکات، لەنــاکاو کاروانــی ماشــینی ڕەزا خانیــش دەگاتــە لای ســمکۆ و، ئیــتر ســمکۆ دەرفەتــی بیرکردنــەوە و بڕیــاردان لەســەر کوشــتن، یــان نەکوشــتنی ڕەزا خــان

لــەلای نامێنێــت.

کاتێــک ڕەزا خــان دەگاتــە لای ســمکۆ و لــە ماشــینەکەی دادەبــەزێ، ســمکۆش بــە متمانەبەخۆبــوون و بــە ڕێزگرتنێکــی ســەربازی پێشــوازی لــە ڕەزا خــان دەکات. ڕەزا خــان کــە خــۆی لەنیــو ئــەو هەمــوو ســوارەی ســمکۆدا دەبینێــت، دەترســێ وا دەزانــێ کــە کەوتووەتــە نێــو بۆســەیەکی مەترســیدارەوە، بــەڵام بــۆ ئــەوەی بتوانــێ خــۆی لــەو مەترســییە بــە سەلامەتی ڕزگار بــکات، بــەڕووی خۆیــدا نەهێنــاوە و بــە ڕوویەکــی نــەرم بــە ســمکۆ دەڵێــت:

مــن لەمێــژە نــاوی تــۆم بیســتووە و وام زانــی کــە تــۆ کەســێکی بەتەمەنــی، بــەڵام وادیــارە کــە تــۆ گەنجێکــی لێهاتــووی و بــە باشــیش فارســی قســە دەکــەی. دواتــر پێــی دەڵێــت:

«مــن دەمهــەوێ لەمــەڕ هێندێــك پــرس لەگەڵــت بدوێــم، مــن ئەمــڕۆ کاتژمێــر ٤ دەچمــە «کۆنــە شــار» (باژێــر) و دەمهــەوێ تــۆش لــەوێ بیــت. دواتــر ڕەزا خــان ماڵاوایــی لــێ دەکات و بــە ناڕەحەتییــەوە خــۆی دەگەیەنێتــە ســەربازگەی ســەڵماس.

لــە هەمانکاتــدا ڕەزا خــان زۆر ترســاوە و کەوتووەتــە نێــو شــک و گومــان، کــە ڕەنگــە ســمکۆ هێــرش بــکات و لــە ڕەوشــێکی وەهــادا، بــەو هێــزە کەمــەوە ئــەو ناتوانــێ بــەرەوڕووی هێزەکانــی ســمکۆ ببێتــەوە، بۆیــە یەکســەر داوای کــردووە لــە تەورێــزەوە هێــزی زیاتــر ڕەوانــەی ســەڵماس بکرێــت.

بەپێــی نووســینی هێندێــک لــە نووســەرە ئێرانییــەکان، کاتێــک ڕەزا خــان لــە ســمکۆ دوور کەوتووەتــەوە، هەناســەیەکی ئارامــی هەڵمژیــوە و وتوویەتــی: «ئێمــە کەوتبووینــە نێــو بۆســەیەکی مەترســیدارەوە». هــەر بۆیــە لــە تەهماســبی تــووڕە بــووە و بــە هێندێــک قســەی ناشــیرین

سەرکۆنەی کردووە.

بەڵام سمکۆ، دوای دەربازبوونی ڕەزا خان و لەدەستدانی دەرفەتی کوشتنی، بە تووڕەییەوە لە دەوری خۆی سووڕاوەتەوە و بە دڵتەنگییەکی زۆر و بە دەنگێکی بەرزەوە وتوویەتی: «من سڵاوی نیزامی لە ڕزۆ (ڕەزا خان) بکەم و سەرمی بۆ نەوی بکەم!؟ دەبوا ئەوم کوشتبا». هەروەها وتوویەتی: «لەمەودوا هەرچیم بەسەر بێت، مافی خۆمە. بێگومان ڕۆژێک دێت کە هەمان «ڕزۆ،» ہمکوژێ».

## ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران:

لــە تورکیــە دوای ئــەوەی شــاندی حکوومەتــی نوێــی ئــەو وڵاتــە بــە سەرپەرســتیی «عیســمەت ئینۆنــۆ»، لــە پەیمانــی لۆزانــدا ١٩٢٣/٦/٢٤ بــە شــێوەی فەرمــی پشــتیان لــە بەڵێنــی پێشــووی مســتەفا کەمــاڵ بــۆ پێدانــی مافــی کــورد کردبــوو، بۆیــە کوردەکانیــش بەهــۆی «کۆمەڵــەی ئــازادی و ســەربەخۆیی کوردســتان» کــە دوو ســاڵ پێشــتر لەلایــەن «خالیــد بەگــی جــبری و یووســف زیــا» و کۆمەڵێــک ڕووناکبیــر و کەســایەتیی خــاوەن پێگــەی کــوردەوە بــە ئامانجــی ســەربەخۆیی کوردســتان دامەزرابــوو، دەســت بــە چالاکــی دەکــەن. دواتــر داوا لــە «شــێخ ســەعیدی پیران»یــش دەکــەن کــە بــۆ ڕاپەڕینــی سەرانســەری لــە باکــووری کوردســتان، پێکــەوە کار بکــەن. شــێخ ســەعید بــە داواکەیــان ڕازی دەبێــت و خەریکــی خــۆ ئامادەکــردن بــۆ وەهــا ڕاپەرینێــک دەبــن.

لــەو ســەروبەندەدا بەهــۆی ئاڵۆزییــەک کــە لەلایــەن جەندرمــە تورکەکانــەوە لــە گونــدی «پیــران»ی ســەر بــە «دیاربەکــر» هاتووەتــە پێــش کــە بــۆ گرتنــی کۆمەڵێــک کــورد کــە لەدەســت حکوومەتــی تورکیــە هەڵاتــوون، لــەو کاتــەدا شــێخ ســەعیدیش لــەوێ بــووە و ســەرەڕای ئــەوەی هەوڵــی داوە پێــش بــە گرتنــی ئــەو کوردانــە لەلایــەن تورکەکانــەوە بگــرێ و گرژییەکــە بــە ئاشــتییانە چارەســەر بــکات، بــەڵام جەندرمــە تورکــەکان شــەڕیان دەســت پــێ کــردووە. ئــەو کارە بووەتــە هــۆی ئــەوەی خەڵکــی پیــران پەلامــاری جەندرمــە تورکــەکان بــدەن و بیانکــوژن. ئــەو ڕووداوە دەبێتــە بیانوویــەک بــۆ لەشکرکێشــیی تورکــەکان بــە مەبەســتی گرتــن و کوشــتنی کــوردەکان.

بــەم شــێوەیە بەرنامــەی ڕاپەڕینــی «کۆمەڵــەی ئــازادی و شــێخ

سـەعید» زووتـر لـە کاتـی دیاریکـراو، بـە بـێ ئامادەیـی پێشـوەختە دەسـتی پـێ کـردووە. بـەو حاڵـەش لـە سـەرەتادا سـەرهەڵدانی کـورد توانیویانـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا، چەندیـن شـار و ناوچـەی باکـووری کوردسـتان لەدەسـت تورکـەکان ڕزگار بکـەن و ڕاپەڕیـن بەرفراونـتر ببـێ و خەڵکێکـی زیاتـر لـە دەوری کـۆ ببنـەوە. بەهـۆی ئـەوەی کـوردەکان ئامادەیـی تەواویـان بـۆ ڕاپەڕینەکـە نەکردبـوو، بۆیـە تورکـەکان توانیویانـە لـە مـاوەی چەنـد مانگـدا، بـە پەلامارێکـی گـەورە بـۆ سـەر ناوچـە جیاجیـاکان، وردە وردە ڕاپەڕینەکـە تێـک بشـکێنن و دەسـت بـە شـاڵاوی گرتـن و کوشـتنی کـوردە ڕاپەڕیـوەکان بکـەن.

تورکـەکان، لـە گەرمـەی ڕاپەڕینەکـەدا توانیبوویـان دوو سـەرکردەی یەکەمـی کۆمەڵـەی ئـازادی و سـەربەخۆیی، بـە ناوەکانـی: «خالیـد بەگـی جـبری و یووسـف زیـا» بگـرن و لـە ١٩٢٥/٤/١٤ لـە شـاری «بدلیـس» لـە سـێدارەیان بـدەن. دەسـتەی «سـەید عەبدولقـادر و ئەیووبـی سـێڤەرەکی و دکتـۆر فوئـاد» لـە دیاربەکـر لەسـێدارە دەدرێـن، هەروەهـا «زلکیـف ئاغـای دەشـتی گەڤـران» و هاوڕێکانـی لـە شـاری «خارپـووت» لـە سـێدارە دراون.

لـە شـاڵاوی گرتنـی کوردانـدا شـێخ سـەعید وێـڕای ٤٨ کـەس لـە سـەرۆک هـۆز و سـەرکردەکانی ڕاپەڕینەکـە لەلایـەن تورکەکانـەوە دەگیرێـن و دوای ئـەوەی شـێخ سـەعید و هاوڕێیانـی، لـە دادگای لەشـکری تورکـدا بەربەرەکانـێ و داکۆکییەکـی ئازایانـە لـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دەکـەن و تەسـلیمی داوای تورکـەکان نابـن، حوکمـی سـێدارەیان بەسـەردا دەسـەپێندرێت و لـە ١٩٢٥/٦/٢٨ لـە دیاربەکـر لـە سـێدارە دەدرێـن. تورکـەکان تەرمـی «شـێخ سـەعید» و هەڤاڵانـی لـە گۆڕێکـی بەکۆمەڵـدا دەشـارنەوە و دواتـر بینـای حکوومییـان لەسـەر ئـەو شـوێنە

دروست کردووە تا کەس نەزانێ ئەو تەرمانە لە کوێ بە خاک سپێردراون و ئێستاش و پاش دەیان هەوڵی چالاکانی سیاسی و پارێزەران و پەرلەمانتارانی باکووری کوردستان، هێشتا دەسەڵاتی سیاسیی تورکیا ئامادە نییە شوێنی گڵکۆ و بە خاکسپاردنی شێخ سەعید و هاوڕێکانی بۆ خەڵک و تەنانەت ماڵباتەکەشی ئاشکرا بکات.

تورکەکان لە درێژەی پیلانی قڕکردن و پاکتاوکردنی کورداندا، بڕیاری کۆچی زۆرەملێی کوردەکان دەدەن و لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستان دەست دەکەن بە گرتن و ڕاگواستنی نەتەوەی کورده بۆ ناوچە دووردەستەکانی ئانادۆڵ.

شایانی باسە دوای تێکچوونی «ڕاپەڕینی شێخ سەعید»، بەشێک لە سەرکردە و تێکۆشەرانی ناسراوی ڕاپەڕینەکە بە سەرکردایەتی «سلێمانێ ئەحمەد بابی فەرزەندە بەگی حەسەنی»، لەگەڵ کەرەمێ قۆلاخاسی، «خالید بەگی حەسەنی، شێخ عەلیڕەزای کوڕی شێخ سەعید، فەرزەندە بەگی حەسەنی» و نزیکەی٢٠٠ جەنگاوەری سەرهەڵدانی شێخ سەعید، لە دوو دەستەدا، ڕوو دەکەنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرەڕای هەوڵی پێشگرتنیان لەلایەن خەڵکانی نزیک لە حکوومەتی تورک، هەروەها دوای شەڕکردنیان لەگەڵ مۆڵگەی سنووریی ئێران، دەتوانن خۆیان بگەیەننە هەرێمی ماکۆ و لە «کرێ تەندووروۆک» و ناوچەی «کلیسەکەند» جێگیر دەبن.

کاتێک کە تورکەکان زانیویانە ئەوان پەڕیونەتە دیوی ئێران، یەکسەر داوایان لە کاربەدەستانی ئێران کردووە کە ئەوان ڕادەستی تورکیا بکرێنەوە. کاربەدەستانی ئێران، سەرەتا «سلێمانێ ئەحمەد» و چەند سەرکردەی دیکە، بانگ دەکەنە ئاوایی «سوورا

سالار» و دواتر وێڕای هاوڕێیانیان لە حەساری بینای قەڵاکە کۆیان دەکەنەوە و داوای ڕادەستکردنی چەکەکانیان لێ دەکەن. هاوکات هێزێکی ئێرانییەکان بە چەکی موسەلسەل لەو شوینە دامەزراون. «سلێمانێ ئەحمەد و کەرەمێ قۆلاخاسی» و دەیان کەس لە هاوڕێیانیان کە ئامادە نابن چەکەکانیان ڕادەست بکەن، لە گەرمەی دەمەقاڵەیاندا، لەناکاو دەکەونە بەر دەستڕێژی لەشکری ئێرانییەکان و لە ئاکامدا سلێمانێ ئەحمەد و کەرەمێ قۆلاخاسی و چەندین کەس لە هاوڕێیانیان شەهید دەبن و بەشێکیان دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن. «فەرزەندە بەگ» وێڕای چەند کەسی دیکە بە برینداری بە دیل دەگیرێن و دواتر بەهۆی هەوڵەکانی سمکۆی شکاک، فەرزەندە و هاوڕێیانی لەلایەن ئێرانییەکانەوە ئازاد دەکرێن و بۆ ماوەیەک لەلای سمکۆ دەمێنن. دواتر بەشێکیان دەگەڕێنەوە باکووری کوردستان و لە کۆتایی سالی ١٩٢٦دا «فەرزەندە بەگ و عەبدولباقی و خالس بەگ» پەیوەست بە «ڕاپەڕینی ئارارات» دەبن کە لەو دەمەدا لەلایەن «برۆی حەسکێ»وە دەستی پێ کردبوو. ئەوانی دیکەشیان بۆ ماوەیەک لەلای سمکۆ لە ئاوایی «هۆوەسن»ی سەر بە ناوچەی سۆمای ورمێ دەمێنن و دواتر دەگەڕێنەوە باکووری کوردستان.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوی کوژرانی سلێمانێ ئەحمەد و کەرەمێ قۆلاخاسی و هاوڕێیانیان بە دەستی لەشکری ڕەزا شای ئێران لە ناوچەی ماکۆ، چەندین گۆرانی و سترانی حەماسی گوتراون کە کاریگەریی و قووڵایی ئەو تراژدیایە، هەروەها مێرخاسی و ئازایەتیی جەنگاوەرانی ڕاپەڕینی شێخ سەعید، بە زمانی فۆلکلۆر دێننە گۆ.

**بەڵگەی ژمارە: ٤٤**

Belavkirin Hat Pejirandin 2000 / 04/17: CIA-RDP79-01009A002500030006-6

*لاپەڕە ١٩، لاپەڕەی پی دی ئێف ٢٣*

*IV .بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد*

*A . سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد*

بزووتنـــەوە نەتەوەییەکانـــی کـــورد و ســـەرهەڵدانە بەردەوامەکانـــی زیاتـــر لـــە١٠٠ ســـاڵە درێژەیـــان هەیـــە، بـــەڵام لـــە کۆتایـــی شـــەڕی یەکەمـــی جیهانـــی، تـــۆوی ناســـیۆنالیزمی مودێڕنـــی کـــوردی چێنـــدرا.

دوای شکســـتی تورکیـــە لـــە ســـاڵی١٩١٨، پەیمانـــی ســـیڤەر لـــە ســـاڵی١٩٢٠، بـــواری بـــۆ کـــورد ڕەخســـاند. ئـــەم بەڵگەنامەیـــە دانـــی بـــە هەبوونـــی کۆمەڵگـــەی پێشـــکەوتووی کـــورددا نـــا و داوای بـــە فەرمـــی ناسـینی مەرجـداری کوردسـتانێکی سـەربەخۆی کـرد کـە پێـک هاتبـوو لـەو خاکـەی کـە ئەمـڕۆ بەشـێکن لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـە.

بـــەڵام پەیمانـــی ســـیڤەر هیـــچ کاتێـــک جێبەجـــێ نەکـــرا و لـــە ژووئیـەی ١٩٢٣ گـۆڕدرا بـە پەیمانـی لـۆزان و بوونـی کـورد و ویسـت و داخوازییـە نەتەوەییەکانـی پشـتگوێ خـرا. لـە سـاڵانی دواتـردا خەونـی کوردســتانێکی ســەربەخۆ، بــە شــەڕ و تێکهەڵچــوون لــە نێــوان کــورد لەگـــەڵ حکوومەتەکانـــی ئێـــران و عێـــراق و تورکیـــە زینـــدوو ڕاگیـــرا. سیاسـەتی تورکیـە لەمـەڕ سـەرکوت و تواندنـەوەی کـورد لـە سـاڵەکانی ١٩٢٣ و ١٩٢٥ لەگـــەڵ بەرخۆدانـــی چەکدارانـــەی کـــوردەکان بـــەرەوڕوو بـــووەوە.

زۆربـــەی پەنابەرانـــی ئـــەو ســـەرهەڵدانە ناســـەرکەوتوانە بـــەرەوە ســـووریا هەڵهاتـــن، جێگایـــەک کـــە کۆمیتـــەی خۆیبـــوون (کۆمیتـــەی ســـەربەخۆیی) دامـــەزرا بـــۆ ئـــەوەی خەباتـــی ســـەربەخۆیی درێـــژە پـــێ بـــدات. لـــەو ســـاڵەدا لـــە کێـــوی «ئـــارارات» لـــە تورکیـــە کۆمەڵێـــک ســـەرهەڵدان ڕوویـــان دا. ئـــەو تەڤگـــەرە ســـاڵی ١٩٣٠ تێـــک چـــوو و «ئیحســـان نـــووری پاشـــا» وەک ڕێبـــەری شۆڕشـــی ئـــارارات بـــە ناچـــاری ڕووی لـــە تـــاران کـــرد. لـــە ســـاڵی ١٩٣٧دا دیســـانیش کـــورد لـــەدژی سیاســـەتی تواندنـــەوە لەلایـــەن تورکەکانـــەوە ســـەرهەڵدانیان کـــرد، بـــۆ مـــاوەی ســـاڵێک شـــەڕ لـــە دێرســـیم درێـــژەی کێشـــا، ئـــەو شـــوێنە کـــە کوردەکان پێداگرییـــان دەکـــرد کـــە ژن و منداڵەکانیـــان کۆمەڵکـــوژ کـــراون و دواتـــر پیـــاوەکان لـــە شـــاخەکان گەڕاونەتـــەوە.

**بەڵگەی ژمارە: ٤٥**

"Research Article published on International Crimes and History Journal, 31st October 2018 (Publication Number 19, pages 177-242) written by Moumdjian, Gabaret K. "Armenian Involvement in the 1925 (Ararat) and 1937 (Dersim), Kurdish Rebellions in Republican Turkey: Mapping the Origins of Hidden Armenians".

بابەتێـــک لەبـــارەی گۆڤـــاری تاوانـــە نێونەتەوەییـــەکان، ڕێکەوتـــی ٢٠١٨/١/٣١ (ژمـارە ١٩، لاپەڕەکانـی ١٧٧-٢٤٢) کـە لەلایـەن «مومـد ژیـان و گابـارت. ک»یـەوە نووسراوەتـەوە. «پەیوەسـتبوونی ئەرمەنییـەکان بـە ڕیـزی سـەرهەڵدانەکانی کـورد لـە کۆمـاری تورکیـە لـە سـاڵی ١٩٢٥ (ئـارارات) و سـاڵی ١٩٣٧ (دێرسـیم): نەقشـەی قەومـی ئەرمەنییـە شـاردراوەکان".

لاپەڕەی ١٨٣ و ١٨٤، بەشی سێیەم

١٩٢٥: سـەرهەڵدانی شـێخ سـەعیدی پیـران و پێوەندییەکانـی لەگـەڵ ئەرمەنییـەکان:

لـە بـواری مێژوونووسـیی کـورددا هاوڕاییەکـی فـراوان هەیـە، کـە لەنێـو سـەرهەڵدانەکانی کـورددا -دیارترینیـان شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران لـە سـاڵی ١٩٢٥- لـە تورکیـەی کۆمـاری هاندەرێکـی ئایینـی هەبـوو. مسـتەفا کەمـاڵ بـە هەڵوەشـاندنەوەی دامـەزراوەی خەلافـەت لـە سـاڵی ١٩٢٤ و دەستنیشـانکردنی فۆرمێکـی ڕۆژئاوایـی بـۆ کۆمەڵگـە، مافـە بنەڕەتییەکانـی حەشـیمەتی عەشـیرەتیی کـورد، لـە بەشـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی کۆمـاری نـوێ بـە پێچەوانـە کـردەوە (تووشـی شکسـت کـرد).

ل: ١٨٤، بەشی ٥

لــە ٨ی شــوباتی ســاڵی ١٩٢٥ ســەرهەڵدانێکی کــوردەکان لــە ویلایەتێکی ڕۆژهەڵاتی تورکیە دەستی پێ کرد. ئامانجی سەرهەڵدانی شێخ سەعید ئەوە بوو لەڕێگای نیزامییەوە سەربەخۆیی کورد ڕابگەیەنێت. سەرهەڵدانەکە ڕووبەری ٥٠-٦٠ کم چوارگۆشە واتە تا گۆڵی وانی لەخۆ گرتبوو. سەرهەڵدانەکە لە نیسانی ١٩٢٥ تێک شکا و ڕێبەرەکانیشی لە دیاربەکر لەسێدارە دران.

ئەوەی کە جێی سەرنجە بۆ نووسین ئەوەیە، کە زۆربەی ئەرمەنییەکانی ڕۆژئاوا – پێشینەی ئەو ئەرمەنییانەی کە دواتر بە ئەرمەنیی کوردبوو، یان ئیسلامی بوو، ناسران- بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کرد. یەکێک لەو ئەرمەنییانە کە کەسێکی ناوداریش بوو بەناوی «بۆگهۆسی چەمیزگەزاک» لە ٢٦ی سێپتامبر مەحکووم بە مەرگ کرا. کاربەدەستانی تورکیە سەرۆکایەتیی کەمپەینێکی میدیاییان کرد و سەرنجیان خستە سەر بەشداربوونی پارتیزانە ئەرمەنی و ئاسوورییەکان لەنێو سەرهەڵدانی شێخ سەعید.

## سەرهەڵدانی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان سمکۆ و عەمەرخان:

کاتێک کە سەرۆکعێلانی شکاک و بەتایبەتی «قۆتاز مامەدی» هەستیان پێ کردووە کە درێژەکێشانی ڕەوشی ئاڵۆزیی نێوان سمکۆ و عەمەرخان دەگاتە شەڕێکی وێرانکەر لەنێو شکاکەکان، ناچار دەبن بڕۆنە لای سمکۆ و تکای لێ بکەن کە ڕازی بێت بۆ بانگهێشتی عەمەرخان بۆ ئاوایی «هۆوەسن»ی سۆما و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

سەرەتا سمکۆ دەیهەوێ لەڕێگای هێزەوە، عەمەرخان ناچار بکات بۆ خۆڕادەستکردن و ملکەچبوون، بەڵام لە هەمانکاتدا دەیزانی کە عەمەرخان ئەو کەسە نییە ئەوەندە بە ئاسانی خۆی ڕادەست بکات، بۆیە ئەو داوایەی قۆتاز و سەرۆکعێلە ئاشتیخوازەکانی قبووڵ کردووە. سمکۆ بۆ ئەو مەبەستە دو نێردراوی خۆی بە ناوەکانی «حاجی عەتمانی و عەمکێ نێعمەتی»، کە لە دژبەرانی عەمەرخان بوون، بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی ڕادەسپێرێ کە بچنە گوندی «زندەشت» لای عەمەرخان.

بەڵام «قۆتاز مامەدی و سەرتیپ مامەدی» دەزانن ئەو دوو نێردراوەی سمکۆ بە هۆکاری ئەوەی کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ عەمەرخان باش نییە، ناتوانن ئەرکی گەڕاندنەوەی عەمەرخان بۆ هۆوەسن بەجێ بگەیەنن. بۆیە داوایان لە سمکۆ کردووە باشترە دوو کەسی هێندێک نەرم و بێلایەن، ئەو پەیامەی بگەیەننە عەمەرخان، بەڵام سمکۆ ئەو داوایەی قبووڵ نەکردووە و هەر ئەو دوو کەسەی ناردووەتە لای عەمەرخان.

بـــەم شـــێوەیە نێردراوەکانـــی ســـمکۆ لـــە کاتێکـــی وا هەســـتیاردا ڕۆیشـــتوونەتە گونـــدی زندەشـــت بـــۆ لای عەمەرخـــان. هەرچەنـــد عەمەرخـان بـە بینینـی ئـەو دوو کەسـە تووشـی سەرسـووڕمان دەبـێ، بـەڵام دیسـانیش بـەڕووی خۆیـدا نەهێنـاوە و بـە گەرمـی پێشـوازیی لـەو دوو نێـردراو کـردووە. کاتێـک نێـردراوەکان پەیامـی سـمکۆ لەمـەڕ بانگهێشـتکردنی عەمەرخـان بـۆ هۆوەسـن دەگەیەننـە عەمەرخـان، سـەرەڕای ئـەوەی عەمەرخـان بـە وەرگرتنـی پەیامـی سـمکۆ دڵخـۆش بـووە، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا دوودڵ بـووە، کـە ئاخـۆ بچێـت یـان نـە، دوای بیرکردنـەوە و ڕاوێـژ لەگـەڵ کەسـانی نزیـک لـە خـۆی، بڕیـار دەدات بـڕوات بـۆ ئـەوەی بتوانـێ ئـەو کێشـە و ناکۆکییانـەی لەگـەڵ سـمکۆ هەیانـە، چارەسـەری بکـەن.

بـەم شێوەیە عەمەرخـان و ئـەو نێـردراو و نامەبەرانـە لـە زندەشـتەوە وەڕێ دەکـەون و دوو بـرای ناوبراویـش بـە نـاوی «حاجـی یووسـف» لـە گونـدی «سـیدان» و «حوسـێن» لـە «مەمـەکان»ەوە دێـن و لەگـەڵ دەیـان سـواری خۆیـان بـەرەو گونـدی «هۆوەسـن» دەکەونـە ڕێ. لـە هەمـان کاتـدا عەمەرخـان بـۆ ڕەچاوکردنـی ڕێوشـوێنی پێشـبینیکراو، فەرماندەکـەی بەنـاوی «لەتیـف چـاوش» لەگـەڵ هێزێکـی کاردارەکان لـە گونـدی مەمـەکان بەجـێ دەهێڵێـت.

لەبەرئـەوەی نێردراوەکانـی سـمکۆ بڕوایـان نەدەکـرد عەمەرخـان وا بـە ئاسـانی پەیامـی سـمکۆ قبـووڵ بـکات و بێتـە هۆوەسـن، نیگـەران دەبـن کـە ئەگـەر عەمەرخـان و سـمکۆ ڕێـک بکـەون، ئـەوکات ڕووی ڕاسـتەقینەیان لـەلای سـمکۆ ئاشـکرا دەبێـت، هـەر بۆیـە هـەردوو نێردراوەکـە بـۆ ئـەوەی عەمەرخـان لـە ڕۆیشـتن بـۆ لای سـمکۆ دڵسـارد بکەنـەوە، پێکـەوە ڕاوێژیـان کـرد کـە ئاخـۆ دەتوانـن چ بکـەن.

حاجـی عەتمانـی کـە پێشـتر بەهـۆی هـاوکاری لەگـەڵ ئەحمـەد ئاغـا، لەلایـەن سـمکۆوە، بـە پشـتیوانی عەمەرخـان گیرابـوو و سـزا درابـوو، بـە عەمکـێ نعمەتـی دەڵـێ: «ئەگـەر مـن قسـەیەک بـە عەمەرخـان بڵێـم، ئـەو بـڕوام پـێ نـاکات، باشـترە خـۆت لەگەڵـی قسـە بکـەی و لـە ڕۆیشـتنەوەی بـۆ لای سـمکۆ دڵسـاردی بکەیـەوە». عەمکێـش قسـەکانی حاجـی عەتمانـی قبـووڵ دەکات و بـە عەمەرخـان دەڵێـت: «ڕاسـتە کـە ئێمـە قاسـیدی سـمکۆین و پەیامـی سـمکۆمان گەیاندووەتـە ئێـوە، بـەڵام ئەگـەر لەسـەر حیسـابی قسـەی ئێمـە، بڕۆیتـە لای سـمکۆ و لـەوێ بەڵایـەک بەسـەرت بـێ، ئـەوکات ئێمـە بەرپرسـیار نیـن و تەنیـا لەسـەرمان بـوو کـە ئـەم پەیامـەت پـێ بگەیەنیـن».

کاتێـک عەمەرخـان ئـەو قسـەیەی عەمکێـی گـوێ لـێ دەبێـت، هێندێـک بیـر دەکاتـەوە و جارێکـی دیکـە دەکەوێتـە نێـو دوودڵـی کـە ئاخـۆ بڕواتـە لای سـمکۆ، یـان نـەڕوات، بۆیـە عەمەرخـان جارێکـی دیکـە لەگـەڵ براکـەی حوسـێن و پیـاوە گەورەکانـی کارداران دەکەوێتـە ڕاوێـژ و گفتوگـۆوە. حوسـێنی بـرای دەڵێـت، کـە وایـە تـا بەڵێنێکـی متمانەپێکـراو لەلایـەن سـمکۆوە نەگاتـە ئێمـە، ڕۆیشـتنی ئێمـە بـۆ لای سـمکۆ بـێ ئەنجـام دەبێـت. عەمەرخانیـش ئـەو قسـەیەی براکـەی و سـەرۆکعێلەکانی کاردار قبـووڵ دەکات و چوونـی بـۆ لای سـمکۆ دوا دەخـات.

دوای ئـەو بڕیـارە عەمەرخـان بـە نێـردراوەکان دەڵێـت، بـە سـمکۆ ڕابگەیەنـن کـە ئـەو بـاش دەزانـێ ئەحمـەد ئاغـای بـرای سـمکۆ و هێندێـک لـە سـەرۆکعێلانی دەوروبـەر خۆشـیان لـە مـن نایـەت و هـەر ئـەو کەسـانە بـوون کـە بـەردەوام لەسـەر مـن قسـەی ناڕاسـتیان لـەلای سـمکۆ کـردووە، بۆیـە نابـێ سـمکۆ بڕوایـان پـێ بـکات.

عەمەرخـان لـە درێـژەی ئاخافتنەکەیـدا بـە نێـردراوەکان دەڵێـت، بـە سـمکۆ بڵێـن بـۆ ئـەوەی ئێمـە لـە دوارۆژدا شـەرمەزاری یەکـتر نەبیـن، بـا سـمکۆ بەڵێنێکـی متمانەپێکراومـان پـێ بـدات، کـە لەمـەودوا ڕێـزی ئێمـە وەک جـاران لـە لای ئـەو پارێـزراو دەبـێ، ئـەوکات منیـش بـە عێلـی خۆمـەوە دەکەومـە خزمەتـی ئـەو.

کاتێـک قاسـیدەکان ئـەو پەیامـەی عەمەرخـان دەگەیەننـە سـمکۆ، ئـەو زۆر تـووڕە دەبـێ و فەرمـان بـە هێزێکـی شـەڕڤانانی خـۆی دەدات، کـە هێـرش بکەنـە سـەر گوندەکانـی عێلـی دەلان لـە ناوچـەی ژێـر کۆنترۆڵـی عەمەرخـان. هێزەکانـی سـمکۆ دوای گرتنـی چەنـد گوندێکـی چۆڵکـراوی عێلـی عەمەرخـان، ڕوو دەکەنـە گونـدی مەمـەکان کـە فەرمانـدەی هێزەکانـی عەمەرخـان، لەتیـف چـاوش لـەوێ سـەنگەری گرتبـوو.

لەلایەکـی دیکـەوە سـمکۆ بەپێـی ڕێککەوتنێـک کـە پێشـتر لەگـەڵ هێزەکانـی ئێرانـی هەیبـوو، داوا لـە کاربەدەسـتانی حکوومەتـی ئێـران دەکات کـە ئەوانیـش لـە شـاری سەڵماسـەوە هێـرش بکەنـە سـەر گونـدی زندەشـت. کاتێـک عەمەرخـان ئـەو ڕەوشـە دەبینـێ، دەزانـێ کـە ئاکامـی شـەڕ لەگـەڵ سـمکۆ و حکوومـەت ئێـران هیچـی لـێ شـین نابـێ، هـەر بۆیـە فەرمانـی بـە سـوارەکانی خـۆی داوە، کـە بەبـێ شـەڕکردن خۆیـان لـە گەمـارۆی هێزەکانـی ئێـران ڕزگار بکـەن و لـەو دەڤەرانـەی کـە هێزەکانـی سـمکۆی لێیـە، دوور بکەونـەوە.

لەگـەڵ ئـەم بڕیـارە، عەمەرخـان لەگـەڵ ژمارەیـەک لـە سـوارەکانی توانیویانـە بـە ڕێگایەکـی دیکـەدا خۆیـان لـە گەمـارۆی هێزەکانـی حکوومـەت و سـمکۆ ڕزگار بکـەن و خۆیـان بگەیەننـە ناوچـەی «ترگـەوەڕ» کـە هاوسـنووری دیـوی باکـووری کوردسـتانە.

## بەڵگەی ژمارە: ٤٦

PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:
FO 248/1375 23484
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

Extract from Report No. 11 (Arbil Area), dated 23rd November, 1926, received from the Special Service Officer, Mosul.

----------

PERSIA.

3. SIMKO.

(a) Salar-i-Dowlah, when starting the rebellion in the Kermanshah area, communicated with Simko and other Kurdish chiefs asking their assistance. Simko at first took no action until Salar-i-Dowlah and the Pishdar had some success.

(b) Simko then wrote to the Turks and asked their assistance to fight against the Persians. The Turks sent two Turkish officers dressed in Kurdish dress who interviewed Simko. One of these officers was named Majid Eff. Yuzbashi. The two Turkish officers said that they were ready to give him help, but he would have to interview Sulaiman Sabri Bey.

(c) Sulaiman Sabri then came by aeroplane to a place near the frontier where he interviewed Simko and promised to supply him with a force of one Division and offered him ammunition.

(d) Simko also requested help from the Bolsheviks who promised to render him every possible assistance.

(e) Simko, relying on both the Turkish and the Bolshevik promises, started the rebellion by sending a party of the Herki and Barda Sori tribes of Persia to attack Ushnu. They looted the bazaar and burnt several houses.

(f) In the meantime his lashkar, consisting of few Kurdish refugees of the Hassanan and his own followers, occupied Kuhna Shehr (Maunsell sheet No.20 Sq. 23) and then moved towards Dilman. He fought

for/

PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:-
FO 248/1375 23489
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

134

H. C. P./85 A. 22

Reference to previous correspondence :—

SECRET.

No. S.O. 2933.

THE RESIDENCY,

Baghdad, the 13th December, 1926.

BRITISH LEGATION
23 DEC 1926
TEHERAN

Sir,

I have the honour to transmit to you, for information, 4 copies of the papers noted below on the subject of Simko's attack on Ushnu.

I have the honour to be,

Sir,

Your most obedient, humble servant,

(Sd.) H. Dobbs.

H.B.M's Minister,
Teheran.

| Date. | Subject. |
|---|---|
| 23/11/26. | Extract from Report No. 11 (Arbil Area), received from the Special Service Officer, Mosul. |
| T.C. | |

وەرگیراو لە ڕاپۆرتی ژمارە. ١١ (ناوچەی هەولێر)

ڕێکەوتی ٢٣/١١/ ١٩٢٦، گەیشتوو لە ئەفسەری خزمەتگوزاری تایبەت، مووسڵ

فارس (ئێران)

٣. سمکۆ

ئا) کاتێک «سالارولدەولە» لە کرماشان ڕاپەرینی دەست پێ کرد، پێوەندیی بە سمکۆ و سەرۆکەکانی دیکەی کوردەوە کرد و داوای بەرخۆدانی لێ کردن. سەرەتا سمکۆ هیچ کارێکی نەکرد تاکوو سالارولدەولە و پشدەرییەکان هەندێ سەرکەوتنیان هەبوو.

ب) پاشان سمکۆ نامەیەکی بۆ تورکەکان نووسی و داوای هاوکاری بۆ شەڕ دژی فارسەکانی کرد. تورکەکان دوو ئەفسەری تورکیان بە جلی کوردی نارد کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سمکۆ کرد. یەکێک لەو ئەفسەرانە «مەجید یووزباشی» بوو. دوو ئەفسەرە تورکەکە گوتیان ئەوان ئامادە بوون یارمەتیی بدەن، بەڵام ئەو دەبوا چاوی بە «سولەیمان سەبری» کەوتبا.

ج) پاشان سولەیمان سەبری بە فڕۆکەیەک هاتە نزیک سنوور، ئەو شوێنەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سمکۆ کرد و قەولی تەیارکردنی سمکۆ بە دەستەیەک هێز و پێشنیاری چەک و چۆڵی پێ دا.

د) سمکۆ هەروەها داوای یارمەتی لە بولشویکەکان کرد کە قەولی پێدانی هەموو یارمەتییە مومکینەکانیان دابوو.

ی) سمکۆ کە پشتی بە بەڵێنەکانی دوو لایەنی تورک و بولشویکەکان بەست، دەستی کرد بە شۆڕش و لە ڕێگای ناردنی بەشێک لە عەشیرەتەکانی هەرکی و برادۆستی دیوی (ئێران) بۆ

هێرشـكردنه سـەر شـنۆ. ئـەوان بازاڕیـان تـاڵان كـرد و چەندیـن ماڵیـان سـووتاند.

ف) لـە هەمانكاتـدا لەشـكرەكەی كـە پێكهاتبـوو لـە ئاوارەكانـی كـورد لـە «حەسـەنان» و لایەنگرانـی خـۆی، كۆنـە شـار (بازێر)یـان داگیـر كـرد (لاپـەڕەی مانسـێل، ژمـارە. ٢٠، سرەی ٢٣) و پاشـان بـەرەو دیلـمان جووڵەیـان كـرد. ئـەو شـەڕی دەكـرد بـۆ...؟

ئـەو بەڵگەیـە هـی بریتانیایـە، لەبەرئـەوەی مـۆری نوێنەرایەتیـی بریتانیـای لـە تـاران پێوەیـە بـە ڕێكەوتـی ١٩٢٦/١٢/٢٣.

## بەڵگەی ژمارە: ٤٧

https://drive.google.com/file/d/1l4jAm1NEWUEOuj60GX-zMIsEyU0oLAU-N/view?ts=5eae6685

283

**SHIKAK**

| 5 | | | 6 | | 7 |
|---|---|---|---|---|---|
| Armed Men. | | | Rifles. | | Notes. |
| Horse. | Foot. | Total. | Modern. | Old but Serviceable. | |
| 1,075 | 1,025 | 3,100 | 1,100 | — | Sedentary, pastoral and agricultural. |
| 200 | — | — | — | — | |
| 350 | — | — | — | — | |
| 150 | — | — | — | — | |
| 50 | — | — | — | — | |
| 200 | — | — | — | — | |
| 50 | — | — | — | — | |
| — | — | — | — | — | |

*Religion.*—Sunni.

*Internal Cohesion.*—Cohesion has suffered within the last few years owing to the rivalry between Simko and Umar Khan. The Persian Government has encouraged the latter to act as a counterpoise to Simko, whose attitude is always rebellious. Simko was in 1928 a refugee in Turkey, being located at Bajirga, north-east of Diza, near the Persian frontier, with a small following of some 100 men. Umar Khan is recognised as chief by the Persian Government, but he is not strong enough to command the allegiance of the whole tribe. The smaller chiefs fear Simko, and keep on good terms with him pending his return to the tribe.

*External Relations.*—Simko is related to Saiyid Taha, on whose land in 'Iraq he was living in 1926–27. Friendly to the Herki of the Mawana area. Keeps in touch with Babekr Agha of the Pizhder. The tribe is the bane of the non-tribal and Christian inhabitants of the Salmas plain and Dilman.

*Political Attitude.*—Simko, a notorious brigand, prior to his flight, controlled the tribal policy towards the Persian and Turkish Governments. He was always in more or less open rebellion against the former, while keeping on reasonable terms with the latter. A violent pro-Kurd, both Turks and Persians undertook operations against him in 1926, and he was forced to flee to 'Iraq, where he remained for two years before proceeding to Turkey. The tribe is now quiet. Simko protests that he is pro-British, but his real attitude is probably confined to being pro-Simko.

*Punitive Measures.*—Would necessitate the occupation of Dilman, Salmas and Urumieh.

*Fighting Ability.*—The tribe has a reputation for quick raiding. The

ڕاپۆرتی لەشکری بریتانیا

لاپــەڕەی بەڵگــە ٣١١، لاپــەڕەی کتێــب ٢٨٣، هەمــوو پاراگرافەکانــی لاپــەڕە

شکاک/ ڕەوشی ئابووری

مەزهەب: سوننە

یەکگرتوویــی ناوخۆیــی- بەهــۆی ململانێــی نێــوان ســمکۆ و عەمەرخــان، یەکگرتوویــی ئــەوان لــە چەنــد ســاڵی ڕابــردوودا زەرەری بینیــوە. حکوومەتــی فــارس عەمەرخانــی هــان دا کــە وەک جێگــرەوەی ســمکۆ و کەســێکی ســەربزێو کار بــکات. ســمکۆ لــە ســاڵی ١٩٢٨دا لــە تورکیــە پەنابــەر بــوو، ئــەو لــە باکــووری ڕۆژهەڵاتــی «دزە» لــە «باژێرگــە» لــە نزیــک ســنووری فــارس (ئێــران)، لەگــەڵ گرووپێکــی١٠٠ کەســی لــە لایەنگرانــی لــەوێ جێگیــر بــوون.

عەمەرخــان لەلایــەن حکوومەتــی فارســەوە وەک ســەرۆک قبــووڵ کــرا، بــەڵام ئــەو هێنــدە بەهێــز نییــە کــە بتوانــێ بڕیــار لەســەر یەکگرتوویــی هەمــوو عەشــیرەتەکان بــدات و ســەرکردایەتییان بــکات. ســەرۆکە بچووکــەکان لــە ســمکۆ دەترســن، پێوەندیــی باشــیان لەگەڵــی هەیــە و چاوەڕێــی گەڕانــەوەی ناوبــراو و بــۆ نێــو عەشــیرەتەکەی دەکــەن.

پێوەندییەکانــی دەرەوە – ســمکۆ لەگــەڵ ســەید تەهــا پێوەندیــی هەیــە و لەگــەڵ ئــەو کــە لــە خاکــی عێراقدایــە، لــە ساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧ ژیــاوە. هاوڕێــی هەرکییەکانــی ناوچــەی «ماوانە»یــە. ئــەو پێوەندیــی بەردەوامــی لەگــەڵ «بابەکــر ئاغــای پشــدەر» هەیــە.

## پلانی سمکۆ بۆ گەڕاندنەوەی عەمەرخان و دەستبەسەرکردنی:

کاتێـک سـمکۆ زانیویەتـی عەمەرخـان لـە گەمـارۆی هێزەکانـی ئـەو و هـی حکوومـەت ڕزگاری بـووە و لـەوە تـێ گەیشـتووە ناتوانـێ بـە زۆر عەمەرخـان دەستبەسـەر بـکات، هەروەهـا نیگەرانـی ئەمـەش بـووە کـە لـە دواڕۆژدا «عەمەرخان»یـش بـۆی ببێتـە ئاریشـەیەکی جیـددی. بۆیـە بـۆ ئـەوەی بتوانـێ عەمەرخـان بگەڕێنێتـەوە لای خـۆی، تاکتیکێکـی دیکـەی گرتووەتـە پێـش.

سـمکۆ بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو مەبەسـتە و بـۆ گەیاندنـی پەیامەکـەی، پێوەندیـی بـە سـەرۆکعێلەکانی دەڤـەری «ترگـەوەڕ»ەوە کـردووە و «بەحـری بـەگ»ی کـوڕی «تەمـر ئاغـا»ی لەگـەڵ چەنـد سـوارێک بـۆ هەڤدیتنـی سـەرۆکعێلی «بەگـزادەکان»، «نـووری بـەگ و حاجـی ئاغـای گـەورەی هەرکییـەکان» لـە ناوچـەی ترگـەوەڕ ئەرکـدار کـردووە.

سـمکۆ لـە پەیامەکەیـدا داوا لـەو سـەرۆکعێلانە دەکات کـە بـا ئەوانیـش بـۆ گەڕاندنـەوەی عەمەرخـان یارمەتیـدەری بـن و لەسـەر نـاوی ئـەو بـۆ ئەمنیەتـی گیانیـی ناوبـراو دەتوانـن بەڵێنیـی پـێ بـدەن. کاتێـک «بەحـری بـەگ» گەیشـتووەتە گونـدی «ماوانـە» و پەیامـی سـمکۆی گەیاندوویەتـە «نـووری بـەگ و حاجـی ئاغـا» و بـۆ متمانـەی ئـەوان، لەسـەر نـاوی سـمکۆ سـوێندی بـۆ ئـەوان خـواردووە و داوای لـەوان کـردووە کـە بـڕوا بـەو بەڵێنـەی سـمکۆ بکـەن و عەمەرخـان ڕازی بکـەن کـە بگەڕێتـەوە لای سـمکۆ. دوای سـوێندخواردنی بەحـری بـەگ، ئەوانیـش دێنـە سـەر ئـەو بڕوایـەی کـە سـمکۆ لـە عەمەرخـان خـۆش دەبێـت. بۆیـە نـووری بـەگ و حاجـی ئاغـا لەگـەڵ عەمەرخـان

قسـه دەکـەن و «عەمەرخان»یـش بـە قسـەیان دەکات و داواکەیـان لەمـەڕ گەڕانـەوە بـۆ لای سـمکۆ قبـووڵ دەکات.

عەمەرخـان سـەرەڕای ناڕازیبوونـی «حوسـێن»ی بـرای، کـە بـڕوای بـەو بەڵێنـە نەبـوو کـە پێیـان درابـوو، بـەڵام داوای نـووری بـەگ و حاجـی ئاغـا قبـووڵ دەکات و لەگـەڵ نـووری بـەگ، حاجـی ئاغـا و بەحـری بـەگ کـە نزیکـەی ٤٠٠ سـواریان لەگەڵـدا بـووە، دەگەنـە نزیـک گونـدی هۆوەسـن.

عەمەرخـان بەرلـەوەی بگەنـە هۆوەسـن، بـە ئامانجـی ڕێزگرتـن لـە سـمکۆ، ئـەو لـە هاتنـی خـۆی ئـاگادار دەکات. سـمکۆش بەرلـە هاتنیـان سـەرەڕای ئـەو بەڵێنـەی کـە دابوویـە نـووری بـەگ و حاجـی ئاغـا، بـە مەبەسـتی دەستبەسـەرکردنی عەمەرخـان، سـەرۆکعێڵەکانی شـکاکی بانگهێشـت کردبـوو و پێیانـی وتبـوو، کـە نابـێ کاتێـک عەمەرخـان دەگاتـە ئـەوێ، سـوارەکانی لـەلای یەکـتر بمێنـن و پێیـان بڵێـن کـە گونـدی هۆوەسـن بەشـی هەمـوو میوانـەکان نـاکات، بۆیـە بـا سـوارەکان بەسـەر گوندەکانـی دەوروبـەردا دابـەش بکرێـن و دوای دابەشـکردنی سـوارەکانیان، دەسـت بەسـەر چـەک و تەقەمەنییەکانیانـدا بگـرن.

کاتێـک عەمەرخـان لەگـەڵ نـووری بـەگ، حاجـی ئاغـا و بەحـری بـەگ دەگەنـە گونـدی هۆوەسـن، چەنـد مەتـر دوورتـر لـە جێـگای سـمکۆ، لـە ئەسـپەکانیان دادەبـەزن و وەک ڕێزگرتـن لـە سـمکۆ، بەپـێ تـا لای سـمکۆ دەچـن، کاتێـک کـە عەمەرخـان و دوو بـرای بـە ناوەکانـی «حوسـێن و یووسـف» دەگەنـە لای سـمکۆ، وەک ڕێزگرتـن سـەریان دەچەمێنـن و لەسـەر پـێ ڕادەوەسـتن. سـمکۆ ئیجـازەی دانیشـتنیان پـێ دەدا و ڕوو دەکاتـە عەمەرخـان و پێـی دەڵێـت: «عەمـێ! کا پێـم بڵـێ،

مـن چ خراپەیەکـم لەگـەڵ کـردووی، کـە تـۆ بـەم شـێوەیە لێـم قاچـاخ بـووی!؟».

لـەو کاتـەدا چەنـد سـەرۆکعێلی دیکـەی شـکاکیش کـە لـەوێ بـوون؛ عەمەرخـان دەڵێـت: «ئاغـا! مـن خـۆم بـە خزمەتـکارت دەزانـم و لێـت قاچـاخ نەبوومـە و ناشـبم، بـەڵام مـن لـە ترسـی قەهـر و سـزادانی تـۆ هەڵاتوومـە. چونکـە ئـەو کەسـانەی دەوروبـەرت بـەردەوام پێیـان دەگوتـم، کـە ئاغـا بڕیـاری داوە بـە دەسـتبڕین سـزات بـدا. یەکێـک لـەو کەسـانە، هـەر ئـەو «کەلـەش»ەی «شـپیران»ێیە، کـە ئێسـتا لـە تەنیشـتت دانیشـتووە».

کاتێـک کـە عەمەرخـان ئـەم قسـەیەی کـردووە، «کەلـەش» لـە ترسـان تاقەتـی نەهێنـاوە و یەکسـەر وتوویەتـی: «نازانـم ئـەم عەمەرخانـە چ کاری بـە خەڵکدایـە و هـەر باسـی خەڵـک دەکات، لەعنـەت لـە درۆزن بێـت». دوای ئـەو قسـانە، بـە ئامـاژەی سـمکۆ، دوو کـەس لەبـەر چـاوی جڤاتـی دیـوان، بـە تووڕەییـەوە ڕوو لـە عەمەرخـان دەکـەن و پێـی دەڵێـن: «عەمـێ! هەڵسـە، دەبـێ تـۆ و «حسـۆ» و «ئوسـوو» بەنـد بکرێـن. هەروەهـا لەسـەر فەرمانـی ئاغـا، بێجگەلـە دەمانچەکـەت، دەبـێ ئێـوە هەمـوو چـەک و تەقەمەنییەکانیشـتان ڕادەسـتمان بکەنـەوە».

عەمەرخـان و هـەردوو براکـەی سـەرەڕای ئـەوەی کـە لـە بەرانبـەر ئـەم کردەوەیـەی سـمکۆ سـەریان سـووڕ مـاوە، بـەڵام دیسـانیش بـەڕووی خۆیانـدا نەهێنـاوە و بـە بێدەنگـی چەکەکانیـان دانـاوە و بـەرەو بەندیخانـە وەڕێ کەوتـوون. کاتێـک دەچـن، دەبینـن کـە گرتووخانەکەیـان، تەوێڵـەی ئەسـپەکانە و چەنـد نیگابانیشـیان بـۆ دانـاوە. لـە هەمانکاتیشـدا بەپێـی ئـەو پلانـەی کـە پێشـتر دایانڕشـتبوو،

سـوارەکانی عەمەرخـان، ئەوانـەی نێـو گونـدی هۆوەسـن و دەوروبـەری، لەلایــەن لایەنگرانــی ســمکۆوە چــەک دەکرێــن.

دوای بردنــی عەمەرخــان و براکانــی بــۆ تەوێڵەکــە، هێندێــک لــە ســەرۆکعێلەکانی شــکاک کــە ڕقیــان لــە عەمەرخــان بــووە، بــەم کارە دڵخـۆش بـوون، بـەڵام یەکێـک لـەو کەسـانەی کـە بـەم کارەی سـمکۆ دڵگـران و نـاڕازی بـووە، «قۆتـاز مامـەدی» بـووە، کـە هـەر لـەوێ و لـە ڕووی سـمکۆدا ناڕازیبوونـی خـۆی لەمـەڕ ئـەم کارە هێناوەتـە بەربـاس.

شــایانی باســە کاتێــک ســمکۆ بڕیــاری چەککردنــی عەمەرخــان و براکانــی دەرکردبــوو، بــە نیگابانەکانــی گوتبــوو: «دەمانچەکــەی لــێ وەرنەگـرن، بـا لای خـۆی بێـت». دەگوتـری کـە مەبەسـتی سـمکۆ ئـەوە بـووە کـە دوای ئـەم ڕیسـواکردنەی عەمەرخـان، بەڵکـوو عەمەرخـان بـەو دەمانچەیـە خـۆی بکـوژێ، کـە بـەم شـێوەیە هـەم لەدەسـت نیگەرانـی و سەرئێشــەی عەمەرخــان ڕزگاری بێــت و هەمیــش خۆکوشــتنی عەمەرخــان نەکەوێتــە ئەســتووی ئــەو.

بــەڵام کاتێــک عەمەرخــان بیــر لــەو کارەی جەنگاوەرانــی ســمکۆ دەکاتــەوە بۆچــی دەمانچەکەیــان لــێ وەرنەگرتــووە، دەزانــێ کــە ســمکۆ نیەتێکــی لــەو کارەی هەبــووە، بۆیــە خــۆی ناکوژێــت.

لەلایەکــی دیکــەوە، کاتێــک نــووری بــەگ، حاجــی ئاغــا و هێندێــک ســەرۆکعێلی شــکاک ئــەم کارەی ســمکۆ دەبینــن، زۆر دڵگــران و تووشــی سەرســووڕمان دەبــن و دێنــە ســەر ئــەو بڕوایــە کــە خیانەتیــان لــە عەمەرخــان کــردووە. بۆیــە لەگــەڵ ئــەوەی کــە کاتــی خواردنــی نانــی نیــوەڕۆش بــووە، ئــەوان لەجێــدا هەڵدەســتن و لــە هۆوەســن وەدەردەکــەون و بــەرەو ترگــەوەڕ وەڕێ دەکــەون.

دواتــر دەستبەســەرکردنی عەمەرخــان لەلایــەن ســمکۆوە، دەبێتــە

هــۆی دڵگرانیــی لایەنگــران و عێلــی کاردارەکان لــە ترســی هێرشــی هێزەکانــی ســمکۆ، کەســانی نزیــک بــە عەمەرخــان لــە گوندەکانیــان بــەرەو گوندەکانــی عەجەمــەکان لــە دەوروبــەری ورمــێ ئــاوارە دەبــن.

## ڕادەستکردنی عەمەرخان بە دەوڵەتی ئێران لەلایەن سمکۆوە:

کاتێک سمکۆ بیر لەوە دەکاتەوە کە بڕیاردان لەسەر سزادانی عەمەرخان و براکانی هەستیارە، سەرەڕای ئەوەی ئەو بۆ خۆی خاوەن دەسەڵات و خاوەن بڕیار بووە، بەڵام بە پێویستی دەزانێ لەگەڵ هێندێک لە سەرۆکعێلەکانی شکاک وەک «تەمر ئاغای مامی سمکۆ، محۆیێ میرۆ، محێ عەتمانی، عەودالێ حیۆ، عەودیێ میرزا محەمەد و محەمەد تەورێزی» ڕاوێژ بکات و بۆچوونیان وەربگرێت.

ئەو کەسانەی کە سمکۆ لەگەڵیان ڕاوێژی کردووە، دوو دەستە بوون، هێندێکیان دەستەی ئەحمەد ئاغا بوون، کە هەر لە کۆنەوە هەڤرکییان لەگەڵ عەمەرخان هەبووە. دەستەی دووەمیش بە ڕواڵەت لەگەڵ سمکۆ بوون، بەڵام لەژێرەوە لەدژی سمکۆ بوون و دەیانەویست بە کوشتنی عەمەرخان، سمکۆ بە یەکجاری لاواز ببێ و لەنێو بچێت. بۆیە هەردوو لایەن ڕازیبوونی خۆیان لەگەڵ کوشتنی عەمەرخان بە سمکۆ ڕاياگەیاندووە.

بەڵام لەنیو ئەو هەردوو دەستەیەدا، کەسێک بە ناوی «مەحموود ئاغا» کە بە «مامکێ» دەناسرا و لە کەسە نزیکەکانی سمکۆ بووە، لەدژی ئەو بڕیارە هەڵوێست دەگرێت و ڕوو لەو دوو دەستەیە پێیان دەڵێت: «ئێوە باش دەزانن کە عەمەرخان لەنێو شکاکەکاندا کەسێکی دیار و خاوەن پێگەیە. لەم چەند ڕۆژەدا کە ئێمە عەمەرخانمان دەستبەسەر کردووە، زۆر عێلی شکاک و بەگزادە، بەو کردەوەیە نیگەران بوون، چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی سمکۆ دەکەن. ئەگەر بڕیارەکەی سمکۆ سەبارەت بە عەمەرخان

نەرێنــی بــێ و ئێمــە عەمەرخــان بکوژیــن، ئــەوکات زۆربــەی عێلــی شــکاک لەدژمــان دەســت بــە ســەرهەڵدانێکی فــراوان دەکــەن. بۆیــە باشــترە ئێمــە عەمەرخــان ڕادەســتی دەوڵەتــی ئێــران بکەیــن و دیاریشــە بــەو ڕابردوویــەی کــە عەمەرخــان لەگــەڵ دەوڵەتــی ئێــران هەیبــووە و ئەوەنــدە چەکــداری ئێرانــی کوشــتووە، بەدڵنیاییــەوە لەلایــەن دەوڵەتــی ئێرانــەوە دەکوژرێــت، ئیــتر ئــەوکات بەرپرســایەتیی کوشــتنی عەمەرخــان ناکەوێتــە ئەســتوی ســمکۆ».

ئــەو قســانەی مامکــێ کاریگەرییەکــی بەرچــاو لەســەر هەڵوێســتی ســمکۆ دادەنــێ و ســمکۆش فەرمــان دەداتــە چەکدارانــی خــۆی، کــە بــڕۆن عەمەرخانــی بێنــن بــۆ ئێــرە. کاتێــک ئەوانیــش عەمەرخانــی دەبەنــە لای، ســمکۆ بــە تووڕەییــەوە دەڵێــت: «عەمــێ! بــاش بزانــە کــە کوشــتنت مســۆگەرە، بــەڵام دەمهــەوێ بۆچوونــی تــۆش بزانــم، دە تــۆش پێــم بڵــێ، بــۆ خــۆم بتکــوژم، یــان ڕادەســتی دەوڵەتــی ئێرانــت بکــەم؟».

«عەمەرخان»یــش چونکــە بــاش ســمکۆی دەناســی و دەزانــێ ئــەو هــەر چــی بڵــێ، ســمکۆ پێچەوانــەی قســەکانی ئــەو بڕیــار دەدات، بۆیــە بــە ســمکۆ دەڵێــت: «ئەگــەر ئێــوە بڕیــاری کوشــتنی ئێمەتــان دابــێ، باشــتر ئەوەیــە کــە ئێــوە بــۆ خۆتــان بمانکــوژن. چونکــە ئەگــەر ئێــوە بمانکــوژن هــەر بــۆ خۆشــتان تەرمــی ئێمــە بــە خــاک دەســپێرن. بــەڵام ئەگــەر ڕادەســتی دەوڵەتمــان بکــەن، دەزانــی کــە بەهــۆی ئــەو ڕابردوویــەی کــە لەگــەڵ دەوڵەتــی ئێرانمــان هەبــووە، ئــەوان تێنــووی خوێنمانــن و هــەم دەمانکــوژن و هەمیــش بــە مردوویــی ڕەزیــل و ڕســوامان دەکــەن».

ئــەم قســانەی عەمەرخــان بۆچوونــی مامکــێ بەبیــر ســمکۆ دێنێتــەوە و بــۆ ســمکۆ وا دەردەکــەوێ کــە عەمەرخــان، لــە ڕادەســتکردنی بــە

دەوڵەتــی ئێــران دەترســێ، بۆیــە ســمکۆ بڕیــاری داوە عەمەرخــان ڕادەســتی دەوڵەتــی ئێــران بکــەن.

ســمکۆ بــۆ ڕادەســتکردنی عەمەرخــان بــە دەوڵەتــی ئێــران بــە تەلەگــراف کاربەدەســتانی ئێــران لــە شــاری ســەڵماس ئــاگادار دەکات و پێیــان دەڵێــت: «ئێمــە عەمــێ (عەمەرخان)مــان دەستبەســەر کــردووە و دەمانهــەوێ بــۆ ســزادان، ناوبــراو ڕادەســتی ئێــوە بکەیــن». هەروەهــا داوایــان لــێ دەکات کــە بــۆ وەرگرتنــی عەمەرخــان، یەکەیەکــی ســەرباز و قەزاقــەکان بنێرنــە گونــدی هۆوەســن.

ئیــدارەی سەڵماســیش بەپەلــە بــە فەرماندەیــی ئەفســەرێکی خــۆی، ســەرباز و قــەزاق دەنێرێتــە هۆوەســن، بــەڵام بەرلــەوەی ئــەوان بگەنــە ئــەوێ، ســمکۆ فەرمانــی بــە فەرماندەیەکــی خــۆی بــە نــاوی «ئیســکۆ ڕۆڤــی» داوە، کــە لەگــەڵ چەنــد ســواری عەودۆیــی، عەمەرخــان و براکانــی بــۆ ڕادەســتکردنیان بــە هێزەکانــی ئێــران، بــەرەو ســەڵماس ببــەن و لــە ڕێــگادا ڕادەســتی هێــزە ئێرانییەکانیــان بکــەن.

کاتێــک ســوارەکانی ســمکۆ عەمەرخــان و دوو براکــەی بــە دەســتی بەســتراو و بــە شــێوەیەکی ناحــەز ســواری ئەســپەکان دەکــەن و لاقیــان بــە ژێــر زکــی ئەســپەکانەوە دەبەســتن و بــەرەو لای ســەڵماس دەیانبــەن، هێندێــک لــە شــکاکەکان کــە ئــەو دیمەنــە ناشرینــە دەبینــن، ئیــتر لــە دەســەڵاتداریی ســمکۆ دڵســارد دەبنــەوە.

کاتێــک ســوارەکانی ســمکۆ، عەمەرخــان و براکانــی واتــە «حوســێن و یووســف» لــە هەرێمــی «ســۆما»وە بــە ڕێــگای ئاوایــی «باســتەکئاوا»وە بــەرەو چــاری و ســەڵماس دەبــەن، لــە ڕێــگا تووشــی شــاندی دەوڵەتــی ئێــران دەبــن و لــەوێ عەمەرخــان و براکانــی ڕادەســتی ســەربازانی ئێــران دەکــەن.

دوای بەڕێکردنـــی عەمەرخـــان و براکانـــی بـــۆ ڕادەســـتکردنیان بـــە ئێرانییـەکان، سـمکۆ و جڤاتەکـەی تـا ماوەیـەک بێدەنـگ مـاون. دواتـر لەنـاکاو سـمکۆ ئـەو بێدەنگییـەی شـکاندووە و بـە دەنگێکـی بـەرز و بـە خەمبارییـەوە وتوویەتـی: «وەی چ هەڵەیەکـی گـەورەم کـرد! مـن چـۆن «عەمـێ»م ڕادەسـتی دەوڵەتـی ئێـران کـرد! ئەمـە دووەم هەڵەیـە کـە مـن دەیکـەم. یەکـەم، کاتێـک لـە سـەڵماس پێشـوازیم لـە ڕزۆ (ڕەزا خـان) و کابینەکـەی کـرد و ئەوانـم نەکوشـت و چارەنووسـی ئێرانـم نەگـۆڕی. دووەم هەڵەشـم ئـەوە بـوو کـە مـن «عەمـێ»م ڕادەسـتی دەوڵەتـی ئێـران کـرد. دەبـوا ئـەوم عەفـوو کردبـا، یانیـش بمکوشـتبایە».

دوای ئـــەم قســـانە، هـــەر لـــەوێ فەرمانـــی بـــە ســـەرۆکعێلی «ئێوەری»یـــەکان بـــە نێـــوی «ســـاکۆ» داوە و پێـــی وتـــووە: «بەپەلـــە لەگـەڵ هێندێـک لـە سـوارەکانت، بکـەوە شـوێن عەمەرخـان و هەرچـی دەبـێ بـا ببـێ، بـەڵام ئـەو لەدەسـت هێزەکانـی ئێـران ڕزگار بکـەن و بیهێننـــە لام».

بـەڵام کاتێـک کـە سـاکۆ و سـوارەکانی بەپەلـە ئەسـپەکانیان چارنـاڵ تـاو دەدەن، لـە نیـوەی ڕێـگا ڕووبـەڕووی «ئیسـکۆ ڕۆڤـی» و سـوارەکانی عەودۆییـەکان دەبنـەوە، کـە دوای ڕادەسـتکردنی عەمەرخـان و براکانـی بـە ئێرانییـەکان، بـەرەو هۆوەسـن دەگەڕانـەوە. کاتێـک سـاکۆ مەبەسـتی هاتنیـان بـە ئیسـکۆ دەڵـێ، ئیسـکۆ ڕوو لـە سـاکۆ دەکات و پێـی دەڵێـت: «ئیـتر ڕۆیشـتنتان بـێ سـوود و درەنگـە و، ئێسـتا عەمەرخـان و براکانـی لەدەسـت سـەربازانی ئێرانـدان و ئێسـتا لـە سـەڵماس نزیـک بوونەتـەوە».

پێویســـتە بگوتـرێ کاتێـــک کـــە ئیســـکۆ، عەمەرخـــان و براکانـــی بـــە دەســـت و پێـــی بەســـتراوەوە براونەتـــە لای ئێرانییـــەکان، لـــە ماڵـــی دونیـــا تەنیـــا تووتندانێکـــی زێویـــن (قووتیـــی تووتـــن کـــە زیـــو بـــووە)

بــە عەمەرخــان بــووە، کــە ئیســکۆ ڕۆڤــی ئەویشــی لێــی ئەســتاندبوو. هەروەهــا کاتێــک ئیســکۆ، عەمەرخــان ڕادەســتی ئێــران دەکات پێــی دەڵێــت: «قســەیەکی کۆتاییــت هەیــە بــۆ ســمکۆ؟». عەمەرخانیــش پێــی دەڵێــت: «کــە ڕۆیشــتییەوە لای ســمکۆ، پێــی بڵــێ، دوای ئــەو هەمــوو هــاوکاری و پشــتگرییەی مــن بــۆ ســمکۆ، مــن شــایانی ئــەوە نەبــووم کــە ســمکۆ بــەم شــێوازە بــە دەســت و پێــی بەســتراوەوە مــن و براکانــم ڕادەســتی دوژمنێــک بــکات کــە تێنــووی خوینــی ئێمەیــە. بــا ســمکۆ دڵنیــا بــێ کــە ئەوانــەی لای ســمکۆ بــە خراپــە باســی منیــان کــردووە، دۆســتی ســمکۆش نیــن، ئــەو ڕۆژەش دێــت کــە ســمکۆ هــەر بــە دەســتی ئــەو کەســانە زەربــە بخــوات و لەبــارەی منــەوە پەشــیمانی بڕیارەکــەی بــێ».

بــەم شــێوەیە دەستبەســەرکردن و ڕادەســتکردنی عەمەرخــان لەلایــەن ســمکۆوە بــە ئێرانییــەکان، لــە ئاســتی نێوخۆییــدا بووەتــە هــۆی دڵســاردی و دوورکەوتنــەوەی زیاتــر لــە نیــوەی شــکاکەکان لــە ســمکۆ کــە دواتــر دەوڵەتــی ئێرانیــش ئەوانــی لــەدژی ســمکۆ بــەکار هێنــاوە. ئــەم بابەتــە لـــە ئاســـتی نێوخۆییـــدا یەکێـــک لـــە هـــۆکارە هـــەرە کاریگەرەکانـــی لاوازبــوون و تێکشــکانی ســمکۆ بــووە.

## ڕاگەیاندنی وەفاداریی عەمەرخان بۆ دەوڵەتی ئێران:

کاتێـک کـە هەیئەتـی سـەرباز و قەزاقەکانـی ئێـران، عەمەرخـان و براکانـی لـە سـوارەکانی سـمکۆ وەردەگـرن و بردوویانـن بـۆ سـەڵماس، لەســەر داوای حاکمــی تەورێــز، عەمەرخــان و دوو براکــەی ئەویــان ناردووتــە تەورێــز و دوای دوو مانــگ کــە لێکۆڵینــەوە و ئیفــادە لــێ وەرگرتنیــان کۆتایــی پــێ دێــت، دواتــر والیــی تەورێــز و عەمەرخــان یەکـتر دەبینـن و لـە کۆبوونەوەیەکـدا عەمەرخـان توانیویەتـی والـی تـێ بگەیەنــێ کــە کوشــتنی ئــەو ناتوانــێ هیــچ قازانجێکــی بــۆ دەوڵەتــی ئێــران هەبێــت.

شــایانی باســە لــەو دوو مانــگ و نیــوەی کــە عەمەرخــان لــە گرتووخانــەی تەورێــز بــوو، ســوارەکانی ســمکۆ جاروبــار هێرشــیان کردبــووە ســەر گوندەکانــی عەجەمــەکان و لــەو شــەڕانەدا هێندێــک عەجـەم کوژرابـوون، بۆیـە خەڵکـی ئـەو گوندانـە گلەیـی و گازندەکانیـان گەیاندووەتـە کاربەدەسـتانی حکوومەتـی ئێـران لـە سـەڵماس و تەورێـز و، داوایــان لــە دەوڵــەت کردبــوو کــە هێرشــی ســوارەکانی ســمکۆ ڕابگــرن.

دەوڵەتــی ئێرانیــش ئــەو هێرشــەی ســوارەکانی ســمکۆیان وەک پێشــێلکردنی ئــەو ڕێککەوتنــەی نێــوان خۆیــان و ســمکۆ ئەژمــار کـردووە و ئیـتر متمانەیـان بـە سـمکۆ نەمـاوە. بۆیـە دەوڵەتـی ئێرانیـش ویسـتوویەتی لـەم دەرفەتـە کەڵـک وەربگـرێ و عەمەرخـان لـەدژی سـمکۆ بـەکار بێنێـت.

ئـەوکات لەلایـەن کاربەدەسـتانی ئێرانـەوە داوا لـە عەمەرخـان کـراوە کـە ئەگـەر بـە ئیمکاناتـی دەوڵـەت پاراسـتنی ئەمنیەتـی سـەڵماس

و سـەربازگەی نیزامیـی دەوڵـەت لـەو هەرێمانـەدا بگرێتـە ئەسـتۆی خـۆی، هـەر دوو براکەشـی لـە گرتووخانـە ئـازاد دەکـەن.

هەرچەنـد لـە سـەرەتادا عەمەرخـان داواکـەی دەوڵەتـی ئێرانـی قبـووڵ نەکـردووە و هیـچ بڕوایەکـی بـە ئـەوان نەبـووە، بـەڵام لەلایەکـی دیکەشـەوە هیـچ هیوایەکـی بـە سـمکۆش نەمابـوو، لـە هەمانکاتـدا زانیویەتـی ئەگـەر ئـەو داوایـەی دەوڵـەت قبـووڵ نـەکات، دەوڵـەت ئـەو و براکانـی دەکوژێـت. لـە ڕەوشـێکی وا ئاڵـۆزدا بـۆ ئـەوەی دەرفەتێـک بـۆ خـۆی بدۆزێتـەوە، ڕازیبوونـی خـۆی بـە پێشـنیارەکانی دەوڵەتـی ئێـران ڕاگەیانـدووە. دواتـر لـە گرتووخانـە ئـازاد کـراوە و وەک حاکمـی سـەڵماس دیـاری کـراوە. لەلایەکـی دیکـەوە دوای ڕادەسـتکردنی عەمەرخـان بـە دەوڵەتـی ئێـران، ئیـتر لەنێـو عەشـیرەتی شـکاکدا بـێ متمانەیـی و ناکۆکـی زیاتـر بـووە و لەنێـو خۆیانـدا پارچـە پارچـە بـوون.

## پیلانگێڕیـی ئێرانییـەکان بـۆ قووڵترکردنـی ناکۆکییەکانـی نێـوان سـمکۆ و عەمەرخـان:

دەبـێ بگوتـرێ کـە بێجگـە لـەو هـۆکارە ناوخۆییانـەی کـە بوونەتـە هـۆی ناکۆکـی لـە نێـوان سـمکۆ و عەمەرخـان، هەروەهـا دابەشـبوون لەنێـو شـکاکەکاندا، بێگومـان پـلان و ڕۆڵـی دەوڵەتـی ئێرانیـش بـووە و ویسـتوویانە لەڕێـگای ئـەو دووبەرەکییـەوە سـمکۆ لاواز بکـەن و بزاڤـی نەتەوەیـی کـورد لەنێـو ببـەن. لەبـارەی ئـەو مـژارە ئـەم ڕاپۆرتـەی خـوارەوە سەرنجڕاکێشـە:

**بەڵگەی ژمارە: ٤٨**

لــە ســاڵی ١٩٢٤ کاتێــک ســمکۆ بــە ڕێککەوتــن لەگــەڵ دەوڵەتــی ئێــران گەڕاوەتــەوە هۆوەســن، ڕۆژنامــەی «ئیــران پۆلیتیــکاڵ» لــە ڕاپۆرتێکــدا لەســەر ئــەو مــژارە بــەم شــێوەیە نووســیویەتی:

ســمکۆ لــە ڕەوشــێکی وەهــادا گەڕاوەتــەوە ئاوایــی «هۆوەســن» کــە دوای تێکشــکان و ڕۆیشــتنی بــەرەو تورکیــە، عەمەرخــان ببــووە ســەرۆکی شــکاکەکان، دوای ســەرلەنوێ گەڕانــەوەی ســمکۆ بــۆ ئێــران و جێکەوتنــی دەســەڵاتی ئــەو بەســەر شــکاکەکاندا، دیــار دەبــێ کــە عەمەرخـان ئامـادە نییـە خـۆی لەگـەڵ ئـەو ڕاسـتییە بگونجێنێـت. هـەر بۆیـە دروسـتبوونی ناکۆکـی لـە نێـوان هەردووکیـان مسـۆگەر دەبێـت. ئەمــەش لــە کاتێکــدا بــوو کــە پشــتگیریی مەعنەویــی ئەمیــر عەبدوڵــڵا تەهماسـبی (فەرمانـدە و کاربەدەسـتی ڕەزا شـا لـە ورمـێ)ش بـە لایەنـی ســمکۆدا بــوو. لــە ڕەوشــێکی وەهــادا کــە ئەگــەری ڕووبەڕووبوونــەوە لــە نێــوان عەمەرخــان و ســمکۆ زۆر نزیــک دەبــووەوە، ئێرانییــەکان مەزەندەیــان کــردووە کــە ئــەو ڕەوشــە ڕەنگــە کاریگەریــی نێگەتیــڤ لەســـەر ڕەوشـــی ئەمنیـــی ســـنوورەکانی باکـــووری ڕۆژئـــاوای ئێـــران دابنێــت. ســەرەڕای ئــەو ڕەوشــەش کاتێــک لەســەر بڕیــاری دەســەڵات لــە تــاران «عەمەرخان»یــان بانــگ کردووەتــە تەورێــز و داوایــان لــێ کـردووە خـۆی ئامـادە بـکات کـە لەگـەڵ هێزێکـی شـکاکەکانی نزیـک لـە خـۆی، ئامـادە بـێ بـۆ هێرشـکردنە سـەر سـمکۆ، بـەڵام عەمەرخـان ئامــادە نەبــووە ئــەم فەرمانەیــان جێبەجــی بــکات و گەڕاوەتــەوە بــۆ زندەشــت.

لــە هەمانکاتــدا لەبــەر هێرشــی ســمکۆ بــە پشــتیوانیی هێزەکانــی

دەوڵـەت لـەدژی عەمەرخـان، ئـەو بـە ناچـاری پەنـای بـۆ عەشـیرەتی «هەرکـی» بـردووە و هـەر ئـەو عەشـیرەتەش بـەو مەرجـەی کـە سـمکۆ ناوبـراو عەفـوو بـکات، عەمەرخانـی ڕادەسـتی سـمکۆ کـردووە، بـەڵام سـمکۆ، عەمەرخـان ڕادەسـتی کاربەدەسـتانی دەوڵـەت دەکات و عەمەرخـان لـە تەورێـز زیندانـی دەکرێـت.

هەروەهـا بەپێـێ ڕاپۆرتەکـە: بڕیـار درا عەمەرخـان ئـازاد بکرێـت بـۆ ئـەوەی بتوانـێ بـە ڕاکێشـانی بەشـێک لـە هێـزی سـمکۆ بـۆ لای خـۆی، دەسـەڵاتی سـمکۆ لاواز بـکات. لەسـەر ئـەو بنەمایـە «عەمەرخان»یـان ئـازاد کـردووە و ئیزنیـان پـێ داوە لـە گوندەکـەی بمێنێـت. کاربەدەسـتانی ئێـران سـەرەتا هەوڵیـان داوە ناکۆکیـی نێوانیـان کۆتایـی پـێ بێنـن، بـەڵام بڕیاریـان داوە ئەگـەر لـەم کارەدا سـەرکەوتوو نەبـن، ئـەوکات لایەنگـری لـە عەمەرخـان بکـەن.

## هێرشی ئەحمەد ئاغای برای سمکۆ بۆ سەر عەمەرخان لە سەڵماس:

کاتێک زانرا عەمەرخان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە نەکوژراوە و ئەویان گەڕاندووەتەوە سەڵماس و وەک بەرپرس لە سەربازگەی نیزامیی ئێران جێگیریان کردووە، ئیتر سمکۆ تێ دەگات کە پێشبینی و بڕیارەکەی لەبارەی ڕادەستکردنی عەمەرخان بە دەوڵەتی ئێران هەڵە بووە. هەروەها دەزانێ دەوڵەتی ئێران، عەمەرخان لەدژی ئەو بەکار دێنێت، بۆیە سمکۆش بە مەبەستی ئەوەی عەمەرخان بەهێز نەبێ، بۆ لەنێوبردنی عەمەرخان فەرمان دەدا بە ئەحمەد ئاغای برای خۆی هێرش بکاتە سەر سەڵماس و سەربازگەی نیزامی و عەمەرخان بە کوژراوی یان بە بەدیلگیراوی بۆی بێنن.

کاتێک هێزەکانی سمکۆ هێرشیان کردووەتە سەر سەڵماس و دەوروبەری شاریان گرتووە، سەرەتا ویستوویانە شارەکە و دواتریش سەربازگەکە بگرن، بەڵام کاتێک کە گەیشتوونەتە دەروازەی شارەکە، عەمەرخان و چەکدارەکانی، پێشیان پێ گرتوون و لە ئاکامی شەڕێکی یەک ڕۆژە چەندین کەس لە سوارەکانی ئەحمەد ئاغا و لەنێویاندا سەرۆکعێلانی وەک «تەیار بەگ و محەمەدسەلیم» کوژراون و زۆریشیان لێ بریندار بووە.

بەم شێوەیە ئیتر ئەحمەد ئاغا نەیتوانیوە سەڵماس بگرێت و پاشەکشەی کردووە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە هێزێکی زیاترەوە هێرش بکاتە سەر سەڵماس. کاتێک سمکۆش لە تێکشکانی هێرشی ئەحمەد ئاغا ئاگادار دەبێ، هەوڵ دەدات لە «هۆوەسن»ەوە هێزێک لە شکاکەکان بۆ هاوکاریی ئەحمەد ئاغا ئامادە بکات و

بیاننێرێتـە ئـەوێ، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا لەلایـەن هێندێـک سـەرۆکعێلی «عەتمانـی و ئێـوەری» کـە لـە سـمکۆ نـاڕازی بـوون، ئـەو دەنگۆیەیـان لەنێـو شـکاکەکاندا بـڵاو کردووتـەوە کـە ئەحمـەد ئاغـا لـە شـەڕی سەڵماسـدا کـوژراوە و سـمکۆش دیـار نییـە.

کاتێـک کـە ئەحمـەد ئاغـا ئـەو دەنگۆیـەی بیسـتووە، زۆر ناڕەحـەت و بێهیـوا بـووە و ناچـار دەمێنێـت هێزەکانـی لـە دەوروبـەری سـەڵماس بکشـێنێتە دواوە، هەروەهـا کاتێـک دەنگـۆی کوشـتنی ئەحمـەد ئاغـا لـە ناوچەکـە بـڵاو دەبێتـەوە، چەنـد سـەرۆکعێلی شـکاک پشـت لـە سـمکۆ دەکـەن و ئامـادە نابـن شـەڕ لـەدژی عەمەرخـان بکـەن. سـمکۆش ئیـتر تـێ دەگات کـە هـەر ئـەو سـەرۆکعێلانەی شـکاک بوونەتـە هـۆی ئـەو ناکۆکییـەی نێـوان ئـەو و عەمەرخـان.

لـە وەهـا بارودۆخێکـدا سـمکۆ دەکەوێتـە بیـری پێوەندیکـردن و ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ عەمەرخـان، بـۆ ئـەو مەبەسـتە کەسـێک بـە نێـوی «حەجـۆ کـوڕی عەزیـز خـان» کـە نـەوەی «جـەوەر ئاغـا» بـوو، وەک قاسـید لـە نێـوان خـۆی و عەمەرخـان دەستنیشـان دەکات و پێـی دەڵێـت: «بـڕۆ لای عەمـێ و پێـی بڵـێ، کـە سـمکۆ لـەو کردەوانـەی کـە لـە بەرانبـەر تـۆدا ئەنجامـی داون دڵگرانـە و ئێسـتا دەزانـێ کـە لـەم پێوەندییـەدا بەهـۆی پیلانگێـڕی و دووڕوویـی هێندێـک کـەس و لایـەن، ئـەو ناکۆکییانـە لـە نێوانمانـدا دروسـت بـوون، بۆیـە ئیـتر نایهـەوێ ئـەو دڵئێشـییەی کـە لـە نێوانمانـدا هەیـە بـەردەوام بێـت».

بـەڵام کاتێـک کـە حەجـۆ بـەرەو سـەڵماس دەچێـت، لـە ڕێـگادا تووشـی «عەودیـێ میرزایـێ عەتمانـی» و سـوارەکانی دەبـێ. عەودیـێ میـرزا کـە یەکێـک لـە ناڕازییانـی دێرینـی سـمکۆ بـووە، کاتێـک دەزانـی حەجـۆ بـۆ چ مەبەسـتێک دەچێتـە سـەڵماس و، لـە ئەگـەری

ئاشـــتبوونەوەی ســـمکۆ و عەمەرخـــان، ئیـــتر جـــێ پێـــی ئـــەوان لـــەق دەبێـــت. بۆیـــە عـــەودی بـــە تەقاندنـــی چەنـــد فیشـــەکێک، حەجـــۆ ڕادەگـــرێ و پێـــی دەڵێـــت ئەگـــەر نەگەڕێیتـــەوە دواوە، دەتکـــوژم. بـــەم شـــێوەیە ئـــەو هەوڵدانـــەی ســـمکۆ بـــۆ ڕێککەوتـــن لەگـــەڵ عەمەرخـــان کۆســـپی تـــێ دەکـــەوێ و بـــێ ئەنجـــام دەمێنێتـــەوە.

## هێرشـی هاوبەشـی ئێرانییـەکان و عەمەرخـان بـۆ سـەر سـمکۆ:

دوای ئـەو هێرشـەی ئەحمـەد ئاغـای بـرای سـمکۆ بـۆ سـەر سـەڵماس، ئیـتر دەوڵەتـی ئێـران فەرمانـی بـە عەمەرخـان کـردووە لەگـەڵ هێزەکانیـان لـە «ورمێ»یـەوە هێـرش بکاتـە سـەر سـمکۆ. کاتێـک هێزەکانـی ئێـران و عەمەرخـان لـە ناوچـەی سـۆما هێرشـیان کردووەتـە سـەر سـمکۆ، عەمەرخـان بـە سـوارەکانی وتـووە: «ڕاسـتە ئێسـتا دەوڵـەت دەیهـەوێ سـمکۆ لەنـاو ببـات، هەروەهـا سـەرەڕای ئـەو هەمـوو سـووکایەتییەی کـە سـمکۆ بـە ئێمـەی کـردووە، ئێسـتا ئێمـەش بـە زۆریـی دەوڵـەت هاتوویـن بـۆ شـەڕی سـمکۆ، بـەڵام پێویسـتە کـە ئێـوە بـاش بزانـن کـە هەبوونمـان پێویسـتی بـە زیندوومانـەوەی سـمکۆیە و دەبـێ ئێـوە زۆر وشـیار بـن کـە سـمکۆ هیچـی بەسـەر نەیـەت، چونکـە ئەگـەر شـتێک بەسـەری بێـت، ئیـتر دوای ئـەو، دەوڵەتـی ئێـران ئێمـەش لەنـاو دەبـات“.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە عەمەرخـان بـۆ ئـەوەی هێزەکانـی دەوڵـەت گومـان لـەو نیەتـەی نەکـەن، بڕیـاری تەقـەی هەوایـی داوەتـە هێزەکانـی خـۆی و پێیانـی وتـووە: «ئێسـتا ئامانجەکەمـان دەرکردنـی سـمکۆ لـەو هەرێمەیـە و دەبـێ ئێـوە کارێـک بکـەن کـە لەنـاو شـەڕدا ڕێـگای بـۆ کـراوە بهێڵـن، بـۆ ئـەوەی ئـەو بتوانـێ خـۆی دەربـاز بـکات“.

لـەو هێرشـەی هێزەکانـی ئێـران و «عەمەرخـان»دا سـمکۆ لەگـەڵ ژمارەیـەک لـە شـەڕڤانانی خـۆی دوای چەنـد ڕۆژ شـەڕ کـە ئیسـکۆ ڕۆڤـی تێـدا کـوژراوە، ئیـتر هێـزی بەرەڤانیـی سـمکۆ لاواز دەبێـت و

دەکەوێتـەوە مەترسـییەوە. ئـەوکات عەمەرخـان بەپێـی ئـەو پلانـەی کـە پێشـتر دای نابـوو، بـۆ ڕزگاربوونـی سـمکۆ و سـوارەکانی لـە گەمـارۆ، ڕێـگای بـۆ کـراوە دەهێڵـن و سـمکۆ وێـڕای ژن و منداڵـی و ژمارەیەکـی کـەم لــە پسـائاغاکانی عەودۆیــی، ئەوانــەی کــە وەفــاداری ســمکۆ بــوون، ئاوایــی «هۆوەســن» بەجــێ دەهێڵــن و ڕوو دەکەنــە چیــای «بـەرەڕەش»ی پشـت ئاوایـی «کـۆران» کـە نزیـک سـنووری تورکیەیـە.

دوای ڕزگاربوونــی هێزەکانــی ســمکۆ لــە گەمــارۆی هێزەکانــی دەوڵـەت و عەمەرخـان، کاتێـک سـمکۆ ویسـتوویەتی دەربـازی هەرێمـی ترگـەوەڕ بـێ، جارێکـی دیکـە هێزەکانـی دەوڵـەت لەگـەڵ بەگزادەکانـی ترگـەوەڕ لـە نزیـک چۆمـی «ئەرزیـن» و گونـدی «ماوانـە» پێـش بـە هێزەکانـی سـمکۆ دەگـرن و هێزەکانـی سـمکۆ دوای شـەڕێکی قـورس و دانـی چەندیـن کـوژراو، بـە زەحمـەت توانیویانـە خۆیـان بگەیەننـە چیـای «سـەماوەر»ی نزیـک سـنووری تورکیـە. (شـایانی باسـە لـەو شـەڕە قورسـەدا هاوسـەری سـمکۆ بـە نـاوی زەهـرا، کـە خوشـکی مەحمــوود ئاغــا و فــارس ئاغــای زێبــاری بــووە، بەهــۆی توندیــی شـەڕەکە ناتوانـێ کـوڕە ساواکەی بـە نێـوی «تاهیرخـان» لـە گۆڕەپانـی شـەڕ دوور بخاتـەوە و بـە ناچـاری منداڵەکـەی لەسـەر ڕێـگا بەجـێ دێڵێـت. دواتـر خزمانـی «حاجـی ئاغـا» و «ڕەشـید بەگـی هەرکـی» ئـەو منداڵەیـان هەڵگرتـووە و بردوویانەتـە ماڵـی خۆیـان و لـە ئاوایـی «ماوانـە»ی ترگـەوەڕ و گەورەیـان کـردووە).

لــەو کاتــەدا ســمکۆ لەگــەڵ «خالیــد بەگــی حەســەنی» لەســەر چیـای سـەماوەرەوە لـە هەرێمـی سۆما-برادۆسـت دەڕوانـێ و دەڵێـت: «مەملەکەتــۆ! تــۆ خــۆش مەملەکــەت بــووی، بــەڵام بــە ئەرزانــی فــرۆشرای». «خالیـد بەگ»یـش لـە وەڵامـی ئـەو قسـەیەی سـمکۆدا،

بــە گێڕانــەوەی بەســەرهاتی پادشــایەکی نەخــۆش کــە دەرمانەکــەی خواردنــی گۆشــتی قورینــگ بــووە، ڕوو بــە ســمکۆ دەڵێــت:

«کاتێـک کـە پیادەکانـی شـا بـۆ گرتنـی قورینگـەکان لەسـەر ڕێگاکەیـان کەلاکـی وشـترێک وەک تەڵـە دادەنێـن بـۆ ئـەوەی قورینگـەکان کاتێـک کەلاکەکـە دەبینـن بـۆ خواردنـی بێنـە خـوارەوە و بکەونـە نێـو تەڵـەوە و ئەوانیــش قورینگــەکان بگــرن، ڕاوێــژکاری گــەورەی قورینگــەکان دەکەوێتـە گومـان کـە لەسـەر کەلاکەکـە تەڵـە دانرابـێ و قورینگـەکان ئــاگادار دەکات کــە نەچنــە ســەر کەلاکەکــە. دوای دوورکەوتنــەوەی قورینگــەکان لــە کەلاکــی ئــەو وشــترە، ســەرۆکی قورینگــەکان لەســەر گازنـدەی هێندێـک لـە قورینگـەکان، ئـەو ڕاوێـژکارە باشـەی بـەو بۆنـەوە کـە نەیهێشـتووە قورینگـەکان ئـەو گۆشـتە بخـۆن، لـە ڕاوێـژکاری لای داوە و ڕاوێژکارێکـی دیکـەی ناشـاڕەزای لـە شـوێنی دانـاوە.

دوای تێپەڕینــی ماوەیــەک، جارێکــی دیکــە لــە کاتــی تێپەڕینــی قورینگــەکان بــە هەمــان ڕێــگا، غافــڵ لــەوەی کــە بــە هەمــان شــێوەی جــاری پێشــوو داویــان بــۆ دانــراوە، هــەر کــە چاویــان بــە هەمــان کــەلاک کەوتــووە، لەســەر هاندانــی ئــەو ڕاوێــژکارە ناشــاڕەزایە، ســەرۆکی قورینگـەکان بڕیـاری نیشـتنەوە لەسـەر ئـەو کەلاکـەی داوە، بـەڵام کاتێـک ســەرۆکی قورینگــەکان بــەر لــە هەموویــان دابەزیــوە ســەر کەلاکەکــە، لەنـاکاو کەوتووەتـە داوەکـە و هەرچەنـد قیڕاندوویـە و هـاواری کـردووە، بــەڵام نــە ئــەو ڕاوێــژکارە و نــە هاوڕێکانــی دیکــەی فریــای نەکەوتــوون. بــەم شــێوەیە ســەرکردەی قورینگــەکان لەنێــو چــووە!.

دوای گێڕانــەوەی ئــەو چیرۆکــە لەلایــەن خاڵیــد بەگــەوە، کــە مەبەســتەکەی ئــەوە بــووە ســمکۆ بزانــێ، کاتێــک ئــەو عەمەرخانــی لــە ڕاوێــژکاری خــۆی لا دا و کەســانی ناشــارەزای لــە جێــگای ئــەو کــردە

ڕاوێــژکاری خــۆی، دیــار بــوو کــە ڕۆژێــک چارەنووســی ســمکۆش بــەم شــێوەیە دەبێــت. دیــار بــوو ســمکۆش لــەو کاتــەدا زۆر خەمبــار بــووە و بەســەرهاتی خــۆی لەگــەڵ عەمەرخانــی وەبیــر خــۆی هێناوەتــەوە و زۆر قــووڵ لەنێــو فکــران ڕۆچــووە، بــەڵام تــازە ئیــتر درەنــگ بــووە و کار لــەکار تــرازاوە. دوای ئــەو تێکشــکانە، ســمکۆ بــەرەو ســنوورەکانی باشــووری کوردســتان دەگەڕێتــەوە، «خالیــد بەگ»یــش وێــڕای دوو کــەس لــە هەڤاڵانــی دەگەڕێنــەوە باکــووری کوردســتان.

خالیــد بەگــی حەســەنی کەســێکی ڕوشــنبیر و هاوڕێــی «خالیــد بەگــی جــبری» بــووە، ســەرەتا لەنێــو دەســتەی دامەزرێنەرانــی «کۆمەڵــەی ئــازادی ســەربەخۆیی کوردســتان»دا بــووە، ئــەو یەکێــک لــە ســەرکردەکانی ئــەو ڕێکخــراوە بــووە. لــە ســەرهەڵدانی «شــێخ ســەعید»دا لــە زۆر بــەرەدا شــەڕی کــردووە. خالیــد بەگــی حەســەنی دوای تێکچوونــی ســەرهەڵدانی شــێخ ســەعید، لەگــەڵ عێلــی «حەســەنان» پەڕیــوەی ئێــران دەبێــت. لــە شــەڕی ماکــۆدا لــەدژی هێزەکانــی ئێــران کــە «ســلێمانی ئەحمــەد و کەرەمــێ قۆڵئاخاســێ» و زۆر لــە هاوڕێیانیــان کــوژراون، ئــەو ڕزگاری دەبێــت. کوڕەکــەی بەنــاوی «شەمســەدین» دەکــوژرێ. کوڕێکــی دیکەشــی بەنــاوی «عەلــی حەیــدەر» لــە شــەڕی «شــێروان شــێخ»دا دەکــوژرێ. خالیــد بــەگ ماوەیــەک لەگــەڵ ســمکۆی شــکاک دەمێنێــت، دواتــر لــە ســاڵی ١٩٢٦ ســەرلەنوێ دەگەڕێتــەوە باکــووری کوردســتان، بــۆ ئــەوەی بتوانــێ جووڵانەوەیەکــی نــوێ دەســت پــێ بکاتــەوە. ناوبــراو لــە گونــدی «کۆپــێ»ی ناوچــەی «شــێروان شــێخ» ڕاپۆرتــی لــێ دەدرێــت و لەلایــەن هێزەکانــی تورکیــەوە دەستبەســەر دەکرێــت و لەگــەڵ کوڕێکــی دیکــەی بەنــاوی «نەسرەدیــن» و چەنــد ئامــۆزای دەگوازرێنــەوە بــۆ دیاربەکــر و لــە ١٩٢٦/٧/٣١دا لەســێدارە دەدرێــن.

## بەڵگەی ژمارە: ٤٩

To:- Babekr Agha.

Somai. Dated 26.6.25.

My Respected Brother.

I have on more than one occasion expressed my appreciation of your policy which has, for the last few years, been aiming at the wellfare and interest of our race. The ruthless and barbarous treatment of the Turks to our people especially for the past several months, has confirmed the type of people you believed them to be. I am sure that hereafter you will stick more closely to your aims and exert more effort for the freedom of our nation. The Turk's relations with us have for ever been severed, not only because of their decision to exterminate our race but also because of their total denial of all religious beliefs and abolition of the Caliphate. I have therefore written and given the necessary advice to some of our misguided friends who are deceived in the Turks and are still serving the bitterest enemy of our faith and nationality. Rashid Jaudat Effendi will hand them over to you and you are requested to forward them to the addresses accompanied by your remarks, which should draw their attention to the facts explained therein. You are to try from now on to draw them nearer to the realization of the good underlying your policy; and you and they with one accord should help to form a great alliance which will enable us to avenge our martyred brethren and those who are exposed to martyrdom. I fully agree with your policy which is the right path to our people's freedom. Any details regarding the Turkish atrocities against the Kurds will be given you by Rashid Jaudat Effendi. With best respect and heartiest wishes for your success.

(Sgd) Simko.

## نامەی سمکۆ بۆ بابەکر ئاغای پشدەری:

دەقی ئینگلیزیی نامەکە لە فایلی ژمارە (١١) ڕێکەتی ١٦/ ٦/ ١٩٢٥ لە ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی ڕۆژگاری پاشایەتی لە بەغدا ڕاگیراوە کە بەهۆی گرینگیی ناوەرۆکەکەی، لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیز لە عێراقی ئەو سەردەمە وەرگێڕدراوەتە سەر ئینگلیزی و بۆ سەرووتری خۆیانیان ناردووە. دکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوونووسی ناسراوی کورد، کۆپیی ئەو نامەیەی لەو ئارشیڤە وەرگرتووە و ساڵی ١٩٩٨ لە گۆڤاری ڕەنگین چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

دەقی نامەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بۆ بابەکر ئاغا

برای بەڕێزم

پتر لە جارێك باسی دروستی و تێگەیشتنی خۆمم لەبارەی ئەو سیاسەتەی ئێوە کردووە کە چەند ساڵێکە لەپێناوی بەژەوەندی و بەرەوپێشچوونی نەتەوەکەماندا پەیڕەوی دەکەن. ڕەفتاری دڵڕەق و دڕەندەی تورك لەگەڵ گەلەکەمان، بەتایبەت لەم چەند مانگەی ڕابردوودا، لەوانەی گەیاندین کە باوەڕمان پێیان بوو. لەوە دڵنیام لەمەودوا لەسەر ڕێبازی خۆت سوورتر دەبیت و کۆششێکی زۆر بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەمان دەکەیت. تورکەکان هەمیشە نەیارمان بوون، ئەویش نەتەنیا لەبەر ئەوەی بڕیاریان داوە نەتەوەکەمان قڕ بکەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیش کە بەتەواوەتی دەستبەرداری ئیسلام بوون و تەخت و تاراجی خەلافەتیان هەڵتەکاندووە. نامەی

نەسیحەتم بۆ ژمارەیەک لە هاوڕێ هەڵخەڵەتاوەکانمان نووسیوە، ئەوانەی کە بڕوایان بە تورکە و تا ئێستاش هەر خزمەتی دوژمنی باوککوشتەی ئایین و نەتەوەکەمان دەکەن. «ڕەشید جەودەت ئەفەندی» ئەو نامانەتان بۆ دەهێنێت، ئێوەش بۆیان ڕەوانە بکەن. ئەو نامانە سەرنجیان بۆ ئەو ڕاستییانە ڕادەکێشن کە بۆمان شی کردوونەتەوە، لەسەر تۆیش پێویستە لەمەودوا خۆتیانی لێوە نزیک بکەیتەوە و وایان لێ بکەیت لە دیوی ناوەوەی ئەو سیاسەتە تێ بگەن کە تۆ پەیڕەوی دەکەیت. بەو جۆرەش ئێوە و ئەوان دەتوانن بەرەیەکی گەورەی ئەوتۆ پێک بهێنن کە ببێتە پاڵپشتمان بۆ سەندنی تۆڵەی شەهیدەکانمان و ئەوانەی خۆ بەخت دەکەن. من تەواو لەگەڵ سیاسەتی تۆدام، چونکە ئەو ڕێگە دروستەی تێیدا وەدی دەکەم کە بۆی هەیە بمانگەیەنێتە ڕزگاریی گەلەکەمان.

ڕەشید جەودەت ئەفەندی بە دوور و درێژی باسی دڕندەیی تورکەکانت بەرانبەر بە کورد پێ ڕادەگەیەنێت.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم، هیوای سەرکەوتنت لە قووڵایی دڵەوە بۆ دەخوازم.

سۆما: ١٩٢٥/٦/٢٦

ئیمزا، سمکۆ"

سەرنج: لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە، پێوەندیی بەربڵاوی سمکۆ لەگەڵ ڕێبەران و سەرۆک هۆزەکانی خاوەن پێگەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان و وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتییە کە هەوڵی داوە لە هەر دەرفەتێکی زەمەنیدا، بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد، سەرنج و پشتیوانیی ئەوان بۆ خەباتەکەی

ڕابکێشـێت. سـەرەڕای ئـەوەی ناوەڕۆکـی بەشـێک لـە نامـەکان و لێدوانەکانـی سـمکۆ، بـەراورد لەگـەڵ هێندێـک نامـە و لێدوانـی دیکـەی، پێکـەوە ناکۆکـن. ئـەو پارادۆکسـانەش بەپێـی بارودۆخـە جیـاوازەکان تـا ڕادەیـەک سروشـتین. لەبەرئـەوەی بەشـێکیان بـۆ سـەردەمی لاوازی و بێدەرەتانیـی ڕاپەڕینـی سـمکۆ دەگەڕێتـەوە، کـە دەکـرێ لـە ڕوانگـەی تاکتیکییـەوە هەڵسـەنگاندنیان بـۆ بکرێـت. چونکـە سـمکۆ لـە سـتراتیژدا داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانی کـردووە. لـە وردبوونـەوەی ئـەم نامـە و پێوەندییـە دیپلۆماسییانەدا، دەردەکـەوێ کـە سـمکۆ وێـڕای خەباتـی سیاسـی، چەکـداری و فەرهەنگییەکـەی، پانتاییەکـی بەرچـاوی لـە پێوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی ئـەو سـەردەمە بـۆ خـۆی تەرخـان کـردووە. ئـەو کارانـەش خـاوەن گرینگییەکـی مێژوویـی تایبەتیـن، بۆیـە وڵاتانـی وەک: ئێـران، تـورک، ڕووس، ئینگلیـز و بڵاوکراوەکانـی ئـەو سـەردەمە، ئـەو دیکۆمەنتانەیـان بـە بایەخـەوە لـە ئارشـیڤی خۆیانـدا ڕاگرتـوون.

دکتـۆر کەمـاڵ مەزهـەر لـە گۆڤـاری «ڕەنگیـن» لـە سـاڵی ١٩٩٨ لـە عێـراق بـڵاو کراوەتـەوە، بـەم شـێوەیە شرۆڤـەی سـمکۆ و نامەکـەی دەکات:

"ئـەو نامەیـە بەڵگەنامەیەکـی مێژوویـی بایەخـداری پـڕ لـە دەرس و پەنـدە، هەڵبـەت بایەخـی مێژوویـی و سیاسـیی ناوەڕۆکـی ئـەم نامەیـە لـە زۆر شـتدا خـۆ دەنوێنێـت کـە دەرککردنیـان کارێکـی ئاسـانە، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە گەورەیی و دڵسـۆزیی سـمکۆ و هاوچارەنووسیی نەتـەوەی کـورد بـە ئاشـکرا خـۆ دەنوێنـن. سـمکۆ شـوێنێکی دیـاری

لەنـاو ئـەو بەرهەمانـەدا بـەر دەکەوێـت کـە بـۆ لێکدانـەوەی مێـژووی هاوچەرخـی کـورد تەرخـان کـراون. سـمکۆ بـە پێچەوانـەی بابەکـر ئاغـا، ماوەیەکـی زۆر بـە گفتـی تـورک هەڵخەڵەتـا، بـەڵام شۆڕشـەکەی شـێخ سـەعیدی پیـران و ڕەفتـاری بـێ ئەنـدازە دڕندانـەی کەماڵییـەکان لەگـەڵ ڕابەرانـی کـوردی باکـوور، هەمـوو ئـەو کوردانـەی وەخەبـەر هێنـا کـە تـورک دەسـخەڕۆی کردبـوون. بەتایبـەت بڕیـاری خنکاندنـی شـێخ سـەعید و دکتـور فوئـاد و نزیکـەی پەنجـا نیشـتمانپەروەی کـورد لـە باکـووری کوردسـتان، دەروونـی هەمـوو کوردێکـی دڵسـۆزی هەژانـد. وا دیـارە ئـەم بەسـەرهاتە دڵتەزێنانـە سـمکۆیان بـە جارێـک شـێلگیر کـردووە و پاڵیـان پێـوەی نـاوە بەرانبـەر بـە تـورک، بـە هەڵوێسـتی خۆیـدا بچێتـەوە. سـمکۆ زوو دەبـزوا و زوو بڕیـاری دەدا و دەسـتوبرد ئـەوەی دەکـرد کـە بـە ڕاسـتی دەیزانـی و پێـی دەکـرا. لـەو کاتـەدا لەنـاو هەموانـدا دووربینیـی بابەکـر ئاغـای پشـدەری دێتـەوە یـاد، یەکسـەر نامەیەکـی تایبەتـی بـۆ ئـەو و لەڕێگـەی ئـەوەوە ژمارەیـەک نامـەی دیکـە بـۆ ڕابەرانـی کـورد دەنووسـێ و بـە ڕەشـید جەودەتـدا کـە کەسـێکی باوەڕپێکـراوی سـمکۆ بـووە، بۆیـان دەنێرێـت.

بابەکـر ئاغـای پشـدەری لـە سـمکۆ کەمـتر نـاسراوە، بـەڵام ئەویـش کـەم نەبـوو. بابەکـر ئاغـا پیاوێکـی زیـرەک، دانـا و دووربیـن، بلیمـەت و هوشـیار بـوو. سـاڵی ١٩٣٥ بەڵگەنامەیەکـی دیپلۆماسـیی ئینگلیـزەکان بەمجـۆرە باسـی بابەکـر ئاغـای پشـدەری کـردووە: «پیاوێکـی بـە توانـا و بەڕێـزە، هـەر کەسـێک لـە نزیکـەوە ناسـیبێتی، خۆشـی ویسـتووە و ڕێـزی لـێ نـاوە». بابەکـر ئاغـا، وەک پیاوێکـی دانـا هـەر زوو لـەوە گەیشـت کـە کەماڵییەکانـی تورکیـە لەگـەڵ نەتـەوەی کـورد نیازپـاک نیـن. لەبـەر ئـەوە بـە گفتەکانیـان هەڵنەخەڵەتـا و دژی تورکخوازانـی

کوردســتان وەســتا، ئەوانــەی زۆری نەبــرد لەنــاو کــورددا ڕیســوا بــوون و بــە تەوســەوە خەڵکــی ناویــان لــێ نابــوو «جلخــوارەکان». بابەکــر ئاغــا پێــی وابــوو لەوانەیــە کــورد بتوانــن لەڕێگــەی ئینگلیــزەوە شــتێک بــۆ خۆیــان هەڵبکڕێنــن».

**بەڵگەی ژمارە: ٥٠**

https://drive.google.com/file/d/1l4jAm1NEWUEOuj60GX-zMIsEyU0oLAU-N/view?ts=5eae6685

*لاپەڕەی بەڵگە ٣٦٥،*

*لاپەڕەی پەرتووک ٣٣٧، پاراگرافی کۆتایی و هەموو بەندەکانی ٣٣٨ و ٣٣٩*

سمکۆ (ناوی ڕاستەقینەی سمایل ئاغا) سەرۆکی کوردانی شکاکە کە یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییەکانی کوردستانی ناوەندییە. ئەو وەک بکوژی «مارشیمعون» دەناسرێ و لە دوژمنایەتیی بەردەوام لەگەڵ حکوومەتی فارسدایە. کاتێک ناوبراو ئەو سندووقەی کە لەلایەن ئێرانییەکانەوە لە(١٩١٩)دا بۆمبی تێیدا داندرابوو و وەک دیاری بۆیان ناردبوو، دایە دەست براکەی و سندووقەکە لەدەست براکەیدا تەقییەوە و گیانی لەدەست دا و لەسەر ئەو ڕووداوە ناوبراو هێرشی کردە سەر ورمێ.

لە ١٩٢٠ هێشتا دژایەتیی ناوبراو لەگەڵ فارسەکان یەکلا نەبووەوە، بەڵام لە مانگەکانی (مارس-ئاوریل)دا دوای ئەوەی وتووێژەکانی نێوان کورد و تورک ئەنجامیان نەبوو، دواجار لە باکووری دەریاچەی ورمێ شکستی بە ئێرانییەکان هێنا. پاشان لەگەڵ سەید تەها درێژەیان بە بزووتنەوەی سەربەخۆیی دا.

ئەوکات گوترا کە ئەو (سمکۆ) دەتوانێ چوار هەزار پیاو بهێنێتە مەیدان. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٢دا ئەو لەلایەن فارسەکانەوە تێک شکێندرا و لەلایەن تورکەکانیشەوە خاپێندرا و خەیانەتی لێ

کـرا. بـەو هۆیـەوە کوڕەکـەی دەستبەسـەر کـرا و ژنـە خۆشەویسـتەکەی کـوژرا و دەسـت بەسـەر هەمـوو موڵـک وماڵیـدا گیـرا.

لـە سـاڵی ١٩٢٢دا، لەگـەڵ٢٠ کـەس لـە لایەنگرانـی گەیشـتە لای سـەید تەهـا لـە شـوێنێکی نزیـک هەولێـر. دواتـر ڕۆیشـتە سـلێمانی لای شـێخ مەحمـوود، بـەڵام وا دەرناکـەوێ لەگـەڵ شـێخ مەحمـوود یـەک بۆچوونیـان هەبووبێـت. کاتێـک شـێخ مەحمـوود لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٢٣دا تێـک شـکا، سـمکۆ کـە لەگـەڵ تورکـەکان پەیمانـی بەسـتبوو، لەگـەڵ «ئۆزدەمیـر» ڕۆیشـتە ڕەوانـدز و لـەوێ وەک والـی و سەپەرسـتی ئـەوێ دەستنیشـان کـرا، بـەڵام سـمکۆ بەرلـە داگیرکردنـی ڕەوانـدز، بـەرەو ناوچـەی نەهـری ڕۆیشـتەوە و دواتـر لەلایـەن حکوومەتـی فارسـەکانەوە بڕیـاری لێبووردنـی بـۆ دەرچـوو.

تـا سـاڵی ١٩٢٥ لەسـەر دۆسـتایەتی لەگـەڵ تورکـەکان بـەردەوام بـوو، بـەڵام لـە مانگـی دیسـامبردا بەهـۆی کوژرانـی بەرپرسـێکی پلـە نـزم، جارێکـی دیکـە لەلایـەن فارسـەکانەوە کۆسـپی بـۆ دروسـت کـرا. فارسـەکان بەهـۆی لاوازیـی هێـزی سـەربازییان، نەیاندەتوانـی بەسـەریدا سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنـن. بۆیـە ئـەوان عەمەرخانـی شـکاک کـە ڕکابـەری سـمکۆ و بەندکـراو بـوو، ئازادیـان کـرد و ئەویـان هـان دا دژایەتیـی دەسـەڵاتی سـمکۆ بـکات، تاکـوو لەنـاو عەشـیرەتەکەیدا لاواز ببێـت. لەلایەکـی دیکـەوە تورکـەکان بـە دەسـتکراوەیی هێشـتنی سـمکۆ لـە ئازەربایجـان، شـپرزە بـوون.

لـە ئاوریلـی سـاڵی ١٩٢٦دا سـمکۆ نامـەی بـۆ شـێخ ئەحمـەدی بـارزان نـاردووە و داوای کـردووە بـۆ وتووێـژ لەسـەر بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـورد، لـە ماوەیەکـی نزیکـدا چاوپێکەوتنیـان پێکـەوە هەبێـت. لـەو بارودۆخـەدا سـمکۆ لەنـاو قووڵایـی ئاڵۆزییەکانـدا بـوو، ئـەو بـە١٥٠٠

کەسـەوە هێرشـی کـردە سـەر سـەڵماس، بـەڵام ئەمجارەیـان نەیتوانـی لـە بەرانبـەر هێزەکانـی فـارس کـە بـۆ شـەڕ لەگـەڵ ئـەو نێردرابـوون، ڕابوەسـتێ و لـە دەشـتی ورمـێ تێـک شـکێندرا. حکوومەتـی فـارس لەگـەڵ تورکـەکان بڕیاریـان دا پێکـەوە سـمکۆ سـەرقاڵ بکـەن و لـە کۆتاییـدا سـمکۆ ناچـار مـا لـە عێـراق و لـە باکـووری ڕەوانـدز ببێتـە پەنابـەر و خـۆی هاوێشـتە بـەر ڕەحـم و دلۆڤانیـی حکوومەتـی بریتانیـا و عێـراق و، دواتـر مۆڵەتیـان پـێ دا لـە سـیدەکان بـژی.

لـەوێ لـە سـاڵی ١٩٢٧دا، کێشـەیەک ڕووی دا و ئـەو مێواندۆسـتی و دلۆڤانییـەی کـە لەلایـەن هـاوڕێ خانەخوێیەکەیـەوە لـە بەرانبەریـدا پێشـان درابـوو پێشـێل کـرا. دواتـر لـە مانگـی پووشـپەڕی سـاڵی ١٩٢٨، سـمکۆ لەگـەڵ تورکـەکان ڕێـک کـەوت و لەگـەڵ لایەنگرانـی سـنووریان تێپەڕانـد.

جارێـک ١٥٠ کەسـی لـە عەشـیرەتە کۆنەکـەی شـکاک کـۆ کـردەوە و دەسـتی دایـە گەمـارۆی فارسـەکان، کـە وێدەچـێ لەلایـەن تورکەکانـەوە هـان درابێـت. لـە مانگـی ئۆکتۆبـری ١٩٢٨ەوە ئـەو لەگـەڵ گرووپەکـەی لـە نزیـک «باژێرگـە» کـە لـە٢٠ مایلیـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی «دزە»یـە، لـەلای «گـەوەر» دەژیـان. حکوومەتـی فارسـەکان بوونـی سـمکۆ لـەوێ وەک مەترسـییەکی ناوچەیـی دەبینـن و بـەردەوام داوا لـە تورکـەکان دەکـەن کـە یـان ڕادەسـتی بکـەن، یانیـش لـە سـنووری فارسـەکان دووری بخەنـەوە. پێویسـت نـاکات مـرۆڤ کەسـایەتیی سـمکۆ هەڵبسـەنگێنێت. ئاشـکرایە کـە ئـەو مرۆڤێکـی چالاکـە و زانیارییەکانیـش ئەمـە دەسـەلمێنن. ئـەو نەفـرەت لـە حکوومەتـی فارسـەکان دەکات و ئـەم ڕاسـتییەش لـە بزووتنەوەکەیـدا دیـارە. لـە هیـچ کاتێکـدا خـۆی بـە یەکجـاری ناداتـە دەسـت حکوومەتـی تورکیـە، یـان عێـراق. بێگومـان

ئــەو لەگــەڵ عەشــیرەتە کۆنەکــەی پێوەندییەکــی بەهێــزی هەیــە و فارســەکان لێــی دەترســن. ئــەو ئێســتا تەنیــا خــۆی خــۆش دەوێ و هیــچ کــەس، یــا شــتێکی لەبەرچــاو نییــە. هەروەهــا بەهــۆی ئــەوەی ئــەو هیچــی نییــە بیدۆڕێنێــت، بۆیــە تەنیــا بیــر لــە ســەرکەوتن دەکاتــەوە. ســمکۆ توانــای ئــەوەی هەیــە کــە دووبــارە خــۆی وەک کەســایەتییەکی باڵادەســت لــە ناوەنــد و باکــووری کوردســتاندا، ڕێــک بخاتــەوە.

## پیلانــی تیرۆرکردنــی ســمکۆی شــکاک بــە بڕیــاری ڕەزا شــا:

دوای ئــەوەی ســمکۆ بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ لــە سێگۆشــەی باشــوور، باکــوور و ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لــە بارودۆخێکــی دژواردا دەمێنــێ، لــە هاوینــی ١٩٣٠ ســەرهەنگ «ســادق خانــی نــەورۆزی» فەرمانــدەی ئێرانــی لــە شــاری شــنۆ بــە ناردنــی پەیــام بــۆ شــێخ ئەحمــەدی بــارزان کــە گۆیــا ســمکۆ لــە ســنووری ئێــوەوە مەترســی دەخاتــە ســەر کوێســتانچییەکانی دیــوی ئێــران و ئازاریــان دەدات، شــێخ ئەحمــەدی بارزانیــش وەڵامیــان بــۆ دەنێــرێ ئــەو شــتانەی کــە باســتان کــردووە لــە ســمکۆم پرســیوە و ناوبــراو ئــەو تۆمەتانــەی ئێــوە ڕەت دەکاتــەوە. دواتــر هەمــان کاربەدەســتی ئێرانــی بــە ئاگاداریــی ڕەزا شــا و بــە مەبەســتی خســتنەداوی ســمکۆ و لەنێوبردنــی، نامەیــەک بــۆ ســمکۆ دەنووســن و لەڕێــگای «تەیمــووری شکاک»ــەوە کــە پێشــتر چەکــداری ســمکۆ بــووە، ئــەو نامەیــەی بــۆ دەنێــرن. ئێرانییــەکان لــەو نامەیــەدا ئامادەیــی خۆیــان بــۆ وتووێــژی ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ ســمکۆ لــە شــاری شــنۆ دەردەبــڕن و داوا دەکــەن ســمکۆ بێتــە شــنۆ و لــەوێ چــاوی بــە سەرلەشــکر «حەســەن موقەدەمــی» گــەورە فەرمانــدەی ئێرانــی بکــەوێ کــە بڕیــار بــووە بــە نوێنەرایەتیــی ڕەزا شــا بێــت و لەگــەڵ ســمکۆ ڕێــک بکــەون.

دوای گەیشــتنی نامــەی ئێرانییــەکان، ســمکۆ ســەردانی شــێخ ئەحمــەدی بــارزان دەکات و بابەتەکــە پــێ ڕادەگەیەنێــت. دیــارە شــێخ ئەحمــەد پێــی خــۆش بــووە ئێرانییــەکان و ســمکۆ بتوانــن لەڕێــگای ئاشــتییانەوە کێشــەکانیان چارەســەر بکــەن. هەروەهــا ســمکۆش بــەو ئەزموونانــەی کــە لــە ڕابــردووی خــۆی و ئێرانییــەکان هەیبــوو، بــە

لەبەرچاوگرتنــی ئــەو بارودۆخــە ســەختەی کــە تێیــدا بــووە، ڕازی بــووە کــە بەڵکــوو بتوانــێ بــەم دانیشــتنە دەرفەتێــک بــۆ خــۆی وەچنــگ بخـات و ئەگەریـش ئەنجامێکـی نەبـوو، ئەوجـا دەسـت بـە ڕاپەڕینێکـی نـوێ بکاتـەوە. دوای ئـەو ڕاوێژکردنـە، شـێخ ئەحمـەد بـۆ قاهیمکاریـی سـلامەتیی سـەفەری سـمکۆ، داوای لـە عەشـیرەتی «گـەردی» دانیشـتووی دیـوی باکـووری کوردسـتان کـردووە کـە ئەوانیـش وێـڕای «مزووریيـەکان و خورشـید ئاغـای هەرکـی و کەریـم خانـی خەیلانـی و خۆشـناوەکان و برادۆسـتییەکان»، لەگـەڵ سـمکۆ بچـن بـۆ شـنۆ.

لەنــاو عەشــیرەتی گەردییــەکان ئــەو کەســانەی لەگــەڵ ســمکۆ چـوون، بریتـی بـوون: ئۆغـوز بـەگ ئاغـا، مـەروان ئاغـا و براکـەی بـە نـاوی حەمەدەمیـن ئاغـا، شـێر ئاغـا و عەلـی بیشـوونی گـەردی، شـێخ ئۆمــەر بێرۆخــی، باقــی شــکور بێرۆخــی و حوســێن شــکور بێرۆخــی، محەمەدســەعید بێرۆخــی، محەمەدئاغــای کەلیتــی، وێــڕای چەنــد کەسـایەتیی گونـدی زێـت لـە ناوچـەی گەردیـان، لەگـەڵ سـمکۆ بـەرەو شــنۆ ڕۆیشــتوون.

دوای گەیشــتنی ســمکۆ و یاوەرانــی بــۆ شــاری شــنۆ، لــەوێ چاوەڕێــی هاتنــی قاســیدی ڕەزا شــا واتــە سەرلەشــکر حەســەن موقــەدەم دەمێنێــت. بەپێــی ئــەو بڕیــارەی کــە درابــوو، دەبــوا ئــەو سەرلەشــکرە لەلایــەن ڕەزا شــاوە بــۆ واژۆکردنــی ڕێککەوتــن لەگــەڵ ســمکۆ بهاتبایەتــە شــنۆ. بــەڵام ڕاســتییەکەی ئەوەیــە کــە ڕەزا شــا، ئــەو سەرلەشـکرەی بـۆ کوشـتنی سـمکۆ ئەرکـدار کردبـوو. ئێرانییــەکان کــە هــەر لــە ســەرەتاوە ئــەم وتووێژەیــان وەک داوێــک بــۆ کوشــتنی ســمکۆ ڕێــک خســتبوو، بۆیــە لەلایــەن «ســادق خانــی نەورۆزی»یــەوە بــە ڕواڵـەت پێشـوازییەکی گەرمیـان لـە سـمکۆ کـردووە و ویسـتوویانە بـەم

ڕێگایــەوە چەنــد ڕۆژێــک ســمکۆ ســەرگەرم بکــەن تاکــوو پیلانەکەیــان بــە ئەنجــام بگەیەنــن.

لــە ڕێکەوتــی ١٩٣٠/٧/١٩ کاتــی ئێــوارە بەپێــی پلانــی دیاریکــراو، ســمکۆ و هێندێــک لــە هاوڕێیانــی لەگــەڵ ســەرهەنگ ســادق خــان نــەورۆزی، بــە ڕواڵــەت بــۆ پێشــوازی لــە سەرلەشــکر موقــەدەم دەچنــە ســەر ڕێــگای هاتنەکــەی لــە قــەراخ شــار.

بــەڵام ســەرەڕای کاتــی دیاریکــراو، دوای درەنگکەوتنێکــی زۆر، نێردراوەکانــی سەرلەشــکر دێنــە لایــان و ئاگاداریــان دەکەنــەوە کــە بەهــۆی تێکچوونــی ماشــینەکەیان، سەرلەشــکر ناتوانــێ ئەمــڕۆ بێتــە ئــەوێ و ســبەینێ دێــت. ســمکۆ و هاوڕێکانــی کــە تــا دەرەنگانێــک لــەوێ چــاوەڕێ مابــوون، جارێکــی دیکــە بــەرەو شــنۆ دەگەڕێنــەوە و کاتێــک دەگەنــە نزیــک دیوارەکانــی قــەراخ شــار، لــە ئاکامــی خیانەتــی ڕەزا شــا، لــە ئێــوارەی ڕۆژی ١٩٣٠/٧/١٩ لــە چەنــد لاوە دەکەونــە بــەر ئاگربارانــی تونــدی هێزەکانــی ســەرهەنگ ســادق خــان نــەورۆزی، کــە بەپێــی پیلانــی لــە پێشــدا داڕێژراویــان، ســمکۆیان خســتبووە بۆســەوە. لــە ســەرەتادا ســمکۆ برینــدار دەبــێ، خــۆی دەخاتــە قووڵکەیەکــەوە و دەیهــەوێ کوڕەکــەی بــە نێــوی خــوسرەو ڕزگار بــکات، لــەو کاتــەدا چەنــد گوللــەی دیکەشــی بــەر دەکــەوێ و ئیــتر گیانــی ئــەو قارەمانــە ئەفســانەییەی کوردســتان فیــدای نیشــتمان دەبێــت. هــاوکات خورشــید ئاغــای ســەرۆکی عەشــیرەتی هەرکــی، مــەروان ئاغــای گــەردی و براکــەی، کەریمخانــی ســەرۆکی عەشــیرەتی خەیلانــی، بــە گوللــەی ئێرانییــەکان شــەهید دەبــن و فەتــاح ئاغــای هەرکــی لەگــەڵ ســێزدە کەســی دیکــەش، بــە ســەختی برینــدار دەبــن.

بەهــۆی ســەختیی شــەڕەکە و نەبوونــی دەرفــەت تەرمــی ســمکۆ

لــه گۆڕەپانەکــەدا بەجــێ دەمێنێــت. هێزەکانــی ســمکۆ چەنــد جــار هێرشــیان کردووەتــە ســەر ئــەو شــوێنە، بــۆ ئــەوەی بتوانــن تەرمــی ســمکۆ لـــە دەســتیان دەربێنـــن، بـــەڵام بەهـــۆی پەلامـــاری هێـــزی یارمەتیــدەری ئێرانــی کــە لــە چەنــد لاوە هاتبــوون، شــەڕڤانانی ســمکۆ نەیانتوانیــوە تەرمــی ســمکۆ دەربــاز بکــەن.

ڕۆژی دواتـــر، سەرلەشـــکر موقـــەدەم بـــۆ چاوترســـاندنی کـــوردان، تەرمــی بــێ گیانــی ســمکۆیان بردووەتــە نێــو شــاری ورمــێ و پێشــانی خەڵکیــان داوە و بەنێــو شــاڕدا گەڕاندوویانــە و وێنەیــان لــێ گرتــووە، دواتریــش تەرمەکەیــان لــە دەرەوەی دەروازەی «هــەزاران»ی ورمــێ، لــە نزیــک جۆگــەی ئــاوی «دەهــوار» ناشــتووە، بــەڵام تــا ئێســتاش شــوێنی ڕاســتەقینەی شــاردنەوەی تەرمەکــەی نەدۆزراوەتــەوە.

شــەهیدکرانی ســمکۆ کــە بــۆ گەلــی کــورد تراژیــدی و کارەســاتیکی مەزنـــی نەتەوەیـــی بـــوو و نیشـــتمانپەروەرانی کـــورد بەگشـــتی بـــەو کۆســتە مەزنــە غەمبــار و تازیــەدار بــوون، هەروەهــا ئــەو کارەســاتە لەســـەر ئاســـتی ئێـــران، تورکیـــە، عێـــراق و وڵاتانـــی زلهێـــزی جیهـــان، دەنگدانەوەیەکــی زۆری هەبــووە و ڕادیــۆ و ڕۆژنامەکانــی ئــەوکات بــە فراوانـــی ئـــەو ڕووداوەیـــان ڕوومـــاڵ کـــردووە.

ســـمکۆی شـــکاک، دوای شۆڕشـــی شـــێخ عوبەیدوڵـــڵای نەهـــری، لـــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، ڕێبــەری گەورەتریــن و درێژتریــن ســەرهەڵدانی نەتەوەیـــی کـــردووە کـــە بـــۆ مـــاوەی ٢٥ ســـاڵ درێـــژەی بـــە خەباتـــی ڕزگاریخــوازی داوە. لــە هەمانکاتــدا ســمکۆ لــە ئاســتی هاوکێشــەکانی پێوەندیـــدار بـــە پرســـی کـــورد، کاریگەریـــی بەرچـــاوی لەســـەر پێوەندییەکانــی نێــوان ئێــران، تورکیــە، عێــراق، ڕووســیە و ئینگلیــزەکان هەبــووە. بۆیــە بــەردەوام لــە ڕۆژنامەکانــی ئــەوکات، بــاس لــە ســمکۆ

و خەباتــە نەتەوەییەکــەی کــراوە و ئارشــیڤی ئــەو وڵاتانــەش پــڕن لــە بەڵگەنامــە و ڕاپۆرتــی پێوەندیــدار بــە خەباتــی ســمکۆی شــکاک و نــاوی ســمکۆ و ســەرهەڵدانەکەی، بــۆ بەدەوڵەتبوونــی کوردســتان، وەک ســیمبۆل و ناســنامەی نەتەوەیــی کــورد لــە ســەدان ڕاپــۆرت و بەڵگەنامەکانــی وڵاتانــی بیانیــدا تۆمــار کــراوە.

## بەڵگەی ژمارە: ٥١


نمرهٔ مسلسل ١٣٢٨ - ٣شنبه ٢٥ صفر ١٣٤٩ | برابر ٣١ تیر ماه ١٣٠٩ - ٢٢ ژوییه ١٩٣٠ شماره

**کوشش**

تکنمره پس ازیکروز شش شاهی است

اداره: طهران خیابان علاء الدوله

صاحب‌امتیاز و مدیر: س. شکرالله الحسینی صفوی

آدرس تلگرافی: طهران: کوشش

همه روزه باستثنای ایام تعطیل منتشرمیشود

وجه اشتراک قبلا دریافت میشود

| آبونه | داخله | خارجه |
|---|---|---|
| سالیانه | ٨٠ قران | ١٠٠ قران |
| شش‌ماهه | ٤٠ قران | ٥٠ قران |

اعلانات صفحهٔ ١ صفحهٔ ٢ صفحهٔ ٣ صفحهٔ ٤ سطری ۴ قران ٣ قران ٢قران ١ قران


### قتل اسمعیل آقا سمیتقو

#### قطع ریشهٔ فساد

### اوضاع هندستان

#### سرجان سیمون در مجمع ملی راجع باوضاع واحوال هندوستان نطق مبسوطی ایراد نمود که خلاصهٔ آن بقرار ذیل است

## اعـــــلان

بموجب ماده نوزدهم بند دوم اساسنامه بانك ملی ایران محترماً اعلام میدارد که دومین جلسهٔ مجمع عمومی بانك در ساعت شش بعد از ظهر روز پنجشنبه ٣٠ مرداد ماه ١٣٠٩ (٢١ اوت ١٩٣٠) منعقد خواهد گردید:

دستور جلسه بقرار ذیل خواهد بود

١ـ تقدیم بیلان سالیانه

٢ـ مفاصای هیئت نظار و هیئت رئیسه

٣ـ انتخابات هیئت نظار

٤ـ تأسیس شعبه بانك فلاحتی و متفرقه

طهران ـ مورخه ٢٨ تیر ماه ١٣٠٩

بانك ملی ایران

نمرهٔ اعلان ٣٩٧٢

سێشەممە ١٩٣٠/٧/٢٢

ڕۆژنامەی «کوشش» ساڵی هەشتەم – ژمارەی زنجیرە ١٣٢٨

کوژرانی سمایل ئاغای سمکۆ دوابەدوای ڕاپۆرتی کۆپیی ژمارە ٢٣٦٧ و تەلەگرافی ژمارە ٢٩٩٧ ڕای دەگەیەنین کە هاوکاتە لەگەڵ چوونی بەندە بۆ ڕەزاییە (ورمێ)، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە حکوومەتی سەربازیی شنۆوە پێمان گەیشتبوو، ڕوون بووەوە کە سمکۆ دیسانیش نیازێکی ڕاستگۆیانە و دروستی نییە و لەم سێ ڕۆژەی مانەوەی خۆی لە شنۆ، وردە وردە بەناوی سەردان و دیدەنییەوە خەڵکی کۆچەری و بیانیشی لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە و ئامادە نییە لە ناوەندی لەشکر حازر بێت. لەلایەکی دیکەوە درێژبوونەوەی بابەتەکە و دانوستان لەگەڵ ناوبراویش بە مەسڵەحەت نەبوو و سوودی نەبوو. بەم پێیە شەوی ٢٧ی مانگ، سێ ستوون بەم جۆرەی خوارەوە لە ڕێگای جیاوازەوە بەرەو شنۆ بەڕێ کران.

یەکەم: ستوونێک لە ڕەزاییەوە کە گوردانێکی پیادە و گورهانێکی موسەلسەلی لەخۆ گرتبوو.

دووەم: گوردانێکی پیادە لە سابڵاخەوە.

سێیەم: ستوونێکی سوارە، پێکهاتوو لە یەکەی سوارکاران کە لەگەڵ ئەرکانی شەڕی ناجێگیری پارتیزانی لەشکر لە تەورێزەوە هێنابوومن و دەستوورمان بە سەربازگەی شنۆ دا کە بە سمکۆ ڕابگەیەنن دەبێ بە خێرایی بەرەو تەورێز وەڕێ بکەوێ و ناوبراویش چەک بکەن و ئەگەر سەرپێچیی کرد ناوبراو و هاوڕێکانی لەناو ببەن. وەک چاوەڕێ دەکرا ناوبراو لە چوون بەرەو ناوەندی لەشکر سەرپێچیی کرد و چەکەکانیشی ڕادەست نەکرد، هەربۆیە هێزەکانی

سـەربازخانە ئەرکـی خۆیـان بەجـێ هێنـا و ئـەو سـتوونانەش کـە بـەڕێ کرابـوون و زۆر بـە خێرایـی چوبوونـە شـنۆ، ئێـوارەی ٢٧ی مانـگ شـنۆیان گەمـارۆ دا و خـودی سـمکۆ کـوژرا و زۆربـەی کەسـانی دەوروبەریشـی کــوژران و برینــدار بــوون، یــا ڕایــان کــرد. ئێســتا بــە شــانازییەوە ڕادەگەیەنــم کــە ژیانــی چەپەڵــی ئــەم توخمــە شــەڕخوازە کۆتایــی پــێ هاتــووە. دەبــێ ئــەوەش بڵێــم کــە جووڵــەی ئــەو ســتوونانەی بــۆ ئــەم ئۆپەراســیۆنە ڕاســپێرابوون زۆر ســەرنجڕاکێش بــوو و دوو ســتوونی پیــادەی ڕەزاییــە (ورمــێ)، دوازدە فەرســەخیان لــە مــاوەی ١٨ کاتژمێــر ڕێپێوانــی بەردەوامــدا و ســتوونی پیــادەی ســابڵاغ دە فەرســەخیان لــە مــاوەی شــازدە کاتژمێــر ڕێپێوانــی بەردەوامــدا و ســتوونی ســوارە بــە زۆرتریــن خێرایــی، مەوداکەیــان بڕیــوە و بــە باشــترین شــێوە توانیویانــە ئەرکەکەیــان بەتــەواوی جێبەجــێ بکــەن و ڕاهێنانــی گونجــاو لــە ژیانــی هێــزە چەکــدارەکان و جێبەجێکردنــی ئەرکەکانیــان بەتــەواوی بســەلمێنن.

ڕەزاییە (ورمێ) کاتژمێر ٩ – ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٠٩

فەرماندەی لەشکری باکووری ڕۆژئاوا سەرتیپ حەسەن موقەدەم

**بەڵگەی ژمارە: ٥٢**

*سەرچاوە: أ /٤٦*

*لە ٢٠/٧/ ١٩٣٠ وەرگێڕان لە فارسییەوە*

*شایانی متمانەی تەواوە.*

*بەپێی زانیاریی دیکەش وردبوونەوەی بۆ کراوە.*

*نیشتەجێ (مقیم)*

لەبارەی کوشتنی سمایل ئاغای سمکۆوە:

ڕاپۆرتمان لە شنۆوە پێ گەیشتووە سەبارەت بە دەرکەوتنی سمایل ئاغا لەو نزیکانە، کە خەریکی کۆکردنەوەی کوردەکانە لە دەوری خۆی، فەرماندەی تیپی باکووری ڕۆژاوا لە تاران گەڕایەوە و یەکسەر لەگەڵ دەستەی ئەرکاندا بەرەو ورمێ بەڕی کەوت.

وردەکارییەکانی مانەوەی سمایل ئاغا لە شنۆ بەم شێوەیەیە: سمایل ئاغا خواستی دەربڕیوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران و دەست لە چالاکییەکانی پێشووی هەڵبگرێت، ئەمەش بە تاران ڕاگەیەندراوە، خاوەن شکۆ ڕێگەی داوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران بەو مەرجەی لە تەورێز یان لە تاران ژیان بەسەر ببات، ڕێگەی نەدا لە ناوچە سنوورییەکان نیشتەجێ ببێت.

ئەم هەواڵەیان بە سمایل ئاغا ڕاگەیاند و ئەویش لە ١٥ی تەمووز لەگەڵ کۆمەڵێک لە کوردەکانی خۆی گەیشتە ڕەشماڵەکانی خۆرشید ئاغای هەرکی لە دەوروبەری شنۆ.

سەرهەنگ سادق خان، فەرمانداری سەربازیی شنۆ، بۆ وتووێژ سەبارەت بە چوونی سمایل ئاغا بۆ تەورێز، چاوی بە خۆرشید

ئاغـا و سـمایل ئاغـا كـەوت و لەمبارەیـەوە ڕاپۆرتـی دابـوو بـەو شـارە، چەنـد ئۆتۆمبێلێـك نێـردران بـە دوای سـمایل ئاغـادا، بـەڵام سـەرهەنگ سـادق خـان سـەرلەنوێ هەواڵـی ئـەوەی گەیاندبـوو كـە سـمایل ئاغـا لەباتـی ئـەوەی كـە بچێـت بـۆ تەورێـز، مەبەسـتی تـری هەیـە و كوردەكانـی عێراقیـش بەنـاوی سـەردان و دیتنتـی، دێـن بـۆ لای.

لـەو كاتـەدا فەرمانـدەی تیپـی سـەربازی كـە تـازە لـە تارانـەوە هاتبـوو، فەرمانـی دا كـە زوو سـمایل ئاغـا بنێـرن بـۆ تەورێـز و ئەگـەر قایـل نەبـوو، دەسـتگیر بكرێـت و لەژێـر چاوەدێریـی هێزێكـدا ڕەوانـەی تەورێـز بكرێـت.

فەرمانـدەش بـۆ خـۆی لەگـەڵ ئەركانـی مەیدانـی بـەرەو ورمـێ بـەڕێ كـەوت و فەرمانـی كـرد بەتالیۆنێكـی سـەربازی لـە ورمـێ و بەتالیۆنێكیـش لـە سـابلاغ (مەهابـاد)وە بنێردرێـن بـۆ شـنۆ. ئـەم هێزانـە زۆر زوو گەیشـتنە شـنۆ و جێگیـر كـران و دەروازەكانـی شـنۆیان گـرت. لەنـاو شـاریش پێكـدادان لـە نێـوان هێزەكانـی سـەربازگەی شـنۆ و كوردەكانـدا ڕووی دا، لەسـەر ئـەو ڕێگایانـەش كـە چـاوەڕوان دەكـرا سـمایل ئاغـا لێیانـەوە هـەوڵ بـدات لـە شـنۆ دەربچێـت، هەشـت چەكبەدەسـت لـە سـەربانەكان جێگیـر كـران و هـەر یەكەیـان سێسـەد (٣٠٠) فیشـەكیان درایـە بـۆ ئـەوەی ڕێـگا لـە سـمایل ئاغـا بگـرن كـە لـە شـار دەرنەكەوێـت، كاتێـك سـمایل ئاغـا هەوڵـی دا لەڕێـگای كۆڵانـە تەسـكەكانەوە خـۆی لـە ئابلۆقـە (گەمـارۆ) دەربـاز بـكات، لەلایـەن ئـەم چەكبەدەسـتانەوە تەقـەی لـێ كـرا و كـوژرا.

كـوردەكان هەوڵـی زۆریـان دا تەرمـی سـمكۆ بەدەسـت بهێنـن، بـەڵام ئـەم چەكبەدەسـتانە بـە تەقەكردنـی بـەردەوام دەرفەتیـان نـەدا دەسـتیان بگاتـە تەرمەكـەی، بەشـێك لـە كـوردەكان كـوژران و

بەشێکیشــیان هەڵهاتــن و ئەوانــی تریــان بەدیــل گیــران، تەرمەکــەی ســمایل ئاغــا بــە ئۆتۆمبێــل گەیەندراویــە ورمــێ و لــەوێ بــە خــاک ئەســپێردرا.

ســمایل ئاغــا لەگــەڵ هاتنەوەیــدا بــۆ ئێــران، عەشــیرەتی هەرکــی داڵدەیــان دابــوو و لەلایــەن خۆرشــید ئاغــاوە دەپارێــزرا، لەوانەیــە کوشــتنی ناوبــراو (مەبەســت خۆرشــید ئاغایــە کــە ئەویــش لەگــەڵ ســمکۆ کــوژرا) ببێتــە هــۆی ســەرلەنوێ کۆبوونــەوەی عەشــیرەتەکەیان و دەســتکردنەوەیان بــە ئــاژاوە و ئاڵــۆزی دروســتکردن لــە شــنۆ، بۆیــە ڕۆژی ٣١ی تەمــووز، لــە تەورێــزەوە بەتالیۆنــی ســپاهبانیان ڕەوانــەی شــنۆ کــرد.

تێبینییەکانــی موقیــم (Resident) ئەرشــیڤ ژمــارە: ٣، ئاکادیمیــی زانســتیی یەکیەتیــی ســۆڤیەت/ دۆســیەی/ ٧ پێڕســتی ٥، ژمــارە ١٠

ســمایل ئاغــا لــە ١٢ی تەمــووز گەیشــتە شــنۆ، پێشــوەخت ڕێــگای پــێ درابــوو بێتــە نــاو خاکــی ئێرانــەوە بــە مەرجــی ئــەوەی کــە لــە تەورێــز، یــان تــاران نیشــتەجێ بێــت، گەرەنتیــی ژیانــی خــۆی و بەشــێک لــە عەشــیرەکەیان بــۆ کردبــوو، نزیکــەی دوو ســەد (٢٠٠) کــوردی لەگەڵــدا بــوو.

ســمایل ئاغــا لــەلای خۆرشــید ئاغــا دابــەزی کــە یەکێــک لــە ســەرداره کوردەکانــی تورکیــە لــە عەشــیرەتی هەرکییــە کــە هەمــوو هاوینێــک دێنــە لەوەڕگەکانــی شــنۆ. فەرمانــداری (ســەربازگە)ی شــنۆ لەگــەڵ ســمایل ئاغــا لەبــارەی چوونەکــەی بــۆ تەورێــز وتووێــژی کــرد.

ڕۆژانــە لــە ســنوورەکانی عێراقــەوە کــوردەکان بەتایبەتــی شــێخی

بــارزان بەنــاوی دیدەنــی و ســەردانەوە دەهاتنــە لای ســمکۆ، لــە ئەنجامــدا نزیکــەی پێنــج ســەد (٥٠٠) کــوردی چەکــدار لــە دەوری کــۆ بوونــەوە. لــە هەمانکاتــدا ســمایل ئاغــا خــۆی لــە وەڵامــی کۆنکرێــت (بــۆ حکوومەتــی ئێــران) دەدەزییــەوە. فارســەکان لــەم هەڵوێســتەی نیگــەران بــوون، فەرمانــدەی تیپــی ســەربازیی بەپەلــە لــە ١٧ی تەمــووز گەیشــتە ورمــێ و یەکســەر فەرمانــی دا کــە لــە ورمــێ و ســابڵاغەوە هــەر یەکەیــان یــەک بەتالیــۆن و یــەک سریــەی تەقەکــەر (سریــة رِمــاة)، یــان ڕشاشــهەڵگر بنێــرن بــۆ شــنۆ. لــە هەمانکاتــدا داوای لــە فەرمانــدەی ســەربازگەی شــنۆ کــرد کــە داوا لــە ســمکۆ بــکات کــە بەبــێ دواکەوتــن بــەرەو ورمــێ بــەڕێ بکەوێــت، بــە پێچەوانــەوە چەکــی بــکات.

ئــەو هێزانــەی کــە ئاماژەیــان پــێ کــرا، لــە ڕۆژی ١٧ی تەمــووز لــە کاتژمێــر یــازدەی شــەو گەیشــتن و تاکــوو شــەوی ١٨ی تەمــووز دەوری شــنۆیان دا. هێزەکانــی ورمــێ بــە هــەژدە کاتژمێــر پیادەڕەویــی بــەردەوام هەشــتا و چــوار (٨٤) کیلۆمتریــان بــڕی و ئــەوەی ســابڵاغیش بەبــێ ڕاوەســتان حەفتــا (٧٠) کیلۆمتریــان بــە شــازدە کاتژمێــر بــڕی. شــەوی ١٨ی تەمــووز شــەڕ لــە نێــوان ســەربازگەی شــنۆ و کوردەکانــدا ڕووی دا و ســمایل ئاغــا کــە لەگــەڵ کوردەکانــی خــۆی لــە گۆڕەپانێکــی تەســکدا بــوو، کــوژرا. تەرمەکــەی بــە ئۆتۆمبێــل بــرا بــۆ ورمــێ، ئــا لــەم کاتــەدا مــن بــە هەڵکــەوت بەســەر ورمێــدا بــەرەو ســابڵاغ و ســەقز بەڕێــوە بــووم، تەرمەکــەی بــۆ چەنــد کاتژمێرێــک لــە گۆڕەپانێکــدا دانــرا بــۆ ئــەوەی خەڵــک ببینــن، گردبوونــەوە ســاز کــرا و پارێــزگاری ورمــێ وتــاری تێــدا دا و کردەوەکانــی ســمایل ئاغــای وەک چەتەگــەری پێناســە کــرد و پیرۆزبایــی لــە ســوپای ئێــران کــرد کــە خەڵکیــان لــە تیرۆرەکانــی ســمکۆ ڕزگار کــردووە.

لەبەرئــەوەی کاتێــک ســمایل ئاغــا خــاوەن دەســەڵات بــوو، لــە ساڵەکانی ١٩٢١ــ١٩٢٠ لـە ورمـێ و سـابڵاغ زیانـی زۆری بـە دانیشـتوانی ئـەم دەڤەرانـە گەیاندبـوو و یادەوەرییەکـی خراپـی لـەم شـارانە لـەدوای خـۆی بەجـێ هێشـتبوو، توێـژی بازرگانانـی کـورد کـە لەگـەڵ فارسـەکان پێوەندییەکـی توندوتۆڵیـان هەیـە، بەبـێ گوێـدان سـەیری ڕووداوەکەیـان کـرد، بـەڵام کـوردە ئاسـاییەکان نیگـەران بـوون، شـێوەی وێنەگرتـن لـە سـمکۆ بـە مردوویـی، ئەوانـی نیگـەران و تـوورەی دەکـردن، کاتێـک سـەربازانی فـارس دەیـان کـرد بـە قژیـدا و بەبـێ گوێـدان سـەریان بـەرز دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی وێنـەی بگـرن، کـوردەکان وایـان دادەنـا سـمایل ئاغـا بـە خیانـەت کـوژراوە.

هاوپێــچ لەگــەڵ ئــەم نامــە شــەش وێنەتــان بــۆ دەنێــرم کــە پێوەندییــان بــە کوشــتنی ســمکۆوە هەیــە، دەبــێ هــاوڕێ پیــترۆڤ برووســکەی کوشــتنەکەی لــە هەمــان ئانوســاتدا بۆتــان ناردبێــت، بۆیــە مــن لــە تەورێــزەوە لەمبارەیــەوە ئاگاداریــم بۆتــان نەنــارد.

# بەشی سێیەم

## بــرۆی حەســکێ و دەســـتپێکردنی ڕاپەرینـــی ئاگــری (ئــارارات):

«برۆیــێ حەسـکێ تێلـی» لـە عەشـیرەتی جەلالـی و سـەرۆکی عێلـی «حەســە ســۆرێ» و نیشــتەجێی هەرێمــی ئاگــری بــوو. لــە شــەڕی یەکەمــی جیهانیــدا وەک هێندێــک لــە سەرۆکعەشــیرەتە کــوردەکان، «برۆیــێ حەســکێ تێلی»یــش لەگــەڵ عوســمانییەکان لــە بەرانبـــەر ئەرمەنـی و ڕووسـەکاندا شـەڕی کـرد. وەک دەزانـرێ، دەوڵەتـی عوسـمانی لـە زۆر نەتـەوە پێـک هاتبـوو. کوردیـش لـەو دەسـەڵاتدارییەدا یەکێـک لــەو نەتەوانــە بــوو. لــە کاتــی دەســەڵاتی عوســمانییەکان، نەتــەوەی کــورد بــە بــەراورد لەگــەڵ نەتەوەکانــی دیکــە هەمــوو کاتێــک خــاوەن پێگەیەکــی تایبەتــی بــوو. بنەمــای ئــەو تایبەتمەندییــەش دوو هــۆکاری ســەرنجڕاکێش بــوون، کــە یەکــەم موســڵمانیەتی و «ســوننە» بوونــی زۆربــەی کــوردەکان بــوو. دووەمیــش ئــەوەی کــە، کــورد لــە هەرێمــی میزۆپۆتامیـا خـاوەن حەشـیمەتێکی زۆر، هەروەهـا لـە شـەڕکردندا ئـازا بــوون. عوسـمانییەکان لەبـەر ئـەم تایبەتمەندییانـە بـەردەوام خۆیـان لـە کــورد نزیــک دەکــردەوە. عوســمانییەکان لــەم ناوچەیــەدا لــە بەرانبــەر دوژمــن و نەیــاری خۆیــان لــە کــوردان دیوارێکــی بەهێزیــان دروســت کردبــوو کــە وەک قەڵغــان بــۆ پاراســتنی خۆیــان بەکاریــان دەهێنــان.

دەوڵەتــی عوســمانی لــە ســەرەتای شــەڕی یەکەمــی جیهانــی، بــۆ وەدەســتهێنانی خاکــی وڵاتانــی ســەرمایەداری، لەگــەڵ ئاڵمانــی نــازی بـــوون بـــە هاوپەیـــمان. کاتێـــک لـــەو شـــەڕەدا ئاڵمانییـــەکان تێـــک شــکان، دەوڵەتــی عوســمانیش لــەو شــەڕەدا دۆڕان و دواتریــش لاواز بـــوون و نەتەوەکانـــی هەرێمـــی باڵـــکان داوای ڕزگاریـــی وڵاتەکانیـــان

کـرد و دەوڵەتـی خۆیانیـان دامەزرانـد. دوای ئـەو ڕووداوانـە دەوڵەتـی عوسـمانی بـەرەو لەناوچـوون دەچـوو. لـە کوردسـتانیش ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ هێزیـان لاواز دەبـوو، لـەو کاتـەدا دەوڵەتـی عوسـمانی بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو ناوچەیـە لەدەسـت نـەدات، دەیانـوت کـە «کوردسـتان دەبێتـە ئەرمەنسـتان». عوسـمانییەکان بـەو دروشـمە کوردیـان فریـو دا و لـە بەرانبـەر ئەرمەنییەکانـدا بەکاریـان هێنـان. ئـەوکات برۆیـێ حەسـکێ و عەشـیرەتەکانی هەرێمـی دەوروبـەری چیـای ئاگریـش لەبـەر ئـەوەی کـە نەیاندەویسـت کوردسـتان بکەوێتـە نـاو ئەرمەنسـتان، لەگـەڵ هێزەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە بەرانبـەر ڕووس و ئەرمەنییـەکان، زۆر شـەڕی گەورەیـان کـرد.

لـە سـەردەمی حکوومەتـی نوێـی تورکیـە، بەهـۆی ئـەو بارودۆخـە سـەختەی کـە تورکـەکان دوای ڕاپەڕینـی شـێخ سـەعید لـە باکـووری کوردسـتان پێکیـان هێنابـوو و بـەو هۆیـەوە دەسـتیان بـە ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی کـوردەکان بـۆ ناوچـە دووردەسـتەکانی ئانـادۆڵ کردبـوو، «برۆیـێ حەسـکێ تێلـی» یـەک لـە سـەرکردەکانی هـۆزی جەلالـی دانیشـتووی هەرێمـی ئاگـری، کـە پێشـتر چەندیـن سـاڵ لەنێـو «سـوپای حەمیدیـە»دا خزمەتـی عوسـمانی و تورکەکانـی کردبـوو، ئـاگادار دەکـرێ کـە تورکـەکان بڕیاریـان داوە ناوبـراو بـە زۆری لـە زێدەکـەی دوور بخرێتـەوە، جەندرمەکانـی دەوڵەتـی تـورک هـەر بـەو مەبەسـتە لـە ١٩٢٥/٠٥/١٦ هێـرش دەکەنـە سـەر ماڵەکـەی، بـەڵام «بـرۆ» لـەو کاتـەدا لـە مـاڵ نەبـووە. دوای ئـەوەی کـە بـرۆ لـەو ڕووداوە ئـاگادار دەکرێـت، داوای کـردووە کـە تەنیـا چـەک و ئەسـپەکەی بگەیەننـە دەسـتی، بەسـە!

کاتێـک کـە یەکـەی جەندرمـەکان لـە «بازیـد» و لـە گونـدی

«مووسـون» کەوتوونەتـە شـوێن «بـرۆی حەسـکێ» و منداڵەکانـی بـۆ دەستبەسـەرکردنیان، لـە داوێنـی چیـای ئاگـری دەنگـی تەقـە دێـت و ئیـتر ئـەم تەقەیـە دەبێتـە دەسـتپێکی سـەرهەڵدانێکی دیکـە لـە کوردسـتان. سـەرهەڵدانی ئـارارات کـە لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٢٦دا تەقیوەتـەوە و تـا هاوینـی سـاڵی ١٩٣١ درێـژەی کێشـاوە، بـەم شـێوەیە دەسـتی پـێ کـرد.

دوای ئـەوەی کـە «بـرۆ» لەگـەڵ ٣٠ کـەس لـە خزمەکانـی خـۆی ڕووی کـردە کێـوی ئاگـری، لـە نێـوان ئـەوان و هێزەکانـی دەوڵـەت چەنـد جـاران شـەڕ سـاز بـوو. لـە ئاکامـی ئـەو شـەڕانە، هێزەکانـی تورکیـە پاشەکشـەیان کـرد و زۆر چـەک و تەقەمەنیشـیان کەوتـە دەسـت ڕاپەڕیـوەکان. دوای ئـەو شـەڕ و ئاڵوزییانـە چاوپێکەوتنێـک لـە نێـوان ئەفسـەرەکانی تـورک و بـرۆ لـە گونـدی «جەبـێ کومەتـێ» پێـک هـات، بـەڵام بـرۆ داواکەیانـی لەمـەڕ تەسـلیمبوون ڕەت کـردەوە.

بـە دەسـتپێکردنی خۆڕاگریـی بـرۆ لـە بەرانبـەر بڕیـاری ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی کـوردەکان لەلایـەن تورکەکانـەوە، دوای ماوەیـەک «فەرزەنـدە بەگـی حەسـەنی کـوڕی سـلێمانێ ئەحمـەد، لەگـەڵ خالـس بـەگ، عەبدولقـادر، کازم بـەگ، تاجەدیـن بـەگ و ئەیـووب ئاغـا» و زۆر نـاودار و مێرخاسـی ئـەوکات کـە ئەوانیـش لەبـەر گوشـار و هەڕەشـەی دوورخسـتنەوە لەلایـەن دەوڵەتـی تورکـەوە هەڵدەهاتـن، خۆیـان گەیانـدە چیـای ئاگـری و لـەلای بـرۆ و هاوڕێیانـی گیرسـانەوە. لەنێویانـدا شـەڕڤانانی عەشـیرەتی «کەسـکۆیی، سـاکان و شەمسـکان»یش هەبـوون. ئـەوان لەگـەڵ بنەماڵەکانیـان هاتبـوون بـۆ ئاگـری و ئیـتر ئاگـری ببـووە قیبلـەی نوێـی بەرخـۆدان. هەروەهـا ئـەو پیـاوە ناودارانـەی کـورد کـە لەلایـەن دەوڵەتـی تورکیـەوە دوور خرابوونـەوە، ئەوانیـش لـە

ئانادۆڵـەوە هەڵدەهاتـن تاكـوو خۆیـان بگەیننـە ئاگـری. لەنێویانـدا لـە شـێخەكانی زیـلان، شـێخ عەبدولوەهـاب و ئامۆزاكـەی بـە نـاوی شـێخ ڕەسـووڵی بەرزەنجـی هەبـوون.

لــە بەهــاری ســاڵی ١٩٢٧دا كاتێــك كــە ســەرما ســۆڵە شــكا، مێرخاســانی ئاگــری چەنــد جــار هێرشــیان كــردە ســەر هێزەكانــی ئەرتەشــی تــورك و جارێكیــش ناوچــەی بازیدیــان ڕزگار كــرد.

## پشتیوانیی خۆیبوون لە ڕاپەڕینی ئاگری:

کاتێـک لـە چیـای ئاگـری، بڵێسـەی سـەرهەڵدان بـەرز بـووەوە، «ئیحسـان نـووری پاشـا» کـە ئەوکاتـە لـە دەوروبـەری «خنووسـێ» بـووە، لەلایـەن ڕێکخـراوی نەتەوەیـی «خۆیبـوون»ەوە وەک فەرمانـدەی نیزامیـی بـۆ سـەرهەڵدانی ئاگـری ئەرکـدار کـراوە.

دوای ئـەوەی ئیحسـان نـووری پاشـا گەیشـتە ئاگـری، چەنـد حەفتـە دواتـر لـە ڕێکەوتـی ١٩٢٧/٩/١٣ هێزەکانـی ئەرتەشـی تـورک هێرشـێکی بەرفراوانیـان کـردە سـەر چیـای ئاگـری. ژمـارەی سـەربازانی تـورک زیاتـر لـە١٠ هـەزار کـەس بـوون. ئـەوان لـە باکـووری چیاکـەوە یەکەیەکـی گـەورە لـە سـەربازەکانیان لەنـاو چیـای ئاگریـی گـەورە و بچـووک جێگیـر کـرد و دەسـتیان دایـە هێرشـێکی بەرفـراوان. دوای ئـەوەی بـە تـۆپ و میترالیۆزەکانیـان دەسـتیان بـە تەقـە کـرد، شـەڕڤانانی عەشـیرەتی «سـاکان» کـە لەوبـەری سـنوورەکانی ئێرانـەوە بـوون، بـە هانـای ڕاپەڕیوەکانـی ئاگرییـەوەوە هاتـن.

ئـەو شـەڕ و تێکهەڵچوونـە چەنـد ڕۆژێـک درێژەیـان هەبـوو. لـە ئاکامـدا هێزەکانـی تـورک بـە دانـی زەرەر و زیانێکـی زۆری گیانـی، کـە لەنێویانـدا چەندیـن ئەفسـەر هەبـوون، هەروەهـا لەگـەڵ ئـەوەی دەیـان کەسـیان لـێ بەدیـل گیـران و چەکێکـی زۆریـان لـە پـاش خۆیـان بەجـێ هێشـت، پاشەکشـەیان کـرد. کـوردەکان دوای چەنـد ڕۆژ، دیلەکانیـان ئـازاد کـرد. چۆمـی بازیـد لـە نێـوان ڕاپەڕیوەکانـی ئاگـری و ئەرتەشـی تورکـدا ببـووە سـنوور.

دوای ئـەوەی ئیحسـان نـووری پاشـا و جەنگاوەرانـی ئاگـری بەرپەرچـی هێرشـەکەی ئەرتەشـی تورکیەیـان دایـەوە، لـە چیـای ئاگـری

هێــزی جەنگاوەرانــی ئاراراتیــان لەســەر بنەمایەکــی ســەربازی ڕێــک خســتەوە و دەســتیان دایــە پەروەردەکردنیــان. «کۆمەڵــەی خۆیبوون»یــش بــۆ ئــەو مەبەســتە کادرەکانــی ناردبــووە ئــارارات. بەمجــۆرە بەرخۆدانــی ئــارارات هەتــا دەهــات بەهێزتــر و بەگوڕتــر دەبــوو، ســەرۆکەکانی کوردیــش پەیتاپەیتــا ڕوویــان لــەو چیایــە دەکــرد.

لەلایەکــی دیکــەوە، یەکەیەکــی پیشــەکارانی ڕێکخــراوی لیبراڵــی ئەرمەنییــەکان بــە نــاوی «داشــناک» بــە سەرپەرســتیی «ئەردەشــێر مورادیــان» بــۆ پشــتیوانیی ڕاپەڕینەکــە هاتبوونــە ئاگــری. ئــەو پیشــەکار و وڵاتپارێزانــەی ئەرمەنــی کــە بەپێــی پەیمانــی نێــوان خۆیبــوون و داشــناک هاتبوونــە ئــارارات، لــە بــواری تەکنیکــی چاپکردنــی گۆڤــاری ئاگــری و دوورینــی جلوبــەرگ و یۆنیفۆرمــی ســەربازی و دابینکردنــی چەکوچــۆڵ بــۆ جەنگاوەرانــی ئــارارات کاریــان دەکــرد. ئەردەشــێر مورادیــان کــە بــە «زیــلان بــەگ» دەنــاسرا، لــە ســاڵی ١٩٢٩دا لەلایــەن هێزەکانــی ســۆڤیەتەوە دەستبەســەر کــرا و دواتــر گوللــەباران کــرا.

ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ ژمــارەی شــەڕڤانانی ئــارارات زیاتــر دەبــوو. دەســتەی ئــارارات تــا «ئــەرزڕۆم» و دەشــتی «مــووش» بــڵاو بــوون و لــەو هەرێمانــە هێرشــیان دەکــردە ســەر بنکــە و بارەگاکانــی ئەرتەشــی تــورک. دەوروبــەری چیــاش لەدەســت هێزەکانــی ئاراراتــدا بــوو. دوای ســەرکەوتنە نیزامــی و سیاســییەکان، بــە بڕیــاری خۆیبــوون لــە ناوچەکــە، «کۆمــاری ئــارارات» دامــەزرا .

**بەڵگەی ژمار: ٥٣**

“Research Article published on International Crimes and History Journal, 31st October 2018 (Publication Number 19, pages 177-242) written by Moumdjian, Gabaret K. “Armenian Involvement in the 1925 (Ararat) and 1937 (Dersim), Kurdish Rebellions in Republican Turkey: Mapping the Origins of Hidden Armenians”.

بابەتـــی توێژینـــەوە: «تێـــوەگلان و بەشـــداریی ئەرمەنییـــەکان لـــە ســـەرهەڵدانەکانی کـــورد لـــە ســـاڵی ١٩٢٥ (ئـــارارت) و ١٩٣٧ (دێرســـیم) لـــە تورکیـــای کۆماریـــدا، نەخشـــەی ڕەســـەنایەتی ئەرمەنییـــە نادیـــارەکان.» لـــە نووســـینی مومدژیـــان و گابارێـــت کـــی، کـــە لـــە گۆڤـــاری نێودەوڵەتیـــی تـــاوان و مێـــژوو، لـــە ٣١ی ئۆکتۆبـــەری ٢٠١٨ ( ژمـــارەی ١٩، لاپـــەڕەی ١٧٧- ٢٤٢) بـــڵاو کراوەتـــەوە.

لاپەڕەی ١٨٥، بەشی یەکەم

خۆیبوون/ داهێنانێکی فیدراسیۆنی شۆڕشی ئەرمەنی

فیدراســـیۆنی شۆڕشـــی ئەرمەنـــی، لـــەو کاتـــەوە کـــە لـــە ســـاڵی ١٩٢١ کۆمـــاری ئەرمەنســـتان لادرا، لانیکـــەم نزیکـــەی ٥ ســـاڵی پـــێ چـــوو تـــا بتوانـــێ دەستنیشـــانی پێکهاتـــە و پلـــە و پایەکانـــی خـــۆی بـــکات. لـــە کۆنگـــرەی جیهانیـــی فیدراســـیۆنی شۆڕشـــی ئەرمەنـــی لـــە ســـاڵی ١٩٢٣ لـــە ڤیەننـــا- تەنیـــا لـــە بـــواری ڕاوێژکارییـــەوە- بانـــگ کـــران. دوو ســـاڵ دواتـــر و لـــە ســـاڵی ١٩٢٥ دەیەمیـــن کۆنگـــرەی جیهانیـــی فیدراســـیۆنی شۆڕشـــی ئەرمەنـــی ڕاگەیەنـــرا. لـــەو کۆنگرەیـــەدا بـــوو کـــە بابەتـــی بەشـــداریی

فیدراسـیۆنی شۆڕشـی ئەرمەنـی لـە سـەرهەڵدانەکانی کـورددا بـاس کـرا. کۆنگـرە بڕیـاری دا تـا پەسـەندی هەمـوو ئـەو شـتانە بـکات کـە ڕێکخـراو دەتوانێـت بـەو مەبەسـتەوە کـۆ بکاتـەوە. بڕیـاری هـاوکاری و بەشـداری لـە شۆڕشـەکانی داهاتـووی کـورد، بڕیارێکـی سـتراتێژیکی دەیەمیـن کۆنگـرەی جیهانیـی فیدراسـیۆنی شۆڕشـی ئەرمەنـی (ف.ش.ی) بـووە؛ بـەم شـێوەیە دەتوانـن چارەسـەر بـۆ ئـەو بابەتانـە بدۆزنـەوە کـە لـە دوای شـەڕی گـەورەوە (شـەڕی جیهانـی) بـە چارەسـەرنەکراوی مابوونـەوە.

ل: ١٨٦، بەشی ٤

کۆبوونەوەکـە دواتـر بڕیـاری دا حیزبـی خۆیبـوون دابمەزرێنـێ. کۆمیتـەی بەڕێوەبەریـی خۆیبـوون پێـک هاتبـوو لـە سـورەیا و جـەلادەت و کامـران بەدرخـان - کـە بـرا بـوون، مەمـدووح سـەلیم بـەگ و شـاهین بـەگ. جـەلادەت بەدرخـان لـە سـاڵی ١٩٢٧وە تـا سـاڵی ١٩٣٢ سـەرۆکی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری بـوو. حیزبـی خۆیبـوون لـە ١٩٢٧/١/٢٨ بانگـی سـەربەخۆیی کوردسـتانی کـرد، هەروەهـا ڕای گەیانـد بارودۆخـی جەنگـی (شـەڕ) لەگـەڵ تورکیـە هەیـە. گونـدی کوردئـاوا کـە لـە بنارەکانـی شـاخی ئاراراتـە، وەک پایتەختـی ناوەندیـی کوردسـتانی سـەربەخۆ ڕاگەیەنـدرا. پایتەختـی هەمیشـەییش دەبـێ دیاربەکـر بێـت.

ل:١٨٨، بەشی ٣

Rupen admits that instead of Ardashes Mouradian who had (been arrested by the Soviets a new (continued on the next page

بەرلە سەرهەڵدان لە هەرێمی ئارارات - کە دەگوترێ سەرهەڵدانە هەرە بەهێزەکەی کورد بووە لە تورکیە- سەرهەڵدانێکی بچووکتری کورد لە ئێران لە ساڵی ١٩٢٦ دەستی پێ کرد. (ف.ش.ی) بۆ دانانی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئێران، هەموو چالاکییەکانی لایەنگرانەی کوردی ڕاگرت. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆنگرەی ١١ی جیهانیی (ف.ش.ی) ش، بڕیاری دا کە پابەندی یەکپارچەیی خاکی ئێران بێت.

بۆ پێشگرتن لە هەر هەڵەتێگەیشتنێک لە نێوان ئەوان و حکوومەتی ئێران، نووسینگەی (ف.ش.ی) لە کادرە وەرزییەکانی خۆی، کەسێکی بە ناوی «رووپێن دێر میناسییان»ی لە ساڵی ١٩٢٩دا نارده تاران، کە هەر بە زوویی داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ «تەیموور تاش» کرد، کە فەرمانداری «دی فاکتۆ»ی ئێران بوو. «تەیموور تاش» و «رووپێن دێر میناسییان» لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد پەیمانێکیان بەست، کە شا بۆ خۆیشی لەو پەیمانە ئاگادار نەبوو. «رووپێن دێر میناسییان» قبووڵی کرد کە لەباتی «ئەردەشێر مورادیان» کە لەلایەن سۆڤیەتەوە گیرابوو، کادرێکی نوێ (درێژەی لە لاپەڕەی دواتردایە).

ل: ١٨٩، بەشی ١

(ف.ش.ی)، «واهان کالۆسدیان» لەگەڵ هەندێ شەڕکەری ف.ش.ی بۆ ئارارات بەڕێ بکرێت- بۆ سنووری ئێران و تورکیە- کە وەک

ڕابیــت لەگــەڵ هێــزە کوردییــەکان کار بــکات.

ل: ١٩٠ بەشی ١

پەیمانـــی هاوبەشـــی (ف.ش.ئ) لەگـــەڵ ئێـــران لەســـەر بنەمـــای بەرفراوانکردنــی گۆڕەپانــی شۆڕشــی کــورد بــوو. عەشــیرەتەکانی کــورد لـــە باکـــووری ڕۆژئـــاوای ئێـــران (پارێـــزگای ورمـــێ) پشـــتیوانییەکی بەهێــزی هێزەکانــی ئیحســان نــووری پاشــا و «کالدۆســدیان»یان کــرد تــا نەهێڵــن هێزەکانــی تــورک لــە باشــوورەوە گەمارۆیــان بــدەن. هێزەکانــی دیکــەی عەشــیرەتەکانی کــورد دەبــوا ڕێــگای «بازید»یــان لــە «وان» و «ئەرجیــش» بەســتبا. ئــەو پەیمانــەی تــاران لەلایــەن ســەرکردایەتیی شۆڕشــی کــوردەوە قبــووڵ کــرا.

## دامەزراندنی کۆماری ئارارات:

دوای ئـەوەی ئیحسـان نـووری و برۆیـێ حەسـکێ هێـزی خۆیانیـان یـەک خسـتەوە، لـە ئاگـری زۆر شـتی سـەرنجڕاکێش ڕوویـان دا. جـاری یەکـەم شۆڕشـگێڕانی ئاگـری جلوبەرگـی نیزامییـان پۆشـی و کڵاوی فەرمیـی سـەربازییان لەسـەر کـرد و لـەلای پێشـەوەی کڵاوەکانیـان بـە لۆگۆیـەک کـە وێنـەی ئاگریـی مـەزن و بچـووک و قەڵغـان بـوو، ڕازابـووە، هەروەهـا بـۆ جیاکردنـەوەی نیشـانە و پلـە و پایـەی فەرماندەکانیـش، کڵاوی فەرمانـدەکان بـە لۆگـۆی خۆیبـوون بـوو، کـە هێماکانـی پێنـووس و گوڵـی گەنـم و خەنجـەر و خـۆری لەسـەر نەخشـێندرابوو. جەنگاوەرانـی ئـارارات بـە پـەروەردە و نیزامێکـی سـەربازی دەسـتیان بـە شـەڕ کـرد، هەروەهـا ڕێکخسـتنێکی نیزامییـان لـە لاوەکان پێـک هێنـا. لـەو شـوێنانەی کـە لـە دوژمـن پـاک کرابوونـەوە، ئـاڵای کوردسـتانیان بـەرز کـردەوە. لـە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٢٦ تـا ١٩٢٧ برۆیـێ حەسـکێ و سـەرکردەکانی دیکـەی ئاگـری لـە ڕەوشـێکی دژواردا مـۆراڵ و ورەی شۆڕشـگێڕانی ئاگرییـان بـەرز کـردەوە. لـە سـاڵی ١٩٢٧ سـەرۆکەکانی سـەرهەڵدانی ئاگـری کۆبوونـەوەی نەتەوەیـی کوردسـتانیان لەسـەر چیـای ئاگـری پێـک هێنـا. ئـەو کۆبوونەوەیـە وەک پارلەمانـی کوردسـتان وابـوو. ئـەو کۆبوونەوەیـە ئەرکـی بەڕێوەبەریـی سـەربەخۆ و ئـازادی لـە ناوچـەی ئاگـری بـە ڕێکخراوەکانـی خـۆی ڕاگەیانـد، هەروەهـا هـاوکاری و دۆسـتایەتیی لەگـەڵ گەلـی ئەرمەنـی و حیزبەکەیـان بـە نێـوی «داشـناک» وەک پرەنسـیپ پەسـند و دیـاری کـرا. پارلەمانـی کوردسـتان لـە ئاگـری دەسـتەی بەڕێوەبەریـی حکوومەتەکـەی خـۆی هەڵبـژارد. هەرچەنـد ئەرکـی حکوومـەت بـە پشـتگیریی خۆیبـوون چارەسـەرکردنی

کێشــە نێوخۆیــی و دەرەکییەکانیــش بووبێــت، بــەڵام لــە هەمانکاتــدا ئەرکــی ســەرەکیی پارلەمــان، ڕێنوینــی بــۆ شــەڕی ســەربەخۆیی و ئازادیــی کوردســتان بــوو. لــەو کۆبوونەوەیــەدا پارلەمانــی کوردســتان «برۆیــێ حەســکێ تێلــی و ئیحســان نــووری پاشــا»یان بــۆ ســەرۆکایەتیی گشــتی هەڵبــژارد. برۆیــێ حەســکێ وەک ســەرۆکی گشــتیی بەرخۆدانــی ئاگــری و ئیحســان نووریــش وەک فەرمانــدەی گشــتیی شــەڕڤانانی ئــارارات هەڵبژێــردران، هەروەهــا مارشــی نەتەوەییــان لەژێــر نــاوی «هلبــە ئاگــری» دانــا و دواتریــش ڕۆژنامــەی «ئاگری»یــان چــاپ و بــڵاو کــردەوە.

پارێــزگای ئاگریــش، بــەم شــێوەیە بەرپرســە ئیدارییەکانــی داندرابــوون: فەرمانــدەی ئەمنییــەت تەمــر ئاغــا، قایمەقامــی ناوچــەی کۆرۆنــاخ، مــەلا حوســێن ئەفەنــدی، بەڕێوەبــەری «خۆپانــا بۆتــی» ئیبراهیــم ئاغــا، بەڕێوەبــەری «خۆپانــا ئۆرتــی» حەســەن ئەفەنــدی، بەڕێوەبــەری «خۆپانــا قــۆری» مووســا بەرکلــی ئاغــا بــوو. لــە کاتــی شــەڕدا کــە ســەربازانی تــورک بــە دیــل دەگیــران، بەپێــی یاســای شــەڕ هەڵســوکەوتیان لەگەڵــدا دەکــرا و بــە ڕێوڕەســمی نیزامــی ئــازاد دەکــران.

**دەقی سروودی نەتەوەیی کۆماری ئارارات کە لە کتێبی ئیحسان نووری پاشا فەرمانده‌ی گشتیی ڕاپەڕینی ئارارات وەرگیراوە.**

ئاگری؛

ئاگری، ئاگری، تۆ ئاگر بووی
ل ناو دونیا سەربلند بووی
ل سەر کوردستان چرا بووی
هلبە ئاگری، هلبە ئاگری

ئاگر درژاند سەر سەران
ڕۆناهی درەشاند هەر دەران
عەرد دهەژاند جار جاران
هلبە ئاگری، هلبە ئاگری

نەوالێن تە تژی خوین بوون
خلخلێن تە تژی جەندەک بوون
راستە بەرێ ئاگر تو بووی
ئیرۆ ئاگر لاڤێن تە بوون

شەرق و غەرب باسک وەرگرتییە
سەر سنگێ خوە لاڤ گرتییە
کوردان ڕە تو کەعبە بوویی
هلبە ئاگری، هلبە ئاگری

ئیـرۆ دیسـان هێرسـا تـە هـات
ئــەڤ ئاگــران بوونــە کــەلات
کۆمبـوون ئێـدی سـەر تـە جڤـات
هلبــە ئاگــری، هلبــە ئاگــری

ڕۆژا ئــازاد ســەر تــە هــلات
ڕۆناهــی تــا بــەسرە ڕەشــاند
نــاڤ مللەتــان ئــازادی چانــد
هلبــە ئاگــری، هلبــە ئاگــری

بەرســینگا تــە ســی گرتییــە
ئــالا کــوردان لــێ هلبوویــە
کــوردان ڕە تــو کەعبــە بــووی
هلبــە ئاگــری، هلبــە ئاگــری

ژ ســاما تــە، تــورک دگریــن
تــە دیــت چــاوا ڕۆم دڕەڤیــن
هلبــە ئاگــری، هلبــە ئاگــری
هلبــە ئاگــری، هلبــە ئاگــری

**بەڵگەی ژمارە: ٥٤**


**دەقی ناوەڕۆکی لاپەڕەی یەکەمی ژمارە دووی ڕۆژنامەی «ئاگری» لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئاگریدا:**

ئاگری تاریخ دەرکەتن ١٣٤٦ (١٩٣٠) هەژمار ٢ - ٢ قروش

ژمارە مدیر و سەرنڤیس جمشید

شەش مەهی ١٠ قروش سال ٢٠ قروش

٢٥- ١٣٤٦٠٢ جەریدە ڕەسمی و..... سێ شەنبە



«ڕۆمی چرا (چما) نەیارێ کوردانە“

تــورک ئەهلــێ تورکســتانێ نــە، زەمانــێ کەونــدا ب مهاجرەتــی هاتنــە ئانــادۆل و عــەرد ئســتاندنە و ڕوونشــتنە. ئەهالیــێ دۆرا خــوەژی تابعــێ خــوە کرینــە و بوونــە حکوومــەت. ب یەکبوونیــێ خەبتینــە. ژ دیــن، عەینــی ئیســلامێ ژی ئیســتفادە کرینــە. سیاســەتا ئیســلامی تەقیــب کرینــە، مەلــێ ئیســلامی ڕا یــەک بوونــە و خــودێ ژی نــسرەت دایــە و حــدوودێ خــۆ فــرە کرینــە. مەلــێ دنــە موســلمان ژی کــورد، عــەرەب، لاز، چەرکــەز، ... و گورجــی» بۆنــا دیــن، چــاوا خلافــەت د ڕێیــا حکوومەتــا تــورکان دە فیــدا کرینــە و ژ ڕوحــێ خــوە دەربــاز بوونــە و ب شــان و شــەرەف، بایراقــا عوســمانلو بلنــد کرینــە.

...... ب قاوەتــا لەشــکری و سیاســی، هــەردوو ئالــی تەشــکیل کــر. شــەرێ ئیتالیــا و پشــتی وی ژی، شــەڕێ بالــکان دەرکــەت. ئارنــادۆ نــادۆل جــار دی ژی عوســیان کــر. ...بــو تــەڤ لەشــکرێ سرب «یونــان» عاقبــەت ژ دەســتێ ڕۆمــێ خــلاس بــوون. ســال ئیــدی تەمــام نەبــوو، شــەڕێ مــەزن چــێ بــوو. ژ وی شــەڕێ ژی عەرەبــا ئیســتفادە کــر و عوســیان (ڕاپەڕیــن) کــر و ئــەو ژی ژ دەســت ڕۆمــێ خــلاس بــوون.

رۆمــێ فکــر کــر کــو ژ عــەردێ خــۆ، ژ پێنجــا چــار چــۆ و دەســتێ ویــدا مــا یــەک. ئــەو ژی نیڤــی کــوردە، پاشــێ نیڤــی تورکــە.

خــاک و ئەســلێ مللەتــێ تــورک د شــەرقێ داینــە. ئالێــی ڕۆژهــەڵات، دەریایــێ خــەزەر، جیــێ تــورک و تورکســتانە. ئالێــی ڕۆژئاوایــێ دەریایــێ خــەزەر جیــێ حــدوودێ تورکیــێ ژی، تورکــێ ئازەرینــە....

یــا شــلۆخیێ دەرخــە، یــا ئیتحــادێ خــۆ چێکــە، یــا حکوومەتــەک تورکــی بــدە تەشــکیل کــرن. دبیــت ئیــدی ل تــورکان تێبگهیــژە ئــەو فەقــەت مابەینــێ ئیرانێــدا مللەتــێ کــورد کــو ئیرانییــە و تەعەســوبا

ئیرانتیـــێ دکشـــینه، مانعـــه. ب وێ مەقســـەد و مەجبوریەتـــێ بوویـــە دومنـــێ کـــوردان و مللەتـــێ کـــورد قـــر دکـــە، مەحـــو دکـــە، داکـــو ڕێیـــا خـــۆ بـــۆ توورانـــێ سەربەســـت وەکـــە. نـــەک مەســـەلا دیـــن و تەعەســـوبە.

کورمانـــج حکوومەتـــا ڕۆمیـــرا، ژ مللەتـــێ تـــورک ســـادقتر و موتیعـــتر ژی ببـــە، چـــارە توننـــە ڕۆمـــی بۆنـــا مەنافعـــێ پاشـــی خـــۆ، بـــو مـــە تەهجیـــر بکـــە، بکـــوژە، وێ مەحـــو بکـــە. مللەتـــێ کـــورد ڕووبرووویـــێ تەهلیـــکا کوشـــتنێ ژی ببـــە، دیســـا مەجبـــوورە مەردانـــە بخەبتـــە، یـــا ڕۆمـــێ مەغلـــووب بکـــە و حکوومەتـــا خـــۆ تەشـــکیل بکـــە، خـــۆ ئـــازاد کـــە، یـــا ل ســـەر نامـــووس و ســـەر شـــەرەفا خـــۆ بمـــرە. قـــە نەبـــە .....

بـــە وردبوونـــەوە لـــە ناوەرۆکـــی ســـەروتاری ژمـــارە دووی ڕۆژنامـــەی ئاگـــری، بۆمـــان دەردەکـــەوێ کـــە نووســـەری بابەتەکـــە چەنـــدە سیاســـییانە و زانســـتییانە هەوڵـــی داوە وێـــڕای خســـتنەڕووی پاشـــخانی مێژوویـــی و جوغرافیایـــی نەتەوەکانـــی نیشـــتەجێی ئۆراســـیا و ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و بالـــکان، بتوانـــێ لەســـەر بنەمایەکـــی تیـــۆری و مەعریفـــی، ڕەوایـــی پرســـی کـــورد وەک نەتەوەیەکـــی خـــاوەن ناســـنامەی خـــاک، زمـــان و مێـــژوو، بخاتـــە ڕوو. هەروەهـــا بـــە بەراوردکردنـــی کـــورد لەگـــەڵ ئـــەو نەتەوانـــەی دەوروپشـــت کـــە بەشـــێکیان بـــە کۆچـــەری هاتوونەتـــە ئـــەو ناوچانـــە و بـــە کەڵکوەرگرتـــن لـــە بابەتـــی ئایینـــی، دەوڵەتیـــان دامەزرانـــدووە. بـــەڵام کـــورد هێشـــتا ژێردەســـتەیە و نەیتوانیـــوە دەوڵەتـــی نەتەوەیـــی خـــۆی دامەزرێنێـــت. بۆیـــە ئامـــاژە بـــەوە دەکات کـــە بـــۆ دەوڵەتبـــوون، دەبـــێ ســـێ بابەتـــی ســـەرەکی وەک: هێـــزی سیاســـی- نیزامـــی، یەکیەتیـــی ناوخۆیـــی و ئیـــرادەی دەوڵەتبوونـــت، هەبێـــت.

درێژەی ڕاپەڕینی ئاگری:

ڕێژیمــی ئەنقــەرە کــە ئامادەکاریــی دەکــرد بــۆ هێرشــێکی بەرفــراوان، بــۆ ئــەوەی بتوانــێ هێندێــک کات بەدەســت بێنــێ، چەنــد پیلانکــی داڕشــتبوو. بــەم پێیــە لــە ســاڵی ١٩٢٨دا لێبووردنێکــی گشــتیی دەرکــرد. نێردراوەکانــی نــاردەوە بــەدوای ئیحســان نــووری پاشــا و داوای چاوپێکەوتنــی لەگــەڵ کــرد. دەوڵــەت لــە بەرانبــەر لێبووردنێکــی گشــتیدا تەســلیمبوونی ڕاپەڕیوانــی کوردیــان دەویســت، لایەنــی کوردیــش، مەرجیــان ئــەوە بــوو کــە بەرلــە هەمــوو شــتێک دەبــێ ئــەو کوردانــەی کــە بــۆ ئانــادۆڵ دوور خرابوونــەوە، بگەڕێندرێنــەوە ســەر خاکــی خۆیــان.

بــەڵام تورکیــە بــۆ خۆڕادەســتکردنی شۆڕشــگێڕانی ئــارارات و چەککردنیــان، ئــەو لێبووردنــەی دەرکردبــوو و ڕای گەیاندبــوو، هــەر کاتێــک ئێــوە مەرجەکانــی ئێمــە جێبەجــێ بکــەن، ئــەوکات ئەوانیــش ئیــزن دەدەن کــە کــوردە دوورخــراوەکان بگەڕێنــەوە زێــدی خۆیــان. بــەم شــێوەیە نییەتــی تورکــەکان ئاشــکرا بــوو و، زۆر لــە کەســایەتییە دیارەکانــی کــورد کــە لــە دوورخراوەیــی بــوون، ڕوویــان کــردە ناوچەکانــی «بنخــەت» لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان.

لــە هەمانکاتــدا شــەڕ و تێکهەڵچوونەکانیــش بــەردەوام بــوون. بەڕێوەبەریــی ئــارارات، دەســتەی بچــووک بچووکــی جەنــگاوەران کــە لــە دەیــان کــەس پێــک دەهاتــن، بــە فەرماندەیــی فەرزنــدە بــەگ، عەلــی بەشــۆ و خالــس بــەگ دەنێردرانــە ئــەرزەڕۆم، بــۆ ئــەوەی لــەو هەرێمانــە لــە پشــتەوە هێــرش بکەنــە ســەر ئەرتەشــی تــورک.

دوای ئــەوەی دەرکــەوت یاســای لێبووردنــی گشــتیی تورکــەکان نەیتوانــی بانــدۆر و کاریگەرییەکــی بەرچــاو لەســەر بەڕێوەبەرانــی

کۆمــاری ئــارارات و خۆیبــوون هەبێــت، ڕێژیمــی ئەنقــەرە بــۆ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ئیحســان نــووری پاشـا هەیئەتێکـی نـاردە هەرێمـی بازیــد. لەنێویانــدا دوو کاربەدەســت و فەرمانــدەی ئەرتــەش هەبــوون. شــاندی کۆمــاری ئاراراتیــش، بڕۆیــێ حەســکێ، ئیحســان نــووری پاشــا، فەرزنــدە بــەگ و خالــس بــەگ بــوون.

چاوپێکەوتنەکــە مانگــی گوڵانــی ســاڵی ١٩٢٨ لــە نێــوان هــەردوو لایــەن لەســەر پــردی شــێخ پێــک هــات. نوێنەرانــی دەوڵــەت دەیانگــوت کــە ئەگــەر ڕاپەڕیوانــی ئــارارات ئــارام بــن و ئیحســان نــووری ئــەو هەرێمــە بەجــێ بهێڵــێ، ئــەوان لــە هەموویــان خــۆش دەبــن و بڕیــاری لێبووردنیــان بــۆ دەردەکــەن و دەتوانــن بــە چەکەکانیانــەوە بڕۆنــەوە ماڵەکانیــان. ئــەوکات ئیحســان نووریــش بــە دڵــی خــۆی دەتوانــێ وڵاتێــک بــۆ نیشــتەجێبوونی خــۆی هەڵبژێرێــت، تاکــوو لــەوێ ببێتــە باڵوێــزی تورکیــە لــەو وڵاتــە، یانیــش دەتوانــێ ببێتــە فەرماندەیەکــی پایەبــەرزی ئەرتەشــی تورکیــە.

لــە بەرانبــەر ئــەم داوایــەی تورکیــە، ئیحســان نووریــش دەیگــوت: «دەبــێ تورکــەکان ڕێــز لــە ئــاڵای گەلــی کــورد لــە ئــارارات بگــرن. مــن تەنیــا باڵوێــزی نەتــەوەی کــوردم. هەروەهــا داوا ناکــەم کــە دەوڵــەت بڕیــاری لێبووردنــم بــۆ دەربــکات. مەرجــی ڕاگرتنــی شــەڕیش، بــە فەرمــی ناســینی ســەربەخۆیی کوردســتانە».

بــەم شــێوەیە ئــەو هەڤدیتنــەش بــێ ئەنجــام مایــەوە. تەنیــا لەســەر ئەمــە ڕێــک کەوتــن کــە نابــێ دەوڵــەت هێــز بنێرێتــە ســەر ئــارارات و شۆڕشــگێڕانی ئاراراتیــش نابــێ هێــرش بکەنــە ســەر ئەرتەشــی تــورک. هەروەهــا لایەنــی تــورک بەڵێنییــان دا هاوســەری ئیحســان نــووری بــە نــاوی «یاشــار خانــم» دەنێرنــە حەلــەب. دوای چەنــد مانــگ ئارامــی،

چاوپێکەوتنێکی دیکەش لە گوندی «کانیکورک» لە نێوان ڕێبەرانی کۆماری ئارارات و تورکیا پێک هات، بەڵام ئەویش بێ ئەنجام مایەوە.

لەو نێوەدا جاروبار لە نێوان لایەنەکاندا شەڕگەلێکی گەورەش ڕووی دەدا. شەڕی کانیکورک کە لە ساڵی ١٩٢٩ ڕووی دا و چەند حەوتوو درێژەی هەبوو، یەکێک لە شەڕە هەرە گەورەکان بوو. لە پاییزدا سەربازانی تورک پەیمانی ئاگربڕیان پێشێل کرد و گوندی کانیکورک کە لەسەر سنووری کۆماری ئارارات و کۆماری تورکیە بوو داگیریان کرد. گوندەکە پێشتر سووتێندرابوو.

بۆیە هێزەکانی ئاراراتیش هێرشیان کردە سەر هێزەکانی تورکیە و شەڕ لە دەشتدا ڕووی دا، لە ئەنجامدا هێزەکانی تورکیە لە ناوچەکە کشانەوە. شۆڕشگێڕانی ئارارات زستانی ئەو ساڵەشیان لەژێر بۆمباران و هێرشی ئەرتەشی تورکدا تێپەڕاند.

ئەرتەشی تورک لەلایەکی دیکەوە بۆ ئامادەکاریی شەڕی گەورە لە دەوروبەری ئارارات، ڕێگای دەکردەوە و بنکەی نیزامییان دروست دەکرد. ئەرتەشی تورکیە لە ساڵی١٩٣٠ لە نزیک ئارارات دەستی بە جموجووڵێکی نوێ کرد. هەموو هێزە چالاکەکانی ئەرتەش لە داوێنی شاخەکە کۆ ببوونەوە.

لەگەڵ دەستپێکی بەهار فڕۆکەکانی تورکیە دەستیان بە بۆمبارانی ڕۆژانەی بنکەکانی شۆڕشگێڕان کردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە زۆر بەرز دەفڕین، زەرەرێکی ئەوتۆ نەدەگەیشتە شۆڕشگێڕانی ئارارات. سەرلەشکری تورک «ساڵح پاشا» و فەرماندە خاوەن ئەزموونەکانیان لە ناوچەکە ئامادە بوون. بۆ هێرشە گەورەکە باڵوێزی تورکیە لە ئاڵمان ژێنراڵ «کەماڵەدین سامی»شیان هێنابوو.

کەماڵەدیــن ســامی پێشــتر لــەو هەرێمــە مابوویــەوە و لەنێــو ئەرتەشــدا لەگــەڵ ئیحســان نــووری کاری کردبــوو. ژمــارەی ســەربازانی تــورک بــۆ هێرشــکردنە ســەر ئــارارات گەیشــتبووە٧٠ هــەزار کــەس.

٥٠ فڕۆکــە و١٠ یەکــەی تۆپــی گــەورە،٥٥٠ مترالیۆزیشــیان هێنابــووە دەوروبــەری ئــارارات. لــە بەرانبــەردا ژمــارەی شــەڕڤانانی ئــارارات زیاتــر لــە هــەزار کــەس بــوون، کــە زۆربەیــان چەکــی ســووکیان پــێ بــوو، تەنیــا چەنــد تــۆپ و میترالیۆزیــان هەبــوو کــە لــە شــەڕ لەگــەڵ ســەربازانی تــورک بــە دەســتیان خســتبوو، بــەڵام ئەوانیــش گوللەیــان نەمابــوو.

تــا ئەوکاتــەی کــە ســنووری ئێــران لــە دەســت هێزەکانــی ئاراراتــدا بــوو، پشــتیان بــە دیــوی ئێــران قایــم بــوو. بەپێــی ســنووری ئــەوکات، بەشــێک لــە چیــای ئاگــری لەنێــو خاکــی ئێــران بــوو، بۆیــەش ئەرتەشــی تورکیــە نەیدەتوانــی دەوری چیــای ئاگــری بگرێــت. خــۆراك و بەشــێک لــە چەکەکانــی شۆڕشــگێڕان لــە ئێرانــەوە دەهاتــەوە ســەر چیــای ئاگــری.

پیلانــی ئەرتەشــی تورکیــە هێرشــی ڕاســتەوخۆ بــۆ ســەر چیــای ئاگــری بــوو. ئــەوان بــە پەلامارێکــی گــەورەی زەوینــی و هەوایــی کــە بــە هێزێکــی پۆشــتە و پــەرداخ ئەنجــام درا، توانییــان چیــای ئاگــری گــەورە داگیــر بکــەن. هێزەکانــی کۆمــاری ئاراراتیــش لەلایەکــەوە ســەنگەرەکانیان دەپاراســت و لەلایەکــی دیکەشــەوە دەســتەی گــەڕۆک لــە هەرێمەکانــی «دیادیــن، تەنــدوورەک، پاتنــۆس، ســیپان و زیــلان» لــە پشــتەوە هێرشــیان دەکــردە ســەر ســەنگەرەکانی ئەرتەشــی تورکیــە. هەروەهــا زۆر دەســتەی بچــووک هەبــوون کــە لــە هەرێمەکانــی «ئامــەد، مــووش، چەولــک و ئــەرزڕۆم» دەگــەڕان و هێرشــیان دەکــردە ســەر بــارەگای نیزامــی. بەڕێوەبەریــی ئاراراتیــش بــۆ ئــەوەی بەرپەرچــی

پیلانەکانــی ئەرتەشــی تورکیــە بداتــەوە، لــە ســاڵی ١٩٣٠ لــە هەرێمــی «زیــلان و ســوبحان»یش بڕیــاری ســەرهەڵدانی دایــەوە. ئــەو ناوچەیــە لــە دەســتی عەشــیرەتەکانی «حەیــدەران، بەکــران، ســیپکان، ئادەمــان و کالــکان»دا بــوو، ســەرۆکەکانی ئــەو هەرێمانــەش ئەندامــی خۆیبــوون بــوون.

دوای ئــەوەی فەرمانــی ئــارارات گەیشــتە ئــەو عەشــیرەتانە، ســەرهەڵدانەکەیان پێــش مــاوەی دیاریکــراو دەســتی پــێ کــرد. لــە هاوینــی ســاڵی١٩٣٠ هێــزە کوردییــەکان لــە هەرێمــی زیــلان و ســوبحان هێرشــیان کــردە ســەر بــارەگا و شــارەکانی حەســەن عــەودال و نۆشــار. ئــەو هێزانــەی ئــەوێ تەســلیم بــوون. دواتــر شــارەکانی «ئەردیــش، پاتنــۆس و بارگــری» کەوتــە دەســت شۆڕشــگێڕانی کــورد. لــە هێــرش بــۆ ســەر فڕۆکەخانــەی ئەردیــش، هێــزە کوردییــەکان دوو فڕۆکەیــان لــەوێ ســووتاند و دوو فڕۆکەشــیان خســتە خــوارەوە. تەنیــا بــە چەنــد ڕۆژێــک گەلیــی زیــلان و دەشــتی ســوپحان لــە ئەرتەشــی تورکیــە پــاک کرابــووەوە. بــە دەیــان ســەرباز و ئەفســەر بــە دیــل گیــران و زۆر چەکیــش کەوتبوونــە دەســت شۆڕشــگێڕان.

بــەڵام هێزەکانــی زیــلان بــەر لــەو کاتــەی کــە دیــاری کرابــوو، دەســتیان بــە ڕاپەریــن کردبــوو، بۆیــە بەتەنیــا مابوونــەوە، هەروەهــا ناکۆکــی لــە نێــوان ســەرۆکی عەشــیرەتی «حەیــدەران محەمەدبــەگ و شــێخ ڕەســووڵی بەرزەنجــی» هەبــوو. هەروەهــا بەشــێک لــە عەشــیرەتی «کەســکۆیی»ش هاوکاریــی دەوڵەتیــان کردبــوو و پێشــیان بــە شۆڕشــگێڕانی ئــارارات گرتبــوو. ئەرتەشــی تورکیــەش بــە هێزێکــی زۆرەوە لــە هەرێمەکــە بــڵاو ببوونــەوە.

ئــەوکات کۆمــاری ئــارارات بەهــۆی ئــەوەی ڕاپەرینــی زیــلان بەرلــە

کاتـی دیاریکـراو دەسـتی پێکردبـوو، نەیانتوانیبـوو فریـای زیـلان بکـەون، بۆیـە هەرێمەکـە لەلایـەن هـەزاران جەندرمـەی تورکیـەوە گەمـارۆ درابـوو، چەنـد دەسـتە لـە جەنگاوەرانـی کـورد کـە لـە ئاراراتـەوە خۆیـان گەیاندبـووە هەرێمەکـە، تەنیـا توانیبوویـان بـە هێرشـەکانیان ڕێـگا بـۆ دەربازبوونـی خەڵکـی سـڤیل لەدەسـت کۆمەڵکوژیـی ئەرتەشـی تورکـەکان، بکەنـەوە. ئـەو بنەماڵانـەی کـە لـە زیـلان و سیپانەوە هەڵدەهاتـن، بـەرەو لای سنووری ئێـران و ئـارارات دەڕۆیشـتن. دوای ئـەوەی سـەرهەڵدانی ئـەوێ تێـک چـوو، ئەرتەشـی تـورک خۆیـان گەیانـدە گونـدەکان و لـە گەلیـی زیـلان و لـە ناوچەکـەدا دەسـتیان دایـە کوشـتنی گوندییـەکان. لـە مـاوەی چەنـد حەفتـەدا، ئـەوان لـە ئاکامـی ئـەو ژینۆسـایدەی کـە لـەدژی گەلـی کـورد بەڕێوەیـان بـرد،٣٢٠ گوندیـان سـووتاند و بەپێـی ئامـارە جیاجیـاکان، لـە ١٥ بـۆ٢٠ هـەزار ژن و منـداڵ و پیـر و پەککەوتـەی کوردیـان کۆمەڵکـوژ کـرد. هـاوکات ئەرتەشـی تـورک گەمـارۆی دەوری ئاراراتـی بەرتەسـک دەکـردەوە.

هەروەهـا هەوڵـە دیپلۆماسـییەکانی ڕێژیمـی تورکیـە لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێ بـۆ لەنێوبردنـی ڕاپەڕینـی ئـارارات بـەردەوام بـوون. تورکیـە بەتایبەتـی لەگـەڵ سـۆڤیەت و ئێـران پێوەندییەکانـی خـۆی باشـتر دەکـرد، بـۆ ئـەوەی ئـەو دوو وڵاتـە ڕێگاکانـی خۆیـان بـەڕووی شۆڕشـگێڕانی ئاراراتـدا دابخـەن و لەدژیـان هاوکاریـی تورکیـە بکـەن، هەوڵێکـی زۆری دەدا، هەروەهـا سـۆڤیەتیش لـەدژی ئـارارات هەمـوو هاوکاریـی تورکیـەی دەکـرد. هـاوکات گوشـارێکی زۆریـان خسـتبووە سـەر ئێـران کـە دەبـێ هاوکارییـان بـکات.

چەنـد جاریـش هێزەکانـی ئەرتەشـی سـۆڤیەت بـۆ چاوترسـاندن ڕۆیشـتبوونە نێـو خاکـی ئێـران. بەپێـی تێگەیشـتنی سـۆڤیەت، داشـناک

و خۆیبــوون ســەر بــە ئینگلیــزەکان بــوون و دەیانەویســت لــە نزیــک ســنووری ســۆڤیەت هەرێمێکــی خۆســەر دابمەزرێنــن. بــە بۆچوونــی ئــەوان ســەرهەڵدانی ئــارارات هــەر بــەو مەبەســتە دەســتی پــێ کردبــوو و دژ بــە بەرژەوەندیــی ســۆڤیەتییەکانە.

لەلایەکــی دیکــەوە دیپلۆماتەکانــی تــورک هەمــوو ڕۆژێــک زەخــت و گوشــاریان دەخســتە ســەر باڵوێزەکانــی فەرانســە و ئینگلیزیــش کــە ئــەوان لــە ســووریەدا پێــش بــە خەباتــی ڕێکخــراوی خۆیبــوون بگــرن و نەهێڵــن خۆیبــوون پێوەندییەکانــی لەگــەڵ شۆڕشــگێڕانی ئــارارات درێــژە پــێ بــدات.

ئەرتەشــی تورکیــە لــە ١٩٣٠/٦/١١دەســتی دایــە هێرشــێکی بەرفــراوان. یەکــەم هێــرش لــە «برنــێ ڕەش» و «برنــێ ســۆر» ڕووی دا و تــا ٢٧ی جــوولای درێــژەی کێشــا. لــە بەرانبــەردا کوردەکانیــش دەســتیان بــە هێــرش کــرد و تــا ١٩٣٠/٨/٢٠ خەتــی «بۆرســیێ» تــا «بازید»یــان لــە ئەرتەشــی تورکیــە پــاک کــردەوە و ناوچەکانــی دیادیــن، ئیــدر، ئەردیــش و بارگــری و زۆر ناوچــە و هەرێمێکــی بەرفــراوان کەوتبــووە دەســت کــوردەکان. هێرشــی یەکەکانــی گەڕۆکیــش لــە دەوروبــەری هەرێمەکانــی ئــارارات لــەدژی هێزەکانــی ئەرتەشــی تورکیــە بــەردەوام بــوو.

لــەو کاتــەدا ئەرتەشــی ڕووس لــە داوێنــی چیــای ئاگریــی بچــووک لــە چۆمــی «ئــەرەس»ەوە ســنووری بەزانــد و لــە دەوری شــاخەکە، لــە بەرانبــەر جەنگاوەرانــی ئــارارات جێگیــر بــوو. هێزەکانــی ڕووس ڕووی چــەک و تۆپەکانیــان کردبــووە شــەڕڤانانی ئــارارات و ئاگریــان بەســەردا دەبارانــدن. بۆیــە کوردەکانیــش هێرشــیان کــردە ســەر شــاری «باشــکەند». عەشــیرەتی «قزڵبــاش ئۆغلــوو»ش کــە لــە ئێرانــەوە هاتبــوون، لەگــەڵ شــەڕڤانانی ئــارارات کەوتــن. شــارەکە هاوســنووری

سـۆڤیەت بـوو. ڕێگاکانـی «ئیدر»یـش گیرابـوون. شـارەکە کەوتـە دەسـت کـوردەکان.٢٠٠ جەندەرمـەی تـورک خۆیـان بەدەسـتەوە دا، و ئەوانـەش کـە ڕزگاریـان ببـوون، بـەرەو سـنووری سـۆڤیەت هەڵاتـن. ڕووسـەکان پشـتیوانییان لـە هێزەکانـی تورکیـە دەکـرد.

لـە سـاڵی ١٩٣٠ کاتیـک کـە شۆڕشـی ئاگـری لەنێـو شـەڕ و تێکهەڵچوونێکـی سـەخت و دژواردا درێـژەی هەبـوو، عەشـیرەتەکانی «دێرسـیم»یش هێرشـیان کـردە سـەر ئەرتەشـی تورکیـە. لـە بەهـاری ساڵی ١٩٣٠ شـەڕڤانانی سـەر بـە «سـەید ڕەزا» لـە هەرێمـی دێرسـیمەوە هێرشـیان کـردە سـەر بنکەکانـی ئەرتەشـی تورکیـە لـە ئـەرزڕۆم و ئەرزەنجـان. لـە بەرانبـەردا یەکەکانـی ئەرتەشـی تورکیـە لـە سـێ لاوە هێرشـیان کـردە سـەر دێرسـیم و تـا زسـتان شـەڕ و تێکهەڵچوونـی قـورس ڕوویـان دا. هەروەهـا لەسـەر سـنووری عێـراق، هێزەکانـی عەشـیرەتی بـارزان بـە سـەرۆکایەتیی شـێخ ئەحمـەد، بـۆ هاوکاریـی ئـارارات دوو جـار لـە ناوچەکانـی ئۆرەمـار و شـەمزینان هێرشـیان کـردە سـەر تورکـەکان.

تورکـەکان لـە مانگـی تەمـووزی ١٩٣٠ لەگـەڵ ئێـران پەیمانێکیـان بەسـت. بەپێـی ئـەو پەیمانـە، سـنووری نێـوان ئێـران و تورکیـە سـەرلەنوێ دیزایـن دەکـرا و لـە بەرانبـەر هێندێـک لـە ناوچەکانـی سـنووری پارێـزگای «وان»ی باکـووری کوردسـتان کـە لەلایـەن دەوڵەتـی تورکیـەوە درابـووە دەوڵەتـی ئێـران، ڕێژیمـی ئێرانیـش لـە بەرانبـەردا، ئـەو بەشـەی چیـای ئاگـری بچـووک کـە دەکەوتـە نێـو سـنووری ئێـران، دابـوو بـە تورکیـە، ئـەم پەیمانـە بـەم شـێوەیە بـە نهێنـی واژۆ کرابـوو.

ڕەزا شـای ئێـران دۆسـتی مسـتەفا کەمـاڵ ئاتاتـورک بـوو. لـە هەمانکاتـدا دەوڵەتـی ئێـران گوشـارێکی زۆریشـی خسـتبووە سـەر کۆچبەرانـی زیـلان کـە لـە ترسـی کۆمەڵکوژیـی تورکـەکان، پەنایـان بـۆ

ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان بردبــوو، هێــزە چەکدارەکانــی ئێــران هێرشــیان دەکــردە ســەر ئــەو کۆچبــەرە کوردانــە و داوایــان لــێ دەکــردن کــە دەبــێ بگەڕێنــەوە نێــو خاکــی تورکیــە.

بۆیــە چەنــد جــار لــە نێوانیانــدا شــەڕ ڕووی دابــوو. لــەو نێــوەدا ئەفســەرە ئازەرییەکانــی ئەرتەشــی ئێــران زیاتــر دوژمنایەتیــی کوردیــان دەکــرد، هەروەهــا دەوڵەتــی ئێــران، بــە زۆر عەشــیرەتی «قزڵبــاش ئۆغلــوو» کــە لایەنگــری ســەرهەڵدانەکە بــوون، لــە خاکــی تورکیــەوە هێنابوونــی بــۆ ئێــران.

لــە کۆتاییەکانــی هاوینــی ســاڵی١٩٣٠، ئەرتەشــی تورکیــە توانــی چیــای ئاگریــی بەتــەواوی بگرێــت و هــاوکات لەدیــوی ئێرانیشــەوە هێرشــی کــردە ســەر جەنگاوەرانــی کۆمــاری ئــارارات. لــە بەرانبــەر ئــەم هێرشــەی دیــوی ئێرانــەوە، ئاراراتییــەکان غافڵگیــر بــوون، بۆیــە هیــچ ئامادەکارییــان نەکردبــوو و ڕێوشــوێنی پێویســتیان نەگرتبــووە پێــش و بــەرەی شــەڕ زۆر بەرفــراوان ببــوو. لــە وەهــا بارودۆخێکــدا ئیــتر جەنگاوەرانــی ئــارارات نەیاندەتوانــی هەمــوو ســنوور و خاکــی ژێــر کۆنترۆڵــی خۆیــان بپارێــزن.

بەتایبــەت دوای کۆمەڵکوژییەکــەی گەلیــی زیــلان کــە بــە هــەزاران ســڤیل، لەنێویانــدا بنەماڵەکانــی جەنگاوەرانــی ئاراراتیــش هەبــوون، ڕوویــان لــە ئــارارات کردبــوو. ســەرما و ســۆڵە دەســتی پــێ کردبــوو. خــواردن و پەناگــە بەشــیانی نەدەکــرد. دوای ئــەو هێرشــە گەورەیــەی تورکــەکان، هەروەهــا هاوکاریــی دەوڵەتــی ســۆڤیەت و ئێــران لەگــەڵ تورکــەکان لــەدژی ئاراراتییــەکان، بــەو حاڵــەش شــەڕڤانانی ئــارارات بەرخۆدانیــان کــرد و زەربــەی قورســیان لــە داگیرکــەران وەشــاند. لەلایەکــی دیکــەوە شــەڕ چەنــدە درێــژەی دەکێشــا، نەهامەتییەکانــی

ژيانيـــش چەنـــد قـــات زياتـــر دەبـــوون و ڕێـــگای ئێـــران گيرابـــوو و خواردنيـــش نەمابـــوو.

ئەرتەشـــی توركيـــە كـــە بـــە هێـــز و تەكنۆلۆژيـــای نوێـــی ســـەربازيی پۆشـــتە كرابـــوو، لـــە هێرشـــەكەدا زۆرتـــر ســـڤيلەكانی بۆمبـــاران دەكـــرد. شـــەڕڤانانی ئـــارارات نەياندەتوانـــی ســـڤيلەكان بپارێـــزن. هـــەر بۆيـــەش بڕيـــاری دەربازكردنـــی ســـڤيلەكانيان بـــەرەو ئێـــران دا و هێرشـــيان كـــردە ســـەر ســـەنگەرەكانی ئەرتەشـــی توركيـــە، كـــە لـــەلای ســـنووری ئێرانـــەوە هێرشـــيان هينابـــووە ســـەريان.

جەنگاوەرانـــی ئـــارارات توانييـــان هێرشـــی توركـــەكان لـــە ديـــوی ئێرانـــەوە تێـــك بشـــكێنن و خەڵكـــی ســـڤيل دەســـتە دەســـتە خۆيـــان بگەيەننـــە نێـــو خاكـــی ئێـــران. بـــەم شـــێوەيە ســـەرهەڵدانی ئاگـــری لـــەلای باكـــوورەوە تێـــك چـــوو. ڕۆژانـــی دەســـتپێكی پاييـــزی ســـاڵی١٩٣٠ بـــوو، كـــە ڕۆژنامەكانـــی توركيـــە، وێنـــەی قەبرێكيـــان لەســـەر چيـــای ئاگـــری كێشـــابوو و لەســـەريان نووســـيبوو «خەياڵـــی كوردســـتان لێـــرە چـــاڵ كـــرا».

بەپێـــی ڕاپۆرتێكـــی ڕۆژنامـــەی «تايمـــز»ی بريتانـــی لـــە ١٩٣٠/٧/٢٤ لـــەم شـــەڕانەدا ئەرتەشـــی تـــورك،٨٠٠ كـــوژراو، ٢ هـــەزار بريـــندار و ٧٠٠ ديلـــی هەبـــوو. ٨ فڕۆكەشـــيان كەوتبـــووە خـــوارەوە. هەروەهـــا ٢ تۆپـــی قـــورس،٣٠ ميتراليـــوز، ٦٠٠ چـــەك، ٥٠ چـــادر و بـــاری ٦٠ هێســـتر چـــەك و تەقەمەنـــی كەوتبـــووە دەســـت شـــەڕڤانانی كـــورد. ڕێژيمـــی توركيـــە كـــە لەڕێـــگای نيزامييـــەوە نەيتوانيبـــوو شۆڕشـــی ئـــارارات دامڕكێنـــێ، پەنـــای بردبـــووە بـــەر دەوڵەتـــی ئێـــران.

بەمشـــێوەيە كۆمـــاری ئـــارارات كـــە لـــە ســـاڵی ١٩٢٧دا دامەزرابـــوو، تـــا ســـاڵی١٩٣٠ درێـــژەی كێشـــا و لـــە كۆتاييـــدا بـــە پيلانـــی هاوبەشـــی توركيـــە، ئێـــران و يەكيەتيـــی ســـۆڤيەت تێـــك چـــوو.

(له لێکۆڵینەوەی نووسەر فەیسەڵ داغلی کەڵک وەرگیراوە).

لەبارەی «ڕاپەڕینی ئارارات»ـەوە کریس کۆچێرا نووسیویەتی:

«لـــە ١٩٣١/٥/١٩ کوردانـــی «جەلالـــی، میلانـــی و حەیدەرانلـــوو»، لەگـەڵ شـــەڕڤانانی ئـارارات، ئەوانـەی کـە لـە باکـووری کوردســتانەوە هاتبـوون، لـە ناوچـەی «قـەرە عەیـن»ی ماکـۆ، هێرشـیان کـردە سـەر بنکەیەکـی گـەورەی هێـزە ئێرانییـەکان. لـەو هێرشـەدا شۆڕشـگێڕانی کـورد، زەربەیەکـی قـورس لـە هێزەکانـی ئێـران دەدەن کـە لـە پێنـج هـەزار سـەرباز و چەکـداری هەرێمـی پێـک هاتبـوون. دەگوتـرێ کـە لـەو شـەڕەدا هێزەکانـی ئێـران،١٥٠٠ کـوژراو و برینداریـان هەبـووە».

## درێـــژەی ڕاپەڕینـــی ئـــارارات لـــە هەرێمـــی «ماکـــۆ» ی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان:

دوای تێکچوونـی ڕاپەڕینـی ئـارارات لـە دیـوی تورکیـە، سـەرکردە و فەرماندەکانـی ڕاپەڕینەکـە وێـڕای سـەدان جەنـگاوەر و هـەزاران خەڵکـی سـڤیل، لەنێـو شـەڕێکی سـەختدا، دەتوانـن گەمـارۆی هێزەکانـی تـورک و ئێـران بشـکێنن و ڕێـگای خـۆ دەربازکـردن بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بکەنـەوە. لـەو کاتـەدا ئیحسـان نـووری پاشـا وێـڕای «یاشـار خانـم»ی هاوژینـــی، خـــۆی ڕادەســـتی ئێرانییـــەکان دەکات و دەبردرێتـــە تـــاران و تـا کاتـی کوژرانـی بەهـۆی ڕووداوێکـی گومانـاویـی هاتوچـۆ لـە ١٩٧٦/٠٣/٢٥، هـەر لـە تـاران ژیـاوە.

لـە هەرێمـی ماکـۆ، لەشـکری ڕەزا شـا داوایـان لـە شۆڕشـگێڕان کـردووە کـە بـە چەکەکانیانـەوە خۆیـان ڕادەسـت بکـەن و واز لـە ڕاپەڕیـن بێنـن. برۆیـێ حەسـکێ و فەرزنـدە بـەگ و عەبدولقـادر، وێـڕای سـەدان شـەڕڤانی ئـارارات و بنەماڵەکانیـان کـە خۆیـان لـە هەرێمـی ماکـۆ قایـم کردبـوو، تەسـلیمی داوای ئێرانییـەکان نابـن و بـە پشـتیوانیی عەشـیرەتەکانی جەلالـی و حەیدەرانـی لـە دیـوی ڕۆژهـەڵات، لـە بەرخـۆدان بـەردەوام دەبـن. دوای ماوەیـەک هێزەکانـی ئێـران، پەلامـاری جەنگاوەرانـی ئـارارات دەدەن و ئـەو پەلامـارە دەبێتـە هـۆی دەسـپێکردنی شـەڕێکی خوێنـاوی کـە سـاڵ و نیوێکـی خایانـدووە.

## ناردنی عەمەرخان بۆ شەڕ لە دژی جەنگاوەرانی ئارارات لەلایەن ئێرانییەکانەوە:

ئیبراهیم شەریفی و سەنار مامەدی لە نووسینەکانیاندا بە وردی باسیان لەو بابەتە کردووە، کە ناوەڕۆکی زانیارییەکانیان بەم شێوەیەیە:

دوای شەهیدبوونی سمکۆ، ئیتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناکۆکی لە نێوان هۆزی شکاکدا پەرەی دەستاند و هێندێک لەوانەی کە تێنووی دەسەڵات بوون، هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی کە ببن بە سەرۆکی شکاکەکان. یەکێک لەوانەی کە زێدە حەزی لێ بووە ببێتە دەسەڵاتدار، «سەرتیپ»ی کوڕی محەمەدئەمین بوو.

بەڵام زۆربەی شکاکەکان لە دواڕۆژی خۆیان نیگەران بوون و لە دەوڵەتی ئێران دەترسان، بۆیە زیاتر «عەمەرخان»یان بە شایانی دەسەڵاتداریی شکاکەکان دەزانی، چونکە عەمەرخان هەم خاوەن ئەزموون بوو و هەمیش لەو سەردەمەدا پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران باش بوون. لە ئاکامدا عەمەرخان وەک سەرۆکی شکاکەکان دەستنیشان دەکرێت، بەڵام ناکۆکیی نێوان عەمەرخان و سەرتیپ هەر درێژەی هەبووە.

لە ساڵی ١٩٣١، کاتێک کە عەشیرەتی شکاک هێشتا ڕەشپۆشی خەمی شەهیدبوونی قارەمانی گەورەی کوردستان، سمکۆی شکاک بوون، دەوڵەتی ئێران داوای لە عەمەرخان کردووە، دەبێ ئەویش بۆ هاوکاریی دەوڵەت بە هێزەکانی خۆی بڕۆنە بەرەکانی شەڕ لە ئاگری. لە هەمبەر ئەم داوایەی ئێران، سەرەڕای ئەوەی عەمەرخان نایهەوێ بڕواتە بەرەکانی شەڕ لەدژی شەڕڤانانی ئارارات، بەڵام

لەلایەکـی دیکەشـەوە، بەهـۆی ڕابـردووی شـکاکەکان کـە لـە شۆڕشـی سـمکۆدا لـەدژی دەوڵـەت شـەڕیان کردبـوو، دەزانـێ کـە دەوڵەتـی ئێـران بـەو ئاسـانییە دەسـتی لـێ هەڵناگرێـت.

دوای گوشـاری دەوڵەتـی ئێـران، عەمەرخـان بـە مەرجێـک ڕازی دەبـێ کـە داواکەیـان بـۆ چـوون بـەرەو بەرەکانـی شـەڕی ئاگـری بەجـێ بێنـی، کـە ئـەو شـوێنانەی هێـزی شـکاکەکان لـەوێ بـن، نابـێ هێزەکانـی دەوڵەتـی ئێـران لـەوێ بمێنـن. دەوڵەتـی ئێـران ئـەو مەرجـەی عەمەرخـان قبـووڵ دەکات و ئەویـش لەگـەڵ هێزێکـی بـژاردەی خـۆی، لـە دەوروبـەری ئاگـری دەگیرسـێتەوە.

کاتێـک کـە عەمەرخـان و هێزەکانـی شـکاک بـە زۆری دەوڵەتـی ئێـران لـە ئاگـری جێگیـر دەبـن، دوای ماوەیەکـی کـورت لـەوێ بەدزییـەوە بـۆ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ برۆیـێ حەسـکێ تێلـی، شـاندێک دەنێرێتـە لای و برۆیـێ حەسـکێش ئـەو پێشـنیارەی عەمەرخـان قبـووڵ دەکات و لـە شـوێنی دیاریکـراو یەکـتر دەبینـن. لـەو چاوپێکەوتنـەدا عەمەرخـان بـە برۆیـێ حەسـکێ دەڵێـت: «تـۆ ئـاگات لـە بڕیـاری دەوڵەتـی ئێـران هەیـە کـە دەڵێـت، ئەگـەر بـرۆ لەگـەڵ شـەڕڤانانی خـۆی دەسـت لـە شـۆڕش هەڵبگـرن و چەکەکانیـان ڕادەسـت بکـەن، ئەوانیـش ژیانیـان دەپارێـزن؟».

دوای ئـەو ئاخافتنـەی عەمەرخـان، بـرۆش زۆر دڵتەنـگ دەبـێ و پێـی دەڵێـت: «عەمەرخـان! واتـە مـن خـۆم ڕادەسـتی ئێـران بکـەم و چەکەکـەم بـدەم بـە دوژمنەکـەم؟ بـا دەوڵەتـی ئێـران بـاش بزانێـت، تەنیـا ئەوکاتـەی کـە مـن کـوژرام، ئـەوکات دەتوانـن چەکـی برۆیـێ حەسـکێ تێلـی لەسـەر تەرمەکـەی هەڵبگـرن».

کاتێـک عەمەرخـان ئـەو هەڵوێسـتە شۆڕشـگێرانەیەی «بـرۆ»ی

گوێـی لـێ دەبـێ، ئەویـش پێـی دەڵێـت: «براهیـم ئاغـا! تـۆ دڵنیـا بـە کـە ئێمـەش هـەر کوردیـن و ئێمـە بـە دڵـی خۆمـان نەهاتووینـە ئێـرە و دڵـمان لـە گەڵتانـە».

دواتـر عەمەرخـان زۆر زانیاریـی گرینگـی پێوەندیـدار بـە چەنـد و چوونیـی هێزەکانـی ئێرانـی و چـەک و تەقەمەنـی و پلانەکانیانـی داوە بـە بـرۆ و، هەروەهـا ڕێنمایـی کـردووە کـە چـۆن ئـەو شـوێنانەی سـتراتیژیکن لـە بەرەکانـی شـەڕدا بپارێـزن و، نەهێڵـن هێزەکانـی ئێـران ئـەو دەڤەرانـە بگـرن، هەروەهـا هـەردوو لا لـە نێـوان خۆیانـدا ڕەمـز و ڕێـکاری هاوکارییـان دانـاوە و، بڕیاریـان داوە کـە خۆیـان لـە شـەڕی یەکـتر بپارێـزن.

هەروەهـا عەمەرخـان بەڵێنـی داوە کـە ڕێگای ئـەو گوندانـەی دەوروبەری ئاگـری بـۆ شۆڕشـگێڕان کـراوە بهێڵێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانـن لـە دیـوی ئێرانـەوە خواردەمەنـی و پێویسـتییەکانیان بنێـرن بـۆ بـەرەی شـەڕ لـە ئاگری.

بەپێـی ئـەو لێکتێگەیشـتنەی کـە لـە نێـوان «عەمەرخـان و بـرۆی حەسـکێ»دا کـرا، تـا ئەوکاتـەی کـە عەمەرخـان و سـوارەکانی لـە هەرێمـی ئـارارات بـوون، لـە مـاوەی شـەش مانگـدا شـەڕ و کوشـتن لـە نێـوان هـەردوو هێـزی عەمەرخـان و شۆڕشـگێڕانی ئاگـری ڕووی نـەدا. هەروەهـا لـەو ماوەیـەدا چەنـد جـاری دیکـە دیـدار لـە نێـوان عەمەرخـان و فەرزنـدە بەگـی حەسـەنی و شۆڕشـگێڕانی ئـارارات ئەنجـام دراوە. ئەمـکارە سـەرنجی هێزەکانـی ئێـران بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێت و گومـان لـە عەمەرخـان دەکـەن. هـەر بۆیـە فەرماندەکانـی ئێرانـی بـە عەمەرخـان دەڵێـن، ئیـتر ئەرکـی ئێـوە لێـرە کۆتایـی پـێ هـات، دەبـێ ئێـوە بـەرەی ئاگـری بەجـێ بهێڵـن.

عەمەرخانیـش بـە بیسـتنی ئـەو بڕیـارە بـە دڵ خۆشـحاڵ دەبێـت و بـە هێزەکانییـەوە دەگەڕێتـەوە زندەشـت.

## کوژرانـــی بــرۆی حەســکێ لەلایــەن هێزەکانــی ســەر بــە حکوومەتــی ئێرانــەوە:

کاربەدەســـتە نیزامییەکانـــی ئێـــران، دوای پاشەکشـــەی هێزەکانـــی عەمەرخـــان لــە ئاگــری، بــە مەبەســتی پڕکردنــەوەی شــوێنەکانیان بــە هێزێکــی دیکــەی عەشــیرەتەکانی کــورد، داوا لــە هــەردوو دژبــەری عەمەرخـــان، ســـەرتیپ کـــوڕی محەمەدئەمیـــن پســـا ئاغـــا و حەســـەنێ هنـــارە دەکـــەن و ئەوانیـــش داواکەیـــان قبـــووڵ دەکـــەن و بـــە هێزێکـــی کەمـــی شـــکاکەکانەوە دەچنـــە هەرێمـــی ئاگـــری.

دوای ماوەیــەک مانــەوە لــە هەرێمــی شــەڕ، ســەرتیپ و حەســەنێ هنــارە لەمــەڕ هەبوونــی پێوەنــدی و هاوکاریــی لــە نێــوان عەمەرخــان و شۆڕشــگێڕانی ئاگــری ئــاگادار دەبــن، هەروەهــا بــۆ ئــەوەی ســەرنجی دەوڵــەت بــۆ لای خۆیــان ڕابکێشــن و جێگاکەیــان لــەلای دەوڵــەت خــۆش بکــەن، زۆربــەی ڕێگاکانــی هاتوچــۆی شۆڕشــگێڕانی ئاگــری و گوندەکانــی دەوروبــەری ئاگــری گەمــارۆ دەدەن. کاتێــک برۆیــێ حەســکێ لــەو بڕیــارە نابەجێیــەی ســەرتیپ و حەســەنێ هنــارە ئــاگادار دەبــێ، یەکســەر ئاگاداریــان دەکات و پێیــان دەڵێــت، ئەگــەر دڵۆپێــک خوێنـــی کوردایەتـــی لـــە دەمارتانـــدا هەبێـــت، نابـــێ بـــەم شـــێوەیە هاوکاریــی دەوڵەتێکــی وەک ئێــران بکــەن و شــەڕی ئێمــە بکــەن، باشــترە ئێــوەش وەک عەمەرخــان لەگەڵــمان ڕێــک بکــەون، بــەڵام ئــەو پەیامــەی بــرۆ لەلایــەن ســەرتیپ و حەســەنێ هنــارەوە قبــووڵ ناکرێــت.

بـــرۆ دوای وەڵامـــی نەرێنیـــی ئـــەو دوو کەســـە، ئیـــتر دەزانـــێ کـــە ڕەوشـــەکە بـــاش نییـــە، ئەگـــەر نەتوانـــێ لەگـــەڵ شـــکاکەکان ڕێـــک بکەوێـــت، ڕێـــگای هاتوچـــۆی گوندەکانـــی داوێنـــی ئاگـــری بـــە ڕوویانـــدا

دادەخرێــن، هەروەهــا ڕۆژ لەگــەڵ ڕۆژ گەمــارۆی هێزەکانــی ئێــران و تورکیــە لەدژیــان بەرفراوانــتر دەبــن و بــاش دەزانــێ کــە بەرفراوانبوونــی گەمارۆکــە پەریشــانیان دەکات. لــە بەرانبــەر ئــەو ڕەوشــەدا برۆیــێ حەسـکێ تێلـی بـە ناچـاری و بـە ئامانجـی بینیـن و ڕێککەوتـن لەگـەڵ حەســەنێ هنــارە و ســەرتیپ لەگــەڵ هێندێــک لــە شــەڕڤانانی خــۆی دەچێتــە ســەردانی هەردووکیــان، بــەڵام لــە ڕێــگادا لــە گەلیــی دەربەنــد کــە نزیــک چیــای «قۆجــە داغ»ە، دەکەوێتــە کەمینــی حەســەنێ هنــارە و لــە یەکــەم دەســترێژدا بــرۆی حەســکێی قارەمانــی ئــارارات برینــدار دەبــێ و دوای شــەڕێکی کــورت بــرۆ لەگــەڵ ژمارەیــەک لــە شۆڕشـگێرانی ئاگـری دەکوژرێـن. دوای بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی کوژرانـی برۆیــێ حەســکێ، بێهیواییەکــی گــەورە لەنێــو شۆڕشــگێرانی ئــارارات و جەلالییەکانــدا بــڵاو دەبێتــەوە.

لەمــەڕ کوژرانــی برۆیــێ حەســکێ تێلــی، لەلایــەن هەڵبەســتڤانی کــورد «عوســمان ســەبری»یەوە پارچــە هەڵبەســتێک هۆنراوەتــەوە، کــە بــەم شــێوەیە دەســت پــێ دەکات:

«ڕابــە، دە ڕابــە بــرۆ، دە ڕابــە
بــۆ چــی ئــارارات تــە هێشــت خرابــە
ئیــرۆ دیســا هــات ڕۆمــا بــێ ئەمــان
گونـد شـەوتاندن، نەهیشـت خـوەدی جان»

## درێــژەی ڕاپەڕینــی ماکــۆ لەلایــەن فەرزەنــدە بــەگ و هاوڕێیانییــەوە:

لــە کاتێکــدا کــە هێزەکانــی ئێــران بــە هاوکاریــی بەکرێگیراوانــی خۆجێیــی، هێرشــێکی بەربڵاویــان کردووەتــە ســەر شۆڕشــگێڕانی ئاگــری و داوای چەکدانــان و خۆڕادەســتکردنیان لــێ کــردن، فەرزەنــدە بــەگ و هەڤاڵانــی ڕای دەگەینــن ئەگــەر «حکوومەتــی ئێــران گارانتــی پاراســتنی ســلامەتیی ئــەوان بــدات و ڕادەســتی تورکیەیــان نەکاتــەوە، هەروەهــا واز لــە ڕاگواســتنی زۆرەملێــی ژن و منداڵــی شۆڕشــگێڕانی ئاگــری بێنێــت، ئــەوکات ئەوانیــش خۆیــان ڕادەســتی حکوومەتــی ئێــران دەکــەن.» بــەڵام ئێرانییــەکان ئــەو گارانتییەیــان پێــی نــادەن و ئەوانیــش بــە هــاوکاری عێلەکانــی جەلالــی، حەیــدەران، میــلان، ســاکان و حەســەنی لــە دیــوی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، تــا نیــوەی یەکەمــی ســالی ١٩٣٢ درێژەیــان بــە بەرخۆدانــی ماکــۆ لــەدژی ئێرانییــەکان داوە و زەربــەی کاریگەریــان لــە ئەرتەشــی ئێــران داوە. لــەو شــەڕانەدا ئەرتەشــی ئێــران بــە هێزێکــی هــەزاران کەســی و بــە تۆپخانــە پەلامــاری جەنگاوەرانــی کوردیــان داوە کــە لــە ئەنجامــدا زیاتــر لــە٥٠٠ کــەس لــە هێــزی ئێرانــی کــوژران کــە لــە نێویانــدا «ســەرهەنگ کەلبعەلیخــان»ی گــەورە فەرمانــدەی ڕەزا شــاە هەبــووە. هەروەهــا لــە جەنگاوەرانــی ئــارارات و ژن و منداڵەکانیشــیان، لــەو بەرخۆدانــەی ماکــۆدا، زیاتــر لــە١٠٠ کــەس گیانیــان فیــدا کــردووە.

دوای ئــەو شــەڕانە ئیــتر جەنگاوەرانــی ئــارارات تێــک دەشــکێن و بــە هــەزاران ژن و منداڵــی کــورد لەلایــەن ســەرباز و قەزاقەکانــی ئێرانــەوە بــۆ ناوچــە دووردەســتەکانی ئێــران دوور دەخرێنــەوە. ئــەو ژن و منداڵانــە بــە پێخاوســی و برســیەتی، بــەرەو هەرێمەکانــی نادیــار بــەڕێ دەکرێــن.

هێندێکیـــان دەمــرن و ئەوانـــەی دەمێنـــن، لــە هەرێمەکانـــی قەزویـــن و هەمـــەدان نیشـــتەجێ دەکرێـــن. هێندێکیانیـــش کـــە بـــێ دەرەتـــان مابـــوون، بـــەرەو ســـنوورەکانی ڕووســـیە و تورکیـــە هەڵدێـــن. لـــەو کاتـــدا، شـــێخ زاهیـــر کـــە ســـەرکردەیەکی نـــاوداری شۆڕشـــی ئاگـــری و خەڵکـــی باکـــووری کوردســـتان بـــووە، ئەویـــش لـــە نزیـــک ســـنووری ڕووســـیە و تورکیـــە دەکوژرێـــت. بـــەم شـــێوەیە شۆڕشـــی ئـــارارات لـــە ئاکامـــی پیلانـــی هاوبەشـــی ئێـــران و تورکیـــە و بـــە هاوکاریـــی ســـۆڤیەت، بـــە یەکجـــاری لەنـــاو دەچێـــت و جەنگاوەرانـــی پـــرش و بـــڵاو دەبـــن.

چارەنووسی فەرزەندە بەگ:

دوای تێکشـکانی ڕاپەڕینـی ئـارارات، فەرزەنـدە بـەگ کـە داهێنـەری شـــەڕی پارتیزانیـــی ڕاپەڕینـــی ئاگـــری لـــە دیـــوی باکـــووری کوردســـتان بـــوو، لـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانیش بـــە هەمانشـــێوە وێـــڕای هەڤاڵانـــی درێژەیـــان بـــە چالاکییەکانیـــان لـــەدژی ئەرتەشـــی ئێـــران و تورکیـــە داوە. ئەرتەشـــی ڕەزا شـــا کـــە بۆیـــان دەرکەوتـــووە ناتوانـــن بـــە زۆری هێـــز، وا بـــە ئاســـانی فەرزەنـــدە بـــەگ لەنـــاو بـــەرن، بۆیـــە پەنایـــان بـــۆ فێـــڵ بـــردووە و لەلایـــەن ڕەزا شـــاوە قورئانـــی مۆرکراویـــان بـــۆ فەرزەنـــدە بـــەگ نـــاردووە و داوایـــان لـــێ کـــردووە ئەگـــەر چەکەکانیـــان دابنێـــن و خۆیـــان ڕادەســـت بکـــەن، ئـــەوکات حکوومەتـــی ئێـــران ئەمانیـــان دەداتـــێ کـــە لـــە ناوچـــەی چاڵدرانـــی ماکـــۆ ژیانـــی ئاســـاییان هەبێـــت.

فەرزەنـــدە بـــەگ و هاوڕێیانـــی لـــە بەهـــاری ١٩٣٢دا ئـــەو بەڵێنـــەی ڕەزا شـــاه وەک دەرفەتێـــک دەبینـــن و بـــە بڕواکـــردن بـــەو بەڵێنـــەی ئێرانییـــەکان، بـــە مەبەســـتی چەکدانـــان و خۆڕادەســـتکردن دەچنـــە ئاواییەکانـــی «کوردکەنـــد»- «نـــاورێ» و» شـــیخ ســـلۆ» لـــە ناوچـــەی چاڵـــدران (ســـیاه چەشـــمە)ی ماکـــۆ. هێزەکانـــی ئێـــران بـــە پێچەوانـــەی

سـوێند و بەڵێنەکانیـان هێـرش دەکەنـە سـەر ئـەو ئاواییانـە و لـەوێ «فەرزەنـدە بـەگ» و ژن و منداڵەکـەی، وێـڕای عەبدولباقـی و کازم بـەگ و چەندیـن جەنـگاوەری ئاگـری، گەمـارۆ دەدەن و داوای خۆڕادەسـتکردنیان لـێ دەکـەن، بـەڵام فەرزەنـدە بـەگ و هاوڕێیانـی دەسـت دەکەنـەوە و دوای شـەڕێکی سـەخت، ئێرانییـەکان بـە تـۆپ لـەو ماڵـە دەدەن کـە فەرزەنـدەی تێـدا بـووە. فەرزەنـدە بـەگ لـەلای ڕانیـەوە، لاقـی دەشـکێ و لـە تاقـەت دەکـەوێ، هاوژینەکـەی بـە نـاوی «بـەسرا» چەکەکـەی هەڵدەگرێـت و وێـڕای هاوڕێیانـی فەرزەنـدە بـەگ، لەگـەڵ لەشـکری ئێـران شـەڕ دەکـەن. لـە گەرمـەی شـەڕەکەدا عەبدولباقیـش باسـکی بـە سـەختی برینـدار دەبێـت و کـوڕە ١٣ سـاڵانەکەی عەبدولباقـی بـە نـاوی «فـەدل» دەکوژرێـت. دواتـر ژنێکـی مـاڵ کـە هـەوڵ دەدات کـوڕە ٩ سـاڵانەکەی فەرزنـدە بـە نـاوی «ئەلفەسـیا» لەنێـو شـەڕەکە ڕزگار بـکات، ئەویـش لەلایـەن سـەربازەکانی ئێرانـەوە دەگیرێـت و لـە جێـدا ئـەو منداڵـەش دەکـوژن. دواتـر بەهـۆی نەمانـی توانایـی بەربەرەکانـێ، فەرزەنـدە بـەگ و هاوسـەری، وێـڕای چەندیـن هاوڕێـی و بنەماڵـەی جەنگاوەرانـی ئاگـری، لەلایـەن ئەرتەشـی ئێرانـەوە بەدیـل دەگیرێـن و سـەرەتا دەیانبەنـە شـاری خـۆی و تەورێـز، دوای ماوەیـەک دەیانبەنـە تـاران و لـەوێ دەخرێنـە زیندانـی قـەسری قەجـەرەوە.

حکوومەتـی ئێـران کـە فەرزەنـدە بـەگ، عەبدولباقـی، کازم بـەگ و دەیـان جەنـگاوەری ئاراراتـی خسـتبووە بەندیخانـەی قـەسری قەجـەر و ژن و منداڵـی فەرزەنـدە بەگیـش وێـڕای چەندیـن بنەماڵـەی دیکـەی جەنگاوەرانـی ئاگـری، لـە بارودۆخێکـی ناڵەبـاردا بێسەرپەرەسـت لـە تـاران ڕادەگیرێـن و ژیانێکـی کولەمەرگـی تـێ دەپەڕێنـن. بـەسرا خانمـی هاوژینـی فەرزەنـدە بـەگ لـە تـاران جـار جـار بـۆ سـەردانی فەرزەنـدە

بـەگ و هەڤاڵانــی دەچێتــە بەندیخانــەی قــەسر. ســالی ١٩٣٩ ســەرەتا فەرزەنــدە بــەگ بــە شــێوەیەکی گومانــاوی لــە بەندیخانــە کۆچــی دوایــی دەکات و هەفتەیــەک دواتریــش عەبدولباقــی بــە هەمــان شــێوە لــە بەندیخانــە کۆچــی دوایــی دەکات و دەگوتــرێ کــە بــە فەرمانــی ڕەزا شــا ژەهرخــوارد کــراون. کازم بەگیــش وێــڕای چەندیــن جەنــگاوەری ئاگــری هــەروا لــە بەندیخانــەی قــەسر ڕادەگیرێــن تــا لــە شــەڕی دووەمــی جیهانــی و هاتنــی لەشــکری ڕووس بــۆ ئێــران، ئــەوکات وێــڕای ســەرجەم بەندییــەکان ئــازاد دەکرێــن و لەگــەڵ عەمەرخانــی شــکاک دەگەڕێنــەوە بــۆ کوردســتان. بــەسرا خانمــی هاوســەری فەرزەنــدە بــەگ وێــڕای ئاســیا خانمــی دایکــی فەرزەنــدە دەگەڕێتــەوە تورکیــە، بــەڵام بەهــۆی دیتنــی ئــەو هەمــوو ســەختیانە، بــاری دەروونیــی بــە تــەواوی تێــک دەچێــت و کۆچــی دوایــی دەکات.

لــەو بارەیــەوە چەندیــن هۆنــراوە و ســترانی حەماســی، لەمــەڕ ئازایەتیــی بــەسرا خانــم و فەرزەنــدە بــەگ گوتــراون و پانتاییەکــی بەرچاویــان لــە فۆلکلــۆر و ئەدەبــی زارەکیــی کوردیــدا بۆیــان تەرخــان کــراوە.

د سترانەکێ دە ئاسیا خانما خەسوویا بەسرایێ، وەها گۆتییە:

ئاسیایێ ب سێ دەنگان ل بەسرایێ دکر گازی

دگۆت، ڕەبەنێ سەرێ ڤێ سبەهێ

دلێ من پۆرکورێ دیسان تینە، تینە

دە تو ڕابە تفنگا فەرزندە بەگێ هلینە

بکەڤە هافا مەیدانێ


تۆلا مە ژ دوژمن بستینە

هەلا بالا خوە بدن دییا ئەلفەسیایێ

کەتیە ناڤا شەڕێ گران
وەکی شێران تۆلێ دستینە
وەلە تو شێری
هازا قیزا شێرانی
لێخە دییا من بی، لێخە
بلا دەرگووشا ملێ من
شێر ل هەر دەرێ شێرە
چ نێرە، چ مێیە.

دەقــی نامــەی بــەسرا خانمــی هاوســەری فەرزەنــدە بــەگ بــۆ مەجلیســی میللیــی ئێــران

**بەڵگەی ژمارە: ٥٥**



Nameya Besrayê ji parlamentoya Îranê re.

۲۰/۸/۱۲

ریاست مبارک مجلس شورای ملی

کنیزه بصره عیال فرزنده مرحوم اینک در ترکیه ده سال است برای
خاطر شوهرش تحت نظر است شوهرم ده سال پیش در زندان قصر
فوت کرد رفقای شوهرم که با او گرفتار و زندانی بودند بنا بفرمان حضرت همایونی
مرخص شدند و رفتند. اگر شوهرم زنده بود بلاشک او هم مرخص شده بود
دیگر کنیزم را چرا مرخص نمیکنند میفرمایید در سایه شما دولت مشروطه ایران
است کنیزه چه کرده و چه تقصیر دارد که نمیتواند تا ایران
بیاید ... استدعا دارد ... و به کنیز ضعیفه را
مرحمت مقرر فرمایید این بدبخت سیه روز را یک روز پیش
مرخص و آسوده بفرمایید.

بصره

شماره ۸۰۱۹

ساله ۲۰/۸/۱۴

١٩٤١/١١/٤

نووسینگە....

بەڕێز سەرۆکایەتی مەجلیسی شوورای میللی

مــن خاتــوو بــەسرا خێزانــی فەرزەنــدەی کۆچکــردوو هاووڵاتیــی تورکیــە، مــاوەی دە ســاڵە کــە بەهــۆی هاوســەرەکەمەوە لەژێــر چاوەدێــری دام. هاوســەری مــن دوو ســاڵ لەمەوبــەر لــە گرتووخانــەی قــەسری قەجــەر کۆچــی دوایــی کــرد. هاوڕێیانــی هاوســەرەکەم کــە لەگــەڵ ناوبــراو گرفتــار و زیندانــی بــوون، لەســەر فەرمانــی لێبووردنــی گشــتی، ئــازاد کــراون و ڕۆیشــتوون. ئەگــەر هاوســەرەکەم زینــدوو بوایــە، بێگومــان ئێســتا ئەویــش ئــازاد کرابــوو. کەوایــە بۆچــی منــی خێزانــی نابــراو ئــازاد ناکــەن؟ پێــم دەڵێــن دۆســییەکەت لــە کۆمیســیۆنی دادوەریدایــە. بــەسرا چــی کــردووە و چ پەروەندەیەکــی هەیــە کــە ئــەو کۆمیســیۆنە نەیتوانیــوە تــا ئێســتاش بڕیــاری لەســەر بــدات؟ تــکا دەکــەم بەزەییتــان بــە غەریبــی و بــێ کەســیی منــی بــێ بێدەســەڵاتدا بێــت و ئــەم بەختڕەشــە بێچارەیــە، ڕۆژێــک زووتــر ئــازاد و ئاســوودە بکــەن.

بەسرا

## توندڕەویی دەوڵەتی ئێران لەدژی کورد:

کاتێــک کــە ســەرهەڵدانی ســمکۆ و ئاگــری بــە هاوکاریــی نێــوان ئێــران و تورکیــە و ســۆڤیەت تێــک دەشــکێندرێت، ئیــتر دەوڵەتــی ئێــران هیــچ مەترســییەک لــە پێــش خــۆی نابینــێ و دەســت دەکات بــە هەڵســوکەوتی نامرۆڤانــە لــەدژی گەلــی کــورد.

لەلایەکــی دیکــەوە بــۆ چاوترســێنکردنی ســەرۆکعێلانی کــورد، ژێنراڵێکــی ئێرانــی بەنــاوی «شــاهبەختی» کــە فەرمانــدەی هێــزی ورمــێ (لەشــکری ورمــێ) بــوو، لەبەرچــاوی خەڵــک دەســت دەکات بــە سووکاتیکردن و لێدانــی ڕەشــید بەگــی هەرکــی و هێندێــک ســەرۆکعێلی دیکــەی کــورد. ژێــنراڵ شــاهبەختی بــۆ ئــەوەی کــوردەکان چەکەکانیــان ڕادەســت بکــەن، هەمــوو هەوڵێکــی داوە.

لــە بەرانبــەر ئــەو توندوتیــژی و گوشــار و هەڵسوکەوتەی شــاهبەختی، عەمەرخــان وەک نیشــاندانی ناڕەزایەتــی، تەلەگرافێــک بــۆ ڕەزا شــا دەنێرێــت. لــەو تەلەگرافــەدا دەڵێــت: «بــۆ مانــەوە لەگــەڵ دەوڵــەت، ئێمــە تــا توانیومانــە کوردەکانــی ئــەو هەرێمــە ڕازی بکەیــن، زۆر مانــدوو بوویــن، بــەڵام هەڵســوکەوتی تونــدی ژێنراڵەکانــی ئێــوە دەبنــە هــۆی ئــەوەی جارێکــی دیکــە کــوردەکان پشــت لــە دەوڵەتــی ئێــران بکــەن».

دەگوتــرێ ڕەزا شــا لەســەر ئــەم تەلەگرافــەی عەمەرخــان، ژێنراڵەکــەی ئــاگادار دەکاتــەوە کــە دەبــێ داوای لێبــووردن لــە عەمەرخــان بــکات، هەروەهــا بــۆ مانــەوەی لــە هەرێمــی ورمــێ، پێویســتە کــوردەکان لــە خــۆی ڕازی بــکات.

هەرچەنــد ژێــنراڵ شــاهبەختی بەپێــی فەرمانــی شــا، داوای لێبووردنــی لــە عەمەرخــان کــردووە، بــەڵام لــە بەرانبــەر «عەمەرخــان»دا ڕق و

کینەیەکـی زۆر لـە دڵـی هەڵدەگـرێ.

لەلایەکـی دیکـەوە دەوڵەتـی ئێـران بـە شـێوەیەکی فەرمـی داوای ناردنـی لاوانـی شـکاک بـۆ خزمەتـی سـەربازی لـە عەمەرخـان دەکات و داوا دەکات کـە ئـەوان بـۆ تۆمارکردنـی نـاوی خۆیـان سـەردانی ناوەندەکانـی پێوەندیـدار بکـەن.

ژێـنراڵ شـاهبەختی لـەم بـوارەدا تەنیـا مانگێکـی مۆڵـەت داوە بـە خەڵکـی هەرێمەکـە، کـە ئەوانـەی چەکیـان هەیـە، چەکەکانیـان ڕادەسـتی دەوڵـەت بکـەن و ئەوانـەی کـە ئـەم فەرمانـە جێبەجـێ نەکـەن، بـە تونـدی سـزا دەدرێـن.

ئـەم بڕیـارەی دەوڵەتـی ئێـران هەمـوو سـەرۆکعێلانی شـکاک شـپرزە دەکات و ئەوانیـش پەنـا بـۆ عەمەرخـان دەبـەن، بـۆ ئـەوەی کـە چارەیەکیـان بـۆ بـکات.

لەبەرئـەوەی عەمەرخـان بـڕوای بـە هێندێـک سـەرۆکعێل نەدەکـرد، بەتایبەتـی بـە سـەرتیپ، حەسـەن و تەمرخانـی هنـارە، بۆیـە داوای سـوێندخواردنی لێیـان کـردووە و پێیانـی ڕاگەیانـدووە کـە ئەگـەر ئـەوان لـە بەرانبـەر دەوڵەتـی ئێران پشـتی بەرنـەدەن و خیانەتـی لـێ نەکـەن، ئەویـش ئـەو دوو پێشـنیارە دەداتـە شـا:

١- سـەبارەت بـەو چەکانـەی کـە هەمانـە، دەمانـەوێ دەوڵـەت مۆڵەتـی فەرمیـمان پـێ بـدات.

٢- سـەبارەت بـە خزمەتـی سـەربازیی لاوەکانمـان، دەمانـەوێ دەوڵـەت ئیـزن بـدات گەنجەکانمـان خزمەتـی سـەربازیی خۆیـان لەڕێـگای ئەنجومەنـە خۆجێیـەکان و لـە هەرێمـی شـکاکەکاندا بکـەن.

ئـەو پێشـنیارەی عەمەرخـان لەلایـەن هەمـوو سـەرۆکعێلانی شـکاکەوە قبـووڵ دەکرێـت و لەسـەر دەسـتی مـەلای «مەمـەکان» بـە نـاوی «مـەلا

حوسێن» دەستیان بە قورئاندا داوە و سوێندیان خواردووە کە تا ئاخر دڵۆپی خوێنی خۆیان لەگەڵ عەمەرخان بمێنن و خیانەتی لێ نەکەن.

دوای کۆبوونەوەکە، عەمەرخان بۆ ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی پێویست کە ڕەنگە دەوڵەتی ئێران پێشنیارەکانی قبووڵ نەکات و وەک ئامادەکاری لە بەرانبەر دژکردەوەی شیمانەکراوی دەوڵەتی ئێران،ماڵەکەی لە گوندی زندەشتەوە دەگوازێتەوە بۆ مەمەکان.

دواتر عەمەرخان بە کاربەدەستە نیزامی و ئیدارییەکانی دەوڵەت لە هەرێمی سۆما و ورمێ ڕادەگەیەنێت: «ئەگەر ئێوە پێشنیارەکانمان قبووڵ بکەن، ئێمەش باوەڕ بە یاسای بنەڕەتیی دەوڵەتی ئێران دەهێنین، بەڵام ئەگەر ئێوە قبووڵی نەکەن، ئێمە بەرخۆدان دەکەین».

لە ڕەوشێکی وەها هەستیاردا ئاشکرا دەبێ کە دوای گەڕانەوەی سەرۆکعێڵەکان لە کۆبوونەوەی مەمەکان، سەرتیپ و تەمرخانێ هنارە، کە بەرلە هەموویان سوێندیان خواردبوو، لە ڕێگای «حاجی قادر»ەوە کە خەڵکی «هاشمئاوا»ی «مرگەوەڕ» بووە و وەک سیخوڕی ژێنراڵ شاهبەختی دەناسرا، نامەیەک بۆ شاهبەختی دەنێرێ و لە نامەکەیدا بۆی دەنووسێ کە، ئێمە لە ئاکامی ماندووبوونێکی زۆر توانیبوومان ئەو سەرئێشەیەی سمکۆ بۆ دەوڵەتی دروست کردبوو، لەناوی ببەین، بەڵام ئێستا عەمەرخان دەیهەوێ جێگای سمکۆ بگرێتەوە و لە بەرانبەر دەوڵەتدا ڕابوەستێت. ئێمە نامانەوێ وەک عەمەرخان بە بیانووی نەناردنەوەی گەنجان بۆ خزمەتی نیزامی، یانیش بە ڕادەستنەکردنی چەک و فیشەکەکانمان، لە بەرانبەر دەوڵەتدا ڕابوەستین. هەروەها نووسیویانە ئێمە بە

بڕیـاری دەوڵـەت ڕازیـن و ئێمـە لـە خزمـەت دەوڵەتدایـن.

لەگـەڵ وەرگرتنـی ئـەو نامەیـە، بەهـۆی ئـەو کینەیـەی کـە شـاهبەختی لـە عەمەرخـان لـە دڵیـدا هەیبـوو، بەپەلـە ناوەڕۆکـی نامەکـە بـە تەلەگـراف بـۆ ڕەزا شـا دەنێرێـت و داوای لـێ دەکات کـە لەمـەڕ چۆنیەتیـی هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ عەمەرخـان فەرمانـی پـێ بـدات.

دواتـر شـاهبەختی فەرمـان بـە ئەفسـەرەکانی لـە ناوچەکـەدا دەدات کـە بڕیـاری شـا لەمـەڕ عەفووکردنـی شـکاکەکان، لەنێـو خەڵکـدا بـڵاو بکەنـەوە و لەگـەڵ سـەرۆکعێلەکان کـۆ ببنـەوە و پێیـان بێـژن بـە قسـەی کـەس نەکـەن کـە لـە بەرانبـەر بڕیارەکانـی دەوڵەتـدا ڕابوەسـتن. نابـێ وەک سـەردەمی سـمکۆ دژایەتیـی دەوڵـەت بکـەن.

## کۆبوونەوەی گوندی هەشتیان:

دوای ئـەو بڕیـارەی شـاهبەختی، لـە کۆبوونەوەیەکـدا کـە لـە نێـوان کاربەدەسـتان و ئەفسـەرەکانی دەوڵەتـی ئێـران لەگـەڵ سـەرۆکعێلانی شـکاک، کـە لـە گونـدی هەشـتیان پێـک هـات، کاتێـک کاربەدەسـتانی دەوڵـەت، ئـەو داوا و بڕیـارەی شـاهبەختیی پێیـان ڕادەگەیەنـن، زۆربـەی ئـەو سـەرۆکعێلانە لـە بەرانبـەر ئـەو داوایانـەی دەوڵـەت بێدەنـگ دەمێنـن.

کاتێـک عەمەرخـان ئەمـە دەبینـێ، ئیـتر دەزانـێ ئـەو سـەرۆکعێلانە بـەو دەنگۆیانـەی دەوڵەتـی ئێـران کـە لەڕێـگای سـەرتیپ و تەمرخانـێ هنـارەوە لەنێـو خەڵکـدا بـڵاو کراونەتـەوە، فریویـان خـواردووە و بێجگـە لـە چەنـد کەسـێک، ئەوانـی دیکـە لـەو کاتـە هەسـتیارەدا، بـەو بەڵێنـەی کـە دابوویـان، وەفـادار نەمـاون و ئەویـان بەتەنیـا هێشـتۆتەوە.

هەروەهـا لـەو کۆبوونەوەیـەدا، کاتێـک ئەفسـەرێکی دەوڵەتـی ئێـران بـە نێـوی عەبـاس خـان پوورلـەک، سـووکایەتی بـە ئامۆزایەکـی عەمەرخـان بەنـاوی «سـمۆ» دەکات، عەمەرخـان دەزانـێ کـە تـازە کار لـە کار تـرازاوە.

بۆیـە هـەر لـەوێ عەمەرخـان هەڵوێسـتێکی زۆر توندیـان لـە بەرانبـەردا دەگرێـت و کۆبوونەوەکـە بەجـێ دێڵـێ و ڕاسـت دەچێتـە مەمـەکان. دواتـر لەگـەڵ قۆتـاز مامـەدی لەسـەر ڕەوشـەکە کـۆ دەبێتـەوە. لـەو کۆبوونەوەیـەدا لەگـەڵ قۆتـاز مامـەدی دەگەنـە ئـەم ئەنجامـەی کـە ڕوو بکەنـە هەرێمـی شـاخاویی شـپیران و، لـەدژی داوای دەوڵـەت بـۆ چەکدانـان ڕابوەسـتن.

بـەڵام دواتـر، بـە هێندێـک هـۆکاری نادیـار، لـەو بڕیـارەی خۆیـان پاشـگەز دەبنـەوە و عەمەرخـان جارێکـی دیکـە ماڵەکـەی دەگوازێتـەوە بـۆ زندەشـت و چاوەڕێـی چارەنووسـی خـۆی بەدەسـت دەوڵەتـی ئێرانــەوە دەکات.

دوای ئــەو کۆبوونەوەیــەی گونــدی هەشــتیان، کاربەدەســتانی دەوڵەتیــش ئــەو هەڵســوکەوتە تونــدەی عەمەرخــان و بەجێهێشــتنی کۆبوونەوەکـە لەلایـەن ئـەوەوە وەک دژایەتـی لەگـەڵ بڕیـاری دەوڵـەت ئەژمــار دەکــەن و ئــەو ڕاپۆرتــەی کــە ســەرتیپ و تەمرخانــی هنــارە ســەبارەت بــە عەمەرخــان بــۆ ئەوانیــان نــاردووە، وەک بەڵگــە بــە کاری دێنــن.

هەروەهـا کاربەدەسـتانی دەوڵـەت، کاتێـک کـە لـەو کۆبوونەوەیـەدا توانیویانـە بێدەنگیـی سـەرۆکعێلانی شـکاک بـۆ خۆیـان مسـۆگەر بکـەن، دەگەنـە ئـەو بڕوایـەی کـە عەمەرخـان بەتەنیـا ماوەتـەوە و ئیـتر ئـەوان دەتوانــن ســزای بــدەن و سزادانەکەشــی بــۆ ســەرۆکعێلانی دیکــە دەبێتــە دەرس و عیــبرەت. ئیــتر ناچــار دەمێنــن گــوێ بــۆ فەرمانەکانــی دەوڵــەت شــل بکــەن.

بۆیــە دوای ئــەو کۆبوونەوەیــە دەوڵــەت دەســت دەکات بــە ئەســتاندنەوەی چەکەکانیــان و ڕۆژ لەگــەڵ ڕۆژ دەســەڵاتەکەی لەنێــو شــکاکەکاندا زیاتــر دەکات، هەروەهــا لەگــەڵ ئەســتاندنەوەی چەکەکانیــان، گوشــاریش دەخەنــە ســەر عەمەرخــان.

لــە ڕەوشــێکی وەهــادا ئیــتر عەمەرخــان بــاش دەزانــێ کــە بێجگــە لــە قۆتــاز مامــەدی و چەنــد کەســی دیکــە، ئــەو ناتوانــێ لــە بەرانبــەر دەوڵەتــی ئێرانــدا پشــت بــە ســەرۆکعێلانی دیکــەی شــکاک ببەســتێت. ئــەو ســەرۆکعێلانەی شــکاک هــەروەک چــۆن لــە ســەردەمی خەباتــی

سـمكۆ لـەدژی دەوڵەتـی ئێـران، پشـتی سـمکۆیان بـەر دابـوو، ئەمجـارە پشـتی «عەمەرخان»یشـیان چـۆڵ کردبـوو.

هەروەهــا کاتێــک عەمەرخــان بێجگــە لــە ســەردانەواندن لــە بەرانبــەر دەوڵــەت ڕێگایەکــی دیکــە شــک نابــات، وەڵامــی دەوڵــەت دەدات و دەڵێــت: «ئیــتر مــن دەســتێوەردان لــە کاروبــاری عەشــیرەتیدا ناکــەم و، تەنیــا دەتوانــم بەرپرســایەتیی چەکەکانــی عێلەکــەم بگرمــە ئەســتۆ».

بــەم شــێوەیە عەمەرخــان دوای مشــتومڕێکی زۆر لەگــەڵ کاربەدەســتانی ئێرانــی، بەشــێک لــە چەکــە کۆنەکانــی کەســوکاری نزیــک لــە خــۆی کــۆی کردووەتــەوە و ڕادەســتی کاربەدەســتانی دەوڵەتــی کــردووە. دەوڵەتــی ئێــران دوای چەککردنــی عەمەرخــان، ئیــتر لــە مــاوەی چەنــد مانگــدا هــەر لــە چۆمــی ئەرەســەوە بگــرە هەتــا ســنووری عێــراق، چەکەکانــی هەمــوو ســەرۆکعێلەکانی لێیــان وەردەگرێتــەوە.

## گرتن و زیندانیکردنی عەمەرخان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە:

دوای ئەو چەککردنەی سەرۆکعێلەکان، ئیتر عەمەرخان دەبینێ هەڵسوکەوتی دەوڵەت لەگەڵیان ئاسایی نییە، بۆیە حوسێنی براکەی پێی دەڵێت: «عەمەرخان! ئێمە، لەوە دەترسێین کە دەوڵەت زەربەیەکت لێ بدا، وا باشترە ئێران بەجێ بێڵیت».

لە وەڵامی براکەیدا عەمەرخانیش دەڵێت: «ڕاستە کە دەوڵەت دەستم لێ هەڵناگرێ، بەڵام ئەگەر مەیدانەکە بەجێ بێڵم، دەترسم بە بیانووی من، بەڵایەک بەسەر ئێوە و خەڵکەکە بێنن، بۆیە چ دەبێ با ببێت، باشترە کە چاوەڕوانی ڕەوشەکە بم».

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر ئەم ئاخافتنانە عەمەرخان و براکەی لە پاییزی ساڵی ١٩٣٤دا، کە ئەوکات عەمەرخان تەمەنی ٦١ ساڵ بووە، لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە بۆ سەڵماس بانگ دەکرێن، بەڵام دواتر بۆ ورمێ دەگوازرێنەوە و لەوێ زیندانی دەکرێن.

دوای چەند مانگ بێ چارەنووسیی عەمەرخان لە گرتووخانە، لەلایەن دادگای نیزامیی شاوە لە ورمێ بەو تۆمەتانەی خوارەوە سزا درا:

- بەردەوامیی ڕێبازی کوردایەتی و کردەوەکانی لە سەردەمی سمکۆ، کە ئەو فەرماندەیەکی پایەبەرزی شەڕ بووە.

- بەشداریی لە کوشتنی زیاتر لە ٨٠٠ سەربازی ڕەزا شا لە مەهاباد.

- بەشداری لە شەڕەکانی دژی دەوڵەت لە گۆڵمەخانە و

شـەکەریاز و ...هتـد و، هەروەهـا کوشـتنی فەرمانـدەی گـەورەی ئێرانـی بــە نێــوی ئەرشــەد قەرەداخــی.

- هــاوکاری لەگــەڵ شــەڕڤانانی ئــارارات و خیانــەت بــە دەوڵــەت، هەروەهــا چەندیــن تۆمەتــی دیکــە.

کاتێــک کــە دادوەر لــە بەرانبــەر ئــەو تۆمەتانــەدا داوای بەرگــری لەخۆکــردن لــە عەمەرخــان دەکات، ئەویــش دەڵێــت: «مــن هیــچ بەگرییــەک لــە خــۆم ناکــەم و ئێــوە چۆنتــان پــێ باشــە، ئــاوا بڕیــارم لەســەر بــدەن».

هەروەهــا دوای دوو ڕۆژ لێپێچینــەوە و دادگاییکــردن، دادگا حوکمــی ئێعدامــی بــۆ عەمەرخــان دەرکــردووە، بــەڵام دواتــر بــە هەوڵدانــی هێندێــک لــە دۆســتەکانی، دادگا حوکمــی لــە ئێعدامــەوە دەگــۆڕێ بــە زیندانــی تــا هەتایــی.

بــەم شــێوەیە عەمەرخــان بــۆ مــاوەی چــوار ســاڵ لــە گرتووخانــەی تۆپخانــەی ورمــێ دەمێنــێ. دواتریــش دەیگوازنــەوە بــۆ گرتووخانــەی قــەسری قەجــەر لــە تــاران.

پێویســتە بگوتــرێ گرتووخانــەی قــەسری قەجــەر هێــمای تــرس، ئەشــکەنجە و دیکتاتۆریــی ڕەزا شــا بــووە. ئــەو گرتووخانەیــە لەنێــو خەڵکــدا زۆر نــاسراو بــوو و دەگوتــرا هــەر کەســێک بکەوێتــە ئــەو گرتووخانەیــە، ئیــتر هیــچ کاتێــک بــە زیندوویــی ڕزگاری نابێــت، بۆیــە ئــەو گیراوانــەی کــە لــەوێ ڕاگیرابــوون، هیــچ هیوایەکیــان بــە ئازادیــی خۆیــان نەبــوو.

شــایانی باســە کــە ئــەوکات، نزیکــەی ١٢ هــەزار کــەس لــە گرتووخانــەی قــەسری قەجــەری تــاران زیندانــی بــوون. لەنێویانــدا عەمەرخــان شــەریفی شــکاک، حەمەڕەشــیدخانی بانــە، ســەرۆکعێلانی

بەختیاری و لوڕ، هەروەها فەرزەندە بەگی حەسەنی، عەبدولباقی، کازم بەگ و دەیان زیندانیی سیاسیی کورد کە لە شۆڕشی ئاگریدا بەشدار ببوون، بەند کرابوون.

جیا لە زیندانییە کوردەکان، دەیان زیندانیی حیزبی کۆمۆنیست کە بە «٥٣ بەندی» دەناسران، وەک دکتۆر ئەرانی، کامبەخش، جەعفەر پیشەوەری، ئیرەج ئەسکەندەری و بۆزۆرگ عەلەوی و بە هەزاران خەڵکی مەدەنی تێیدا بوون.

لەبارەی ئەو پرسەوە سپەهبۆد ئەمیر ئەحمەدی نووسیویەتی: «بەهۆی ئەوەی کە ئەو کوردانە دەیانەویست بەشێک لە خاکی ئێران پارچە پارچە بکەن و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنن، بۆیە ئێمەش لەسەر فەرمانی ڕەزا خان ئەوانمان خستبووە گرتووخانە، بۆ ئەوەی لەباتی بیرکردنەوە لە سەربەخۆیی کوردستان، بیر لە سەربەخۆیی ئێران بکەنەوە».

لەگەڵ دەستبەسەرکردنی عەمەرخان، ئیتر ڕەوشی شکاکەکان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە باش نابێ، گوشاریان دەخرێتە سەر، هەتا دەڕوات خراپتر دەبێ. سەرباز و هێزەکانی شا ڕۆژانە هێرش دەکەنە سەر گوندییەکان و سووکایەتیان پێ دەکەن.

هاوکات هەر کەسێک ویستوویەتی لە بەرانبەر ئەو کردەوە ناڕەوایانەدا ناڕەزایی نیشان بدات، لەلایەن کاربەدەستانەوە بە درێژەپێدەری ڕێبازی سمکۆ تۆمەتبار کراوە. بۆیە کەس نەیتوانیوە ناڕەزایەتی دەرببڕێ و بەم شێوەیە دەوڵەتی ئێران توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر عێلی شکاکدا بسەپێنێت.

هەر لەو پێوەندییەدا کاتێک «شاهبەختی» قۆتاز مامەدی بانگی ورمێ دەکات، پێی دەڵێت: «عەمەرخان دەیهەویست چ بکات، ئەو

دەیهەویست ببێتە شێخ مەحموود یان سمکۆی دووەم؟ ئەو چما ڕێگای خیانەت بە دەوڵەتی هەڵبژارد؟». قۆتازیش دەڵێت: «جەنابی شاهبەختی! عەمەرخان نە خائین بووە و نە دەیهەویست خیانەت بکات». شاهبەختیش لە قۆتاز دەپرسێت: «قۆتاز! تۆ بەرگری لە عەمەرخان دەکەی، پێویست ناکات کە باسی «عەمەرخان»م بۆ بکەی». قۆتاز دیسان دەڵێت: «من نە بەرگری لە عەمەرخان دەکەم و نە وەک هێندێک کەس دەڵێم من غوڵام و خزمەتکاری دەوڵەتم و فڵان کەسیش خائێن بوو، بەڵام ئەگەر جەنابت ئیزن بدەیت، دەمهەوێ ڕاستییەکت پێ بڵێم».

کاتێک کە شاهبەختی ئەو جەسارەت و ڕاستبێژییەی قۆتاز دەبینێت، کاتی ئاخافتنی زیاتر دەداتە قۆتاز و قۆتازیش دەڵێت: «کاتێک ئێمە هەموو سەرۆکعێلانی شکاک لەمەڕ ڕادەستکردنی چەکەکانمان بە دەوڵەت و ناردنی گەنجەکانمان بۆ خزمەتی سەربازی گەنگەشەمان دەکرد، ڕاست لەو کاتەدا بوو کە هەواڵمان بۆ هات، کە ئۆستوار پوورلەک فەرماندەی لەشکری دەوڵەت لەبەرچاوی جەماوەر سووکایەتیی بە ڕیشسپی و گەورەیەکی شکاکەکان کە خزمی عەمەرخان بووە کردووە، بۆیە بە بیستنی ئەو هەواڵە و ئەو کردەوەیەی کاربەدەستی دەوڵەت نارەحەت بووین و، لەو پێوەندییەدا ئێمە گەیشتین بەو بڕیارە، کە تا ئەوکاتەی هەڵسوکەوتی ناشیاو لە بەرانبەر ئێمە درێژەی هەبێت، ئێمەش ناتوانین چەکەکانمان دابنێین و گەنجەکانمان بنێرین بۆ خزمەتی سەربازیی دەوڵەت».

هەروەها قۆتاز ئاخافتنەکەی وەها درێژەی پێ داوە: «جەنابی شاهبەختی! ئەگەر ئەمە تاوان بێت، ئێمە هەموومان هاوبەشی

ئــەو تاوانەیــن، نەتەنیــا یــەک کــەس».

لەگــەڵ کۆتاییهاتنــی قســەکانی قۆتــاز، شــاهبەختی دەڵێــت: بــۆم دەرکــەوت کــە تــۆ کەســێکی ڕاســتگۆ و بەجورئەتــی، بۆیــە تــۆم خــۆش دەوێ و دەتبەخشــم».

# بەشی چوارەم

## شەڕی دووەمی جیهانی و هاتنی لەشکری سۆڤیەت و ئینگلیز بۆ ئێران:

ساڵی ١٩٤١ و دوای دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی، کاتێک لەشکری سۆڤیەت لەلای باکوور و ئینگلیز لەلای باشوورەوە دەربازی نێو خاکی ئێران دەبن، بەبێ ئەوەی لەگەڵ هیچ بەرخۆدانێکی هێزەکانی ئێران بەرەوڕوو بن، لەشکری سۆڤیەت لە تەورێز و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر دەبن.

لەگەڵ جێگیربوونی لەشکری سۆڤیەت، ئیتر خەڵک لە زوڵم و زۆرداریی هێزەکانی ڕەزا شا و قەزاقەکانی ڕزگار دەبن. کوردانی ڕۆژهەڵات هەر لە ماکۆوە بگرە تا شنۆ و مەهاباد بە دروستبوونی ئەو دەرفەتە دڵخۆش دەبن، بەڵام دیسان لەبەرئەوەی بڕوای کوردان بە لەشکری ڕووسی لاواز بوو، بۆیە لە دانانی پێوەندی لەگەڵیان، دەترسان و هەستیار بوون. چونکە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کە لەشکری ڕووسی هاتبوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هەڵوێستی نەرێنی لەدژی کوردان، زۆر توندوتیژانە و بە هەڵسوکەوتی خراپ و دژبەرانە لەگەڵ کورد جووڵابوونەوە، بۆیە ئەمە ببووە هۆی متمانەنەکردنی کورد بە ڕووسەکان.

لەم بوارەدا سەنار مامەدی نووسیویەتی:

«دوای ئەوەی هێزەکانی ڕووس دەکەونە نێو شارەکان، هێدی-هێدی یەکە نیزامییەکانیان بەرەو گوندەکانی هەرێمەکە هاتوون. کاتێک گوندییەکان هاتنی کۆمەڵێک هێزی ڕووسی بەرەو گوندی «حاجی جەفان» لە ناوچەی سەڵماس دەبینن، گوندییەکان بەپەلە

چەکەکانیـــان دەشـــارنەوە و کـــچ و ژنانـــی گوندیـــش بـــە ئامانجـــی پاراســـتنیان لـــە گونـــد دەردەکـــەن و خۆیـــان لـــە ئەشـــکەوتی گەلیـــی گوندەکـــەدا دەشـــارنەوە، دواتـــر پیاوانـــی گونـــد چاوەڕێـــی هاتنـــی لەشـــکری ڕووســـی دەمێنـــن، چونکـــە ئـــەوکات گـــەورەی گونـــد «قۆتـــاز مامـــەدی» ڕۆیشـــتبووە ســـۆما و موختـــاری حاجـــی جەفـــان بـــە نـــاوی عەبـــاس کـــە پیرەمێردێکـــی لێـــزان بـــوو ڕوو بـــە گوندییـــەکان دەڵێـــت: «ئەگـــەر ئێمـــە بـــۆ پێشـــوازی لـــەوان، لەنێـــو ســـینییەکدا هێندێـــک نـــان و ئـــاو و خـــوێ بـــۆ فەرماندەکانیـــان ببەیـــن، ڕەنگـــە ئێمـــە لەلایـــەن ئەوانـــەوە پارێـــزراو بیـــن».

هەروەهـــا ســـەنار مامـــەدی نووســـیویەتی موختـــاری گونـــد واتـــە عەبـــاس بـــەم شـــێوەیە قســـەکەی درێـــژەی پـــێ دەدات: «کاتێـــک ئێمـــە ئـــەو نـــان و ئـــاو و خوێیەمـــان هەڵگـــرت و بـــەرەو لای لەشـــکری ڕووس وەڕێ کەوتیـــن، بینیـــمان فەرماندەکەیـــان لـــە ئەســـپەکەی دابـــەزی و لەگـــەڵ ئەفســـەرێکی ئازەربایجانـــی بـــەرەو لای ئێمـــە هاتـــن و ســـڵاویان لـــە ئێمـــە کـــرد».

ئـــەوکات موختـــاری گوندیـــش بـــەو ســـینیەی نـــان و ئـــاو و خوێیـــە کـــە لەســـەر دەســـتی بـــووە، دەچێتـــە بـــەردەم فەرماندەکەیـــان و وەک ڕێزگرتـــن خـــۆی نـــەوی دەکات. فەرمانـــدە ڕووســـەکە لـــە موختـــار دەپرســـێ: «ئەمـــە چییـــە و بـــۆ چییـــە؟».

موختاریـــش دەڵێـــت: «ئەگـــەر ئێـــوە ئـــەم پـــارووە نـــان و ئـــاو و خوێیـــە تـــام بکـــەن، ئەمـــە بـــە واتـــای بەســـتنی پەیمانـــی دۆســـتایەتیی ئێـــوە لەگـــەڵ ئێمـــە دەبێـــت».

دوای ئـــەو قســـانەی موختـــاری گوندەکـــە، فەرماندەکـــە پـــاروو نانەکـــە دەخـــوات و بـــە قامکـــی خـــۆی هێندێـــک خـــوێ تـــام دەکات

و هێندێــک ئاویشـــی بەســـەردا دەکات. دواتــر ڕوو بـــە گوندییـــەکان دەڵێــت: «دەوڵەتــی ســۆڤیەت دۆســت و پشــتیوانی هەمــوو نەتــەوە بندەســتەکانە، کــە یەکێــک لــەوان نەتــەوی کــوردە. ئێــوە بــرا و دۆســتی ئێمـــەن».

دوای ئــەو قســانەی فەرمانــدە ڕووســەکە، گوندییەکانیــش چەپلەیــان بــۆ لــێ داوە و بەخێرهاتنیــان کــردووە بــۆ گونــدی حاجــی جەفــان.

## ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزا شا و ئازادبوونی عەمەرخان لە گرتووخانە:

کاتێک هێزەکانی سۆڤیەت لە تاران، ئازەربایجان و زۆر هەرێمی دیکەی باکووری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر دەبن، ئیتر دەسەڵاتی ڕەزا شا لە ١٩٤١/٩/١٦ دەڕووخێ و هێزەکانی ئێران لێک پرش و بڵاو دەبنەوە. لە ئاکامی ئەو ڕووداوە ئاڵۆزییەکی گەورە لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران و بەتایبەتی لە شاری تارانی پایتەخت دروست دەبێت.

ئەو ئاڵۆزییە دەبێتە هۆی لاوازیی دەسەڵات لە تاران و دواتر نزیکەی ١٢ هەزار زیندانی لە گرتووخانەی قەسری تاران بە سەرهەڵدانێکی گشتی، دەرگای گرتووخانەکە دەشکێنن و لەگەڵ نیگابانەکان دەبێتە شەڕیان. لەو شەڕەدا چەند بەندیی کورد و هێندێک نیگابانی گرتووخانەکە دەکوژرێن.

بەندییەکان لەو گرتووخانە مەزن و ترسناکە دەردەکەون و بەو چەکانەی کە لە نیگابانەکانیان ئەستاندبوو، هێرش دەکەنە سەر هێندێک ئیدارەی دەوڵەت. دواتر لەسەر داوای ڕووسەکان، هەموو بەندییە سیاسیەکان بە شێوەیەکی فەرمی ئازاد دەکرێن.

عەمەرخان کە بە حوکمی ئەبەد سزا درابوو، دوای هەشت ساڵ زیندان، کە بە هیوای ئازادبوونی خۆی نەبوو، لە ١٩٤١/٩/١٦ بە هاوکاریی ڕووسەکان لە گرتووخانەی قەسر ئازاد دەکرێت. عەمەرخان دوای ئازادکرانی لەگەڵ هێندێک لە گیراوانی شۆڕشی ئاگری کە لە گرتووخانە پێکەوە بوون، دەگەڕێنەوە سەڵماس و بە پێشوازییەکی گەرم لەلایەن جەمارەوە، ناوبراو لە سەڵماسەوە

دەگەیەندرێتــە گونــدی زندەشــت.

شـایانی باسـە ئازادبوونـی عەمەرخـان، وەک مزگێنییەکـی دڵخۆشـکەر بەنـاو خەڵکـدا بـڵاو بووەتـەوە و تـا چەنـد ڕۆژ خەڵکـی هەرێمەکانـی سـەڵماس و ورمـێ و مەهابـاد سـەردانیان کـردووە.

## چالاکیی هێزەکانی ڕووسیا لەنێو کورد:

ڕووسـەکان لەباتـی پشـتگیری لـە داوا سیاسـییەکانی کـورد، پلانیـان دارشـتووە بـە ئەنجامدانـی هێندێـک کاری کولتـووری بتوانـن سـەرنجی کـوردەکان بـۆ لای خۆیـان ڕابکێشـن و لەڕێـگای ئـەم کارەوە بانـدۆری سیاسـی و پێگـەی خۆیـان لەنێـو کـورددا بەهێـز بکـەن.

بـەو ئامانجـە لەلایـەن دەوڵەتـی سـۆڤیەتەوە ناوەندێـک بـە نێـوی «مـالا ڤۆکـس» (ڕێکخـراوی نێونەتەوەیـی ڕاگەیاندنـی سـۆڤیەت) بـۆ دامەزراندنـی ئەنجومەنـی کولتووریـی کوردسـتان و سـۆڤیەت، ئەرکـدار کـراوە.

سـەرەتا ئـەو ڕێکخـراوە دەسـتی کـردووە بـە بانگهێشـتی هێندێـک کەسـایەتی و ڕۆشـنبیری کـورد، بـۆ بەشـداری لـە کۆبوونـەوەی هاوبـەش لەگەڵیـان، بـۆ ئـەوەی لەسـەر پـلان و چۆنیەتیـی کاروبارەکانـی خۆیـان بۆچوونـی ئەوانیـش بزانـن. ئـەو ناوەنـدە نەتەنیـا هیـچ پلانێکـی خـۆی نەبـووە و لـە بـواری ئەدەبـی و کولتـووری بـە زمانـی کوردیشـەوە هیچـی بـڵاو نەکردووتـەوە، بەڵکـوو زۆر هەڵبەسـت و بەرهەمـی کوردیشـیان وەرگێڕاوەتـەوە سـەر زمانـی ئـازەری و ڕووسـی و دەرخـواردی خەڵکیـان داوەتـەوە. دیـارە ڕووسـەکان ویسـتوویانە لـە ڕێگـەی ئـەو کارەوە سیاسـەتی حیزبـی کۆمۆنیسـت لەنێـو کـورددا بـڵاو بکەنـەوە و نیشـان بـدەن کـە سیاسـەتی سـۆڤیەت وەک سـەردەمی ڕووسـیەی تـزاری نییـە، هەروەهـا هەوڵیـان داوە لـە ڕێگـەی ئـەم کارەوە بتوانـن ڕۆشـنبیرانی کـورد بـۆ لای خۆیـان ڕابکێشـن.

لـەو کاتـەدا کۆمیسـێرە سیاسـییەکان و فەرمانـدە ڕووسـەکان بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی کـوردان دەسـت بـە کۆبوونـەوە و چالاکیـی

بەرفراوانـی کولتـووری و کۆمەڵایەتـی دەکـەن، کاتێـک دەبینـن خەڵکێکـی زۆر سـەردانی عەمەرخـان دەکـەن و شـایی گـەورە لـە زندەشـت ڕێـک دەخـەن، ئەمـە سـەرنجی ڕووسـەکان بـۆ لای خۆیـان ڕادەکێشـێت و ئـەوان تـێ دەگـەن کـە عەمەرخـان لەنێـو جەمـاوەردا کەسـێکی خـاوەن پێگـە و کاریگـەرە. هەربۆیـە ئەوانیـش بـە مەبەسـتی بەهێزکردنـی پێگـەی خۆیـان و سەرنجڕاکێشـانی جەمـاوەر بـۆ پێشخسـتنی پـلان و پـڕۆژە پێوەندیدارەکانیـان سـەبارەت بـە ئازەربایجـان و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دەسـت بـەکار دەبـن.

بـۆ ئـەم مەبەسـتە کادرە سیاسـی و هەواڵگرییـەکان و فەرمانـدە نیزامییەکانـی سـۆڤیەت بـۆ ئـەوەی بـە جەمـاوەری کـورد بسـەلمێنن، کـە سیاسـەتی ئێسـتای سـۆڤیەت جیایـە لـە سیاسـەتی ڕووسـیەی قەیسـەری، هەربۆیـە ئـەوان بـە چالاکـی لـە گوندەکانـی هەرێمـی سـەلماس، ورمـێ، (زندەشـت، حاجـی جەفـان و هۆوەسـن،) فیلـم و نمایشـنامەی جۆراوجۆریـان بـە زمانـی ئـازەری بـۆ چاولێکـردن پێشـانی کـوردەکان داوە.

لـەو کۆبوونـەوە و نمایشـنامانەدا فەرمانـدە نیزامـی و ڕاوێـژکارە سیاسـییەکانی ڕووسـیش ئامـادە دەبـن. ئـەوان بـە مەبەسـتی سـوودوەرگرتن لـە سەرۆکعەشـیرە و کەسـایەتییە خـاوەن پێگـە و کاریگـەرەکان، زۆریـان هـەوڵ داوە بتوانـن سـەرنجی عەمەرخـان بـۆ لای خۆیـان ڕابکێشـن.

## چوونی شاندی کوردان بۆ باکوو:


لــە درێــژەی ئــەو سیاســەتەی ڕووســەکان، دوای دەستنیشــانکردنی هێندێــک کــوردی خــاوەن پێگــە لەلایــەن کاربەدەســتانی ڕووســەوە لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لــە ١٩٤١/١١/٢٥ لەســەر بانگهێشــتی ســەرکۆماری ئازەربایجــان واتــە باقــرۆف، شــاندێکی کــوردان بانــگ دەکەنــە باکــوو. «عەمەرخان»یــش لــە ئاســتی هــەرە بــەرزی ئــەم شــاندەدا بانگهێشــت کرابــوو، بــەڵام عەمەرخــان بــە بیانــووی ئــەوەی تــازە لــە گرتووخانــە ئــازاد کــراوە و کەمێــک نەخۆشــە، وەڵامــی ئــەو بانگهێشــتەی نەداوەتــەوە و خــۆی لــە ڕۆیشــتن بــۆ باکــوو بــواردووە. عەمەرخــان لەجێــی خــۆی قۆتــاز مامــەدی و حەســەنێ هنــارەی وەک شــاندی کــوردان نــاردووە بــۆ باکــوو.

شاندی کوردان بۆ باکوو لەم کەسانە پێک هاتبوون:

«قــازی محەمــەد، ســەرتیپ محەممەدئەمیــن شــکاک، حەســەن تێلــۆ، ڕەشــید بەگــی هەرکــی، نــووری بەگــی بەگــزادە، شــێخ محەممەدســدیق شــەمزینی، تەهــا هەرکــی، محەمــەد ئاغــای وســووق قاســملوو، مووســاخانی زەرزا، قەرەنــی ئاغــای مامــەش، حەمــزە نەڵۆســی، عەلــی ئاغــای دێبوکــری، عەمەرکــوڕی عەلــی ئاغــا، عەبدوڵــڵا مەحمــوود ئاغــا، حاجــی بابەشــێخ و...هتــد».

شــایانی باســە دوای گەڕانــەوەی هەیئەتــی کوردســتان لــە باکــوو، کاتێــک کــە ترۆمبێلەکەیــان لــە «ورمــێ»وە بــەرەو هەرێمــی ســۆما دێــت، لەســەر ڕێــگای گونــدی چــرە، ترۆمبێلــەکان لــە ڕێــگا و وەردەگــەڕێ و لــە ئاکامــدا ســەرتیپ محەممەدئەمیــن گیانــی لەدەســت دەدا.

## بەڵگەی ژمارە: ٥٦



۱۱۳۶

اداره ............

اخراج تلگراف رضائیه

وزارت کشور

رونوشت ............ شماره ............ مورخه ۲۰/۹/۲۶ وزارت/اداره که اصل آن بشماره ............ ثبت شد

کشور استان چهارم با سه دولت که رقابت سیاسی دارند هم‌مرز [illegible] و دارای چهار ملت مختلف
که همیشه باعث آشوب می‌باشند لهذا توجه خاص لازم دارد فعلاً سیاست شوروی برای این است
ملت کرد و آشوری را هم با آزادی کردستان را تأمین نمایند وسایل کار را تهیه کاغذ و چاپ
مسئله صورت عمل بخود گرفته جمعیت کمیته عالی کردستان با اطلاع افسر شوروی تشکیل می‌گردد
ملوکی بواسطه حمایت شورویها مسلک اضطراب مردم روز افزون است سران اکراد
از بادکوبه مراجعت بر بحری و زبان درازی خود افزوده راهزنی را شروع کرده اند فعلاً
با تدابیر عمل السیاسة [illegible] نمیتوانند شعاع عمل فعلاً از ارس تا رواندوز می‌باشد و لهذا تا آخر
مرز استان رفت و آمد دارند مهاباد و سقز را برای عمل اکراد آزاد گذاشته اند اهالی
شهرستانها و دهات که کرد نشین نیستند تحت الشعاع و طرف تنفر و کینه اکراد و آشوری
قرار گرفته اند زحمت این مدت تقلید که منجر به آسایش عموم است و پیشرفت به در
خواهد رفت بنده شخصاً طرفدار [illegible] سیل اکراد هستم چاره عاجل لازم است از مرکز کشوری

دەرهێنانی تەلەگرافی ڕەزاییە (ورمێ)
وەزارەتی ناوخۆ
١٣٢٠/٩/٢٦ی هەتاوی (١٩٤١/١٢/١٧ی زایینی)

پارێزگای چوارەم (ورمێ) هاوسنووری سێ دەوڵەتە، کە ململانێی سیاسییان پێکەوە هەیە و چوار نەتەوەی جیاوازی تێدایە کە هەمیشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوە، هەربۆیە پێویستی بە سەرنجی تایبەتە و جارێ سیاسەتی شۆرەوی (سۆڤیەت) لەسەر ئەوەیە کە نەتەوەکانی کورد و ئاشووری پێکەوە هاوپەیمان بن و ئازادیی کوردستان دەستەبەر بکەن. کەرەستەی کار دابین کراوە و لەسەر کاغەز چاپی مەسەلەکە شێوەی کردەیی بەخۆیەوە گرتووە. کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی باڵای کوردستان بە ئاگاداریی ئەفسەری شۆرەوی دەگەیەندرێن و بەهۆی پشتیوانیی شۆرەوییەکانەوە، پێشگرتنی دژوارە. دڵەڕاوکێی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە و سەرکردەکانی کورد لە (باکوو) گەڕاونەتەوە و بوێرتر و زماندرێژتر لە جاران دەستیان بە ڕێگری کردووە. لە بەرانبەر هەر جووڵەیەکی کردەییدا، خێرا بەرەنگاری دەکەن. پانتایی کردەوەی ئەو دۆخە ئێستا لە ‹‹ئەرەس››ەوە تاکوو ‹‹ڕەواندز››ە، بەڵام تاکوو کۆتاییی سنوور هاتوچوو دەکەن، مەهاباد و سەقزیان بۆ مەیدانی کاری کوردەکان ئازاد کردووە، ئەو شار و گوندانەی کە کوردنشین نین، کەوتوونەتە بەر کینە و ڕقی کورد و ئاشوورییەکان. خەریکە زەحمەتی ئەو ماوە کورتەی کە ئاسایشی تێدا هەبوو و بەرەوپێش دەچوو، بەفیڕۆ دەچێت. بەندە خۆم لایەنی ...؟ کوردەکانم. دەبێ چارەیەکی خێرا بدۆزرێتەوە، لە ڕاپۆرتەکانی...

## بەڵگەی ژمارە: ٥٧

(فوری)

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

رونوشت گزارش شهربانی رضائیه مورخه ۲۰/۱۲/۷ شماره (۱۷)

شهربانی کل – ۶۶۴۶۶ گزارش شماره ۱۲ با کلید رمز شهربانی تجدید میشود تعقیب
معروضه شماره ۶ دو روز قبل شخصا بنا به اطلاع قبلی بعنوان دیدن شیخ عبد اله
فرزند شیخ عبد القادر بمنزل نامبرده رفته مشاهده شد که عمرخان رئیس طائفه
شکاک و پنج نفر از سوما برادوست و قرنی آغا زرزا و موسی بیگ و رشید بیگ که از اکراد
اشنویه میباشند و شیخ محمد قاضی متصدی شهرداری مهاباد و عده ای از اکراد –
سوما برادوست در منزل شیخ عبد اله میباشند قریب ۲ دقیقه با نامبرده مذاکره
شد از این ملاقات و مجموع اطلاعات حاصله چنین استنباط میشود که منظور
شیخ عبد اله از آمدن بکشور شاهنشاهی برای تهیه زمینه اتحاد کُرد بوده و حتی
مایل است بین مسیحیان و اکراد اتحادی نیز ایجاد کنند – پاسیار ۲ جلیلوند –

رونوشت با اصل یکسان است ؛

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۹۳/۱۲/۶۷/۳ می‌باشد.

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی

بەپەلە:

ڕوونووسـی ڕاپۆرتـی شـارەوانیی ورمـێ، ڕێکەوتـی: ١٣٢٠/١٢/٠٧ (١٩٤٢/٠٢/٢٦)

ژمارە: ١٧

شـارەبانیی گشـتی – ٦٦٤٦٦ ڕاپۆرتـی ژمـارە ١٢بـە کلیلـی ڕەمـزی شـارەوانی نـوێ دەکرێتـەوە.

لـە درێـژەی ئـەو بابەتانـەی لـە ڕاپۆرتـی ژمـارە ١٦دا، دوو ڕۆژ لەمەوبـەر و بەبـێ ئاگاداریـی پێشـوەختە، بـە بیانـووی دیتنـی شـێخ عەبدوڵـڵا، کـوڕی شـێخ عەبدولقـادر، سـەردانی ماڵەکەیـم کـرد و دیتـم کـە عەمەرخـان، سـەرۆکی عێلـی شـکاک و قایمقامـی سـۆمای برادۆسـت و قەرەنـی ئاغـای زەرزا و مووسـا بـەگ و ڕەشـید بـەگ، کـە لـە کوردانـی شـنۆن و شـێخ محەمـەد قـازی، بەڕێوەبـەری شـارەوانیی مەهابـاد و ژمارەیـەک لـە کوردانـی سـۆمای برادۆسـت لـەلای شـێخ عەبدوڵـڵان. نزیکـەی٢٠ خولـەک لەگـەڵ ناوبـراو دانیشـتم و لـەم دیـدارە و لـەو زانیارییانـەی دەسـتم کـەوت، وا تێگەیشـتم کـە مەبەسـتی شـێخ عەبدوڵـڵا لـە هاتـن بـۆ وڵاتـی پاشـایەتی، بـوار ڕەخسـاندن بـۆ یەکگرتوویـی کوردەکانـە و تەنانـەت حـەز دەکات لـە نێـوان مەسـیحییەکان و کوردەکانیشـدا هاوپەیمانـی سـاز بـکات.

پاسیار ٢ جەلیلوەند

## بەڵگەی ژمارە: ٥٨

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

( فوری )

رونوشت گزارش شهربانی رضائیه مورخه ۲۰/۱۲/۷ شماره ۱۸

شهربانی کل – ( ٦٦٤٦٤ ) گزارش شماره ۱۳ با کلید رمز شهربانی تجدید میشود
تعقیب معروضه شماره ۲۱ امروز شیخ عبداله فرزند شیخ عبدالقادر در معیت –
عمرخان بخشدار سوما برادوست وشیخ محمد قاضی متصدی شهرداری مهاباد –
وموسی بیک بخشدار اشنویه وقرنی آقا زرزا ورشید بیک اکراد اشنویه وشیخ صدیق
گیلانی فرزند سید طه وعده از اکراد دیگر از رضائیه بطرف مهاباد حرکت واز قراریکه
انتشار دارد برای رفع اختلاف اکراد مهاباد واتحاد دادن بین آنها رفته اند –
پاسیار ۲ جلیلوند –

رونوشت با اصل یکسان است .

IRAN NATIONAL ARCHIVES
سازمان اسناد ملی ایران

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۹۳ / ۱۲/۶۷/۵ می‌باشد.

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی

بەپەلە:

ڕوونووسی ڕاپۆرتی شارەوانی ورمێ، ڕێکەوتی: ١٣٢٠/١٢/٠٧( ١٩٤٢/٠٢/٢٦) ژمارە:١٨

شارەبانیی گشتی (٦٦٤٦٤)، ڕاپۆرتی ژمارە ١٣ بە کلیلی ڕەمزی شارەوانی نوێ دەکرێتەوە.

لە درێژەی بابەتەکانی ڕاپۆرتی ژمارە ١٢دا ئەمڕۆ شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی شێخ عەبدولقادر، هاوڕێ لەگەڵ عەمەرخان، بەخشداری سۆمای برادۆست و شێخ محەمەد قازی، بەڕێوەبەری شارەوانیی مەهاباد و مووسا بەگ، بەخشداری شنۆ و قەرەنی ئاغا و ڕەشید بەگ، لە کوردانی شنۆ و سەدیق گەیلانی، کوڕی سەید تەها و ژمارەیەک کوردی دیکە، لە ڕەزاییە (ورمێ)وە بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتن و وەک باس دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کوردانی مەهاباد و پێکهێنانی یەکگرتوویی لە نێوانیاندا، چوون.

پاسیار ٢ جەلیلوەند

**بەڵگەی ژمارە: ٥٩**

*(١٩٤٢، بەرگی IV، لاپەڕەی ٣٢٠_٣٢١)*

*تەلەگرامی ١٨٦٧/ ٠٠ /٨٩١*

*لــە باڵوێــزی وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئامریــکا لــە تورکیــە (بەڕێــز ســتینهاردت١)*

*بۆ وەزارەتی دەرەوە*

*ئانکارا، ١٩٤٢/٥/٤*

٣٦٢_ باڵوێــزی ئێــران لــە تورکیــە ســەرلەبەیانی ئەمــڕۆ بانگــی کــردووم و ئــاگاداری کردمــەوە کــە: دەوڵەتــی ئێــران بــە جــددی نیگەرانــی ئاژاوەگێڕییەکانــی کوردەکانــە لــە ئازەربایجــان، بەتایبــەت لــە ناوچەکانــی دەروبــەری ورمــێ و گۆلــی ورمــێ، هەرچەنــد ژمارەیەکــی زۆر لــە هێزەکانــی ســۆڤیەت کــە دەڵێــن٢٠ هــەزار کــەس دەبــن و لــە یەکــە میکانیــزەکان پێــک دێــن، ئازەربایجانیــان داگیــر کــردووە، بــەڵام هیــچ هەنگاوێکیــان هەڵنەگرتــووە بــۆ ســەرکوتکردن، یــان کەمکردنــەوەی چالاکیــی ٣ هــەزار کــورد و تەنانــەت ســەربزێوبوونی کوردەکانیشــیان هــان داوە.

ســۆڤیەتییەکان، داخوزایــی بەردەوامــی ئێرانیــان ڕەت کردووتــەوە بــۆ ئــەوەی ســۆڤیەت ڕێگەیــان پــێ بــدات هێزەکانــی خــۆی بنێرێــت بــۆ ئــەم ناوچەیــە بــۆ ئــەوەی کــوردەکان ســەرکوت بکــەن. دەوڵەتــی ئێــران بــەردەوام ئاواتــی ئــەوە بــووە ئــەم ئاژاوەگێڕانــە ســەرکوت بــکات و خۆشــحاڵ دەبێــت هێــزی پێویســت بنێرێــت بــۆ ڕاپەڕاندنــی ئــەم ئامانجــە، ئەگــەر کاربەدەســتانی ســۆڤیەت ڕێگەیــان پــێ بــدەن. دوڵەتــی

ئێــران بەدگومانــە لــە هەمبــەر هاندانەکانــی هێــزە داگیرکەرەکانــی ســۆڤیەت، چونکــە ئــەم هێزانــە کــردەوەی پێویســت دژی کــوردەکان ئەنجــام نــادەن.

باڵوێــزی ئێــران وتــی هاندانــی دەوڵەتــی ســۆڤیەت بــۆ ئــەوەی ڕێگــە نــادات هێزەکانــی ئێــران بچنــە ناوچــە و خۆیشــی هیــچ کارێــک لــەم پێوەندییــەدا ئەنجــام نــادات، ئەوەیــە کــە دەوڵەتــی تورکیــە چاوترسێن بــکات کــە ئەگــەر تورکیــە لــە داهاتــوودا مــل بــە داواکارییەکانــی ســۆڤیەت نــەدات، ئــەم ئاژاوەیــە لەنێــو کوردەکانــی تورکیــەش پــەرە پــێ بــدات.

باڵوێــزی ئێــران وتــی لــە زمانــی زاوای کونســوولی ئێرانــەوە لــە شــاری «کۆبیشــێڤ٢» بیســتوویەتی کــە ســتالین دوو حەفتــە لەمەوبــەر لـــە مۆســـکۆ باڵوێـــزی ئێرانـــی بانـــگ کـــردووە تـــا لەســـەر پرســـە پێوەندیــدارەکان پێکــەوە گفتگــۆ بکــەن٣.

ستینهاردت

٣ ئەم ڕاپۆرتە نێردراوە بۆ تاران و کۆبیشیڤ

**بەڵگەی ژمارە: ٦٠**

*(١٩٤٢، بەرگی IV، لاپەڕەی ٣٢١_٣٢٢)*
*تەلەگرامـــی ١٨٦٢/ ٠٠ /٨٩١ لـــە وەزارەتـــی دەرەوە بـــۆ باڵوێـــزی وڵاتـــە یەکگرتووەکانـــی ئامریـــکا لـــە یەکیەتیـــی ســـۆڤیەت (بەڕێـــز ســـتاندبای١)*
*واشنگتۆن، ٦/٥/ ١٩٤٢، کاتژمێر ١١ی پاشنیوەڕۆ*

٢٠٣_ باڵوێزخانـەی ئێمـە لـە تـاران ڕاپۆرتـی داوە کـە چالاکییەکانـی عەشـــیرەتە کـــوردە ســـەربزێوبووەکان لـــە ناوچـــەی ڕەزائیـــە لـــە ئازەربایجـان، بارودۆخێکـی زۆر جـددی دروسـت کـردووە کـە دەوڵەتـی ئێـران ناتوانێـت کۆنترۆڵـی بـکات، لەبـەر ئـەوەی سـۆڤیەت ناهێڵێـت ســەربازانی ئێــران بگەڕێنــەوە بــۆ ئــەو ناوچەیــە. دەوڵەتــی ئێــران ناڕەزایـــی خـــۆی لـــە ســـۆڤیەت دەربڕیـــوە و داوای لـــێ کـــردووە بـــە گوێـرەی ڕۆحـی پەیماننامـەی هاوپەیمانـی بریتانیـا _ ڕووسـیە _ ئێـران لەگـەڵ ئێــران هــاوکاری بــکات.

شـا هیـوای دەربڕیـوە کـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکا پشـتیوانی لـە هەڵوێسـتی ئێـران بـکات. ئەگـەر ئێـوە پێتـان بـاش بێـت، زەحمـەت نەبێـــت هـــەوڵ بـــدەن لـــە کاتـــی گونجـــاودا نیگەرانیـــی دەوڵەتـــی ئێمـە لەبـارەی ئـەو بێسـەرەوبەرییەی کـە ئەمدواییانـە لـە باکـووری کوردسـتان زاڵ بـووە، لەگـەڵ کاربەدەسـتانی سـۆڤیەت بخەنـە بەربـاس.

لـە کاتـی گفتوگـۆ لەگـەڵ کاربەدەسـتانی سـۆڤیەت، دەتوانـن ئـەم هۆکارانـــەی خـــوارەوە کـــە مایـــەی نیگەرانیبوونـــی دەوڵەتـــی ئێمەیـــە، بـــاس بکـــەن:

١_ هــەروەک دەوڵەتــی ســۆڤیەت بێگومــان ئــاگادارە، ئاژانســە پڕوپاگەندەکانــی دەوڵەتــە هاوپەیمانــەکان ســەرمایەگوزارییەکی زۆریــان لەســەر ڕاپەڕینەکانــی کــوردەکان کــردووە و دەڵێــن ڕووســەکان کــوردەکان هــان دەدەن وەک بەشــێک لــە بەرنامەکەیــان بــۆ لکاندنــی ئــەو ناوچەیــە (بــە ســۆڤیەت) کــە ئێســتا هێزەکانــی ســۆڤیەت داگیریــان کــردووە. ئــەم پڕوپاگەندانــە کــە بەتایبــەت لــە تورکیــە و عێــراق، هەروەهــا ئێــران دەکرێــت، لەوانەیــە دەنگدانەوەیەکــی زۆر خراپــی لەســەر پێگــەی وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئامریــکا لــەم ناوچەیــەی زۆر زۆر گرینگــە، هەبێــت.

٢_ ژیانــی هاووڵاتییانــی ئەمریــکا و مــاڵ و داراییــان لــە مەترســیدایە. هاوســەری هەواڵنێرێکــی ئەمریکایــی لــە دەوربــەری تەورێــز بەدەســتی کــوردەکان کــوژراوە.

٣_ جارێکیــان ڕادیــۆی هاوپەیمانــان (AXIS) وتــی هێزەکانــی ڕەشــید عالــی گەیلانــی، ڕێبــەری ڕاپەڕینــی عێــراق بــە کوردەکانــی ئێرانــەوە پەیوەســت بــوون. لــە کاتێکــدا کــە لەوانەیــە ئــەم هەواڵــە ڕاســت نەبێــت، بــەڵام نیشــان دەدات کــە ڕاپەڕینــی کــورد دەرفەتێکــی ناڕاســتەوخۆیە کــە دوژمــن دەتوانێــت کەڵکــی لــێ وەربگرێــت و تەنانــەت لەوانەیــە کۆمەڵێــک کێشــە و گیروگرفــت بــۆ گەیشــتنی پێداویســتیی ڕووســەکان لــە ڕێــگای ئێرانــەوە دروســت بــکات.

کــە وابــوو بــە گوێــرەی ئــەو هۆکارانــە کــە بــاس کــرا، دەوڵەتــی وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئامریــکا هیــوادارە دەوڵەتــی ســۆڤیەت ئــەم هەنگاوانــە هەڵبگریــت، چونکــە ئــەم هەنگاوانــە پێویســتە بــۆ ئــەوەی کاربەدەســتە بەرپرســیارەکان بتوانــن یاســا و نــەزم بپارێــزن بــۆ ئــەوەی کۆتایــی بــەم پشــێوی و بێســەرەوبەرەییە بێنــن.

دەوڵەتــی ئێــران ئــاگاداری ئــەم پێوەندیگرتنــەی ئێمــە نییــە و


ئێـوە نابـێ بـە دەوڵەتـی سـۆڤیەت بڵێـن ئێـران داوای دەسـتێوەردانی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکای کـردووە. بـۆ ئاگاداریـی خۆتـان، کاربەدەسـتانی خۆجێیـی سـۆڤیەت و کاربەدەسـتانی ئێـران لـە ئازەربایجـان چەنـد ڕۆژ لەمەوبـەر لەگـەڵ ڕێبـەری کـوردەکان دیداریـان کـردووە و پـێ دەچێـت داواکارییەکانـی کـوردەکان گوازرابێتـەوە بـۆ تـاران و بـۆ کاربەدەسـتە پێوەندیدارەکانـی ڕووسـیە.

زەحمـەت نەبێـت وەزارەتـی دەرەوە لـە پێشـهاتەکان ئـاگادار بکەنـەوە.

## بەڵگەی ژمارە: ٦١

سەرنج: ئەم بەڵگەیە ٢١ لاپەڕەیە، تەنیا وێنەی دوو لاپەڕە دانراوە، بەڵام ناوەرۆکی هەموو بەڵگەکان بەتەواوی نووسراوەتەوە

وەزارەتی ناوخۆ



وزارت کشور

اداره کل شهربانی

بکلی محرمانه و مستقیم

رونوشت گزارش تقدیمی به تیمسار معظم وزیر جنگ مورخه ۱۳۲۱/۲/۱۹ شماره ۱۴۳

مقام مقدس تیمسار معظم وزیر جنگ

با نهایت احترام بعرض مبارک میرساند. در اینموقع که حضرت اشرف بمنظور رفع تعدی از غارت زدگان و بینوایان رضائیه و شاهپور که دستخوش تعدی اکراد واقع شده اند بمرکز استان ۴ تشریف فرما شده و دویست هزار افراد حومه رضائیه و شاهپور را که در حال ناامیدی بشهرهای معروضه پناهنده شده اند بقدوم مبارک مفتخر و امیدوار بمساعدت اولیای دولت شاهنشاهی فرموده اند علاوه بر وظایف اداری فریضه ملی خود میدانم که بدون هیچگونه ملاحظه مشاهدات و اطلاعات خود را بعرض مبارک رسانیده تا در ظل عنایت ویژه حضرت اشرف و توجهات اولیای دولت شاهنشاهی چاره برفع بدبختی و بیچارگی و بیخانمانی دویست هزار مردم غارت زده رضائیه و شاهپور بشود.

(الف) وضعیت عمومی قبل از غائله فعلی اکراد

۱ـ پس از حوادث شهریورماه ۱۳۲۰ که قسمتی از اسلحه ارتش شاهنشاهی بدست اکراد و اوباش این استان افتاد بازار خودسری در این استان رواجی پیدا کرده و بویژه در میان اکراد تحریکات بیگانگان شدت پیدا نموده و کار را بمرحله غائله امروزه رسانید.

۲ـ پیدایش کمیته ها و انجمنهای سری که پس از حوادث شهریورماه ۱۳۲۰ در این استان ظاهر شد بیشتر بواسطه سوء سیاست مامورین محلی بوده که در نتیجه ترورها و آدمکشی های متوالی در دیماه ۱۳۲۰ در شهر رضائیه واقع گردید

ل

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

رونوشت —۱٦—

مورخه

شماره

۱ــ در تمام نقاط کرد نشین از خوی تا مهاباد پاسگاه امنیه جمع آوری شوند

۲ــ اسلحه اکراد در دست خودشان باقی باشد

۳ــ اسلحه عجم ها را مامورین ارتش سرخ جمع آوری

٤ــ یکنفر نماینده در تمام ادارات دولتی داشته باشند .

٥ــ بآنها آزادی سیاسی داده شود که در امور ملی خود آزاد باشند

٦ــ در نقاط کرد نشین آموزشگاههائی بهزینه دولت تاسیس و زبان کردی تدریس نمایند

۷ــ دهات محال ترگور و مرگور و دشت و برادوست متعلق بخود دانسته و تقاضای تملك آنها را نمودند

۸ــ قریب بیست نفر از اکراد که در شهربانی بازداشت میباشند مرخص کردند از طرف سرهنگ ارتش سرخ جواب داده شد که بجز موضوع اجازه حمل اسلحه و نگاهداری تفنگ نزد آنها برای سایر موضوعات وسیله سفارت دولت شوروی در نزد دولت ایران اقدام خواهد شد و دستور تفرقه آنها را دادند و آنها هم قول دادند که متفرق شده و اگر اموال غارتی نزد اشخاصی باشد بصاحبانش مسترد دارند و پس از مذاکرات بالا فدوی و مامورین شوری از دهستان سنگر رضائیه مراجعت نمودیم ثانیا در ساعت ۲ مورخه ۱۱ ماه جاری باتفاق سرهنگ معاون فرماندهی نیروی ارتش سرخ در تبریز و عین علی اف مدعی العموم و جعفر آقا ستوان یك افسر ارتش سرخ که بزبان کردی آشنا میباشد به دهستان کوی تپه محال باراندوز چای ٦ کیلومتری رضائیه رفته با روسا و بیك زادگان هرکی و روسای

x

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی

ڕوونووســی ڕاپۆرتــی پێشــکەش بــە تیمســاری گــەورەی وەزیــری شــەڕ

ڕێکــەوت: ١٣٢١/٢/١٩ی هەتــاوی ( ١٩٤٢/٥/٩ی زایینــی) - ژمــارە: ١٤٣

لەگــەڵ ئەوپــەڕی ڕێــزدا پێتــان ڕادەگەیەنیــن، لــەم کاتــەدا کــە جەنابــی ئــەشرەف بــە مەبەســتی لابردنــی ســتەم لەســەر تاڵانکــراوان و هەژارەکانــی ڕەزاییــە (ورمــێ) و شــاهپوور (ســەڵماس) کــە بەهــۆی بەشــێک لــە کوردەکانــەوە تووشــی دەســتدرێژی بوونەتــەوە، بــۆ ناوەنــدی پارێــزگای چــوارەم تەشریفیــان هێنــاوە و دووســەد هــەزار کــەس لــە خەڵکــی ورمــێ و ســەڵماس کــە لــە حاڵەتــی بــێ هیواییــدا بــۆ شــارەکانی دەوروبــەر پەنابــەر بــوون و بــە تەشریفهێنانــی ئــەشرەف و بەهاناوەهاتنیــان لەلایــەن کۆشــکی شاهەنشــاوە هیــوادار و ســەرفراز بــوون. ئێمــەش ســەرەڕای کاروبــاری ئیــداری، بــە ئەرکــی نەتەوەیــی خۆمانــی دەزانیــن کــە بەبــێ هیــچ چەشــنە تێبینییــەک ســەرنج و زانیاریــی خۆمــان بــە خزمــەت جەنابتــان بگەیەنیــن تاکــوو وێــڕای گەورەیــی و بەهاناوەهاتنــی تایبەتیــی ئــەشرەف و ســەرنجپێدانی کاربەدەســتە گەورەکانــی دەوڵەتــی شاهەنشــاهی، چارەیــەک بــۆ لابردنــی ئــەو ڕۆژڕەشــی و بــێ چارەیــی و بــێ ســەرپەناییەی ٢٠٠ هــەزار کــەس لــە خەڵکــی تاڵانکــراوی ورمــێ و ســەڵماس بکرێــت.

ئەلف: بارودۆخی گشتیی پێش لە تاڵانکاریی ئێستای کوردەکان:

١- لــە دوای ڕووداوەکانــی مانگــی خەرمانانــی ســاڵی ١٣٢٠ی هەتــاوی، کــە بەشــێک لــە چەکەکانــی ســوپای شاهەنشــاهی کەوتــە دەســتی کــوردەکان و ئاژاوەگێڕانــی ئــەو پارێزگایــە، ئیــتر بــازاڕی کەسبەکەســی

لــەو پارێزگایــەدا پــەرەی ســەندووە، بەتایبــەت لەنێــو کــوردەکان و دنەدانــی بێگانــە و بیانییــەکان پــەرەی ســەندووە و کارەکەیــان بــەو ڕۆژە گەیانــدووە.

٢_ ســەرهەڵدانی کۆمیتــە و ڕێکخــراوە نهێنییــەکان کــە دوای ڕووداوەکانــی خەرمانانــی ســاڵی١٣٢٠، لــەو پارێزگایــەدا ئاشــکرا دەبــن، زۆرتــر بەهــۆی ناکارامەیــی کاربەدەســتە خۆجێیــەکان بــووە کــە لــە ئاکامــی بەردەوامیــی تیــرۆر و مرۆڤکوژییەکانــی مانگــی بەفرانبــاری ســاڵی١٣٢٠ی هەتــاوی، لــە شــاری ورمــێ ڕوویــان داوە. کوردەکانیــش بەرەبــەرە بــە کەڵکوەرگرتــن لــەو هەلومەرجــەی کەلــە ئاڵۆزییەکانــی نەتــەوە جیاجیاکانــدا هاتووەتــە پێــش، بەشــدارییان کــردووە و تەنانــەت لــەو کۆمیتــە و حیزبانــەی کــە بەنــاوی تــوودەوە لــەم پارێزگایــەدا پێــک هاتــوون، لــە ڕێــگای ئاشــوورییەکان و ئەندامانــی حیزبــە ســەرەڕۆکانەوە پێوەندیــی خۆیــان لەگــەڵ بێگانەکانــدا پتــەو کــردووە و لــەو شــوێنانەی کــە نزیــک بــە بێگانەکانەوەیــە، خۆیــان پێــش حیزبەکانــی دیکــە خســتووە و لــە بەرژەوەندیــی خۆیــان کەڵکیــان وەرگرتــووە. بــە جۆرێــک کــە ئێســتا بێگانــەکان پشــتگیری لــە شــەڕ و ئاژاوەنانــەوە بێبەزەیيانەکانــی ئــەوان دەکــەن و وایــان کــردووە نزیکــەی ٢٠٠ هــەزار لــە ڕەعییەتــە دامــاوە زەحمەتکێشــەکان لــە ورمــێ و شــاهپوور (ســەڵماس) لەژێــر زەبروزەنگــی بێبەزەیيانــەی ئەوانــدا بــە هەمــوو جۆرێــک بچەوسێندرێنەوە و ماڵەکانــی خۆیــان بەجــێ بهێڵــن و ڕوو لــە چۆڵەوانییــەکان بکــەن.

٣- لــە دوای ســەفەری بەشــێک لــە ســەرۆکە کوردەکانــی پارێــزگای چــوار (پارێــزگای ورمــێ) بــۆ وڵاتــی بێگانــە و شــارەزابوون لــە بارودۆخــی گشــتیی ئــەو وڵاتــەی کــە ســەفەریان بــۆ کردبــوو، لــە دوای گەڕانەوەیــان

لـەو وڵاتـە بێگانەیـە و ئـەو خۆپیشـاندان و مانۆڕانـەی کـە ئـەوان لەبەرچـاوی جەمـاوەری کـوردەکان بەڕێوەیـان دەبـرد، بەسـتێنێکی بـۆ ئـەم ئاڵۆزییـە پێکهێنابـوو و ئـەوان چاوەڕێـی هەلێکـی باشـیان دەکـرد بـۆ جێبەجێکردنـی، کـە بەداخـەوە لـە مـاوەی ڕابـردوودا ئـەم هەلـە کەوتـە بەردەسـتیان و لەکاتـی خۆیـدا خسـتیانە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

٤- لـە سـەرەتای مانگـی ڕێبەندانـی١٣٢٠ی هەتـاوی، سـید عەبدوڵـڵا کـوڕی شـێخ عەبدولقـادر لەڕێگـەی سـنووری خانێیـەوە هاتووەتـە ڕەزاییـە (ورمـێ) و بـەو سـەردانانەی کـە بـۆ مەهابـاد و شـنۆی کـرد، هەمـوو کوردەکانـی سـۆما، برادۆسـت، هەرکـی، بەگـزادەی مرگـەوەڕ، دەشـت، ترگـەوەڕ و کوردەکانـی شـنۆ و مەهابـاد تاکـوو بانـە و سـەقزی یەکگرتـوو کـردووە و ویسـتوویەتی بـە هاوکاریـی قـازی محەمـەدی مەهابـادی، هـەر جـۆرە دوژمنایەتییەکـی ڕابـردوو لەنێوانیانـدا چارەسـەر بکرێـت و ئەوانـە پێکـەوە بـۆ مەبەسـتێکی یەکگرتوانـە سـوێند بـدات و ئامادەیـان بـکات. لەوانەیـە ئامادەکاریـی ئـەو بەسـتێنەیان بـۆ بارودۆخێکـی لەبارتـر پێـک هێنابێـت، کەچـی بەهـۆی ناکارامەیـی سیاسـیی کاربەدەسـتە خۆجێییـەکان، دۆخەکـە بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانیـی سـەید عەبدوڵـڵا و قـازی محەمـەد و لایەنگرەکانیـان، زووتـر ڕووی دا.

(ب) – ئـەو هۆکارانـەی بوونـە هـۆی سـەرهەڵدانی ئاژاوەنانـەوەی ئێسـتای کـوردەکان:

١- ئەو هۆکارە چوار خاڵییەی لە بەشی ئەلفدا هاتووە

٢- پشتیوانیی ڕاشکاوانەی بێگانەکان لە کوردەکان

٣- ڕاگەیاندنـی قەدەغـەی هەڵگرتنـی چـەک لـە ڕەزاییـە (ورمـێ) لەلایـەن فەرمانـداری ڕەزاییـە (ورمـێ)وە کـە بەهـۆی پێداگریـی

سـەرهەنگ هاشـمی و ناڕەزایـی کـوردەکان لـە شـێوەی کار و کـرداری مەئمـووورە ئەمنییەتییـەکان لـە کاتـی وەرگرتنـەوەی چـەک لەنێـو شـاری ڕەزاییـە (ورمـێ)دا، کاردانـەوەی لـێ کەوتـەوە و ئاژاوەگێڕانـی ناوخۆیـی و دەرەکیـی بڕیـاری قەدەغـەی هەڵگرتنـی چەکیـان لەنـاو شـار وەکـوو هەوڵـی داماڵینـی چـەک لـە دەرەوەی شـارەکان بـڵاو کردبـووەوە و کوردەکانیـان پـاڵ پێـوە نـاوە بـۆ ئـەم شـەڕەنگێزییەی هەنووکـە (لـە حاڵێکـدا کـە بەپێـی شـارەزاییم لـە ڕۆحییـەی کـوردەکان لـە سـەرەتای دەرکردنـی ئـەم ڕاگەیەنـدراوەدا، ئـەو کارەم بـە بـاش نەزانـی و ئەمەشـم بـە بیـری جەنابـی فەرمانـداری ڕەزاییـە (ورمـێ) و سـەرۆکی ناوچـەی ٢ هێنایـەوە، بـەڵام گرینگییـان پـێ نـەدا).

٤- وتەکانـی سـەرهەنگ هاشـمی بـۆ سـەرۆکە کوردەکانـی سـۆما و برادۆسـت کـە خۆیـان لـە کڕینـی چـەک ببوێـرن و ئـەو هۆشـدارییەی کـە لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا چەکەکانیـان کـۆ دەکرێنـەوە.

٥- دانانـــی بازگـــەی ئەمنـــی لـــە ڕێـــگای شـــاهپوور (ســـەڵماس) و ڕێگـــەی مەهابـــاد، بەبـــێ ئـــەوەی پێشـــتر خوێندنەوەیـــەک بـــۆ بارودۆخـــی خۆجێیـــی ئـــەو شـــوێنانە بکرێـــت و ئەوجـــا بـــە پێدانـــی ڕێنوێنـــی پێویســـت بـــە بازگـــەکان بـــۆ ڕاگرتنـــی هاوســـەنگیی سیاســـەتی ناوچەیـــی و لەبەرچاوگرتنـــی بارودۆخـــی کـــوردە چەکـــدارە ســـەرەڕۆکان و پشتگوێخســـتنی دوورەدیمـــەن و بارودۆخـــی ئـــەو ناوچەیـــەی کـــە کـــوردە چەکـــدارەکان بوونەتـــە ئەڵقـــە بەگوێـــی بیانییـــەکان. چونکـــە پێـــش دروســـتکردنی بازگـــە، دەستبەســـەرکردنی ســـەرۆکی کـــوردەکان لـــە ئەولەوییەتـــی کاردا بـــووە و لانیکـــەم لـــە ڕێـــگای ئوســـوولییەوە دەکـــرا بەشـــێک لـــە کـــوردەکان بـــە هاوکاریـــی هێـــزە ئەمنییـــەکان بەشـــێک لـــە ڕێگاکانیـــان پـــێ بســـپێرن و ئەگـــەر پێویســـتیش بـــکات ڕێـــکاری تریشـــیان

دەگرتەبەر و دواتر هەوڵی دروستکردنی بازگەیان دەدا.

بەهۆی ئەوەی کوردە پرچەک و تەیارەکان لەژێر فەرمانی بێگانەکاندان، دەبوایە بەرلە دامەزراندنی بازگە، لە ڕێگەیەکی گونجاوەوە کار بۆ ڕاکێشانی سەرۆک کوردە خۆجێییەکان کرابا و بە هێنانی بەشێک لە کوردەکان بۆ نێو هێزی ئەمنی، کۆنترۆڵی بەشێک لە ڕێگاکانیان پێ ئەسپێردرابا و لە ئەگەری پێویستدا ڕێوشوێنی پێویست وەپێش گیرابا و ئەوکات هەنگاو بۆ دامەزرانی بازگە هەڵگیرابا.

٦- بەهۆی ئەوەی کە ئەو شوێنە دەستبەسەرداگیراوانەی پارێزگای چوار کە لە لەسەر سنووری تورکیە هەڵکەوتوون، لەوانەیە دامەزراندنی بازگە لەلایەن ئەفسەرەکانی ئەرتەشی سوورەوە جێگای تێبینی و گومان بێت. هەربۆیە ئەگەر بنکەکان بە هێزی هاوبەشی کورد و عەجەم پڕ کرابانەوە، بەو بۆنەوە کە ئەرتەشی سوور باوەڕیان بە کوردەکان هەیە، هیچ تێگەیشتنێکی هەڵە دروست نەدەبوو و لە لایەکیتریشەوە کوردەکان ڕازی دەبوون و بە بۆچوونی من کێشەیەک بۆ دامەزراندنی بنکەکان لەلایەن بیانییەکانەوە پێش نەدەهات.

٧- هەروەها هاندانی عەجەمەکان بۆ هاوکاریی بازگە لەدژی کوردەکان بووەتە هۆی هەڵەتێگەیشتنێک لە نێوان کوردەکاندا و وای کردووە ئەوان دەست بۆ دوژمنایەتی بەرن.

٨- هەڕەشە لە کامیل بەگی بەگزادە و کوردەکانی دیکەی ورمێ و شاهپوور (سەڵماس)یش بووەتە هۆی پشێوی و پێشهاتەکانی ئەم دواییە.

٩- دوای دروستکردنی بازگەی ڕەشکان و بالانیش لەسەر ڕێگای

ورمـێ - مەهابـاد کـە لـە ڕۆژانـی سـەرەتای دامەزراندنـی بازگەکـەوە، پێنـج کـەس لـە کوردەکانـی سـەر بـە شـێخ جـەلال دەربەنـدی لەلایـەن هێزەکانـی سـەر بـە بازگەکانـەوە ڕاوەدوو نـران کـە لـە نزیـک «زەرکئـاوا» بـووە هـۆی کوژرانـی سـێ کـەس و برینداربوونـی کوردێکـی دیکـە، ئـەم کردەوەیـە و بەدوادانەچوونـی ئـەم باسـە بـووە هـۆی وروژاندنـی بیـروڕای گشـتیی کـوردەکان، ئـەم باسـە بـووە هـۆی بانگەشـە لـە نێـوان کـوردەکان و هـەوڵ بـۆ کۆبوونـەوە و هێـرش کردنەسـەر بازگـەکان و ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتا.

نەبوونـی بەدواداچوونـی ئـەو ڕووداوە، لـە بنەڕەتـدا بووەتـە هـۆی دنەدانـی بیـروڕای کـوردەکان و ئەمـەش ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ پڕۆپاگەنـدەی زیاتـر لەنێـو کـوردەکان و هێرشـیان بـۆ سـەر بازگەکـە و ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـە.

(ج) شێواز و دەستپێکی ئاژاوەنانەوە

١- لـە ڕێکەوتـی چـواری ئـەم مانگـەدا نزیکـەی ١٥٠ کـەس لـە کـوردە چەکدارەکانـی ژێـر فەرمانـی نـووری بـەگ و ڕەشـید بـەگ و ئەسـعەد و کامیـل بـەگ لـە بەگزادەکانـی مەحاڵـی مرگـەوەڕ و دەشـت و ترگـەوەڕ لـە (دهسـتان)دان، هەروەهـا لـە تێزخـراپ و گەژێـن کـە لـە هەشـت کیلۆمەتـری ورمـێ و لـە نزیـک ڕەوزە چـای (روضـە چـای)دان و هەڕەشـەیان دروسـت دەکـرد، لـە ڕێگاکانـی شـاهپوور (سـەڵماس)، هەروەهـا لـە گونـدە تورکنشـینەکان بـە بانگەشـە بەشـێک لـە کوردەکانـی سـۆمای برادۆسـتیان لـە گوندەکانـی (ڕەوزە و نازلـو چـای) یـان لەگـەڵ خۆیـان ڕێـک خسـت و دەسـتیان بـە ئاژاوەنانـەوە کـرد.

٢- لـە ڕێکەوتـی پێنجـی ئـەم مانگـەدا نزیکـەی ١٤٠ کـەس لـە کوردەکانـی گوندەکانـی دەشـت، ترگـەوەڕ و مرگـەوەڕ کـە سـەرۆکیان

زێـرۆ بـەگ و محەمـەد حوسـێن و مەجیـد و میـر سـوڵتان کوڕەکانـی کەریـم هەرکـی بـوون، کـە لـە گوندەکانـی ناوچـەی مینولـو و گونـد و شـوێنەکانیتری «باراندوزچـی» لـە نزیکـەی بازگـەی ئەمنیـی بالانیـش و ڕەشـکان لەسـەر ڕێـگای مەهابـاد جێگیـر بـوون و لـە گونـدە عەجەمەکانـەوە دەسـتیان کـردووە بـە کۆکردنـەوەی چەکەکانیـان و لێـدان و ئازاریـان، هەروەهـا لـە گوندەکانـی شـنۆ و گونـدە کوردنشـینەکانی دەوروبـەری نەغـەدە و لەنێـو خێڵەکانـی مامـش هەواڵیـان هێنـاوە کـە کوردەکانـی ئـەو دەڤـەرەش بـە یارمەتیـی ئەوانـەوە هاتـوون و بازگـە ئەمنییەکانیـان لـە چـەک داماڵیـوە، هەروەهـا گونـدە عەجەمنشـینەکانیان تـاڵان کـردووە و ژمارەیـەک لـە مەسـیحییە ئاشـوورییەکان کـە سـەرکردەکانیان باباجـان و داوود براکـەی واتـە یەپـرەم چوونەتـە پـاڵ کـوردەکان و لـەو ئوپەراسـیۆنەدا یارمەتیـی کوردەکانیـان داوە.

٣- لـە ڕێکەوتـی شـەش هەتـا دوازدەی ئـەم مانگـە کوردەکانـی سـۆما و برادۆسـت کـە لەلایـەن سـەرتیپ عەبـاس – حەسـەن هنـارە – حەسـەن تێلـو – قۆتـاز مامـەدی و عەمەرخانـی شـکاک و هەتـا دوایـی سـەرکردایەتی کـراون، لـە ناوچـەی کارێـزی ئەنـزەل و کۆمەڵێـک گونـدی دیکـە وەکـوو خانەقـا و گەڕەکەکانـی ڕەوزە نزیکـەی ٥٠٠ سـوار و پیـادە کـۆ بوونەتـەوە و بازگـە ئەمنییەکانـی ورمـێ بـۆ شـاهپوور (سـەڵماس) و گوندەکانـی ئەنـزەل و ڕەوزەچایـان خسـتووەتە بـەر هەڕەشـە، هەروەهـا ژمارەیـەک لـە کوردەکانـی سـۆما و برادۆسـت لـە نزیـک شـاهپوور (سـەڵماس) هەڕەشـەیان لـە بازگەکانـی نزیـک ئـەو شـارە کـردووە.

٤- کوردەکانـی نزیـک شـنۆ و تالـش، هەروەهـا کوردەکانـی لای

سـڵدووز کـە لەلایـەن «حەمزوڵـڵای ئامـۆزای قەرەنـی ئاغـای مامـش و قەرەنـی ئاغـای زەرزا و مووسـا و شـێخ جـەلال دەربەندی»یـەوە سـەرکردایەتی کـراون، نزیکـەی ٥٠٠ کـەس کـە لـە باراندوزچـای کـۆ بوونەتـەوە و هەڕەشـەیان لـە بنکـە ئەمنییـەکان کـردووە و دەسـتیان کـردووە بـە دزی و تـالان و ڕاوڕووتـی خەڵـک.

٥- بەهەرحـاڵ کۆبوونـەوەی کـوردە چەکـدارەکان لـە ناوچـەی باراندوزچـای – نازلـوو- ڕەوزەچـای و بەکشـلوچای و ئەنـزەل کـە زیاتـر لـە هـەزار و ٥٠٠ کـەس سـوارە نیـزام و پیـادە نیـزام بـوون، ئـەو ژمارەیـە بەرەبـەرە تـا سـێزدەی ئـەم مانگـە بـۆ دوو تـا دوو هـەزار و ٥٠٠ کـەس هەڵکشـاوە و لـە «باراندووزچـای» کـۆ بوونەوتـەوە کـە بـۆ خـۆم نزیکـەی هـەزار و ٥٠٠ کـەس لەوانـم لـە نزیـک «گوێکتەپـە و کارێـز و خانەقـا» بینیـوە.

هێرش بۆ سەر بنکەکان و ئاژاوەگێڕیی کوردەکان:

١_ لـە کاتژمێـر ٩ی ڕۆژی پێنجـی ئـەم مانگـەوە کـوردە «هەرکی»یـەکان کـە لەلایـەن «زێـرۆ بـەگ» و کوڕەکانـی «کەریـم هەرکی»یـەوە سـەرکردایەتی کـراون و بـە یارمەتیـی باباجـان و یەپـرەم و ژمارەیەکـی دیکـە لـە مەسـیحییەکان هێرشـیان کردووەتـە سـەر بازگـەی بالانیـش لـە ٢٤ کیلۆمەتریـی شـاری ورمـێ و لـەو نـاوەدا ژمارەیـەک لـەو عەجەمانـەی کـە لـە گوندەکانـی دەوروپشـتەوە هاتبوونـە یارمەتیـی بازگەکـەوە لـەدژی کـوردەکان دەسـتیان کردبـوو بـە شـەڕ و لـەو نـاوەدا لـە کـوردەکان و مەسـیحییەکان کـوژراو و برینداریـان دەبێـت و لـە هێـزە ئەمنییـەکان و عەجەمەکانیـش یـەک کـەس برینـدار دەبێـت. سـەرگورد کەمـاڵ هـاوڕێ لەگـەڵ ٣٠ کـەس لـە هێـزی ئەمنـی

لـە هەمـان ڕێکەوتـدا بـۆ پشـتگیریی بنکەکـە و پێشـگرتن لـە هێرشـی کـوردەکان دەنێردرێـن، هێـزە ئەمنییەکانـی بنکـەی ڕشـکانیش کـۆ دەکرێنـەوە و بـۆ بنکـەی بالانیـش دەگوازرێنـەوە. بەهـۆی ئـەوەی کـە بازگـەی بالانیـش بـۆ بەرگریکـردن شـوێنێکی گونجـاو نەبـووە، هێـزە ئەمنییـەکان دەسـت بەسـەر گونـدی «پولادلووو»شـدا دەگـرن کـە لـە شـوێنێکی سـتراتیژی و لـە نزیـک بالانیـش بـووە و دەسـت دەدەنـە پێشـگیری و بەرپەرچدانـەوەی کـوردەکان. لـەو نـاوەدا ٤٠ کـەس لـە هێـزی ئەمنـی لـە ڕێکەوتـی شەشـی ئـەم مانگـەوە بـۆ پشـتیوانی ئـەم بنکەیـە دەچنـە بنکـەی ناوبـراو، شـەڕ و پێکـدادان تـا حەوتـی ئـەم مانگـە درێـژە دەکێشـێت و لـە هەمـوو لایەکـەوە بـۆ پشـتیوانیی کـوردەکان لـە ناوچـەی شـنۆ و ناوچەکانـی دەشـت و مرگـەوەڕ و ترگـەوەڕەوە و ناوچەکانـی دیکـەوە هێـزی پشـتیوانیان بـۆ دەگات و نزیکـەی ئێـوارەی ڕۆژی حەوتەمـی ئـەم مانگـە بنکـەی بالانیـش لەلایـەن کوردەکانـەوە دسـتی بەسـەردا دەگیرێـت و نزیکـەی سـێ - چـوار کـەس دەکوژرێـن و برینـدار دەبـن و ژمارەیەکیـش ڕا دەکـەن و ئەوانـی تریشـیان چـەک دەکرێـن. بـەڵام بنکـەی «پوولادلـوو» کـە بـەردەوام دەبـن لـە بەرپەرچدانـەوەی کـوردەکان، لـە چـوار لاوە دەورە دەدرێـن و پێوەندییـان بەتـەواوی لـە ئێـوارەی ڕۆژی حەوتەمـی ئـەم مانگـەوە لەگـەڵ ورمـێ دەپچـڕێ و لـە کاتژمێـر ٢٤ی ڕۆژی حەوتـی ئـەم مانگـەوە ئەفسـەرێکی هێـزی ئەمنـی لەگـەڵ پەنجـا کـەس بـۆ دەرهێنانـی بنکـەی پوولادلـوو لـە گەمـارۆ ڕەوانـەی ناوچەکـە دەکرێـن، بـەڵام لەبـەر قورسـیی گەمـارۆ تـا دە کیلۆمەتـری پێشـڕەوی دەکـەن و پاشـان دەگەڕێنـەوە و هەتـا ڕێکەوتـی دەی ئـەم مانگـە بنکـەی پوولادلـوو لـە گەمـارۆدا دەمێنێتـەوە و ژمارەیـەک لـە هێـزی ئەمنیـی

بنکەکە بەدەم شەڕکردنەوە ڕادەکەن و ئەوانی دیکەیان کە نزیکەی ٢٨ کەس ئەبن لەبەر پێنەمانی فیشەک، خۆیان ڕادەستی کوردەکان دەکەن و دواتر دوای چەککردنیان لەلایەن کوردەکانەوە بۆ ورمێ دەگوازرێنەوە و هەر جۆر بێت بەربەرەکانێی ئەم ژمارە کەمە لە هێزی ئەمنی لە بەرانبەر هێزی کوردەکان کە زیاتر لە ٦٠٠ کەس بوون، جیگەی ڕێز و پیزانینە.

٢- لە ڕێکەوتی حەوتەمی ئەم مانگە نزیک بە ٣٠٠ کەس لە کوردە هەرکییەکان کە لەلایەن ڕەشید بەگ و نووری بەگ و حەسەن تێلۆ و ژمارەیەک لە کوردەکانی عەودۆیی سۆما و برادۆست و کوڕەکانی سەید تەها کە لە کوردئاوای هەشت کیلۆمەتری «ورمێ»وە سەرکردایەتی کراون، بەرەو بازگە ئەمنییەکانی کەریم ئاوا و نازلوو کە لەلایەن چەکدارە عەجەمەکان و دانیشتوانی گوندەکانی نازلووچای و ژێردەستەکانی مەولەوی بەخشداری (ورمێ) وە پشتیوانی کرابوون، چوون و ڕێگەی ورمێ بۆ شاهپوور (سەڵماس) یان داخستووە و دەستیان داوەتە هەڕەشەکردن لە دانیشتوانی گوندە عەجەمنشینەکان، هەروەها لە ڕێکەوتی حەوتەمی ئەم مانگەوە دوو کامیۆنی پێکهاتوو لە چوار ئەفسەر و چل هێزی ئەمنی و کۆمەڵێک فیشەک کە لە تەورێزەوە بۆ بەهێزکردنی هێزە ئەمنییەکانی ورمێ وەڕێ کەوتبوون و گەیشتبوونە بازگەی نازلوو، لەوێدا بەهۆی گەمارۆی کوردەکانەوە توانای بەرەوپێشچوونیان نەبوو و لە دوای ئاگاداربوونەوەی ئەمنییەی ورمێ، کامیۆنێک بە ٢٠ کەسەوە بۆ کردنەوەی ڕێگە دەنێردرێن بۆ «گردئاوا» و لەوێدا بەهۆی هێرشی کوردەکانەوە کامیۆنەکان بەجێ دەهێڵن و بە پاشەکشێ و بەرگرییەوە بەشێکیان ڕا دەکەن بۆ شار و چۆنیەتیی

ڕووداوەکـە دەگێڕنـەوە و دوای بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە چۆنیەتیـی ڕووداوەکـە دیسـان بـە ٣٠ کەسـی دیکـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ یارمەتیـی هێزەکانیـان، بـەڵام پـاش تێکهەڵچـوون لەگـەڵ کـوردەکان، سـەرلەنوێ بەهـۆی ڕێـژەی زۆری هێـزی کـوردەکان و بەدەسـتەوەبوونی شـوێنە سـتراتیژی و بەرزاییەکانـەوە نەیانتوانـی هەنگاوێکـی بەرچـاو هەڵبگـرن. لەبـەر ئـەوەی بازگـەکان و هێـزی ئەمنییـەی نێـردراو تواناییەکیـان لـە بەرانبـەر هێـزی زۆری کـوردەکان و ئـەو پشـتیوانییانەی زوو بـە زوو پێیـان دەگەیشـت نەبـوو، هەروەهـا ئەگـەری دەستبەسـەرکران و لـە چەکداماڵینـی ئـەو ١٢٠ کەسـە لـە ئـارادا بـوو، بڕیـار درا مەولـەوی بەخشـداری ورمـێ بـە شـەو و لـە کوێرەڕێگەکانـی نـاو گونـدە عەجەمنشـینەکانەوە بـڕوا و هێـزی ئەمنـی لـە گەمـارۆ دەربهێنـێ و بیانگەڕێنێتـەوە نـاو شـار. ناوبـراو بـەو شـێوەیەی بـاس کـرا دەڕوات دوای گەیشـتنی بەخشـدار بـۆ نزیـک عەسـکەرئاوا لـە ١٥ کیلۆمەتریـی ورمـێ، لـەوێ لـە ڕێگـەی ناردنـی کۆمەڵێـک چەکـداری خۆجێیـی بـۆ ڕووبەڕوونـەوەی کـوردەکان، ڕێگـە دەکاتـەوە و سـەرەتا دوو کامیۆنـی ڕەوانەکـراو لـە تەورێـز، لـە گەمـارۆ دەردێنێـت و دەیانهێنێتـە ورمـێ و دیسـان لـە ڕێگـەی کوێرەڕێگەکانـەوە دەچێتـەوە بنکـەی کەریمئـاوا و نازلـوو و هێـزی ئەمنیـی گەمـارۆدراو ڕزگار دەکات و دەیانهێنێتـەوە ورمـێ. لـە ئەنجامـی تێکهەڵچوونەکانـی نێـوان هیزەکانـی مەولـەوی و کـوردەکان، چـوار چەکـداری عەجـەم دەکوژرێـن و دوو کەسیشـیان برینـدار دەبـن و ژمارەیـەک لـە کوردەکانیـش دەکوژرێـن و برینـدار دەبـن کـە دەگوتـرێ کاربەدەسـتی هەرکییـەکان لـە ناوچـەی دەربەنـدی ورمـێ لەنێـو کوژراوەکاندایـە.

هـەر جـۆر بێـت لەخۆبردوویـی مەولـەوی، بەخشـداری ورمـێ و

چەکدارە عەجەمەکان بووە هۆی ڕزگاریی ١٢٠ کەس لەو هێزی ئەمنییەی کە لە شوێنە جیاجیاکانی ڕێگەی شاهپوور (سەڵماس)دا بوون. لەو بەریەککەوتنانەدا یەک کامیۆنی فۆرد کە پێشتر لە کوردئاوا لە دەستیان دابوو و کوردەکان بۆ گواستنەوەی تاڵانەکان بۆ ترگەوەڕ و مرگەوەڕ و دەشت بەکاریان دەهێنا، دەکەوێتەوە دەستیان.

٣- لە دوای چەککردن و ڕادەستکردنی بنکەی پوولادلوو و کۆکردنەوەی بازگەکانی نازلوو و کەریمئاوا، کوردەکان دەستیان دابووە تاڵانکردن و بردنی مەڕوماڵاتی ٣٠٠ گوندی ناوچەکانی ڕەوزەچای، نازلووچای، باراندووزچای وبکشلوچای و ناوچەی ئەنزەل و لەو نێوەدا بەشێک لە عەجەمە چەکدارەکان لە هەندێ ناوچەی وەکوو ئەنکنە بە کۆکردنەوەی چەکداری ١٥ گوند لەو ناوچەیە، توانیبوویان ماڵ و دارایییەکانی خۆیان لەو شوێنە بپارێزن و هەتا ڕێکەوتی هەڤدەی ئەم مانگە توانیبوویان لە بەرانبەر کوردەکاندا بەرگری بکەن. هەروەها چەکدارانی حەوت گوند لە ناوچەی ئەنزەل لە قەرەباغ کۆبوونەوە و هەموو ژن و منداڵ و ماڵ و دارایییەکانی ئەو حەوت گوندەیان بۆ سەنگکازم گواستەوە و خۆیشیان لە قەرەباغ لەگەڵ کوردەکان کەوتبوونە بەربەرەکانێیەوە. لەبارەی ئەو گوندانەی کە دانیشتوانی مەسیحی (ئەرمەنی و ئاشووری) بوون، لەبەر ئەوەی کە لەلایەن کوردەکانەوە پارێزراو بوون و یەکیەتییەکیان لەگەڵ کوردەکان هەبووە، ژمارەیەکی زۆر لە مەڕوماڵاتی عەجەمەکانیان بەنێوی ئەمانەت و پارێزگاریکردنەوە وەردەگرن و دواتر ڕادەستی کوردەکانی دەکەنەوە و لەوانەشە خۆیشیان کەڵکیان لەو باردودۆخە وەرگرتبێت و جیا لەوەش

لەبــاری یارمەتییــەوە بــۆ کــوردەکان، لــەڕووی هێــز، چــەک و فیشــەک و ئەســپەوە درێغییــان نەکــردووە و تەنانــەت لــە شــەڕ لەگــەڵ ئەمنییــە و تاڵانــی هێندێــک گونــددا بەشــدارییان هەبــووە. هــەر جۆرێــک بێــت لــە ڕێکەوتــی پێنجــی گــوڵان تــا هــەژدەی ئــەم مانگــە، گونــدە عەجەمنشــینەکان لەژێــر تاڵانکردنــدا بــوون و بەشــێك لــە گونــدەکان ســووتێندراون و هێندێــک لــە خەڵکــی ئــەو گوندانــەش کــوژراون و برینــدار بــوون، ئەوانــی دیکــە ئــاوارە بــوون و ژمارەیــەک منداڵیــش لــە ئەنجامــی ڕاوەدوونانیــان لەلایــەن کوردەکانــەوە لــە کاتــی پەڕینــەوە لــە چۆمــەکان نوقــم بــوون و خنــکاون، هەروەهــا ئازاردانــی ژنــان و پیــاوان بــە شــێوەی بەرچــاو ڕووی داوە کــە لــە ڕاپۆرتــی دواتــردا بــە شــێوەی جیــاواز بۆتــان بــەڕێ دەکرێــت.

٤- وێــڕای تاڵانکردنــی گوندەکانــی ورمــێ و بەشــێک لــە گوندەکانــی شــاهپوور (ســەڵماس)، لــە ڕێکەوتــی هەشــتی ئــەم مانگــەوە، هەنــگاو بــۆ هێــرش و گەمــارۆدان و گرتنــی شــاری ورمــێ هەڵهێــنراوە و وەک دیــارە لــە ڕێکەوتــی هەشــتی ئــەم مانگــەدا نزیکــەی ٣٠٠ کــەس لــە کــوردە چەکــدارەکان کــوورەی گەچپــەزی و کوشــتارگەی شــاریان کــە لــە ٥٠٠ مەتریــی ڕێگــەی شــاهپوور (ســەڵماس) هەڵکەوتــووە، دەســت بەســەردا گرتــووە و لەلایــەن پاســەوانانەوە تەقەیــان لــێ کــراوە. هەروەهــا تەپۆڵکەکانــی چــوار دەوری شــاریان بەدەســتەوە گرتــووە و ڕێبوارانیــان ڕووتاندووەتــەوە و شــار لــە هەمــوو بوارێکــەوە لەژێــر مەترســیدایە و بــەردەوام لــە دەســتەگەلی ئەسپســواری نزیــک بــە ٥٠ کەســی لــە باخەکانــی دەوروبــەری شــاردا مانۆڕیــان داوە و بــە ناردنــی پەیــک و ســیخۆڕ بــۆ نێوشــار دانیشــتوانیان بــۆ شــۆڕش دژ بــە دەوڵــەت هــان داوە و بــەو بۆنــەوە ورەی خەڵــک و تەنانــەت مەئمووڕانــی ئەمنــی

دابەزیبـوو و کێشـە و گرفتـی یەکجـار زۆر بـۆ ئەفسـەرە ئەمنییـەکان و شـارەوانی دروسـت کـراوە. لـەو نێوانـەدا بەشـێک لـە مەڕوماڵاتـی خەڵکـی شـار و ئـەو گوندانـەی پەنایـان بـۆ دەوروپشـتی شـارەکان هێنابـوو بـۆ لەوەڕاندنـی مـەڕ و ماڵاتیـان، دزراوە کـە بـە بەرگریـی مەئمـوورە ئەمنییـەکان و پاسـەوانەکان تـا ڕادەیـەک پێـش بـەو تاڵانکردنـە گیـراوە و بەشـێکی کـەم لـە مـەڕ و ماڵاتـەکان دەدزرێـن و گەمارۆدانـی شـار لەلایـەن کوردەکانـەوە هەتـا ١٠ی مانگـی گـوڵان هەتـا پشـت دیوارەکانـی شـار درێـژەی هەبـوو و لـە مـاوەی ئـەم گەمارۆیـەدا، بـەردەوام لەگـەڵ کونسـوولی سـۆڤیەت و ئەرتەشـی سـوور لـە پێوەندیـدا بوویـن و لەلایەکیـترەوە هەمـوو بەرزاییەکانـی شـار لەلایـەن هێزەکانـی شـارەوانییەوە پارێـزراوە و دەروازەکانیـش بـە پشـتیوانیی هێـزە ئەمنییـەکان پارێـزراوە و ژمارەیـەک لـە خەڵکـی عەجـەم و ئەوانـەی لـە گوندەکانـەوە پەنایـان بـۆ شـار هێنابـوو، بـە شـێوەی نهێنـی چەکیـان دەسـت خسـتبوو لـە شـوێنە پێویسـتەکاندا بـۆ پاراسـتنی شـار جێگیـر کرابـوون.

لەلایەکیتـرەوە بەشـێک لـە ئاشـووری و ئەرمەنییـەکان کـە لەگـەڵ کـوردەکان لـە پێوەندیـدا بـوون، لـە ڕۆژی ٩ی گـوڵان ویسـتیان بـەرەو بەڕێوەبەرایەتییـە ئەمنییـەکان و شـارەوانی هێـرش بـەرن و لـەو ڕێگەیـەوە ئاسـانکاری بـۆ کـوردەکان بکـەن. وەک دیـارە لـە کاتژمێـر ١٨ی ڕۆژی نـۆی گوڵانـەوە چەنـد فیشـەکێک ئاراسـتەی شـوێنی پێشـووی بنکـەی لەشـکر، هەروەهـا کەلانتەریـی ٢ و زیندانـی شـارەوانی کـە لـە ناوەنـدی شـار و لـە گەڕەکـی «یەرگ»دایـە، تەقێنـدراوە و چەنـد تیرێکیـش لەلایـەن ئـەو کوردانـەی لـە نزیـک دەروازەی «نوکچـر» بـوون تەقێنـدراوە و بـەم شـێوەیە ویسـتوویانە لـەم ڕێگەیـەوە پاسـەوانەکان

شـــوێنەکانیان بەجـــێ بهێڵـــن و هەڵبێـــن و خۆیـــان دەســـتیان بەســـەردا بگـــرن، چەنـــد ئەفســـەری ئەمنـــی لـــەڕووی نەزانییـــەوە چەنـــد تەقەیەکـــی ئاســـمانی دەکـــەن هەتـــا ســـەرگورد کەمـــاڵ دەگاتـــە ئـــەوێ و بڕیـــاری ڕاگرتنـــی تەقـــە دەدات و ئەمنییـــەکان لـــە پەناگەکانیـــان دەردێنـــێ و بـــۆ بەرگـــری بـــۆ دەوروبـــەری شـــاریان دەنێرێـــت. یـــاوەری کونســـوولی ســـۆڤیەت کـــە لـــەو کاتـــەدا لـــە پێـــش شـــارەوانی چاوپێکەوتنیـــان دەبێـــت، بەڕێکردنـــی ئەمنییـــە بـــۆ دوورخســـتنەوەی کـــوردەکان لـــە شـــار ڕادەگرێـــت، منیـــش ئیزنـــم بـــەو کارە نـــەدا و بـــەو شـــێوەیە تـــا ڕۆژی ١٠ی ئـــەم مانگـــە بارودۆخـــی شـــار و داخســـتنی دووکان و بـــازاڕ بـــەردەوام دەبێـــت.

بـــەم شـــێوەیە تـــا دوای ڕۆژی ١٠ی گـــوڵان کـــە بـــە بڕیـــاری ئەرتەشـــی ســـوور کـــوردەکان لـــە دەروازەکان دوور دەخرێنـــەوە، لەبـــەر ئـــەوەی هێندێـــک لـــەو گوندانـــەی کـــە لـــە ســـێ و هێندێـــک لـــە شـــەش کیلۆمەتریـــی شـــاردا بـــوون چـــۆڵ نەکرابـــوون. هەتـــا ڕێکەوتـــی ١٧ی ئـــەم مانگـــە هێـــزە ئەمنییـــەکان و شـــارەوانی بەرزاییەکانـــی شـــاریان بەدەســـتەوە دەبـــێ و پارێـــزگاری لـــە مـــەڕ و ماڵاتـــی ئەوانـــەی پەنایـــان بـــۆ شـــار هێنابـــوو، دەکـــەن. هێندێـــک بازگـــە بـــە تێکەڵێـــک لـــە ئەمنییـــە و پاســـەوانەکان دادەمـــەزرێ و لەوێـــوە پارێزگارییـــان لـــەو مـــەڕ و ماڵاتـــە دەکـــرد کـــە بـــە ڕۆژ بـــۆ لەوەڕیـــن بـــۆ دەرەوە دەبردرێـــن و لـــە ڕێکەوتەکانـــی ١٥، ١٦ و ١٧ی مانگـــدا کـــوردەکان ورد ورده لـــە نزیـــک شـــار دەکشـــێنەوە، بـــەڵام دووکان، بـــازاڕ و شـــەقامەکان لـــە ڕۆژی حـــەوت هەتـــا ١٧ی ئـــەم مانگـــە داخرابـــوون و شـــار بەتـــەواوی لـــە حاڵەتـــی پشـــووی گشـــتیدا بـــووە و بـــە هەوڵـــی هێزەکانـــی شـــارەوانی توانیویانـــە نانـــەواکان و ئـــەو دووکانانـــەی خـــواردن دەفرۆشـــن بکرێنـــەوە و بـــەردەوام بـــن هەتـــا

وەڵامـدەری داخوازیـی دانیشـتوان و ئـەو چـل هـەزار پەنابەرانـە بـن کـە پەنایـان بـۆ شـار هێنـاوە.

(ل) ئـەو ڕێوشـوێنەی سـۆڤیەت و ئەرتەشـی سـوور لـە بەرانبـەر کوردەکانـدا گرتیانـە پێـش

١- لـە ڕێکەوتـی پێنجەمـی ئـەم مانگـەوە کـە کـوردەکان هێرشـیان کـردە سـەر بنکـەی بالانیـش، لەڕێگـەی فەرمانـدارەوە لەگـەڵ کونسـوولی سـۆڤیەت، هەروەهـا ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ فەرماندەکانـی ئەرتەشـی سـوور پێوەنـدی گیـراوە و بـۆ پشـتیوانی لـە بنکـە ئەمنییـەکان و دوورخسـتنەوەی کـوردەکان، بەتایبـەت لـەو کاتـەی بنکـەی «پوولادلـوو» لـە ڕێکەوتـی حەوتـی مانـگ کەوتـە بـەر هێرشـی کـوردەکان و دواتـر گەمـارۆ درا، بـەڵام هـەر کاتـێ پێوەنـدی گیـراوە، جەنابـی یـاوەری کونسـوول وەڵامـی ئـەوە بـوو کـە بەبـێ ڕێگەپێدانـی باڵوێزمـان لـە تـاران و کونسـوولی تەورێـز، ناتوانیـن بـە هیـچ جۆرێـک هـاوکاری بکەیـن، کاتێـک داوایـان لـێ کـرا تاکـوو داوای ڕێگەپێـدان بکـەن تـا ڕۆژی ١٠ی مانـگ هیـچ جـۆرە وەڵامێکـی ئەرێنـی نەبـوو، بـەڵام لەبـارەی دەستبەسـەرداگرتنی شـار، فەرماندەکانـی ئەرتەشـی سـوور ڕایـان گەیانـد کـە کـوردەکان هێرشـی لـەو جـۆرە ناکـەن. لـە ڕێکەوتـی نـۆی مانـگ، سـێ چەکـی ڕەشـاش و ژمارەیەکـی کـەم چەکداریـان بـۆ دەروازەی شـاهپوور (سـەڵماس) نـارد، بـەڵام هیـچ هەنگاوێکـی کردەییـان هەڵنەگـرت.

بەپێـی ئـەو ڕاپۆرتانـەی کـە لەلایـەن کەلانتـەری و کەسـانی جیـاوازەوە بـە دەسـتمان گەیشـتووە و فایلەکانـی ئارشـیڤ کـراوە، کـوردەکان لـە کاتـی هێـرش بـۆ سـەر بنکـە ئەمنییـەکان لەلایـەن هێزەکانـی ئەرتەشـی سـوورەوە هـان دراون و تەنانـەت لـە کاتـی کوشـتنی یەپرمـی

مەسـیحی لـە شـەڕی بنکـەی بالانیـش لەگـەڵ ئەرمەنییـەکان، یەکێـک لـە ئەفسـەرەکانی ئەرتەشـی سـوور چووەتـە بنکەکـە و لـە ئەفسـەرە ئەمنییـەکان سـەبارەت بـە کوژرانـی یەپرمـی مەسـیحی لێپێچینـەوەی کـردووە و دواتـر فیشـەکدانی لـە پشـتی یەکێـک لـەو عەجەمانـەی کـە چووبـووە یارمەتیـی ئەمنییـەکان کەندبـووەوە هەڕەشـەی لـێ کردبـوو.

ئەمـەش ببـووە هـۆی تـرس و دڵەڕاوکـێ و لـە ئەنجامـدا هەڵهاتنـی هێندێـک لـە عەجەمـەکان لـە بنکەکـە. هەروەهـا ڕاپۆرتـی بـەردەوام هەبـووە لەسـەر چاوپێکەوتنـی ئەفسـەرانی ئەرتەشـی سـوور و کـوردەکان و تەنانـەت بـاس لـە پێدانـی ژمارەیـەک فیشـەک بـە کـوردەکان دەکرێـت، بـەڵام لـەو بـارەوە بەڵگـەی سـەلمێنەر لەبەردەسـتدا نییـە.

٣- لـە ڕێکەوتـی ١٠ی ئـەم مانگـە ژێنراڵـی کونسـوولی سـۆڤیەت کـە لـە تەورێـز دادەنیشـێت، هـاوڕێ لەگـەڵ سـەرهەنگێکی ئەرتەشـی سـوور کـە ئەویـش لـە تەورێـز دادەنیشـێت، بـە فڕۆکـە لـە تەورێـزەوە هاتوونەتـە ورمـێ و لەگـەڵ ئەفسـەرە پلـە بەرزەکانـی ورمـێ لـە بینـای پارێـزگا چاوپێکەوتنیـان بـووە و بەرپرسـی بەڕێوەبەرایەتیـی دامـودەزگا دەوڵەتییـەکان بانگهێشـت دەکـەن و سـەبارەت بـەو ڕووداوانـەی ئـەم دواییـە بـە شـێوەی زارەکـی دەپرسـنەوە و داوایـان کـردووە نوێنەرێـک لەلایـەن فەرمانـداری (ورمـێ)وە دیـاری بکرێـت تـا هـاوڕێ لەگـەڵ نوێنەرانـی ئـەوان لەگـەڵ بەرپرسـە کـوردەکان چاوپێکەوتـن پێـک بهێنـن تاکـوو لـە دەوروپشـتی شـار بکشـێنەوە و بـۆ ئـەو مەبەسـتەش فـەدەوی (مـن) وەکـوو نوێنـەر دیـاری کـرام و کـۆی ئەنجامـی ئـەو دیدارانـە کـە لـەو سـێ ڕۆژەدا بەڕێـوە چـوون، بـە شـێوەی خـوارەوە ئـەرزی خزمەتتـان دەکـەم:

سـەرەتا لـە کاتژمێـر ١٥ی ڕۆژی دەی ئـەم مانگـە هـاوڕێ لەگـەڵ

سەرهەنگی ئەرتەشی سوور و جێگری فەرماندەی هێزە ڕووسەکان کە لە تەورێزەوە هاتبوون و (عەین عەلیۆف) نوێنەری گشتیی ئەرتەشی سوور لە ورمێ و جەعفەر ئاغا ئەفسەری ئەرتەشی سوور کە بە زمانی کوردی ئاشنایەتییان هەیە و دوو کەسی دیکە لە ئەفسەرانی ئەرتەشی سوور لە گوندی سەنگەر لە شەش کیلۆمەتریی ورمێ لەگەڵ دوازدە سەرکردەی کورد کۆ بووینەوە کە ناویان لە خوارەوە هاتووە:

١-نووری بەگ ٢- کامیل بەگ ٣- قاسم ئاغا ٤- حاتەم بەگ هەرکی (حاتم بیگزادگان هرکی) ٥- سەید ئەحمەد کوڕی سەید تەها ٦-شێخ سدیق کوڕی سەید تەها ٧- حەسەن تێلۆ لە کوردە عەودۆییەکان ٨- ڕەشید ٩- سەعید بەیگزادە هەرکی و سێ کەسی دیکەی هاوڕێیان کە ناویان بە نەناسراوی ماوەتەوە، چاوپێکەوتنمان کرد و دوای وتووێژێکی زۆر، ئامۆژگاریی پێویست لەلایەن سەرهەنگ و ئەفسەرەکانی دیکەی ئەرتەشی سوور بۆ کوردەکان کرا، هەروەها منیش بەناوی دەوڵەتەوە ئامۆژگاری ئەوانم کرد. کوردەکان لەوێ سکاڵایەکی زۆریان لە هێزە ئەمنییەکان خستە ڕوو و سەرکردەکانی کورد کۆمەڵێک پێشنیاریان بە مەبەستی کشانەوەیان، بە شێوەی خوارەوە خستە ڕوو:

داخوازنامەی کوردەکان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی و سۆڤیەتییەکان:

١- لە هەموو شوێنە کوردنشینەکان لە شاری خۆی تا مەهاباد ئەبێ بنکە ئەمنییەکان هەڵپێچرێنەوە.

٢- کوردەکان بە چەکداری بمێننەوە.

٣- عەجەمە چەکدارەکان لەلایەن ئەرتەشی سوورەوە چەک بکرێن.

٤- پێویسـتە کـوردەکان لـە هەمـوو دامـودەزگا حکوومییەکانـدا نوێنەریـان هەبێـت.

٥- لە کاروباری نەتەوەیی خۆیاندا ئازادیی سیاسییان پێ بدرێت.

٦- لـە شـوێنە کوردنشـینەکاندا لەلایـەن حکوومەتـەوە قوتابخانەیـان بـۆ بکرێتـەوە و بـە زمانـی دایکیـی خۆیـان بخوێنـن.

٧- گوندەکانـی ترگـەوەڕ و مرگـەوەڕ و دەشـت و سـۆما و برادۆسـت بـە هـی خۆیـان دەزانـن و داوای خاوەنداریێتیـی تەواویـان دەکـەن.

٨- نزیـک بـە ٢٠ کـەس لـە کـوردەکان کـە لـە شـارەوانییەکاندا دەستبەسـەرن، دەبـێ خێـرا ئـازاد بکرێـن.

لەبـارەی ئـەو خاڵانـەوە لەلایـەن سـەرهەنگی ئەرتەشـی سـوورەوە ئـاوا وەڵام درایـەوە کـە جیـا لـە مەسـەلەی هەڵگرتنـی چـەک و گواسـتنەوەی، لەمـەڕ خاڵەکانـی دیکـە لەلایـەن باڵوێـزی سـۆڤیەت لـە تـاران لەگـەڵ دەوڵەتـی ئێـران قسـە دەکرێـت و هەنـگاو هەڵدەگیردرێـت، هەروەهـا فەرمانیـان پـێ درا کـە بـڵاو ببنـەوە و ئـەو مـاڵ و داراییانـەی کـە تـاڵان کـراون لـەلای هـەر کەسـێکەوە بێـت، دەبـێ بگەڕێندرێنـەوە بـۆ خاوەنەکانیـان، ئەوانیـش بەڵێنیـان دا کـە وا بکـەن. دوای ئـەم چاوپێکەوتنانـە، مـن و نوێنەرانـی ئەرتەشـی سـوور لـە گونـدی سـەنگەرەوە بـەرەو ورمـێ بـەڕێ کەوتیـن. دووەم جـار، لـە کاتژمێـر ١٢ی ڕۆژی ١١ی مانـگ هـاوڕێ لەگـەڵ جێگـری فەرمانـدەی ئەرتەشـی سـوور لـە تەورێـز و (عەیـن عەلیـۆف) داواکاری گشـتیی و جەعفـەر ئاغـا سـتوان یەکەمـی ئەرتەشـی سـوور کـە شـارەزای زمانـی کوردییـە ڕۆیشـتینە گونـدی کـۆی تەپـەی ناوچـەی باراندووزچـای لـە شـەش کیلۆمەتریـی ورمـێ و لەگـەڵ سـەرکردە کـوردەکان و بەگزادەکانـی هەرکـی و سـەرۆک خێڵەکانـی شـنۆ و کوردەکانـی مەهابـاد

چاوپێکەوتنێکـمان هەبـوو، کـە نـاوی سـەرکردە کـوردەکان بـە شـێوەی خوارەوەیــە:

زێـرۆ بـەگ، محەمەدحوسـێن کـوڕی کەریـم هەرکـی، حەمـزە ئاغـا ئامـۆزای قەرەنـی ئاغـای مامـش، مووسـا ئاغـا زەرزا، قـادر ئاغـا، شـێخ جــەلال دەربەنــدی، باباجــان ئاشــووری ســەرکردە و کۆمەڵێــک لــە بەگزادەکانــی دیکــە کــە ناوەکانیــان نەزانــراوە. لــەو چاوپێکەوتنــەدا باســێکی دوورودرێــژ لەلایــەن کوردەکانــەوە لەســەر دەســتدرێژیی بنکــە ئەمنییــەکان بــۆ ســەر ئــەوان و کوژرانــی ســێ کــەس لــە کوردەکانــی شــیخ جــەلال و بردنــی داراییەکانــی ئــەوان کــرا و پاشــان لەلایــەن ســەرهەنگی ئەرتەشــی ســوور و مــن و ئەندامانــی دیکــەی شــاندەکەوە ئامــۆژگاری کــران و بڕیــار درا کــە لێــک بــڵاو ببنــەوە و ئیــتر دەســت هەڵبگــرن و هەمــوو داراییــە زەوتکــراوەکان بگەڕێننــەوە بــۆ خاوەنەکانیــان و هەمــان ئــەو خاڵانــەی کــە دەســتەی نــووری بــەگ خســتیانە ڕوو، لەلایــەن ئەمانیشــەوە پێشــکەش کــرا و ڕایــان گەیانــد دارایــی ئــەو عەجەمانــەی کــە لــە شــەڕ لەگــەڵ کــوردەکان کەوتبوونــە دەســتیان، ڕادەســت ناکرێتــەوە. هــەر جۆرێــک بێــت بەڵێنیــان دا کــە بــڵاوە بکــەن و لــە کاتژمێــر١٦:٣٠ی ڕێکەوتــی ئاماژەپێکــراو لــە کــۆی تەپــەوە گەڕاینــەوە و لــە کاتــی هاتنــەوەدا نزیــک بــە ٦٠٠ چەکــداری کــورد لــە کــۆی تەپــە بیــنران.

ســێیەم جــار لــە ڕێکەوتــی ١٣ی ئــەم مانگــەش کــە بارودۆخــی شــار بەهــۆی تاڵانچییەتیــی کوردەکانــەوە شــێوابوو و کارەســاتگەلێکی لــێ کەوتــەوە، ڕاپۆرتەکــە بــە ئاگاداریــی نوێنەرانــی ئەرتەشــی ســوور گەیشــت و ژووری فەرمانــدەی ئەرتەشــی ســووریش دەقــی ڕاپۆرتەکــەی بــۆ ســەرەوەی خــۆی بــەرز کــردەوە و بــە کونســوولی ســۆڤیەت و

سـەرهەنگی کۆمیسـێری بنکـەی ئەرتەشـی سـووری ورمـێ و عەیـن عەلیـۆف داواکاریـی گشـتیی ڕایـان گەیانـد و بـەو بۆنـەوە منیـان بـۆ بنکـەی ئەرتەشـی سـوور بانگهێشـت کـرد و پێیـان ڕاگەیانـدم لەبـەر ئـەوەی کـوردەکان بەڵێنییـان داوە سـەردان بکـەن، لەوانەیـە ڕاپۆرتـی گەیشـتوو ڕاسـت نەبێـت. وەڵام درایـەوە کـە ئەگـەر بکـرێ لـە شـوێنی مەبەسـت ئامـادە بـن و لـە نزیکـەوە یەکـتر ببینـن، هەربۆیـە لـە کاتژمێـر ١٢ی ڕۆژی ١٣ی ئـەم مانگـە هـاوڕێ لەگـەڵ ئـەو بەڕێزانـەی ناویـان هـات لـە دەروازەی شـاپوور (سـەڵماس) تـا کارێـز لـە ناوچـەی ئەنـزەل کـە لـە ٣٦ کیلۆمتریـی ورمـێ هەڵکەوتـووە، ڕۆیشـتین کـە کـوردەکان خەریکـی چەتەگـەری و تاڵانکردنـی مـاڵ و دارایـی خەڵکـی بـوون و ئـەم دیمەنەیـان پـێ نیشـان درا و لانیکـەم لـە دە شـوێندا کـە کـوردەکان خەریکـی تـاڵان و هاتوچـۆ و خۆنوانـدن بـوون، کونسـوول و ئەفسـەرەکانی سـۆڤیەت بانگیـان کـردن و پێیـان وتـن کـە بـڵاوە بکـەن و واز بێنـن و مـاڵ و دارایـی خەڵـک بگەڕێننـەوە. هەروەهـا لەنـاو ڕێگـەدا نزیکـەی ٣٠٠ کـەس لـە خەڵـک و ئـەو ژن و منداڵانـەی کـە لـە گوندەکانـەوە بـۆ شـار پەنایـان دەهێنـا بینـدران و لـەو بـارەوە ئەفسـەرەکانی سـۆڤیەت لێکۆڵینەوەیـان کـرد و لـە کۆتاییـدا لـە کارێـز کـە شـوێنی کۆمبوونـی کـوردە شـکاک و عەودۆییـەکان بـوو و لـەوێ بەشـێکی زۆر لـە سـەرکردە کـوردەکان و هێـزە چەکدارەکانیـان کـە نزیکـەی ٤٠٠ تـا ٥٠٠ کـەس دەبـوون ئامـادە بـوون، ڕۆیشـتین کـە نـاوی ئـەو سـەرکردانەی لـەوێ بـوون بـەم شـێوەیە:

عەمەرخـان بەخشـداری فەرمیـی ناوچـەی سـۆما و برادۆسـت، سـەرتیپ شـکاک، حەسـەن تێلـۆ، حەسـەن هنـارە، عەبـاس ئاغـا، محەمـەد ئاغـا و ژمارەیـەک کەسـی دیکـە کـە ناویـان نەزانـراوە.

لـەوێ کۆمەڵێـک پرسـیار لـەم کەسـانە کـرا سـەبارەت بـەو کارانـەی کـە پێچەوانـەی ئاسایشـی گشـتی ئەنجامیـان داوە، کـوردەکان سـەرەتا کۆمەڵێـک سـکاڵایان لەسـەر سـەرهەنگ هاشـمی و هێـزی ئەمنییـە خسـتە ڕوو و دواتـر وتیـان «ئێمـە دز و تاڵانچـی نیـن، بـەڵام کۆمەڵێـک داواکاریـی تایبەتمـان لەسـەر سـەربەخۆیی خۆمـان هەیـە و نامانهـەوێ جیـا لـە دەوڵەتـی سـۆڤیەت لـە هیـچ دەوڵەتێکـی دیکـە پێـڕەوی بکەیـن». لـەو کاتـەدا قـازی محەمـەدی مەهابـادی و سـەید عەبدوڵـڵا کـوڕی شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی کـە بـۆ پێشـگیری لـە ئاژاوەگێڕیـی کـوردەکان لـە تەورێـزەوە هاتبـوون، کونسـوولی سـۆڤیەت ئەوانـی هیـوادار کردبـوو بـەوەی کـە لەڕێگـەی باڵوێـزی تارانـەوە هەنـگاوی پێویسـت لـەو بـارەوە هەڵدەگیـردرێ و لـە کاتـی گەڕانـەوە لـە کارێـز، قـازی محەمـەد وتارێکـی بـە زمانـی کـوردی سـەبارەت بـە دەستخۆشـی و پێزانیـن لـە دەوڵەتـی سـۆڤیەت و ئـەوەی کـە کـوردەکان جیـا لـەوان، هیـچ پشـتیوانێکی دیکەیـان نییـە پێشـکەش کردبـوو و بـێ ئـەوەی کـە باسـێک لەسـەر دەوڵەتـی ئێـران بـکات، باسـەکەی بـە پێداهەڵگوتـن بـە سـتالین و هـەر بـژی دەوڵەتـی سـۆڤیەت کۆتایـی پـێ هێنـا و کوردەکانیـش بـە چەپڵـە و هـەرا هاوڕێیەتییـان کـرد. کاتژمێـر١٩:٣٠ لـە کارێـزەوە گەڕانـەوە و هـاوڕێ لەگـەڵ ئەفسـەرەکانی ئەرتەشـی سـوور کاتژمێـر ٢٢ گەیشـتینە ورمـێ.

(م) کردەوەکانی قازی محەمەد و سەید عەبدوڵڵا:

قـازی محەمـەدی مەهابـادی و سـەید عەبدوڵـڵا کـە کردەوەکانیـان لـە سـەرەتای ئـەم ڕاپۆرتـەدا هاتـووە، ئەگەرچـی بـە ڕواڵـەت بـۆ بڵاوەپێکردنـی کـوردەکان و ڕادەسـتکردنی داراییـە تاڵانکـراوەکان بـۆ لای

خێڵـە کوردەکانـی ناوچـەی سـۆما و برادۆسـت و کوردەکانـی سەلاسـە، واتـە مرگـەوەڕ و ترگـەوەڕ و دەشـت و کـوردە زەرزاکانـی شـنۆ و مامـش و کوردەکانـی دیکـەی مەهابـادی کـە لـەم ئاژاوەگێڕییانـەدا بەشـدار بـوون، ڕۆیشـتبوون، گوایـە لەمبـارەوە بـە زەحمـەت کەوتـوون، بـەڵام ئـەوان لـە ژێـرەوە ڕێنوێنیـی کـوردەکان دەکـەن و هـەر قسـەیەک کـە لـە زاری کوردەکانـەوە وەدەرهاتبێـت، بەهـۆی کار و کردەوەکانـی ئەوانەوەیـە.

١- لـە بنەماڵـەی ئیلخانـیزادە، کـوڕی عەلـی ئاغـا ئەمیـر ئەسـعەد فەرمانـداری مەهابـاد کـە لەگـەڵ سـەید عەبدوڵـڵا لـە مەهابـادەوە هاتووەتـەوە، سـەبارەت بـە سـەید عەبدوڵـڵا پرسـیار کـراوە و ناوبـراو وتوویـە کـە لـە ڕێـگادا سـەید عەبدوڵـڵا لـە ئۆتۆمبێلەکـە دابەزیـوە و چـاوی بـەوان کەوتـووە و بـە سـەرکردە کوردەکانـی سـۆما و برادۆسـت و هەرکییەکانـی دەسـتەی زێـرۆ بـەگ کـە لـە باراندووزچـای بـوون، بەڵێنیـان دابـوو کـە بـڵاوە بکـەن، وتبـووی تـا ئەوکاتـەی داواکارییەکانیـان نەسـەپێنن، نەگەڕێنـەوە.

٢- قـازی محەمەدیـش پێـش ئـەو ڕۆژەی کـە لـە تەورێـزەوە بـۆ ورمـێ وەڕێ دەکـەوێ، کۆمەڵێـک ڕاسـپاردەی بـۆ کوردەکانـی سـۆما و برادۆسـت و کوردەکانـی هەرکـی بـەو ناوەڕۆکـەی سـەرەوە نـاردووە و دواتـر هاتووەتـە ورمـێ.

٣- قـازی محەمـەد لـە ڕۆژی ١٩ی مانگـی ١٢ی ئەمسـاڵ پەیامـی بـۆ ئاغـا بوزورگـی ئیبراهیمـی فەرمانـداری ئەوسـای ورمـێ و سـەرگورد کەمـاڵ داوە کـە ئەگـەر بێـت و مـن ئەمشـەو کـوردەکان نەبینـم، ئـەوە هێـرش دەکەنـە سـەر شـار و بـەو بۆنـەوە داوای ئۆتۆمبێلـی شـارەوانیی کـردووە، بـەڵام وەڵام دراوەتـەوە کـە ئۆتۆمبێلـی شـارەوانی لـەکار

کەوتــووە و ئەگەریــش کــوردەکان هێــرش بکــەن، ئــەوا تەمبــێ دەکرێــن.

هەروەهــا ئــەم هەواڵــە و ئەگــەری هێرشــکردن لەلایــەن نزیکەکانــی قــازی محەمــەد و ســەید عەبدوڵــڵا، وەک محەمــەد وســووق کــە دانیشــتووی ورمێیــە و کەســانی دیکــەوە بــڵاو کراوەتــەوە کــە ئەمــەش تــرس و دڵەڕاوکێــی لەنێــو خەڵــک و هێــزە ئەمنییەکانــدا دروســت کــردووە، کــە ئەگــەر چاوەدێریــی پێویســت لەلایــەن هێــزە ئەمنییــەکان و شــارەوانی نەبوایــە، ئــەوە بارودۆخەکــە ئاڵــۆز دەبــوو.

٤- ئــەو وتــارەی کــە لــە گونــدی کارێــز بــە ئامادەبوونــی مــن، کونســوولی ســۆڤیەت و ئەفســەرەکانی ئەرتەشــی ســوور بــۆ ٤٠٠ کــەس لــە کوردەکانــی عەودۆیــی و شــکاک ســەبارەت بــە ســەربەخۆیی کــوردەکان و وابەســتەبوونیان بــە دەوڵەتــی ســۆڤیەت پێشــکەش کــراوە.

لــە هــەر حاڵــدا قــازی محەمــەد و ســەید عەبدوڵــڵا خۆیــان بــە لایەنگــری ســۆڤیەت یــان ئینگلیــز، یــان هــەر بــە ڕواڵــەت لایەنگــری دەوڵەتــی ئێــران بزانــن، ئــەم دوو کەســە هــۆکاری ســەرەکیی یەکگرتوویــی کوردەکانــن.

## هەوڵی ڕووسەکان بۆ ڕازیکردنی عەمەرخان:

ڕووسەکان بەر لەو کاتە بە مەبەستی پێشخستنی ئامانجەکانیان بڕیاریان داوە بە سەرۆکایەتیی «جەعفەر پیشەوەری» لە تەورێز کۆمارێک دابمەزرێنێن، هەروەها لە پاییزی هەمان ساڵدا، ویستوویانە بەڕێوەبەرییەکی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسەکاندا بن، دابمەزرێنن کە ئەو بەڕێوەبەرییە ئۆتۆنۆمە سەر بە تەورێز بێت.

ڕووسەکان بۆ ئەو مەبەستەیان لە کەسێک دەگەڕان کە شایانی ئەو بەرپرسایەتییە بێت. لە سەرەتادا عەمەرخان لە هزریاندا بووە، ئەوان دەیانزانی کە عەمەرخان کەسایەتییەکی ناودار، سیاسی و خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی کاریگەرە، بەڵام نەڕۆیشتنی عەمەرخان لەگەڵ شاندی باکوو سەرنجیان ڕادەکێشێ و ئەوان ئەو کردەوەیەی عەمەرخان وەک هەبوونی کێشەیەک دەزانن و لەگەڵ خۆیان و بیر لەوە دەکەنەوە کە: «ئاخۆ عەمەرخان متمانەی بە ڕووسەکان نییە؟».

بۆیە ڕووسەکان بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسە، کاتێک لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان سەرۆکعەشیرەتەکانی کورد و بەرپرسانی ئازەربایجان لە ورمێ لە «عەمەرخان»یان پرسیوە، کە بۆچی وەڵامی بانگهێشتی ئێمەت نەدا و نەڕۆیشتی بۆ باکوو؟ «عەمەرخان»یش وەها وەڵامیان دەداتەوە:

«بەو ئەزموونەی کە من لە سیاسەتی ڕووسەکان هەمە، بەتایبەتی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتە خراپەی کە ڕووسەکان لەگەڵ کوردان هەیان بوو،

بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە، لە بەرانبەر سیاسەتی ڕووسەکان زۆر وشیار بین، هەروەک من دەبینم ئێوە دەتانهەوێ کوردەکان وەک پردێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان بەکار بێنن و دواتریش ئێوە پشتمان بەر دەدن، بۆیە من ئەو بانگهێشتەی ئێوەم بە جددی وەرنەگرت».

بەم شێوەیە دوای ئەوەی ڕووسەکان لە بۆچوونی عەمەرخان ئاگادار دەبن و دەزانن کە عەمەرخان باش لە سیاسەتی ئەوان تێ دەگات، ئیتر بۆ ئەو مەبەستەی هەیان بووە، لێی بێهیوا دەبن و دەستی لێ هەڵدەگرن.

دواتر ڕووسەکان بیر لەوە دەکەنەوە، کە سەید عەبدوڵڵا شەمزینی بۆ ئەو مەبەستەی خۆیان بانگهێشت بکەن. سەید عەبدوڵڵا شەمزینی نەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و هاوخەباتی سمکۆی شکاک بوو. لەنێو خەڵکی کوردستانیشدا کەسایەتییەکی ناسراو و بروومەت بووە، بەڵام بەهۆی دژایەتیی زێرۆ بەگی هەرکی کە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێمیی ڕووسەکان هەبوو، بە ڕووسەکان دەڵێت: «سەید عەبدوڵڵا شەمزینی سەر بە ئینگلیزەکانە»، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییەی زێرۆ بەگ، ڕووسەکان دەست لە سەید عەبدوڵڵا شەمزینی دەشۆنەوە و دواتر بڕیار لە سەر دەستنیشانکردنی قازی محەمەد دەدەن و دوای چەند وتووێژێک لەگەڵ قازی محەمەد، پێکەوە ڕێک دەکەون.

**بەڵگەی ژمارە: ٦٢**

*(١٩٤٢، بەرگی IV، لاپەڕەی ٣٢٢)*
*تەلەگرامـــی ١٨٧١/ ٠٠٠ /٨٠١ لـــە وەزیـــری موختـــاری ئامریـــکا لـــە ئێـــران (بەڕێـــز دەریفـــووس) بـــۆ وەزارەتـــی دەرەوە*
*تـــاران، ١٩٤٢/٥/١٢، نیـــوەڕۆ نێـــردراوە، کاتژمێـــر ٩:٥٥ی ئێـــوارە گەیشـــتووە*

١٥١_ "کۆنیهـوڵم» نیـوەڕۆی ١١ی مایـس ڕاپۆرتـی داوە کـە ژێنراڵـی حاکـم، وەزیـری جەنـگ و کاربەدەسـتانی سـەربازیی ئێـران و سـۆڤیەت دوێنـێ شـەو لـە ڕەزاییـە (ورمـێ) گەڕاونەتـەوە بـۆ تـاران. کـوردەکان ئێسـتا تاڵانکارییەکانیـان ڕاوەسـتاندووە و ٢١ بازگـەی تێکەڵـی پۆلیـس (کـە ٢٠ سـەربازی ڕووس و ئەفسـەر و سـێ یـان چـوار ژاندارمـی ئێـران پێکهاتـووە) لەسـەر ڕێـگای نێـوان ڕەزاییـە (ورمـێ) و «خـۆی١» دانـراون بـۆ ئـەوەی خەڵکـی دانیشـتووی ناوچەکـە بپارێـزن.


سـۆڤیەتییەکان جـارێ بـەوە ڕازی بـوون کـە فەوجێکـی ئێـران لـە تـاران بنێردرێـت بـۆ ڕەزاییـە (ورمـێ). هیـچ خواسـتێک لـە ئـارادا نییـە بـۆ بەخشـینی ئیمتیـاز (چـوور) بـە کـوردەکان کـە گلـە و گازندەکانیـان لەجێـی خۆیـدا نییـە.

هێندێک لەو کەلوپەلە کە تاڵان کراوە، نێردراوە بۆ عێراق.

## بەڵگەی ژمارە: ٦٣

سەرنج: بەڵگەکە بۆ خۆی سێ لاپەرەیە، تەنیا وێنەی لاپەڕەی یەکەم و سێیەم دانراوە، بەڵام ناوەرۆکەکەی هەمووی نووسراوەتەوە.

ڕێکەوت: ١٣٢١/٢/٢٦ی هەتاوی ( ١٩٤٢/٥/١٦ی زایینی)



شماره ۱۱

تاریخ ۲۶/۲/۲۱

پیوست

وزارت کشور

استانداري استان چهارم

وزارت کشور

تلگراف شماره ۳ — ۲۰/ ۲/ ۱۳۲۱ البته ازلحاظ عالی گذشته وازجریان کاراجمالا استحضارحاصل فرموده اند پس ازحرکت تیمسارسرلشکروزیرجنگ که همه اهالی امیدواربا ستقرارامنیت وارامش بودند یکمرتبه خبررسید سواروپیاده اکراد ازمحلهائیکه رفته بودند مجددا برگشته ومانع عبورمروردرراه میباشند حتی ازیک سمت بدروازه شهرهم نزدیک شده یکعده مامورامنیه که برای حفاظت دریشت دیوارشهر ودروازه هاگذارده شده بوداکراد باانها شروع به تیراندازی نمودند بطوریکه صدای شلیک انهااهالی شهرراهراسان ووحشت زده نمود هنوزصدای تیرمی امد ویس کنسول باستانداری دعوت شد بعد گماندانی ویکنفرسرهنگ امدوضعیت رابیان کردم انهادرخواست نمودند که ازروسای عشایربشهراحضار وملاقات شودخودگماندان حاضرشد ورفت نوری بیك رئیس بیگزادگان ورشیدبیك رئیس هرکی راپنج ونیم بعدازظهرباستانداری اوردمتعاقبا چند نفرافسرشوروی وویس کنسول نیزرسیدند درحضور انهااین شرارت وتیراندازی مجدداکراد سئوال شداظهارکردندکه ماده روزقبل پیشنهادی دادیم ودرخواستهائی کردیم چون بماجوابی ندادنداین بودکه ماقوای خودمان رابطرف شهرسوق دادیم صورت پیشنهادات هشتگانه انهابضمیمه تقدیم میشود درضمن اظهارات دیگری که خیلی شبیه بهذیان بودبیان نمودند وجوابهای سخت ازبنده شنیدند وافسران شوروی رانیزواداركردم بانها سخت گفتند فقط یك ماده ازپیشنهادانهاکه امدن شهربطورازادوبدون اسلحه باشدبنده پذیرفتم حضوراقول دادندکه آدمهای خودراعقب کشیده ومزاحم نشوند امروزکه ۲۲اردیبهشت است اگرچه دراطراف شهردیده نمیشوند وصدای تیراندازی هم قطع شده ولکین دردهات هنوزبشرارت خودادامه میدهند امروزکه رئیس امنیه باچند نفرسربازشوروی رفته بودند محل یك سربازروسی راکه تیرتفنگ بپای او اصابت نموده بودباافسران ارتش ویك نفرازشهربانی رسیدگی نمایندکه ازکدام ظرف تیرخورده ودرنتیجه معلوم شدتیرازطرف اکرادبوده ولی اقایان قبول نکرده اند.

عده اکرادرادیده بودندکه درده خالی ازسکنه گندم که رعایادرچاه هاپنهان کرده اندپیداکرده گندم راحمل میکنند سربازان شوروی نیزبرای العین دیده بودند والساعه متظلمین باستانداری امده میگویند درراه گلمانخانه عده اکرادمزاحم عابرین هستند جلوعرابچی هاراگرفته اسبهای عرابه راباز کرده برده اند

وزارت کشور

استانداری استان چهارم

رونوشت پیشنهاد هشت گانه شماره تاریخ

۱ ــ اکراد در حمل اسلحه ازاد باشند .

۲ ــ یکهزارسیصد تفنگ که بدست دهاتی هابرای کشتن ما داده شده بماموریـن شوروی تحویل دهند .

۳ ــ درشهرهای وابسته باکراد نماینده ازطرف اکراد دراد ارات باشد .

۴ ــ دهات مرکور متعلق بسیدطه وسایراکراد است دولت بتصرف انهابدهد .

۵ ــ دهات صومای برادوست که دردست اکرادبود کمافی السابق بانهاواگذارشود

۶ ــ اکراد مسلحا بشهرامدو رفت نمایند .

۷ ــ امنیه منحل باشد .

۸ــ عده اکراد که زندانی هستند مرخص شوند .

رونوشت برابراصل است

وەزارەتی ناوخۆ

پارێزگاری پارێزگای چوارەم

هەڵبەت (ئەم باسە) بە ئاگاداری جەنابیان گەیشتووە و لە ڕەوتی جێبەجێبوونەکەی بە شێوەی گشتی ئاگادار کراونەتەوە. لە دوای دەستبەکاربوونی تیمساری وەزیری شەڕ کە خەڵکی بەگشتی لە جێگیربوونی ئاسایش هیوادار کرد، لەناکاو هەواڵ هات کە سوار و پیادە کوردەکان گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی پێشتر چۆڵیان کردبوو و بوونەتە هۆی ڕێگری لە هاتوچوو، تەنانەت لە لایەکیشەوە لە دەروازەی شار نزیک بوونەتەوە و یەکەیەک لەو هێزە ئەمنییەی کە بۆ پاراستن لە پشتی دیوار و دەروازەی شار دانرابوون، لەلایەن کوردەکانەوە تەقەیان لێ کراوە و دەنگی تەقەکانیان دانیشتوانی شارەکەی ترساندووە و هەراسانی کردوون. هێشتا دەنگی تەقە دەهات کە کونسوول بۆ پارێزگا بانگهێشت کرا و دواتر (کۆماندان) و سەرهەنگێک هاتن و بارودۆخەکەم پێ ڕاگەیاندن. ئەوان داوایان کرد سەرۆکی عەشایری شار بانگهێشت بکرێن و چاوپێکەوتنی لەگەڵیان هەبێت. دواتر کماندان بۆ خۆی ئامادە بوو و پاشان ڕۆیشت و نووری بەگ سەرۆکی بەگزادەکان، هەروەها ڕەشید بەگ سەرۆکی هۆزی هەرکی لە کاتژمێر پێنج و نیوی دوانیوەڕۆ هێنانییە نێو بینای پارێزگاوە. دواتر چەند ئەفسەری سۆڤیەت و کونسوول گەیشتن. بە ئامادەبوونی ئەوان، دیسان ئەم ئاژاوەگێڕی و تەقەکردنەی سەرلەنوێی کوردەکان خرایەوە بەرباس. کوردەکان وتیان ئێمە دە ڕۆژ پێش لە ئێستا کۆمەڵێک پێشنیار و داخوازیمان خستووەتە ڕوو، لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکیان پێ نەدراینەوە، بۆیە هێزەکانمان بەرەو نزیکی دەروازەی شار جووڵاندووە.

لیستەی پێشنیارەکانمان کە لە هەشت خاڵ پێک هاتووە بە هاوپێچکراوی پێشکەشتان دەکرێت، هەروەها زۆر قسەی دیکەشیان دەربڕی کە بێبنەما بوون و وەڵامی توندی منیان لەو بارەوە گوێ لێ بوو. هەروەها ئەفسەرەکانی سۆڤیەتیشم ناچار کردەوە کە بە توندی لەگەڵیان بدوێن. لەو خاڵانەی خرانە ڕوو تەنیا یەک خاڵم قەبووڵ کرد، ئەویش ئەوە بوو کە دەتوانن بە ئازادی و بەبێ چەک بێنە نێو شارەوە. ئەوانیش لەوێ بەڵێنیان دا کە هێزەکانیان بکشێننەوە و کێشە بۆ نێوشار دروست نەکەن. ئەمڕۆ کە ٢٢ی بانەمەڕە، ئەگەرچی لە دەور و پشتی شار نابیندرێن و دەنگی تەقەیان نایەت، بەڵام هێشتا لە گوندەکان لە شەڕەنگێزیی خۆیان بەردەوامن.

ئەمڕۆ بەرپرسی ئاسایش هاوڕێ لەگەڵ چەند سەربازی سۆڤیەت چووبوونە ناوچەکە، سەربازێکی ڕووسی کە فیشەک وەبەر لاقی کەوتبوو، لەگەڵ ئەفسەرەکانی ئەرتەش و یەک کەس لە شارەوانییەوە لێکۆڵینەوەیان کرد بۆ ئەوەی بزانن لە کام لاوە فیشەکی بەر کەوتووە و لە ئەنجامدا دەرکەوت کە فیشەکەکە لەلایەن کوردەکانەوە لێی دراوە، بەڵام ئەوان نکۆڵییان لەو ڕاستییە دەکرد.

ژمارەیەک کەس کوردەکانیان دیبوو کە لە گوندێکی چۆڵکراو، خەریکی تاڵانکردنی ئەو گەنمانە بوون کە لەلایەن خەڵکەوە لەنێو بیرەکان حەشار درابوو. سەربازە سۆڤیەتییەکانیش بە چاوی خۆیان ئەوەیان بینیبوو. ئێستا خەڵکی ستەملێکراو هاتوونەتە پارێزگا و دەڵێن لەڕێگەی گوڵمەخانە، ژمارەیەک لە کوردەکان ڕێگەیان بە خەڵک و ئەڕابەچییەکان گرتووە و ئەسپی ئەڕابەکانیان کردووەتەوە

و لەگـەڵ خۆیـان بردوویانـە.

بەمشـێوەیە لـە شـوێنی جۆراوجـۆر سـەرقاڵن، بـەو بۆنـەوە بـە ڕاشـکاوی عەرزتـان دەکـەم ئـەم هەنگاوانـەی هەڵگیـراوە، یـان لەلایـەن پارێـزگاوە هەڵدەگیـردرێ، بەگشـتی هەوڵـی بـێ ئاکامـن و ئەگـەر بـۆ مـاوەی دوو کاتژمێـر هێمنایەتـی جێگیـر بێـت، دیسـانەوە نائارامـی سـەرهەڵ دەدات، دەبـێ چارەسـەری بەپەلـە و یەکلاکـەرەوە بکرێـت. خەڵکــی دامــاوی ڕەزاییــە (ورمــێ) چ تاوانێکیــان کــردووە کــە ٢٨٠ گوندیــان تــاڵان کــراوە، تەنانــەت دەرگا و دەلاقــە و دار و تەختــەی بنمیچــی خانووەکانیانیشــیان لەجــێ هەڵکەنــدووە و بردوویانــە. ئێسـتا سـەرلەنوێ سـەبارەت بـە ئاژاوەگێڕییـە تازەکانـی کـوردەکان، نامەیەکـم بــۆ کونســوولخانە نووســیوە تــا لەنــاو پارێــزگا کۆبوونەوەیەکــی چەندقۆڵــی بــە بەشــداریی ســەرکردە نیزامییەکانــی ئەرتەشــی ســوور و کونسـوول پێـک بهێنیـن کـە لەبـارەی دانانـی بازگـەی ئەمنـی کـە پێشـوەختە لـە نێـوان تیمسـاری وەزیـری شـەڕ (بەرگـری) و کاربەدەسـتە بەرزەکانـی ئەرتەشـی سـوور ڕێککەوتنـی لەسـەر کـراوە، وتووێـژ بکەیـن و بـۆ دابینکردنـی ئاسایشـی ئـەم سـنووره بـە کـوردەکان فەرمـان بـدەن تاکـوو دەسـت لـە ئاژاوەگێـڕی و تاڵانچییەتـی هەڵبگـرن و بـا ڕەعیـەت بگەڕێنـەوە سـەر شـوێنی خۆیـان و ئەگـەر بێـت و وا نەبێـت و تـا سـێ چـوار ڕۆژی دیکـە کشـتوکاڵی خۆیـان ئاودێـر نەکـەن، بەروبوومـەکان وشـک دەبـن و لـە ئەنجامـدا قاتوقـڕی سـەرلەبەری ئـەم ناوچەیـە دەگرێتـەوە کـە ئاکامـی ئـەوەش خـودی ئەرتەشـی سـوور و خەڵکـی لێقەومـاوی ئـەم شارسـتانە دەگرێتـەوە.

ڕوونووسی پێشنیاری هەشت خاڵیی کوردەکان:

١-کوردەکان لە هەڵگرتنی چەکەکانیان ئازاد بن.

٢-ئـەو ١٣٠٠ چەکانـەی کـە (لەلایـەن ئێرانییەکانـەوە) بـە مەبەستی کوشـــتنی ئێمـــە بـــە دێهاتییـــە (ئازەرییـــەکان) درابـــوون، ڕادەســـتی کاربەدەســـتانی ســـۆڤیەتی بکرێتـــەوە.

٣- لـەو شـارانەی کـە سـەر بـە کوردەکانـن، نوێنـەری کـوردەکان لـە دامـودەزگا ئیدارییەکانـدا هەبـن.

٤-دێهاتەکانـــی مرگـــەوەڕ، ســـەر بـــە ســـەید تەهـــا و کوردەکانـــی دیکـــەن و دەبـــێ دەوڵـــەت بۆیانـــی بگەڕێنێتـــەوە.

٥-دێهاتەکانـــی ســـۆما و برادۆســـت کـــە بەدەســـت کوردەکانـــەوە بـــوون، بـــە هەمـــان شـــێوەی پێشـــوو ڕادەســـتی خۆیـــان بکرێتـــەوە.

٦-کوردەکان بە چەکەوە هاتوچووی شار بکەن.

٧-هێزی ئەمنییە هەڵبوەشێتەوە.

٨-کوردە زیندانیکراوەکان ئازاد بکرێن.

## بەڵگەی ژمارە: ٦٤

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

صائینه

رونوشت گزارش شهربانی ر مورخه ۸/ ۳/ ۲۱ شماره ۱۸٤

شهربانی کل ـ تعقیب ۱۸۱ بطوریکه روزگذشته بعرض رسیده قریب شصت نفر ازاکراد شکاک وعبدوی واکراد هرکی وبیگزاده محال ثلاث بشهروارد با مقامات مربوطه ارتش سرخ وکنسول شوروی ملاقات وبرحسب دعوت کنسول شوروی در ساعت ۱۸ امروز جناب استاندار بکماندانی ارتش سرخ رفته با حضور کنسول شوروی وافسران عالی رتبه ارتش سرخ ازروسای اکراد شکاک وهرکی وحتی عمرخان بخشداری صومای برادوست که با اشرارهمدست بود ملاقات وروسای اکراد اطمینان وتامین خواسته اند جناب استاندارهم قبول وتامین داده وضمنا بعمرخان دستور داده اند که برای تامین راه شاهپوررضائیه درموقع عبورنیروی اعزامی درراه باشد بهرحال روسای اکراد با سواران وکسان خود که از دوروزقبل برضائیه آمده وارد شهر و دو یکصد وپنجاه نفرمیباشند فعلا درشهرمتوقف وقریب دویست نفراز سوار آنها نیزدر اطراف شهرمتوقف شده اند وروسها اجازه نداده اند که همه آنها بشهربیایند چون اهالی ازورود مسلحانه آنها مضطرب بودند تبلیغات لازم واقدامات احتیاطی نیزبعمل آمده انتظامات ازهرحیث برقرار است وضعیات اکراد وسیله شهربانی خوی بفرمانده نیروی اعزامی رمزا آگهی داده شده

پاسیار ۱ جلیلوند ٠

رونوشت با اصل یکسان است٠

X

X

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەریی گشتیی شارەوانی

ڕوونووسی ڕاپۆرتی شارەوانیی ورمێ

ڕێکەوتی: ٨/ ٣/ ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢/٥/٢٩ی زایینی)

شارەوانیی گشتی _ پەیوەستی (١٨١) بەو شێوەیەی کە دوێنێ پێمان ڕاگەیاندن، نزیکەی ٦٠ کەس لە کوردە شکاکەکان، عەودۆییەکان، هەرکییەکان و بەیگزادەی «مەحاڵی سەلماس» هاتوونەتە نێوشار و لەگەڵ بەرپرسە پێوەندیدارەکانی ئەرتەشی سوور و کونسوولی سۆڤیەت چاوپێکەوتنیان هەبووە و بەپێی بانگهێشتی سۆڤیەت، کاتژمێر ١٨ی ئەمڕۆ، جەنابی پارێزگار (...؟) ئەرتەشی سوور ڕۆیشتووە و بە ئامادەبوونی کونسوولی سۆڤیەت و ئەفسەرانی پلەبەرزی ئەرتەشی سوور دیدارێکی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی شکاک و هەرکی و تەنانەت عەمەرخان سەرۆکی ناحیە کە لەگەڵ ئاژاوەگێڕان هاودەست بوون، پێک هێناوە کە لەوێدا سەرکردە کوردەکان داوای دڵنیابوونەوە و پارێزراوبوونیان کردووە و جەنابی پارێزگار ئەم داوایەی قەبووڵ کردووە و بە عەمەرخان فەرمانیان داوە کە بۆ پارێزگاری لە ڕێگەی شاهپوور (سەڵماس) _ ورمێ لە کاتی تێپەڕینی هێزی نێردراو، لەوێ ئامادە بن. بەهەرحاڵ سەرکردە کوردەکان لەگەڵ سوارەکانیان و هاوڕێیانیان کە لە دوو ڕۆژ لەمەوپێشەوە هاتوونەتە ورمێ و نزیکەی ١٥٠ کەس دەبن، جارێ هێشتا لەنێو شار ڕاگیراون و نزیکەی ٢٠٠ کەس لە سوارەکانیشیان لە دەوروبەری شار ڕاگیراون. ڕووسەکان ڕێگایان نەداوە هەموویان بە یەکجار بێنە نێو شارەوە، لەبەرئەوەی دانیشتوان لە هاتنەژوورەوەی ئەوان بە چەکەوە، نیگەران بوون.

لــە بــواری ڕاگەیانــدن و گرتنەبــەری ڕێوشــوێنی پێویســتی ئەمنــی، هەمــوو هەنگاوێــک هەڵگیــراوە و دۆخەکــە بەتــەواوی جێگیــرە و بارودۆخــی کــوردەکان لەلایــەن شــارەوانیی خــۆی بــە فەرمانــدەی نێــردراو بــە ڕەمــزی ئاگادارکردنــەوە ڕادەســت کــراوە.

## بەڵگەی ژمارە: ٦٥

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

رونوشت گزارش شهربانی رضائیه مورخه ۲۱/۳/۹ شماره ۱۹۱

X

شهربانی کل ـ تعقیب ۱۸٤ روسای اکراد که برضائیه آمده بودند تا امروزصبح تدریجا ازرضائیه خارج عده قلیلی ازآنها درشهربانی میباشند بغیرازملاقاتیکه جناب استاندارد رکماندانی ارتش سرخ روزهفتم ما جاری ازآنها نمود نسبت باعمال گذشته آنها عفووتامین داده اند وروسای اکراد بهیچوجه به ادارات دولتی وحتی استانداری نرفته مرتبا درکماندانی ارتش سرخ واداره سیاسی نظامی ارتش سرخ وکنسولگری شوروی با آنها ملاقات داشته وبهیچوجه راجع به استرداد اموال غارتی اساسا مذاکراتی نشده واقدامی هم بعمل نیامده است ونیزراجع به استرداد اتومبیل امنیه که نزد اکراد میباشد واسلحه که ازآنها گرفته اند هیچگونه مذاکراتی بعمل نیامده ونیزرفتن جناب استاندار بکماندانی

X

ونیامدن روسای اکراد به ادارات دولتی در افکارعمومی وجهه نامطلوبی ایجاد کرده واکراد هم در این دوروزه درشهرخرید اسلحه درشهرمبادرت فروشندگان راتحت تعقیب قرارداده وازخرید وفروش اسلحه شهربانی جلوگیری نموده.

پاسیار ا ـ جلیلوند.

رونوشت با اصل یکسان است.

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی

ڕوونووسی ڕاپۆرتی شارەوانیی ورمێ، ڕێکەوتی: ١٣٢١/٣/٩ی هەتاوی (١٩٤٢/٥/٣٠ی زایینی)

شارەوانیی گشتی - پێڕەوی نامەی ١٨٤، ئەو سەرۆک کوردانەی کە هاتبوونە ورمێ، تاکوو بەیانی ئەمڕۆ بەرەبەرە لە شار ڕۆیشتنە دەرەوە و ژمارەیەکی کەم لەوان لە شارەوانیدان. جیا لەو چاوپێکەوتنەی کە جەنابی پارێزگار و ئەرکانی فەرماندەیی ئەرتەشی سوور، ڕۆژی حەوتەمی ئەو مانگە لەگەڵیان ئەنجام درا، لەبارەی کردەوەکانی ڕابردوویان لێخۆشبوون و ئەمانیان پێ درا، سەرۆکە کوردەکان بە هیچ جۆرێک بۆ ئۆرگانە دەوڵەتییەکان و تەنانەت پارێزگاریش نەڕۆیشتن. لەلایەن ئەرکانی فەرماندەیی ئەرتەشی سوور و بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی - نیزامی ئەرتەشی سوور و کونسوولی سۆڤیەت بەردەوام لەگەڵ ئەوان چاوپێکەوتنیان هەبووە، بەڵام لە ئەساسدا هیچ جۆرە دانوستاندنێک لەبارەی ڕادەستکردنەوەی داراییە تاڵانکراوەکان نەکراوە و هەنگاوێکیش لەو پێناوەدا هەڵنەگیراوە. هەروەها لەبارەی ڕادەستکردنەوەی ترۆمبێلەکانی هێزە ئەمنییەکان کە لەدەست کوردەکاندایە و ئەو چەکانەی کە لێیان وەرگرتوون، هیچ جۆرە دانوستانێک ئەنجام نەدراوە، هەروەها ڕۆیشتنی جەنابی پارێزگار بۆ ئەرکانی فەرماندەیی ئەرتەشی سوور و نەهاتنی سەرۆکە کوردەکان بۆ ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، باندۆرێکی ناحەزی لەسەر بیروڕای گشتی داناوە، هەروەها کوردەکانیش لەم دوو ڕۆژە لە شار دەستیان بە کڕینی چەکوچۆڵ کردووە و فرۆشیارەکانیش لەژێر چاوەدێری خراون و پێشیان بە کڕین و فرۆشتنی چەکی شارەوانی گرتووە.

پاسیار ١ جەلیلوەند

## بەڵگەی ژمارە: ٦٦

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

رونوشت گزارش شهربانی رضائیه مورخه ۲۰/ ۳/ ۲۱ شماره ۲۰۵

X شهربانی کل – ازیکماه قبل اکراد جلالی ماکوکه به غارت دهات اشتغال داشته‌اند اخیراغارت گری خودراشدت داده واکراد جلالی هم که دردهات شاهپورساکن ودرغائله اخیرباکراد شاهپوردرغارت دهات خوی وشاهپورشرکت داشته‌اند بطرف ماکوحرکت کرده اندکه باکراد جلالی ملحق شوند وبطوریکه اطلاع حاصل شده است مامورین ارتش سرخ علاوه برحمایتی که ازاکراد جلالی وسایراکراد ماکو می‌نمایندعده ازاکرادراهم که دربازداشت امنیه وشهربانی ماکوبوده اندمرخص وحتی بمامورین امنیه قدغن هم نموده اندکه نباید بطرف اکراد تیراندازی شود –

X باسوابقی که بنده باکراد جلالی ماکودارم وازروحیات آنهامطلعم هرگاه اقدام موثری بویژه جلوگیری ازشرارت اکراد جلالی بزودی نشود ممکن است عده از اکراد جلالی وسایراکرادآنهائیکه درسنوات اخیربه ترکیه مهاجرت نموده اند باآنهاملحق شده غارت گری رانه تنهادرماکوادامه خواهند داد ممکن است بخاک ترکیه ویاشوروی هم تجاوزنموده زحمات زیادی برای دولت فراهم نمایند چنانچه ازسال ۱۳۰۷ تاسال ۱۳۱۱ نیروی لشگرشمالغرب برای دفاع وجلوگیری

x

وزارت کشور
اداره کل شهربانی

روNوشت ۲ مورخه شماره

از شرارت و دفع آنها اقدام و عده مزیادی افسر و افراد برای رفع غائله آنها شهید گردیدند و بعلاوه شرارت اکراد جلالی منجر به تیرگی روابط دولت ترکیه با ایران گردید که با اقدامات مرتفع شد بنابراین تا اکراد نامبرده اقتدار سابق را بدست نیاورده اند باید از آنها جلوگیری نمود - پاسیار ۱ جلیلوند .

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی

لــە پێشنووســی ڕاپۆرتــی شــارەوانیی ڕەزاییــە (ورمــێ) ڕێکەوتــی: (١٩٤٢/٦/١٠) ١٣٢١/٣/٢٠ ژمــارە ٢٠٥

شـارەوانیی گشـتی/ لـە یـەک مانـگ لەمەوبـەرەوە کوردانـی جەلالیـی ماکــۆ کــە خەریکــی تاڵانکردنــی گونــدەکان بــوون و بــەم دواییانــە تاڵانکارییەکانــی خۆیــان زیاتــر کــردووە و کوردانــی «جەلالــی»ش کــە لـە گوندەکانـی شـاهپوور (سـەڵماس) نیشـتەجێن و لـە ئاژاوەکـەی ئـەم دواییانــەدا کــە لەگــەڵ کوردانــی شــاهپوور (ســەڵماس) لــە تاڵانکردنــی گوندەکانــی خــۆی و شــاهپوور (ســەڵماس)دا بەشــدار بــوون، بــەرەو ماکــۆ جــووڵاون بــۆ ئــەوەی پەیوەســت بــە کوردانــی جەلالــی بــبن. وەک زانیاریــمان پــێ گەیشــتووە، هێزەکانــی ئەرتەشــی ســوور جگــە لــە پشــتیوانیکردنیان لــە کوردانــی جەلالــی و کوردەکانــی دیکــەی ماکــۆ، ژمارەیــەک لــەو کوردانەشــیان ئــازاد کــردووە کــە لەلایــەن ئەمنییــە و شــارەوانییەوە دەستبەســەر کرابــوون و تەنانــەت لــە هێزەکانــی ئەمنیەیــان قەدەغــە کــردووە کــە تەقــە لــە کــوردەکان بکــەن.

بــە گوێــرەی ئــەو ڕابردوویــەی کــە مــن لەگــەڵ کوردانــی جەلالیــی ماکـۆ هەمـە و ئـاگاداری خوڵـق و خـووی ئەوانـم، ئەگـەر بـۆ پێشـگرتن لـە ئاژاوەنانـەوەی کوردانـی جەلالـی بەخێرایـی کاری پێویسـت نەکـرێ، ئـەوە ڕەنگـە ژمارەیـەک لـە کوردانـی جەلالـی و کوردانـی دیکـە، ئەوانـەی لــە ســاڵانی ڕابــردوودا بــەرەو تورکیــا کۆچیــان کــردووە، بەوانــەوە پەیوەســت بــن و نــەک هــەر لــە ماکــۆ درێــژە بــە تاڵانکارییەکەیــان بــدەن، بەڵکــوو ڕەنگــە دەســتدرێژی بکەنــە ســەر خاکــی تورکیــا، یــان ســۆڤیەتیش و کێشــەی زۆر بــۆ حکوومــەت ســاز بکــەن. وەک چــۆن

لــە ســاڵی ١٣٠٧ تــا ســاڵی ١٣١١، هێــزی لەشــکەری باکــووری ڕۆژئــاوا بــۆ بەرگــری و پێشــگرتن لــە ئاژاوەگێــڕی و پاشەکشــەپێکردنیان چالاکیــی کــرد و ژمارەیەکــی زۆر ئەفســەر و کەســانی دیکــە بــۆ کۆتاییهێنــان بــەو ئاژاوەیــە شــەهید بــوون و جیــا لەمــەش ئاژاوەنانــەوەی کوردانــی جەلالــی بــووە هــۆی ئاڵۆزبوونــی پێوەندییەکانــی حکوومەتــی تورکیــا لەگــەڵ ئێــران کــە دواتــر بــە کاری پێویســت چارەســەر کــرا، هەربۆیــە تــا کوردانــی ئاماژەپێکــراو، هێــزی ڕابردوویــان وەدەســت نەهێناوەتــەوە دەبــێ پێشــیان پــێ بگیرێــت.

پاسیار ١ جەلیلوەند

## بەڵگەی ژمارە: ٦٧

وزارت کشور
اداره کل شهربانی

رونوشت گزارش شهربانی رضائیه مورخه ۲۳/ ۳/ ۲۱ شماره ۴۱۱

شهربانی کل ــ ۷۲۷۳ــ ۲۱/ ۳/ ۲۱ــ درمورد اشخاصیکه تحصیل اسلحه ــ نموده اند نتیجه مطالعه وبازجوئی را بشرح زیر معروض میدارد .

۱ــ پس ازوقوع حوادث شهریورماه گذشته اسلحه هائیکه دردست افراد ــ لشگرهای ۳و ۴ شمالغرب بود موفرارا بخانه های خود برده اند درمیان اهالی بویژه اکراد گرم سیریان خرید وفروش می شده است ۲ــ پاره ازپادگانهای کوچك که درمرزها بوده اند ازطرف اکراد درموقع ورود نیروی شوروی بایران خلع سلاح وپادگانها را معدوم وپس ازخلع سلاح مرخص کرده اند ۳ــ بواسطه باز بودن مرزهای عراق اکراد واثوریها ازحدود موصل ورواند وزتاحدیکه توانسته اند آشکارا ومخفیانه اسلحه خریداری نموده اند ــ ۴ــ پس ازوقوع حوادث شهریور ماه گذشته عده ازروسای اکراد بخاك شوروی برای سیاحت رفته بودند در ــ مراجعت بانها کمك هائی ازحیث اسلحه شده وتا این تاریخ هم برای تقویت ــ تسلیحات کمك وحمایت میشود ودرمورد جمع آوری اسلحه هائیکه درشهرموجود است اسلحه را درشهرمقتضی ندانسته اند وبه عقیده بنده هم فعلا مقتضی نیست زیرا اولا قسمت عمده ساکنین شهرعجم که مطیع دولت بوده وتقریبا یك ربع ساکنین شهرمسیحیان آثوری وارمنی کلیمی بوده چون به ارتش سرخ تظاهرات دولتی نشان داده وخود را طرفدار وجانب دار آنها جلوه داده اند ازآنها حمایت و جانب داری وطبعا درموقع جمع آوری اسلحه ازشهر اسلحه عجم ها جمع آوری

وزارت کشور
اداره کل شهربانی

رونوشت ۲ مورخه شماره

واسلحه آثوریها بوسایل مختلفه مخفی وبابدهات خارج شهرکه آثوری نشینی هستند انتقال داده وبدون ترتیب اسلحه آنها حفظ وعجم ها خلع سلاح — خواهند گردید از طرفی هم عکس العمل جمع آوری اسلحه درشهرد رمیان اکراد منعکس واین موضوع را نیزدست آویز قرار داده وبشرارت خود ادامه خواهند داد — پاسیار ۱ جلیلوند ۰

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی

ڕوونووسـی ڕاپۆرتـی شـارەوانیی ورمـێ، ڕێکەوتـی: ٢٣/ ٣/ ١٣٢١ی هەتـاوی (١٩٤٢/٦/١٣ی زایینـی)

شـارەوانیی گشـتی – ٧٢٧٣ – ١٣٢١/٣/٢١ – ئاکامـی بەدواداچـوون و لێکۆڵینـەوە لەبـارەی ئـەو کەسـانەی کـە چەکیـان دەسـت خسـتووە، بـە شـێوەی خـوارەوە پێتـان ڕادەگەیەنیـن:

١ – لـە دوای ڕووداوەکانـی مانگـی خەرمانانـی ڕابـردوو، ئـەو چەکانـەی کـە لەدەسـت ئەندامانـی لەشـکرەکانی سـێ و چـواری باکـووری ڕۆژئـاوا بـووە و هەڵاتـووەکان بردوویانەتـە ماڵـی خۆیـان و لـە نێـوان خەڵکەکـە و بەتایبـەت کوردەکانـی دانیشـتووی گەرمیـان کڕیـن و فرۆشـتنی پێـوە کـراوە.

٢ – هێندێـک لـەو سـەربازگە بچووکانـەی کـە لەسـەر سـنوورەکان بـوون، لـە کاتـی هاتنـە نـاوەوەی هێزەکانـی سـۆڤیەت بـۆ ئێـران، لەلایـەن کوردەکانـەوە لـە چـەک داماڵـدراون و بنکـەکان لەنـاو بـراون و سـەربازە چەککـراوەکان ئـازاد کـراون.

٣ – بەهـۆی ئاوەڵابوونـی سـنوورەکانی عێـراق، کـوردەکان و ئاشـوورییەکان لـە سـنووری مووسـڵ و ڕەوانـدز هەتـا پێیـان کـراوە بـە ئاشـکرا و شـاراوە چەکیـان کڕیـوە.

٤ – لـە دوای ڕووداوەکانـی مانگـی خەرمانانـی ڕابـردوو، بەشـێک لـە سـەرۆکە کـوردەکان کـە بـۆ گەشـت و سـەیران ڕۆیشـتبوونە سـۆڤیەت، لـەوێ لـەڕووی چەکوچۆڵـەوە یارمەتـی دراون و تـا ئـەم سـاتەش بـۆ بەهێزکردنیـان لـە بـواری چـەک و تەقەمەنییـەوە یارمەتـی و پشـتیوانی دەکرێـن.

لەمەڕ کۆکردنەوەی ئەو چەکانەی لەنێو شاردایە، بەڕای منیش ئێستا کۆکردنەوەی چەک لەنێو شار پێویست نییە، لەبەرئەوەی کە: یەکەم، زۆربەی دانیشتوانی شار عەجەمی سەر بە دەوڵەتن و نزیک بە چارەکێک لە دانیشتوانی شاریش مەسیحی و ئاشووری و ئەرمەنی و کەلیمین و بەهۆی ئەوەی ئەوان لەلای ئەرتەشی سوور بە خۆپیشاندانی دژی دەوڵەتی، خۆیان بە لایەنگری ئەوان نیشان داوە، پشتگیرییان لێ دەکرێ و بەو پێیە لە کاتی کۆکردنەوەی چەکی عەجەمەکان لەنێو شار، چەکی ئاشوورییەکانیش لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەشاردرێنەوە، یان دەگوازرێنەوە بۆ دێهاتە ئاشووری‌نشینەکانی دەرەوەی شار و بەمجۆرە چەکەکانی ئەوان دەپارێزرێن و عەجەمەکانیش لە چەک دادەماڵدرێن. لەلایەکی دیکەوە کاردانەوەی کۆکردنەوەی چەک لەنێو شار، لەناو کوردەکان دەنگ دەداتەوە و ئەم بابەتەش دەبێتە بیانوویەک تاکوو ئەوانیش بۆ درێژەپێدان بە شەڕەنگێزییەکانی خۆیان بەکاری بێنن.

_ پاسیاری یەک جەلیلوەند

## عەمەرخان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک):

ساڵی ١٩٤١، دوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە شەڕی دووەمی جیهانی و لەکار دوورخستنەوەی ڕەزا شا، هەروەها لاوازیی دەسەڵاتی ساوای محەمەدڕەزا شای کوڕی، لە ئێراندا دەرفەتێک بۆ ئازادی لە هەرێمەکانی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبووە پێش.

بەپێی ڕەوشی ئەوکات لە ١٩٤٢/٠٨/١٦ لە شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ- ک) لەلایەن ١١ کەسی ڕوشنبیر و وڵاتپارێزەوە دامەزراوە و دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە کۆبوونەوەکانیان بە شێوەیەکی شاراوە و نهێنی بەڕێوە بردووە و ئەم کەسانەی کە ناویان لێرەدا هاتووە، دامەزرێنەی کۆمەڵەی ژێکاف بوون:

- محەمەد نانەوازادە، عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسێن فرووهەر، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵلا داوودی، محەمەد یاهوو، مەلا قادر مودەڕسی، سدیق حەیدەری، عەبدولڕەحمان کیانی و سەروان میرحاج (ئەفسەری کوردی باشووری کوردستان).

عەمەرخانیش بەو پێوەندییەی کە لەگەڵ کەسانی وەک عەبدولڕەحمان زەبیحی و هێندێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک) هەیبوو، بەشداری لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک)دا کردووە. هەروەها کوڕەکەی بە ناوی نەجیب لەگەڵ مامۆستای دینیی گوندەکەیان کە ناوی مەلا شەرەفەدین بووە، ناردووەتە مەهاباد و بە هەموو هێزی خۆی پشتیوانیی لەو بزاڤە نەتەوەییە دەکرد.

مەرامنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ- ک) لەم چوار خاڵە پێک هاتبوو:

١- خەبات لەدژی ناکۆکی، چەند دەستەیی و بێگانەپەرەستی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان.

٢- ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە زنجیری کۆیلەتی و ژێردەستەیی.

٣- تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، کە هەرێمە کوردنشینەکانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە لەخۆ بگرێت.

٤- بەکارنەهێنانی خەباتی چەکداری و پێداگریکردن لەسەر خەباتی مەدەنی و پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەنێو کورداندا.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، عەمەرخان داوای لە هەموو عێلەکانی شکاک کردووە، کە هاوسۆزی و ئەمەگداریی خۆیان بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک) ڕابگەیەنن و لەگەڵی کار بکەن.

بەم شێوەیە لە هەرێمی شکاکەکاندا، خەڵک لەڕێگای مەلا شەرەفەدین، هەروەها «قازی عەبدولوەهاب»ەوە، کە لە مەهابادەوە ڕۆیشتبووە گوندی «حاجی جەفان» لای قۆتاز مامەدی، سوێندی وەفاداری بۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک) دەخۆن و دەبنە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە نەتەوەییە. بۆ وەرگرتنی هەر ئەندامێک، پێویست بوو ئەو کەسە لەلایەن سێ کەسەوە پشتگیریی لێ کرابا و دواتر سوێندی خواردبا.

سوێندی شەرەفی ئەندامەتی و پابەندبوون بە بنەما نەتەوەییەکانی (ژ- ک) بەم شێوەیە بوو:

١- خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات.

٢- بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات بکات.

٣- نهێنییەکانی (ژ-ک) چ ئەوانەی بە نووسراوەن، یان ئەوانەی زارەکین، بپارێزێت.

٤- تا کۆتایی تەمەنیان وەک ئەندامی (ژ-ک) بمێنێتەوە.

٥- هەموو ژن و پیاوی کورد، بە خوشک و برای خۆی بزانێت.

٦- نابێ بەبێ ئیزنی (ژ-ک) ببێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی دیکە.

بـەم شـێوەیە لـە ورمێـش زێـرۆ بەگـێ هەرکـی، نـووری بەگـێ بەگـزادە و ...هتـد تێکـەڵ بـە کار و خەباتـی (ژ-ک) دەبـن. کار و خەباتـی (ژ-ک) تـا سـاڵی ١٩٤٥ لەسـەر بنەمایەکـی بەهێـزی نەتەوەیـی بـەردەوام بـووە و بـە هـەزاران وڵاتپارێـز لـە زۆربـەی هەرێمەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەنێـو (ژ-ک)دا سـازمان دەدرێـن.

(ژ-ک) بـە هەبوونـی پێوەندییەکانـی لەگـەڵ «حیزبـی هیـوا» لـە باشـووری کوردسـتان و لەگـەڵ «خۆیبـوون» و وڵاتپارێزانـی باکـووری کوردسـتان، توانیبـووی سـەرنجی کاربەدەسـتانی سـۆڤیەت و هەسـتیاریی دەزگا هەواڵگرییەکانـی ئێرانـی و بیانـی بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت.

سەرنجڕاکێشـە کـە لـەم بـوارەدا سەرکونسـوولی ڕووسـیە لـە ماکـۆ لـە ڕاپۆرتێکـی خۆیـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی ڕووسـیە نووسـیویەتی:

«کاتێـک عەمەرخـان بـۆ دامەزراندنـی لقەکانـی (ژ-ک) نوێنـەری خـۆی بـۆ ماکـۆ و دەوروبـەری دەنـارد، زۆر جـاران داوای لـە سـۆڤیەت دەکـرد کـە پشـتیوانی لـە کـورد بکـەن بـۆ سـەربەخۆیی، بـەڵام ئێمـەش لـە ڕێـگای باڵوێـزی سـۆڤیەتەوە لـە تـاران و ...هتـد، بـە کوردەکانمـان دەگـوت: «مـژاری سـەربەخۆیی کوردسـتان، لەگـەڵ ڕەوشـی ئێسـتا ناگونجـێ و، نابـێ ئـەو داوایـە پێشـوەخت لـە ئێمـە بکرێـت، هەروەهـا ئامۆژگاریـی ئەوانمـان دەکـرد کـە دەبـێ کـوردەکان لەگـەڵ ڕێکخـراوە دێموکراتیکەکانی ئێـران کار بکـەن و بـەم شـێوەیە مافـە دێموکراتیکەکانیـان بەدەسـت بخـەن. دوای ئـەم ئاگادارییـە، نەمانهێشـت عەمەرخـان لـە چالاکییەکانـی ئۆرگانیزەکردنـی لقەکانـی (ژ-ک) لـەو هەرێمانـەدا سـەرکەوتوو بێـت.

## بەڵگەی ژمارە: ٦٨

اداره ..................

رونوشت گزارش رضائیه وزارت پست وتلگراف وتلفن

شماره ۷۹ تاریخ ۲۱/۷/۲۱ وزارت/اداره/حرکت ............ که اصل آن بشماره .................. ثبت شده

وزارت ــ عین گزارش ۱٦ و ۱۷ مهاباد که امروز رسیده مخابره میشود ۰

۷۹ / ۲۱/۷/۲۱ نصری

چند روزاست عمرشکاك که بوسیله زرونام مشغول اخطاربکلیه عشایر اطراف مهاباد ومیاندوآب وبوکان بوده اخیرا روسای عشایرکردستان واستان ٤ درمهاباد جمع شده اندودرشهرنیزشبها مجلس محرمانه دایرمیشود ۰ ازقراراطلاع حاصله جهت اخراج عده ازشهرمیباشد که بعد ازرفتن عمرشکاك عملی خواهند نمود ۰

۲ ــ درساعت ۱۵/۷/۲۱ عمرخان باهمراهان بطرف رضائیه حرکت ظاهرا چنین شایع است بمنکورها ابلاغ نموده است که باید ازمهاباد بیرون روند وقاضی محمد رابحکومت مهاباد بشناسند ولی منکورها هم قبول نکردند واهالی هم تصمیم دارند منکورها راازشهرخارج نمایند ۰

حشمت

رونوشت بااصل یکی است

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۱۴۹۰-۱۵-۱۱۶۰۰۷ می‌باشد.

نمونه ۲

وەزارەتی پۆست و تەلەگەراف/ ڕوونووسی ڕاپۆرتی ورمێ
ژمارە: ٧٩، ڕێکەوتی: ١٣٢١/٠٧/٢١ (١٩٤٢/١٠/١٣)


وەزارەت – دەقـی ڕاپۆرتـی ١٦ و ١٧ی مەهابـاد کـە ئەمـڕۆ گەیشـتووە، وەک خـۆی بـەڕێ دەکرێـت.

١- چەنـد ڕۆژێکـە عەمـەر شـکاک کـە لـە ڕێـگای زێـڕۆ ناوێکـەوە خەریکـی هۆشـداریدان بـە سـەرجەم خێڵەکانـی دەوروبـەری مەهابـاد و میانـدواو و بۆکانـە، بـەم دواییانـە لەگـەڵ سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کوردسـتان و پارێـزگای چـوار لـە مەهابـاد کـۆ بوونەتـەوە و لەنـاو شـاریش شـەوانە بـە نهێنـی کۆبوونەوەیـان هەیـە. وەک زانیومانـە بـە مەبەسـتی دەرکردنـی ژمارەیـەک کـەس لـەم شـارە، کـە پـاش ڕۆیشـتنی عەمەرخـان بڕیارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت.

٢- لـە کاتژمێـر ٢١:٠٧:١٥ عەمەرخـان و هاوڕێیانـی بـەرەو ڕەزاییـە وەڕێ کەوتـن و دەنگـۆی ئـەوە بـڵاو بووەتـەوە کـە بـە مەنگوڕەکانـی ڕاگەیانـدووە دەبـێ لـە مەهابـاد بچنـە دەرەوە و قـازی محەمـەد وەک حکوومەتـی مەهابـاد قەبـووڵ بکـەن، بـەڵام مەنگـوڕەکان قەبووڵیـان نەکـردووە و خەڵکـی شـاریش دەیانهـەوێ مەنگـوڕەکان لـە شـار دەربکـەن.

حشمەت

## بەڵگەی ژمارە: ٦٩



۹/۳۰

وزارت کشور

ژاندارمری

امنیه کل کشور

اداره ........ دایره ........

شماره ........ تاریخ ........ ۱۳۲ ........ پیوست ........

محرمانه = فوری = مستقیم

وزارت کشور

محترما معروض میدارد طبق گزارش ناحیه ۲/ ژاندارمری آذربایجان

در ۱۹ر۹ر۳۱ سه نفر افسر روس بملاقات عمرخان شکاک رفته پس

از مذاکره با نامبرده عمرخان نیز به فوجاش که آنهم رئیس

یکی از طوایف است پیغام داده که روسها با و تکلیف اغتشاش و

نا امنی نموده‌اند دستور داده شد با سیاست محلی عمرخان را در

دست نگهداشته و مانع از سوء عملیات آنان بشوند

رئیس ژاندارمری کل کشور = سرلشکر آق اولی

وەزارەتی ناوخۆ

ڕێکەوت: ١٣٢١/١٠/٢ی هەتاوی (١٩٤٢/١٢/٢٣ی زایینی)


نهێنی، بەپەلە و ڕاستەوخۆ:

بە ڕێزەوە ڕای دەگەیەنین بە گوێرەی ڕاپۆرتی ناوچەی ٢ی ژاندارمریی ئازەربایجان، لە ١٣٢١/٩/١٩ سێ ئەفسەری ڕووس چوونەتە سەردانی عەمەرخانی شکاک و پاش دانوستان لەگەڵ ناوبراو، عەمەرخان پەیامی بۆ قۆتاز، کە ئەویش سەرۆکی یەکێک لە خێڵەکانە، ناردووە و وتوویەتی کە ڕووسەکان تەکلیفیان لێ کردووە ئاژاوە و نائەمنی بنێتەوە. ئەمر کرا کە بە سیاسەتی ناوچەیی عەمەرخان لە دەست خۆمان ڕابگرین و ڕێگا بە خراپەکارییان نەدەین.

سەرۆکی ژاندارمریی گشتیی وڵات – سەرلەشکر ئاق ئۆلی

## دوو بەڵگەی تایبەت بە پێوەندییەکانی عەمەرخانی شکاک و ئیحسان نووری پاشا

### بەڵگەی ژمارە: ٧٠



وزارت داخله

اداره کل شهربانی

سواد نامه اداره ژاندارمری کل کشور به ۱۰/۱۰/۲۱ نمره ۱۷۰۹۴/ج ۱

محرمانه فوری

ریاست اداره کل شهربانی

از تبریز اطلاع میدهند احسان نوری که از افسران سابق ترکیه ودرتهران تحت نظر بوده گویا بطورناشناس از تهران خارج و به آذربایجان آمده با عمرخان ملاقات و همچنین برای ملاقات شیخ عبدالقادر چعالی بطرف ماکو رفته است خواهشمند است دستورفرمایند تحقیق و تعیین نمایند خروج شخص نامبرده از تهران صحت دارد یا خیر و چون نامبرده درمیان اکراد تولید انقلاب و اغتشاش خواهد کرد تصمیمات مقتضی نسبت به نگهداری او درتهران اتخاذ شود ٠ رئیس ژاندارمری کل کشور ٠ سرلشکر آق اولی محل امضا ٠

رونوشت برابراصل است

سازمان اسناد و کتابخانه ملی ایران
IRAN NATIONAL ARCHIVES

وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەریی گشتیی شارەوانی

نهێنی / بەپەلە

١٩٤٢/١٢/٣١ی زایینی (١٣٢١/١٠/١٠)ی هەتاوی

سەرۆکایەتیی گشتیی شارەوانی

لە تەورێزەوە زانیارییان ناردووە کە ئیحسان نووری کە لە ئەفسەرانی پێشووی تورکیایە و لە تاران لەژێر چاوەدێریدا بووە، وەک دەڵێن بە شێوەی نەناسراو لە تاران دەرچووە و هاتووە بۆ ئازەربایجان و لەگەڵ عەمەرخان دیداری هەبووە، هەروەها بۆ دیتنی شێخ عەبدولقادری جەلالی بەرەو ماکۆ ڕۆیشتووە. تکایە ئەمر بفەرموون لێکۆڵینەوە بکرێ و دیاریی بکەن ئاخۆ دەرچوونی ناوبراو لە تاران ڕاستە، یان نا. لەبەر ئەوەی ناوبراو لەنێو کورداندا شۆڕش و ئاژاوە دەنێتەوە و دەبێ بڕیاری پێویست بۆ ڕاگرتنی ناوبراو لە تاران دەربچێت.

سەرۆکی ژاندارمەریی گشتیی وڵات – سەرلەشکر ئاق ئۆلی

ڕوونووس بەرانبەری دەقی سەرەکییە

## بەڵگەی ژمارە: ٧١

اداره دفتر محرمانه
شماره ۳۴۵۹
تاریخ ۱۱/۱۲/۶

وزارت امور خارجه

محرمانه

خیلی فوری

جناب آقای نخست وزیر

بقراریکه سفیرکبیر ترکیه اظهارمیدارند احسان نوری کرد که سابقا در نیروی ترک سمت افسری داشته و بعدا بایران آمده در سنین ۱۱۲۸ــ ۱۱۲۷ موجب انقلابات اغری داغ گردیده و از طرف دولت شاهنشاهی در ساوه تحت نظر بوده است اخیرا آزاد گردیده ــ بآذربایجان رفته و در یکی دو هفته پیش در تبریز دیده شده است و بطوریکه اطلاع پیدا کرده اند نامبرده با عبدالقادر رئیس طایفهٔ جلالی و عمرخان رئیس ایل شکاک ملاقات و مذاکراتی بعمل آورده است و سفیرکبیر اضافه مینمود که چون ممکن است این شخص مانند گذشته زحمات و مشکلاتی در مرز ایجاد نماید علیهذا تقاضا داشت تا فرصت فوت نشده دستور داده شود که از نامبرده جلوگیری بعمل آید .

با عرض مراتب بالا مستدعی است قدغن فرمایند که بفوریت اوامر لازمه صادر گردد که نامبرده را از نقاط مرزی و ایالت آذربایجان دور و در نقاط دوردست اسکان داده و بهر نوع که مقتضی باشد تحت مراقبت قرار داده شود که مبادا بواسطهٔ بودن در آذربایجان و داشتن نفوذ و روابط محلی اتفاقات و گرفتاریهائی فراهم نماید که در آتیه موجب زحمت شود استدعا دارد مقرر فرمایند از دستور صادره و نتیجهٔ حاصله وزارت امورخارجه را مستحضر فرمایند که بسفارتکبرای ترکیه پاسخ لازمه داده شود .

وزیر امورخارجه

۳۷۲۸۸
۲۱.۱۲.۲۹

IRAN NATIONAL ARCHIVES

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

نهێنی/ زۆر بەپەلە

١٩٤٣/٢/٢٥ی زایینی (١٣٢١/١٢/٦ی هەتاوی)

بەڕێز جەنابی سەرۆکوەزیر

وەک باڵوێــزی بــاڵای تورکیــا بــاس دەکات، ئیحســان نــووری کــورد کــە پێشــتر لــە هێزەکانــی تورکــدا پلــەی ئەفســەریی هەبــووە و دواتــر هاتــووە بــۆ ئێــران، لــە ســاڵەکانی ١٩٢٧-١٩٢٨دا بووەتــە هــۆی شۆڕشــی ئاگــری داغ (ئــارارات) و لەلایــەن دەوڵەتــی شاهەنشــاهییەوە لــە ســاوە لەژێــر چاوەدێریــدا بــووە، بــەم دواییانــە ئــازاد کــراوە؛ چــووە بــۆ ئازەربایجــان و لــە یــەک دوو حەفتــەی ڕابــردوودا لــە تەورێــز دیــتراوە و وەک زانــراوە ناوبــراو لەگــەڵ عەبدولقــادر، ســەرۆکی هــۆزی جەلالــی و عەمەرخــان، ســەرۆکی هــۆزی شــکاک دیــدار و دانوســتانی هەبــووە. باڵوێــزی بــاڵای تورکیــا ئــەوەش دەڵێــت: لەبــەر ئــەوەی کەســی ناوبــراو لــە ڕابــردوودا کێشــە و زەحمەتێکــی زۆری لــە ســنوورەکان ناوەتــەوە، داوای کــردووە تــا درەنــگ نەبــووە، فەرمــان بکــرێ ڕێــگا لــە ناوبــراو بگــرن.

بــە ســەرنجدان بــەو خاڵانــەی ســەرەوە، داواکاریــن قەدەغــەی بکــەن و بــە خێرایــی بڕیــاری پێویســت دەربچێــت کــە ناوبــراو لــە ناوچــە ســنوورییەکان و ویلایەتــی ئازەربایجــان دوور بخرێتــەوە و لــە شــوێنە دوورەدەســتەکان نشــتەجێ بکرێــت و بــە هــەر شــێوەیەک کــە پێویســت بێــت، لەژێــر چاوەدێریــدا بێــت کــە نەوەکــوو بەهــۆی بوونــی لــە ئازەربایجــان و ئــەو کاریگــەری و پێوەندییــەی کــە لــە ناوچەکــە هەیەتــی، گیروگرفــت ســاز بــکات و لــە داهاتــوودا ببێتــە هــۆی کێشــە.

تکایــە فەرمــان بکــەن و لــە بڕیــاری خۆیــان و دەرەنجامــی

بڕیارەکـــەش وەزارەتـــی دەرەوە ئـــاگادار بکەنـــەوە، بـــۆ ئـــەوەی وەڵامـــی باڵوێـــزی بـــاڵای تورکیـــا بدەینـــەوە.

وەزیری کاروباری دەرەوە

## بەڵگەی ژمارە: ٧٢

اداره..................

دو نوشت گزارش رضائیه    وزارت پست وتلگراف وتلفن

شماره ۸۳ ............ تاریخ ۱۲/۱۲/۲۲ وزارت/اداره/شرکت ................ که اصل آن بشماره ............ ثبت شده

مستقیم ــ وزارت پیرو ۸۲ ــ ۲۲/۱۲/۱۲ ساعت ۱۵ امروز معاون
کسولگری شوروی به پست جمال آباد رفته پس از یك رشته تحقیقات ازروسای پاسگاه
نظامی وژاندارم ساعت ۱/۲ ۱۵ به ده قوشچی که در تصرف اکراد بوده حرکت
واطلاع داده است دستور داده ام اکراد قوشچی راتخلیه نمایند ساعت ۱۶
امروز فرمانده تیپ وفرمانده ژاندارمری درمخابره حضوری بافرمانده لشگرتبریز
جریان امرامفصلا گزارش وبرای اعزام سرباز ووسایل زرهی دستورلازم به فرمانده
تیپ دادندکه برای رفع محاصره پاسگاه های نظامی وژاندارم سریعا اقدام نمایند
بقراریکه درتلگرافات مبادله مستفاد میشد عده اکراد درحدود چهارصد نفرسوار
ومقداری پیاده تحت ریاست پسران عمرشریفی وروبتزاید هستند وبیم آن میرود
پاسگاه راتصرف وافراد انراخلع سلاح کنند ازشاهپورهم اطلاع میدهند قوطاز یکی
ازسران اکراد آن حدود باکسان خود نزدیك عمر شریف رئیس ایل شکاك رفته
ودرکوه های خان تختی ۱٤ کیلومتری شاهپورقراول گذاشتند حتی یك عرابه
رابعنوان اینکه عبورممنوع است بازگردانده اند . مراتب برای استحضار خاطر
عالی گزارش گردید . ساعت ۲۰ ــ ۲۲/۱۲ ۸۳ جواهری

رونوشت بااصل یکی است

۲۰۲۵

ئیداره

ڕوونووســـی ڕاپۆرتـــی ورمـــێ وەزارەتـــی پۆســـت و تەلەگـــراف و تەلەفـــوون

ڕێکەوتی ١٣٢٢/١٢/١٢ سەرچاوەکەی بە ژمارەی... تۆمار کراوە

ڕاستەوخۆ _ وەزارەت پەیوەست بە ٨٢ –

١٩٤٤/٣/٣ کاتژمێـــر ١٥ی ئەمـــڕۆ جێگـــری کونســـوولی ســـۆڤیەت ســـەردانی پۆســـتی «جەمالئابـــاد»ی کـــردووە و لـــە دوای زنجیـــرە لێکۆڵینەوەیـەک لـە بەرپرسـانی بنکـەی سـەربازی و ژاندارمـەری کاتژمێـر ٣:١٥ بـەرەو گونـدی قوشـچی کـە لەژێـر دەسـتی کوردەکانـدا بـووە، ڕۆیشـتووە و ڕای گەیانـدووە کـە بڕیـارم داوە کـوردەکان قوشـچی بەجـێ بهێڵـن. کاتژمێـر ١٦ی ئەمـڕۆ فەرمانـدەی تیـپ و فەرمانـدەی ژاندارمـری لـە پێوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ فەرمانـدەی تەوڕێـز، ڕووداوەکانـی ئەمڕۆمـان بـە وردی بـاس کـردووە و بـۆ ناردنـی سـەرباز و کەرەسـتەی نیزامـی فەرمانـی پێویسـتی بـە فەرمانـدەی تیـپ داوە کـە دەبـێ بـە زووتریـن کات بـۆ لابردنـی گەمـارۆی سـەر بنکەکـە و ژاندارمەرییـەکان هەنـگاو هەڵبگـرن. بەپێـی پێوەندیـی تەلەگـراف، ژمـارەی کـوردەکان نزیکـەی ٤٠٠ سـوار و ژمارەیـەک پیـادەن کـە لەژێـر فەرمانـی کوڕەکانـی عەمەرخـان شـەریفی و رووبتزایـد دان و ئـەو مەترسـییە لـە ئارادایـە کـە دەسـت بەسـەر بنکەکـەدا بگـرن و سـەربازەکانی نـاوی چـەک بکـەن. هەروەهـا لـە شـاهپوور (سەڵماس)یشـەوە هەواڵیـان نـاردووە کـە قۆتـاز، یەکێـک لـە سـەرکردە کوردەکانـی ئـەو دەڤـەرە لەگـەڵ یاوەرەکانـی خـۆی بـەرەو لای عەمەرخـان شـەریفی سـەرۆکی هـۆزی شـکاک ڕۆیشـتووە و لـە کوێسـتانەکانی خـان تەختـی، هەڵکەوتـوو لـە ١٤ کیلۆمیتریـی شـاهپوور (سـەڵماس) سـەنگەریان گرتـووە و تەنانـەت

گارییەکیشـیان لەژێـر نـاوی قەدەغـەی هاتوچـوو گەڕاندووەتـەوە. ئـەم باسـە بـۆ ئاگاداربوونـەوەی بەڕێزتـان ڕاگەیەنـدرا.

٨٣ جەواهەری

وێنەی ڕوونووس لەگەڵ دەقی سەرچاوە بەرانبەرە

## بەڵگەی ژمارە: ٧٣

ژی کاف و کوردستان [illegible]

J.K

# بەناوی یەزدانی گەورە و بەرز

## بەیان نامەی ژمارە ٣١٢ ڕۆژی دووەمی خەزەڵوەری ١٣٢٣

لەم ڕۆژانەدا ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئینگلیز
بڵاویان کردەوە کە حکومەتی یەکیەتی سوڤیەت
داوای لە باکووری ئێران دا [illegible] و [illegible]
[illegible] لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە [illegible]
باکووری بۆ [illegible] بکرێ [illegible]
حکومەتی سێیەمی ئێران [illegible]
[illegible]
سوڤیەت [illegible] کرابوو [illegible]
قبوڵ نەکرد، [illegible] کە [illegible] ٣ ملیۆن [illegible]
[illegible] لە [illegible] کراوە [illegible] کوردستانی
گەورەدا کەوتووە [illegible] سنووری ئێران [illegible]
سنوور [illegible] کوردستان [illegible]
و [illegible]
لە [illegible] و وڵاتانی [illegible] ئێران و عێراق
[illegible] ) [illegible]
[illegible]
[illegible]
( [illegible] ) ی داوای حکومەتی یەکیەتی سوڤیەت
و وڵاتی حکومەتی ئێران [illegible]

[illegible] بڵاو دەکاتەوە
ئەم [illegible] کە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە
[illegible] بە [illegible] سوڤیەت [illegible]
[illegible] لەگەڵ [illegible]
[illegible] کراوە [illegible] ٣ ملیۆن [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] کە [illegible]
حکومەتێکی وەکو یەکیەتی سوڤیەت کە [illegible]
لە [illegible] زمانی [illegible]
لەلایەن [illegible] وەکو [illegible]
[illegible] ئێران [illegible]
و وڵاتێکی کە ٣ ملیۆن کوردی تێدا دانیشتوە.

کۆمەڵەی ژ. ک. حکومەتی یەکیەتی سوڤیەت

ئاگادار دەکا ٩ ملیۆن [illegible] کورد [illegible]

کوردەکانی ئێران [illegible] حکومەتی ئێران

[illegible] باکوور [illegible] و

[illegible] حکومەت [illegible]

آ. ل. ب. هەیئەتی نارەندی کۆمەڵەی ژ. ک.

بەیاننامەی ژمارە ٣١٢

(١٩٤٤/١٠/٢٤ی زایینی (١٣٢٣/٨/٢ی هەتاوی)

ئـەم بەیاننامەیـە هەڵوێسـتی سیاسـیی کۆمەڵـەی (ژ. ک) سـەبارەت بــە کێشــەی ئیمتیــاز (چــوور)ی نەوتــی باکــووری ئێــران، لــە نێــوان حکوومەتـی ئەوکاتـی ئێـران و یەکیەتیـی سـۆڤیەت لـەو سـەردەمەدایە، کــە ویســتوویەتی لــەو ڕێگایــەوە ســەرنجی یەکیەتیــی ســۆڤیەت بــۆ ڕوانگــە و داخوازییەکانــی کــورد ڕابکێشــێت.

بە ناوی یەزدانی گەورە و بەرز

لــەم ڕۆژانــەدا ڕادیــۆ و ڕۆژنامەکانــی ئێــران بڵاویــان کردووەتــەوە کــە حکوومەتــی یەکیەتیــی ســۆڤیەت دەیهــەوێ لــە باکــووری ئێــران بــۆ دەرهێنانــی «نــەوت،» لەلایــەن حکوومەتــی ئێرانــەوە زەوییەکانــی باکــووری بــۆ تەرخــان بکــرێ و ئیمتیــاز (چــوور)ی بــەو بــدات، بــەڵام حکوومەتــی ســپڵەی ئێــران چــاوی لــە هەمــوو چاکییەکــی نووقانــدووە کــە لەلایــەن یەکیەتیــی ســۆڤیەت بــۆ مانــەوەی کرابــوو، بۆیــە ئــەم داوایــەی لێــی قبــووڵ نەکــرد.

ئێمــە کــە نزیکــەی ٣ میلیــۆن نەتەوەکەمــان لــە پەلوپــۆ خــراون، ناڕەوایــە کــە لــە کوردســتانی گــەورەدا کەوتوونــە نــاو ســنووری ئێــران و تــا چاخێکــی (تــا کاتێــک) ســنوور لــە نێــوان پارچەکانــی کوردســتان هەڵنەگیـراوە و حەقـی مەشرووعـی خۆمـان نـەدراوە، دەبـێ لـە تـەواوی وڵاتانــی تورکیــە، ئێــران و عێــراق خۆمــان خــاوەن بڕیــار و مــاف بیــن، کــە وایــە ئــەو حەقەمــان هەیــە لــە هەمــوو کاروبارێــک بکۆڵینــەوە و لەگــەڵ ژیانــی خۆمــان تێکــی هەڵبکێشــین (هەڵســەنگێنین). لەوانــە (ســەبارەت بــە) ســوود و داوای حکوومەتــی یەکیەتیــی ســۆڤیەت و

وەڵامــی حکوومەتــی ئێــران، ئــەو چەنــد وشــەیەی خــوارەوە بــڵاو دەکەینــەوە.

ئــەم وەڵامــەی کــە لەلایــەن حکوومەتــی ئێرانــەوە نێــردراوە بــۆ نوێنــەری یەکیەتیــی ســۆڤیەت، بــە هیــچ شــێوەیەک لەگــەڵ قازانجــی نەتەوەکانــی ئێــران بــەراورد نەکــراوە. دیــارە قازانجــی ســێ میلیــون نەتــەوەی کوردیــش لــەم جوابــەدا لــە بەرچــاو نەگیــراوە. نەتــەوەی کــورد ناتوانــێ لــە بەرانبــەر ئــەو هەمــوو ناهەقییــەی کــە تــا ئێســتا لێــی کــراوە، ببێنــێ لــە پەنــا خۆیــان حکوومەتێکــی وەکــوو یەکیەتیــی ســۆڤیەت کــە بــەوە بەناوبانگــە لەپێنــاو خۆشــیی ژیانــی نەتــەوە بچووکەکانــدا تــێ دەکۆشــێ، لەلایــەن پیاوێکــی نەفامــی وەک دکتــۆر ســاعید ســەرۆکوەزیرانی ئێرانــەوە ڕەت بکرێتــەوە و ببێتــە مایــەی ئــاژاوەی وڵاتێــک کــە ســێ میلیــون کــوردی تێــدا دانیشــتووە.

ســەرنج: بەهــۆی ئــەوەی خوێندنــەوەی وشــە و دێڕەکانــی ئــەم بەڵگەنامەیــە زۆر ئەســتەمە، لەوانەیــە چەنــد وشــەیەک بەتــەواوی ســاغ نەکرابنــەوە، بــەڵام ناوەرۆکەکــەی ســاغ کراوەتــەوە.

## سیاسەتی ئەوکاتەی سۆڤیەت بەرانبەر بە کورد:

شـایانی باسـە سیاسـەتی ئەوکاتـەی سـۆڤیەت لـە بەرانبـەر کـوردان، درێـژەی هەمـان سیاسـەتیان لـە سـەردەمی شـەڕی یەکەمـی جیهانـی بـووە، کـە لـە چوارچێـوەی سـتراتیژی سـۆڤیەتدا، کـوردەکان تەنیـا وەک کارتێـک لـە هاوکێشـە هەرێمییەکانـدا بـۆ پاراسـتنی هاوسـەنگیی بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ عوسـمانی و بریتانیـا و ئێـران بـەکار هاتـوون و، هەرگیـز ڕێگایـان نـەداوە و نەیانویسـتووە پرسـی کـورد وەک هاوکێشـەیەکی گرێـدراو بـە ژیۆپۆلیتیـک و سـتراتیژیی ئـەوان، لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێناسـە بکرێـت و لـە ڕوانگـەی خۆیانـەوە پرسـی کوردیـان وەک پـڕۆژەی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و ئەمریـکا چـاو لـێ کـردووە. بۆیـە بـەردەوام دراوسـێیەتی خۆیـان لەگـەڵ ئێرانییـەکان و تورکـەکان پـێ لـە هـی کـوردەکان بـە قازانجـتر زانیـوە و ئێسـتاش سیاسـەتی ڕووسـیە بەرانبـەر بـە کـورد، درێـژەی هەمـان سـتراتژیی پێشـوویانە.

بەهـۆی ئـەوەی ئـەوکات ئامانجـی سـتراتیژیی سـۆڤیەت، دابینکردنـی ئەمنییەتـی گواسـتنەوەی تەقەمەنـی و کەرەسـتە نیزامییـەکان و پاراسـتنی هێڵـە تەداروکاتـی و لۆجسـتیکییەکانیان لـە ئێرانـەوە بـەرەو سـۆڤیەت بـووە، بـۆ ئـەوەی بتوانـن لـەو ڕێگایـەوە بـەرەی شـەڕ لـە ڕۆژهەڵاتـی ڕووسـیە لـە بەرانبـەر هێرشـی ئاڵمانـی نـازی بپارێـزن.

بەتایبەتـی کاتێـک لـە بـەرەی شـەڕ لـە قەفقـاز، هێزەکانـی سـۆڤیەت لەژێـر زەختێکـی زۆری هێزەکانـی ئاڵمانـدا بـوون و هێزەکانـی ئاڵـمان لـە بـەرەی ڕۆژهەڵاتـی سـۆڤیەت، هـەزار و ٢٠٠ کیلۆمەتـر لەنێـو خاکـی سـۆڤیەت پێشـڕەوییان کردبـوو.

هەروەهـا كاتێـک لـە كۆتایـی سـاڵی ١٩٤٤، بەهـۆی ئـەو ئاریشـانەی کـە لەمـەڕ ئیمتیـاز (چـوور)ی بەرهەمهێنانـی پەترۆڵـی باكـووری ئێـران و كەڵكوەرگرتنـی كۆمپانیـا سـۆڤیەتییەكان لـە پەترۆڵـی ئێـران دروسـت ببـــوون، پێوەندییەكانـــی نێـــوان ســـۆڤیەت و ئێـــران زۆر لێـــڵ و ئاڵـــۆز ببـــوون.

هـەر بۆیـە سـۆڤیەت سیاسـەتی خـۆی لـە بەرانبـەر ئێـران گۆڕیـوەو ویســـتوویەتی بـــە بەكارهێنانـــی كارتـــی كـــورد و ئازەرییـــەكان، وەک سیاســـەتێكی تاكتیكـی و كورتخایـەن، ئێـران ناچـار بـكات ڕێـگا بداتـە كۆمپانیـا ڕووسـییەكان، بـۆ ئـەوەی پشـكیان هەبـێ لـە پیشەسـازی و بەرهەمهێنانـی پەترۆڵـی باكـووری ئێرانـدا.

لـە كاتێكـی وەهـا هەسـتیاردا، كـە گومانـی ئـەوە هەبـوو دەوڵەتـی ئێرانیـــش هاوكاریـــی ئاڵمانییـــەكان بـــكات، بۆیـــە ڕووســـەكان بـــۆ ئـــەو دوو مەبەســـتەی خـــوارەوە، ویســـتوویانە لەگـــەڵ كـــورد و ئازەرییـــەكان پێوەندیـی دامەزرێنـن، بـۆ ئـەوەی لەڕێـگای ئـەم سیاسـەتە كاتییـەوە، پێگـەی خۆیـان لەنێـو ئێرانـدا بەهێـز بكـەن.

١-پاراسـتنی ئەولەهـی و سـەقامگیریی ناوچـە سـنوورییەكانی نێـوان سـۆڤیەت و ئێـران، لەڕێـگای كـورد و ئازەرییەكانـەوە.

٢-بـۆ لاوازكردنـی حكوومەتـی ئێـران، پشـتگریی تاكتیكـی و كاتـی لـە داوا نەتەوەییەكانـی كـورد و ئـازەری بكـەن بـۆ ئـەوەی وەک كارتێكـی گوشـار لـەدژی ئێـران بەكاریـان بێنـن، تاكـوو بتوانـن ئێـران بـۆ پێدانـی ئیمتیـاز (چـوور)ی پەترۆڵـی باكـوور ڕازی بكـەن.

دیـارە كوردیـش بـە درێژایـی مێـژووی هاوچـەرخ بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەكانـی كار و خەباتیـان كـردووە. هـەر بۆیـە ویسـتوویانە بـە كەڵكوەرگرتـن لـە شـەڕی دووەمـی جیهانـی بـە دانانـی پێوەنـدی

لەگــەڵ کاربەدەســتانی ســۆڤیەت، بــۆ گەیشــتن بــە ســەربەخۆیی کوردســتان تــێ بکۆشــن.

سـەرەڕای ئـەوەی ڕەوشـی ئـەوکات تـا ئاسـتێک (ژ-ک) و سـۆڤیەتی لێـک نزیـک کـردووە، بـەڵام تایبەتمەندیـی نەتەوەخـوازی و دینداریـی (ژ-ک) بـە دڵـی ڕووسـەکان نەبـووە. بەتایبەتـی بەهـۆی هەبوونـی پیوەندیـی نێـوان (ژ-ک) و حیزبـی هیـوا لـە باشـووری کوردسـتان کـە بـە ڕێبەریـی ڕەفیـق حیلمـی تێکۆشـانی هەبـوو و ڕووسـەکانیش بـە گومانـی ئـەوەی کـە ڕەفیـق حیلمـی پێوەندیـی لەگـەڵ ئینگلیـزەکان هەیـە، گومانیـان لـە (ژ-ک)یـش هەبـووە و بـەردەوام بـە ساردی وەڵامـی (ژ-ک)یـان داوەتـەوە و بـە جـددی هاوکارییـان لەگەڵـی نەکـردووە.

لـە هەمـان کاتـدا سـۆڤیەتییەکان بـۆ دانانـی پێوەنـدی و هـاوکاری، ئـەم داواکارییانـەی خوارەوەیـان لـە (ژ-ک) هەبـووە:

١-(ژ-ک) دەست لە مەبەست و ئامانجی سەربەخۆیی هەڵبگرێت.

٢-(ژ-ک) داخوازیــی کــوردەکان لــە چوارچێــوەی دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی دێموکراتیــک لــە ئازەربایجانــی ئێرانــدا پەیــڕەو بــکات.

٣-هەروەهـا لەسـەر ئەمـە پێداگرییـان کـردووە، کـە (ژ-ک) لەگـەڵ سیاســەتەکانی حیزبــی تــوودەی ئێــران هاوئاهەنگــی و هاوکاریــی هەبێــت.

شـایانی باسـە حیزبـی تـوودە کـە ئـەوکات لـە ئێرانـدا دامەزرابـوو، پاشـکۆ و کلکـی سیاسـەتەکانی حیزبـی کۆمۆنیسـتی شـۆرەوی و پارێـزەری بەرژەوەندییەکانـی سـۆڤیەت بـووە لـە ئێرانـدا.

کاتێــک ســۆڤیەتییەکان زانیویانــە هێندێــک لــە ســەرکردە و ڕێبەرەکانـی ژێـکاف نایانهـەوێ داواکانیـان جێبەجـێ بکـەن، هەوڵیـان داوە لەنێـو ڕێبەرانـی ژێکافـدا هێندێـک لـەو کەسـانەی کـە لەسـەر

باوەڕەکانیـان تونـدن، لـە ڕیـزی ڕێبەریـی (ژ-ک)دا بـێ کاریگـەر بکـەن و لـە هەمانکاتـدا هێندێـک کەسـی میانـەڕەوی  نزیـک لـە هـزری خۆیـان، لەنێـو ڕێبەریـی (ژ-ک)دا جـێ بکەنــەوە.

بــەڵام دوای ســێ ســاڵ کاتێــک کــە ســۆڤیەتییەکان نەیانتوانیــوە ڕێبەریــی (ژ-ک) بــۆ پاشــکۆیەتیی سیاســەتەکانیان ڕازی بکــەن، بەمەبەسـتی ڕێگـری لـە هـزری سـەربەخۆییخوازیی (ژ-ک)، بـە بیانـووی گۆڕینـی پێکهاتـەی ئـەو ڕێکخـراوە نەتەوەییـە، پێوەندییەکانیـان لەگـەڵ (ژ-ک) ڕاگرتـووە و ویستوویانە  (ژ-ک) نـاو و نیوەڕۆکـی پێکهاتـەی خـۆی بگۆڕێــت.

دیــارە مەبەســتی ســۆڤیەت ئــەوە بــووە نەهێڵــێ تەڤگــەری کوردســـتان و هــزری ســـەربەخۆییخوازیی کــوردان، لـــە کۆنترۆڵـــی ڕووســـەکان دەربچێــت. چونکــە ترســیان ئــەوە بــووە کــە نــەکا ئــەو پرسـە بکەوێتـە دەسـت بـەرەی ئیمپرالیزمـی ئینگلیـز و ئەمریکاییـەکان و ببێتــە مەترســی لەســەر بەرژەوەندییــە درێژمــاوە و ســتراتیژییەکانی ســۆڤیەت.

بـۆ ئـەم ئامانجـە، کاتێـک شـاندی دووەمـی کـوردەکان لـە ١٩٤٥/٩/١٢ بــە ســەرۆکایەتیی قــازی محەمــەد بــۆ باکــوو بانگهێشــت کراونەتــەوە، بەپێـی سیاسـەتی حیزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت، باقـرۆف هەوڵـی داوە قــازی محەمــەد و هاوڕێکانــی ڕازی بــکات، کــە دەبــێ (ژ-ک) ناوەکــەی بگــۆڕێ و لـــەو ڕەوشـــەی خەباتـــی نهێنـــی دەربکـــەوێ. هەروەهـــا ڕووســـەکان ڕاشــکاوانە بــە ســەرکردەکانی کوردیــان ڕاگەیانــدووە کــە ئەگـەر بتانـەوێ پشـتگیریی ڕووسـەکان لەگـەڵ ئێـوە بـەردەوام بێـت، باشـترە ئێـوە لـە جێـگای (ژ-ک)، «حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان» بـە

سـەرۆکایەتیی قـازی محەمـەد دابمەزرێنـن.

لـەو دیـدارەدا دوای گەنگەشـە و ئاخافتنـی گرینـگ، شـاندی کـوردەکان بـە پێشـنیاری ڕووسـەکان بـۆ ئـەوەی کـورد وەک هەرێمێکـی خودموختـار سـەر بـە دەوڵەتـی میللیـی ئازەربایجـان لـە تەورێـز بمێنـن، ڕازی نابـن. ئەوجـا ڕووسـەکان بەڵێنیـی پشـتگیرییان داوەتـە شـاندی کـورد و ڕازیبوونـی خۆیـان بـۆ دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان، لەلایـەن «حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان» و قـازی محەمـەدەوە، دەربڕیـوە.

## هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

بارزانییـــەکان بـــە ڕێبەرایەتیـــی شـــێخ ئەحمـــەدی بـــارزان و بـــە فەرماندەیـــی نیزامـــی مـــەلا مســـتەفا بارزانـــی، لـــە مـــاوەی ڕاپەرینـــی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی خۆیـــان لـــە دژی زۆرداریيەکانـــی حکوومەتـــی عێـــراق و ئینگلیزییـــەکان، توانیبوویـــان چەندیـــن زەربـــەی گـــەورە لـــە دوژمـــن بـــدەن و لـــەو ســـەردەمەدا بـــە پشـــتیوانی سیاســـی حیزبـــی هیـــوا، بەرخۆدانـــی بـــارزان بکەنـــە هەوێنـــی مافـــە نەتەوەییەکانـــی کـــورد لـــە باشـــووری کوردســـتان. بـــەڵام دوای ئـــەوەی کـــە حکوومەتـــی عێـــراق بـــە پاڵپشـــتیی هێـــزی زەوینـــی و ئاســـمانیی ئینگلیـــز و بـــە هاوکاریـــی بەشـــێک لـــە سەرۆکعەشـــیرەتەکانی بەکرێگیـــراوی کـــورد، توانـــی ئـــەو ڕاپەڕینـــە بـــەرەو باردۆخێکـــی نالەبـــار ببـــات، بارزانییـــەکان بڕیاریـــان دا بـــە هـــەزاران جەنـــگاوەر و ژن و منداڵـــی خۆیانـــەوە، ڕوو بکەنـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان.

بارزانییـــەکان لـــە ١٩٤٥/١٠/١١دا لـــە ڕێـــی چیـــای کێلەشـــین و داڵانپـــەڕەوە، گەیشـــتنە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و لـــەوێ لەســـەر داوای قـــازی محەمـــەد و ســـەید عەبدوڵـــڵا شـــەمزینی، بـــە هاوکاریـــی عەمەرخانـــی شـــکاک، وەک هاوســـۆزییەکی نەتەوەیـــی، خەڵـــک بەوپـــەڕی دڵگەرمییـــەوە بـــە پێشـــوازیی بارزانییەکانـــەوە چـــوون و ئەوانیـــان لـــە دەیـــان ئاوایـــی ناوچەکانـــی: شـــنۆ، مرگـــەوەڕ، نەغـــەدە و مەهابـــاد نیشـــتەجێ کـــرد و ئەوجـــا هەمـــوو جـــۆرە هاوکارییەکـــی مادییـــان بـــۆ بژیویـــان دابیـــن کـــرد. بارزانییـــەکان دوای نیشـــتەجێبوونیان لـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، وەک ئەرکێکـــی نەتەوەیـــی، ڕۆڵیکـــی بەرچـــاو و مێژوویيـــان لـــە ڕووداوە سیاســـیی و نیزامییەکانـــی ئـــەو ســـەردەمەی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتاندا بینیـــوە.

## بەڵگەی ژمارە: ٧٤

۲۶۹۵

دفتر
شعبه
پیوست

محرمانه مستقیم فوری

وزارت جنگ
ستاد ارتش

جناب آقای نخست وزیر

در پیرو مکاتبات قبلی نسبت به اقدامات اکراد بر علیه دولت محترماً معروض میدارد گزارش واصله از تبریز حاکی است در جلسه اخیر عمرخان اظهار کرده قدرت اسمعیل آقای سمیتقو را همه دیده بودند در مقابل دولت نتوانست مقاومت کند آنهائیکه اهالی را تحریک مینمایند هر وقت با ما عملاً همکاری کرده و حالا افتاده اند ما هم اقدام میکنیم ملا مصطفی بارزان دو روز است محرمانه به مهاباد وارد شده شیخ عبد اله افندی با کمک قاضی محمد مشغول جمع آوری اعانه و اسکان مهاجرین است عمرخان علاوه بر گندم شش هزار تومان نقدا داده در موقع حرکت خطاب به فرزند سمیتقو از مهاباد قاضی محمد اظهار داشته فراموش نکنید پدر شما را عجم ها کشته اند و نابود کرده خیلی اصرار داشت که اشخاص را مانند حاجی قرنی آقا و ملا خلیل وغیره که حاضر به مهاباد نشده اند بوسیله حاضرین تهدید نماید ولی با عدم موفقیت توام بوده مقرر شده از هر طبقه روحانیون چهار نفر و از هر طایفه هم چهار نفر بسمت نماینده گی انتخاب و به کمیته مهاباد معرفی نمایند

از طرف وزیر جنگ

۴۸۲۸
۳۰/۹/۲۲

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۱۵۲۵-۱۷-۱۱۶۰۰۷ می‌باشد.

وەزارەتی جەنگ/ ستادی ئەرتەش
ڕێکەتی: ١٣٢٤/٠٩/٢٠ (١٩٤٥/١٢/١١)
نهێنی- ڕاستەوخۆ و بەپەلە
بەڕێز سەرۆکوەزیر

لە درێژەی نووسراوەکانی پێشوودا سەبارەت بە کردەوەکانی کوردان لەدژی حکوومەت، بە ڕێزەوە پێتان ڕادەگەیەنم بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە تەورێزەوە گەیشتووە، لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەدا، عەمەرخان ڕای گەیاندووە کە هەموان هێزی سمایل ئاغای سمکۆیان دیتبوو کە لە بەرانبەر حکوومەتدا نەیتوانی خۆی ڕابگرێت، ئەوانەی کە خەڵک هان دەدەن، هەر کات بە کردەوە هاوکاریی ئێمەیان کرد و کەوتنە پێشەوە، ئەوا ئێمەش چالاکی دەکەین. مەلا مستەفا بارزانی دوو ڕۆژە بە نهێنی چووەتە ناو مەهاباد. شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی بە هاوکاریی قازی محەمەد خەریکی کۆکردنەوەی هاوکاری و جێگیرکردنی کۆچبەرەکانە. عەمەرخان جگە لە گەنم، شەش هەزار تمەنیش پارەی نەختی داوە. سەبارەت بە جووڵەی تاهیر کوڕێ سمکۆ لە مەهاباد، قازی محەمەد وتوویەتی لە بیر نەکەی کە عەجەمان باوکی جەنابتیان کوشتووە و ناوبراو سوور بوو لەسەر ئەوەی لە ڕێگای ئەو کەسانەوە کە لە مەهاباد ئامادە بوون، هەڕەشە لە کەسانێکی وەک حاجی قەرەنی ئاغا و مەلا خەلیل و ئەوانی دیکە بکات کە لە مەهاباد ئامادە نەبوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. بڕیار دراوە لە چینی مەلاکان چوار کەس و لە هەر عێلێکیش چوار کەس هەڵبژێردرێن و بە کۆمیتەی مەهاباد بناسێنرێن.

وەزیری شەڕ...

## دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٤٥، سـەرکردەکانی (ژ-ک) و سـەرۆکهۆزەکانی کـورد بـە مەبەسـتی کەڵکوەرگرتـن لـەو بارودۆخـە سیاسـییەی کـە بەهـۆی هەلومەرجـی شـەڕی دووەمـی جیهانییـەوە هاتبـووە ئـاراوە، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی بوونـی کۆمەڵـەی ژێـکاف نەبێتـە بەربەسـت تاکـوو یەکیەتیـی سـۆڤیەت بـە بیانـووی بـێ بنەمـا پشـتگیری کـورد نـەکات، بۆیـە بـۆ خزمـەت بـە ئامانجـی نەتەوەیـی، ئامـادە بـوون کـە حیزبێکـی نـوێ بـە پێکهاتـە و سیاسـەتێکی کـراوە و ئاشـکرا بـە نـاوی «حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان» لەسـەر بنەمـای «کۆمەڵـەی ژێـکاف» دابمەزرێنـن.

بـەم شـێوەیە بەرلـە دامەزراندنـی حیزبـی دێموکـرات لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٤٥، نامەیەکیـان لـە مەهابـادەوە بـۆ عەمەرخـان نـاردووە و داوایـان لـێ کـردووە ئەویـش لەگـەڵ سـەرۆکعێلانی شـکاک بـۆ بەشـداری لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی دامەزراندنـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتاندا ئامـادە بێـت. «عەمەرخان»یـش بـە دڵخۆشـییەوە لەگـەڵ «تاهیرخـان»ی کـوڕی سـمکۆ و عەباسـێ فەنەکـی و قۆتـاز مامـەدی و حەجـی عەتمانـی و شـێرۆ ئیسـماعیلزادە (پسـاغا)، عەودیـێ ئێـوەری، زبێـد ئێـوەری، حەسـەنێ هنـارە، حەسـەنێ تێلـۆ، تەمـر خانـی هنـارە، عەزۆیـێ فەنەکـی، مـرادێ نیسـانی، نوورکۆیـێ عەودۆیـی، سـۆفی پاکـی، مـەلا مەجیـد و سـەرۆکعێلانی (خـدری، گەورکـی، بۆتانـی، خلووفـی، کرمانجـی شـپیرانی، نێعمەتـی، مامـەدی، عەودۆیـی، موقـری، باخۆشـانی و کـورە سـونی و...هتـد) بەشـداری ئـەو کۆبوونەوەیـە بـوون.

لـەو کۆبوونـەوە بەرفراوانـەدا لـە ١٩٤٥/١٠/٢٤ حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لەسـەر بناغـەی ژێـکاف دامـەزراوە و قـازی محەمـەد وەک ڕێبـەری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان هەڵبژێـردراوە، هەروەهـا ئـەو کەسـانەی کـە ناوەکانیـان لێـرەدا هاتـووە، وەک ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێـردراون:

حاجـی بابەشـێخ، محەمەدحوسـێن سـەیفی قـازی، عەبدولڕەحـمان زەبیحـی، عەمەرخـان شـەریفی (شـکاک)، سـەیید عەبدوڵـڵا گەیلانـی، ڕەشـید بەگـی جەهانگیـری، زێـرۆ بەگـی هەرکـی، مەنـاف کەریمـی، سـەید محەمـەد تەهـازادە (ئەیووبیـان)، عەبدولڕەحـمان ئیلخانـیزادە، ئیسـمائیل ئیلخانـیزادە، ئەحمـەد ئیلاهـی، خەلیـل خـۆسرەوی، کەریـم ئەحمـەدی، حاجـی مسـتەفا داوودی، محەمەدئەمیـن موعینـی، مەحمـوود وەلیـزادە، محەمەدڕەسـووڵ دڵشـاد و محەمەدئەمیـن شـەرەفی.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، لـە کاتـی دامەزراندنیـدا، ئامانجـە سیاسـییەکانی لـەو هەشـت خاڵـەی خـوارەوەدا فۆرمۆڵـە کردبـوون:

١-نەتـەوەی کـورد لەنێـو ئێرانـدا، بـۆ بەڕێوەبردنـی ئیـدارەی هەرێمـی، سـەربەخۆ و سەربەسـت بێـت و لەنێـو سـنوورەکانی دەوڵەتـی ئێرانـدا، ئۆتۆنۆمییەکـەی وەربگرێـت.

٢-مافـی خوێنـدن بـە زمانـی زکماکیـی خـۆی هەبێـت و هەمـوو کاروبارەکانـی بەڕێوەبەریـی ئیدارەکان، بـە زمانـی کـوردی بەڕێـوە بچێـت.

٣-لەسـەر بنەمـای یاسـای بنەڕەتـی، ئەنجومەنـی هەرێمیـی کوردسـتان بەپەلـە هەڵبژێردرێـت و سەرکێشـیی هەمـوو کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و دەوڵەتـی بـکات و چاوەدێرییـان بەسـەردا بـکات.

٤-کارمەندانـی دەوڵەتـی دەبێ لە خەڵکی هەرێمەکان بن.

٥-دەبـێ لەسـەر بنەمـای یاسـایەکی گشـتی لـە نێـوان گونـدی و خاوەنموڵکـدا، ڕێککەوتنێـک هەبێـت و دواڕۆژی هـەردوو لایـەن لەخـۆ بگرێـت.

٦-حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان تـێ دەکۆشـێ کـە لـە خەباتەکەیـدا بەتایبەتـی لـە نێـوان نەتـەوەی ئازەربایجـان و کەمایەتییەکانـی دیکـە کـە لـە ئازەربایجانـدا دەژیـن (ئاسـووری، ئەرمەنـی و ...هتـد) یەکیەتـی و برایەتییەکـی تـەواو پێـک بێنێـت.

٧-حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، بـە ئامانجـی پێشخسـتنی کاروبـاری کولتـووری و بازرگانـی و گەشـەپێدانی کاروبـاری چانـدی و سـاخلەمی و بـۆ باشـترکردنی ڕەوشـی ئابـووری و مەعنەویـی نەتـەوەی کـورد دەسـت بـە کەڵکوەرگرتـن لـە سـامانە سروشـتی و کانگاکانـی کوردسـتان دەکات و لـەو ڕێگایـەدا تـێ دەکۆشـێت.

٨- دەمانـەوێ هەمـوو گەلانـی ئێـران، دەرفەتـی تێکۆشـانی ئازادیـان بـۆ بەختـەوەری و پێشخسـتنی نیشـتمانەکەیان پـێ بدرێـت.

بـە لەبەریەکدانـان و بـەراوردی نێوەرۆکـی هەشـت خاڵەکـەی سیاسـەتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لەگـەڵ مەرامنامـەی (ژ-ک)، دەردەکەوێـت کـە هیـچ یـەک لـەو چـوار خاڵـەی بنەڕەتـی کـە (ژ-ک) وەک ئامانـج بـۆ خـۆی دیاریـی کردبـوو، لـە سیاسـەتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتاندا نابینرێـن.

هەروەهـا حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـە سیاسـەتێکی کـراوە و ئاشـکرا هەوڵـی داوە زۆربـەی خەڵکـی کـورد لـە دەوری ئامانجەکانـی کـۆ بکاتـەوە و وێـڕای بەرنامـە کوردسـتانییەکەی، بـەرەو پـڕۆژەی دێموکراتیخوازیـی ئێرانـی هاوئاهەنـگ و بـەردەوام بێـت.

بــەم شــێوەیە دوای دامەزراندنــی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان ڕێبــەران و تێکۆشــەرانی حیــزب بــە ئاشــکرا مەرامنامــەی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانیان لەنێــو خەڵکــدا بــڵاو کردووەتــەوە ئیــتر خەبــات و چالاکیــی بەرفــراوان و ئاشــکرایان لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەســت پــێ کــردووە و خەڵــک لــە دەوری دروشــمەکانی حیــزب کــۆ بوونەتــەوە.

چەنــد ڕۆژ دوای گەڕانــەوەی عەمەرخــان لــە کۆبوونــەوەی دامەزراندنــی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان لەلایــەن ســەرۆکایەتیی حیزبــەوە، داوا لــە عەمەرخــان کــراوە کــە پێویســتە لــە ورمــێ ســەردانی ژێنراڵــی ڕووس بــە نــاوی «ئاتــا کشــیۆف» بــکات. عەمەرخــان لــە ڕۆژی دیاریکــراودا لەگــەڵ قۆتــاز مامــەدی و عەبــاس فەنەکــی و شــێرۆ ئیســماعیلزادە و حەســەنێ هنــارە چوونــە ســەردانی ژێنراڵــە ڕووســەکە لــە ورمــێ. ئاتــا کشــیۆف لــە کاتــی ئاخافتنیــدا لەگــەڵ شــاندی کــورد بــە دوور و درێــژی لەمــەڕ سیاســەتی یەکیەتیــی ســۆڤیەت وەک پشــتیوانی نەتــەوە ژێردەســتەکان و بەتایبەتــی نەتــەوەی کــورد بــۆ عەمەرخــان و هاوڕێیانــی قســەی کــردووە. هەروەهــا وتوویەتــی کــە دەبــێ ئێــوە بــۆ وەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەییەکانتــان خۆتــان ئامــادە بکــەن و ســۆڤیەتیش پشــتگیریتان دەکات.

لــە وەڵامــی ئاتاکشــیۆفی ژێنراڵــی ڕووســدا، عەمەرخانیــش وەک سیاســەتڤانێکی زانــا، و خــاوەن ئەزمــوون بــەو ژێنراڵــە ڕووســەی وتــووە: «ســەبارەت بــەوەی کــە ســۆڤیەت دەیهــەوێ پشــتگیری نەتــەوەی بەلەنــگازی کــورد بــکات، ئێمــە سپاســی ســۆڤیەتی گــەورە و هــاوڕێ ســتالین دەکەیــن، بــەڵام هاوڕێــی ژێــنراڵ! دەبــێ مــن ئــەوەش بڵێــم کــە ســەدان ساڵە نەتــەوەی کــورد لەژێــر زوڵــم

و عەزابێکــی گەورەدایــە و ئەمــە یەکــەم جــارە کــە دەوڵەتێکــی بەهێــز دەیهــەوێ پشــتگیری لــەو نەتــەوە بەلەنــگاز و زوڵملێکــراوە بــکات، بۆیــە نەتــەوەی کــورد تــا هەتایــە سپاســگوزار و ئەمەگناســی ئــەو پشــتگیرییەی ســۆڤیەت دەبێــت، بــەڵام ئەگــەر ســۆڤیەت ئــەو نەتــەوە بەختــڕەش و بەلەنــگازەی ئێمــە بکاتــە قوربانیــی سیاســەت و بەرژەوەندییەکانــی خــۆی، ئــەوکات ژن و پیــاو و منداڵانــی کــورد تــا هەتایــە نفرینتــان لــێ دەکــەن، بۆیــە ئێمــە هیواداریــن کــە وای لــێ نەیــەت».

کاتێــک ئــەو ژێنراڵــەی ڕووس، گوێــی لــەو قســە گرینگانــەی عەمەرخــان بــووە، تووشــی سەرســووڕمان بــووە و پێــی وتــووە: «هــاوڕێ عەمەرخــان! لــەوەی کــە ئێــوە سپاســی ســۆڤیەت و هــاوڕێ ســتالینتان کــرد، سپاســت دەکــەم، بــەڵام مــن ئــەو چاوەڕوانییــەم لــە ئێــوە نەبــوو کــە بڵێــن، ئەگــەر ســۆڤیەت ئمانکاتــە قوربانیــی سیاســەت و بەرژەوەندییەکانــی خــۆی، ئــەوکات ئێمــە نفرینتــان لــێ دەکەیــن». دواتــر هەروەهــا وتوویەتــی: «دەوڵەتــی ســۆڤیەت قســەی خــۆی لــە هیــچ کــەس یــان نەتــەوە یــان دەوڵەتێکــی جیــران ناشــارێتەوە و لــە هیــچ لایەنێکیــش ناترســێ. چونکــە ئێــوە لــە کۆتایــی قســەکانتاندا گوتتــان کــە (ئێمــە هیواداریــن کــە وای لــێ نەیــەت) هــەر بۆیــەش مــن دڵنیاتــان دەکەمــەوە و مزگێنــی بــە ئێــوە و گەلــی کــورد دەدەم، کــە قــەت وای لــێ نایــەت و، دەوڵەتــی ســۆڤیەت وەک دۆســتی ڕاســتەقینە و پشــتیوانی بەهێزتــان دەمێنێــت.

کاتێــک کــە قســەکانی ژێــنراڵ کۆتاییــان پــێ هاتــووە، عەمەرخــان و هاوڕێکانــی، بــە خۆشــحاڵییەوە گەڕاونەتــەوە شــوێنی خۆیــان. دواتــر ئــەو ژێنراڵــە١٠٠٠ چەکــی برنــۆ و موسەلســەل (ڕەشــاش)

و تەقەمەنییەکــی زۆری بــە چەندیــن کامیۆنــەوە ناردوویەتــی بــۆ زندەشــت و، عەمەرخانیــش ئــەو چــەک و تەقەمەنیانــەی بــە ســەر عێلەکانــی کــورد لــە ناوچەکــەدا دابــەش کــردووە.

# بەشی پێنجەم

## دامەزراندنی کۆماری کوردستان:

دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی سێ مانگدا تێکۆشانێکی بەرفراوانی ئاشکرا لەنێو هەمو چین و توێژێکی کوردستاندا بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێزی حکوومەتی ئێران تێیدا نەمابوو، دەستی پێ کردووە. لە هەمانکاتدا لە تەورێزیش دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان بە پشتیوانیی سۆڤیەتییەکان دامەزراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران لە ئازەربایجان هێنراوە. لە وەها بارودۆخێکدا حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە لەسەر بنەمای ئەو لێکتێگەیشتنەی کە لە دیداری شاندی دووەمی کوردەکان لە١٩٤٥/٩/١٢دا، لەگەڵ سۆڤیەتییەکان لە باکوو پێکهاتبوو، ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بکەن.

کاتێک کە بۆ کاربەدەستە ناوچەییەکانی سۆڤیەت ڕوون بووتەوە کە قازی محەمەد لەنێو جەماوەری مەهاباد و عەشیرەتەکانی دەوروبەردا کەسایەتییەکی کاریگەر و خاون پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتنی پێشوویان لەگەڵ شاندی دووەمی کورد لە باکوو، هەروەها داوای ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و سەرۆکعێلانی کورد، بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی قازی محەمەد ڕازی بوون.

هاوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بە ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەکات و بە بانگهێشتی زۆربەی سەرۆکعێل و ڕوشنبیرانی کوردستان، لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١١/٢ی هەتاوی (١٩٤٦/١/٢٢ی زایینی) کۆماری کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی

گـــەورە و شـــکۆداری نەتەوەییـــدا بـــە بەشـــداری نوێنەرانـــی کـــوردی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان، لـە مەیدانـی چوارچـرای شـاری مهابـاددا، ڕاگەیەنـــدرا و «قـــازی محەمەد»یـــش وەک ســـەرکۆماری کوردســـتان، ســـوێندی ســـەرکۆماریی بـــۆ گەلـــی کـــورد خـــوارد.

سوێندەکە بەم شێوەیە بووە:

«مـــن بـــە خـــوا، بـــە کەلامـــی خـــوا، بـــە نیشـــتمانم، بـــە شـــەرەفی میللەتـــی کـــورد، بـــە ئـــاڵای پیـــرۆزی کوردســـتان ســـوێند دەخـــۆم تـــا دواییـــن هەناســـەم و فیداکردنـــی دواییـــن دڵۆپـــی خوێنـــم، بـــە گیـــان و بـــە دڵ لەڕێـــگای پاراســـتنی ســـەروەری و ســـەربەخۆیی نیشـــتمان و بەرزڕاگرتنـی ئـاڵای کوردسـتان، لـە هیـچ هـەوڵ و کۆششـێک تەقسـیری نەکـەم و بـە کۆمـاری کوردسـتان و هاوکاریـی کوردسـتان و ئازەربایجـان وەفـادار بـم.»

لـــەو ڕێوڕەســـمەدا کـــە کوردانـــی هـــەر چـــوار بەشـــی کوردســـتان، تێیـدا بەشـدار بـوون، هێندێـک کەسـایەتیی گرینـگ و خـاوەن پێگـەی وەک:

مـەلا مسـتەفا بارزانـی، عەمەرخانـی شـکاک، مـەلا حوسـێنی مەجـدی، ســەید عەبدوڵــڵا شــەمزینی، حاجــی بابەشــێخ، محەمەدحوســێن خانــی ســەیفی قــازی، زێــرۆ بەگــی هەرکــی، حەمەڕەشــیدخانی بانــە، تاهیرخانــی ســـمکۆ، قۆتـــاز مامـــەدی، ڕەشـــیدبەگی جەهانگیـــری، نـــووری بەگـــی بەگـــزادە و چەنـــد ڕوشـــنبیری باکـــووری کوردســـتان، هەروەهـــا قـــەدری جەمیـل پاشـا و وەجـدی جەمیـل پاشـا، لەگـەڵ ژمارەیـەك خەباتگێـڕی دیکـــەی وەک نوێنـــەر و وتەبێـــژی خۆییـــوون، کـــە لـــە دیاربەکـــرەوە هاتبوونـــە مەهابـــاد و، زۆربـــەی ســـەرۆکعێلانی کوردســـتان، لـــە ماکـــۆوە

بگـره تـا کرماشـان لەگـەڵ دەیـان هـەزار کـەس لـە خەڵکـی مەهابـاد و هەرێمەکانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان تێیـدا بەشـدار بـوون.

لـە هەمـان کاتـدا کابینـەی حکوومەتـی کوردسـتان و بەرپرسـە پلـە بـەرزەکان و چـوار ژینراڵـی سـوپای نەتەوەیـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، کـە لەلایـەن ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانەوە پەسـند کرابـوون، لەلایـەن قـازی محەمـەدەوە ناسـێندران. چـوار ژینراڵەکـە بـە ناوەکانـی محەمەدحوسـێن خانـی سـەیفی قـازی، مسـتەفا بارزانـی، عەمەرخـان شـەریفیی شـکاک، محەمەدڕەشـید خانـی خانزادەیـی بـوون کـە لـە وەزارەتـی بەرگریـدا کـە محەمەدحوسـێن خانـی سـەیفی قـازی وەزیـری شـەڕ بـووە و ناویـان وێـڕای وەزیـر و بەرپرسـانی دیکـە لـە ژمـارەی ٢ی ڕۆژنامـەی کوردسـتاندا بـڵاو کراوەتـەوە.

شـایانی باسـە سـەرەڕای ئـەوەی کاتـی ڕاگەیاندنـی کۆمـاری کوردسـتان لـە وەرزی سـەرما و لـە زسـتانی پـڕ لـە سـەرما و سـۆڵەدا بـووە، بـەڵام گەلـی کـورد بـە بچـووک و گـەورەوە لـەو ڕێوڕەسـمەدا ئامـادە بـوون.

دوو هەڵبەسـتڤانی نەتەوەیـی و نـاسراوی کـورد (هێمـن و هـەژار) کـە لەلایـەن قـازی محەمـەدەوە نازنـاوی (شـاعیری میللی)یـان پـێ بەخـشراوە، هەردوویـان چەندیـن هەڵبەسـتی بەهێـزی نەتەوەییـان بـۆ کۆمـاری کوردسـتان و ئـەو سـەروەری و دەسـتکەوتە نەتەوەییـە هۆنیوەتـەوە، کـە مامۆسـتا هـەژاری هەڵبەسـتڤان، بـۆ ئـەو ڕۆژە پیـرۆزە لـە بەیتێکـی شـێعرەکەیدا وەهـای وتـووە:

«با سەد بەهار، غوەڵامی ئەم زستانە بن.»

سـەنار مامـەدی بـەم شـێوەیە پەسـنی ڕۆژی ڕێوڕەسـمی کۆمـاری کـردووە:

«ساڵی ١٩٤٦ لە زستانێکی پڕ بەرفدا، هەر لە ئاگریی سەربەرزەوە بگرە تا دەگاتە شنۆ و داڵانپەڕ، زۆربەی سەرۆکعەشیرەت، سەید، مەلا و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کورد لەگەڵ هەزاران چەکداری خۆیان بە شکۆ و دڵخۆشییەوە بەرەو مەهاباد ڕۆیشتن کە وەک قیبلەی ئامانجە نەتەوەییەکان دیاری کرابوو. لە سەرەتادا دوای کردنەوەی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار، قازی محەمەدیش بە جلوبەرگی حیزبی دەرکەوت و لەسەر سەکۆیەکی بەرز، کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و بۆ پاراستنی ئەو کۆمارە سوێندی خوارد و خەڵکی مەهابادیش لەو کارنەواڵە گەورەیەدا کە دەرزییان بیهاوێشتبایە هەوا، نەدەکەوتە سەر ئەرز، شایی و خۆشییان کرد و سپاسی لەشکری ڕووسەکانیان کرد و ئەوانیان وەک فریشتەی ڕزگاری بە ناو کرد».

**بەڵگەی ژمارە: ٧٥**

THE KURDISH MINORITY PROBLEM

CENTRAL INTELLIGENT AGENCY

*کێشەی کەمایەتیی کورد*

*ڕێکخراوی هەواڵگریی ناوەندی (سی.ئای.ئەی)*

لاپەڕەی ٩، بەشی ٥

دەرفەتگەلێکی نوێ بۆ داوای سەربەخۆیی کورد لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا پێک هات. ئەویش بەر لەوەی کە ئەرتەشی سۆڤیەت سەربازە داگیرکەرەکانی خۆی لە ئێران بباتە دەرەوە، چالاکی و ئامادەکارییەکانی سۆڤیەت بۆ دامەزراندنی بەپەلەی دەوڵەتی ئازەربایجان دەستی پێ کرد. هەروەها لە ناوچەی کوردەکانیش لە باشووری ئازەربایجان (پارێزگای ورمێ) حیزبی دێموکراتی کوردستان لەژێر سەرۆکایەتیی کوردێکی ناقدار و دەوڵەمەندی مەهاباد بە ناوی قازی محەمەد، لەگەڵ عەمەرخان قارەمانی سەرهەڵدانی ساڵی ١٩١٨تا ١٩٢٢ کە کاریگەرترین کوردی شکاک لە ئێران بوو، بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی هەنگاویان هەڵگرت.

ئەمەش لە ساڵی ١٩٤٦ دوای ڕاگەیاندنی حکوومەتی ئازەربایجان بوو. قازی محەمەد دامەزراندنی «کۆماری گەلی کورد»ی لە مەهابادی پایتەخت ڕاگەیاند. قازی محەمەد سەرکۆمار و حاجی بابەشێخ سەرۆکوەزیر و مەلایەکی مەهاباد سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی بوو. ئەرتەشی گەلی کورد لەژێر چەتر و ڕازیبوونی سۆڤیەت و بە پشتگریی بەگزادە، جەلالی، هەرکی و عەشیرەتەکانی

دیکــەی کــورد پێــک هاتبــوو. هەروەهــا لەژێــر ڕێنمایــی ســۆڤیەت ڕادیـۆی مەهابـاد و ڕۆژنامەیەکـی کـورد بـۆ پشـتگیریی دەوڵەتـی نـوێ دامــەزران.

## پەیماننامەی نێوان کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان:

لە ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٣ کاتێک کە شاندی کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان بە نێوبژیوانیی کاربەدەستانی سۆڤیەت لە تەورێز، لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و چارەنووسی شارەکانی ورمێ، سەڵماس و کەلا خوێ (خۆی) کۆ دەبنەوە، کاربەدەستانی سۆڤیەت لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتی ئازەربایجان، واتە پیشەوەری، هەوڵ دەدەن کە قازی محەمەد ڕازی بکەن بەوەی کە ئەم شارانە بخرێنە سەر ئازەربایجان.

هەروەها دەیانویست کە پێوەندییەکانی نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئێران لەڕێگای دەوڵەتی ئازەربایجان و پیشەوەرییەوە ئەنجام بدرێن.

هەیئەتی هەردوو لایەن لەو کەسانە پێک هاتبوون:

شاندی کۆماری کوردستان:

١- قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان.

٢- محەمەدحوسێن سەیفی قازی وەزیری سوپای میللیی حکوومەتی میللیی کوردستان.

٣- سەید عەبدوڵڵای شەمزینی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٤-عەمەرخانی شکاک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکی هۆزی شکاک.

٥- ڕەشید بەگی (جەهانگیری) هەرکی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری هۆزی هەرکی.

٦-زێرۆبەگـێ (بەهــادۆری) هەرکــی، ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەندیــی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان و نوێنــەری هــۆزی هەرکــی.

٧- قازی محەمەد خزریی شنۆیی نوێنەری خەڵکی شنۆ

شاندی دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان:

١-جەعفــەر پیشــەوەری، ســەرۆکوەزیری دەوڵەتــی میللیــی ئازەربایجــان.

٢-حاجــی میــرزا عەلــی شەبســتەری، ســەرۆکی مەجلیســی میللیــی دەوڵەتــی ئازەربایجــان.

٣-ســاجق بــادگان، جێگیــری کۆمیتــەی ناوەندیــی فیرقــەی دێموکراتــی ئازەربایجــان.

٤-دکتــۆر ســەلامولّلا جاویــد، وەزیــری نێوخــۆی دەوڵەتــی میللیــی ئازەربایجــان.

٥-محەمــەد بێڕیــا، وەزیــری فەرهەنگــی دەوڵەتــی میللیــی ئازەربایجــان.

لــەو کۆبوونەوەیــەدا دوای گوێگرتنــی شــاندی کــورد لــە بۆچــوون و هەڵوێســتە نەرێنییەکانــی جەعفــەر پیشــەوەری و شــاندەکەی، عەمەرخــان بــۆ هەڵوێســتگرتن لــە بەرانبــەر ئــەو بۆچوونــە نەرێنییانــەی ڕووس و ئازەرییــەکان، لەگــەڵ قــازی محەمــەد ڕاوێــژی کــردووە و پێــی وتــووە: «خەبــات و ئامانجــی ئێمــە بــۆ ســەربەخۆییە و، ئــەو شــارانەی ورمــێ و ســەڵماس و کــەلا خــوێ و ماکــۆ و میانــدواو بەشــێک لــە خاکــی کوردســتانن، بــەڵام ئەگــەر بڕیــار بــێ ئێمــە ســەربەخۆ نەبیــن و نۆکــەر بیــن، باشــتر وایــە لەجیاتــی ئــەوەی کــە ئێمــە نۆکــەری نۆکەرەکــە بیــن، بــا نۆکــەری ئاغاکــە بیــن».

مەبەســتی عەمەرخــان ئــەوە بــووە کــە دەبــێ کۆمــاری کوردســتانیش

وەک دەوڵەتـــی ئازەربایجـــان لـــەلای ســـۆڤیەت برووممـــەت و خـــاوەن دەســـەڵات بێـــت.

بـــەڵام ئەگـــەر ســـۆڤیەتییەکان و ئازەربایجانییـــەکان بـــە دەســـەڵاتی ســـەربەخۆیی کۆمـــاری کوردســـتان و چارەنووســـی کوردبوونـــی ئـــەو شـــارانەی کێشەلەســـەر ڕازی نەبـــن، ئـــەوکات باشـــترە کـــە کۆمـــاری کوردســـتان، نـــە لەڕێـــگای دەوڵەتـــی ئازەربایجانـــەوە، بەڵکـــوو ڕاســـتەوخۆ لەگـــەڵ حکوومەتـــی تـــاران لـــە پێوەندیـــدا بێـــت. هەروەهـــا ئەگـــەر سازشـــکردنێکیش پێویســـت بێـــت، بـــا ئـــەو سازشـــکردنە بـــۆ چارەســـەریی کێشـــەکانی کـــورد لەگـــەڵ تـــاران بێـــت، نـــەک بـــۆ تەورێـــز و ڕووســـەکان، کـــە نایانهـــەوێ کێشـــەی ئـــەو شـــارانەی کوردســـتانمان لەگەڵـــدا چارەســـەر بکـــەن.

دیـــارە قـــازی محەمەدیـــش بـــەو قســـانەی عەمەرخـــان و شـــاندی یـــاوەری ڕازی بـــووە، بۆیـــە ئەویـــش لـــەو کۆبوونەوەیـــەدا پێداگرییەکـــی باشـــی لەســـەر دەســـەڵاتی کۆمـــاری کوردســـتان و چۆنیەتیـــی پێوەنـــدی نێـــوان ئـــەو دوو حکوومەتـــە کـــردووە. لایەنـــی ئازەرییەکانیـــش هەوڵیـــان داوە بـــە پشـــتیوانیی ســـۆڤیەتییەکان لانیکەمـــی داخوازییەکانـــی شـــاندی کۆمـــاری کوردســـتان قبـــووڵ بکـــەن.

دوای ئـــەو گەنگەشـــەیە هـــەردوو شـــاندی کۆمـــاری کوردســـتان و دەوڵەتـــی میللیـــی ئازەربایجـــان ڕێککەوتنێـــک کـــە لـــە ٧ خاڵـــی ســـەرەکی پێـــک هاتبـــوو، پێکـــەوە واژۆ کـــردووە.

دەقــی پەیمانــی نێــوان کۆمــاری کوردســتان و دەوڵەتــی میللیــی ئازەربایجــان لــە ١٩٤٦/٤/٢٣ بــەم شــێوەیە بــوو:

١- لــەو شــوێنانەی کــە بــە پێویســت بزانــن هــەر دوو حکوومەتــی میللــی، نوێنەرانــی فەرمیــی خۆیــان لەنێــو خاکــی یەکــتردا دیــاری بکــەن.

٢- لــە ئازەربایجــان لــەو شــوێنانەی کــە زۆربــەی دانیشــتوانی کــورد بــن، کاروبــاری دەوڵەتــی لەدەســت کوردەکانــدا دەبــێ. هەروەهــا لــە کوردســتان لــەو شــوێنانەی کــە زۆربــەی دانیشــتوانی ئازەربایجانــی بــن، کاروبــاری دەوڵەتــی لەدەســت مەئموورانــی حکوومەتــی میللیــی ئازەربایجانــدا دەبێــت.

٣-هــەردوو حکوومــەت کۆمیســیۆنێکی هاوبــەش بــۆ چارەســەری کێشــە ئابوورییــەکان دادەمەزرێنــن و بڕیارەکانــی ئــەو کۆمیســیونە بــە چاوەدێریــی ســەرۆکی هــەردوو حکوومــەت جێبەجــێ دەکرێــت.

٤- لــە کاتــی پێویســتدا، لــە نێــوان حکوومەتــی میللیــی ئازەربایجــان و کوردســتاندا هاوکاریــی نیزامــی هەبێــت و چــی پێویســت بــێ، یارمەتیــی یەکــتری بــدەن.

٥- ئەگــەر پێویســت بــێ کــە لەگــەڵ حکوومەتــی تــاران وتووێــژ بکرێــت، دەبــێ بــە ڕازیبوونــی هــەردوو حکوومەتــی ئازەربایجــان و کوردســتان بێــت.

٦- حکوومەتــی میللیــی ئازەربایجــان بــۆ پێشخســتنی زمــان و چانــدی نەتەوەیــی ئــەو کوردانــەی کــە لەنێــو خاکــی ئازەربایجانــدا دەژیــن و حکوومەتــی میللیــی کوردســتانیش بــۆ پێشخســتنی زمــان و فەرهەنگــی نەتەوەیــی ئــەو ئازەرییانــەی کــە لــە خاکــی کوردســتاندا دژیــن، بەپێــی توانــای خۆیــان هــەوڵ بــدەن.

٧- هــەر کەســێک بــۆ تێکدانــی دۆســتایەتیی مێژوویــی نەتــەوەی

ئازەربایجـان و نەتـەوەی کـورد و بـۆ لەناوبردنـی یەکیەتیـی دێموکراتیـک-میللـی یـان ئاڵۆزکردنـی ئـەو یەکیەتییـە هـەوڵ بـدات، هـەر لەجێـدا لەلایـەن هـەردوو لاوە سـزا دەدرێـت.

لــەو کۆبوونەوەیــەدا کاتێــک شــاندی ئازەربایجانییــەکان ئــەو جددییــەت و پێداگرییــەی عەمەرخــان ســەبارەت بــە کوردســتانیبوونی شــارەکانی ورمــێ، میانــدواو، ســەڵماس، خــۆی و ماکــۆ دەبینــن، وەزیـری نێوخـۆی حکوومەتـی ئازەربایجـان سـەلاموڵڵا جاویـد دەیهـەوێ بـە مـەرج بەرپرسـایەتیی کۆنترۆڵکردنـی هەمـوو هەرێمەکانـی ڕۆژاوای ورمـێ و باشـووری سـەڵماس بـە عەمەرخــان بسـپێرێت. ناوبــراو بــە عەمەرخـان دەڵێـت: «لـە بەرانبـەر ئـەو پێشـنیارەی ئێمـە، دەبـێ تـۆش دەسـت لـە کۆمـاری کوردسـتان و بیروبـاوەڕی کوردایەتـی هەڵبگـری و، لــەو شـارانەدا لەگـەڵ فەداییەکانـی ئازەربایجـان هاوکاریـی بکەیـت». عەمەرخــان ئــەو پێشــنیارەی ناوبــراو ڕەت دەکا و پــێ دەڵێــت: «مــن کـوردم و دەبـێ چارەنووسـی ئـەو شـارانەش بـە کۆمـاری کوردسـتانەوە گرێــدراو بــن، بــەڵام دەکــرێ لەگــەڵ ئازەرییــەکان بــە هاوبەشــی بەڕێوەیــان بەریــن.»

بەپێـی ئـەو پەیماننامەیـە دەردەکـەوێ کـە شـاندی ئازەربایجـان بـە پشـتگیریی سـۆڤیەت هەوڵیـان داوە ناسـنامەی کوردبوونـی ئـەو شـارانە نەهێڵــن و چارەنووســی ئــەو شــارانە بەپێــی بەرژەوەندیــی سیاســیی سـۆڤیەت و ئازەربایجـان دیـاری بکرێـت.

**بەڵگەی ژمارە: ٧٦**

*ب-ژمارە ٣٥*
*وەزارەتــــی کاروبــــاری دەرەوە، تەلەگرافــــی هاتــــوو، ٢٥٧١ ، ســــادە، تەورێــــز،*
*ڕێکەوتی وەرگرتن: ٧/٥/ ١٩٤٦ ( ١٣٢٥/٢/١٧) . ٥/١٥ پاشنیوەڕۆ*
*وەزیری دەرەوە. خێرا. ١٤٦*

نــووسراوەی خــوارەوە وەرگێڕانــی فەرمــی دەقــی ڕێککەوتننامەیەکــە کــە لــە ١٩٤٦/٤/٢٣ – بانەمــەڕی ١٣٢٥ لــە نێــوان حکوومەتــی میللیــی ئازەربایجــان و حکوومەتــی میللیــی کوردســتان لــە تەورێــز واژۆ کــراوە:

١) هـــەر کات بـــە پێویســـت بزانـــرێ، ئـــەو دوو حکوومەتـــەی ڕێککەوتنەکەیـــان واژۆ کـــردووە، نوێنەرگەلێـــک بـــۆ یەکـــتر دەنێـــرن.

٢) لـــەو بەشـــە لـــە ئازەربایجـــان کـــە کەمینـــەی کـــوردی لێیـــە، کـــوردەکان لـــە فەرمانگـــە حکوومییـــەکان دادەمەزرێـــن و لـــەو بەشـــە لـــە کوردســـتان کـــە کەمینـــەی ئازەربایجانـــی هەیـــە، ئازەربایجانییـــەکان لـــە زۆربـــەی فەرمانگـــە حکوومییـــەکان دادەمەزرێـــن.

٣) بــۆ تاوتوێکردنــی پرســە ئابوورییەکانــی دوو نەتــەوەی بەڵێنــدەر، کۆمیســـیۆنێکی هاوبەشـــی ئابـــووری پێـــک دێـــت. ســـەرۆکی حکوومەتـــە مللییـــەکان ئەندامانـــی ئـــەو کۆمیســـیۆنە دیـــاری دەکـــەن.

٤) هێــزە چەکدارەکانــی دوو نەتــەوەی بەڵێنــدەر، لــە هــەر جێیــەک پێویســـت بـــێ، یارمەتیـــی یەکـــتری دەدەن.

٥) ســـەرجەم دانوســـتانەکان لەگـــەڵ حکوومەتـــی تـــاران، بـــە گوێـــرەی بەرژەوەندییـــە هاوبەشـــەکانی حکوومەتـــە میللییەکانـــی ئازەربایجـــان و

کوردســتان دەبێــت.

٦) حکوومەتــی میللیــی ئازەربایجــان بــۆ پێشــکەوتنی بەکارهێنانــی زمانــی کــوردی و پەرەپێدانــی کولتــووری کــوردی لەنێــو کوردەکانــی ئازەربایجانــدا و حکوومەتــی میللیــی کوردســتان بــۆ کــردەوەی هاوشــێوە بەرانبــەر بــە ئــەو ئازەربایجانییانــەی لــە کوردســتان دەژیــن، کاری پێویســت دەکــەن.

٧) هــەر دوو نەتــەوەی بەڵێنــدەر هــەر تــاک یــا گرووپێــک کــە بیهــەوێ دۆســتایەتیی مێژوویــی و برایەتیــی دێموکراتیکــی ئازەربایجانییــەکان و کــوردەکان تێــک بــدات، تەمــێ دەکــەن.

ئــەم ڕێککەوتننامەیــە لەلایــەن حکوومەتــی میللیــی ئازەربایجانــەوە بــە دەســتی پیشــەوەری، بــادگان، جاویــد و بێڕیــا و لەلایــەن حکوومەتــی میللیــی کــوردەوە بــە دەســتی قــازی محەمــەد، محەمەدحســێن ســەیفی قــازی، ســەید عەبدوڵــڵا گەیلانــی، عەمەرخــان لــە هــۆزی شــکاک، ڕەشــید بەگــی جەهانگیــری لــە هــۆزی هەرکــی و زێــڕۆ بەگــی بەهــادوری لــە هــۆزی هەرکــی، واژۆ کــراوە.

دوهێر

**بەڵگەی ژمارە: ٧٧**

*ب- ژمارە ١/٣٢*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، ٩٣٩٤ ، تەورێز*
*ڕێکەوتی ٢٦/٤/ ١٩٤٦ / ١٣٢٥/٢/٦ ١٣٢٥*
*نهێنی، وەزیری دەرەوە، بەپەلە*
*١٣٥، ٢٦ی ئاوریل (بەشی یەکەم لە چوار بەش)*

شـــەوی ڕابـــردوو لـــە کەشـــێکی زۆر دۆســـتانەدا لەلایـــەن قـــازی محەمـــەد و عەمەرخانـــەوە پێشـــوازیم لـــێ کـــرا. لـــە پـــاش ئاڵوگـــۆڕی قســـە و باســـی ئاســـایی، خێـــرا پرســـی ئاسایشـــی ئەمریکییـــە بـــە ڕەچەڵـــەک ئاســـوورییەکانی ناوچـــەی ڕەزاییـــە (ورمـــێ)م لـــە ئەگـــەری ڕوودانـــی کێشـــەیەکی ناوخۆییـــدا خســـتە بەربـــاس. قـــازی محەمـــەد دڵنیـــای کردمـــەوە کـــە کـــوردەکان بەرانبـــەر بـــە هەمـــوو مەســـیحییەکانی کوردســـتان هەســـتێکی برایانەیـــان هەیـــە و بـــۆ پاراســـتنی گیـــان وماڵـــی کەمینـــەی مەســـیحی و بەتایبـــەت هاوواڵتیانـــی ئەمریکـــی نیشـــتەجێی ناوچەکـــە هەمـــوو هەوڵـــی خۆیـــان دەخەنـــە کار.

پاشـان بـە "قـازی"م وت کـە کاری مـن لەگـەڵ جەنابـت تـەواو بـووە، بـەڵام بـە سـەرنجدان بـە کەمبوونـی زانیـاری لەسـەر ڕووداوەکانـی کوردسـتان، حـەز دەکـەم ئەگـەر ڕازی بـێ لـەم بـوارەدا بـە شـێوەیەکی نارەسـمی قسـە بکەیـن. ئـەو ڕای گەیانـد کـە پێشـوازی لـە هـەر جـۆرە پرسـیارێک دەکات.

لێـم پرسـی کـە بزووتنـەوەی کـورد دەیهـەوێ چ جـۆرە پێوەندییەکـی لەگـەڵ حکوومەتـی ناوەنـدی هەبێـت. ئـەو وەڵامـی دامـەوە کـە

ئامانجی کوردەکان لەگەڵ ئامانجی حکوومەتی ئازەربایجان تەواو وەک یەکە و ئەویش خۆبەڕێوەبەری لە چوارچێوەی نەتەوەی ئێراندایە.

کاتێک سەبارەت بە دانوستانەکانی نێوان کوردەکان و ئازەربایجان پرسیارم کرد ئەو ڕای گەیاند کە هەر ئەم ڕۆژە لەسەر هەموو لایەنەکان بە ڕێککەوتنێکی تەواو گەیشتوون.

پاشان هەوڵم دا لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و کوردەکان دانوستانێک لە ئارادایە، یا لەلایەن یەکێک لە لایەنەکانەوە پێشنیارێک کراوە، یان خود نا، زانیاری وەربگرم. لەم قۆناغەدا ئەو سەردانی چاوەڕوانکراوی شاندێکی ئازەربایجانی کە بڕیارە بە سەرپەرستیی بادگان، بۆ دانوستان لەگەڵ قەوام بەرەو تاران بچن، پشتڕاست کردەوە. ئەو وتی شاندی ئازەربایجان لەلایەن کوردەکانیشەوە دانوستان دەکەن. کوردەکان و ئازەربایجانییەکان بۆ دابینکردنی ویستەکانیان پێکەوە هاوکاری دەکەن.

پاشان پرسیارم کرد، ئاخۆ کوردەکانی ئێران، عێراق و تورکیە بەتەمان وەک شەڕی جیهانی یەکەم (لە پاش شەڕ) شاندێک بۆ کۆنفرانسی ئاشتی بنێرن. ئەو وەڵامی داوە نەخێر. لەبەر دۆخی ئێران، کوردەکانی ئێران لەگەڵ کوردی ناوچەکانی دیکە پێوەندییان نییە.

وەبیرم هێناوە کە بیستوومە قەوام پێی وایە پرسی کورد زۆر دژوار نییە. ئەو وەڵامی داوە کە پرسەکە تەنانەت لەوەی قەوامیش دەڵێ سادەترە و ئەگەر ئەو شتەی ئەو لەبارەی دێموکراسییەوە دەیڵێ ڕاستگۆیانە بێت، کێشەکە هەر ئێستاش چارەسەر کراوە. ئەو وتی قەوام هەر ئێستاش وەک دێموکراتێکی ڕاستەقینە قسە

دەکات و ئەگەر بە ڕاستیش وەک دێموکراتێکی ڕاستەقینە بجووڵێتەوە، پێکهاتە جۆراوجۆرە نەتەوەیی و نەژادییەکانی ئێرانیش دەتوانن بەبێ هیچ خوێنڕشتنێک و بە دۆستایەتیی تەواوەوە پێکەوە بژین.

قازی بە ئاماژەکردن بەوەی کە ئامانجی کوردەکان ئاشتیخوازانەیە و جگە لە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، هیچ پلانێکی دیکەی سەربازییان نییە، بە زیرەکی خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پێوەندیدار بە بواری سەربازی دەبوارد. پرسیارم لێ کرد ئاخۆ ئەفسەرەکانی لەو جیپە ئەمریکییانەی دیتوومە لەناو شاردا ئەیهاژۆن ڕازین؟ بە دڵپاکییەوە وتی "کامە جیپ"؟ لە سەرەتای ئەم گفتوگۆیەدا، عەمەرخان وەزیری جەنگی کوردستان کە ڕواڵەتێکی وەک یەکێک لە ژێنراڵەکانی ئۆپێرا کۆمیکەکانی هەبوو، بە ڕواڵەت لەو گفتوگۆیانە بێتاقەت بوو و ژوورەکەی بەجێ هێشت.

کاتێک هەستام بڕۆم، قازی ئاماژەی پێ کردم کە دانیشم و لێمی پرسی بۆچی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە دەستڕۆیشتوویی و بڕشتی خۆی بۆ گۆڕانی حکوومەتی ئێران بە دێموکراسییەکی ڕاستەقینە کەڵک وەرناگرێ؟ ئاماژەم بەوە کرد کە دەستێوەرنەدان (لە کاروباری ناوخۆ) یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانە و پرسە ناوخۆییەکانی ئێران تەنیا دەبێ لەلایەن خودی ئێرانییەکانەوە و بەبێ دەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە چارەسەر بکرێن. پاشان ئەو بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر وتی: کوردەکان پێشوازی لە دەستێوەردانی ئەمریکا دەکەن. حکوومەتی ئەمریکا بە هەنگاونان بە قازانجی کەمینەکانی ئێران، ئیعتباری خۆی زیاد دەکات. پاشان

وتــی حکوومەتــی ناوەنــدی، ڕێگــری پێوەندیــی کــوردەکان و جیهانــی دەرەوە بــووە و لەمــەودوا کــوردەکان دەخــوازن خۆیــان بــە جیهانــی دەرەوە بناســێنن. (بــە ژمــارە ١٣٥ بــۆ وەزارەتخانــە، بــە ژمــارە ١٢٥ بــۆ تــاران، بــە ژمــارە ٣٠ بــۆ مۆســکۆ، بــە ژمــارە ٥١ بــۆ لەنــدەن، بــە ژمــارە ٣٢ بــۆ ئانــکارا، بــە ژمــارە ٢٨ بــۆ بەغــدا و بــۆ پاریــس نێــردرا.

دوهێر

**بەڵگەی ژمارە: ٧٨**

*ب-ژمارە ٣٣*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، تاران*
*ڕێکەوتی ٢٧/٤/ ١٩٤٦ (٧/ ٢/١٣٢٥)*
*نهێنی - وەزیری دەرەوە*

سەرەڕای بانگەشەی ئاشکرای سەران (تەلەگرافی ژمارە ١٢٤ی تەورێز، ٢٥ی ئاوریل) و گرینگییەک کە پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان بە ڕووداوەکانی کوردستانی دەدەن، سەرۆکوەزیران قەوام، هەروا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە کێشەی کوردستان بچووکە و ئەگەر دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتی ئازەربایجان بگاتە ئەنجامی دڵخواز، ئەویش بەبێ کێشە چارەسەر دەبێت. ئێمە نەک تا ئێستا نەمانتوانیوە سەبارەت بە هەر پلانێک کە ڕەنگە حکوومەتی ئێران بۆ دانوستان لەگەڵ کوردەکان هەیبێت، هیچ زانیارییەک بەدەست بێنین، بە پێچەوانەوە قەوام حاشای لە وەها ویستێک کردووە. لەم ڕووەوە دەتوانین وای دابنێین کە حکوومەتی ئێران چاوەڕێیە ڕێک لە پاش نەمانی پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ڕووسەکان و پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی ئازەربایجانی خودموختار، بزووتنەوەی کوردەکانیش هەڵبوەشێتەوە.ڕۆسۆ پێی وایە کە ڕەنگە لێکدانەوەی حکوومەتی ئێران دروست بێ لەبەر ئەوەی کۆی پێکهاتەی حکوومەتی خودموختاری کوردستان تا ڕادەیەک دەستکردە و تەنیا بەسەر پێکهاتەیەکی نە زۆر یەکگرتووی خێڵەکیدا سەپێندراوە.

بە ژمارە ٥٩٦ بۆ وەزارەتخانە نێردرا، بە ژمارە ١٧٨ بۆ مۆسکۆ، بە ژمارە ٤٤ بۆ بەغدا، بە ژمارە ٢ بۆ ئانکارا و پاریس دووپات کرایەوە.

**بەڵگەی ژمارە: ٧٩**

*(١٩٤٦، بەرگی VII، لاپەڕەی ٤٤٣_٤٤٢)*
*تەلەگرافێـک لـە وەزارەتـی دەرەوە بـۆ جێگـری کونسـوولی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکا لـە تەورێـز (بەڕێـز دۆهێـر)١)*

نهێنی

واشنگتۆن، ١٩٤٦ /٤/٢٩، کاتژمێر ٧ی پاشنیوەڕۆ

لە وەڵامی تەلەگرافی ١٣٧، ڕێکەوتی ٢٧ی نیسان:

بـە بۆچوونـی ئێمـە، بـۆ ئێـوە یـان «ڕۆسـۆ» بـاش نییـە لـەم بارودۆخـەدا وەک میوانـی قـازی محەمـەد سـەردانی مەهابـاد بکـەن، چونکـە قـازی محەمـەد هێشـتا ڕێبـەری بزووتنەوەیەکـی سـەربەخۆییخوازە دژی دەوڵەتـی ناوەندیـی ئێـران. لەمـە زیاتـر سـەردانێکی وەهـا لەوانەیـە لـە سەرانسـەری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بەتایبـەت لـە عێـراق و تورکیـە وەک هێـمای هاوخەمیـی ئامریـکا لەگـەڵ ئامانجەکانـی کـوردەکان بـۆ پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـورد لێـک بدرێتـەوە.

لـە تەلەگرافـی ٦٨٤، ڕێکەوتـی ٦ی مایـس، گوماشـتەی باڵوێزخانـەی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکا لـە تـاران پێشـنیاری ئـەوەی کـردووە کـە قەدەغەبوونـی سـەفەری کارمەندانـی باڵوێزخانـەی ئامریـکا لـە تـاران و کونسـوولگەریی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکا لـە تەورێـز بـۆ کوردسـتان هەڵبوەشـێتەوە، چونکـە سـەرجەم سـەربازەکانی سـۆڤیەت تـا ٧ی مایـس لـە ئێـران دەچنـە دەرەوە.

وەزارەتـی دەرەوەش لـە تەلەگرامـی ٣٩٨، ڕێکەوتـی ٧ی مایـس ڕازی

بــووه بــەوەی کــە لــەو ڕێکەوتــەوە، ئــەم قەدەغەبوونــە هەڵبوشــێتەوە.
(٦٤٥_٩١/٥. ١٢٤)

## شەڕی نێوان دەوڵەتی ئێران و کۆماری کوردستان:

لــە بەهــاری ســاڵی ١٩٤٦، هێزێکــی گــەورەی ئێــران بــە پشــتگیریی تانــک و  تۆپخانــە و فڕۆکــە بــە مەبەســتی هێــرش بــۆ ســەر مەهابــاد و کۆمــاری کوردســتان لــە چیاکانــی دەوروبــەری شــاری ســەقز جێگیــر دەبــن.

ئــەوکات لەســەر بانگهێشــتی قــازی محەمــەد لــە عەشــیرەتەکانی کــورد، بــۆ بەرەڤانیکــردن لــە کۆمــاری کوردســتان، عەمەرخــان لەگــەڵ تاهیرخانــی کــوڕی ســمکۆ و قۆتــاز مامــەدی بــە ١٧٠٠ پێشــمەرگەی شــکاک و جەلالــی و میــلان، چوونەتــە بــەرەی شــەڕ و وێــڕای هێــزی بارزانییــەکان و لەشــکری کۆمــار، لــە هەرێمــەکان بــۆکان، ســەقز و سەردەشــت و لــە بەرەکانــی ســەرا، کۆســەلان قــاراوە و مامەشــەدا پێشــیان بــە لەشــکری ئێــران گرتــووە.


لــەو شــەڕەدا کــە زیاتــر لــە مانگێــک درێــژەی کێشــاوە، ئێرانییــەکان بــە هێزێکــی زۆری پیــادە و بــە پشــتیوانی تانــک و تــۆپ و فڕۆکــە، پەلامــاری ناوچەکانــی کۆمــاری کوردســتانیان داوە. هێــزی پێشــمەرگەی شــکاکەکان بــە فەرماندەیــی عەمەرخــان و تاهیرخانــی ســمکۆ و قۆتــاز مامــەدی، ڕۆڵێکــی بەرچاویــان گێــڕاوە. لــەو شــەڕانەدا لــە پێشــمەرگەکانی عەشــیرەتی جەلالــی کەســێک بەنــاوی قــەرە یووســف بەهــۆی ڕۆکێتــی فڕۆکــەوە شــەهید بــووە. هەروەهــا لــە پێشــمەرگەکانی هێــزی تاهیرخانــی ســمکۆش، پێشــمەرگەیەک بــە نــاوی ڕەزا ڕەزمجــوو کــوڕی محەمــەد خەڵکــی ئاوایــی «کورمــک» لــە ناوچــەی ســۆمای ورمــێ، شــەهید بــووە و چەنــد پێشــمەرگەش برینــدار بــوون.

پێویســتە بگوتــرێ لــەو ســەردەمەدا هێــزی پێشــمەرگەی بارزانییــەکان

لـە چەندیـن بـەرەی شـەڕەکەدا ڕۆڵـی گرینـگ و کاریگەریـان هەبـووە و لـە یەکێـک لـەو شـەڕانەدا «خۆشـەوی خەلیـل» سـەرۆکی عەشـیرەتی مــزووری کــە وێــرای چەندیــن پێشــمەرگەی بارزانــی، توانیویانــە بــە قارەمانەتـی و فیداکارییەکـی بێوێنـە پەلامـاری دوژمـن تێـک بشـکێنن، بـۆ خـۆی و چەنـد پێشـمەرگەی دیکـەی بارزانییـەکان برینـدار دەبـن و دوای چەنـد ڕۆژ، خۆشـەوی خەلیـل مـزووری لـە نەخۆشـخانەی تەورێـز گیانـی فیـدای نیشـتمان کـردووە و دواتـر بـە مەراسـمێکی سـەربازی و بـە بەشـداریی قـازی محەمـەد و مسـتەفا بارزانـی و ڕێبەرانـی کۆمـاری کوردسـتان، لـە مەهابـاد تەرمەکـەی بـە خـاک سـپێردراوە.

هێزەکانــی ئێرانیــش دوای دانــی ژمارەیــەک کــوژراو و شــکانی چەندیـن زرێپـۆش و بەربوونـەوەی فڕۆکەیـەک، شکەسـتیان خـواردووە.

**بەڵگەی ژمارە: ٨٠**



نامەی قازی محەمەد بۆ محەمەدڕەشید خان


١٩٤٦/٥/٢

جەنابی ئاغای محەمەدڕەشید خان

لەو بەرگرییەی کردووتانە، پیرۆزبایی دەکەم. هەر جۆرە پێداویستییەکتان هەیە بەپەلە بۆم بنووسن کە خەریک بم دابینیان بکەم. لەبەر ئەوەی نوێنەرانی ئێمە لە تاران خەریکی گفتوگۆن، بە هیچ شێوەیەک نابێ بچنە سەر دوژمن، لەو شوێنەی هەن ڕاوەستن و خۆتان قایم بکەن.

محەمەد قازی

## بەڵگەی ژمارە: ٨١



نامەی عەمەرخان بۆ محەمەدڕەشید خان

١٩٤٦/٥/٣١

بــۆ حــزووری بەڕێــز حەزرەتــی ژێــنراڵ محەمەدڕەشــید خــان پێشــکەش بێــت.

بـە گوێـرەی ئـەو نامەیـەی جەنابـت کـە گەیشـت، لـە ناوەرۆکەکـەی تێگەیشــتم و لــە بابــەت میــرەدێ فەرمووبــووت کــە ئێمــە بــۆ دەســتپێکردنی شــەڕ دەستپێشــخەر نەبیــن. تەنیــا بــە هــۆی پەنجــا نەفــەرەوە کاری پێویســت کــراوە و لووتکــەی شــاخەکان و جێــگای ســەختمان گرتــووە.

ئـەو ڕۆژەی شـەڕ بـوو، بەهـۆی ژمارەیـەک لـە پیاوەکانـی تەمەرخانـی هنــارەوە میرەدێــم گرتبــوو. ئێســتاش دەتوانــم فــەورەن بیگــرم، بــەڵام ئیجــازەی شــەڕ نییــە. ســوارانی عەجــەم لــە لای قــورەدەرەوە جێگیــر بــوون، بــەڵام لێیــان ئەمیــن نیــم و ئەگــەر خێــرا ئیجــازەی شــەڕ بفەرمـوون، میـرەدێ دەگـرم. چاوەڕێـی ئەمـری جەنابتـم، چونکـە ئەگـەر میـرەدێ بگریـن شـەڕ سـاز دەبێـت، ئیجـازەی شەڕیشـمان نییـە. لەبـەر ئــەوەی میــرەدێ چۆڵــە و چاوەڕێــی دەســتووراتم.


چاوەڕێم زۆر زۆر زوو دەستوورات بفەرمووی.

ئــەوە دە جــارە بــۆ مەرکەزمــان نووســیوە بــۆ ناڵبەنــد، بــەڵام تــا ئێســتاش نەیاننــاردووە. ڕجــام وایــە ناڵبەنــد بــۆ ئێمــە مەرحەمــەت بفەرمــوون.

ئیمزا

عەمەر

**بەڵگەی ژمارە: ٨٢**


[illegible] آقای محمد رشید خان
[illegible]
[illegible] (۱۳۲۷ [illegible])
لەشکری ئێمە لە [illegible] کوێستان [illegible]
[illegible] کرم آباد [illegible] دوژمنان غفلتا هجوم کردن
[illegible] لەشکری ئێمە [illegible] لە طرفی [illegible]
محمد حسین [illegible] هجوم کردن لەشکری ئێمە
[illegible] لەشکری ئێمە هجوم کردنا
[illegible] شکست بە دوژمنان دراوە [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] اقدام لە دەست [illegible]
[illegible]

نامەی تاهیرخانی سمکۆزادە


١٩٤٦/٥/٣٠

برای خۆشەویست ئاغای محەمەدڕەشید خان ...

گــوزارش عــەرز دەکــەم لــە ڕێکەوتــی ١٩٤٦/٥/٢٨ لەشــکری ئێمــە لــە پشـــت ڕێـــگای کۆســـەلان- کەریمئابـــاد و تەدەرکەنـــد بـــوون. دوژمنـــان غەفڵەتــەن هجوومیــان کــردە ســەر لەشــکری ئێمــە و لــە تەڕەفــی ئالکالــو، هێرشــیان کــردە ســەر محەمــەد حوســێن ســەیدای قاســم کــرد، لەشــکری ئێمــە دە حاڵــی دەفاعــدا هجومیــان کــرد و شکســتێکی ســەختیان بــە دوژمنـــان داوە، چەنـــد نەفـــەر لـــە دوژمنیـــان کوشـــتووە و دوو ماشـــێن دەســکەوتیان لــەوان وەرگرتــووە. لــە ئێمــەوە یــەک نەفــەر لــە تایفــەی عەودۆیــی کــوژرا و یــەک نەفەریــش برینــدار بــوو و یــەک ئەســبی ئێمــەش بــە وێکەوتنــی گوللــە، کــوژرا. هەروەهــا عیدەیەکــی ئێمــە زۆر بــێ فیشــەک بـــوون، خواهیـــش دەکـــەم قـــەدرێ (کەمێـــک) قورخانـــە (چەکوچـــۆڵ و تەقەمەنــی) بــۆ مــە بنێــرە تاکــوو مەعتــەل نەبیــن. ئــەو ئیقدامــە لــە تەڕەفــی کەریــم ئابــاد و ئالــکال لــە پۆســتی زوبەیــد و عەزیــز محەمــەد بوویــە. هەروەهــا ئــەو ئیقدامــە لــە پۆســتی زوبەیــد و عەزیــز محەمــەد لــە تەڕەفــی کۆســەلان، ئیقــدام لــە پۆســتی دزرک و عــەدۆ بوویــە. لــە تەرەفــی ئالــکال (پۆســتی محەمــەد حوســێن اقــدام...) و لــە تەرەفــی پۆســتی ... ئەســیر کــراوە و ئینتــزاری ئەســباب و دەســتوور دەکەیــن. هەروەهــا ڕجــا دەکــەم تــۆپ و زیــدی تانــک بــۆ مــە بنێــرە، پێویســتە لــە کاری ئێمــە جددییــەت بفەرمــوون. چونکــە کاری ئێمــە و کاری جەنابــت تەفاوەتــی نییــە و لــە عیــددەی ئێمــە تەقریبــەن ... پیــاو لــە تفەنگــی دوو تیــر و ســێ تیــر و بــێ تفەنــگ هەنــە، مولاحــەزەی ئــەو کارە بفەرمــوون.

تاهیر سمکۆ

**بەڵگەی ژمارە: ٨٣**



نامەی تاهیرخانی سمکۆ


١٩٤٦/٦/٤

فەرماندەی هێزی سەرا و بۆکان

موحتەرەمەن عەرزت دەکەم کاغەزی جەنابت گەیشت و زیارەت کرا. نووسیبووت کە تەرکی جەبهەت کردووە. ئێمە تەرکی جەبهەمان نەکردووە، ئەمما لە پاشی چەند شەڕ و جەنگی سەخت، فیشەکمان تەمام بوو و ... کرد. جا ئەو وەخت میقدارێک لە جەبهەوە دوور کەوتین. نووسیبووت دوو هەزار فیشەک حازرە و پیاو و وڵاغ بنێرم وەرگرم، دوو هەزار فیشەک چکار دەکات؟ جەنابت بۆخۆت دەزانی کە هەزار و شەشسەد نەفەر، دوو هەزار فیشەک بەش ناکات. تەقریبەن یازدە موسەلسەلی حازرمان هەیە. خواهیش دەکەم کە بۆ مەرکەز بنووسە کە فیشەک و ئەسباب لە بۆ ئێمە بنێرن، کە ئیقدام بکەین. قەسەم بە خودا بەعزێ نەفەراتی ئێمە یەک پاکەت فیشەکی ماوە، بە یەک پاکەت چ جور شەڕ بکەین؟ فەوری دەستوور بفەرموو کە مەعتەل نەمێنین.

تاهیرخان سمکۆ

**بەڵگەی ژمارە: ٨٤**



۱۵/۳/[redacted]

خدمت جناب آقای علی بیگ

[illegible] عرض سلام خاطر مبارک مستحضر میدارد خود حضرتعالی مستحضر

هستید که هزار تفنگ [illegible]

[illegible] خدمت [illegible] قبول زحمت [illegible]

توسط یکنفر پیشمرگ [illegible] روانه فرمایید و هم در صورت امکان

[illegible] چهار نفر [illegible] روانه [illegible]

و حالیه [illegible] هم در قلعه کهنه هستم [illegible]

رشید بیگ [illegible] در ده [illegible]

[illegible] هم [illegible] خدمت رشید

بیگ هستند خواهش میکنم تفنگها را هر چه زودتر

توسط یکنفر پیشمرگ روانه فرمایید و هم [illegible] فرمایید

که [illegible] از دهات [illegible] هستند [illegible]

[illegible]

١٩٤٦/٦/٥


وەرگێـڕدراوی دەقـی فارسـیی نامـەی تاهیرخانـی سـمکۆ بـۆ زمانـی کـوردی

خزمەتی جەنابی ئاغای عەلی بەگ

لـە پـاش پێشکەشـکردنی عـەرزی سـەلام، بـە ئـاگاداری جەنابـت دەگەینێـت کـە جەنابـت ئـاگاداری کـە هـەزار فیشـەک کـە هـی سـوارەکانە، لـە دێـی سـەرا ماوەتـەوە. سـوارەکانیش لەبـەر بـێ ناڵـی وڵاخەکانیـان نەیانتوانیـوە بـۆ بارگیـری فیشـەکەکان، بگەنـە خزمەتتـان. تکایـە قەبووڵـی زەحمـەت بفەرمـوون بەهـۆی یـەک نەفـەر پێشـمەرگەوە بۆمـان ڕەوانـە بفەرمـوون، هەروەهـا لـە سـوورەتی ئیمکانـدا چـوار نەفـەر ناڵبەندیـش ڕەوانـە  بفەرمـوون کـە لێـرە ئەسـپەکان نـاڵ بکـەن. ئێسـتا بـۆ خـۆم لـە «قەڵاکـۆن»م و نووسـەری زمانـی کـوردی نەبـوو، ئاغـا ڕەشـید بـەگ بـە جەماعەتەکـەی خۆیـەوە لـە دێـی «چاخراوا»یـە و تەنیـا نـووری بـەگ لـە «نەوبەهـار»ە، جەماعەتـی تاهیـر ئاغـاش لـە چاخـراوا لـە خزمـەت ڕەشـید بـەگ دان، تـکا دەکـەم فیشـکەکان هـەر چـی زووتـر بـە هـۆی پێشـمەرگەوە ڕەوانـە بفەرمـوون، هەروەهـا تکایـە بشنووسـن کـە جەماعەتـی محەمـەد حوسـێن لـە چ دێیەکـدا هـەن.

تاهیرخان سمکۆ

## بەڵگەی ژمارە: ٨٥



نامەی عەمەرخانی شکاک بۆ قازی محەمەد:

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان هێزی بۆکان

١٩٤٦/٦/١١

بە نامی مەحبووبی پێشەوای موعەززەمی کوردستان تەقدیم

پاشی سەلامی بێ ئەندازە و عەرزی بەندەگی، ئەمشەو ١٩٤٦/٦/١١ قاقەز لە تەرەف ئاغایانی ئاغا ساڵح سوڵتانپەناه و مەحموود خانی سوڵتانی و ئاغایانی گەڵباخی و تیلەکۆی بەخشی.... عولیا قاقەزم تەقدیم کرد. کنارەگیری ئاغا ساڵح لەسەر چەند دێیەکە کە محەمەدڕەشید خان بە محەمەدسەدیقی داوە. ئەوەڵ ڕجام ئەمەیە کە ئەمرێ بۆ من مەرحەمەت بکەی کە لەو دێهاتە تەوەقوف بکەم تاکوو ئیدیعای خۆیان لە مەحزەری شەرعدا خاتمە ئەدەن، ئێستە چوارسەد سواری گەڵباخی و دووسەد و پەنجا سواری تیلەکۆیی لەگەڵ یەک نەفەر سەرهەنگ و ئەمنیە لە دێی ڕۆستێن، مەشغووڵ بوون کە بێن ئەم دێهاتە ئیشغاڵ و پەرێشان بکەن کە ئێمە گەیشتین، لە سایەی لوتف و گەورەیی تۆ نەیانتوانی ئیقدام بکەن. ئێستە ئاغا ساڵح سوڵتان پەناه و مەحموود خانی سوڵتانی، ئاغایانی گەڵباخی و تیلەکۆیی قورئان و قەسەمیان خواردووە کە ڕۆحی خۆیان بۆ کوردییەت بەخت بکەن و مونتەزری جوابن. ئومێدم هەیە زوو جواب مەرحەمەت بکەی و ئێستا لەگەڵ ئەو ئاغایانە زۆر ملاقات ئەکەم.

ژێنراڵ عەمەر شەریفی

دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەیەی نێوان کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان، کاتێک عەمەرخان و زێرۆ بەگ

لەگـــەڵ ســـەرۆکعێلانی شـــکاک، هەرکـــی و جەلالییـــەکان دەبینـــن کاربەدەســـت و فەرماندەکانـــی دەوڵەتـــی ئازەربایجـــان نایانهـــەوێ پابەنـدی جێبەجێکردنـی ئـەو پەیماننامـە لاوازەش بـن، بۆیـە لـە ڕۆژی ١٩٤٦/٦/١٨ زیاتـر لـە٣٠٠ شـەڕڤانی شـکاک بـە فەرماندەیـی عەمەرخـان کـە وەک هێـزی پێشـمەرگەی کۆمـار ڕێـک خرابـوون، بـۆ پراکتیزەکردنـی ئـــەو ڕێککەوتنـــەی نێـــوان کۆمـــاری کوردســـتان و دەوڵەتـــی میللیـــی ئازەربایجـان بـۆ بەڕێوەبردنـی هاوبەشـی ئـەو شـارانەی کـە کـورد و ئـازەری تێیـدا دەژیـان، ڕۆیشـتوونەتە نێـو شـاری کـەلا خـوێ (خـۆی).

هـاوکات هێـزی فەداییەکانـی ئازەربایجانیـش، لـە شـاری مەرەنـد و ماکـۆ بـۆ دژایەتیـی عەمەرخـان دەسـتیان کـردووە بـە هەوڵدانێکـی دوژمنکارانــە، بــەم شــێوەیە ڕەوشــی شــارەکە بــەرەو ئاڵــۆزی و شــەڕ ڕۆیشـتووە. بـەڵام دواتـر بەنێوبژیوانیـی جێگیـری کونسـوولی ڕووسـەکان بەنـــاوی «ئالایدیریـــۆف» کـــە هاوکاریـــی ئازەرییەکانـــی کـــردووە، هۆشـداریيان داوەتـە عەمەرخـان کـە ئەگـەر هێـزی شـکاک لـە «کـەلا خـوێ» پاشەکشـەی پـێ نەکـەن، لەشـکری سـۆڤیەت دەسـتێوەردان دەکات.

بـەم شـێوەیە ئـەو هەڵوێسـتەی کاربەدەسـتانی ڕووسـی زەربەیەکـی گـــەورە بـــووە کـــە لـــە پێگـــە و دەســـەڵاتی کـــورد لـــەو هەرێمـــەدا کەوتـووە، بۆیـە عەمەرخانیـش تـا کۆتایـی قـەت بـڕوای بـە ڕووسـەکان نەکــردووە.

**بەڵگەی ژمارە: ٨٦**

*ب-ژمارە ٤٧*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، تەورێز،*
*ڕێکەوتی: ١٥/ ٧/ ١٩٤٦ (٢٤/ ٤/ ١٣٢٥)*

نهێنی - دەرەوە

ڕەفیعی کە بەم دواییانە کراوەتە قایمقامی ڕەزاییە، دوێنێ بە یەکێک لە ئەندامانی تەشکیلاتی کونسوولخانەی وت کە ناکۆکیی کوردەکان و ئازەربایجانییەکان جددییە، بەڵام ئەو لەسەر ئەم بڕوایەیە کە کوردەکان تا بەرلە تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگاکانی بەردەست بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە حکوومەتێکی خۆجێیی، پەنا بۆ هێز نابەن. ڕەفیعی ڕای گەیاند کە ئەو بەم زوانە بەرەو ڕەزاییە وەڕێ دەکەوێت و لەوێ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەکی جیا لەگەڵ سەرکردەی خێڵە کوردەکان و یەک لەوانیش عەمەرخان، دانوستان دەکات. بۆ دێموکراتەکان کە تا بەرلەمە لە ڕێگای قازی محەمەدەوە، کاروباری کوردەکانیان ڕێک دەخست، ئەمە ستراتێژییەکی نوێ دێتە ئەژمار.

وەرگێڕی کونسوولخانە کە بە دوای کاروباری دەرکردنی مۆڵەتی سەفەری (ئانگوس) بەرپرسی کونسوولی بۆ مەهابادەوە بوو، بۆ ئۆفیسی ئوستاندار جاوید بانگ کرا. جاوید سەبارەت بە ئیعتباری گەرەنتیی (حکوومەتی) ئازەربایجان لەنێو قەڵەمڕەوی کوردەکان لەگەڵ قازی دانوستانی دەکرد.

قازی بە ئامادەیی جاوید بە وەرگێڕی کونسوولخانەی وت:

ئازەربایجانییەکان تا باشوور، تا ڕەزاییە (ورمێ) بەرپرسی ئاسایشی گرووپەکەن، بەڵام کوردەکان بۆ ڕێگای نێوان ڕەزاییە (ورمێ) تا مەهاباد، «ناوچەیەک کە لەژێر حوکمڕانیی ئێمەدایە»، ئەرکیان دەبێت. هەڵبەت جاوید لەسەر قسەی قازی هیچی نەگوت، بەڵام ماوەیەک دواتر، پێشنیاری کرد کە ئەم سەردانە لە ڕێگای میاندواوەوە و لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ڕەزاییەوە بکرێ لەبەر ئەوەی ڕێگای ڕەزاییە (ورمێ) بۆ مەهاباد باش نییە. بە گوتەی وەرگێڕی کونسوولخانە، لە نێوان قازی و جاویددا هەست بە ساردوسڕی دەکرا. پاش ئەوە جاوید زەمانەتنامەیەکی نووسراوی بۆ گرووپەکە دەرکرد و قازیش وای کرد کە شارەزایەک تا مەهاباد لەگەڵیان بێت. هەڵوێستی دۆستانەی ڕێبەری کورد بەرانبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر لە جاران دێتە بەرچاو و بە نواندنی ئەوەی ئەم سەردانە سەردانێکی تەواو ناڕەسمییە، کارێکی کرد کە دۆخێکی نالەبار نەیەتە ئاراوە.

بە ژمارە ٢١٥ بۆ وەزارەتخانە نێردرا، بە ژمارە ٢١٦ بۆ تاران، بە ژمارە ١٤٢ بۆ مۆسکۆ، بە ژمارە ٤١ بۆ ئانکارا بە ژمارە ٣٥ بۆ بەغدا دووبارە کرایەوە.

دوهێر

**بەڵگەی ژمارە: ٨٧**

*ب-ژمارە ٤٨*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، تەورێز،*
*ڕێکەوتی: ١٦/٧/ ١٩٤٦ (٢٥/٤/ ١٣٢٥)*

وەزیری دەرەوە

پێدەچێ تێبینییەکان و گفتوگۆکانی دیدارەکەی ڕەزاییە (ورمێ)، گوتەکانی ڕەفیعی سەبارەت بە هەستیاربوونی دۆخی کوردەکان، لە ناوچەکە پشتڕاست دەکاتەوە. ئێستا کوردەکان بەسەر هەموو ناوچەکانی ڕۆژئاوای شارێی خۆی - شاهپوور (دیلەمان - سەلماس)-ڕەزاییەدا زاڵن و هەموو ڕۆژێک دێموکراتەکان لە گوندەکان دەردەکەن. پێدەچێت جگە لە خودی ناوشاری ڕەزاییە (ورمێ)، هەموو بەشی ڕۆژئاوای دەریاچەی ڕەزاییە (ورمێ) لەژێر ڕکێفیاندا بێت.

تا نزیک دە مایل لە باکووری شارێی ڕەزاییە (ورمێ)، هەموو جۆرە کەرەستەیەکی گواستنەوە خەریکی گواستنەوەی کوردەکان بەرەو ئەو بەرزاییانەن کە بە دەستی کوردەکانەوەیە. سەرچاوە خۆجێییەکانی من لەسەر ئەو بڕوایەن کە کوردەکان دەیانهەوێ لە ڕێگای ئاشتی بێ یا بە هێز، شاری ڕەزاییە کە تەنیا ناوچەی کڕین و فرۆشتنی ئەوانە بگرنەوە و بیکەنە پایتەختی کوردستانی باکوور (باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان- نووسەر).

بە ژمارە ٢٢٠ بۆ وەزارەتخانە، بە ژمارە ٢٢١ بۆ تاران، بە ژمارە ١٤٢ بۆ مۆسکۆ، بە ژمارە ٤٢ بۆ ئانکارا، بە ژمارە ٣٦ بۆ بەغدا نێردرا.

دۆهێر

**بەڵگەی ژمارە: ٨٨**

*ب-ژمارە ٤٩*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، تاران،*
*ڕێکەوتی: ٢٥/٧/ ١٩٤٦ (٣/٥/ ١٣٢٥)*
*نهێنی - وەزیری دەرەوە*

دەستبەسەرداگرتنی خۆی لەلایەن هێزە کوردەکانەوە کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز، لە ڕۆژی ١٨ی ژوئیە/ ٢٨ی پووشپەڕ ڕووی دابوو، ڕۆژی دواتر و پاش بەدواداچوونی شەخسی «گاگارین» و کونسوولی بریتانیا، ڕەت کرایەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دواتری (یەکێک لە) دانیشتوانی خۆی بۆ کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز، حەفتەی ڕابردوو٣٠٠ چەکداری هۆزی شکاک چوونە ناو خۆی و داوایان کرد کە نیوەی فەرمانگەکان بدرێتە دەستی ئەوان. بەڵام کاتێک هێزێکی ٨٠٠ کەسیی فیدایی بۆ پشتیوانیی هێزەکانی نیشتەجێی خۆی ڕەوانەی ئەوێ کرا، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، شکاکەکان بەرەو بەرزاییەکانی دەوروبەری شار کشاونەتەوە و ئەم ڕووداوە بەبێ خوێنڕشتن کۆتایی هاتووە.

بە ژمارە ١٠٢٢ بۆ وەزارەتخانە نێردرا، بە ژمارە ٦ بۆ ئانکارا و بە ژمارە ٦٩ بۆ بەغدا دووبارە کراوە.

## سەفەری قازی محەمەد بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

سەعید هومایوون، لەبارەوەی ئەو سەفەرەی پێشەواوە نووسیویەتی:

لە نێوەڕاستی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٦، قازی محەمەد، بە مەبەستی لە نزیکەوە بینین و ئاگاداربوون لە کێشە کورد لە ورمێ و سەڵماس و کەلا خوێ و ماکۆ، لەگەڵ چەند کەس لە کاربەدەستانی کۆمار، یەکەمجار ڕۆیشتوونەتە ورمێ و، دوای مانەوەی دوو ڕۆژ لەوێ، لەگەڵ نوێنەر و کەسایەتییە متمانەپێکراوانی کورد و ئازەری، هەروەها سەرۆک هۆزەکان هەڤدیتنی ئەنجام داوە.

هەروەها بە بینینی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان و دەوڵەتی ئازەربایجان، ڕێنمایی پێویستیان پێ داوە، بۆ ئەوەی بۆ هاوکاریی زیاتر لە نێوان خۆیان، بتوانن ئەولەهی و تەناهیی زیاتر بۆ خۆیان و خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەر دابین بکەن.

عەمەرخانیش کە بۆ پێشوازی لە قازی محەمەد ڕۆیشتبووە ورمێ، لەگەڵ قازی محەمەد و شاندەکەی بەرەو سەڵماس وەڕێ دەکەون و کاتێک دەگەنە نزیک زندەشت (گوندی عەمەرخان)، لە سەر داوای عەمەرخان، قازی محەمەد ڕازی دەبێ کە لەگەڵ شاندەکە بڕۆنە زندەشت.

بەڵام قازی محەمەد بەرلەوەی کە بچێتە زندەشت، لە گوندی دەرماناوا دەچێتە سەر مەزاری ئەسحابەکانی ئیسلام و فاتیحەیان بۆ دەخوینێتەوە و سەردانی گەرمک (کانیی ئاوی گەرم و دەرمان) ی ئەو شوێنە دەکات.

دواتــر کاتێــک قــازی محەمــەد دەگاتــە نزیــک زندەشــت، لەســەر ڕێــگای گونــد، خەڵکــی گونــد کــە ئــەوکات لەنێــو زەوییەکانیــان ســەرقاڵی دروێنــەی گەنــم بــوون، بــە جــۆش و خرۆشــێکی تایبــەت و هــەر بــە (گــورز)ی گەنمــەوە بــۆ پێشــاندانی خۆشــحاڵیی خۆیــان پێشــوازییان لــە قــازی محەمــەد و شــاندەکەی کــرد.

هەروەهــا کوڕەکانــی عەمەرخــان و ســوارەکانی شــکاکیش، بــۆ پێشــوازی لــە قــازی محەمــەد لــە تەنیشــت ڕێگاکــە بــە ڕیــز ڕاوەســتابوون و بــە تەقــەی خۆشــی خۆشــحاڵیی خۆیــان بــۆ هاتنــی قــازی محەمــەد دەردەبــڕی.

قــازی محەمــەد و شــاندەکەی ئــەو شــەوە وەک میوانــی عەمەرخــان لــە زندەشــت دەمێنــن و زۆر لــە ســەرۆک هۆزەکانــی شــکاک و بەگــزادەکان، ســەردانی قــازی محەمــەد دەکــەن.

ڕۆژی دواتــر قــازی محەمــەد و شــاندەکەی لەگــەڵ عەمەرخــان و چەنــد ســەرۆک هــۆزی دیکــەی شــکاک، دەچنــە ســەڵماس و لــەوێ شــکاکەکان پێشــوازییەکی کەموێنــە لــە قــازی محەمــەد و شــاندی یــاوەری دەکــەن.

هەروەهــا ئازەرەییەکانــی سەڵماســیش وەک ڕێزگرتــن لــە دڵپاکیــی قــازی محەمــەد بــۆ پێکهێنانــی دۆســتایەتی و یەکیەتــی لــە نێــوان کــورد و ئازەرییــەکان، ئەوانیــش بــۆ پێشــوازی لــە قــازی محەمــەد ئامــادە دەبــن.

دواتــر قــازی محەمــەد و شــاندەکەی دەچنــە «کــەلا خــوێ» و لەوێــش قــازی محەمــەد لەکاتــی ســەردانی نوێنــەر و کاربەدەســتانی دەوڵەتــی ئازەربایجــان و هێــزە کوردییــەکان، پێداگــری لەســەر دۆســتایەتی و یەکیەتیــی کــورد و ئازەرییــەکان دەکات و، هیــوای دواڕۆژێکــی باشــتر بــۆ

هـەر دوولا دەخـوازێ و لەگـەڵ شـاندەکەی بـەرەو شـاری ماکـۆ وەڕێ دەکـەون.

لــە ڕێــگادا قــازی محەمــەد کاتێــک چــاوی بــە چیــای ئاگــری دەکــەوێ، وەک ڕێزگرتــن لــە ســەرهەڵدانی ئــارارات و شــەهیدەکانی، سـڵاو لــە ئاگــری دەکات و دەڵێــت: «سـڵاوت لـێ بـێ ئاگـری، بـاش بزانـە، ئـەو ڕۆژە دێـت کـە تـۆ جارێکـی دیکـە بـە ئاگـری شۆڕشـگێڕانی خـۆت، خەرمانــی بوونــی داگیرکــەران بکــەی بــە خۆڵەمێــش».

لەســەر ڕێــگای ماکــۆ، لــە ســیاە چشــمە، هۆزەکانــی جەلالــی و خەلکانلــوو لەگــەڵ ئەرمەنییەکانــی ئــەوێ، بــە شــکۆیەکی گــەورەوە پێشــوازی لــە قــازی محەمــەد دەکــەن و، لەگەڵــی دەچنــە ماکــۆ.

قــازی محەمــەد ســێ ڕۆژ لــە ماکــۆ دەمێنــێ و لەوێــش لەگــەڵ عەمەرئاغـای سـەرۆکهۆزی جەلالـی، شـێخ حەسـەنێ جەلالـی، عەبدوڵـڵا ئاغــای ســەرۆکعێلی میــلان، حەســەن ئاغــای ســەرۆکعێلی خەلکانلــوو یەکــتر دەبینــن و قــازی محەمــەد لــە نزیکــەوە گوێــی لــەو کەســانە گرتــووە و لــە کێشــەکانیان ئــاگادار بــووە.

دواتــر بــۆ چارەســەکردنی کێشــەکان، هەروەهــا خزمەتکردنــی باشـتریان، بڕیـاری پێویسـت بـە کاربەدەسـتانی کۆمـاری کوردسـتان ڕادەگەیەنێــت، هەروەهــا پێداگــری لەســەر ڕێزگرتــن و پاراســتنی ئازەرییەکانـی ئـەوێ لەلایـەن کاربەدەسـتانی کۆمـاری کوردسـتانەوە لـە ماکــۆ دەکات.

دواتـر قـازی محەمـەد بـۆ سـەردانی «ئاینالـی خانـم» کـە هاوسـەری ئیقبـال سـەڵتەنەی سـەرداری ماکـۆ بـوو، دەچێتـە کۆشـکی سـەرداری ماکـۆ، کـە ناوبـراو بەرلـە چەنـد سـاڵێک لەلایـەن هێزەکانـی ڕەزا شـاوە کوژرابـوو.

ئاینالـی خانـم لـە کاتـی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ قـازی محەمـەد، بـە پێداگرییەکـی زۆرەوە قـازی محەمـەدی بـۆ خواردنـی نانـی نیـوەڕۆ ڕازی کـردووە و لـە باخـی کۆشـکەکەدا پێشـوازیی لـێ کـردوون. دواتریـش پێشـانگای نێـو کۆشـکەکەی پێشـانی قـازی محەمـەد داوە، کـە چەنـد سـاڵ لەمەوبـەر ئـەو پێشـانگە کەڤنارەیـە لەلایـەن گـەورە کاربەدەسـتی ئێرانـی بـە نـاوی «ئەمیـر عەبدوڵـڵا خانـی تەهماسـبی»یەوە تـاڵان کرابـوو.

بـەم شـێوەیە سـەفەری دە ڕۆژەی قـازی محەمـەد و شـاندەکەی بـۆ ناوچەکانـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، کاریگەرییەکـی ئەرێنیـی لەنێـو خەڵکـی ئـەو هەرێمانـەدا بەجـێ هێشـتووە و ئەمـەش ببـووە هـۆی پێکهاتنـی یەکیەتـی و دڵگەرمیـی دانیشـتوانی کـورد و ئازەرییەکانـی ئـەو ناوچەیـە.

## هەوڵەکانی پاراستنی ناسنامەی کوردستانیبوونی ورمێ و دەوروبەری:

هەرچەند کە بەڕێوەبەریی فەرمیی شاری ورمێ، سەڵماس، ماکۆ و کەلا خوێ (خۆی) لە دەستی ئازەرییەکاندا بوو، بەڵام کۆنترۆڵی ئەمنیەتی ئەو شارانە، هەموو کاتێک لە دەستی کوردەکاندا بووە و، دانانی کاربەدەستی ئازەری لەو شارانەدا شتێکی ڕووتینی و تەنیا بە مەبەستی سیاسی و دژبەریی کوردان بوو، چونکە ئەوکات لە ئاگری و ماکۆ (عەمەرئاغای جەلالی و شێخ حەسەن و ئاغاکانی میلانی، دەلان و ...هتد) لە سەڵماس (قۆتاز مامەدی و حەجیێ عەتمانی و ...هتد) لە هەرێمی سۆما و برادۆست و ئەنزەل (عەمەرخانێ شکاک و تاهیرخانی سمکۆ و نوورکۆیێ عەودۆیی و عەباسێ فەنەکی و حەسەنێ تێلۆ و شێرۆیێ پساغا و هنارە) و بە تایبەتی لە ورمێش زێرۆ بەگێ هەرکی و نووری بەگ و ڕەشید بەگ ڕۆڵێکی بەرچاویان بۆ کۆنترۆڵی ئەو شارانە هەبووە و، ئامادە نەبوون ئیدارەی ئەو شارانە بخەنە دەست حکوومەتی ئازەربایجان

بەپێی سەرچاوە ڕووسییەکان:

لەنێو سەرکردەکانی کورددا، کەسانی وەک عەمەرخان و نووری بەگ و قۆتاز مامەدی و ...هتد، بە کردەوە و بە ئاشکرا هەوڵ دەدەن ئەو شارانە (ورمێ، سەڵماس، خوێ و ماکۆ) سەر بە کۆماری کوردستان بن. بۆیە هێزە چەکدارەکانی کورد لە ناوەڕاستی مانگی نیسان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەو شارانە، دوای دەرکەوتنی هێزی سووری سۆڤیەت لەو هەرێمانە، ئەو هەرێمانەیان گەمارۆ داوە و تەنیا دوای دەستێوەردانی هێزەکانی ئێمە چەکدارە کوردەکان

گەڕاونەتــەوە بــۆ هەرێمەکانیــان.

لەم بوارەدا «جراڵد دوهێر» بەم شێوەیە دەئاخڤێت:

لــە ١٩٤٦/٨/٩ بــە هــۆی ئــەوەی کــە ئازەرییــەکان بەپێــی ئــەو ڕێککەوتنــەی لەگــەڵ کــوردان خۆیــان لــە دانــی بــاج و ســەرانەی دەخڵودانــی شــارەکانی ورمــێ و ســەڵماس دزیبــووەوە، یەکــە و پێشــمەرگەکانی کۆمــار، دەوروبــەری ســەڵماس و ورمــێ دەگــرن و لەســەر ئەمــە پیشــەوەری یەکســەر داوای چاوپێکەوتــن لەگــەڵ قــازی محەمــەد دەکات.

لــە ١٩٤٦/٨/١٥ هێزێکــی گــەورەی پێشــمەرگە لەگــەڵ مــەلا مســتەفا بارزانــی دەچنــە ســەنگەرەکانی شــاری میانــدواو و هێزەکانــی ئازەریــش بــە تــۆپ و تانــک دەکەونــە ئامادەباشــییەوە.

لــە ٧ - ١٩٤٦/٩/٢٠ کاتێــک کــە هێزێکــی ٥٠٠ کەســی لــە پێشــمەرگەکانی شــکاک بــە فەرمانــی عەمەرخــان بــەرەو ورمــێ پێشــڕەوی دەکــەن و دەوروبــەری شــارەکە دەخەنــە ژێــر کۆنترۆڵــی خۆیــان، دواتــر خۆیــان دەگەیەننــە نێــو شــار و، لەنێــو کۆلانەکانــی ورمــێ دەســووڕێنەوە.

هەروەهــا لــە ١٩٤٦/٩/٣٠ زێــرۆ بــەگ بــە زۆر خــۆی دەگەیەنێتــە بــارەگای والیــی ورمــێ و داوا لــە والیــی ئازەریــی ورمــێ بەنــاوی ڕەفیعــی دەکات کــە پێشــێلی ڕێککەوتنــی تەورێــز نەکــەن، کــە دەبوایــە ئــەوان نیــوەی کاروبــاری ئیــداری و دادوەریــی ورمێیــان ڕادەســتی کــورد بکردبایــە، بــەڵام والــی هەڵدێــت بــۆ دیــوی تەلەگرافخانــە و، دواتــر جێگــری کونســوولی ســۆڤیەت لــە ورمــێ بــە نــاوی هاشــمۆڤ دەکەوێتــە نێوانیــان و، ســەرەتا فەرمــان بــە کــوردەکان دەدات کــە شــارەکە بەجــێ بهێڵــن، بــەڵام کاتێــک کــە زێــرۆ بــەگ ئــەو فەرمانــەی جێبەجــێ

نەکـردووە، هاشـمۆڤ پێـی وتـووە: «ئەگـەر ئێـوە بـە ئاشـتییانە لـە شـارەکە دەربکـەون، ئەوانیـش هـەوڵ دەدەن کـە ئـەو کێشـەیە بـە ڕازیبوونـی هـەردوو لایـەن چارەسـەر بکـەن».

دوای ئـەو وتانـەی جێگـری کونسـوولی سـۆڤیەت، هێزەکانـی زێرۆبـەگ لەنێـو شـاری ورمـێ دەچنـە دەرەوە، بـەڵام عەمەرخـان هێزەکانـی لـە شـارەکە پاشەکشـە پـێ نـاکات و لـە نێـوان هێزەکانـی عەمەرخـان و فەداییانـی ئازەربایجـان لـە دەوروبـەری ورمـێ هێندێـک شـەڕ و تێکهەڵچـوون ڕوو دەدەن.

دوای وتووێژێکـی چەنـد ڕۆژە لـە نێـوان کاربەدەسـتانی کونسـوولی سـۆڤیەت و دەوڵەتـی میللیـی ئازەربایجـان لەگـەڵ عەمەرخـان و هێندێـک لـە سـەرۆکعێلانی مەهابـاد، ئازەرییـەکان قبـووڵ دەکـەن کـە بـا کوردەکانیـش لـە پۆسـتەکانی بەرپرسـایەتیی هێـزە ئەمنییەتیـەکان لـە ئازەربایجانـدا کار بکـەن و ئێمـە بوودجەیەکـی مانگانەیـان بـۆ خـەرج دەکەیـن.

لـە ١٩٤٦/٩/٢٥دا، تەنیـا دوای تێپەڕینـی دوو ڕۆژ بەسـەر ئـەو ڕێککەوتنـەدا هێزەکانـی عەمەرخـان لەسـەر ڕێـگای سـەڵماس و ورمـێ بازگـەی وەرگرتنـی بـاج دادەنێـن و لـە هـەر کـەس بـاج وەردەگـرن.

لـە ١٩٤٦/٩/٢٧عەمەرخـان پەیامێـک بـۆ فەرمانـدەری ئازەرییـەکان لـە سـەڵماس دەنێرێـت و لـە پەیامەکـەدا بـۆی نووسـیوە: «ئێمـە ڕۆژی ٣٠ی سـێپتامبر بـازاری سـەڵماس لەسـەر نـاوی کۆمـاری کوردسـتان تاپـۆ دەکەیـن». ئـەو پەیامـەی عەمەرخـان یەکسـەر لەگـەڵ دژایەتـی و کاردانـەوەی هاشـمۆڤ و کاربەدەسـتانی ئازەربایجـان ڕووبـەڕوو دەبێـت و هاشـمۆڤ لەگـەڵ زێـرۆ بـەگ لـە ورمێیـەوە بـەرەو سـەڵماس دەچـن و پیشـەوەریش ژێـنراڵ و فەرمانـدەی هێـزی دەوڵەتـی ئازەربایجـان

بەنـاوی غـوڵام یەحیـا خـان بانگهێشـت دەکات و ئەرکـداری دەکات کـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەر هێرشـێکی شیمانەکراو لەلایـەن هێزەکانـی عەمەرخانـەوە، لـە شـاری زەنجـان بگەڕێتـەوە و بچێتـە سـەڵماس.

دواتـر هاشـمۆڤ دەچێتـە زندەشـت و لـەوێ هـەوڵ دەدات بـە ئاخافـتن لەگـەڵ عەمەرخـان، ناوبـراو ڕازی بـکات کـە بەبـێ هێـچ مەرجێـک، دەسـت لـە داواکانـی لەمـەڕ سـەڵماس هەڵبگرێـت، بـەڵام عەمەرخـان بـە قسـەکانی ڕازی نەبـووە. دواتـر هاشـمۆڤ هەڕەشـە لـە عەمەرخـان دەکات کـە ئەگـەر بـە پێشـنیارەکانیان ڕازی نەبێـت، هێزەکانـی سـۆڤیەت ئـەوکات دەسـتێوەردان دەکـەن.

بـەم شـێوەیە لـە ئاکامـی وتووێـژی سـێ ڕۆژەی نێـوان عەمەرخـان و هاشـمۆڤ و کاربەدەسـتانی ئـازەری، عەمەرخـان بـە مەرجـی وەرگرتنـەوەی دەسـەڵاتی ئیدارەکردنـی هەمـوو کاروبـاری ئەمنیەتـی و بـاج و خەراجـی سـەڵماس، ڕازی بـووە کـە هێـزی پێشـمەرگە لـە سەڵماسـەوە بکشـێنێتەوە.

بـەم شـێوەیە بـە ڕوونـی دەردەکەوێـت کـە ڕووسـەکان بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو شـارانە نەکەونـە ژێـر کۆنترۆڵـی کـوردەکان، بـەردەوام لایەنگـری و پشـتگیریی ئازەرییەکانیـان کـردووە.

لـەم بـوارەدا دکتـۆر قاسـملوو لـە کتێبەکـەی بـە نێـوی (چـل سـاڵ خەبـات لەپێنـاو ئازادیـدا) نووسـیویەتی: «لـە سـاڵی ١٩٤٦دا، کاتێـک کـە شـاندی حکوومەتـی ئازەربایجـان و کۆمـاری کوردسـتان لـە کونسـولخانەی سـۆڤیەت لـە ورمـێ کۆبوونەوەیەکیـان لەمـەڕ کێشـەکانی شـاری ورمـێ پێـک هێنابـوو، دوای گەنگەشـەیەکی دوور و درێـژ، هـەردوو لەسـەر ئـەوەی کـە ورمـێ لەسـەر حکوومەتـی ئازەربایجـان، یـان کۆمـاری کوردسـتان بێـت، نەگەیشـتبوونە هیـچ

ئاکامێـک. بۆیـە زێـرۆ بەگـێ هەرکـی کـە ئەندامـی شـاندی کۆمـاری کوردسـتان لـەو کۆبوونەوەیـەدا بـووە، هەسـتاوە و کورسـییەکی لـە نێوەڕاسـتی دیـوی کۆبوونەوەکـەی دانـاوە و بـە سەرکونسـوولی سـۆڤیەتی وتـووە: «جەنابـی هاشـمۆڤ! ئێسـتا ئـەم دیـوە هـی تۆیـە، گەلـۆ دەتوانـم ئـەم کورسـییە لـە نێوەڕاسـتی دیوەکەتـدا دابنێـم و بڵێـم ئـەم دیـوە هـی منـە؟!». دیـارە کـە ئامانجـی زێرۆبەگـی هەرکـی ئـەوە بـووە کـە شـاری ورمـێ لـە نێوەڕاسـتی کوردسـتاندایە و دەوروبەریشـی هەمـووی کـوردن و نابـێ ببێتـە بەشـێک لـە ئازەربایجـان و دەبـێ بکەوێتـە سـەر کۆمـاری کوردسـتان.

دوای پاشەکشـەی هێزەکانـی ئێـران، تاهیرخانـی سـمکۆ لـە بـەرەی شـەڕدا مـاوە و عەمەرخـان گەڕاوەتـەوە مەهابـاد و لـە چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ قـازی محەمـەد باسـی لـە ڕەوشـی خراپـی کـوردان لـە هەرێمەکانـی ورمـێ و سـەڵماس و کۆتـۆل و ماکـۆ کـردووە، کـە لەلایـەن حکوومەتـی میللیـی ئازەربایجانـەوە ئـازار دەدرێـن. ئـەو داوای لـە قـازی محەمـەد کـردووە کـە لـە بەرانبـەر زۆرداریـی چەکدارانـی حکوومەتـی ئازەربایجـان لـەدژی کـوردەکان بێدەنـگ نەمێنـن، هەروەهـا پێـی وتـووە کـە ئـەو شـار و هەرێمانـە بەشـێکی سـەرەکینە لـە کوردسـتان، دەبـێ ئێمـە بـۆ گەڕاندنـەوەی ئـەو هەرێمانـە بـۆ سـەر کۆمـاری کوردسـتان خـاوەن هەڵوێسـتێکی جیـددی بیـن.

شـایانی باسـە کـە فەداییـەکان واتـە چەکدارانـی حکوومەتـی ئازەربایجـان کـە زۆربەیـان سـەر بـە حیزبـی تـوودە و کۆمۆنیسـت بـوون، لـە بۆچـوون و هەڵوێسـتی عەمەرخـان و زێـرۆ بەگـی هەرکـی لەمـەڕ ئـەم هەرێمانـە زۆر هەسـتیار و عاجـز بـوون، بۆیـە چەندیـن جـار پلانـی گرتـن، یـان لەنێوبردنـی عەمەرخـان و زێـرۆ بەگیـان داناوە،

بــەڵام تێیــدا ســەرکەوتوو نەبــوون.

لــە لایەکــی دیکــەوە کوردەکانــی هەرێمــی ســەڵماس و دەوروبــەری چەنــد جــار ســکاڵای خۆیانیــان لەمــەڕ هەڵســوکەوتی تونــد و خراپــی کاربەدەســتانی ئازەربایجــان و فەدایییەکانــی ئــەوێ، بردووەتــە لای عەمەرخــان و داوایــان لــێ کــردووە کــە چارەســەرێک بــۆ ئــەم پرســە بدۆزێتــەوە. عەمەرخانیــش هۆشــداریی داوەتــەوە بەرپرســانی ئیــدارەی حکوومەتــی ئازەربایجــان کــە دەســت لــەو هەڵســوکەوت و کــردەوە دوژمنکارانەیــەی خۆیــان لــە هەرێمەکانــی ســەڵماس و ورمــێ و کۆتــۆڵ و ماکــۆ کــە لــە بەرانبــەر کــورددا دەیکــەن، هەڵبگــرن.

بــەڵام فەدایییەکانــی ئازەربایجــان گوێیــان نەداوەتــە ئــەو داوایــەی عەمەرخــان و دواتــر بــە پشــتگیریی هێزەکانــی ڕووس، گونــدی زندەشــتیان گەمــارۆ داوە، کــە زێــدی عەمەرخــان بــووە. عەمەرخانیــش لــە بەرانبــەردا خــۆی بــۆ شــەڕ ئامــادە کــردووە و کاتێــک کــە ڕووســەکان بینیویانــە عەمەرخــان ئامادەیــە بــۆ بەرەڤانیکــردن، بڕیاریــان داوە وتووێــژی لەگــەڵ بکــەن.

کاتێــک عەمەرخــان و ڕووســەکان یەکتریــان بینیــوە، عەمەرخــان پێیانــی وتــووە ئێمــە هیــچ دژایەتییەکــمان لەگــەڵ دەوڵەتــی ســۆڤیەت نییــە و نابــێ ئێــوە لایەنگــری لــە ئازەرییــەکان لــەدژی ئێمــە بکــەن و هێزەکانتــان لــەدژی ئێمــە بــەکار بێنــن. هەروەهــا پێیانــی ڕاگەیانــدووە ئێمــە ناکۆکیــمان لەگــەڵ حکوومەتــی ئازەربایجــان هەیــە و ئــەوان دەیانــەوێ هەرێمەکامنــان لــێ داگیــر بکــەن. عەمەرخــان بــە ڕووســەکانی وتــووە ئەگــەر ئێــوە دۆســتی هەردوولامانــن، پێویســتە ئێــوە بێلایەنانــە نێوبژیوانیــمان بکــەن، بــۆ ئــەوەی ئــەو ناکۆکییانــەی نێوامنــان بنبــڕ بکرێــن.

بــەم شــێوەیە کاتێــک ئەفســەری ڕووس ئــەو ئاخافتنــە لۆژیکییانــەی عەمەرخانــی گــوێ لــێ بــووە، گەمــارۆی هێزەکانــی لەســەر گونــدی عەمەرخــان هەڵگرتــووە.

## پێوەندییە سیاسییەکانی عەمەرخان لەگەڵ سۆڤیەت و ئەمریکاییەکان:

لە بەهاری ساڵی ١٩٤٦دا دەوڵەتی میلیی ئازەربایجان لەسەر بنەمای پلانێکی پاوانخوازانە بۆ داگیرکردنی هێندێک لە ناوچە کوردییەکان و سەپاندنی دەسەڵاتداریی خۆی لەو هەرێمانەی دەوروبەری کەلا خوێ، ماکۆ، کۆتۆل، سەڵماس و ورمێ، هەوڵیان داوە هێزی سەربازیی فەداییەکانی خۆیان لەو هەرێمانە جێگیر بکەن.

کاتێک عەمەرخان لەو پیلانەیان ئاگادار دەبێ، لەگەڵ قۆتاز مامەدی و سەرۆکعێلانی شکاک، جەلالی، میلان، بەگزادە و هەرکییەکان لە بەرانبەر ئەو بڕیارەی دەوڵەتی تەورێز، ئامادەباشیی گشتی ڕادەگەیەنێت و هەڕەشەی لە کاربەدەستانی تەورێز کردووە کە ئەگەر هێزی فەداییەکانی خۆی بنێرێتە ئەو هەرێمانەی کوردستان، ئەوان ڕێگرییان لێ دەکەن و شەڕیان لە گەڵدا دەکەن.

هەروەها عەمەرخان لە ڕێگای نامەیەکەوە بۆ ڕووسەکان، هەڵوێستی کوردەکانی لە بەرانبەر پیلانی دەوڵەتی تەورێز بۆ داگیرکردنی هەرێمەکانی کوردستان ئاگاداری کردووە و کاتێک ڕووسەکان لە هەڵوێستی جیددیی کوردان ئاگادار بوون، بۆ پاراستنی ڕەوشەکە هۆشدارییان بە کورد و ئازەرییەکانیان داوە و لەمەڕ چارەسەریی کێشەکان، ڕێگای وتووێژیان بە هەردوو لا پێشنیار کردووە.

دوایی ئیتر عەمەرخان بۆ وەرگرتنی پشتگیریی ئەمریکا، نوێنەری خۆی بە ناوی «عاکیف شەریفی» دەنێرێتە تەورێز و ناڕازیبوونی

خـــۆی لـــە سیاســـەتی ڕووســـەکان کـــە لـــەدژی کـــورد پشـــتگیریی ئازەرییـــەکان دەکات، پێیـــان ڕادەگەیەنێـــت.

هەروەهـــا عەمەرخـــان لەڕێـــگای نوێنـــەری خۆیـــەوە، پرســـیاری لـــە کونســـوولی ئەمریکایـــی بەنـــاوی «جراڵـــد دوهێـــر» کـــردووە کـــە: «ئەگـــەر کـــورد بـــە یەکجـــاری پێوەندیەکانیـــان لەگـــەڵ ڕووســـەکان ڕابگـــرن، ئـــەوکات ئەمریـــکا ئامادەیـــە پشـــتیوانی لـــە کـــورد بـــکات؟».

کۆنســـۆڵیار جرالـــد دوهێـــر لـــە وەڵامـــی نوێنـــەری عەمەرخانـــدا وتوویەتـــی: «تـــا ئـــەو کاتـــەی کـــورد خۆیـــان لـــە حکوومەتـــی ناوەندیـــی ئێـــران بـــە دوور بگـــرن، بـــا لـــە ئەمریـــکا بێهیـــوا بـــن، بـــەڵام ئەگـــەر سیاســـەتی ســـەربەخۆییخوازیی خۆیـــان بـــە وەفـــاداری بـــۆ حکوومەتـــی ناوەنـــدی بگـــۆڕن، ئـــەوکات دەتوانـــن بـــە ئەمریـــکا هیـــوادار بـــن و ئێمـــەش لـــە ڕێککەوتنـــمان لەگـــەڵ ئێرانـــدا، هـــەوڵ دەدەیـــن کـــە هێندێـــک لـــە داواکانـــی کـــورد ڕەچـــاو بکرێـــن».

**بەڵگەی ژمارە: ٨٩**

*ب-ژمارە ٥٠*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو*
*ڕێکەوتی: ١٩٤٦/٩/١٢ (١٣٢٥/٦/٢١)*
*نهێنی - وەزیری دەرەوە، ئەولەوییەت*

یەکێک لە سیخوڕەکان کە تا ئێستا هەواڵەکانی ڕاست بوون، هەر ئێستا لە ڕەزاییە (ورمێ)وە گەیشت. ڕادەگەیەنێت کە یەکەیەکی بچووکی هێزێک کە یونیفۆرمی ئەرتەشی کۆماری کوردستانیان لە بەردایە، بۆ مانەوە بە شێوەی سەربازگەیەکی هەمیشەیی هاتوونەتە ناو ئەم شارە.

ئەوان لە کاروانسەرایەک کە لە ماوەی داگیرکاریی سۆڤیەت سەربازگەی (ئەرتەشی دەوڵەتی) ناوەندی بوو، جێگیر بوون.

ئەو هەروەها دەڵێت لە جادەی ڕەزاییە (ورمێ) بۆ خۆی، تەنیا یەک وێستگەی پشکنینی ئازەربایجان هەیە کە ئەویش لەژێر چاوەدێریی بەرپرسانی کورددایە. ڕوزڤێڵت و مووماو لە کاتی سەردانیان بۆ کوردستان لەم ڕاپۆرتە دەکۆڵنەوە.

بە ژمارە ٣٢٢ بۆ تاران نێردرا، بە ژمارە ٢٤٦ بۆ وەزارەتخانە، بە ژمارە ١٥٥ بۆ مۆسکۆ دووپات کرایەوە.

دۆهێر

**بەڵگەی ژمارە: ٩٠**

*ب-ژمارە ٥١*

*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، تەورێز*

*ڕێکەوتی: ١٩٤٦/٩/١٤ (١٣٢٥/٦/٢٣)*

*نهێنی - وەزیری دەرەوە،*

دوو سەرچاوەی باوەڕپێکراوی دیکەش (ڕاپۆرتی پێوەندیداریان) پشتڕاست کردووەتەوە کە یەکەیەکی سەربازیی ئەرتەشی کوردستان بەبێ ئەوەی هیچ ناڕەزاییەتییەک بەرانبەریان هەبێت، چوونەتە ناو شاری ڕەزاییە (ورمێ). بە گوێرەی ڕاپۆرتی یەکێک لە ڕاپۆرتنێرەکانمان، لەمەودوا بنکەی ئەرتەشی کوردستان لەم شارە دەبێت و کوردەکان لەنێو لاوانی ئەم شارە دەستیان کردووە بە وەرگرتنی سەرباز بۆ خزمەتی سەربازی. ژێنراڵی ئەرتەشی ئازەربایجان زیاتر لە سێ حەفتەیە لە تەورێزە و زۆرینەی خەڵک لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئەو ئیتر ناگەڕێتەوە ڕەزاییە (ورمێ). کەسانێک کە بەم دواییە لە مەهابادەوە هاتوون، باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی عێراق، بەدواداچوونی بۆ سەر بارزانییەکان توندتر کردووە و ژمارەیەکی زیاتر لە بنەماڵەکانی ئەم هۆزە لە سنوور تێپەڕیون و هاتوونەتە ناو ئێرانەوە. کونسوولی بریتانیا دەڵێ بارزانییەکان لە ناوچەی شنۆ نیشتەجێ بوون.

بە ژمارەی ٢٤٨ بۆ وەزارەتخانە، بە ژمارەی ٣٢٧ بۆ تاران، بە ژمارەی ١٥٧ بۆ مۆسکۆ، بە ژمارەی ٣٧ بۆ بەغدا نێردرا.

دۆهێر

## بەڵگەی ژمارە: ٩١

*ب-ژمارە ٥٢*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، تەورێز*
*ڕێکەوتی: ٢٣/٩/ ١٩٤٦ / ١ی ڕەزبەری ١٣٢٥*
*نهێنی. وەزیری دەرەوە، ئەولەوییەت*

یەکێک لە کەسایەتییە ئایینییە ئاسوورییەکان کە پێوەندیی لەگەڵ میسیۆنی ئەمریکایی هەیە، دەڵێت هەواڵی پشتڕاستکراوی هەیە کوردەکان بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ بەرەنگارییەک ببنەوە، لانیکەم نیوەی فەرمانگەکانی ڕەزاییە (ورمێ)یان بەدەستەوە گرتووە. یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکان کە دڵنیا نییە لە ڕاستبوونی هەواڵەکەی، ڕای گەیاندووە هێزەکان یۆنیفۆرمی ئەرتەشی کوردستانیان لەبەردایە، لەناو شاردا دەستیان بەسەر سەربازگەی ئەرتەشی حکوومەتی ئازەربایجانیاندا گرتووە. ئەم ڕاپۆرتە دەتوانێ شێوەی شێواوی جووڵەکانی ڕابردووی کوردەکان بێ کە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٦٤ لە ڕێکەوتی ١٢ی سێپتامبردا بۆخۆم ئاماژەم پێ کردبوو.

سەرچاوەکانی حکوومەتی ئازەربایجان باس لەوە دەکەن کوردەکان لە میاندواو بە شێوەی نارەسمی پێشنیاریان کردووە پاڵاوگەی شەکری شارەکە بدرێتە دەستی ئەوان.

بە ژمارەی ٢٥ بۆ وەزارەتخانە، بە ژمارەی ٣٣٣ بۆ تاران، بە ژمارەی ١٥٨ بۆ مۆسکۆ، نێردرا.

یادداشت: ناردنی پەیامەکە وەدرەنگی کەوت.

ئالێن

**بەڵگەی ژمارە: ٩٢**

*ب-ژمارە ٥٤-٢*

*کونسوولگەریی ئەمریکا، تەورێز. ئێران*

*١٩٤٦/١٠/١١ (١٣٢٥/٧/١٩)*

*نهێنیی، خاوەنشکۆ جۆرج وی، ئالێن، باڵوێزی ئەمریکا لە تاران - ئێران*

بەڕێز باڵوێزی خۆشەویست. شانازیی ئەوەم هەیە پێتان ڕابگەیەنم کە سەرەڕای هەوڵی شێلگیرانەی بەرپرسانی کونسوولی سۆڤیەت و بەرپرسانی خۆجێیی ئازەربایجان لە ڕەزاییە (ورمێ) و شاهپوور (سەڵماس)، بۆ ڕێگریکردن لەوەی لە کاتی سەردانم بۆ ڕەزاییە (ورمێ) لە ٩ و ١٠ی ئۆکتۆبردا کە بتوانم لە سەرچاوەی دیکە زانیاری وەدەست بێنم، بەڵام بە هاوکاریی کونسوولی تورکیە لە ڕەزاییە (ورمێ) و سەرۆکی عەشیرەتی کوردی مەنگوڕ، ئەو زانیارییانەی خوارەوەم کۆ کردەوە:

١- جێگری کونسوول، هاشمۆڤ، و جێگری ئەو، عەلی ئەکبەرۆف، بەرپرسانی کونسوولگەریی سۆڤیەت لە ڕەزاییە (ورمێ) بە شێوەیەکی ئاشکرا، لە سەرانسەری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، دەست لە کاروباری ناوخۆیی ئێران وەردەدەن. ئەو بەرپرسانە کە لە کاتی دیداری ڕەسمیی دوێنێ بەیانیی من لەگەڵیان، تۆزێکیش سەرخۆش بوون، لەلای وەرگێڕەکەی من دانیان پێدا نابوو کە حکوومەتی سۆڤیەت لە نفووزی خۆی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لە نێوان حکوومەتی میلیی کوردەکان و حکوومەتی ئازەربایجان

کەڵـک وەردەگرێـت. یەکێـک لـە نوێنەرانـی عەمەرخـان لـە  شـاهپوور (سـەڵماس) کـە دوێنـێ لـە سـەردانم بـۆ شـاری خـۆی هاوڕێـم بـوو، بـە منـی گـوت کـە چـوار ڕۆژ لەمەوبـەر، فەرمانـدار ڕەفیعـی و هاشـمۆڤ لـە زندەشـت – گوندێـک کـە بـارەگای عەمەرخانـی لێیـە – چوونەتـە لای و داوایـان لـێ کـردووە کـە ئـەو ڕێککەوتننامەیـەی چـوار ڕۆژ پێشـتر بـە ئامادەبوونـی نوێنـەری سـۆڤیەت لـە نێـوان زێـڕۆ بـەگ و دانشـیاندا واژۆ کـراوە قەبـووڵ بـکات. عەمەرخـان بـە ڕاشـکاوی ئـەو داواکارییـەی ڕەت کردبـووەوە و ڕای گەیاندبـوو کـە زیـڕۆ بـەگ نوێنـەری خەڵکـی کـورد نییـە و لـە ڕوانگـەی ئـەوەوە، ئـەم ڕێککەوتننامەیـە جگـە لـە کردەوەیەکـی خەیانەتکارانـە لەلایـەن زێـڕۆ بەگـی ڕووسپەرەسـتەوە، هیچیتـر نییـە.

٢- بەرپرسـانی سـۆڤیەت ئێسـتا زۆر گومانیـان لـە پێوەندییەکانـی قـازی محەمـەد لەگـەڵ بەرپرسـانی ئەمریـکا هەیـە. سـەرجەم ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن کـە سـۆڤیەتییەکان پشـتیوانیی خۆیـان لـە قـازی محەمـەد وەرگرتووەتـەوە و ئێسـتا ڕوویـان لـە زێـڕۆ بـەگ کـردووە، بـەڵام بـەو حاڵـەش کەسـی ئاماژەپێکـراو (زێـڕۆ بـەگ)، پێدەچێـت ڕۆژانـە لـە مەترسـیی ئەوەدایـە کـە لەلایـەن کوردانـی دژە کۆمۆنیسـتەوە کـە ئـەو بـە خایینـی نەتـەوەی خۆیـان دەزانـن، هێرشـی بکرێتـە سـەر. تەنیـا دەسـتێوەردانی هاشـمۆڤ بـووە هـۆی ئـەوەی سـێ حەفتـە لەمەوبـەر یەکێـک لـە سـەرکردە ناوچەییەکانـی کوردەکانـی ناوچـەی ڕەزاییـە (ورمـێ)، هێـرش نەکاتـە سـەر بـارەگای زێـڕۆ بـەگ.

٣- سـۆڤیەتییەکان لـە دانوسـتانەکانیان لەگـەڵ کـوردەکان، بـاس لـە ئەگـەری گەڕانـەوەی ئەرتەشـی سـوور بـۆ ئازەربایجـان دەکـەن. ئـەو سـەرۆکە مەنگـوڕەی کـە پێشـتر ئامـاژەم پـێ کـرد، دەڵێـت: ئەگـەر

قــەوام جارێکــی دیکــە بیهــەوێ دۆســیەی ئێــران لــە ئەنجومەنــی ئاسـایش بخاتــە بەربـاس، گەلێـک کـورد ئامـادە دەبـن لەبـارەی ئـەم هەڕەشــەیەوە شــاهیدی بــدەن.

٤- لــە ڕێککەوتننامەیەکــدا کــە حەفتــەی ڕابــردوو لــە نێــوان حکوومەتــی میللیــی کــورد و ئازەربایجــان واژۆ کـرا، بڕیـار درا کــە ئازەریایجــان ســاڵێ ســێ ملیــۆن ڕیــاڵ لــە بەرانبــەر خزمەتگوزاریــی کــوردەکان بــۆ دابینکردنــی ئارامــی لــە ئازەربایجانــی ڕۆژئــاوا (پارێــزگای ورمــێ) بــدات. بــە ڕواڵــەت بەڕێوەبەریــی شــار لــە دەســت بەرپرســانی ئازەربایجانــدا دەمێنێتــەوە، بــەڵام نوێنەرانێــک لەلایــەن کوردەکانــەوە بەشــێک لــە بینــا حکوومییــەکان و یــەک لەوانیــش شــوێنی مانــەوەی قایمقامــی ڕەزاییــە (ورمــێ) کۆنــترۆڵ دەکــەن. زیــڕۆ بــەگ بــۆ عەمەرخانــی بــاس کــردووە کــە ئامانجــی ئــەو لــە واژۆکردنــی ئــەم ڕێککەوتننامەیــە ئــەوە بــووە کــە هــاوکات لەگــەڵ ئــەوەی کــوردەکان بــە ڕێبەریــی قــازی محەمــەد، سیاســەتی دەســتەبەرداگرتنی ئاشــتیيانەی خۆیــان درێــژە پــێ بــدەن، تــا بتوانــێ پــارە لــە دێموکراتەکانــی (ئازەربایجــان) وەربگرێــت.

٥- عەمەرخــان لەگــەڵ دژایەتیکردنــی ئــەم بابەتــە داوای کــردووە کۆنترۆڵــی تــەواوی ناوچەکــە بــە خێرایــی بدرێتــە دەســت کــوردەکان. ئــەو جەخــت دەکاتــەوە کــە ئــەم ڕێککەوتننامەیــە نەدەبــوو هیچــکات بــە بــێ گەڕانــەوە بــۆ لای قــازی محەمــەد لــە خــۆی، واژۆ کرابــا. ڕەفیعــی و هاشــمۆڤ بــەردەوام لــە نێــوان ڕەزاییــە (ورمــێ) و زندەشــت لــە هاتوچــۆدان و داوا لــە عەمەرخــان دەکــەن بــەم ڕێککەوتنــە ڕازی بێــت، بــەڵام نوێنــەری عەمەرخــان لــە شــاهپوور (ســەڵماس) بــە منــی وت کــە ڕێبــەری شــکاکان هــەر وا لەســەر قســەی خــۆی ســوورە. ئــەو

هەروەهــا وتــی کــە ئێســتا باســی چوونــی لەنــاکاوی مــن بــۆ ئۆفیســی دانشــیان لــە کاتێکــدا وەک هەمیشــە خەریکــی ڕاوێــژکاری و دانوســتان لەگــەڵ هاشــمۆڤ بــووە و پاشەکشــەی نــە زۆر ڕوونــی ئــەو لــە دەرگای دەرەوە، لــە هەمــوو کــۆڕ و کۆبوونەوەیەکــی شــاهپوور (ســەڵماس) باســی لــێ دەکــرێ.

٦- دۆخــی ئێســتا، لــە کاتی شۆڕشــی دێموکراتەکانــەوە ناســەقامگیرترین دۆخــە. قــازی محەمــەد بــۆ ڕێگرتــن لــە ڕاپەڕینــی ژمارەیــەک لــە ســەرۆک هۆزەکانــی کــورد، لەوانــەش شــکاک و مەنگــوڕ لــەدژی حکوومەتــی ناوچەیــی خــۆی، لــە نفــووزی خــۆی کەڵکــی وەرگرتــووە، بــەڵام خێڵــە کــوردەکان بــێ ئۆقــرەن و پێدەچــێ قــازی محەمــەد ناچــار بــێ لەگــەڵ ئــەو گرووپــە لــە کــوردەکان بکــەوێ کــە دەیانهــەوێ بــە شــێوەی ڕاســتەوخۆ لــەدژی دێموکراتــەکان بجووڵێنــەوە.

٧- بــە گوتــەی عەمەرخــان، ئــەو گرووپــە لــە هــۆزە کــوردەکان کــە خوازیــاری ڕووبەڕووبوونــەوەی ڕاســتەوخۆن، لەلایــەن ئەمیــر ئەســعەدەوە کــە بــەم دواییانــە لــە تارانــەوە هاتووەتــەوە بــۆ مەهابــاد، پشــتیوانیی دارایــی حکوومەتــی ناوەندییــان پــێ دەگات. ئــەو جەختــی کــردەوە کــە ئەگــەر کــوردەکان لــەدژی دێموکراتــەکان دەســت بــۆ چــەک ببــەن، تــا ئەوکاتــەی کــە کۆمۆنیــزم لــە ئێــران دەرنەکــرێ – کــە ڕەنگــە بــەو مانایــە بــێ کــە تــا هەمــوو ئازەربایجــان نەکەوێتــە دەســت کــوردەکان – چەکەکانیــان دانانێــن. لــە ئەگــەری وەهــا شۆڕشــێکدا کــوردەکان چاوەڕوانیــی ئەوەیــان هەیــە کــە ژمارەیەکــی زۆر لــە ســەربازانی ئەرتەشــی ئازەربایجــان جێــگا بگــۆڕن. ئــەو لێــدوان و باســانەی لــە ڕێــگای ڕەزاییــە (ورمــێ)دا لەگــەڵ ســەربازانی ئازەربایجــان هەمبــوو، منــی هێناوەتــە ســەر ئــەو بڕوایــە کــە ئــەم ئەگــەرە دوور لــە

چاوەڕوانــی نییــە. تەنیــا دژایەتییەکــی چەکدارانــە کــە کــوردەکان لــە بەرانبــەر خۆیانــدا دەیبینــن، فیداییەکانــن، بــەڵام مــن پێــم وایــە تــا بەرلــە درووەنــەوەی بەروبوومــەکان، ڕەنگــە تــا چــوار مانــگ پــاش ئەمــە، ئــەم شۆڕشــە سەرتاســەرییە لەلایــەن کوردەکانــەوە ڕوو نــەدات.

٨- ســێ حەفتــە لەمەوبــەر یەکێــک لــە کارگێــڕە سیاســییەکانی بریتانیــا لــە ســنووری عێــراق تێپەڕیــوە و بــە ژمارەیــەک لــە موجتەهیــدە کوردەکانــی وتــووە کــە ئەگــەر کــوردەکان پیشــان بــدەن یەکگرتــوون، بریتانیــا باســێکی زۆر گرینــگ لەگــەڵ ئــەوان دێنێتــە ئــاراوە. هــەر ئێســتا چــوار کــەس لــە نوێنەرانــی کوردەکانــی ئێــران لــە بەغــدا خەریکــی دانوســتان لەگــەڵ ئینگلیزەکانــن.

٩- هێــزی کــورد ڕەزاییــە (ورمــێ)ی بەجــێ هێشــتووە، بــەڵام شــار پــڕە لــە فیدایــی چەکــداری کــورد کــە زۆربەیــان شــکاکن. لــە شــاهپوور (ســەڵماس)یش کــوردە چەکــدارەکان خەریکــی جەولــەن، هەرچەنــدە ژمارەیــان کەمــترە.

حیزبــی دێموکراتــی کــوردەکان، لــە ڕەزاییــە (ورمــێ) لقــی هەیــە و ئۆفیســی ســەرهەنگ عەلــی ئاغــا خــوسرەوی، نوێنــەری حکوومەتــی مەهابــاد لــە ڕەزاییــە (ورمــێ) لــە مەقــەڕی قایمقــام ڕەفیعــی دایــە. کونســوولی تورکیــە بەڵگەیەکــی پێشــانی مــن دا کــە واژۆی «ڕەفیعــی»ی پێــوە بــوو و لــەودا داوا لــە زێــڕۆ بــەگ کرابــوو کــە بــاج لــە بەشــێک لــە هاووڵاتیانــی تورکیــە وەرنەگیرێــت. (ئــەم، بەڵگەنامەیــە) ســەلمێنەری ئەوەیــە کــە کــوردەکان لــە ناوچەکــە، وەک بەڕێوەبەرانــی بــاج خەریکــن کار دەکــەن. ئــەو بــە منــی گــوت، ســەرەڕای ڕێککەوتنــی واژۆکــراو لــە نێــوان حکوومەتــی میللیــی کــورد و حکوومەتــی ئازەربایجــان، هــۆزەکان هەرکامیــان بەجیــا، گوشــاریان بــۆ ســەر ڕەفیعــی هێنــاوە کــە بەجیــا

لەگـەڵ ئەوانیـش ڕێککەوتننامـە واژۆ بـکات و ئـەو ژمارەیـەک لـەو ڕێککەوتننامانـەی دیتـووە. هـەر ئێسـتا دوو کـەس لـە نوێنەرانـی عەمەرخـان لـە خـۆی نیشـتەجێن و سـەبارەت بـە پشـکی کـوردەکان لـە ئیـدارەی شـارەکەدا خەریکـی دانوسـتان لەگـەڵ فەرمانـداری ئـەو شـارەن.

١٠- (بوونـی) پۆلیسـی نهێنیـی دێموکراتـەکان لـە ڕەزاییـە (ورمـێ) هێشـتا ئاشـکرا و بەرچـاوە. بـەم حاڵەشـەوە چوونـی مـن بـۆ ڕەزاییـە (ورمـێ) و گەشـتێکی ئاشـکرای مـن لەنـاو شـاردا، هـاواری «بـژی ئەمریـکا» و «ئەمریکییـەکان لێـرەن»ی بـەدواوە بـوو. لـە هـەر شـوێنێک ئۆتۆمبێلـی کونسـوولگەری ڕادەوەسـتا، خەڵـک کـۆ دەبوونـەوە و زۆربەیـان هەوڵیـان دەدا لـە پەنجەرەکـەوە دەسـتی مـن بگـرن. لەوانـەش گرووپێـک لـە ئەفسـەرانی ئەرتەشـی ئازەربایجـان، کـوردەکان و خەڵکـی شـارەکە. زۆر ئاشـکرا بـوو کـە دەچمـە هـەر شـوێنێک لەلایـەن پۆلیسـی نهێنیـی فیرقـەی دێموکـرات و کارگێڕەکانـی نوێنەرایەتیـی کونسـوولی سـۆڤیەتەوە، لـە ژێـر چاوەدێریـدام.

١١- نوێنەرایەتیـی کونسـوولگەریی سـۆڤیەت لـە ڕەزاییـە (ورمـێ)، ئامێرێکـی بەهێـزی هەنـاردەی ڕادیۆیـی لێیـە.

١٢- سـێ کـەس لـە کوڕەکانـی سـمکۆ، ڕێبـەری بەهێـزی کـورد لـە شـەڕی جیهانیـی یەکەمـدا، لـە تورکیـەوە سـنووریان تێپەڕانـدووە و پەیوەسـت بـە عەمەرخـان بـوون.

١٣- پێدەچـێ کـوردەکان لـەو بەڵێنانـەی سـۆڤیەت لـە بەهـاری ڕابـردوودا پێـێ داون بێهیـوا بووبـن.

١٤- پێدەچێ ئەمیـر ئەسـعەد زۆربـەی سـەرکردە کـوردەکان و یـەک لەوانیـش قـازی محەمـەدی ڕازی کردبـێ کـە بەختەوەریـی کوردەکانـی

ئێــران لــە یەکگرتنیــان لەگــەڵ حکوومەتــی ئێراندایــە، کــە ئەویــش لەژێــر سەرپەرشــتیی «قــەوام» دایــە. ئــەو کوردەکانــی دڵنیــا کــردووە کــە تــا ئەوکاتــەی ئەمریــکا و بریتانیــا هەبــن، ســۆڤیەتییەکان ناوێــرن بگەڕێنــەوە ئێــران.

لەگەڵ ڕێزدا

جراڵد اف.پی.دوهێر

کونسوولیاری ئەمریکا

لــە ١٩٤٦/١٠/٢٢ جارێکــی دیکــە نوێنــەری عەمەرخــان ســەردانی کونســوولیاری ئەمریکایــی دەکات و پێــی دەڵێــت: «مــن عەمەرخانــم لــە نێوەرۆکــی پەیامــی ئێــوە ئــاگادار کــردەوە. ئــەو ئامادەیــە کــە لەســەر نــاوی عەشــیرەتە کوردەکانــی هەرێمەکانــی پارێــزگای ورمــێ بــە مەرجێــک وەفاداریــی خــۆی بــە حکوومەتــی ناوەنــدی ڕابگەیەنێــت، کــە حکوومەتــی ناوەندیــش گارانتــی بــدات کــە لــە دواڕۆژدا بــە شــێوەیەکی دادپەروەرانــە لەگــەڵ کــورد هەڵســوکەوت دەکات و دەســت لــە سیاســەتی چەوســاندنەوەی کــورد هەڵبگرێــت، ئــەوکات ئێمــەش ئامادەیــن کــە لەگەڵیــان ڕێــک بکەویــن».

هەروەهــا نوێنــەری عەمەرخــان داوا لــە کۆنســوڵیاری ئەمریکایــی دەکات کــە لەڕێــگای باڵوێزخانــەی ئەمریــکا لــە تارانــەوە ئــەو پەیامــەی عەمەرخــان بگەیەنێتــە ســەرۆکوەزیری ئێــران قەوامولســەڵتەنە.

کاتێــک کــە ئەمریکاییــەکان ئــەو پەیامــەی عەمەرخانیــان نــاردووە بــۆ قــەوام، هەرچەنــد قــەوام لــە نییەتپاکیــی عەمەرخــان لــەم پێوەندییــەدا بەگومــان بــووە، بــەڵام لەڕێــگای نوێنــەری ئەمریکاییــەوە

وەڵامـی عەمەرخانـی داوەتـەوە و پێـی وتـووە: «وەفاداریـی کـوردەکان تەنیـا لەڕێــگای کردەوەکانیانــەوە هەڵدەســەنگێندرێ. حکوومەتـــی منیـش دەیهـەوێ پێشـوازی لـە هـەر دەرفەتێـک بـکات بـۆ چارەسـەریی ئـەو نادادپەروەرییانـەی کـە لـە سـەردەمی ڕەزا شـادا لەمـەڕ ئەیالەتـە هەرێمییــەکان کــراون و هاوکاریــان دەبێــت».

هەرچەنـد لـەو کاتـەدا ڕووسـەکان نەیانویسـتووە هیـچ پێوەندییـەک لـە نێـوان کۆمـاری کوردسـتان و دیپلۆماتەکانـی ئەمریکاییـدا هەبێـت، بـەڵام عەمەرخــان لــە ڕێــگای عاکیــف شــەریفی نوێنــەری خۆیــەوە بــەردەوام لەگــەڵ ئەمریکاییــەکان پێوەندیـــی هەبـــووە و ســـەرەڕای هێندێــک بیانــوو و کۆســپ و تەگــەرە، کــە ڕووســەکان خســتوویانەتە ســەر ڕێــگای ڕۆیشــتنی دیپلۆماتــە ئەمریکاییــەکان بــۆ ســەردانی قــازی محەمــەد، بــەڵام عەمەرخــان توانیویەتــی کاربەدەســت و دیپلۆماتــە ئەمریکاییــەکان هــان بــدات لــە تەورێــزەوە و لەڕێــگای «ورمــێ»وە بــۆ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ قــازی محەمــەد بچنــە مەهابــاد.

لــەم پێوەندییــەدا ئارچــی ڕۆزڤێڵــت ڕایــەداری ئەوکاتــی ئەمریــکا لــە نووســینەکانی خــۆی بــە وردی باســی لــە چونیەتیــی پێوەندیــی ئەمریکاییەکانــی لەگــەڵ قــازی محەمــەد و بەتایبەتــی هەوڵــی ســۆڤیەتییەکان بــۆ کۆســپ و تەگەرەخســتنە ســەر ڕێــگای ئــەم پێوەندییانــە لەگــەڵ کۆمــاری کوردســتان کــردووە.

**بەڵگەی ژمارە: ٩٣**

*ب-ژمارە ٥٥*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، نهێنی، ٢٥٤١*
*ڕێکەوتی وەرگرتن: ٨/١١/ ١٩٤٦ (١٧/٨/ ١٣٢٥)*
*١/٢٠ی پاشنیوەڕۆ لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە*

ئەمـڕۆ بـۆ دیـداری قـەوام، دوهێـرم لەگـەڵ خـۆم بـرد تـا سـەبارەت بــە دۆخــی ئێســتای ئازەربایجــان زانیاریــی نــوێ بداتــە ســەرۆکوەزیران. دوهێــر جەختــی کــردەوە کــە ســەرانی کــورد، بەتایبــەت عەمەرخــان و ســـەرکردەکانی کوردەکانی ڕۆژئـــاوا، هەروەهـــا قـــازی محەمـــەد، دڵشــکاو لــە جێبەجێنەبوونــی بەڵێنەکانــی ســۆڤیەت ســەبارەت بــە پشـتیوانیکردن لێیـان، زۆر بـە تونـدی دژی کۆمۆنیزمـن و ئامـادەن لەگـەڵ حکوومەتــی ناوەنــدی، لــە هێــرش بــۆ ســەر ئازەربایجــان بەشــدار بــن. بــەو مەرجــەی حکوومەتــی ناوەنــدی دڵنیایــان بکاتــەوە کــە چالاکییــە ســەربازییەکانی خــۆی لەگــەڵ ئــەوان هەماهەنــگ دەکات و بەڵێنیــش بــدات کــە دواتــر هەمــان سیاســەتی ســەرکوتکەرانەی ڕەزا شــا بەرانبــەر بــە هــۆزەکان دەســت پــێ ناکاتــەوە. قــەوام، زۆر بــە حــەزەوە ســەرنجی دایــە لێدوانەکانــی دوهێــر و ســەبارەت بــە حکوومەتــی تەورێــز و ســەرکردەکانی، گەلێـک پرسـیاری کـرد. قـەوام ڕای گەیانـد کـە دەیهـەوێ لـە مـاوەی ١٠ ڕۆژدا، ئەگـەر بـە زۆریـش بـێ، شـاری زەنجـان کۆنـترۆڵ بکاتــەوە.(...)

مــن پێــم وا بــوو زەنجــان بــە تەنیــا بــەس نییــە، بــەڵام لانیکــەم دەســتپێکە. قــەوام وتــی دەیهــەوێ کەمکــەم پێشــڕەوی بــکات.

مسـیۆنەرێکی ئەمریکـی کـە دوێنـێ لـە تەورێـزەوە بـۆ تـاران گەڕاوەتـەوە، دەڵـێ هێزەکانـی تەورێـز لـە پێـش زەنجـان خەریکـی هەڵکەندنـی سـەنگەرن و پێدەچێـت بـە تەمـای بەرگرییەکـی قـورس بـن.

ئالێن

**بەڵگەی ژمارە: ٩٤**

*(١٩٤٦، بەرگی VII، لاپەڕەی ٥٤٥)*

*تەلەگرافی ٨٤٦ _ ١١/ ٠٠ /٨٩١ لە باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە لە ئێران (بەڕێز ئالین١) بۆ وەزارەتی دەرەوە*

*نهێنی*

*تاران، ١٩٤٦/١١/٨*

لە وەزارەتی دەرەوە بۆ جێگری کونسوولی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەوریز (بەڕێز دوهێر)

نهێنی، وەڵامی تەلەگرافی ١٣٧ی ڕێکەوتی ١٩٤٦/٤/٢٧

من ئەمڕۆ «دوهێر»م لەگەڵ خۆم برد بۆ لای قەوام تا زانیاریی پلە یەک دەربارەی بارودۆخی ئێستای ئازەربایجان بدەین بە سەرۆکوەزیرانی ئێران.

«دۆهێر» جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕێبەرانی کورد، بەتایبەت عەمەرخان، سەرۆکی کوردەکانی ڕۆژاوای ئێران، لەوانەیە «قازی محەمەد»یش بە توندی دژی کۆمۆنیزم بن و لە سۆڤیەت دڵسارد بوونەتەوە، چونکە سۆڤیەت ئەو پێداویستییانەی بۆ دابین نەکردوون کە بەڵێنیی پێ دابوون. بۆیە ئەوان ئامادەن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێران هێرش بکەنە سەر ئازەربایجان بەو مەرجەی کە دەوڵەتی ناوەندی دڵنیایان بکاتەوە کە چالاکییە سەربازییەکانی لەگەڵ ئەوان ڕێک بخات و بەڵێنیان پێ بدات کە ئیدی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕەزا شا بە نیسبەت عەشیرەتە کوردەکان درێژەی نەبێت. قەوام قسەکانی «دۆهێر»ی زۆر پێ

خـــۆش بـــوو و پرســـیاری زۆری کـــرد دەربـــارەی دەوڵەتـــی تەورێـــز و بارودۆخـــە ســـەربازییەکەی. قـــەوام وتـــی شـــێلگیرە لەســـەر ئـــەوەی لـــە مـــاوەی ١٠ ڕۆژدا زەنجـــان بگرێتـــەوە (ئەگـــەر پێویســـت بـــکات لـــە ڕێـــگای هێـــزی ســـەربازییەوە).

مـــن قەوامـــم دڵنیـــا کـــردەوە کـــە سیاســـەتی وڵاتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا بـــۆ پشـــتیوانی لـــە یەکپارچەیـــی خاکـــی ئێـــران قـــەت لـــەرزۆک نەبـــووە، بـــە پێچەوانـــەی ئـــەو دەنگۆیانـــەی بیســـتوومە کـــە گوایـــە جیابوونـــەوەی ئازەربایجـــان لـــە ئێـــران بـــە قازانجـــی وڵاتـــە یەکگرتووەکانـــی ئامریـــکا دەبێـــت، چونکـــە ژەهـــری کۆمۆنیـــزم دزە دەکاتـــە نـــاو ئێـــران.

مـــن بەهەرحـــاڵ ئامـــاژەم بـــەوە کـــرد کـــە وڵاتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا بـــە زەحمـــەت دەتوانێـــت هـــەروا پشـــتیوانی بێســـنوور لـــە یەکپارچەیـــی خاکـــی ئێـــران بـــکات، ئەگـــەر دەوڵەتـــی ئێـــران نیشـــان نـــەدات کـــە لانیکـــەم لەبـــارەی ئـــەم مەســـەلەیە لەگـــەڵ ئێمـــە بەرژەوەندیـــی هاوبەشـــیان هەیـــە. لـــە ئەنجامـــدا مـــن پێشـــوازیم لـــە لێکدانەوەکـــەی قـــەوام کـــرد کـــە دەیەوێـــت کەڵـــک لـــە ســـەرچاوەکانی بەردەســـتی وەربگرێـــت بـــۆ ئـــەوەی دەســـەڵاتی خـــۆی تـــا زەنجـــان بەرفـــراوان بـــکات. مـــن وتـــم بـــە بۆچوونـــی مـــن تەنهـــا گرتنـــی زەنجـــان بـــەس نییـــە، بـــەڵام لانیکـــەم ســـەرەتایەکە بـــۆ گرتنـــی شـــوێنەکانی دیکـــە. قـــەوام وتـــی دەیەوێـــت کەمکـــەم بچێتـــە پێـــش.

نێردراوێکـــی ئەمریکایـــی کـــە دوێنـــێ لـــە تەورێـــز گەڕاوەتـــەوە بـــۆ تـــاران، دەڵێـــت هێزەکانـــی (حکوومەتـــی تەورێـــز) لـــە دەروازەی زەنجـــان چاڵیـــان هەڵکەنـــدووە و وا دیـــارە دەیانهەوێـــت بـــە تونـــدی لـــە بەرانبـــەر هێزەکانـــی حکوومەتـــی ناوەنـــدی ڕابوەســـتن.

ئالین.

## نیگەرانیی عەمەرخان و بارزانی لەبارەی چارەنووسی کۆماری کوردستان:

عەمەرخان، ئەوکات چەندین جار لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان باسی لەوە کردبوو دەبێ ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین، ڕۆژێک دادێت، کە هێزەکانی هاوپەیمانان (سۆڤیەت و بریتانیا) دوای سەرکەوتن و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان، لە ئێران دەربکەون. بۆیە نابێ تەنیا پشتمان بەوان قایم بکەین و دەبێ ئێمە کۆتایی بەو بێسەروبەرییەی نێو خۆمان بهێنین و ئەگەر هات و هێزەکانی سۆڤیەت ڕۆیشتن، با ئێمە بتوانین لەسەر پێی خۆمان ڕابوەستین.

ئەگەر ئێمە وەها نەکەین، بەو ڕەوشە بێسەروبەرییەی کە ئێستا هەمانە و هەر کەسێک خۆی بە گەورە دەزانێ و دەڵێت تەنیا من و من، بێگومان، لە کاتی هێرشی دوژمن بۆ سەر کۆماری کوردستان، ئەوان نایەنە ژێر باری بەرخۆدان. من نیگەرانم، ئەوانەی کە تەنیا خۆیان دەبینن، کاتێک ئێمە بەرخۆدان بکەین، ئەوان زوو دەست لە بەرخۆدان هەڵدەگرن. بێگومان وەها کەسانێک لە کاتی شەڕدا، زوو ئاڵای خۆڕادەستکردن بۆ دوژمن بەرز دەکەنەوە و دەبنە هۆی چارەڕەشی و بەختڕەشیی نەتەوەی کورد.

لەمبارەوە لە کتێبی «ایل شکاک در مسیر حوادث» لە نووسینی ئیبراهیم شەریفی مەمکانی، نووسراوە:

«کاتێک عەمەرخان لە بەرەی شەڕ لە سەقزەوە بۆ پشوودان گەڕابووە مەهاباد و لە ماڵی میرزا ڕەحمەت شافیعی بووە، ئاگاداریان کردووە کە ژێنراڵ مەلا مستەفا بارزانی دەیهەوێت

ببینێــت.

دوای چەنــد خولــەک، بارزانــی کــە توورەیــی و پەرێشــانیی بــە ڕوخســارییەوە دیــار بــووە، لەگــەڵ چەنــد یــاوەری خــۆی هاتووەتــە لای عەمەرخــان. دوای ئەحواڵپرســی، بارزانــی بــە دڵێکــی تــەژی لــە خــەم و خەفەتــەوە وتوویەتــی: "ژێــنراڵ عەمەرخــان! ئەمــە چ ڕەوشــێکە؟ ئەمــە چ جــۆرە کۆمارێکــە؟ ئــەم کۆمــارە بــەم وەزعــە بێســەروبەرە و بــەو لاوازییــەی کــە لــە ئاســتی بەڕێوەبەریــدا هەیەتــی، ئیــتر بــەردەوام نابــێ و کــورد و کوردســتان بــەرەو ئاڵــۆزی و چارەڕەشــی هەنــگاو دەنێــت. گەلــۆ حکوومەتــداری و کۆمــار بەڕێوەبــردن وەهایــە"؟

بارزانــی لــە درێــژەی ئاخافتنەکانیــدا، بــە ئاخهەڵکشــانێکی قووڵــەوە وتوویەتــی: «عەمەرخــان! ڕاســتە کــە هەمومــان کوردیــن و کوردســتانیش وڵاتــی هەمووتانــە، بــەڵام ســەرەڕای ئــەوەی کــە وڵاتەکەمــان لەلایــەن داگیرکەرانــەوە پارچــە پارچــە کــراوە، مــن نیگەرانــی ئــەو ناکۆکییــەی نێــوان هێندێــک لــە کوردەکانــم. بۆیــە ئەگــەر ئێســتا دژکردەوەیەکــم لــە بەرانبــەر ئــەم ڕەوشــە بێســەروبەرەیەدا هەبێــت، هــەر ئــەو کەســانە دەڵێــن، ئێمــە کۆمارمــان دامەزرانــد، بــەڵام بارزانــی لــە عێراقــەوە هــات و کۆمــاری لــێ تێــک دایــن».

هەروەهــا بارزانــی وتوویەتــی: «عەمەرخــان! ئەگــەر لــە ترســی گلەیــی و گازنــدەی خەڵــک نەبێــت، ئــەو بێســەروبەرییەی کــە لــەو کۆمــارە لاوازەدا هەیــە، بــۆ ئــەوە دەبــێ کــە شــەقێکی تــێ هەڵــدەم و لەباتــی ئــەو کۆمــارە، حکوومەتێکــی بەهێــز و ڕێکوپێــک بــۆ کــورد دابمەزرێنــم».

عەمەرخانیــش دوای گوێگرتــن لــە قســەکانی بارزانــی وتوویەتــی: «جەنابــی بارزانــی! هەمــوو قســەکانتان لەمــەڕ ئــەو ڕەوشــەی کــە ئێســتا

لــە کۆمـاردا هەیــە ڕاسـتن و منیــش هەمــان بۆچــوون و نیگەرانیــی وەک تــۆم هەیــە».

لــە هاوینــی ئــەو ســاڵەدا کاتێــک عەمەرخــان لــە بەرەکانــی شــەڕی لــە «ســەرا و قــاراوا و سەردەشــت»، بــۆ پشــوودان گەڕاوەتــەوە ماڵەکــەی لــە زندەشــت، تاهیرخانــی ســمکۆ و قۆتــاز مامــەدی، ســۆفی پاکــی و هێندێــک ســەرۆک عەشــیرەتی شــکاک، لەگــەڵ پێشــمەرگەکانی خۆیــان، لــەو بەرانــەی شــەڕدا ماونەتــەوە.

لەگــەڵ گەڕانــەوەی عەمەرخــان وەک هەمــوو جارێــک، خەڵــک چوونەتــە دیوەخانەکــەی، بــۆ ئــەوەی لەســەر ڕەوشــی کۆمــار و سـڵامەتیی پێشــمەرگەکانی شــکاک لــە بەرەکانــی شــەڕدا لێــی بپرســن. بــەڵام بینیویانــە کــە ئەمجــارە، عەمەرخــان خەمبــارە و کەوتووەتــە نێــو خەیاڵێکــی قــووڵ و وەک جــاران قســەی خــۆش بــۆ جڤاتــی دیوەخانەکــەی نــاکات.

کاتێــک کــە کەلــەش پاکــی، گــەورەی شــپیران لەگــەڵ ســەنار مامــەدی لــە «عەمەرخان»یــان پرســیوە، بۆچــی ئەمجــارە خەمبــاری؟ عەمەرخــان بــە خەمبارییەکــی قووڵــەوە وتوویەتــی: «ئێمــە کۆمــاری کوردســتان و هێــزی پێشــمەرگە و دامــودەزگای دەوڵەتمــان دامەزرانــد، بــەڵام ئــەوەی کــە مــن دەبینــم، دواڕۆژەکــەی بــێ ئاکامــە. بۆیــە ئیتر منیــش دوای چەنــد ڕۆژێکــی دیکــە دەگەڕێمــەوە مەهابــاد و لــە هەمــوو بەرپرســایەتییەکانم دەکشــێمەوە».

دوای ئــەو قســانەی عەمەرخــان، کەلــەش لێــی پرســیوە: «قوربــان! کەوابــوو کۆمــار چــی بەســەر دێــت؟». عەمەرخانیــش وەڵامــی داوەتــەوە و وتوویەتــی: «کامــە کۆمــار؟! ئێســتا ئــەو کۆمــارەی ئێمــە وەک بەشــێکی بچــووک لــە دەوڵەتــی ئازەربایجــان بــەکار دەهێندرێــت

و قـــازی محەمەدیـــش وەک قاســـیدێکی پیشـــەوەری ڕۆڵ دەگێڕێـــت. بەرلـە چەنـد ڕۆژ قـازی محەمـەد کـە دوای بینینـی پیشـەوەری بەپەلـە هاتبـووە بەرەکانـی شـەڕ، لـەوێ بـە ئێمـەی وت، کـە دەبـێ ئێـوە لـە هـەر جـۆر شـەڕ و تێکهەڵچوونێـک خۆتـان بپارێـزن، هەروەهـا قـازی محەمـەد لـە گونـدی «سـەرا» لەگـەڵ ژێـنراڵ «ڕەزمئـارا»ی فەرمانـدەی نیزامیـی ئێـران چاوپێکەوتنـی هەبـووە و ئیـتر لـەوێ کـەس بـە کەسـە و، هیـچ ڕێکوپێکـی و نەزمێکـی هێـزی کۆمـار نەمـاوە و هـەر کـەس ئاغـا و پاشـای خۆیەتـی».

داوی ماوەیەکـی کـورت ئـەو نیگەرانییـەی عەمەرخـان و بارزانـی سـەبارەت بـە ڕەوشـی لاواز و بێسـەروبەری کۆمـاری کوردسـتان وەڕاسـت گـەڕا. چەنـد ڕۆژ پێـش لـە داگیرکـردن و ڕووخانـی دەسـەڵاتی کۆمـاری کوردسـتان، سـەرۆک عەشـیرەتەکانی دیبۆکـری، مەنگـوڕ، مامـەش و گـەورک کـە پێشـتر لەگـەڵ کۆمـاری کوردسـتان بـوون، کاتێـک کـە بینیویانـە ئیـتر قـازی محەمـەد دەسـتی لـە بڕیـاری سـەربەخۆیی و بەرگریکـردن لـە کۆمـار هەڵگرتـووە، ئەوانیـش بـۆ ئـەوەی گیانیـان نەکەوێتـە مەترسـییەوە، زوو وەفاداریـی خۆیـان بـە دەوڵەتـی ئێـران ڕاگەیانـدووە. لـە هەمـان کاتـدا «عەمەرخان»یـش کـە ئـەو ڕەوشـەی لـە بەرەکانـی شـەڕ لـە «سـەرا»ی سـەقزدا بینیـوە، بـە نارەحەتییـەوە دەسـت لەکارکێشـانەوەی خـۆی لـە ژێنراڵیـی کۆمـار و لـە سـەرکردایەتیی حیزبـی دێموکـرات بـە قـازی محەمـەد ڕاگەیانـدووە و بـە دڵێکـی شـکاو لەگـەڵ هێـزی شـکاک گەڕاوەتـەوە مەملەکەتـی خـۆی. بـەم شـێوەیە ئـەو هێـزەی پێشـمەرگەکانی شـکاک کـە بـە مێرخاسـییەکی بێوێنـەوە بـۆ بەرەڤانیکـردن لـە کۆمـار ڕوویـان لـە بەرەکانـی شـەڕ کردبـوو و ئامـادە بـوون هەمـوو فیداکارییـەک بـۆ

پاراســتنی کۆمــاری کوردســتان بکــەن، بــە بێهیواییەکــی زۆرەوە لەگــەڵ عەمەرخــان گەڕاونەتــەوە ماڵەکانیــان. لــە هەمانکاتــدا هــەر یــەک لــەو پێشــمەرگانە بــە شــێوەیەک باســیان لــە بێســەروبەرەیی نێــو بەرپرســانی کۆمــار، هەروەهــا پێوەندیــی ســەرۆک عەشــیرەتەکانی مەهابــاد لەگــەڵ کاربەدەســتانی ئێــران کــردووە.

## کۆتایـی تەمەنـی دەوڵەتـی میللیـی ئازەربایجـان و کۆمـاری کوردسـتان:

دوای تێپەڕینـی چەنـد مانـگ بەسـەر ڕێککەوتنـی نێـوان هاوپەیمانانـی شـەڕی دووەمـی جیهانـی و پاشەکشـەی لەشـکری سـۆڤیەت لـە ئێـران، قەوامولسـەڵتەنە سـەرۆکوەزیری ئەوکاتـی ئێـران و سـتالین سـەرکۆماری سـۆڤیەت لەسـەر پێدانـی ئیمتیـاز (چـوور)ی نەوتـی باکـووری ئێـران بـە سـۆڤیەت لـە بەرانبـەر کشـانەوەی هێزەکانـی سـۆڤیەت لـە ئێـران و دەسـتهەڵگرتنی سـۆڤیەت لـە پشـتگیریی کۆمـاری کوردسـتان و دەوڵەتـی میللیـی ئازەربایجـان ڕێککەوتنیـان کـرد.

دوای ڕێککەوتنـی سـۆڤیەت و ئێـران، کاتێـک سـۆڤیەتییەکان پشـتیان لـە کـورد و ئازەرییـەکان کـردووە، باقـرۆف سـەرکۆماری ئازەربایجانـی سـۆڤیەت دەسـتووری بـە پیشـەوەری سـەرکۆماری ئازەربایجانـی ئێـران دابـوو کـە لـە بەرانبـەر هاتنـی هێزەکانـی محەمـەد ڕەزا شـا، کـە بـۆ خۆئامادەکـردن بـۆ هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی پارلەمانـی ئێـران دێنـەوە تەورێـز، هیـچ دژکردەوەیـەک لـە خۆیـان نیشـان نـەدەن. پیشـەوەریش وێـڕای گوێڕایەڵـی و ملکەجبـوون بـوون بـەو بڕیـارە، لـەو چاوپێکەوتنـەی کـە لـە تەورێـز لەگـەڵ قـازی محەمـەد هەیبـووە، ئـەو بڕیـارەی باقرۆفـی بـە قـازی محەمـەد ڕاگەیانـدووە.

دوای پشـتتێکردنی سـۆڤیەتییەکان، ئیـتر ئاشـبەتاڵی و ڕووخانـی دەوڵەتـی میللیـی ئازەربایجـان دەسـتی پـێ کردبـوو. لـە کوردسـتانیش جیـا لـە کاریگەریـی نەرێنـی ئـەو پشـتتێکردنەی سـۆڤیەتییەکان، هەروەهـا بەهـۆی ئـەوەی کـە عەشـیرەتەکانی وەک «مەنگـوڕ، مامـەش و دێبوکـری» و چەندیـن کەسـایەتیی خـاوەن پێگـەی مەهابـاد، کـە پێشـتر

هێــزی ســەرەکیی کۆمــاری کوردســتان لــە مەهابــاد بــوون، ئەوانیــش بەهــۆی ناڕوونیــی بڕیــاری قــازی محەمــەد و ئــەو نیگەرانییــەی کــە لــە دواڕۆژی خۆیــان هەیانبــووە، لــە درێــژەدان بــە هاوکاریکردنــی کۆمــاری کۆردســتان دوودڵ بــوون، دواتریــش لــەدژی پێشــەوا قــازی محەمــەد کەوتبوونــە بــەرەی دەوڵەتــی ئێرانــەوە.

لــە وەهــا بارودۆخێکــدا ئیــتر قــازی محەمــەد هیــچ هیوایەکــی بــە درێژەکێشــانی تەمەنــی کۆمــار نەمــاوە و بــۆ ئــەوەی بتوانــێ دەرفەتێــک بدۆزێتــەوە تاکــوو پێــش بــە کوشــتنی خەڵــک بگرێــت، ســەرەتا لەڕێــگای ســەدری قازیــی بــرای، کــە ئەندامــی مەجلیســی میللیــی ئێــران بــووە، دواتریــش بــۆ خــۆی ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ حکوومەتــی قەوامولســەتەنەی ســەرۆکوەزیرانی ئێــران دەســتی بــە وتووێــژ کــردووە. لــە ئەنجامــدا لەســەر داوای قەوامولســەڵتەنە بــۆ هاتنــی ئەرتەشــی ئێــران بــۆ مەهابــاد کــە بــە پاســاوی دابینکردنــی ئەمنیــەت بــۆ بەڕێوەبردنــی هەڵبژاردنــی پارلەمانــی ئێــران، قــازی محەمــەد ڕازی بــووە کــە ئەرتەشــی ئێــران بێتــە نــاو مەهابــاد. لــە بەرانبــەردا قەوامیــش هێندێــک بەڵێنــی بــێ بنەمــا و هیوابەخشــی بــۆ دابینکردنــی لانیکەمــی داخوازیــی کــوردەکان، بــە قــازی محەمــەد داوە، بــەڵام دواتــر هەمــوو شــتێک بــە پێچەوانــە ئــەو بەڵێنانــەی کــە دابوونــی، دەرچــووە.

لــە وەســیەتنامەی «قــازی محەمەد»یشــدا، بــە ڕوونــی دان بــەو ڕاســتییە تاڵــەدا نــراوە کــە فەرموویەتــی: «بــاوەڕ بــە قــەول و بەڵێنیــی دوژمــن نەکــەن، دڵنیــا بــن ئەگــەر عەجــەم هەنگوینتــان بداتــێ، دیــارە ژەهــری تــێ کــردووە».

**بەڵگەی ژمارە: ٩٥**



تلگراف جناب آقای نخست وزیر

آقای قاضی محمد

نظر باینکه طبق تصمیم اینجانب انتخابات بایستی باحضور قوای تامینیه اعزامی ازمرکز انجام شود وبایستی انتخابات منطقه کردنشین آذربایجان باهمکاری صمیمانه وعلاقمندی تام شما صورت گیرد لذا لازم است تعیین نمائید درخوی – شاهپور – رضائیه مهاباد که مناطق کرد نشین است چگونه شما باقوای تامینیه همکاری خواهید کرد که دستورات مشخص صادر شود.

با همکاری صمیمانه و علاقمندی خاصی کـه دراین مدت از شخص شما ملاحظه شده منتظرم دراینقسمت که موضوع اکراد درمیان است علاقمندی کامل خودرا درپیشرفت امورعلا ارائه دهید.

نخست وزیر ـ قوام السلطنه

دەقی تەلەگرافی قەوامۆلسەڵتەنە بۆ قازی محەمەد

١٩٤٦/١٢/٢

ئاغای قازی محەمەد

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، هێزی دابینکەری ئەوەلەهیی ناوەند ئامادە بێت و بێتە ئەوێ، هەروەها پێویستە کە هەڵبژاردنەکان لە هەرێمە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاری و پشتگیریی جەنابتان ئەنجام بدرێن، پێویستە بۆمان دیاری بکەن، کە لە کەلا خوێ (خۆی)، سەڵماس، ورمێ و مەهاباد کە هەرێمی کوردنشینن، ئێوە چۆن دەتوانن هاوکاریی هێزە ئەمنییەکانی ئێمە بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش فەرمانی پێویست لەم بوارەدا دەربکەین، من چاوەڕوانی هاوکاریی تەواو و پشتگیریی تایبەتیی تۆم، کە لەو ماوەیەدا من

ســەرنجم داوە، لــەو هەرێمــەدا کــە پرســی کــورد هەیــە، ئێــوە بــە پشــتگیریی تــەواوی خۆتــان بــۆ بەرەوپێشــچوونی تــەواوی ئــەو کارانــە، لــە پراکتیکــدا ئەمــەی دەســەڵمێنن.

قەوامولسەڵتەنە

سەرۆکوەزیر

(کوهستان «روزنامه»، شماره ۷۲، ۱۳۲۵/۹/۱۱)

**بەڵگەی ژمارە: ٩٦**

*ب- ژمارە ٥٦*

*کونسوولگەریی ئەمریکا، تەورێز، ئێران*

*١٢/٧/ ١٩٤٦ (١٦/ ٩/ ١٣٢٥)*

*بێ سنوور*

بابــەت: وەڵامــی کــوردەکان بــە ڕاگەیەنــدراوی ســەرۆکوەزیران ســەبارەت بــەوەی کــە ئــەو هێزانــەی بــۆ هەمــوو ناوچەکانــی ئازەربایجــان بــەڕێ کــراون، هێــزی پاراســتنی ئاسایشــی هەڵبژاردنەکانــن.

بەڕێز خاوەنشکۆ وەزیری دەرەوە، واشینگتۆن

بــە شــانازییەوە وەرگێڕانــی وەڵامــی قــازی محەمــەد، ڕێبــەری کــوردەکان کــە تێیــدا ئامــاژە بــە ڕاگەیەنــدراوی ئــەم دواییــەی ســەرۆکوەزیران قــەوام کــراوە، بــۆ ئاگاداریــی وەزارەتــی دەرەوە دەنێــرم. لــەم ڕاگەیەنــدراوەدا هاتــووە کــە هێزەکانــی ئێــران بــە مەبەســتی دابینکردنــی ئاسایشــی هەڵبژاردنــی داهاتــووی مەجلیــس، بــۆ هەمــوو ئێــران و لەوانــەش بــۆ کوردســتان و ئازەربایجــان بــەڕێ دەکرێــن. پوختــەی قســەی قــازی محەمــەد ئەوەیــە، کــە نابــێ هیــچ هێزێــک بــەڕێ بکــەن لەبــەر ئــەوەی هیــچ پێویســتییەک بــەو هێزانــە نییــە و کــوردەکان خۆیــان دەتوانــن لــە عــۆدەی پاراســتنی ئاســایش بێــن.

ئــەم وەڵامــە ٢٩ی نوامــبری ١٩٤٦ (٨ی ســەرماوەزی ١٣٢٥) لــە ئازەربایجــان، ڕۆژنامــەی ڕەســمیی دێموکراتەکانــدا بــڵاو بووەتــەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

ئێف.لێستێر، ساتۆن - کونسوولی ئەمریکا

**بەڵگەی ژمارە: ٩٧**

*ب-ژمارە ٥٨*
*وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، نهێنی، ٣٩٦٥*
*ڕێکەوتی وەرگرتن: ١٣/١٢/ ١٩٤٦ (١٣٢٥/٩/٢٢)*
*لە تارانەوە و لە ڕێگای وەزارەتی جەنگ بۆ وەزیری دەرەوە*

کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ، مۆنسینیۆر پاپالاردۆ، کەفیلی نوێنەرایەتیی پاپ لە ئێران داوای لە باڵوێزخانە کردووە کە بۆ پێشگیری لە هەر جۆرە هەڵسوکەوتنی نەشیاو بەرانبەر بە کەمینەی مەسیحی و کەلیمی لە ئازەربایجان و بەتایبەت لە ناوچەی ڕەزاییە (ورمێ) و شاهپوور (سەڵماس)، لە ماوەی سەردەمی پاش خۆبەدەستەوەدانی دێموکراتەکان (فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان)، لە پێوەندی و هاوکارییەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن. لە ماوەی خولەکانی پێشووی سەرهەڵدانی ئاژاوە لەو ناوچەیە، مەترسیی سەرەکی کە هەڕەشەی لە مەسیحییەکان دەکرد، لەلایەن کوردەکانەوە بوو. تکایە هەموو هەوڵی خۆتان بدەن بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ نوێنەرانی عەمەرخان و قازی محەمەد لە تەورێز و وەبیرهێنانەوەی ئەو بەڵێنانەی هەردووکیان داویانە کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی ئاژاوەی ناوخۆیی، مەسیحییەکانی ناوچە کوردنشینەکان هیچ زیانێکیان پێ ناگات. جیا لەمەش وەبیریان بێننەوە کە حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەتایبەت لە هەڵسوکەوتی خراپ بەرانبەر بە کەمینەی مەسیحی نیگەرانە لەبەر ئەوەی ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەک ئاسووری و ئەرمەنی کە لە

ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی کـوردەکان نیشـتەجێن. پێشـنیار کـراوە داوا لـە دەسـەڵاتدارانی ناوچەکـەش بکـرێ کـە بـۆ پاراسـتنی ئـەم کەمینانـە لـە هیـچ هەوڵێـک خـۆ نەبوێـرن.

پاپـالاردۆ هـەر ئێسـتا دڵنیایـی لـە حکوومەتـی ئێـران وەرگرتـووە کـە بـۆ پاراسـتنی کەمینـەکان، فەرمانـی تایبـەت بـۆ فەرمانـدە سـەربازییەکان بـەڕێ دەکـرێ، بـەڵام مـاوەی مەترسـیدار، (مـاوەی) پێـش گەڕانـەوەی ئارامـی بـۆ سەرانسـەری ناوچەکەیـە کـە لـەم ماوەیـەدا هێندێـک لایـەن دەیانهـەوێ کەمینـەکان ئـازار بـدەن و لـە پشـێوییەکە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان کەڵـک وەربگـرن

بۆ تەورێز بەڕێ کرا.

ئالێن

## ماڵاوایی مەلا مستەفا بارزانی و قازی محەمەد:

کاتێـک کـە بارزانـی لـە بڕیـاری قـازی محەمـەد بـۆ دەسـتهەڵگرتن لــە بەرخــۆدان و خۆڕادەســتکردن بــە ئێرانییــەکان ئــاگادار دەبێــت، دەزانــێ کــە ئیــتر چارەنووســی کۆمــار گەیشــتووەتە خاڵــی کۆتایــی. بارزانــی لــە شــەودا بــۆ دوا دیــدار دەچێتــە لای قــازی محەمــەد و دوای تاوتوێکردنــی دوا پێشــهاتەکان و دڵنیابــوون لــەو بڕیــارەی قــازی محەمــەد، ڕادەگەیەنــێ: «تــا ئەوکاتــەی داهاتوومــان ڕوون دەبێــت، ناچاریــن چەکەکانمــان بپارێزیــن و ڕێــگای شــاخ بگرینــە بــەر، بــەڵام لەبــارەی خۆڕادەســتکردنتان بــە دەوڵەتــی ئێــران، نیگەرانــی ســلامەتیی ئێــوەم». هەروەهــا داوای لــە قــازی محەمــەد کــردووە ئەگــەر لەگەڵیــان بمێنــێ، حــازرن بــە هەمــوو توانایــەک خزمەتــی بکــەن و ســلامەتیی ئــەو بپارێــزن.

قــازی محەمەدیــش پێــی ڕادەگەیەنێــت وێــڕای هەمــوو مەترســییەک کــە لەوانەیــە هەبێــت، ئامادەیــە بــۆ پاراســتنی ســلامەتیی خەڵکــی مەهابــاد و بەجێگەیاندنــی ئــەو بەڵێنــەی کــە لــە کاتــی ڕاگەیاندنــی کۆمــاردا بــە خەڵکــی داوە، بــۆ بەئەســتۆگرتنی بەرپرســایەتییەکانی کۆمــار، بمێنێــت و چ دەبــێ بــا ببێــت.

لــەو پێوەندییــەدا لــە بیرەوەرییەکانــی موحەمەدئەمیــن قــادری کولیــچ، لــە کتێبــی «کۆمەڵــەی ژ-ک تــا کۆمــار»دا نــووسراوە:

لـە کاتـی ماڵاواییـدا، قـازی محەمـەد ئـاڵای کوردسـتان هەڵدەگرێـت و ماچــی دەکات و دەیداتــە دەســتی بارزانــی و دەڵێــت: «ئــاڵای کوردسـتان لای خـۆت ڕابگـرە، هیـوادارم ئێـوە نەهێڵـن ئـەو ئـاڵا پیـرۆزە بکەوێتـە سـەر زەوی و نـەوی بێـت. بارزانیـش ئاڵاکـە لـە دەسـتی قـازی

محەمـەد وەردەگـرێ و ماچـی دەکا و لەسـەر سـەری دادەنێـت و بەڵێـن دەدا، نـەک هـەر نەهێڵـێ هیـچ کات ئـەو ئاڵایـە بکـەوێ، بەڵکـوو ڕۆژێـک ئاڵاکـە بەرزیـش بکاتـەوە.»

دواتـر ئـەو سەرۆکعەشـیرانەی کـە تـا ئەوکاتـە لەگـەڵ کۆمـاردا مابـوون، ئەوانیـش بـە بیسـتنی ئـەو بڕیـارە، بێهیـوا بـوون و وتوویانـە مـادام کـە قـازی محەمـەد دەسـت لـە بڕیـاری بەرخـۆدان لـە بەرانبـەر هێزەکانـی ئێـران هەڵبگرێـت، ئیـتر چارەنووسـی ئێمـە دەبـێ بـە چـی و دەبـێ چ بکەیـن؟!

شـایانی باسـە ماوەیـەک بـەر لـەو کاتـە، کاتێـک کـە عەمەرخـان دەسـت لـە بەرپرسـایەتییەکانی لـە کۆمـار هەڵگرتبـوو و لەگـەڵ هێزەکانـی شـکاک گەڕابوونـە ناوچەکانیـان و بـۆ پاراسـتنی سـڵامەتیی خـۆی و شـکاکەکان، پێوەندیـی بـە ژێـنراڵ ڕەزم ئـارای گـەورە کاربەدەسـتی ئێرانـەوە کردبـوو، خەڵـک لۆمـەی «عەمەرخان»یـان دەکـرد و دەیانگـوت کـە عەمەرخـان بۆچـی وای کـرد!؟ بـەڵام کاتێـک دیتیـان لـە ١٩٤٦/١٢/١٦دا، قـازی محەمـەد لەگـەڵ حاجـی باباشـێخ و سـەیفی قـازی بـۆ پێشـوازی لـە سـەرتیپ هومایۆنـی فەرمانـدەی پلـە نزمـتری هێزەکانـی ئێـران، چوونەتـە میانـدواو و نیازپاکیـی خۆیـان بـۆ ڕادەسـتکردنی مەهابـاد بەبـێ شـەڕ پێیـان ڕاگەیانـدووە، ئیـتر کـەس عەمەرخانـی لۆمـە نەکـردووە و چـاوەڕوان ماونەتـەوە کـە عەمەرخـان بتوانـێ لـە دواڕۆژدا بـۆ سـڵامەتییان چ کارێـک بـکات و پشـتیان بەرنـەدات و بـە جێیـان نەهێڵێـت.

هێزەکانـی ئێـران لـە ١٩٤٦/١٢/١٧دا بەبـێ ئـەوەی کـە ڕووبـەڕووی هیـچ بەرگرییـەک ببنـەوە، شـاری مەهابـاد داگیـر دەکـەن و کۆتایـی بـە تەمەنـی کۆمـاری کوردسـتان دێنـن. دواتـر قـازی محەمـەد و سـەیفی

قــازی و ســەدری قــازی لەگــەڵ کۆمەڵێــک لــە کاربەدەســتانی کۆمــاری کوردســتان لەلایــەن ئەرتەشــی ئێرانــەوە دەستبەســەر دەکرێــن و دەدرێنــە دادگای نیزامــی.

بــەم شــێوەیە ئــەو کۆمــارەی کــە هێــمای ئیــرادەی نەتەوەیــی و خەونــی هەمــوو نیشــتمانپەروەرانی کــورد بــوو، دوای ١١ مانــگ لــە تەمەنــی زێڕیــن و پــڕ دەســتکەوتی خــۆی، بەهــۆی پشــتیوانینەکردنی ســۆڤیەتییەکان لــە کۆمــار و پێنەدانــی چــەک و تەقەمەنیــی پێویســت بــۆ بەرگریکــردن، هەروەهــا ئاشــبەتاڵی ســەرکردەکانی دەوڵەتــی میللیــی ئازەربایجــان و ڕووخانــی ئــەو حکوومەتــەی کــە هاوپەیمانــی کۆمــاری کوردســتان بــوو، لەلایەکــی دیکــەوە بەهــۆی لاوازیــی ژێرخانــی کۆمــار لــە بــواری پێکهاتــەی کۆمەڵایەتــی، پەروەردەیــی، ئابــووری، نەبوونــی یەکڕیزیــی نەتەوەیــی، نەبوونــی ئیــرادەی بەرخــۆدان و پشــتتێکردنی بەشــێک لــە ســەرۆک عەشــیرەتەکان، لەنێــو تراژدیایەکــی خەفەتبــاردا تێــک شــکاوە.

**بەڵگەی ژمارە: ٩٨**

THE KURDISH MINORITY PROBLEM

CENTRAL INTELLIGENT AGENCY

Published on 8th December 1948

*کێشەی کەمایەتیی کورد*

*ڕێکخراوی ئیستخباراتی ناوەندی (سی.ئای.ئەی)*

*لە ٨ی کانوونی ١٩٤٨ بڵاو کرایەوە*

*لاپەڕەی ١٠، بەشی ٢*

دەوڵەتـی کـوردی لـە مەهابـاد، ئەگـەری ئـەوە هەبـوو کـە ببێـت بـە ناوەندێکـی گـەورەی «کوردسـتان»، بـەڵام تەنیـا چەنـد مانگێـک درێـژەی کێشـا. ناکۆکییەکانـی نێـو کـوردان و «کۆمـاری گەلـی ئازەربایجـان» هـۆی جیابوونەوەکـە بـوون.

بەیاننامـەی حکوومەتـی مەهابـاد بـۆ دەسـەڵاتداریی فەرمـی لەسـەر خاکـی ئێـران لـە ڕۆژئاڤـای سـەقز تـا باشـووری سـنووری سـۆڤیەت و مەهابـاد بـوو. بەهـۆی ناکۆکییـە قەومییەکانـی نێـوان حکوومەتـی ئازەربایجـان و کوردانـی مەهابـاد، هێندێـک شـەڕ و تێکهەڵچوونـی گـەورە ڕوویـان دا. تووڕەیـی کـوردەکان بەهـۆی پێوەندییـە تایبەتییەکانـی نێـوان کاربەدەسـتانی سـەربازیی سـۆڤیەت و ئازەربایجانـەوە بـووە.

بـەڵام هـۆی هـەرە گرینگـی جێبەجێنەبوونـی بەڵێنەکانـی سـۆڤیەت لەمـەڕ ڕزگاریـی کوردسـتان، دەگەڕێتـەوە بـۆ نیگەرانیـی سـۆڤیەت لـە سیاسـەتەکانی ئەمریـکا لـەدژی سـۆڤیەت. عەمەرخـان زۆر زوو و

بــە ئاشــکرا هــەم دژایەتیــی سیاســەتی ســۆڤیەتی کــرد و هەمیــش لــە سـەرۆکایەتیی حیزبـی دێموکـرات نـاڕازی بـوو. سـەرۆک عەشـیرەتەکانی دیکــەش لەگــەڵ هەڵوێســتی شــکاکەکان بــوون، بۆیــە قــازی محەمــەد کاریگەریــی خــۆی لەدەســت دا.

لەلایەکــی دیکــەوە ســەرۆکوەزیر قــەوام، پەلــەی لــە ڕووخاندنــی دەوڵەتــی کــوردی کــرد و بەڵێنــی دا کــە ئەگــەر کــورد پشــتگیریی دامەزراندنــی دەســەڵاتی ناوەنــدی بکــەن، ئــەوان هێندێــک ئیمتیــاز (چـوور)ی بـاش دەدەن بـە کـوردان. بـەم شـێوەیە لـە کانوونـی سـاڵی ١٩٤٦، دوای ئــەوەی ئەرتەشــی ســۆڤیەت پاشەکشــەی کــرد، هێزەکانــی ئێــران بــەرەو ئازەربایجــان و «کوردســتان» حەرەکەتیــان کــرد و، هــەر دوو حکوومەتـی ڕاپەڕیـو ڕووخێنـدران. ڕێبـەری ئازەربایجـان پیشـەوەری بــەرەو یەکیەتیــی ســۆڤیەت هــەڵات و قــازی محەمەدیــش خــۆی ڕادەســت کــرد و دواتــر لەگــەڵ بــرا و ئامۆزاکــەی لەســێدارە دران.

**بەڵگەی ژمارە: ٩٩**

*ب-ژمارە ٥٩-١*
*بەشـــی دەرەوەی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا، باڵوێزخانـــەی ئەمریـــکا، تـــاران، ئێـــران*
*١٩٤٧/١/١٥ / (١٣٢٥/١٠/٢٥)*
*ژمارە ٢٦٢، نهێنی*
*بابـەت: ناردنـی ڕاپۆرتـی گۆڕانکارییـە سیاسـییەکان لەنێـو کوردەکانـی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٤٦.*
*بەڕێز وەزیری دەرەوە - واشینگتۆن*

بـــە شـــانازییەوە ڕاپۆرتـــی کونســـوولیار جراڵـــد ئێـــف. پـــی. دوهێـــر لەژێـــر ســـەردێڕی "گۆڕانکارییـــە سیاســـییەکان لەنێـــو کوردەکانـــی ئێـــران لـــە ســـاڵی ١٩٤٦" دەنێـــرم. کونســـوولیار دوهێـــر، لـــە مارســـی ١٩٤٦ بـــووە فەرمانبـــەری کونســـوولگەریی تەورێـــز و لـــە ٢٣ی ژوئەنـــەوە تـــا یەکەمـــی نوامـــبری ١٩٤٦ / ٢ی پووشـــپەڕ تـــا ١٠ی خەزەڵـــوەری ١٣٢٥ سەرپەرســـتیی ئەوێـــی لـــە ئەســـتۆ بـــوو. ئـــەو لـــە ســـەردەمی بەرپرســـیارێتیی خۆیـــدا چەندیـــن ســـەفەری بـــۆ ناوچـــە کوردنشـــینەکانی ئازەربایجـــان هەبـــوو و لەگـــەڵ بەشـــێکی زۆر لـــە ســـەرۆک خێڵـــەکان و ڕێبەرانـــی کۆمـــاری کوردیـــی ژێـــر پشـــتیوانیی ســـۆڤیەت لـــە ناوچـــەی مەهابـــاد (ســـاوجبلاغ) ئاشـــنایی تـــەواوی پەیـــدا کـــرد. زۆربـــەی ئـــەو زانیارییانـــەی لـــەم ڕاپۆرتـــەدا هاتـــوون، لـــە مـــاوەی ســـاڵی ڕابـــردوودا و لـــە قاڵبـــی تەلەگرافـــدا لـــە تەورێـــزەوە بـــەڕێ کـــراون، بـــەڵام بـــە ســـەرنجدان بـــە داڕمانـــی لەنـــاکاوی حکوومەتـــی دێموکراتەکانـــی دروســـتکراوی ســـۆڤیەت لـــە ئازەربایجـــان

و بـێ هەڵوێسـتیی کـوردەکان لـەم نێوانـەدا کـە کاریگەریـی لەسـەر ئـەم دارمانـە هەبـوو، بـە مەسـەڵەحەتمان زانـی بـۆ ناسـینی هـۆکارە کاریگەرەکانـی لەناوچـوون و تێکڕمانـی بەرەبـەری نفـووزی سـۆڤیەت لەنـاو خێڵـە کوردەکانـی باکـووری ئێـران، لـە سـاڵی ١٩٤٦دا ڕاپۆرتێکـی گشـتگیر ئامـادە بکرێـت.

ڕاپۆرتـی کونسـوولیار دوهێـر، وەک ڕوونکردنەوەیەکـی بەنـرخ لەبـارەی ئـەم بابەتـە گرنگـە، پێشکەشـتان دەکـەم.

لەگەڵ ڕێزدا

جۆرج وی ئالێن

باڵوێزی ئەمریکا

## بەڵگەی ژمارە: ١٠٠

*ڕاپۆرتی ژمارە ٥٩-٢*

*باڵوێزخانەی ئەمریکا. تاران، ئێران، نهێنی*

*١٩٤٧/١/١٥ (١٣٢٥/١٠/٢٩)*

گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەنێو کوردانی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٢٥/١٩٤٦

ئامادە کراوە لەلایەن جراڵد ئێف.پی.دوهێر، کونسوولیار

١- بەشداریی کوردەکان لە شۆڕشی ئازەربایجاندا

٢ - کۆماری مەهاباد

٣ - گۆڕینی هەڵوێستی کوردەکان بەرانبەر بە ئازەربایجان و سۆڤیەت

٤ -سەرەتای پێوەندیی کوردەکان و بەرپرسانی کونسوولخانەی ئەمریکا

٥ -پێکدادانی کوردەکان و ئەرتەشی حکوومەتی ناوەندی

٦ -ڕەشبوونی زیاتری پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئازەربایجان

٧ - هۆکاری شکستی سیاسەتی سۆڤیەت بەرانبەر بە کوردەکان

٨- پێویستیی حکوومەتی ئێران بە سیاسەتێکی زیرەکانە لە بەرانبەر کوردەکان

(هاوپێچەکانی یەک تا چوار)

١ - بەشداریی کوردان لە شۆڕشی ئازەربایجاندا:

لــە ســەرەتای هاتنــی ئەرتەشــی ســوور بــۆ نــاو بەشــی باکــووری ئێـران لـە سـالی ١٣٢٠/١٩٤١ دەسـەڵاتی حکوومەتـی ناوەندیـی ئێـران لەسـەر هـۆزە کوردەکانـی ڕۆژئـاوای ئازەربایجـان (پارێـزگای ورمـێ) بـە کـردەوە لەنـاو چـوو. لـە هێندێـک لـە گونـدە کوردنشـینەکان کـە لـە تەنیشـت شـارەکانی مەراغـە، میانـدواو، ڕەزاییـە (ورمـێ)، شـاهپوور (سـەڵماس)، خـۆی و ماکـۆ بـە درێژایـی کەنارەکانـی ڕۆژئـاوا و باشـووری دەریاچـەی ڕەزاییـە (ورمـێ) هەڵکەوتبـوون، سـەربازگەکانی ئەرتەشـی سـوور تـا ڕادەیـەک دەسـەڵاتیان بەسـەر ناوچەکـەدا هەبـوو، بـەڵام ئـەو هۆزانـەی لـە بەرزاییـەکان و چەنـد کیلۆمەتـر دوورتـر لـەو ڕێگایانـە دەژیـان کـە بـە دەوری دەریاچەکـەدا دەهاتـن، سـەرلەنوێ بـە شـێوازی نەریتـی گەڕانـەوە سـەر ژیانـی خێڵەکیـی خۆیـان؛ ڕێـگا و شـێوازی (ژیـان) کـە تـا بەرلـە پێشـڕەویی ئەرتەشـی داگیرکـەری سـۆڤیەت، لـە سـەدەی ڕابـردووەوە لەلایـەن حکوومەتـی ناوەندییـەوە لەنـاو چووبـوو.

بـە درێژایـی سـێ سـاڵی سـەرەتای داگیرکاریـی ئـەو ناوچەیـە لەلایـەن ئەرتەشـی سـوورەوە، سـۆڤیەتییەکان بـۆ نزیکبوونـەوەی سیاسـی لـە هـۆزە کـوردەکان، هێندێـک هەنـگاوی ناتەواویـان هەڵهێنـاوە. تـا نیـوەی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٥/ هاویـن و پاییـزی ١٣٢٤، بـۆ دوورکردنـەوەی کـوردەکان لـە حکوومەتـی ناوەنـدی، پلانێکـی تۆکمـە نەگیرایـە بـەر. ڕەنگـە ئـەوەی کـە کوردەکانـی ئازەربایجـان بـە کـردەوە لەژێـر دەسـەڵاتی حوکمڕانیـی حکوومەتـی تـاران دەرچووبـوون، لەمبارەیـەوە بـێ کاریگـەر نەبووبێـت.

لـە پاییـزی ١٣٢٤/١٩٤٦ واتـە هـاوکات لەگـەڵ دەسـتپێکردنی کاری

بەرپرسـانی کونسـوولگەریی سـۆڤیەت لـە تەورێـز بـۆ ڕێکخسـتنی فیرقـەی بەنـاو دێموکراتـی ئازەربایجـان کـە لەژێـر سەرپەرسـتیی کۆچبەرێکـی ئێرانـی بـە نـاوی جەعفـەر پیشـەوەریدا بـوو، مـاژۆر ژێـنراڵ ئاتاکیشـیۆڤ، یەکێـک لـەو کارگێـڕە سیاسـییانەی کـە لـە باکـووەوە نێردرابـوو، زنجیـرە سـەردانێکی بـۆ مەهابـاد (سـاوجبلاغ) دەسـت پـێ کـرد. گرووپێـک لـە کـوردە ئێرانـی، عێراقـی و سـوورییەکان کـە لەبیـری دروسـتکردنی کوردسـتانی گـەورەی سـەربەخۆدا بـوون لـەوێ کـۆ ببوونـەوە. ڕێبـەری ئـەو گرووپـە، قـازی محەمـەد، خـاوەن زەوییەکـی کـورد بـوو کـە سـەر بـە بنەماڵەیەکـی خۆشـناوی ئـەو ناوچەیـە بـوو و لەبـاری ئاینییـەوە کاریگەرییەکەیـان تـا باکوور و نزیـک سـنوورەکانی سـۆڤیەت درێـژ دەبـووەوە. ڕاکێشـانی سـەرنجی ئـەو گرووپـە بـۆ کارکـردن بـە شـێوازی دەسـتەی سـەرەتایی بـۆ پێکهێنانـی "بزووتنەوەیەکـی میللـی"ی کـوردی کـە دەبـوا هـاوکات بـێ لەگـەڵ "حکوومەتـی میللـی"ی ئازەربایجـان کـە پیشـەوەری و هاوکارەکانـی لـە سـۆڤیەت خەریکـی ڕێکخسـتنی بـوون، ئامانجـی سـەرەکیی سـەفەرە یـەک لـە دوای یەکەکانـی ژێـنراڵ ئاتاکیشـیۆڤ بـۆ مەهابـاد بـوو. بەهـۆی جۆراوجۆریـی بۆچوونـی سیاسـی لەنێـو سیسـتەمی عێلـەکان و گومانـی زۆربـەی سـەرۆک عێلەکانـی کـورد بەرانبـەر بـە ئامانجەکانـی سـۆڤیەت لـە پشـتیوانیکردن لـە حکوومەتـی میلییـی کـورد، پلانـی ڕووسـەکان لـەم ناوچەیـەدا، بـە بـەراورد بـە ناوچەکانـی دیکـەی ئازەربایجـان کـە خاوەنـی سیسـتەمێکی ئیـداری بـوو، ڕووبـەڕووی سسـتی و دژواری بـووەوە. لـە ئازەربایجـان کێشـە تەنیـا دەرهێنانـی دەسـەڵات لـە دەسـتی بەرپرسـانی ئێرانـی بـوو، بـەڵام لـە ناوچـە کوردنشـینەکان، دەبـوا هـەر لـە بنەڕەتـەوە حکوومەتێکـی نـوێ

دروســت بکــرێ و دەســەڵاتەکەی بــۆ ئــەو ناوچەگەلــە پــەل بهاوێــژێ کــە چەنــد ســاڵ بــوو لەژێــر هیــچ دەســەڵاتێکی دەرەکیــدا نەبــوون. هــاوکات لەگــەڵ دامەزراندنــی فیرقــەی دێموکراتــی ئازەربایجــان، فیرقەیەکــی دێموکراتــی کوردیــش دامــەزرا، بــەڵام لــە کاتێکــدا کــە پیشــەوەری لەژێــر سەرپەرســتیی کۆمەڵــە ســەرۆکێک بــوو کــە بەشــێک لــەوان، یــا لــە گرووپێــک لــە کۆچبــەرە ئێرانییــەکان پێــک هاتبــوون کــە ســاڵانێکی دوور و درێــژ لــە یەکێتیــی ســۆڤیەت ژیابــوون و لەگــەڵ بیــر و بــاوەڕی کۆمۆنیســتی ئاشــنا بــوون، یــا لــە هاووڵاتییانــی ئازەربایجانــی ســۆڤیەت بــوون و لەودیــوی ســنوورەکەوە هاتبــوون، فیرقــەی دێموکراتــی کوردســتان دەبــوا ڕێبەرانــی خــۆی لەنێــو ســەرۆک هــۆزە ناوبــەدەرەوەکان و کەسایەتییە دیــارە ئایینییــەکان هەڵبژێــرێ کــە نەتەنیــا جیهانبینیــی کۆمۆنیســتی بۆیــان جێگــەی قەبووڵکــردن نەبــوو، بەڵکــوو لێــی تــێ نەدەگەیشــتن. لــە کۆتاییــدا ئــەو دەســتە کارگێڕییــەی کــە ســەرکردایەتیی فیرقــەی دێموکراتــی کوردســتانی گرتــە ئەســتۆ، جیــا لــە قــازی محەمــەد کــە ســەرۆکایەتییەکەی لــە ئەســتۆ بــوو، بریتــی بــوون لــە موڵکــدارە گەورەکانــی مەهابــاد و دەوروبــەری، حاجــی بابەشــێخ، کەســایەتیی ئایینیــی ناوچــەی مەهابــاد، عەمەرخــان ســەرۆکی هــۆزی بەهێــزی شــکاک و گرینگتریــن موڵکــداری ڕۆژئــاوای ئازەربایجــان (پارێــزگای ورمــێ)، کــە لــە ســەردەمی بەهێزبوونــی خۆیــدا یەکێــک لــە گرووپــە زۆر زۆر بــێ ڕوحــم و تاڵانچییەکانــی کــوردی ڕێبەرایەتــی کردبــوو، هەروەهــا کۆمەڵێــک کەســایەتیی دواکەوتــووی هاوشــێوەی ئەوانــە. جیــا لــەوەش بــۆ ڕاکێشــانی پشــتیوانیی کــوردەکان، شــتێک جیــا لــە بەڵێنــی ئــازادی و یەکســانی و برایەتــی و ... لەژێــر دەســەڵاتی ســۆڤیەتدا پێویســت بــوو. کارگێــڕە سیاســییەکانی ڕووس تێگەیشــتن کــە

جگــە لــە ڕێــگای ناردنــی بەردەوامــی چــەک و تەقەمەنــی و پــارە، ڕێگایەکــی دیکــە بــۆ ڕاکێشــان و هاوکاریــی کــوردەکان لــە ئــارادا نییــە.

ڕێکخســتنی حکوومەتــی ناوچەیــی کــوردەکان هێشــتا لــە قۆناغەکانــی ســەرەتای خۆیــدا بــوو، کــە ســۆڤیەتییەکان بــەو دەرەنجامــە گەیشــتن کــە کاتــی ئــەوە هاتــووە لــە تەورێــز، "حکوومەتــی میللیــی ئازەربایجــان" لەجێــی حکوومەتــی ناوچەیــی ئێــران دابنێــن. شــێوەی شــکڵگرتنی شۆڕشــی ئۆکتۆبــر – دێســامبری ١٩٤٥/ســەرماوەزی ١٣٢٤ی ئازەربایجــان و ڕووخانــی سیســتەمی بەنــاو دێموکراتــی، دەرەنجامــی ئــەو شۆڕشــە لــە پــاش ســاڵێک خــۆی بابەتــی ڕاپۆرتێکــی جیــاواز دەبێــت. تەنیــا ڕۆڵــی چالاکیــی کــوردەکان لــەم شۆڕشــە دەگەڕێتــەوە بــۆ چەنــد پێکدادانێــک لــە ڕەزاییــە (ورمــێ) کــە تێیــدا گرووپــە فیداییەکانــی ســەر بــە فیرقــە، هێزەکانــی ئەرتەشــی ســوور و یەکــە ناڕێکخــراوە کــوردەکان لــە هێــرش بــۆ ســەربازگەی ئەرتەشــی ئێــران دەســتیان نایــە دەســتی یــەک. گرینگیــی ئــەم ڕووداوە ســەبارەت بــە دۆخــی سیاســیی کــوردەکان لــەوەدا بــوو، کــە ئاســانکاریی بــۆ پێکهاتنــی کۆمــاری کوردســتان کــرد و خێرایــی پــێ بەخشــی. ســەرۆک خێڵــە کــوردەکان کــە دیتیــان لەلایــەن ســەربازگەی دەوڵەتــەوە هیــچ بەرگرییــەک، یــان بەرگرییەکــی ئەوتــۆ نەکــرا و ئەرتەشــی ســووریش بــە ئاشــکرا پشــتیوانی لــە دەستبەســەرداگرتنی فەرمانگــە حکوومەتییــەکان لەلایــەن شۆڕشــگێڕەکانی فیرقــەی دێموکراتــەوە دەکات، بــەو دەرەنجامــە گەیشــتن کــە ڕووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ هێــزی کــۆک و پۆشــتە و بەهێــزی ســۆڤیەت، کارێکــی خۆکوژانەیــە. بۆیــە تەنیــا ڕێگایــەک کــە بۆیــان ماوەتــەوە ئەوەیــە، کــە پەیــڕەوی لــە پلانێــک بکــەن کــە ســۆڤیەتییەکان بــۆ دامەزراندنــی حکوومەتێکــی کــوردی بــە ڕێبەرایەتیــی قــازی محەمــەد کــە  دروســتکراو و گوێڕایەڵــی خۆیــان بــێ، داڕشــتبوو.

٢- کۆماری مەهاباد

لــە ســـەرەتای فێڤریـــەی ١٩٤٦/ کۆتایـــی ڕێبەندانـــی ١٣٢٤، واتــە ماوەیەکـــی کـــورت پـــاش ســـەقامگیربوونی تـــەواوی ڕێکخســـتنەکانی فیرقـــەی دێموکراتـــی ئازەربایجـــان بـــە پشـــتیوانیی چـــەک و تەقەمەنیـــی ئەرتەشـــی ســـوور، قـــازی محەمەدیـــش پێکهێنانـــی کۆمارێکـــی خەڵکیـــی کوردیـــی بـــە ناوەندێتیـــی مەهابـــاد ڕاگەیانـــد. ناوچەیـــەک کـــە ئـــەم حکوومەتـــە گوێڕایەڵـــە بـــە بەشـــێک لـــە قەڵەمـــڕەوی خـــۆی ڕای گەیانـدووە، هەمـوو بەشـی ڕۆژئـاوای دەریاچـەی ورمـێ لەخـۆ دەگـرێ و لەوانـەش ناوچەکانـی خـۆی و ماکـۆ لـە باکـووری دەریاچەکـە و لـە نزیـک سـنووری یەکێتیـی سـۆڤیەت، ناوچەکانـی دەوروبـەری مەهابـاد تـا باشـوور بـەرەو ناوچەکانـی سەردەشـت و سـەقز و بـەرەو ڕۆژئـاوا (دروســتەکەی ڕۆژهەڵاتــە) تــا میانــدواو، هەروەهــا ئــەو ســێ شــارە ناوبــراوە. ئـەو ناوچانــەی لەلایــەن کۆمــاری گەلیــی کــوردەوە ئیدیعــا کــراوە، ئەوانـی لەگـەڵ حکوومەتـی میللیـی ئازەربایجـان تووشـی کێشـە کــردووە. حکوومەتــی ناوبــراو دەســەڵاتی کــوردەکان بەســەر ناوچەکانــی ماکـــۆ، خـــۆی، شـــاهپوور (ســـەڵماس)، ڕەزاییـــە (ورمـــێ) و میانـــدواوی بــە فەرمــی نەدەناســی و بــە کــردەوە کۆمــاری ناوبــراوی بــە بەشــێکی بچــووک لــە دەوروپشــتی مەهابــاد ســنووردار کردبــوو.

بـەم حاڵـەوە قـازی محەمـەد لەجێـی ئـەوەی بـە خێرایـی بـە شـوێن ویسـتی کوردەکانـەوە بـێ، هەوڵـی دا وردە وردە دزە بکاتـە نێـو ئـەو ناوچانـە و لـەم نێـوەدا هەمـوو توانایـی خـۆی سـەرفی ئـەو ئەزموونـە نوێ و بێوێنەیـەی مێـژووی کـورد؛ واتـە ڕێکخسـتن و پێکهێنانـی حکوومەتێکـی کــوردی بــکات کــە خاوەنــی کابینەیەکــی بەڕێوەبــەری و ئەنجومەنــی یاســادانان و ئەرتەشــێکی ڕێکوپێــک بــوو. گرووپێــک لــە خزمەکانــی

قـازی محەمـەد، یەکێـک لـە کـوردە خوێندەوارەکانـی ناوچـەی مەهابـاد و ژمارەیـەک کـوردە دوورخراوەکانـی ناوچەکانـی دیکـەی ئێـران، عێـراق و سـووریە، ئەندامانـی کابینـەی کۆمارەکـە پێـک دێنـن. هەڵبـەت کـۆی کابینەکـە لەژێـر هەژموونیـی قـازی محەمـەد دایـە، کـە خـۆی وەک سـەرۆک کۆمـاری ئـەو حکوومەتـە ناسـاندووە. کۆمەڵـەی یاسـادانانی ئـەم تەشـکیلاتە کـە خـۆی وەک مەجلیسـی میللیـی کـورد دەناسـێنێ، لەژێـر سەرپەرسـتیی حاجـی بابەشـێخ، یەکێـک لـە کەسـایەتییە ئایینـی و ناوبەدەرەوەکانـی کوردسـتانی ناوەندیدایـە. بەهـۆی ئـەوەی قـازی بـە یارمەتیـی ڕاوێژکارانـی سـۆڤیەت و دواتریـش خـۆی بەتەنیـا هەمـوو دەسـەڵاتەکەی لـە دەسـتدایە، ئـەم مەجلیسـە تەنیـا ڕوخسـارێکی کارتۆنیـی هەبـوو. بەهـۆی گرێداویـی ئـەم حکوومەتـە بـە پشـتیوانیی سـەرۆک هـۆزە کوردەکانـی ئازەربایجـان) پارێـزگای ورمـێ) کـە لـە دەرەوەی قەڵەمـڕەوی مەهابـاددا دەژیـان، بەتایبـەت هۆزەکانـی شـکاک، بەیگـزادە، هەرکـی، زەرزا، دێبوکـری، مەنگـوڕ، مامـەش، جەلالـی و میـلان بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ناوچـەی بڕشـتی دەسـەڵاتەکەی بـە بـەراورد بـە حکوومەتـی فیرقـەی دێموکـرات، زۆر بەرتەسـکتر بێتـەوە.

پێکهێنانـی ئەرتەشـێکی جەماوەریـی کـوردی، یەکێـک لـە سەرنجڕاکێشـترین ئەزموونگەلێـک بـوو، کـە قـازی محەمـەد هەوڵـی بـۆ دا. دیسـیپلین و ڕێکخـراوە، دوو نموونـە لـەو تایبەتمەندییانـەن کـە کـوردەکان بەرانبەریـان بێگانـە و نامـۆن. ئەزموونـی ژاندارمێریـی ئێـران لـە چەنـد سـاڵ پێشـتردا بـۆ دامەزراندنـی ژمارەیـەک لـە کـوردەکان وەک بەشـێک لـە هێـزی ڕێکوپێکـی خـۆی، ئـەو بابەتـەی پشتڕاسـت دەکـردەوە. لـە کاتێکـدا کـە ئـەوان بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەرک و بەرپرسـایەتیی دیاریکـراو، زۆر باشـیان کار دەکـرد، بـەڵام پابەنـدی هیـچ

دیســـیپلینێک نەبـــوون و نەیاندەتوانـــی لەنـــاو ســـەربازگەکاندا بژیـــن.

قـــازی محەمـــەد تێگەیشـــت، کـــە ئـــەو هێزانـــەی لـــە شـــارەکانەوە دامـــەزراون، زیاتـــر لەگـــەڵ کاری ڕێکخراوەیـــی و دیســـیپلین ســـازگارن تـــا کـــوردە خێڵەکییـــەکان، هـــەر بۆیـــەش ئەرتەشـــەکەی ئـــەو زیاتـــر لـــە کـــوردە شـــارییەکان و گوندییـــە ئاســـوورییەکان پێـــک هاتبـــوو و تێکەڵەیەکـــی بچووکیـــش لـــە کـــوردە خێڵەکییـــەکان بـــۆ ئـــەوەی ڕۆحـــی جەنـــگاوەری لەنێـــو ئـــەو هێـــزەدا پـــەرە بگرێـــت. چـــەک و تەقەمەنـــی و پۆشـــاک و پێداویســـتییە ســـەربازییەکانی ئـــەم هێزانـــە لەلایـــەن ســـۆڤیەتەوە دابیـــن دەکـــرا.

دامەزراندنـــی بنکەیەکـــی ڕادیۆیـــی – ڕادیـــۆ مەهابـــاد – و بڵاوکردنـــەوەی ڕۆژنامەیەکـــی کـــوردی، یەکێکـــی دیکـــە لـــەو داهێنانانـــە بـــوو کـــە بـــە یارمەتیـــی ڕووســـەکان هاتـــە نـــاو ژیانـــی کوردەکانـــەوە. هاوشـــانی ئـــەو ڕێگایانـــە بـــۆ پڕۆپاگەنـــدە، ئەرتەشـــی ســـوور لـــە پـــاش کشـــانەوەی لـــە ئێـــران لـــە مانگـــی مـــای ١٩٤٥/ بانەمـــەڕی ١٣٢٤، ئامێرێکـــی ڕادیۆیـــی بەهێـــزی دایـــە دەســـت حکوومەتـــی فیرقـــەی دێموکراتـــی ئازەربایجـــان، کـــە هەمـــوو ڕۆژێ ئێـــواران بەرنامـــەی کوردیشـــی بـــڵاو دەکـــردەوە.

٣- گوڕانکاریی هەڵوێستی کوردەکان بەرانبەر بە ئازەربایجان و یەکێتیی سۆڤیەت:

لە فێوریە تا ئاوریلیی ١٩٤٦/ ڕێبەندانی ١٣٢٤ تا خاکەلێوەی ١٣٢٥، سەرکردەکانی کورد هەموو هەوڵی خۆیان چڕ کردەوە بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی خۆیان بکەنە حکوومەتێکی کارامە. ئەوان بۆ خەریکبوون بە کێشەی سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی تەورێز، ئەو ئەگەرەیان تاوتوێ دەکرد کە ڕەنگە سۆڤیەتییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان، وەک یارییەک شۆڕشگێڕانی ئازەربایجان بە دژی ئەوان بەکار بێنن، بۆیە هەولیان دەدا پشتیوانیی سۆڤیەتییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بەڵام دەرفەتی پێویستیان نەبوو. لە مانگی ئاوریل/ خاکەلێوەدا، کاتێک ڕوون بووەوە ئەرتەشی سوور بەبێ ئەوەی بەڵێنیی خۆی لەبارەی پێکهێنانی کوردستانی گەورەی سەربەخۆ، یان دانی چەکی قورس و ئۆتۆمبێل بە کوردەکان جیبەجێ بکات، سەرەنجام خاکی ئێران بەجێ دێڵێت، سەرانی "کۆمار"یش لە هێنانەئارای ویستەکانیان لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئازەربایجان (پارێزگای ورمێ)، بوێرتر بوون. ئەوان هیوادار بوون بتوانن پێش لە دەرچوونی ئەرتەشی سوور لە ناوچەکە، پشتیوانیی ئەوان بۆ لکاندنی ئەم ناوچانە بە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بەدەست بێنن. لە سەرەتای ئاوریل/ ناوەڕاستی خاکەلێوە، کوردەکان پاش ئەوەی زانییان ناتوانن لەمبارەیەوە پشت بە پشتیوانیی سۆڤیەت ببەستن، لە بەرانبەر حکوومەتی تەورێز هەڵوێستی پڕ لە هەڕەشەیان گرتە بەر و لە ناوچە کێشەلەسەرەکان دەستیان کرد بە ڕێکخستن و هاندانی خەڵک. هەڵبەت بەرلەوەی کار بگاتە پێکدادان، هاشمۆڤ، جێگری کونسوولی

سـۆڤیەت لـە ڕەزاییـە (ورمـێ)، قـازی محەمـەد و ژمارەیـەک لـە سـەرۆک خێڵـە نـاوداره کوردەکانـی بانـگ کـرد و فەرمانـی پـێ دان بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ پیشـەوەری، ژێـنراڵ ئاتاکیشـیۆڤ و ژێـنراڵ کڕاسـنیک سەرکونسـوولی سـۆڤیەت، سـەردانی تەورێـز بکـەن. بـە کـوردەکان گوتـرا بـە لەبەرچاوگرتنـی سـەفەری چاوەڕوانکـراوی پیشـەوەری بـۆ تـاران بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ حکوومەتـی ناوەنـدی سـەبارەت بـە چارەنووسـی ئازەربایجـان، گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێـک لـە نێـوان ئـەوان و حکوومەتـی فیرقـەی دێموکـرات زۆر زۆر پێویسـتە و جیـا لـەوەش پێیـان گوتـرا کـە پیشـەوەری و نوێنەرانـی دیکـەی ئازەربایجـان (کـە دەچـن بـۆ تـاران)، دەبـێ دەسـەڵاتی ئەوەشـیان هەبـێ لەلایـەن سـەرانی کۆمـاری کوردستانیشـەوە دانوسـتان بکـەن.

لـە ٢٣ی ئاوویـل / ٣ی بانەمـەڕ، پـاش چەنـد دانوسـتانێک بـە ئامادەبوونـی پێشـەوەری، کڕاسـنیک، ئاتاکیشـیۆڤ، قـازی محەمـەد و چەنـد کەسـی دیکـە ڕێبەرانـی لـە نێـوان حکوومەتـی میللیـی ئازەربایجـان و کۆمـاری کوردسـتان پەیماننامەیـەک واژۆ کـرا. لـەو پەیماننامەیـەدا پێداگـری لەسـەر هاوکاریـی دوولایەنـەی حکوومەتەکانـی کوردسـتان و ئازەربایجـان کـرا. هەروەهـا لەسـەر پلانێـک بـۆ جێبەجێکردنـی جۆرێـک لـە چاوەدێریـی هاوبـەش بـە سـەر ناوچـە کێشەلەسـەرەکانی ڕۆژئـاوای ئازەربایجـان (پارێـزگای ورمـێ) ڕێـک کەوتـن، بـەڵام خۆیـان لـە چارەسـەرکردنی ڕاشـکاوانەی کێشـەی سـنووری نێوانیـان بـوارد.

٤- سـەرەتای پێوەندیـی کـوردەکان لەگـەڵ بەرپرسـانی کونسـوولخانەی ئەمریـکا:

تـا بـەر لـە دانوسـتانەکانی کـورد و ئازەربایجـان لـە تەورێـز لـە مانگـی ئاوریل/خاکەلێـوە- بانەمـەڕ، بـۆ بەرپرسـانی کونسـوولخانەی ئەمریـکا، سـازکردنی هـەر جـۆرە پێوەندییـەک لەگـەڵ قـازی محەمـەد و سـەرانی کـورد نەدەلـوا. هـەر جـۆرە هەوڵێـک بـۆ دیـدار لەگـەڵ قـازی لەگـەڵ دژایەتـی ڕووبـەڕوو دەبـووەوە. پـاش واژۆکردنـی ڕێککەوتننامـەی ٢٣ی ئاوریـل/٣ی بانەمـەڕ، کـە لەژێـر گوشـاری سـۆڤیەتدا واژۆ کـرا، داواکاریـی دوهێـر کـە جێگـری کونسـوولگەری بـوو بـۆ دیمانـە لەگـەڵ قـازی، بـە خێرایـی قەبـووڵ کـرا. لـە دیدارێکـی دۆسـتانەدا کـە زیاتـر لـە کاتژمێرێکـی خایانـد، ڕێبـەری کـوردەکان بـە جەختکـردن لەسـەر ئـەو خاڵانـەی خـوارەوە، باسـێکی تێروتەسـەلی لەسـەر ”بزووتنـەوەی خەڵکـی کـورد“ خسـتە ڕوو:

ئەلـف) حکوومەتـی نوێـی کـورد ئەگەرچـی نـاوی کۆمـاری لەسـەر خـۆی دانـاوە، بـەڵام بـە کـردەوە خوازیـاری شـتێک زیاتـر لـە خودموختاریـی ناوخۆیـی لـە چوارچێـوەی ئێرانـدا نییـە.

خودموختاریـی کولتـووری لەگـەڵ بـە فەرمـی ناسـینی زمانـی کـوردی، مافـی خەڵکـی کـورد بـۆ دەربازبـوون لـە ”گۆشـەگیرییەک کـە لـە ڕابـردوودا لەلایـەن حکوومەتـی ئێرانـەوە بـە سـەریاندا سـەپاوە“، خودموختاریـی ئیـداری و لەوانـەش ئیـدارەی خۆجێیـی کاروبـاری بـاج، پـەروەردە و ئاسایشـی گشـتی لـەو شـتانەیە کـە دەبـێ لـەو خودموختارییـەدا لـە بەرچـاو بگیرێـت.

ب) حکوومەتـی مەهابـاد لەگـەڵ کوردەکانـی عێـراق، تورکیـە و سـووریا پێوەندیـی نییـە و حـەزی لـە دروسـتکردنی کوردسـتانی گـەورەی

سـەربەخۆ نییـە. ئـەو لێدوانـەی قـازی تـەواو بـە پێچەوانـەی ئـەو سیاسـەتە بـوو کـە پێشـتر لەلایـەن ئـەوەوە لـە سـەرەتای دامەزراندنـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتاندا ڕاگەیەندرابـوو و دەرخـەری ئـەوە بـوو، کـە کردەوەکانـی ئـەم دواییانـەی سـۆڤیەتییەکان، هیـچ هیوایەکـی بـۆ ڕاکێشـانی پشـتیوانیی ئـەوان لـە وەهـا سیاسـەتێک نەهێشـتووەتەوە.

پ) کـوردەکان پێشـوازی لـەوە دەکـەن کـە ئەمریکاییـەکان بـە سـەرنجەوە لـە کاروبـاری ئـەوان دەڕوانـن. بۆچوونـی کـوردەکان لـە دێموکراسـی لـە جـۆری ئەمریکاییەکـەی بـوو، بـەڵام ئـەوان ناتوانـن بەبـێ ئەمریـکا دەسـتیان بـەم بۆچوونـە ڕابـگات.

ت) قـازی وتـی بـەم دواییانـە کـوردەکان هەمـوو کێشـەکانی خۆیانیـان لەگـەڵ حکوومەتـی پیشـەوەری چارەسـەر کـردووە، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا ڕاوێـژی ئـەو دەربـڕی ئـەوە بـوو، کـە ئـەوان ڕازی نەبـوون لـەوەی لـە ئازەربایجانـدا ڕۆڵـی کەمینـە بگێـڕن.

سـەرەنجام قـازی محەمـەد پێشـنیاری کـرد کـە بـا هـەرکام لـە بەرپرسـانی حکوومەتـی ئەمریـکا (کـە حەزیـان لـێ بێـت)، سـەردانی کوردسـتان بکـەن و خۆیـان ڕاسـتەوخۆ ببینـن کـە لـە سـەرەتای دامەزراندنـی حکوومەتـی مەهابـادەوە، چ پێشـکەوتنگەلێک هاتووەتـە ئـاراوە. ئـەو داوای کـرد کـە ڕۆژنامەنووسـانی ئەمریکایـی ئـاگاداری ئـەو ویسـتەی ئـەو بـن. بێـن بـۆ نـاو کـوردەکان و ئـەوەی دەیبینـن لـە ڕۆژنامەکانـی ئەمریـکا بـڵاوی بکەنـەوە. خاڵـی کۆتایـی ئـەو سـەرنجڕاکێش بـوو: ئـەو دەیگـوت ئەگـەر ئەمریـکا هـەر وا بـەردەوام بـێ لـە سـەرنجدان بـە کاروبـاری کـوردەکان، ڕەنگـە کـوردەکان ئەوەنـدە هەسـت بـە گۆشـەگیری نەکـەن و ڕۆیشـتن بـەرەو دێموکراسـیی ڕاسـتەقینە بۆیـان ئاسـانتر بێـت.

دوای دیــداری قــازی محەمــەد و جێگــری کونســوولی ئەمریــکا لــە تەورێــز، پێوەندیــی نێــوان نوێنەرانــی کــورد لــە تەورێــز و ئەندامانــی کونســوولگەریی ئەمریــکا زیاتــر بــوو و بــۆ کونســوولگەری مســۆگەر بــوو کــە بــە وردبینییەکــی زیاتــرەوە شــوێنی گۆڕانکارییەکانــی ڕۆژئــاوا و باشــوری ئازەربایجــان بگرێــت. لــە ٢٣ی ئاوریــل تــا کۆتایــی ئــەو مانگــە / ٣ تــا ١٠ بانەمــەڕ، کاتێــک پیشــەوەری و شــاندی ڕاســپێردراوی حکوومەتــی ئازەربایجــان بــۆ دانوســتان لەگــەڵ حکوومەتــی ناوەنــدی بــەرەو تــاران ڕۆیشــتن، ســەرۆکە کــوردەکان، کونســوولگەرییان لــە ڕەشــبوونی پێوەندییەکانــی نێــوان ئــەوان و دێموکراتــەکان ئــاگادار کــردەوە. گۆڕانکارییــەک کــە بــوو بــە هــۆی ئــەوەی قــازی محەمــەد گوشــار بخاتــە ســەر پیشــەوەری کــە دوو نوێنــەری کوردیــش لەنــاو شــاندەکەدا قبــووڵ بــکات بــۆ ئــەوەی ڕێــگا لــە گومانــی کــوردەکان لەســەر ئــەوە بگرێــت کــە نــەکا دێموکراتــەکان، بــە زیانــی کــوردەکان ئیمتیــاز (چــوور) لــە حکوومەتــی ناوەنــدی بســتێنن.

لــە کۆتاییەکانــی ئاوریــل تــا ســەرەتای ژوئیــە / ســەرەتای بانەمــەڕ، تــا ناوەڕاســتی پووشــپەڕ، هــاوکات کــە ناکۆکیــی نێــوان کــوردەکان و دێموکراتــەکان زیاتــر دەبــوو، بــەڵام لــە نێــوان ئــەو دوو حکوومەتــەدا هیــچ پێکدادانێــک نەهاتــە ئــاراوە. لــە مانگــی ژوئــەن/ جــۆزەردان-پووشــپەڕدا، خێڵــە کــوردەکان لــە شــارەکانی شــاهپوور (ســەڵماس) و خــۆی نزیکـتر بوونـەوە و سـەرەڕای دەستبەسـەرداگرتنی گوندەکانـی ئـەو ناوچەیـە، حکوومەتـی مەهابـاد هێزەکانـی خـۆی بـەرەو میاندواویـش نــارد و هێزەکانــی ســەربازخانەی فیرقــەی دێموکراتیــان ناچــار کــرد کــە لــە ســنووری باکــووری ئــەو دوو ڕووبــارەی بــە ناوەڕاســتی شــارەکەدا تێدەپــەڕی، بەملاوەتــر نەیــەن. لــە ڕەزاییــە (ورمــێ)ش کــە لــە بەشــی

ڕۆژئـــاوای دەریاچـــەی ورمـــێ هەڵکەوتـــووە، زێـــڕۆ بـــەگ، کارگێـــڕی حکوومەتـــی مەهابـــاد، قوتابیانـــی شـــارەکەی بـــۆ ڕاپەڕیـــن لـــەدژی حکوومەتـی دێموکراتـەکان هـان دا. ئەگەرچـی ئـەو نائارامییـە درێـژەی نەبـوو، بـەڵام گوشـاری کـوردەکان بـۆ سـەر ڕەزاییـە (ورمـێ) درێـژەی هەبـوو و تـا ئـەوەی سـەرەنجام لـە پاییـزی ئـەو سـاڵەدا، هەمـوو شـــارەکە کەوتـــە ژێـــر دەســـەڵاتی کـــوردەکان. دوای ئـــەوە ڕەزاییـــە (ورمـــێ) لەژێـــر دەســـەڵاتی هێزەکانـــی تەورێـــز و هێـــزە کـــوردەکان، لەژێـر دەسـەڵاتی هاوبەشـی هـەردوولادا مایـەوە.

ناکامیـــی پێشـــەوەری لـــە وەرگرتنـــی هـــەر جـــۆرە ئیمتیـــاز (چوور)ێـــک بـــۆ کـــوردەکان لـــە حکوومەتـــی ناوەنـــدی و لـــە پـــاش واژۆکردنـــی ڕێککەوتننامەیـــەک کـــە لـــە مانگـــی ژوئەن/جۆزەردانـــی ئـــەو ســـاڵەدا لـــە نێـــوان ئـــەو و موزەفـــەر فیـــرووز لەبـــارەی داهاتـــووی ئازەربایجـــان واژۆ کـــرا و دواتریـــش خـــۆ بواردنـــی حکوومەتـــی ئازەربایجـــان لـــە جێبەجێکردنـــی ڕێککەوتننامەکـــەی ٢٣ی ئاوریـــل/٣ی بانەمـــەڕ لـــە نێـوان کـورد و ئازەربایجانـدا - بەتاییـەت خاڵەکانـی پێوەندیـدار بـە دابەشـکردنی دەسـەڵات لـە شـارەکانی ڕۆژئـاوای ئازەربایجـان (پارێـزگای ورمـێ) لـە نێـوان کـوردەکان و دێموکراتەکانـدا - هـۆکاری سـەرەکیی قووڵتربوونـــەوەی ناکۆکییەکانـــی نێوانیـــان بـــوو.

لـــە ناوەڕاســـتی ژوئەن/کۆتایـــی جـــۆزەردان، هەســـتی دژایەتـــی بەرانبـەر بـە دێموکراتـەکان هێنـدە زۆر بـوو کـە تەنیـا دەسـتێوەردانی ڕاشـــکاوانەی هاشـــمۆڤ، جێگـــری کونســـوولی ســـۆڤیەت لـــە ڕەزاییـــە (ورمـێ) و جێگرەکـەی، ئالیـک باریـەن (عەلـی ئەکبـەرۆف)، ڕێگـەی لـە خوێنڕشـتن گـرت. ئـەم دەسـتێوەردانەی سـۆڤیەت هـاوکات کـە بـۆ ڕێگـری لـە هێرشـی کـوردەکان بـۆ شـارەکانی ژێـر کۆنترۆڵـی دێموکراتـەکان

کاریگەریی هەبوو، بە کردەوە بووە هۆکارێکی کاریگەریش بۆ لەناوچوونی بڕشتی سۆڤیەت لەنێو خێڵە کوردەکاندا. هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆف (کە بەوە بەناوبانگ بوون کە سەرپەرشتیی تۆڕی ئەندامانی ئێن.کا.و.د لەو ناوچەیە لە ئەستۆیانە)، بە هێنانەبەرباسی ئەگەری گەڕانەوەی ئەرتەشی سوور بۆ ئازەربایجان بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئاسایش بۆ سنوورەکانی سۆڤیەت، چەندین جار هەڕەشەیان لە سەرکردە کوردەکان کرد.

لە ١٦ و ١٧ی ژووئیە/٢٥-٢٦ی پووشپەڕ، ئانگوس وارد، لە کارمەندانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و جراڵد دوهێر کە جێگری کونسوولگەریی تەورێزی لە ئەستۆ بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی دەستڕۆیشتوویی و کۆنترۆڵی کۆماری کوردستان، سەردانی مەهابادیان کرد. ئەم سەردانە  دوای یارمەتیدانی قازی محەمەد کە ئەوکات لە تەورێز بوو، ڕەخسا. قازی محەمەد هێزێکی پارێزەری پێک هێنا بۆ ئەوەی هاوڕێی ئەمریکاییەکان بن و ڕێگا نەدەن بە درێژایی ڕێگاکە هیچ کێشەیەکیان بۆ پێک بێت. ئەو هەروەها بە حکوومەتی مەهابادی وتبوو کە پێشوازیکردن لەو میوانانە نابێ بە شێوەی تەواو ڕەسمی بێ بۆ ئەوەی ئەم سەردانە وەک بە فەرمی ناسینی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەلایەن ئەمریکاوە لێک نەدرێتەوە. لە میاندواو گرووپێک لە ئەفسەرانی ئەرتەشی خەڵکیی کورد، میوانداریی کونسوول وارد و جێگری کونسوول دوهێریان کرد و شارەداری مەهاباد و ژمارەیەک لە ئەندامانی حکوومەتی کوردستانیش لە چەند کیلۆمەتریی مەهاباد پێشوازییان لێ کردن و تا پایتەختی کوردستان هاوڕێی ئۆتۆمبێلی ئەمریکاییەکان بوون. پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ژوییە/٢٥ی پووشپەڕ،

ژمارەیەکــی زۆر لــە بەرپرســانی حکوومەتــی مەهابــاد و ســەرۆک هــۆزەکان بــە شــێوەی گرووپــی ســەردانی بەرپرســە ئەمریکییەکانیــان کــرد و بەرپرســانی ئەمریــکا دەرفەتــی ئەوەیــان پــێ درا کــە بــە ئــازادی لەبــارەی دۆخــی سیاســیی ناوچەکــە پرســیار بکــەن. وەڵامــی زۆربــەی پرســیارەکان ڕاشــکاوانە نەبــوو و جیــا لــەو زانیارییانــەی پیشــتر کونســوولگەریی تەورێــز لــە ڕێــگای ئاســاییەوە وەدەســتی هێنابــوو، هیــچ زانیارییەکــی نوێــمان دەســت نەکــەوت، بــەڵام پاشــنیوەڕۆی ئــەو ڕۆژە، بەڕێوەبــەری ئیــدارەی پــەروەردەی کۆمــار، کــە وەک ڕێنوێنــی کونســــوول وارد و جێگــری کونســــوول دوهێــر دەستنیشــــان کرابــــوو، ئامــادە بــوو بــە شــێوەیەکی ڕاشــکاوانە و ڕاســتگۆیانە وەڵامــی هەمــوو پرســیارەکان بداتــەوە. ئــەو خاڵانــەی خوارەوەمــان لــە قســەکانی ئــەو وەرگــرت:

ئەلــف) لــە حکوومەتــی مەهابــاددا ژمارەیــەک ناسیۆنالیســتی دەمارگرژیــش هــەن. ئەوانــەن کــە پــەرە بــە باســی کوردســتانی گــەورەی ســەربەخۆ دەدەن، بــەڵام بەرەبــەرە بڕشــت و کاریگەریــی خۆیــان لەســەر قــازی محەمــەد لەدەســت دەدەن کــە زیاتــر لــە بیــری دروســتکردنی ناوچەیەکــی خۆبەڕیوەبــەری کــوردی لــە چوارچێــوەی ئێراندایــە.

ب) گرووپــە میانــەڕەوەکان پشــتیوانی لــە سیاســەتی ئــەم دواییــەی قــازی محەمــەد دەکــەن ســەبارەت بــە وەرگرتنــی کەمتریــن ئیمتیــاز (چوور)ەکانــی خــوارەوە لــە حکوومەتــی ناوەنــدی:

١- خۆبەڕێوەبەریــی کولتــووری بــۆ کوردســتان، لەوانــەش مافــی خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی

٢- کوردســتانی یەکگرتــووی ئێرانــی ئــەو ناوچانــەی ئازەربایجانــی ڕۆژئــاوا (پارێــزگای ورمــێ) کــە پێشــتر باســیان کــرا لەگــەڵ: ناوچــەی

مەهابـــاد، هەمـــوو ناوچـــەی ئـــەردەڵان و ناوچـــە کوردنشـــینەکانی کرماشـــان و هەمەدانیـــش لەخـــۆ دەگرێـــت.

٣- لەشـــکرێکی ســـەربازیی کـــورد بـــە کەڵکوەرگرتـــن لـــە ئەفســـەرانی کـــورد. ئەگەرچـــی ئـــەم بابەتـــە بـــە مانـــای خۆبـــواردن لـــە دامەزراندنـــی ئەفســـەرانی شـــارەزای ناکـــورد بـــۆ خزمـــەت لـــە ئەرکانـــی لەشـــکری ناوبـــرادا نییـــە.

٥- پێکدادانی کوردەکان و ئەرتەشی حکوومەتی ناوەندی:

لـە مـاوەی سـاڵی ١٩٤٥دا لـە نێـوان هێزەکانـی کۆمـاری کوردسـتان و یەکەکانـی ئەرتەشـی ناوەنـد کـە لـە سـەقز و سەردەشـت جێگیـر بـوون، پێکدادانـی پرژوبـڵاو دەهاتـە ئـاراوە. لـە مانگـی ژوئیـە/ پووشـپەڕ- گەلاوێـژدا، هێـزە چەکدارەکانـی حکوومەتـی مەهابـاد کـە بـە ناردنـی هێـزی خێڵـەکان لـە هەمـوو ناوچەکانـی باکـوور و لـە ناوچـەی خۆیـەوە بەهێـز کرابـوون، پێوەندیـی سـەربازخانەکانی سـەقز و سەردەشـتیان لەگـەڵ ناوەندەکانـی پشـتیوانیی ئـەوان بـڕی. هـەر لـەو ماوەیـەدا بـوو کـە قـازی محەمـەد سـەردانی تارانـی کـرد و دەگوتـرێ لـەوێ ئاگربەسـێکی ڕێـک خسـت کـە بـووە هـۆی ئـەوەی ڕێـگا بدرێـت ئـەو دوو سـەربازخانەیە جلوبـەرگ و خواردەمەنـی و پێداویسـتییەکان – جگـە لـە چـەک و تەقەمەنـی – یـان پـێ بـگات.

بوونـی هێزێکـی گـەورە لـە کوردەکانـی عێـراق کـە لەژێـر فەرمانـی ڕاپەڕیـوی سـۆڤیەتخواز، مـەلا مسـتەفای بارزانیـدا بـوون، لـە ناوچـەی مەهابـاد، یەکێـک لـە سـەرەکیترین هۆکارەکانـی کێشـە و ناکۆکـی لـە نێـوان حکوومەتـی ناوەنـدی و کـوردەکان بـوو. ئەگەرچـی دەگوتـرا ئـەوان ملکەجـی بڕیارەکانـی قـازی محەمـەدن، بـەڵام بـەو شـێوازە

خۆبەڕێوەبەرییـــەی کـە لــە هێرشـــکردن بــۆ ســـەر هــەر یەکەیەکـــی ســـەربازی لەبــەر دەســـتیاندا دەبـــوو، ببوونـــە هـــۆی ســـەرهەڵدانی کێشـــەیەکی زۆر. ســـەرەڕای ئەمانـــەش لــە پـــاش بڕیـــاری حکوومەتـــی عێـراق لەسـەر ڕاگەیاندنـی لێبووردنـی گشـتی بـۆ هەمـوو شۆڕشـگێڕانی بارزانـی -جگـە لـە مـەلا مسـتەفا و شـێخ ئەحمـەدی بـرای - گرینگیـی ئـــەوان ڕووی لـــە کـــزی دا.

٦- ئاڵۆزیی زیاتر لە پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئازەربایجان:

لــە ناوەڕاســتی ژووئیـــە/ کۆتاییەکانــی جۆزەردانـــەوە تـــا ڕووخانـــی حکوومەتـی دروسـتکراوی سـۆڤیەت لـە ناوچەکـە لـە مانگـی دێسـامبەر/ سـەرماوەزدا، پێوەندییەکانـی نێـوان کـوردەکان و بەتایبەتیـش سـەرۆک هـۆزە کـوردەکان لەگـەڵ دێموکراتەکانـی تەورێـز بـە خێرایـی بـەرەو ئاڵــۆزی چــوو. لــە کاتێکــدا بەرپرســـانی کونســـوولخانەی ســـۆڤیەت لـــە ئازەربایجـــان بـــە شـــێوەیەک ڕوویـــان لـــە زیادبـــوون دەکـــرد، گوشـارەکانی خۆیـان بـۆ سـەر کـوردەکان زیاتـر دەکـرد، بـۆ ئـەوەی ڕێـــگا لـــە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـــی ڕاســـتەوخۆ لەگـــەڵ دێموکراتـــەکان بگـرن، ژمارەیەکـی زۆر لـە سـەرانی کـورد بەگشـتی وازیـان لـەوە هێنـا کـە بـە ڕواڵـەت خۆیـان وەک دۆسـتی سـۆڤیەت پیشـان بـدەن و بـە ئاشـکرا ویسـتی خۆیـان بـۆ پچڕاندنـی پێوەنـدی لەگـەڵ ڕووسـەکان و ڕاکێشـانی سـەرنجی حکوومەتـی ئەمریـکا دەردەبـڕی، تەنانـەت ئەگـەر ئەمـکارە بـە مانـای گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی حکوومەتـی ناوەندییـش بووبـا. ڕیزێـک لـەو ڕووداوانـەی کـە دەربـڕی ئـەو گۆڕانکارییانـە بـوو لـە بۆچـوون و سیاسـەتی کوردەکانـدا، بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

١٨ی ژووئیـــە/٢٧ی پووشـــپەڕ، گرووپێکـــی پێکهاتـــوو لـــە ٣٠٠

کــوردی شــکاک چوونــە نــاو شــاری خــۆی لــە باکــووری ڕۆژئــاوای دەریاچــەی ورمــێ و داوایــان لــە دێموکراتــەکان کــرد نیــوەی فەرمانگــە حکوومییەکانــی شــار و لەوانــەش فەرمانگــەی دارایــی و شــارەوانی بــەوان بســپێرن. ئــەو داواکارییــەی ئــەوان پشــتی بــە بڕگەیــەک لــە ڕێککەوتننامەکــەی ٢٣ی ئاوریلــی نێــوان کــورد و ئازەربایجــان دەبەســت کــە باســی لــە هاوبەشــی و بەشــدارییپێکردنی کــوردەکان لــە بەڕێوەبردنــی ئــەم ناوچانــە کردبــوو، کــە ڕێژەیەکــی بەرچــاو لــە دانیشــتوانی کــورد بــوون. بــە هاتنــی ژمارەیەکــی هاوشــێوەی فیدایــی دێموکــرات لــە مەرەنــد و ماکــۆوە بــۆ خــۆی بــۆ دەرکردنــی شــکاکەکان، دۆخەکــە بــەرەو قەیــران چــوو و تەنیــا لــە پــاش گەیشــتنی ئالادیریــۆف، جێگــری کونســوولی ســۆڤیەت لــە ماکــۆ، کار نەگەیشــتە پێکــدادان. ئــەو فەرمانــی بــە کــوردەکان دا کــە بگەڕێنــەوە بــۆ نیشــتمانی خۆیــان و لەحنــی ئــەو ئــەو مانایــەی هەبــوو، کــە ئەگــەر ئــەم کارە نەکــەن، ئــەوا ئــەم کارەیــان خێرایــی بــە گەڕانــەوەی ئەرتەشــی ســوور بــۆ ئازەربایجــان دەبەخشــێت. ئــەم کردەوەیــەی بەرپرســەکەی ســۆڤیەت، وەک زللەیەکــی ئاشــکرا بــوو بــۆ ســەر دەســەڵات و ئۆتۆریتــەی عەمەرخــان، ڕێبــەری هــۆزی شــکاک کــە لــە پــاش ئــەو قۆناغــەوە لــە دەربڕینــی دژایەتیــی خــۆی لەگــەڵ ســۆڤیەت، خــۆی نەدەبــوارد.

٢٠ی ژووئیــە/٢٩ی پووشــپەڕ، بەریــد (نامەبەر)ێکــی کــورد بــە گەیاندنــی نامەیــەک بــە بەرپرســانی دێموکــرات لــە شــاری مەرەنــد ڕای گەیانــد کــە لەمــەودوا کــوردەکان ئــەم شــارە وەک دواییــن ناوچــەی باکــووری ڕۆژهەڵاتــی کۆمــاری مەهابــاد بــە حیســاب دێنــن.

٢٢ی ژووئیــە/٣١ی پووشــپەڕ، ســەرهەڵدانی ئاژاوەیەکــی جــددی لــە ڕەزاییــە (ورمــێ) لــە پــاش بەڕێوەچوونــی هەڵبژاردنێکــی ناوچەیــی

لەلایـــەن دێموکراتەکانـــەوە کـــە وەک هەمیشـــە، دێموکراتـــەکان بـــە ٩٩٪ی دەنگـەکان، سـەرکەوتن. قوتابیـان و بازرگانـان لـە ناوەنـدی شـار نارەزاییـــان دەربــڕی و بــە پێچەوانــەی بڕیــاری ڕێکخســتنی ناوچــەی شــارەوانی کــە داوایــان لــێ دەکــردن شــوێنەکە چــۆڵ بکــەن، بــەرەو تەلەگرافخانــە چــوون و داوایــان لــە تەورێــز کــرد کــە دەرەنجامەکانــی ئــەم هەڵبژاردنــە ســاختەکارانەیە هەڵوەشــێنێتەوە. لــە ٢٣ی ژووئیــە/ ١ی گەلاوێــژ، بــازاڕی ڕەزاییــە (ورمــێ) هــەر وا داخــرا و پــاش ئــەوەی کــە ڕەفیعــی، فەرمانــداری ڕەزاییــە (ورمــێ) ڕای گەیانــد حاکمییەتــی دێموکراتــەکان لــەم شــارە لەنــاو چــووە، پیشــەوەری لــە تەلەگرافێکــدا داوای لــێ کــرد هەڵبژاردنەکــە دووبــارە بکاتــەوە. چەنــد حەفتــە پاشــتر یەکێــک لــە کــوردە ناوبەدەرەوەکانــی ڕەزاییــە (ورمــێ) ئاشــکرای کــرد کــە ســەرانی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان لــەم شــارەدا، لــە هاندانــی نائارامییەکانــدا دەســتیان هەبــوو.

لــە ٤ تــا ١٢ ئــوووت/ ١٣ تــا ٢١ی گەلاوێــژ: لــە ٤ی ئــووت/١٣ی گەلاوێــژ، قــازی محەمــەد پیشــەوەری ئــاگادار کــردەوە کــە کۆکردنــەوە و دابەشــکردنی دانەوێڵــە لــە ئازەربایجانــی ڕۆژئــاوا (پارێــزگای ورمــێ) بــە گوێــرەی ڕێنماییەکانــی پێشــووی حکوومەتــی ناوەنــدی جێبەجــێ دەکرێــت، نــەک ئــەو ڕێنماییــە نوێیانــەی حکوومەتــی تەورێــز داینــاون. پێدەچــوو خۆبواردنــی ســەرۆک هۆزەکانــی کــورد لــە بــە فەرمیناســینی ڕێنماییــە نوێیــەکان، کــە ئــەوان بــە پێچەوانــەی شــەرعی ئیســلامیان دەزانــی، هــۆکاری ئــەم بڕیــارە بووبێــت. پشــتیوانیکردن لــەو دەســتە لــە موڵکدارانــی خــۆی، شــاهپوور (ســەڵماس) و ڕەزاییــە (ورمــێ) کــە دەیانهەویســت ڕێنماییەکانــی پێشــوو بیانگرێتــەوە، هەنــگاوی داهاتــووی کــوردەکان بــوو. لــە زۆربــەی گوندەکانــی ئــەو ناوچەیــەی باســی

کـرا، بـۆ کۆکردنـەوەی یـەک لەسـەر دەی بەروبوومێـک کـە دەبـوو ملّکـدارەکان لەژێـر پشـتیوانیی کوردەکانـدا بیـدەن، کۆمەڵێـک چەکـدار جێگیـر کـران.

لـە ٩ی ئـووت/١٨ی گەلاوێـژ پیشـەوەری لـە پـاش وەرگرتنـی ڕاپۆرتێـک لەسـەر جێگیربوونـی هێـزی چەکـداری کـورد لـە دەروازەی شـارەکانی شـاهپوور (سـەڵماس) و ڕەزاییـە (ورمـێ)، بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ قـازی محەمـەد بـە خیرایـی چـوو بـۆ ڕەزاییـە (ورمـێ). بـە گوێـرەی ڕێککەوتنـی نێوانیـان، کـوردەکان قەبووڵیـان کـرد هێزەکانـی خۆیـان لەسـەر ڕێـگاکان هەڵبگـرن، بـەڵام لـە بەرانبـەردا بـۆ پرسـی کۆکردنـەوەی دانەوێڵـە، بـە گوێـرەی ڕێنماییەکانـی دڵخـوازی خۆیـان بجووڵێنـەوە. بـەم حاڵـەش، پیشـەوەری ماوەیەکـی کـورت پـاش گەڕانـەوەی بـۆ تەورێـز بـە جێگـری کونسـوول دوهێـری ڕاگەیانـد کـە دوو ڕۆژ پـاش گەڕانـەوەی ئـەو، کـوردەکان ڕێککەوتنەکەیـان پێشـێل کـردووە.

١٥ی ئـووت/٢٤ی گەلاوێـژ: بـە چوونـی گرووپێکـی گـەورە لـە کـوردە بارزانییـەکان بـۆ یەکێـک لـە گونـدە گەورەکانـی ناوچـەی میانـدواو، شـەڕی دەروونیـی قـازی محەمـەد لەگـەڵ حکوومەتـی تەورێـز گەیشـتە ئـەو ناوچەیـەش. دێموکراتـەکان کـە چاوەڕێـی ئـەوە بـوون سـەربازخانەکەیان لـە میانـدواو، هێرشـی بکرێتـە سـەر، بەپەلـە هێزێکـی پشـتیوانیان بـە تانـک و تۆپخانـەوە نـاردە کەنـاری ئـەو ڕووبـارەی بەشـی کوردنشـین و تورکنشـینی شـارەکە لێـک جیـا دەکاتـەوە، بـەڵام خێڵـە کـوردەکان هیـچ کارێکـی دیکەیـان نەکـرد.

لـە ٧ تـا ٢٠ی سـێپتامبر/ ١٦ تـا ٢٩ی خەرمانـان: دۆخـی ڕەزاییـە (ورمـێ) بـە ڕادەیـەک ئاڵـۆز بـوو، کـە سـەرەنجام لـە ٧ی سێپتامبر/١٦ی

خەرمانــان، هێزێکــی ٥٠٠ کەســیی چەکــداری کــورد بــەرەو ڕەزاییــە (ورمــێ) پیشــڕەوییان کــرد و چەنــد گوندێکیــان لــە چەنــد کیلۆمیتریــی باشــوور و ڕۆژئــاوای شــار خســتە ژێــر دەســەڵاتی خۆیــان. هێزێکیــش چــووە نــاو شــار و لــە کاروانســەرایەک کــە بەرلــە ڕاپەڕینــی دێموکراتــەکان، ســەربازخانەی ئەرتەشــی ئێــران بــوو، جێگیــر بــوون. چەنــد ڕۆژ دواتــر، چەنــد ســەد کــەس لــە خێڵــەکان لەژێــر فەرمانــی عەمەرخانــی شــکاکدا چوونــە نــاو شــار و لــە شــەقامەکان خەریکــی گــەڕان بــوون. لــە ٣٠ی سێپتامبر/٨ی ڕەزبــەر، زێــڕۆ بــەگ، جێگــری قــازی محەمــەد لــە ناوچــەی ورمــێ، بــە زۆری چــووە نــاو بــارەگای فەرمانداریــی ڕەفیعــی و داوای کــرد بــە گوێــرەی ڕێککەوتنــی ٢٣ی ئاوریــل/٣ی بانەمــەڕ، بــۆ جێگیربوونــی نوێنەرانـــی کـــورد و دابینکردنـــی نیـــوەی کاروبـــاری فەرمانگـــەکان، جێیــان بــۆ دابیــن بکرێــت. ڕەفیعــی کــە ترســابوو، بەرپرســانی دیکــەی دێموکراتــی بانــگ کــرد و هەموویــان بــە یەکــەوە بــەرەو تەلەگرافخانــە ڕایــان کــرد کــە لــە کۆنــەوە وەک نەریتێــک وەک شــوێنی مانگرتــن دەهاتــە ئەژمــار. لــەم قۆناغــەدا، هاشــمۆڤ، کونســوولی ســۆڤیەت لــە ڕەزاییــە هاتــە نــاو کێشــەکە. ســەرەتا فەرمانــی بــە کــوردەکان دا شــار بەجــێ بێڵــن. پــاش ئــەوەی کــوردەکان قبووڵیــان نەکــرد، بەڵێنــی پــێ دان کــە ئەگــەر هێزەکانیــان بکشــێننەوە، ئــەوا بــە شــێوەیەک کــە هەمــوو لایــەک ڕازی بــن، کارەکــە جێبەجــێ دەکات، هێــزە کــوردەکان کشــانەوە، بــەڵام عەمەرخــان ئــەو هێزانــەی نەکشــاندەوە کــە لــە شــەقامەکان خەریکــی هاتوچــوو بــوون. لــە مــاوەی ئــەم قۆناغــە پــڕ لــە قەیرانــە لــە نێــوان هێــزە کــوردەکان و فیداییانــی دێموکــرات لــە دەوروبــەری ڕەزاییــە (ورمــێ) چەنــد پێکدادانێــک هاتــە ئــاراوە و یەکێــک لــەم شــەڕانەش قوربانیــی لــە هــەردوولا لــێ کەوتــەوە. پــاش چەنــد ڕۆژ

دانوستان لـە نێـوان بەرپرسـانی کونسـوولخانەی سـۆڤیەت کـە لەلایـەن حکوومەتـی ئازەربایجانـەوە سـەردانی مەهابادیـان کردبـوو، لەگـەڵ گرووپێـک لـە سـەرۆک هـۆزە کـوردەکان و بەرپرسـانی حکوومەتـی مەهابـاد، دێموکراتـەکان قەبووڵیـان کـرد کـە کـوردەکان وەک هێـزی ئەمنیـی ئازەربایجـان کار بکـەن و لـە بەرانبەریشـدا پارەیەکـی مانگانـە وەربگـرن.

٢٥ی سـێپتامبر/٣ی ڕەزبـەر: تەنیـا دوو ڕۆژ پـاش واژۆکردنـی ڕێککەوتننامەکـە کـە بـە کـردەوە لەلایـەن هاشـمۆڤەوە بەسـەر کوردەکانـدا سـەپابوو، کـوردەکان لـە درێژایـی ڕێـگای شـاهپوور (سـەڵماس) بـۆ ڕەزاییـە (ورمـێ) وێسـتگەی وەرگرتنـی باجیـان دانـا و لـە سـەرجەم ئـەو کەسـانەی بـەو ڕێگایـەدا هاتبـان، باجێکـی قورسـیان وەردەگـرت. کراسـنیک، سەرکونسـوولی سـۆڤیەت لـە تەورێـز و ژێـنراڵ کاویـان، سـەرۆکی شـارەوانیی حکوومەتـی تەورێـز لـەو کەسـانە بـوون کـە لـە کاتـی سـەردانێکیان بـۆ ڕەزاییـە (ورمـێ) بـە زەبـری چـەک باجیـان لـێ وەرگیرابـوو.

٢٧ی سـێپتامبەر/٥ی ڕەزبـەر: عەمەرخـان کـە ئیـدی بـە شـێوەیەکی تونـد و ڕاشـکاو لـەدژی دێموکراتـەکان بـوو، پەنبـە، فەرمانـداری فیرقـەی دێموکـرات لـە شـاهپوور (سـەڵماس)ی ئـاگادار کـردەوە کـە کـوردە شـکاکەکان دەیانهـەوێ ڕۆژی ٣٠ی ئـەم مانگـە/٨ی ڕەزبـەر، بـە نـاوی کۆمـاری مەهابـادەوە دەسـت بەسـەر ئـەو شـارەدا بگـرن. ئـەو ئۆلتیماتۆمـە، کاردانـەوەی تونـدی ڕووسـەکان و حکوومەتـی تەورێـزی لـێ کەوتـەوە. هاشـمۆڤ و زێـڕۆ بـەگ لـە ڕەزاییـە (ورمـێ)وە چـوون بـۆ شـاهپوور (سـەڵماس) و پیشـەوەری، ژێـنراڵ غـوڵام یەحیـا دانشـیان، فەرمانـدەی هێـزە سـەربازییەکانی فیرقـەی لـە بـەرەی زەنجانـەوە

بانــگ کــردەوە. ئــەو فەرماندەیــە وەک فەرمانــدەی هێزەکانــی فیرقــە لــە بەرانبــەر هێرشــی چاوەڕوانکــراوی حکوومەتــی ناوەنــدی بــۆ خەمسـە، لـەو شـوێنە جێگیـر کرابـوو و ئێسـتا دەبـوو بـەرەو شـاهپوور (سـەڵماس) بچێـت. زێـڕۆ بـەگ و دانشـیان بـە شـێوەی فەرمانداریـی سـەربازیی هاوبـەش، کۆنترۆڵـی شـاهپوور (سـەڵماس)یان بەدەسـتەوە گــرت و هاشــمۆڤ بــۆ ڕێگرتــن لــە مەترســییەک کــە لەلایــەن کوردەکانــەوە هەڕەشــەی لــە شــاهپوور (ســەڵماس) دەکــرد، بــەرەو زندەشـت، بـارەگای عەمەرخـان ڕۆیشـت. پـاش سـێ ڕۆژ دانوسـتان لـە شـاهپوور (سـەڵماس) و زندەشـت کـە تێیـدا هاشـمۆڤ چەندیـن جـار باسـی ئەگـەری داگیرکردنـی ئازەربایجانـی لەلایـەن ئەرتەشـی سـوورەوە کـرد، سـەرەنجام عەمەرخـان قەبووڵـی کـرد ئەگـەر لـە سـەرجەم ئـەو بابەتانــەی پێوەندییــان بــە دانەوێڵــە و ئاسایشــەوە هەیــە، لەگــەڵ نوێنەرانـی ئـەو لـە شـاهپوور (سـەڵماس) ڕاوێـژ بکرێـت، ئـەم شـوێنە بــە دێموکراتــەکان دەســپێرێت.

لـە ٣٠ سێپتامبەر/٨ی ڕەزبـەر، واتـە ڕێـک ئـەو ڕۆژەی ڕێککەوتننامەکە واژۆ کـرا، دوو ڕووداو بوونـە هـۆی پەرەسـەندنی دوژمنایەتیـی ڕێبـەری شـکاک بەرانبـەر بـە سـۆڤیەت و فیرقـەی دێموکـرات.

ڕووداوی یەکـەم ڕێـک لـە کاتـی چوونـی دوهێـر، جێگـری کونسـوولی ئەمریـکا لـە شـاهپوور (سـەڵماس)، بـەرەو ڕەزاییـە (ورمـێ) و لـە سـەر ڕێـگای ڕۆیشـتنی ڕووی دا. ڕووی دا. ئـەم سـەردانە لەلایـەن بەرپرسـانی دێموکــرات لــە تەورێــز مۆڵەتــی پــێ درابــوو. لێکدانــەوەی ڕادەی داڕمانـی دەسـەڵاتی دێموکراتـەکان لـە ناوچـە کوردنشـینەکان ڕۆژئـاوای ئازەربایجـان (پارێـزگای ورمـێ)، لـە ئامانجـە ڕانەگەیاندراوەکانـی جێگـری کونسـوول، دوهێـر، لـەو ناوچەیـە بـوو. هەروەهـا لێکدانـەوەی ئاراسـتەی

سیاسەتی ڕێبەرانی کورد کە دەگوترا دەیانهەوێ لەژێر نفووزی یەکێتیی سۆڤیەت دەرچن و لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی هاوڕێ بن. نوێنەرانی کورد لە شاهپوور (سەڵماس) و ڕەزاییە پێشتر لەم سەردانە ئاگادار کرابوونەوە و بە شێوەیەک کە دواتر ڕوون بووەوە، عەمەرخان و سەرانی دیکەی کورد، پەیامێکیان لەبارەی وەفاداری بە سەرۆکوەزیران قەوامولسەڵتەنە ئامادە کردبوو، بەو مەرجەی حکوومەتی ناوەندی بەڵێن بدا لە داهاتوودا هەڵسوکەوتێکی باشتری بەرانبەر بە کوردەکان هەبێت. بە سەرنجدان بەوەی لە پاش ڕاپەڕینی دێموکراتەکان، پێوەندیی نێوان کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (پارێزگای ورمێ) و حکوومەتی تاران پچڕابوو، سەرانی کورد ڕێک کەوتبوون کە لە پاش گەیشتنی جێگری کونسوول، دوهێر، داوای لێ بکەن کە بەڵێنی وەفاداریی ئەوان بگەیەنێتە سەرۆک وەزیران. پێدەچێ ژێنراڵ دانشیان و جێگری کونسوولی سۆڤیەت، هاشمۆڤ، لەم بابەتە ئاگادار بووبن، چونکە دانشیان بە هاندانی هاشمۆڤ، ئۆتۆمبێلی جێگری کونسوولی ئەمریکای لە شاهپوور (سەڵماس) ڕاگرت و بە دوهێری ڕاگەیاند کە بەهۆی تێکچوونی دۆخەکە ناتوانێ درێژە بە سەفەرەکەی بدات، بەڵام هاشمۆڤ بە مانەوەی لە ئۆفیسی دانشیان بۆ ماوەیەکی زۆر تووشی هەڵە بوو. ئەو کە هاتبوو بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی بە دانشیان بڵێ ئۆتۆمبێلی ئەمریکییەکان بگەڕێنێتەوە، ڕووبەڕووی جێگری کونسوولی ئەمریکا و وەرگێڕەکەی بووەوە پاشان بێ ئەوەی بزانێ ناسیویانەتەوە، لە دەرگای پشتەوەی ئۆفیسەکەوە ڕای کرد. زێرۆ بەگ کە لە کاتی ئەم ڕووداوانە لە شوێنەکە بوو، دواتر بە جێگری کونسوولی ڕاگەیاند، ئەو خۆی کاتێک کە هاشمۆڤ فەرمانی بە دانشیان

دەکـرد، ڕێـگا لـە چوونـی ئەمریکییـەکان بـەرەو ڕەزاییـە (ورمـێ) بگـرێ، لـەوێ بـووە. ئـەم ڕووداوە تەنیـا ناکۆکـی و تووڕەیـی زیاتـری عەمەرخـان و سـەرانی دیکـەی کـوردی لـێ کەوتـەوە و کاتێـک جێگـری کونسـوول دوهێـر، پاش گەڕانـەوەی بـۆ تەورێـز، لـە ڕێزێـک تەلەگرافـی بـێ ڕەمـزدا، دەسـتێوەردانەکانی بەرپرسـانی کونسـوولگەریی سـۆڤیەتی بـۆ تـاران نـارد، پیشـەوەری داوای لـە ژێـنراڵ دانشـیان کـرد بگەڕێتـەوە تەورێـز و بـە ئامادەبـوون لـە کونسـوولگەریی ئەمریـکا، بەهـۆی ئـەم ڕووداوەوە داوای لێبـوردن بـکات.

ئێـوارەی ئـەو ڕۆژەی ڕێـگا بـە کونسـوولیار دوهێـر نـەدرا درێـژە بـە سـەردانەکەی بـدات، بەرپرسـانی کونسـوولگەریی سـۆڤیەت بـە هەڵـە کارێکـی دیکەیـان کـرد کـە بـووە کێشـەیەکی قەرەبوونەکـراو لـە پێوەندیـی نێـوان ئـەوان و کوردەکانـدا. عەلـی ئەکبـەرۆف، جێگـری کونسـوولیار هاشـمۆڤ، بـۆ نمایشـی فیلمێـک کـە بـەم دواییانـە لـە کۆمـاری ئازەربایجانـی سـۆڤیەتە بەرهـەم هاتبـوو، کۆڕێکـی پێـک هێنـا و عەمەرخـان و ژمارەیـەک لـە سـەرۆک هۆزەکانـی کـوردی وەک میوانانـی تایبەتـی ئـەم کـۆڕە بانگهێشـت کـرد. بـەڵام ناوەرۆکـی فیلمەکـە کـە لەسـەر شۆڕشـی جووتیارانـی ئازەربایجانـی سـۆڤیەت لـە دژی موڵکـدارەکان بـوو و دیمەنگەلێـک لـە تاڵانکردنـی ماڵـی ئاغـاکان و سـەرکەوتنی جووتیارانـی پێشـان دەدا، بـە هیـچ شـێوەیەک بـۆ ئـەو کۆبوونەوەیـە گونجـاو نەبـوو. سـەرۆک هـۆزە کـوردەکان کـە خۆیـان لـە ڕیـزی گەورەتریـن خـاوەن موڵکەکانـی ئازەربایجانـدا بـوون، وەهـا لـە نمایشـی ئـەو فیلمـە تـووڕە بـوون کـە خێـرا لـە زندەشـت کـۆ بوونـەوە و سـوێندیان بـە قورئـان خـوارد تـا ڕیشەکێشـکردنی ئـەو جـۆرە لـە دێمۆکراسـیی سـۆڤیەت، لـە پـێ نەکـەون. دەقـی ئـەم سـوێندنامەیە

بـۆ مەهابادیـش بـەڕێ کـرا و قازییـش وەک ڕێبـەری بزووتنـەوەی کـورد ئیمـزای کـرد.

٧ی ئۆکتۆبـــر/ ١٥ی ڕەزبـــەر: حەفتەیـــەک دواتـــر کونســـوولیار دوهێـر، پـاش ئـەوەی کـە لەلایـەن پیشـەوەری و بەرپرسـانی دیکـەی ئازەربایجانـەوە دڵنیـا کرایـەوە کـە ڕووداوەکـەی شـاهپوور (سـەڵماس) دووبـارە نابێتـەوە، دیسـان هەوڵـی دا بچـێ بـۆ ڕەزاییـە (ورمـێ). ئەمجـارە لـە ڕێـگادا هیـچ وەسـتان و کێشـەیەک نەهاتـە ئـاراوە، بـەڵام لـە ڕەزاییـە (ورمـێ)، بەرپرسـانی دێموکـرات هەمـوو هەوڵـی خۆیانیـان دا بـۆ ئـەوەی ڕێـگا لـە دیـداری کونسـوولیار و ڕێبەرانـی کـورد بگـرن. ڕەفیعـی، فەرمانـداری ڕەزاییـە (ورمـێ) و عەلـی ئەکبـەرۆڤ، جێگـری کونسـوولگەریی سـۆڤیەت لـە ڕەزاییـە (ورمـێ)، هەمـوو هەوڵێکیـان دا بـۆ ئـەوەی شـاندی ئەمریکـی لـە مـاوەی مانەوەیـان لـە ڕەزاییـە (ورمـێ) سـەرقاڵ بکـەن، بـەڵام دیدارێکـی فەرمـی لـە مەقـەڕی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان و سـەردانی چاوەڕواننەکـراوی سـەرۆکی هـۆزی مەنگـوڕ بـۆ لای کونسـوولیار دوهێـر کـە داوای کـرد لـە کاتـی گەڕانـەوەی بـۆ تەوریـز، مۆڵەتـی بـدا ئەمیـش لـە ئۆتۆمبێلەکـەی ئـەودا سـوار بێـت، زانیاریـی زۆری لەبـارەی دۆخـی سیاسـیی کوردەکانـی ناوچـە کوردنشـینەکان و بەتایبەتـی دەسـتێوەردانەکانی هاشـمۆڤ و ئـالادی پرییـۆڤ، کونسـوولیارەکانی سـۆڤیەت لـە ڕەزاییـە (ورمـێ) و ماکـۆ، لـە پێوەندییەکانـی نێـوان دێموکراتـەکان و کوردەکانـی بـە دوای خۆیـدا هێنـا. سـەرهەڵدانی عەمەرخـان وەک وتەبێـژی کوردەکانـی ئازەربایجـان، سـەرەڕای ئـەوەی پێشـتر خـۆی قـازی محەمـەدی وەک سـەرۆکی بزووتنـەوەی کـورد بـە ڕەسـمی ناسـیبوو، یەکێـک لـەو گرینگتریـن زانیارییانـە بـوو کـە لـەم سـەردانەدا بەدەسـت

هـــات. هـــاوکات لەگـــەڵ زیادبوونـــی دژایەتیـــی کـــوردەکان بەرانبـــەر بـــە دێموکراتـــەکان و ســـۆڤیەتییەکان، ناڕەزایـــی بەرانبـــەر بـــە قـــازی محەمەدیـــش کـــە وەک ڕێکخـــەری یەکەمـــی هاوکاریـــی نێـــوان کـــورد و دێموکراتـــەکان و ســـۆڤیەتییەکان دەهاتـــە ئەژمـــار، ڕووی لـــە زیادبـــوون دەکـــرد. دوو هـــۆزی دێبوکـــری و مەنگـــوڕ، بەتایبـــەت بەرانبـــەر بـــە کـــۆی بیـــری بزووتنـــەوەی خودموختاریـــی کوردســـتان دژایەتییـــان دەکـــرد و زۆر بـــە تونـــدی پشـــتیوانییان لـــە سیاســـەتی ڕاشـــکاوانەی عەمەرخـــان لەمـــەڕ دژایەتیکردنـــی ڕووســـەکان و دێموکراتـــەکان، دەکـــرد.

١٢ی ئۆکتۆبـــر/٢٠ی ڕەزبـــەر: عەمەرخـــان بانگهێشـــتی پیشـــەوەری بـــۆ چوونـــە تەورێـــزی قەبـــووڵ نەکـــرد، بـــەڵام لـــە بەرانبـــەردا بـــۆ پاراســـتنی پێوەنـــدی لەگـــەڵ کونســـوولگەریی ئەمریـــکا لـــەو شـــارە بـــە مەبەســـتی ڕاکێشـــانی هاوســـۆزیی ئەمریکییـــەکان و تەنیـــا کاناڵـــی پێوەندیـــی نێـــوان کـــوردەکان و حکوومەتـــی ناوەنـــدی، نوێنەرێکـــی بـــۆ تەورێـــز بـــەڕێ کـــرد. نوێنـــەری ئـــەو، عاکیـــف شـــەریفی، لـــە کاتـــی ســـەردانیدا بـــۆ کونســـوولگەری، ئـــەو ڕاپۆرتـــە جۆراوجۆرانـــەی پشتڕاســـت کـــردەوە کـــە لـــە تەورێـــز ســـەبارەت بـــە پلانـــی داهاتـــووی کـــوردەکان بـــڵاو ببـــووەوە. کـــوردەکان دەیانهـــەوێ بەمزوانـــە، ســـەرەڕای هەمـــوو ئـــەو ڕێککەوتنانـــەی لەژێـــر گوشـــاری ســـۆڤیەتدا ئەنجامیـــان داوە، ئیـــدارەی کاروبـــاری ڕەزاییـــە (ورمـــێ)، شـــاهپوور (ســـەڵماس) و خـــۆی بەدەســـتەوە بگـــرن. ئـــەو لـــە کونســـوولیاری پرســـی، لـــە ئەگـــەری پچڕاندنـــی پێوەندییەکانیـــان لەگـــەڵ ســـۆڤیەت، دەتوانـــن چاوەڕوانـــی چ یارمەتییـــەک لەلایـــەن ئەمریـــکاوە بـــن؟ کونســـوولیار دوهێـــر پێـــی ڕاگەیانـــد، تـــا کاتێـــک کـــە کـــوردەکان خۆیـــان لـــە حکوومەتـــی ناوەنـــدی بـــە دوور بگـــرن، نابـــێ دڵیـــان بـــە هاوڕێیەتیـــی ئەمریـــکا خـــۆش بکـــەن. بـــەڵام ئەگـــەر سیاســـەتی خۆیـــان

لە جودابیخوازییەوە بۆ ڕەوتێکی وەفادارانە بەرانبەر بە حکوومەتی ناوەندی بگۆڕن، ئەوکات دەتوانن چاوڕوانی ئەوە بن کە لە هاوڕێیەتی و پشتیوانییەک کە ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوەکەی تاراندا بەڵێنی دابوو، بەشدار بن.

٢٢ی ئۆکتۆبر/٣٠ی ڕەزبەر: نوێنەری شکاک دیسان گەڕایەوە کونسوولگەری و ڕاپۆرتی دا کە عەمەرخانی لە ناوەرۆکی گفتوگۆکەی لەگەڵ کونسوولیار ئاگادار کردووەتەوە و ئەو ئامادەیە بەناوی هۆزە کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (پارێزگای ورمێ)وە، وەفاداریی خۆی بەرانبەر بە حکوومەتی ناوەندی دەرببڕێ، بەو مەرجەی حکوومەتی ناوەندییش گەرەنتی بدات کە لە داهاتوودا هەڵسوکەوتی دادپەروەرانەتری لەگەڵ کوردەکان هەبێت و سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی ڕابردوو بەرانبەر بە هۆزەکان دووبارە نەبێتەوە. عاکیف شەریفی داوای کرد کە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، پێشنیاری کوردەکان بگەیەنێتە دەست سەرۆکوەزیران قەوام و وەڵامێکیان لێ وەربگرێ کە ئیمکانی هەبێ ئەم وەڵامە بە هەموو سەرۆک هۆزەکانی ناوچە ڕابگەیەندرێت.

پێشنیاری کوردەکان بۆ تاران لەبارەی ڕاگەیاندنی وەفادارییان، لە پیشەوەری و بەرپرسانی کونسوولگەریی سۆڤیەت بە تەواوی شاردرایەوە، ئەگەرچی ئەوان لە سەردانی کونسوولیار دوهێر بۆ ناوچە کوردنشینەکان و سەردانە بەردەوامەکانی سەرانی کورد بۆ کونسوولگەریی ئەمریکا لە تەورێز ئاگادار بوون، بەڵام ڕوون بوو کە ئاگایان لەوە نەبوو کە کاریگەرییان لەناو کوردەکان نەماوە. بە ڕوونبوونەوەی ئەوەی کە کێشەی نێوان حکوومەتی ناوەندی و دێموکراتەکان ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانەی نابێت، گۆڕینی سیاسەتی

کوردەکانیش زۆر بەخێرایی گرینگیی پێ درا. نەک هەر دێموکراتەکان نەیاندەتوانی پشت بە پشتیوانیی چالاکانەی هۆزەکانی ڕۆژئاوا ببەستن، بەڵکوو ئێستا مەترسیی ئەوەشیان لەسەر بوو، کە ئەگەر ئەرتەشی حکوومەتی ناوەندی بیهەوێ بەرەو ئازەربایجان پێشڕەوی بکات، ئەوا لەلای ڕۆژئاوایشەوە، ڕووبەڕووی دوژمنێکی مەترسیدار دەبوونەوە، بەڵام ڕاوێژێکی بە ئاشکرا گاڵتەجاڕانە کە پیشەوەری لە کاتی گفتوگۆی لەگەڵ سەرکونسوولی بریتانیا لە ١٩ی ئۆکتۆبردا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی ٢٣ی ئاڤریل کورد و ئازەربایجان هەیبوو، دەری دەخست، کە ئەو تەنانەت ئەوکاتیش هیچ لێکدانەوەیەکی دروستی لەبارەی دۆخی ڕاستەقینەی کوردستان نەبوو.

لە ٣ی نوامبر/١٢ی خەزەڵوەر، کونسوولیار دوهێر، گەڕایەوە سەر پۆستی خۆی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا و توانی ئەو دۆخەی دەرەنجامی شکستی سیاسەتی شۆڕەوی-دێموکرات لە بەرانبەر کوردەکاندا بوو، بە وردەکاریی زیاترەوە بۆ سەرۆکوەزیران قەوام، ڕوون بکاتەوە. ئەگەرچی پێدەچوو کە سەرۆکوەزیران، گومانی لە ڕاستبوونی پێشنیاری وەفاداریی عەمەرخان هەیە، بەڵام پەیامێکی تایبەتیی بۆ ڕێبەری شکاکەکان نارد کە باسی لەوە دەکرد کە کاتێک دەتوانن ڕادەی وەفاداریی کوردەکان بزانن کە حکوومەتی ناوەندی بیهەوێ بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ سەر ئازەربایجان پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی هێز. ئەو هەروەها ئەوەشی زیاد کرد کە حکوومەتەکەی، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو نادادپەروەرییانەی لە سەردەمی پاشایەتیی ڕەزا شادا لە هۆزەکان کراوە، پێشوازی لە هەر دەرفەتێک دەکات.

سەرەنجام ٢٢ی نوامبر/ ١ی سەرماوەز، سەرانی دێموکرات

لــە تەورێــز، بەرەبــەرە تێگەیشــتن کــە ئیــتر ناکــرێ لــەوە زیاتــر بــە هەڕەشــەکانی نوێنەرانــی ســۆڤیەت، وەفاداریــی هاوپەیمانــە کوردەکانیــان دەســتەبەر بکــەن. پێدەچێــت کــە لــەم قۆناغــەدا، قــازی محەمــەد لەژێــر گوشــارێکی قورســدا، ژمارەیــەک لــە ســەرانی کــوردی بانــگ کــردە مەهابــاد تــا ســەبارەت بــە ئەگــەری ئۆپەراســیۆنی هاوبــەش لەگــەڵ تەورێــز، لــە کاتــی پێشــڕەویی حکوومەتــی ناوەندیــدا گفتوگــۆ بکــەن. عەمەرخــان نوێنــەری خــۆی نــاردە کونســوولگەریی ئەمریــکا بــۆ ئــەوەی پێشــنیار بــکات، ڕێکخســتنی ســەردانێکی کونســوول ســۆتۆن بــۆ مەهابــاد لــەم کاتــەدا، دەتوانــێ کاریگەریــی ئەرێنیــی هەبێــت و خۆڕاگریــی ســەرۆکهۆزەکان لــە بەرانبــەر دواییــن گوشــاری ســۆڤیەت، بەهێــز بــکات. کونســوول ســۆتۆن، تەورێــزی بــەرەو مەهابــاد بەجــێ هێشــت، بــەڵام هێشــتا چەنــد کیلۆمەترێــک دوور نەکەوتبــووەوە کــە ئەفســەرێکی ئازەربایجانــی ئــەوی گەڕانــدەوە. حەفتەیــەک دواتــر، عاکیــف شــەریفی هــات بــۆ کونســوولگەری و ڕاپۆرتــی دا کــە قــازی محەمــەد لەژێــر گوشــاری ســۆڤیەتدا داوای لــە هــۆزەکان کردبــوو بــۆ بەرگــری لــە ئازەربایجــان، لەگــەڵ دێموکراتــەکان بکــەون، بــەڵام ســەرۆکهۆزەکان بــە ڕێبەریــی عەمەرخــان ڕایــان گەیاندبــوو کــە حــازر نیــن لــە بەرانبــەر ئەرتەشــی حکوومەتــی ناوەنــدی بەرگــری بکــەن، مەگــەر ئــەوەی لەژێــر هێرشــی تۆپخانەکانــی ئەرتەشــی ســووردا ناچــار بــەم کارە بکرێــن. کاتێکیــش ئەرتەشــی حکوومەتــی ناوەنــدی لــە ســەرەتای دیســامبەر/ ناوەڕاســتی ســەرماوەزدا ڕووی لــە کوردســتان کــرد، نــەک هــەر فیشــەکێکیش نەتەقێــنرا، بەڵکــوو کاتێــک بەرپرســە ســەربازییەکانی تــاران چوونــە میانــدواو، قــازی محەمــەد ڕای گەیانــد ئامادەیــە خــۆی بــە دەســتەوە بــدات.

٧- هۆکارەکانی شکستی سیاسەتی سۆڤیەت بەرانبەر کوردەکان:

هـــۆکارە ســـەرەکییەکانی داڕمانـــی نفـــووزی ســـۆڤیەت لەســـەر کوردەکانـی ئازەربایجـان، دەتوانیـن لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا ببینینـەوە:

ئەلـف) ویسـتیان جێـگای نفـووزی ئەرتەشـی سـوور بـە نفـووزی چەنـد کەسـێکی کارگێـڕی سـۆڤیەت پـڕ بکەنـەوە کـە جگـە لـە درۆ و هەڕەشـەی بـێ نـاوەرۆک کـە - بـۆ سـەرانی شـایی بەخـۆی هـۆزە کـوردەکان، زۆر پـڕ لـە سـووکایەتی بـوو – هیچـی دیکەیـان نەبـوو.

ب) گرتنەبـــەری شـــێوازێکی پڕۆپاگەنـــدە لەلایـــەن ڕووســـەکانەوە کـە وەفاداریـی کـوردەکان بەرانبـەر بـە سـەرکردەکانیانی لەبەرچـاو نەگرتبـوو.

پ) سـووربوونی سـۆڤیەت لەسـەر ئـەوەی کـە کـوردەکان بەرانبـەر بـە حکوومەتـی تەورێـز ڕۆڵـی کەمینـە بگێـڕن.

ت) چاوچنۆکـــی و ڕەزیلیـــی ســـۆڤیەت بـــۆ پێنەدانـــی چـــەک و تەقەمەنـــی بـــە کـــوردەکان.

س) گرینگـی و کاریگەریـی پێوەندیـی بەرپرسـانی ئەمریـکا لەگـەڵ کـوردەکان.

ج) زانیاریـی ڕوو لـە هەڵکشـانی سـەرکردە خوێندەوارەکانـی کـورد لەسـەر سیاسـەتی ڕاشـکاوانەی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لـە بەرانبـەر دەسـتێوەردانەکانی سـۆڤیەت.

ح) بـێ توانایـی سـۆڤیەت لـە پشـتیوانیکردن لـە بزووتنـەوەی کوردسـتانی گـەورەی سـەربەخۆ کـە بـوو بـە هـۆی ئـەوەی نەتوانـن لـە تەنیـا هـۆکاری ئایدیۆلۆژیـک کـە دەیتوانـی کـوردەکان بـۆ بەردەوامبوونـی بەرگـری لـە بەرانبـەر حکوومەتـی ئێرانـدا هـان بـدات، کەڵـک وەربگـرن.

٨- پێویستیی حکوومەتی ئێران بە سیاسەتێکی زیرەکانە لە بەرانبەر کوردەکان:

خۆبواردنی کوردەکان لە پشتیوانیکردن لە حکوومەتی تەورێز لە بەرانبەر پیشڕەویی ئەرتەشی ئێران بەرەو ئازەربایجان لە دێسامبر/ سەرماوەزدا، ئەگەرچی لە دارمانی حکوومەتی دێموکراتەکاندا هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نەبوو، بەڵام بۆ سیاسەتی ڕاگەیەندراو لە ڕاگەیەندراوەکەی تاراندا سەبارەت بە یەکپارچەیی خاکی ئێران، وەک سەرکەوتنێکی گەورە دێتە ئەژمار، چونکە هێزەکانی ئەرتەشی ناوەندی تەنانەت لە سەردەمانی ئاساییشدا بۆ ئۆپەراسیۆنێک کە پێویستی بە دەستبەسەرداگرتنی شوێنی هۆزە کوردەکان بوو، ڕووبەڕووی بەرگریی چەکداری دەبووەوە. خۆبەدەستەوەدانی بەبێ بەرگریی کوردەکان لە بەرانبەر تاران، ئەویش لە پاش چوار ساڵ پاش نەمانی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستان و ئازەربایجان، هەروەها نۆ مانگ حکوومەتی کۆماری کوردستان، بێگومان، ڕووداوێکی زۆر نائاساییە. حکوومەتی ئێران لە دەرەنجامی گەڕانەوەی ئاسانی دەسەڵاتەکەی بۆ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (پارێزگای ورمێ)، ئێستا لە دۆخێکی زۆر باشدایە بۆ ئەوەی سیاسەتێکی ئاقڵانەی کوردی لەجێی سیاسەتی نەریتیی خۆی بۆ سەرکوت و پەراوێزخستنی کوردەکان بگرێتە بەر.

گرینگترین نیگەرانیی سەرکردە کوردەکان لە کاتی باس و گەنگەشەی مەسەڵەحەتی پچڕانی پێوەندی لەگەڵ دێموکراتەکان و خۆبەدەستەوەدان بەرانبەر بە تاران، ئەو ئەگەرە بوو کە جارێکی دیکە بکەونەوە ژێر گوشاری حکوومەتی سەربازی و لە دەرەنجامی ئەوەشدا تاڵانکاری و جۆری دیکە لە زوڵم و ستەم

دەهاتــە ئــاراوە. پــاش وەرگرتنــی بەڵێنیــی ســەرۆکوەزیران قــەوام لەبــارەی قەرەبووکردنــەوەی ستەمەکانی ڕابــردوو بــەو مەرجــەی ئــەوان بەرانبــەر بــە حکوومەتــی ناوەنــدی وەفــادار بــن، کــوردەکان هــاوکات لەگــەڵ هەوڵدانیــان بــۆ ڕاکێشــانی ســەرنجی حکوومەتــی ئەمریــکا بــۆ ئــەوەی لــە دەستڕۆشــتوویی ئەخلاقیــی خــۆی بــە جۆرێــک کەڵــک وەربگرێــت، کــە سیاســەتێکی دادپەروەرانەتــر بەرانبــەر بــە خێڵــەکان بگیرێتــە بــەر، لــە نێــوان خــراپ و خراپــتردا خراپیــان هەڵبــژارد. بــە ســەرنجدان بــەوەی ئــەم داواکارییــەی کــوردەکان هــاوکات بــوو لەگــەڵ پێشــنیارێکی هاوشــێوە لەلایــەن وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریــکاوە، ئالێــن، باڵوێــزی ویلایەتــە یەکگرتــووەکان لــە تــاران، ســەرنجی قەوامــی ڕاکێشــا بــۆ گرتنەبــەری سیاســەتێکی ئازادتــر لــە هەمبــەر هۆزەکانــی ئێــران. بیچمگرتنــی بــە کــردەوەی سیاســەتی حکوومەتــی ناوەنــدی لــە بەرانبــەر کــوردەکان لــە پــاش خۆبەدەســتەوەدانی ئــەم دواییــەی ئــەوان، بابەتــی ڕاپۆرتــی داهاتــوو دەبێــت.

**بەڵگەی ژمارە: ١٠١**

**ب**-*ژمارە ٥٩-٣*
*هاوپێچی یەکەم بە ڕاپۆرتی ڕێکەوتی ١٩٤٧/١/١٥ (١٣٢٥/١٠/٢٥)*
*لەژێر سەردێڕی: "گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەنێو کوردەکانی ئازەربایجان لە ١٩٤٦"*

کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد:

قازی محەمەد، سەرۆکی بەناو کۆماری کوردیی مەهاباد، تەمەنی نزیکەی ٤٥ ساڵە. خەڵکی مەهابادە و سەر بە بنەماڵەیەکی بەڕێز و دەوڵەمەندی کوردە. ئەو لە قوتابخانەکانی ئەم ناوچەیە دەرسی خوێندووە، بەڵام توانیویەتی هاوکات لەگەڵ زانینی تورکی و فارسی و کوردیی ناوچەی خۆیان، تا ڕادەیەکیش ئینگلیزی و ڕووسی فێر بێت. تا بەرلە پیشڕەویی ڕووسەکان، قازی زیاتر بەهۆی پێگەی ئایینیی خۆی لەنێو کوردەکانی باکووردا بەناوبانگ بوو و لەلایەن هۆزە جیاوازەکان و حکوومەتی ناوەندییەوە ڕێزی لێ دەگیرا. کاتێک سۆڤیەتییەکان بە شوێنی ڕێبەرێکی کوردەوە بوون بۆ ئەوەی بتوانن وەک پیشەوەری لە ئازەربایجان، کەڵکی لێ وەربگرن، قازییان هەڵبژارد کە لەم سەردەمەدا تەنیا کوردێک بوو کە لەلایەن هۆزەکانی باکوورەوە ڕێزی لێ دەگیرا. لەم قۆناغەدا بوو کە قازی، گۆڕانکاریی خۆی لە پێگەی شێخێکی ئایینییەوە بۆ ڕێبەری سیاسیی کۆمارێکی دەستکرد، دەست پێ کرد.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥/ پاییز و زستانی ١٣٢٤، ژێنراڵ ئاتاکیشیۆڤ، ڕاسپێراوی قەفقازی سۆڤیەت، بۆ ڕاوێژ لەگەڵ قازی

محەمەد و سەرۆکهۆزە کوردەکان، چەند جار سەردانی مەهابادی کرد. باوەڕی گشتی لەسەر ئەوەیە، کە هۆکاری سەرەکیی ڕێککەوتنی سەرۆکهۆزەکان بۆ ناساندنی قازی هەم وەک ڕێبەرێکی سیاسی و هەم وەک سەرۆکێکی ئایینی، جێگە و پێگەی ئەو لەلای سۆڤیەتییەکان بوو، بەو هیوایەی کە، بتوانن ڕێژەیەکی بەرچاو چەکی سووک و قورس بەدەست بێنن. شارەزایانی کاروباری کوردەکان لێرە لەو بڕوایەدان، ئەم پێکدژییە کە زۆربەری سەرانی تاکخوازی خێڵە کوردەکان ئامادە بوون حکوومەتێکی دروستکراوی سۆڤیەت پەسند بکەن کە ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجی ئەو سەرۆکخێڵانە دژایەتیی تەواوی هەبوو، تەنیا دەتوانێ بەم شێوەیە پاساو بدرێتەوە، کە ئەوان لە بەرانبەر ڕەشەبادا خۆیان چەماندووەتەوە بۆ ئەوەی ڕێگا لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سۆڤیەتییەکان لە کاروباری کوردەکان بگرن.

قازی محەمەد لە بواری لێهاتوویی و تایبەتمەندیی تاکەکەسی لە زۆربەی کەسانی سەر بە سۆڤیەت کە ئێستا لە ئازەربایجاندا لەسەر دەسەڵاتن - یەک لەوانیش پیشەوەری - لەسەرترە. کوردێکی ئاسایی نییە. هیچ نیشانەیەک لە شەڕخوازیی باوی کوردان و ڕواڵەتی چەکداری ئەو هۆزانەی کە ئەمڕۆ لە شەقامەکانی تەورێز دەیانبینین، لەودا نابینرێ. لە گفتوگۆ ئاساییەکانیدا ڕاوێژێکی ئارامی هەیە و تەنانەت کاتێک کە باوەڕە سیاسییەکانی خۆی بە شێوەیەکی هەستەوەرانە دەردەبڕێ، دەنگی لە ئاستێکی دیاریکراو زیاتر بەرز ناکاتەوە. وتەبێژێکی شارەزایە و بە سەرنجدان بەوەی لە دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆیدا، ڕاستبێژییەکی زۆر زیاتر لە کەسانی سەر بە سۆڤیەتی هەیە، پێ ناچێت هیچکات لە

مەکتەبــی حیزبــی کۆمۆنیســتدا پــەروەردە کرابێــت.

قــازی ســەرەڕای ڕابــردووی ئایینیــی خــۆی، بــە هیــچ شــێوەیەک موســوڵمانێکی دەمارگــرژ نییــە. ســەرۆکی مەســیحییە ئاســوورییەکان لــە تەورێــز، هەروەهــا سەرپەرشــتیاری میســیۆنی کاتۆلیکــی فەرانســە لــەوێ، ئــەو وەک کەســێکی "ســادە" و "بــاش" وەســف دەکــەن. لــە بەرانبــەردا بەرپرســانی کونســوولخانەی بریتانیــا لــە تەورێــز دژی ئــەم بۆچوونانــەن و بــە دڵنیایــی تــەواوەوە پێیــان وایــە کــە قــازی جگــە لــە کەســێکی فێڵبــازی مفتەخــۆری دەســتکردی ســۆڤیەت، هیچیتــر نییــە. ڕەنگــە ئــەم بۆچوونــە بگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی کــە قــازی بــە ڕاشــکاوی دژایەتیــی خــۆی بــۆ بریتانیــا دەردەبــڕی و دوو جــار، ئەفســەرانی کونســوولخانەی بریتانیــا بــە هەڕەشــەی بەکارهێنانــی توندوتیــژی، لــە مەهابــاد دەرکــران.

لــەوەی کــە قــازی محەمــەد کەســێکە کــە کەڵــک لــە دەرفــەت وەردەگــرێ هیــچ گومانێــک نییــە، بــەڵام دەتوانیــن وای لێــک بدەینــەوە کــە کەڵکوەرگرتنــی ئــەو لــە دەرفەتەکــە هیــچ ڕەنــگ و بۆنێکــی ئایدیۆلۆژیکــی نییــە. لــە دەربڕینــی خۆشەویســتیی خــۆی بەرانبــەر بــە خەڵکــی کوردیــش تــا ڕادەیــەک ڕاســتبێژە. هەنووکــە، چارەنووســی شــەڕ ئــەوی لــە بلۆکــی ســۆڤیەتدا جێگیــر کــردووە، بــەڵام پــێ ناچێــت خــۆی لــەم دۆخــە زۆر ڕازی بێــت، گەلێــک جــار بــە شــێوەیەکی ئاشــکرا پێشــانی داوە کــە نــە متمانــەی بــە ســۆڤیەتییەکان هەیــە و نــە بــە گوتەبێــژی ئازەربایجانییەکانــی ئــەوان.

محەمەدحوســێن ســەیفی قــازی، وەزیــری جەنگــی کۆمــاری کوردســتانی دروســتکراوی ســۆڤیەتە. خەڵکــی مەهابــادە و کوردێکــی شــارییە. ســەر بــە یەکێــک لــە بەڕێزتریــن بنەماڵــە کوردەکانــە. باوکــی،

شێخ محەمەد سەیفی قازی، یەکێک لە زانایانی ئایینیی کوردەکانی باکووری سەر بە قازی محەمەد، ساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد. وا بەناوبانگە کە محەمەدحوسێن سەیفی قازی زۆر زیرەکە و پێدەچێ خوێندنی باڵای تەواو کردبێت و کەمێک ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانێت.

عەمەرخان، سەرۆکی عەشیرەتی شکاکە و بۆ ماوەیەکیش وەزارەتی جەنگی کۆماری کوردستانی لە ئەستۆ بوو. تەمەنی نزیکەی ٧٣ ساڵە و هەمیشە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە شەڕدا بووە. بەشێک لە ساڵەکانی تەمەنی لاوێتیی خۆی لە بەندیخانەکانی ڕەزا شادا بەسەر بردووە و چەند ساڵێکیش بۆ تورکیە دوور خراوەتەوە. هێشتا وەک سەربزێوێکی دەستەمۆنەکراو دێتە ئەژمار. کونسوولی بریتانیا لەسەر ئەم بڕوایەیە کە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان کە قازی محەمەد دەتوانێ بۆ سەلماندنی ئیدیعای خۆی لەبارەی پاراستنی سەقامگیریی سیاسیی ناوچەکە بیهێنێتە ئاراوە، ئەوەیە کە تا ئێستا توانیویەتی وەفاداریی عەمەرخان بپارێزێت.

ئەبولقاسم سەدری قازی، گوتەبێژی قازی محەمەد لە تەورێزە. ئەو ٥٠ ساڵی تەمەنە، ئەگەرچی لەدایکبووی مەهابادە، بەڵام لە تەورێز دەژی و موڵک و سامانێکی بەرچاوی لەم شارە هەیە. خوێندەوارە و لەنێو کوردەکانی باکووردا ڕێزێکی زۆری هەیە. بۆ ماوەیەک لە مەجلیسی شووڕای میللی، نوێنەرایەتیی کوردەکانی مەهابادی لە ئەستۆ بووە.

زێڕۆ بەگ، لە سەرۆکە تازەپێگەیشتووەکانی عەشیرەتی هەرکییە و ڕەنگە ناخۆشەویسترین کەسایەتیی حکوومەتی مەهاباد بێت. تەمەنی نزیکەی ٤٠ ساڵە بە قژی کاڵ و چاوی شین. لە مانگەکانی

ڕابــردوودا زیاتــر حــەزی کــردووە یونیفۆڕمــی ئەرتەشــی ســوور لەبــەر بــکات، نــەک یونیفۆرمــی ئەرتەشــی کۆمــاری کوردســتان. زانیارییەکــی ئەوتــۆ لەســەر ڕابــردووی لــە بەردەســت نییــە، ئەگەرچــی ژمارەیــەک کــوردی ناوبــەدەرەوە بــە ئەفســەری (نووســەری ئــەم) ڕاپۆرتەیــان ڕاگەیانــد، زێــڕۆ بــەگ لــە ســەرەتای ژیانیــدا لــە خزمــەت یەکێــک لــە ســەرۆکەکانی عەشــیرەتی بەگــزادەدا بــووە کــە بــە ویســتی خــۆی ڕێــگای مەنفــای لــە عێــراق گرتبــووە بــەر. ئــەو ماوەیەکــی کــورت لــە پــاش پێکهاتنــی کۆمــاری مەهابــاد، پلــە و پایــەی ئێســتای وەک ژێنراڵێکــی ئەرتەشــی کوردســتان بەدەســت هێنــا و بــە ملکەجبوونــی بەرانبــەر بەرپرســە کونســوولییەکانی ســۆڤیەت لــە ڕەزاییــە بەناوبانگــە.

ڕەشــید بــەگ و نــووری بــەگ، لــە ســەرۆکە گرینگەکانــی عەشــیرەتی بەگــزادە لــە ناوچــەی ڕەزاییــە (ورمــێ)ن.

حاجــی بابەشــێخ، ســەرۆکی مەجلیســی میللیــی کۆمــاری کوردســتان و پــاش قــازی محەمــەد گرینگتریــن ســەرۆکی ئایینیــی کوردەکانــی باکــوورە. ئــەو نزیکــەی ٦٥ ســاڵی تەمەنــە و بــە ڕیــش و ســمێڵی ســپییەوە زۆر شــەریف و بەڕێــزە.

**بەڵگەی ژمارە: ١٠٢**

*ب-ژمارە ٥٩-٥*

*هاوپێچی سێیەم بە ڕاپۆرتی ڕێکەوتی 1947/1/15 (١٣٢٥/١٠/٢٥)*

*لەژێر سەردێڕی: "گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەنێو کوردەکانی ئازەربایجان لە ١٩٤٦"*

سەفەری بەرپرسی باڵوێزخانەی (ئەمریکا لە تاران) وارد و کونسوولیار دوهێر بۆ مەهاباد.

ڕاپۆرتی کونسوولیاری باڵوێزخانە ئانگووس وارد:

بەیانیی ڕۆژی ١٦ی ژووئیە/٢٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥، لەگەڵ کونسوولیار دوهێر تەورێزمان بەرەو مەهاباد بەجێ هێشت. بەڕێز دۆ سێنت سوان بەهۆی نەخۆشییەوە لەم سەرەفەرە لەگەڵمان نەبوو. لەبەرئەوەی سەفەر لە تەورێزەوە بۆ مەهاباد پێویستی بە تێپەڕین بە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا هەبوو، ئێمە ئاگادار کرابووینەوە کە حوکمی حکوومەتی تەورێز لەم ناوچانەدا بڕەوی نییە، کونسوولیار دوهێر لەگەڵ قازی محەمەد، ڕێبەری کوردەکانی باکوور ڕێک کەوتبوو کە بەرپرسێکی کورد لە تەورێزەوە تا مەهاباد لەگەڵ ئێمە بێت. پاش دەرچوون لە تەورێز، لە هیچ یەک لە وێستگەکانی پشکنین ڕانەوەستاین و هیچ پرسوجۆیەکمان لێ نەکرا جگە لە وێستگەی نێوان مەراغە و بناو لە ١٣٠ کیلۆمیتریی تەورێز. نیگابانی ئەو پۆستە بە تورکی قسەی دەکرد، بەڵام سەرنجڕاکێش بوو کە کاتێک خەریک بوو ناوی ئێمەی لە دەفتەرەکەیدا دەنووسی، لە بن لێوەوە بە ڕووسی ورتەورتی

دەکـرد. لـەم قۆناغـەدا لەڕێـگای سـەرەکی دەرچوویـن و پـاش بڕینـی ١٢ کیلۆمیـتر سـەردانی مەراغەمـان کـرد. لـەوێ لـە کاتێکـدا کـە خەریکـی نانخــواردن بوویــن، لەژێــر چاوەدێریــی تونــدی پۆلیســدا بوویــن.

ئۆتۆمبێلەکانــی ئێمــە و ئــەو ڕیســتۆرانتەی نانمــان لــێ دەخــوارد، بەتــەواوی لەلایــەن پۆلیســەکانەوە گەمــارۆ درابــوون و جگــە لــە کرێکارەکانــی ڕیســتوڕانتەکە، ڕێــگا بــە هیــچ کەسـێک نــەدرا لێــمان نزیـک بێتـەوە. لـە شـەقامەکانی مەراغـە نزیـک دە کەسـمان دیـت کـە پێدەچـوو ڕووس بـن و هەشـت ژنـی شـێوە ڕووسـیش لـە پەنجـەرەوە سـەیری ئێمەیـان دەکـرد. لـە میانـدواو چووینـە ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی کــوردەکان. دواییــن هێــزە چەکدارەکانــی ئازەربایجــان لــە باکــووری چۆمێــک بــوون کــە بــە درێژایــی کەنــاری باکــووری شــارەکە درێــژ ببــووەوە. لــە میانــدواو بــۆ خواردنــەوەی چایــی بانگهێشــتی بنکــەی چەکدارانــی کــورد کرایــن و بەوپــەڕی ئــەدەب و ڕێــزەوە میواندارییــان لــێ کردیــن. بــەرەو مەهابــاد وەڕێ کەوتینــەوە و پــاش ئــەوەی لــە پــازدە کیلۆمیتریــی مەهابــاد گەیشــتینە پــردی جەغەتــوو، لــەوێ لەلایـەن شـاندێکی کـوردەوە کـە لـە مەهابـادەوە هاتبـوون، پێشـوازیمان لــێ کــرا. شــارەداری مەهابادیــش لــە ئەندامانــی شــاندەکە بــوو. لــە مەهابادیــش بــە گەرمــی پێشــوازیمان لــێ کــرا. ئەگەرچــی کونســوولیار دوهێــر و مــن جەختــمان کردبــووەوە کــە ســەردانەکەی ئێمــە فەرمــی نییــە، بــەڵام ژمارەیــەک لــە کــوردەکان ســوور بــوون لەســەر ئــەوەی کــە ســەردانمان بکــەن. دیــداری ئــەوان زۆر خــۆش بــوو و یەکەمجــار بــوو لەگــەڵ کــوردەکان قســەم دەکــرد. بــە پێچەوانــەی ئەزموونــم لــە بەشـە ناکوردەکانـی ئازەربایجـان کـە دەمتوانـی بـە ئاسـانی بـە ڕووسـی لەگەڵیـان بدوێـم، لـە قەڵەمـڕەوی کوردەکانـدا کەسـم نەدۆزییـەوە کـە

بتوانــێ بــە زمانــی ڕووســی قســە بــکات. هەڵبــەت لەگــەڵ ژمارەیــەک لــە کوردەکانــی ئێرانــی و عێــراق ئاشــنا بــووم کــە ئینگلیزییــان دەزانــی، یــا کوردەکانــی ســووریا کــە فەرەنســییان دەزانــی.

ئــەوەی مــن دیتــم کوردانــی مەهابــاد زۆر نەتەوەخــواز بــوون. لــەوەی کــە لــە ئێرانــدا وەک کەمینەیەکــی لەبیرکــراو هەڵســوکەوتیان لەگــەڵ دەکــرا، زۆر ســکاڵایان هەبــوو. لــە هەڵســوکەوتی نەشــیاوی بەرپرســانی حکوومــی و ســەربازیی ئێرانیــش نــاڕازی بــوون و ڕەخنەیــان لــە کەمتەرخەمیــی حکوومەتــی ناوەنــدی لــە بــواری دروســتکردنی قوتابخانــە و دەرمانگــەی گشــتی دەگــرت. ئەگەرچــی مــن لــە دۆخێکــدا نەبــووم کــە بتوانــم لــە ڕاســتبوونی قســەکانیان دڵنیــا ببمــەوە، بــەڵام لــە ســکاڵای ئــەوان لەمــەڕ خراپبوونــی ڕێگاوبانــەکان بــە باشــی تێگەیشــتم. شــاڕێی ســەرەکیی نێــوان شــاهپوور (ســەڵماس) و ڕەزاییــە (ورمــێ) لــە ڕۆژئــاوای دەریاچــەی ورمــێ و شــاڕێی نێــوان میانــدواو و مەهابــاد لــە بەشــی ڕۆژهەڵاتــدا، دۆخێکــی زۆر زۆر نالەبــاری هەبــوو. دەرەنجامــی ئــەم ناڕەزایەتییانــە لــە حکوومەتــی ناوەنــدی بــە شــێوەی تێگەیشــتنێک لەنێــو کوردەکانــدا پــەرەی ســەندبوو کــە پێیــان وابــوو ئەگــەر لــەم ناوچانــە ڕێکخســتنێکی کــوردی دابمەزرێــت، دۆخەکــە نــەک لــەوەی کــە هەیــە خراپــتر نابــێ، بەڵکــوو ڕەنگــە باشــتریش بێــت. کــوردەکان خەڵکێکــی شــایی بەخــۆ و سەرســەخت و خێڵەکیــن و لــە جێبەجێکردنــی کاروبــاری خێڵەکیــی خۆیــان هیــچ کێشــەیەکیان نییــە، بــەڵام بــە هیــچ شــێوەیەک دڵنیــا نیــم کــە بتوانــن لــە بوارێکــی بەربڵاوتریشــدا توانایەکــی هاوشــێوەیان هەبێــت. ئــەو کوردانــەی مــن دیتمــن، ســەبارەت بــە جــۆری ئــەو تەشــکیلاتە نەتەوەییــەی بتوانــێ ویســتەکانی ئــەوان دابیــن بــکات هاودەنــگ نەبــوون. هێندێکیــان

خوازیـاری جۆرێـک لـە خودموختـاری لـە چوارچێـوەی ئێرانـدا بـوون و گرووپێکـی دیکـەش خوازیـاری جیابوونـەوەی تـەواو لـە ئێـران و تێکەڵبوونەوەیـان لەگـەڵ کوردەکانـی دراوسـێ (لـە عێـراق و تورکیـە و سـووریا) بـوون. تێگەیشـتنی مـن ئەوەیـە، کـە ئـەوان لەسـەر گەیشـتن بـە جۆرێـک ئـازادی بـۆ کـورد سـوورن، تەنانـەت ئەگـەر دەستڕاگەیشـتن بـەو ئامانجـە تەنیـا لەڕێـگای پەنـا بـردن بـۆ چەکـەوە مەیسـەر بێـت. بـە گوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی لـە سـەرچاوەگەلی ناکـوردەوە لـە کاتـی سـەردانم بـۆ مەهابـاد و ڕەزاییـە (ورمـێ) وەدەسـتم هێنـاون، کوردەکانـی باکـووری ئێـران کـە زۆربەیـان سـوننەن، نزیکـەی٦٠٠٠ هێـزی ڕێکخراویـان (بـە یونیفۆرمـەوە) هەبـوو. خەمڵاندنـی ژمـارەی هێـزە چەکـدارە ناڕێکخراوەکانـی کـورد دژوارە، بـەڵام بـە سـەرنجدان بـەوەی هـەر کوردێکـی سـەرووی دوازدە سـاڵ، چەکدارێکـی قابیلـە و تەنانـەت ژنانـی کوردیـش لەکاتـی پێکدادانـدا، شانبەشـانی پیاوانـی خۆیـان ڕادەوەسـتن، دەبـێ ژمارەیـان گەلێـک زۆر بێـت.

**بەڵگەی ژمارە: ١٠٣**

*ب-ژمارە ٥٩-٦*

*هاوپێچی چوارەم بە ڕاپۆرتی ڕێکەوتی ١٩٤٧/١/١٥ (١٣٢٥/١/٢٥)*

*لەژێر سەردێڕی: "گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەنێو کوردەکانی ئازەربایجان لە ١٩٤٦"*

سەردانی بەرپرسی کونسوولیی باڵوێزخانەی (ئەمریکا لە تاران) وارد و کونسوولیار دوهێر بۆ مەهاباد.

ڕاپۆرتی کونسوولیار جراڵد پی دوهێر

لە پاش سەردانێکی بێ کێشە ئازەربایجان و کوردستانی باکوور (باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان- نووسەر)، لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی تەبلیغاتی کورد کە لەلایەن قازی محەمەدەوە وەک "گاردی ئیفتخار"ی ئێمە دەستنیشان کرابوو، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ژووئیە/٢٥ی پووشپەڕ چووینە ناو مەهابادی پایتەختی کۆماری کوردستانەوە. شارەداری مەهاباد و چەند کەسێک لە سەرانی کۆمار لە گوندێک لە باکووری شار هاتبوونە پێشوازیمان و تا شوێنی مەبەست هاوڕێمان بوون. بە ئەوپەڕی ڕێزەوە میوانداریمان لێ کرا و کوردەکان هەموو هەوڵی خۆیان دا کە سەردانەکەی ئێمە لە چوارچێوەیەکی نافەرمیدا بمێنێتەوە.

پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ژمارەیەکی زۆر لە سەرانی کورد، خۆشحاڵ لە یەکەم دیداری ئەو چەند ساڵەی بەرپرسانی ئەمریکا لە مەهاباد، لەو ماڵەی بۆ مانەوەمان دیاری کرابوو، هاتنە دیدارمان و ڕێزی خۆیان ڕاگەیاند. شارەداری مەهاباد، سەرۆکی مەجلیسی

میللیـی کۆمـار و ئەندامانـی کابینـە لـە ڕیـزی سـەردانیکەراندا بـوون.

ئەوانـەی سـەردانی ئێمەیـان کـرد، بـە حـەز و ویسـتی خۆیـان، بـەڵام بـە مەرجـی نهێنـی مانـەوەی باسـەکان، لەسـەر دۆخـی سیاسـیی کوردسـتان و داواکارییەکانـی کـوردەکان و بەرنامـە کورتمـەودا و درێژمەوداکانـی کۆماریـش لەگـەڵ ئێمـە گفتوگۆیـان کـرد. ئـەوان جەختیـان دەکـردەوە کـە نایانهـەوێ بەشـێک لـە ئازەربایجانـی دێموکـرات بـن، بەڵکـوو دەخـوازن خاوەنـی خودموختاریـی فەرهەنگـی و ئیـداری و بەشـێک لـە نەتـەوەی ئێـران بـن. ژمارەیەکیـان باسـی ئەوەیـان کـرد کـە دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـورد کـە "سـێ ملیـۆن کـوردی تورکیـە، سـێ ملیـۆن کـوردی ئێـران، نیـو ملیـۆن کـوردی سـووریا و یـەک و نیـو ملیـۆن کـوردی عێـراق و چارەکـە ملیۆنێـک کـوردی یەکێتیـی سـۆڤیەت" لەخـۆی دەگرێـت، ئامانجـی درێژمـەودای سیاسـەتی کوردەکانـە. بـەو حاڵـەش لـە پـاش خواردنـی شـێو، ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە، سـەرۆکی فەرمانگـەی پـەروەردی گشـتیی کۆمـار کـە پێشـتریش بەرانبـەر بـە بەرپرسـانی کونسـوولخانەی ئەمریـکا لـە تەورێـز هەڵوێسـتی دۆسـتانەی هەبـوو، ڕای گەیانـد (خاوەنـی ئـەو بۆچوونانـەی بـاس کـران) لـە کەسـانی توندئـاژۆی کـوردن و قـازی محەمـەد و لایەنگرانـی ئامـادەن لانیکەمـی ئـەو ئیمتیـاز (چوور)انـەی خـوارەوە لـە حکوومەتـی ناوەنـدی قەبـووڵ بکـەن:

١. دامەزراندنـی پارێزگایەکـی کـورد لـە چوارچێـوەی ئێرانـدا کـە ناوچەکانـی کرماشـان، هەمـەدان، ئـەردەڵان، لوڕسـتان و لـە ئازەربایجانیـش سـەرجەم ناوچەکانـی ڕۆژئـاوا و باشـووری دەریاچـەی ورمـێ و لەوانـەش شـارەکانی خـۆی، ماکـۆ، شـاهپوور (سـەڵماس)، ڕەزاییـە (ورمـێ) و میانـدواو، لەخـۆ بگرێـت. ئـەم ویلایەتـە دەبـێ

لەلایــەن ئوســتانداریکی کــوردەوە کــە لــە تارانــەوە دەستنیشــان دەکرێــت، بەڕێـوە ببردرێـت و خاوەنـی ئەنجومەنێکـی ویلایەتـی بێـت کــە لەلایــەن خەلکــی ناوچەکــەوە هەڵدەبژێردرێــت.

٢. خودموختاریـی فەرهەنگـی زیاتـر بـەو مانایـەی تـا پۆلـی شـەش خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بێـت.

٣. ئەرتەشـی کۆمـاری کوردسـتان ببێـت بـە بەشـێک لـە ئەرتەشـی ناوەنـدی و هــەروەک ئێســتا لەژێــر فەرمانــی ئەفســەرانی کــورددا – لەوانـەش فەرمانـدەی ئوسـتاندا – بێـت. ئەمـەش نابێتـە ڕێگـر لەبـەردەم ئــەوەی کــە ئەفســەرانی پلەبــاڵای ئێرانــی لــە بــوارە تەکنیکییەکانــدا نەتوانــن وەک ڕاوێــژکار لــە ئەرتەشــی کوردســتاندا خزمــەت بکــەن.

هــەر ئــەو ســەرچاوەیە ئــاگاداری کردینــەوە کــە ئاســوورییەکانی کوردســتان و گرووپگەلــی جیابــووەوە لــە ئەرمەنــی و جووەکانــی ناوچەکــەش بەتــەواوی پشــتیوانی لــە حکوومەتــی مەهابــاد دەکــەن. تێبینییەکانــی کونســوولیار وارد لــە ســەردانی حەفتــەی ڕابــردووی بــۆ ڕەزاییــە (ورمــێ) و لێدوانــی پێشــووتری ڕێبەرانــی ئاســووریش لەگــەڵ خــۆم، ئــەم ئیدیعایــەی کــوردەکان پشتڕاســت دەکاتــەوە کــە ئاســوورییەکان پشــتیوانییان لــێ دەکــەن.

لـە مەهابـاد هەمـوو نیشـانەکان سـەلمێنەری ئـەوە بـوون کـە قـازی محەمــەد و بزووتنەوەکــەی، نفووزێکــی زۆر بەربڵاویــان لــە هەمــوو کوردســتان هەیــە. هەمــوو ئــەو ســەرۆکانەی ئێمــە قســەمان لەگــەڵ کـردن - سـەرکردەگەلێک لـە سـنە، بـۆکان، سەردەشـت – وا پێدەچـوو کـە قازییـان وەک ڕێبـەری سیاسـیی خۆیـان قەبووڵـە. خەڵکـی مەهابادیـش وەک لایەنگرانـی پـڕ شـەوقی ئـەو بزاڤـە نوێیـە دەهاتنـە بەرچـاو.

مۆڵەتمـان پـێ درا کـە هەمـوو شـوێنەکانی مەهابـاد و دەوروبـەری

ببینین. هیچ نیشانەیەک لە کاریگەریی سۆڤیەت بەم شارەوە دیار نییە، لە حاڵێکدا کە تەورێز و شارەکانی دیکەی ئازەربایجان پڕن لە ئەندامانی پۆلیسی نهێنیی سۆڤیەت و ئێن.کا.وێ.دێ. لە مەهاباد تاقە یەک کەسیش لەوانمان نەدیت. بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەروەردەی گشتیی مەهاباد ڕای گەیاند بەهۆی کە ئەوەی سەرانی کورد ئامادە نین لەگەڵ حکوومەتێکی وەک حکوومەتی ئێستای ئازەربایجان کە لەژێر تیرۆر و تۆقاندنی سۆڤیەتدا دروست بووە، هەڵبکەن، زۆر بە توندی دژی هاوپەیمانی لەگەڵ ئازەربایجانن.

ئەوەی ئێمە لە ڕێگای چوون و گەڕانەوە بۆ مەهاباد دیتمان، سەلمێنەری ئەوە بوون کە کوردەکان دەست بۆ قەڵەمڕەوێک درێژ دەکەن کە حکوومەتی تەورێزیش بە هی خۆی دەزانێت. شاری میاندواو، جگە لە سەربازخانەیەک کە لە باکووری شاردا هەڵکەوتبوو و بە دەست هێزەکانی ئازەربایجانەوە بوو، بەتەواوی لە کۆنترۆڵی هێزە چەکدارە کوردەکاندا بوو.

سەرانی کورد ڕایان گەیاند کە نایانهەوێ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی شەڕ و کێشەیان هەبێت، مەگەر ئەوەی هێرشیان بکرێتە سەر. وتیشیان تانک و تۆپخانەی قورسیان نییە، بەڵام ئەگەر پێویست بێ بەرگری بکەن ئەوا دەتوانن دەیان هەزار چەکدار ئامادە بکەن. لە کاتی سەردانی ناوشاردا، چەند سەد چەکدارێکمان دیت کە بە جلی هاوشێوەوە لەناو شاردا بوون و وا دیار بوو لە پێکدادانەکانی ئەم دواییەی دەوروبەری سەقزدا بەشدار بوون، بەڵام زۆربەی هێزی چەکداری کورد لە هێزە نارێکخراو و کلاسیکەکان پێک دەهات، واتە لە سەرجەم ئەو کەسانە پێک دەهات کە دەیانتوانی چەک بەدەستەوە بگرن.

ئــەو ســەردانە ئێمــەی هێنایــە ســەر ئــەو بڕوایــە کــە کــوردەکان هیــوادارن پێوەندیــی نزیکتریــان لەگــەڵ ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا هەبێــت. بــۆ پیشــاندانی هەڵوێســتی دۆســتانەی خۆیــان، هەمــوو هەوڵێکیــان دا و داوامــان لــێ کــرا هــەر ئەمریکایییــەک کــە حــەز بــکا، بــا ســەردانی کوردســتان بــکات، پێیــان بڵێیــن کــە ئــەوان هەمیشــە پێشــوازییان لــێ دەکــەن.

**بەڵگەی ژمارە: ١٠٤**

*ب-ژمارە ٦١-١*
*کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا*
*نهێنی، ژمارە ٢٧٥*
*تاران، ئێران، ١٩٤٧/١/٢٧ (١٣٢٥/١١/٧)*
*بابەت: کوردەکانی باکوور لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان*
*بەڕێز وەزیری دەرەوە، واشنگتۆن.*

بە شانازییەوە کورتەیەک لە ڕووداوەکانی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان دوای داڕمانی حکوومەتەکانی دەستکردی سۆڤیەت لە کوردستان و ئازەربایجان بۆ ئاگاداریی وەزارەتخانە هاوپێچ دەکەم. ئەم کورتەیە لەلایەن کونسوولیار جراڵد، ئێف. پی. دوهێر و لە درێژەی ڕاپۆرتی پێشووی ئەو سەبارەت بە دۆخی سیاسیی کوردەکان کە بە ژمارە ٢٦٢، ڕێکەوتی ١٥ی ژانویەی ١٩٤٧، لەلایەن باڵوێزخانەوە بەڕێ کرابوو، ئامادە کراوە. ئەم ڕاپۆرتە پشت بە زانیاریگەلێک دەبەستێت کە لەلایەن کوردە بەناوبانگەکانی تارانەوە خراوەتە بەر دەستی ئەفسەرانی شاندی سەربازیی، هەروەها دەرەنجامی گفتوگۆیە لەگەڵ حەبیب ئەمیری، نوێنەری عەمەرخان، سەرۆکی هۆزی شکاک کە ئێستا بۆ پێشکەشکردنی چەند نووسراوەیەکی ڕێبەری شکاک بە سەرۆکوەزیران و وەزیری جەنگ، هاتووە بۆ تاران.

چەند نوسخەیەک لەم نووسراوانە کە تێیاندا ئامادەیی شکاکەکان بۆ خۆبەدەستەوەدانی تەواو بە حکوومەتی ناوەندی و ڕادەستکردنی هەموو ئەو چەکانەی بۆ ڕێگرتن لە تاڵانی عەشیرەتەکان لەلایەن

کوردستانی عێراق و تورکیەوە پێویست نین، هاوپێچ کراوە. باڵوێزخانە لەسەر ئەم نووسراوانە لەگەڵ ژێنراڵ نۆرمەن شوارتسکۆف (ڕاوێژکاری) ژاندارمێریی ئێران گفتوگۆی کردووە و ئەو پێی وایە کە ئەم نووسراوانە، هەڵبژاردنی سیاسەتێکی زۆر ماقووڵانە لەلایەن شکاکەکانەوە پێشان دەدات کە بەهێزترین هۆزی کورد لە ئێرانن. پێشنیاری شکاکەکان لەسەر چەککرانی تەواو، بەو مەرجەی حکوومەتی ناوەندی بتوانێ هێزێکی پێویستی سەرسنوور لەو ناوچەیە جێگیر بکات، وەک هەنگاوێکی کاریگەر بۆ چارەسەریی کێشەی خێڵەکان دێتە بەرچاو، چونکە چەککرانی ئەو خێڵە گرینگە، دەتوانێ خێڵەکانی دیکەی کوردستانیش ناچار بە لاساییکردنەوە لەوان بکات.

لەگەڵ ڕێزدا

جۆرج دی ئالێن

باڵوێزی ئەمریکا

هاوپێچەکان:

١- کورتەی ڕووداوکان لە کوردستانی باکوور (باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان- نووسەر).

٢- نامەی عەمەرخان بۆ سەرۆکوەزیران قەوام.

٣- نامەی حەوت کەس لە سەرانی کورد بۆ سەرۆکوەزیران قەوام.

٤- نامەی حەوت کەس لە سەرانی کورد بۆ وەزیری جەنگ، ئەمیر ئەحمەدی.

کۆپییەکیش بۆ: باڵوێزخانەی مۆسکۆ، باڵوێزخانەی ئانکارا، باڵوێزخانەی بەغدا، نوێنەرایەتیی بەیرووت، کونسوولگەریی تەورێز، وابەستەی سەربازی.

**بەڵگەی ژمارە: ١٠٥**

*ب-ژمارە ٦١-٢*
*هاوپێچـــی یەکـــەم بـــە نامـــەی ژمـــارە ٢٧٥، ڕێکەوتـــی ١٩٤٧/١/٢٧*
*لەژێـــر نـــاوی: "کوردەکانـــی باکـــوور لـــە پـــاش دارمانـــی کۆمـــاری گەلـــی کـــورد"*
*کورتـــەی ڕووداوەکانـــی ئـــەم دواییـــە لـــە کوردســـتانی باکـــوور (باکـــووری ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان- نووســـەر)*
*ئامادە کراوە لەلایەن: کونسوولیار جراڵد ئێف پی دوهێر*

**مەهاباد**

هێزێکـــی ئەرتەشـــی حکوومەتـــی ناوەندیـــی ئێـــران کـــە لەژێـــر فەرماندەیـــی ژێـــنراڵ هۆمایونیـــدا بـــوو، ســـنەی بەجـــێ هێشـــتووە و پـــاش پێوانـــی مەودایـــەک لـــە بەشـــی باشـــووری بەنـــاو کۆمـــاری گەلـــی کـــورد، بەبـــێ ئـــەوەی ڕووبـــەڕووی هیـــچ بەرگرییـــەک ببێتـــەوە لـــە ڕۆژی ١٣ی دێســـامبەر/٢٢ی ســـەرماوەز چـــووە نـــاو میانـــدواوەوە. لـــەوێ پێشـــەنگی ئەرتەشـــی حکوومەتـــی ناوەنـــدی لەگـــەڵ قـــازی محەمـــەد، ســـەرۆکی حکوومەتـــی دەســـتکردی مەهابـــاد ڕووبـــەڕوو بوونـــەوە و ئـــەو و ئەندامانـــی حکوومەتەکـــەی خۆیـــان ڕادەســـتی ژێـــنراڵ هۆمایوونـــی کـــرد. قـــازی لەگـــەڵ هێـــزی نێـــردراوی ئەرتـــەش بـــەرەو مەهابـــاد ڕۆیشـــت و لـــەوێ دەستبەســـەر کـــرا. بـــە گوتـــەی ســـەرچاوەکانی حکوومەتـــی ئێـــران، قـــازی محەمـــەد کلیلـــی جبەخانـــەی مەهابـــادی دابـــوو بـــە مـــەلا مســـتەفا بارزانـــی، ڕێبـــەری کوردەکانـــی عێـــراق کـــە ســـاڵی ڕابـــردوو و پـــاش شۆڕشـــێکی ناســـەرکەوتوو لـــەدژی حکوومەتـــی عێـــراق، بـــەرەو ئێـــران

ڕای کردبــوو. بــە گوێــرەی ڕاپۆرتــەکان، بارزانــی چەکــی نــاو جبەخانــەی مەهابــادی بــە تــاڵان بــردووە و بووەتــە مەترســییەکی زۆر گەورەتــر لــە پێــش خۆبەدەســتەوەدانی قــازی.

محەمەدحوســێن خــان، کوڕەمامــی قــازی کــە لــە حکوومەتــی مەهابــاددا وەزیــری جەنــگ بــوو، هەروەهــا براکــەی، ســەدری قــازی، نوێنــەری پیشــووی مەجلیســی ئێــران کــە لەلایــەن ئەرتەشــەوە بــە نهێنــی لــە تارانــەوە گوازرایــەوە بــۆ مەهابــاد، لەگــەڵ قــازی محەمــەد دەستبەســەر کــراون. لــە ســەرەتای مانگــی ژانویــە / کۆتایــی بەفرانبــار، دادگایەکــی تایبەتــی ســەربازی بــۆ دادگاییکردنــی ئــەو ســێ ڕێبــەرەی بزووتنــەوەی جوداییخــوازی کــورد لــە مەهابــاد  بــە تۆمەتــی خەیانــەت، پێــک هــات. بــە گوێــرەی ســەرچاوەکان، ئــەم دادگایــە بــۆ دۆزینــەوەی شــاهیدگەلێک کــە ئامــادە بــن لــەدژی تۆمەتبــاران شــاهیدی بــدەن، تووشــی دژوارییەکــی زۆر بــووە و لــە قۆناغێکــدا ناچــار بــوو بــە بڵاوکردنــەوەی ڕاگەیەندراوێــک لەنــاو شــاردا داوا بــکات ئــەو کەســانەی ســکاڵایان لــەو حکوومەتــە ســەپێندراوە هەیــە، لــە دادگا ئامــادە بــن.

بەهــۆی دژوارییەکانــی دادگای ســەربازی، ڕوون بــوو کــە هەرســێکیان بــە تۆمەتــی خەیانــەت، ســزای ســێدارەیان بــۆ دەبڕدرێتــەوە. لەڕاســتیدا لــە ١٩ی ژانویــە / ٢٩ی بەفرانبــار بڕیــاری تاوانباربــوون و لەسێدارەدانیان بــۆ دەرچووبــوو. بــەڵام لەبــەر ئــەوەی کــە دەبــێ هــەر ســێ بڕیارەکــە لەلایــەن شــاوە پەســند بکرێــت، هەرســێکیان لــە بەندیخانــەی مەهابــاد، چاوەڕێــی بڕیــاری شــان. شــا ئێســتا بــۆ ئــەوەی کــە لەســێدارەدانی ئــەم تۆمەتبارانــە نەبێتــە هــۆی ئــەوە کــە ئــەوان ببنــە ”شــەهیدانی ڕێــگای گەلــی کــورد“، ئەگــەری داشــکاندنی ســزای ســێدارە بــۆ زیندانــی هەتاهەتایــی تاوتــوێ دەکات.

ئەگـەری ئـەوەش هەیـە کـە بەرپرسـانی کونسـوولگەریی سـۆڤیەت لـە ناوچەکـە بـە جەختکردنـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە لـە سـەردەمی کۆنترۆڵـی سـۆڤیەتدا، هەمـوو بەرپرسـانی کـورد لـە دەسـتێوەردانی بەرپرسـە بێزراوەکانـی ناوەنـد پارێـزراو بـوون، بیهـەوێ لـە دەرچوونـی هـەر جـۆرە سـزایەکی تونـد بەسـەر تۆمەتبارەکانـدا، وەک دەرفەتێـک بـۆ گەڕانـەوەی نفـووزی لـە دەسـتچووی خۆیـان لـە ناوچـەدا کەڵـک وەربگـرن، بۆیـە دەبـێ ئـەو ئەگەرەشـمان لەبەرچـاو بێـت.

شـا لـە نێـوان دوو حـەزدا دڕدونگـە. لـە نێـوان حـەزی بـۆ ڕازیکردنـی ئەرتـەش کـە خوازیـاری لەسـێدارەدانی قـازی محەمـەد و ژێردەسـتەکانیەتی لەلایـەک و ئاگاداربـوون لـەوەش کـە خێڵـە کوردەکانـی ئازەربایجـان، یـا دەتوانـن وەک بەربەسـتێک لـە بەرانبـەر پەرەسـەندنی سـۆڤیەت لـە باکـووری ئێـران بجووڵێنـەوە، یـا دەتوانـن بـە هەڵبژاردنـی دووبـارەی هەڵوێسـتێک کـە تـا ئـەم دواییانـەش هەیانبـوو، وەک ئامرازێـک بـۆ بەرەوپێشـچوونی سیاسـەتی سـۆڤیەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بجووڵێنـەوە، دڕدۆنـگ ماوەتـەوە. جیـا لـەوەش شـا ئـەوەش دەزانـێ کـە گرتنەبـەری سیاسـەتی خوێـن و پـۆڵا لـە کوردسـتان بـە هیـچ شـێوەیەک ناتوانـێ سـەرەتای سیاسـەتێکی ئازادتـر لـە بەرانبـەر خێڵـەکان بێتـە بەرچـاو، سیاسـەتێک کـە حکوومەتـی ئەمریـکا پێشـنیاری بـە حکوومەتـی ئێـران کـردووە، بیگرێتـە بـەر.

**بارزانییەکان:**

بوونـی پێنـج تـا هەشـت هـەزار کـەس لـە ئەندامانـی هـۆزی بـارزان کـە لەژێـر فەرماندەیـی سـەربزێوی بەناوبانـگ، مـەلا مسـتەفا لـە عێراقـەوە بـۆ ئێـران ڕایـان کـردووە و پـاش ڕووخانـی کۆمـاری مەهابـاد لـە ناوچـەی مەهابـاد - شـنۆ نیشـتەجێ بـوو، دۆخـی سیاسـیی کوردسـتانی ئاڵـۆز کـردووە. بارزانییـەکان دوای تاڵانـی جبەخانـەی ئەرتەشـی حکوومەتـی مەهابـاد، و لـە پێـش ئـەوەی هێزەکانـی حکوومەتـی ناوەنـدی دەستبەسـەر شـارەکەدا بگرنـەوە، بـە ئامانجـی ئـەوەی کـە لـە ئەگـەری هـەر کردەوەیەکـی ئەرتـەش بـۆ بەدواداچوونیـان، بتوانـن بەرگرییەکـی سەرسـەختانە ڕێـک بخـەن، بـەرەو ناوچـە ناوخۆییـەکان کشـاونەتەوە. مـەلا مسـتەفا و فەرماندەکانـی ژێـر فەرمانـی ئـەو، داواکاریـی ژێـنراڵ هۆمایونیـان بـۆ ڕادەسـتکردنی چەکەکانیـان قەبـووڵ نەکـرد، بـەڵام مـەلا مسـتەفا بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ ژێـنراڵ هۆمایونـی سـەبارەت بـە داهاتـووی دەسـتوپێوەندەکانی خـۆی هاتـە مەهابـاد. هەڵبـەت ئامادەبوونـی ئـەو بـۆ ئـەوەی خـۆی بخاتـە بەردەسـتی ئەرتەشـی ئێـران، بەرلـەوەی بـۆ دڵنیابـوون لـە دابینکردنـی ویسـتەکانی بگەڕێتـەوە، زیاتـر بـەو هۆیـە بـوو کـە بـە باشـی دەیزانـی تـا کاتێـک کـە چەنـد هـەزار چەکـداری خێڵەکیـی کـۆک و پۆشـتەی لـە تەنیشـت سـەربازخانە بچووکەکانـی ئەرتـەش لـە ئازەربایجـان هەیـە، ئەرتـەش ناوێـرێ هەڵسـوکەوتێکی نەشـیاوی لەگەڵـی هەبێـت. هومایونـی کـە نەیدەتوانـی بەرپرسـایەتیی دیاریکردنـی سیاسـەتی حکوومەتـی ناوەنـدی بەرانبـەر بـە بارزانییـەکان بگرێتـە ئەسـتۆی خـۆی - بەتایبـەت بـە هـۆی کاردانەوەکانـی ئـەو سیاسـەتە لـە بەرانبـەر حکوومەتـی عێـراق - مـەلا مسـتەفای بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ بەرپرسـانی بـاڵا، لەژێـر چاوەدێریـدا

نـارده تـاران. دەگوتـرێ بارزانییـەکان بـۆ گەرەنتیکردنـی ئـەوەی مـەلا مسـتەفا بـە سـڵامەتی لـە تـاران بگەڕێتـەوە، پێنـج ئەفسـەری ئێرانییـان بـە بارمتـە گرتـووە. حکوومەتـی ئێـران، داواکاریـی حکوومەتـی عێـراق بـــۆ ڕادەســـتکردنەوەی ڕێبەرانـــی بارزانییەکانـــی ڕەت کردووەتـــەوە و پێشـنیاری کـردووە کـە هـۆزی بارزانـی لـە ناوچەیـەک لـە باشـووری هەمـەدان نیشـتەجێ بکرێـن، بـەڵام ئـەم بڕیـارە، ئێرانییـەکان لـە بـواری ئەخلاقییـەوە لـە بەرانبـەر سـەرانی سـزادراوی حکوومەتـی پێشـووی مەهابـاد دەخاتـە دۆخێکـی دژوارەوە لەبـەر ئـەوەی ئـەو کارە بـە مانـای پاداشـتدان بـە مـەلا مسـتەفایە کـە لـە ڕوانگـەی پێشـێلکردنی سـەروەریی ئێرانـەوە لـە سـاڵی ١٣٢٥/١٩٤٦، تاوانـی زۆر قورسـتری کردبـوو و زۆر زۆریـش لـە قـازی محەمـەد زیاتـر لەژێـر کاریگەریـی سـۆڤیەتییەکاندا بـوو. ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە قـازی محەمـەد کـە لـە نیـوەی دووەمـی ١٩٤٦/ ناوەڕاسـتی ١٣٢٥دا وەک دڕکێـک بـوو لـە چـاوی حکوومەتـی داسـەپاوی سـۆڤیەت لـە ئازەربایجـان، سـزای لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچووبـوو.

مـەلا مسـتەفا و هۆزەکـەی بەرلـە هـەر شـتێک، خوازیـاری گەڕانـەوە بـۆ نیشـتمانی خۆیـان لـە بەرزاییەکانـی باکـووری عێراقـن و گوتوویانـە کـە ئەگـەر لـە بێلایەنیـی بریتانیـا لـە هـەر جـۆرە پێکدادانێکیـان لەگـەڵ حکوومەتـی عێـراق دڵنیـا ببنـەوە، بـە زەبـری هێزیـش بـێ دەگەڕێنـەوە عێـراق، بـەڵام بریتانییـەکان ئامـادە نیـن خۆیـان بخەنـە نـاو ئـەم کێشـەیەوە.

**شکاکەکان:**

عەمەرخــان ڕیبــەری کــوردە شــکاکەکان، لــە ١١ی دێســامبەر/٢٠ی ســـەرماوەز، لـــە گرتنـــەوەی شـــاری میانـــە بـــە دەســـتی هێزەکانـــی حکوومەتـــی ناوەنـــدی ئـــاگادار کرایـــەوە و ئـــەو پلانـــە ســـەرەتاییەی خســـتە بـــواری جێبەجێکردنـــەوە کـــە دوو مانـــگ پێشـــتر، لـــە تەورێـــز، کونســـوولیار دوهێـــری لـــێ ئـــاگادار کردبـــووەوە. ئـــەو پلانـــە بریتـــی بـــوو لـــە دەرهێنانـــی شـــارەکانی ڕەزاییـــە (ورمـــێ)، شـــاهپوور (ســـەڵماس)، خـــۆی و مەرەنـــد لـــە دەســـتی دێموکراتـــەکان و پاراســـتنیان تـــا ئەوکاتـــەی هێزەکانـــی ئەرتـــەش لـــە باشـــوور و ڕۆژهەڵاتـــی ئازەربایجانـــی ڕۆژئـــاوا (پارێـــزگای ورمـــێ)وە دەگەنـــەوە یـــەک. حەبیـــب ئەمیـــری، نوێنـــەری عەمەرخـــان بـــە ئەفســـەری نووســـەری ئـــەم ڕاپۆرتـــەی گوتـــووە کـــە شـــکاکەکان، بەرانبـــەر بـــەو دێموکراتـــە ناسراوانـــەی لـــە کاتـــی کۆنترۆڵکردنـــی شـــارەکان کەوتوونەتـــە دەســـتی ئـــەوان، "کـــەم لوتـــف" بـــوون. بـــە ئەگـــەری زۆر، مەبەســـتی لـــەو "کـــەم لوتفی"یـــە، کوشـــتاری هەمـــوو ئـــەو بەرپرســـە دێموکراتانەیـــە کـــە هەوڵیـــان دابـــوو عەمەرخـــان ناچـــار بکـــەن هاوکاریـــی حکوومەتـــی داســـەپاوی تەورێـــز بـــکات، هەروەهـــا مەبەســـتی تـــاڵان و شـــەڕەتەقەیەکی تێروتەســـەلە بـــە شـــێوەیەک کـــە لەنێـــو کوردەکانـــدا بـــاوە و لـــە هـــەر دەرفەتێـــک کـــە وەدەســـتیان بکـــەوێ ئـــەم کارە دەکـــەن، بـــەڵام بەگشـــتی وا پێدەچێـــت بەهـــۆی دەســـەڵاتی پۆڵاییینـــی عەمەرخـــان لەســـەر دەســـتوپێوەندەکانی، کـــوردە شـــکاکەکان بەگشـــتی هەڵســـەوکەوتێکی باشـــیان لـــە خۆیـــان پێشـــان دابێـــت.

عەمەرخـــان لـــە هەوڵێکـــدا بـــۆ بەســـتنی ڕێـــگای هەڵاتنـــی پیشـــەوەری بـــەرەو ســـۆڤیەت، خـــۆی ڕێبەرایەتیـــی هێزێکـــی کـــرد کـــە لـــە ســـەد ســـواری شـــکاک پێـــک هاتبـــوون و بـــە خێرایـــی بـــەرەو مەرەنـــد چـــوون.

بــە گوتــەی حەبیــب ئەمیــری، ئــەو هێــزە تەنیــا دوو کاتژمێــر پــاش تێپەڕینــی ئۆتۆمبێلەکانــی پیشــەوەری گەیشــتنە مەرەنــد و نەیانتوانــی ئەرکەکەیــان جێبەجــێ بکــەن. عەمەرخــان لــە مەرەنــد چاوەڕێــی هێزەکانــی حکوومەتــی ناوەنــدی مایــەوە و پــاش گەیشــتنی ئــەو هێزانــە خــۆی بــەرەو تەورێــز ڕۆیشــت و لــەوێ وەک نیشــتمانپەروەرێکی ڕاســتەقینەی ئێرانــی پێشــوازیی لــێ کــرا.

کاتێــک ســەرهەنگ زەنگەنــە، پارێــزگاری نوێــی ڕەزاییــە (ورمــێ)، تەورێــزی بــەرەو ڕەزاییــە (ورمــێ) بەجــێ هێشــت، عەمەرخانیــش لــە ڕێــزی هاوڕێیانــی ئــەودا، پێگەیەکــی بــاڵای هەبــوو. زەنگەنــە لــە ڕەزاییــە (ورمــێ) ســەرانی کــوردی ناوچەکــەی کــە هەموویــان هاوڕێیانــی عەمەرخــان بــوون، بانگهێشــتی کۆبوونەوەیــەک کــرد و تەنیــا زێــڕۆ بــەگ لــە هــۆزی هەرکــی لــەم کۆبوونەوەیــەدا ئامــادە نەبــوو. ئــەو دەترســا بەهــۆی پێوەندیــی نزیکــی لەگــەڵ کونســوولگەریی ســۆڤیەت لــە ڕەزاییــە (ورمــێ)، دەستبەســەر بکرێــت. بــە گوتــەی حەبیــب ئەمیــری، نوێنــەری عەمەرخــان، لــەم کۆبوونەوەیــەدا هەماهەنگییەکــی تــەواو لــە نێوانیانــدا هەبــوو. کــوردەکان قەبووڵیــان کــرد ملکەجــی هەمــوو فەرماندەکانــی حاکمــی ســەربازی بــن. پرســی چەککرانــی خێڵــەکان نەخرایــە بەربــاس. ســەرهەنگ زەنگەنــە، تاوتوێکردنــی ئــەم باســەی خســتە کاتێکــی دیکــە کــە ئاسایشــێکی زیاتــر لــە ناوچەکــە بەرقــەرار بووبێــت. لــە پــاش ئــەم کۆبوونەوەیــە، عەمەرخــان گەڕایــەوە بنکەکــەی خــۆی لــە زندەشــت.

لــە ســەرەتای ژانویــە/ کۆتایــی بەفرانبــار، شــکاکەکان ســەرەنجام ئــەو فەرمانەیــان لــە ڕەزاییــە (ورمــێ)وە پــێ گەیشــت کــە لێــی دەترســان: دەبــوا هەمــوو چەکەکانــی خۆیــان ڕادەســتی هێــزە ســەربازییەکان بکــەن. لــەم ماوەیــەدا کــە ئەمیــری بــەرەو تــاران بــەڕێ کــرا تــا چەنــد

نووسراوەیەک بدات بە سەرۆکوەزیران، قەوام، و وەزیری جەنگ و ئەمیر ئەحمەدی، عەمەرخان و سەرۆکەکانی ژێرفەرمانی ئەو، کاتیان دەکڕی. ئەمیری بەر لەوەی نووسراوەکان بداتە قەوام و ئەمیر ئەحمەدی، نوسخەیەک لە هەرکامیانی دایە ئەفسەری نووسەری ئەو ڕاپۆرتە. قسەی گشتیی ئەوان ئەوەیە کە شکاکەکان دژی چەککرانیان لەلایەن ئەرتەشەوە نین، بەڵام جەخت دەکەنەوە کە بۆ ئەم مەبەستە، یان دەبێ بەڵێن بدەن کە بۆ ڕێگریکردن لە هێرشی هۆزەکانی دیکە لەوبەری سنوورەکانی تورکیە و عێراقەوە، هێزی پێویست بنێردرێتە ئەو ناوچەیە، یان دەبێ ڕێگایان پێ بدەن بۆ پاراستنی خۆیان بە گوێرەی پێویست چەکیان هەبێت. بە قسەی ژێنراڵ نۆرمەن شوارتسکۆف، ڕاوێژکاری ژاندارمێریی ئێران، مەترسیی تاڵانچێتیی کوردەکانی ئەوبەری سنوور بۆ کوردەکانی ئێران مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و ئەو پێشنیاری داوەتە شا بۆ ئەوەی لەجێی ئەوەی هەموو خێڵە کوردەکان چەک بکرێن، کەسانی بەرپرسی خێڵەکان ڕێگایان پێ بدرێت چەکەکانیان لەلای حکوومەت تۆمار بکەن و ڕای بگرن و ئەرکی پاراستنی سنوورەکان لە بەرانبەر تاڵانکارییەکانی کوردەکانی تورکیە و عێراقیش بەوان بسپێردرێت. دەقی تەواوی نووسراوەکانی سەرکردەکانی شکاک، بە شێوەی هاوپێچی ٢ و ٣ و ٤ی ئەم ڕاپۆرتە، هاوپێچ کراوە.

**حکوومەتی ناوەندی:**

یەکێک لە لایەنە خراپەکانی دۆخی کوردەکانی ئێران ئەوەیە، کە حکوومەت هێشتا بۆ پێڕاگەیشتن بە دۆخی خێڵەکان سیاسەتێکی یەکپارچەی ڕانەگەیاندووە. پێدەچێت سەرۆکوەزیران قەوام بیهەوێ سیاسەتی نەریتیی سەرکوت وەلا بنێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەرتەش دەیهەوێ سیاسەتێک لەسەر بنەمای خوێن و پۆڵا بگیرێتە بەر: سزای لەسێدارەدانی ڕێبەرانی مەهاباد، حکوومەتی سەربازی بۆ هەموو ناوچە خێڵەکییەکان و چەککرانی ئەوان بەتەواوی، سەرەڕای ئەوەی ئەرتەش ناتوانێ ئاسایشی ئەو ناوچانە بپارێزێت. شا وەک فەرماندەی گشتیی ئەرتەش، بۆ گەڕاندنەوەی سیاسەتی کلاسیکی کۆنترۆڵی سەربازی لەژێر گوشاری دایمیدایە. لەڕاستیدا وا پێدەچێت پێویست بەم گوشارە نەکات، لەبەر ئەوەی بە ڕواڵەت تەنانەت ئەگەر نەشڵێین خاوەنی ئەو توانایییەیە، لانیکەم مەیلی هەنگاونان لەجێ پێی باوکی و چارەسەرکردنی توندوتیژانەی کێشەی خێڵەکانی تێدا دەبینرێت، بەڵام ئەو لەمەڕ گرتنەبەری سیاسەتێک کە دەتوانێ بۆچوونی ئەرێنیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران لەناو ببات دڕدۆنگە؛ بەتایبەتیش کە ئەم سیاسەتە، پاساوێکی ئەخلاقیی ئەوتۆی نییە. باڵوێز **جۆرج ئالێن،** حکوومەتی ئێرانی لە ڕاسپاردەی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەمەڕ ئەوەی کە گرتنەبەری سیاسەتێکی خێڵەکیی ئازادتر دەتوانێ ئامانجێکی باشتر بێ کە ئێران ڕووی تێ بکات، ئاگادار کردووە. لە ئەنجامدا پێدەچێت سەرەڕای حەزی شا و دژایەتیی قەوام

بـــۆ ویســـتی ئەرتـــەش، دەوڵەتـــی ئێـــران ناچـــار دەبـــێ لـــە بەرانبـــەر کـــوردەکان و ڕەنگـــە خێڵـــە گرینگەکانـــی دیکـــەی ئێرانیـــش، سیاســـەتێکی نەرمـــتر بگریتـــە بـــەر.

## بەڵگەی ژمارە: ١٠٦

*ب-ژمارە ٦١-٣*

*هاوپێچی ژمارە ٢ بە نامەی ژمارە ٢٧٥، ڕێکەوتی ١٩٤٧/١/٢٧*

*لەژێر ناوی: "کوردەکانی باکوور لە پاش داڕمانی کۆماری گەلی کورد"*

*(١٩٤٧/١/١٣) (١٣٢٥/١٠/٢٣)*

حەزرەتی ئەشرەف، قەوامولسەڵتەنە، سەرۆکوەزیرانی ئێران، داواکارین ئەو نووسراوەیە پیشکەشتان بێت.

حەزرەتی ئەشرەف لە ڕابردووی من ئاگادارن. حەزرەتی ئەشرەف بە باشی دەزانن کە بۆ خزمەتکردن بە نیشتمان و حکوومەت، هەرچی لە توانامدایە کردوومە و لە بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی حکوومەتدا نەفەری یەکەم بووم. لە پاش هەشت ساڵ زیندانی بەبێ هۆ و بێتاوان، لەو ماوەیەدا لە ژیان بێبەش بووم. لە پاش ئازادبوونم بۆ جێگیربوونی نەزم و یاسا و ئاسایش لە ناوچەی خۆم، هەموو هەوڵی خۆمم داوە و ئیزنم نەداوە کەس دەست بۆ ماڵی کەس درێژ بکات. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، لە بەرانبەر هەر جۆرە گوشارێکدا خۆڕاگر بووم. بەڵگەکان دەری دەخەن کە هیچکات لەدژی حکوومەت کارێکم نەکردووە و هەنگاوێکم هەڵنەهێناوەتەوە. لەڕاستیدا هەمیشە لایەنگری حکوومەت بووم. لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا لە ڕێگای بەڕێز ئەمیرییەوە چەند پەیامێکم لە حەزرەتی ئەشرەفەوە پێ گەیشت. هیچکات گوێم نەدایە تەلەگرافە یەک لە دوای یەکەکان پیشەوەری و پشتگوێم

خســتن. بەڵکــوو بــە پێچەوانــەوە دژایەتیــی ئەوانــم کــرد و ڕێــگام نــەدان لــەم ناوچەیــە هیــچ دەســتکەوتێکیان هەبێــت. ئێســتا شــوکری خــوا دەکەیــن کــە بــە گەڕانــەوەی ئەرتەشــی شاهەنشــایی، جارێکــی دیکــە ئاسایشــمان هەیــە. بــۆ بەڕێوەبردنــی هــەر جــۆرە فەرمانێــک کــە لەلایــەن حەزرەتــی ئەشرەفــەوە دەربچــێ ئامــادەم و ئەمرەکانتــان بەڕێــوە دەبــەم.

کاک حەبیــب ئەمیــری، نوێنــەری هــۆزی شــکاک باقــی قســەکان دەگەیەنێتــە خزمــەت حەزرەتــی ئــەشرەف.

عەمەر شەریفی

سەرۆکی هۆزی شکاک

**بەڵگەی ژمارە: ١٠٧**

*ب-ژمارە ٦١-٤*

*هاوپێچی ژمارە ٣ بە نامەی ژمارە ٢٧٥، ڕێکەوتی ٢٧ی ژانویەی ١٩٤٧ لەژێر ناوی: "کوردەکانی باکوور دوای داڕمانی کۆماری گەلی کورد"*

*(١٩٤٧/١/١٣) (١٣٢٥/١٠/٢٣)*

حەزرەتی ئەشرەف، قەوامولسەڵتەنە، سەرۆکوەزیرانی ئێران، ئێمە خزمەتگوزارانی هۆزی شکاک ئەو خاڵانەی خوارەوەتان پێ ڕادەگەیەنین:

یەکەم و پێش هەر شتێک سپاسی خوا دەکەین بۆ سەربەخۆیی ئێران و سڵامەتیی شاهەنشا و حەزرەتی ئەشرەف.

پاشان حەزرەتی ئەشرەف باشتر دەزانن لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا تا چ ڕادەیەک لەژێر گوشار و ستەمی خائینان و جەنایەتکاراندا بووین. ئێستا کە بە گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشایی، چاوی نەیاران کوێر و دەستی تاوانباران لە داوێنی دایکی نیشتمانی خۆشەویستمان کورت بووەتەوە، لەژێر سەرنج و کەرەمی مەزنان دەتوانین ژیانێکی شەرافەتمەندانە بگرینە بەر و شوکری خوا دەکەین.

ئێستا ئەرتەشی شاهەنشاهی داوای لێ کردووین چەک و تەقەمەنییەکانمان ڕادەست بکەین. هەڵبەت حەزرەتی ئەشرەف بە باشی ئاگادارن کە ساڵیانی ساڵە کە هۆزە ئێرانییەکان لەگەڵ هۆزە کوردەکانی تورکیە دوژمنایەتییان هەیە. هەموو هۆزەکانی

تورکیـە چەکـدارن و ئەگـەر غوڵامـان لـە دۆخـی ئێسـتادا چـەک بکرێـن، بـە سـەرنجدان بـەوەی کـە ئێسـتا سـنوورەکان ناپارێزرێـن، ئـەوان ژن و منداڵـی ئێمـە بـە دیـل دەگـرن و ژیانـی ئێمـە بـە تـاڵان دەبـەن. لـەم ڕووەوە بەوپـەڕی خۆبەکەمزانینـەوە تـکا لـە حەزرەتـی ئـەشرەف دەکەیـن، فەرمـان بـە ئەفسـەرانی بەرپـرس بکـەن سـنوورەکان بەدەسـتەوە بگـرن و پـاش ئـەوەی دڵنیـا بووینـەوە کـە گیـان و ماڵـمان لـە دەسـتدرێژیی چەتـە و تاڵانچییـەکان پارێـزراو دەبـێ، خۆمـان هەمـوو چەکەکانمـان ڕادەسـت دەکەینـەوە و لەوپـەڕی ئاسـوودەیی و ئاسایشـدا، دوعـای سـڵامەتی بـۆ حەزرەتـی ئـەشرەف دەکەیـن.

ئێسـتا ئێمـە لـەو چەکانـە بـۆ پاراسـتنی خۆمـان لـە بەرانبـەر دەسـتدرێژیی خەڵکـی دیکـە کەڵـک وەردەگریـن و ئەگـەر حەزرەتـی ئـەشرەف بڕیـار بـدەن، خۆمـان سـنوورەکان دەپارێزیـن و لـەو ناوچانـەی کـە بـە ئێمـە بسـپێردرێن، بەرپرسـیارێتیی هـەر ڕووداوێکـی نەخـوازراو وە ئەسـتۆ دەگریـن.

بەهەرحـاڵ بەهـۆی ئـەوەی کاک حەبیـب ئەمیـری ماوەیەکـی زۆر لێـرە کاری کـردووە و بـۆ ڕاکێشـانی دۆسـتایەتیی خەڵـک زۆرتریـن هەوڵـی داوە و بـواری ئەوەشـی خـۆش کـردووە کـە قسـەی ئێمـە بگاتـە خزمـەت حەزرەتـی ئـەشرەف و ناوچەکـەش بـە باشـی دەناسـێت، ئـەو بەڕێـزە وەک نوێنـەری خۆمـان بـە حەزرەتـی ئـەشرەف دەناسـێنین تاکـوو بـە شـێوەی زارەکـی و لـە خزمەتتانـدا قسـەکانی ئێمـە بگەیەنـێ و ڕوونکردنـەوەی پێویسـتیان لەسـەر بـدات.

چاوەڕوانی ئەمری حەزرەتی ئەشرەف:

تاهیـر سـمیتکۆزادە، شـێرۆ پسـاغا، قوتـاز مامـەدی، عەبـاس فەنـەک، حەسـەن هنـارە  محەمـەد ئیسـماعیل، سـەرتیپ مامـەدی.

بەڵگەی ژمارە: ١٠٨

*ب-ژمارە ٦١-٥*
*هاوپێچی ژمارە ٤ بە نامەی ژمارە ٢٧٥، ڕێکەوتی ٢٧ی ژانویەی ١٩٤٧ لەژێر ناوی: "کوردەکانی باکوور لە پاش داڕمانی کۆماری گەلی کورد"*
*(١٣٢٥/١٠/٢٣) (١٩٤٧/١/١٣)*

وەزارەتی جەنگی شاهەنشاهی، داواکارین ئەو خاڵانەی خوارەوە لە خزمەتتان عەرز بکەین:

خزمەتکاران لە عەشیرەتی شکاک تکاکارین داواکارییەکانمان پێشکەشتان بکەین. لەلایەن ئەرتەشی شاهەنشاهییەوە داوامان لێ کراوە چەکەکانمان ڕادەست بکەین. لەبەر ئەوەی سنوورەکان ناپارێزرێن و بەرپرسیارێتیی پاراستنی ئەو سنوورانە لە ئەستۆی کەس نییە و خزمەتکاران لەگەڵ خێڵەکانی تورکیە دوژمنایەتیمان هەیە کە هێشتاش بەردەوامە، ئەگەر لە دۆخی ئێستادا چەکەکانمان ڕادەست بکەین، خێڵەکانی تورکیە لەناومان دەبەن و ئەوەی هەمانە بە تاڵانی دەبەن.

بۆیە بەوپەڕی خۆبەکەمزانییەوە داوا لە وەزارەتی جەلیلە دەکەین کە بۆ جێگیرکردنی هێزی پێویست بە درێژایی سنوورەکان فەرمانی پێویست بدەن و پاش دڵنیابوون لەوەی کە ماڵ و گیانمان لە مەترسیی لەناوچوون و بەتاڵانبردندا نییە و پاش وەرگرتنی بەڵێنیی پێویست لەلایەن وەزارەتخانەوە لەسەر ئاسایشی خۆمان، چەکەکانی خۆمان ڕادەست دەکەین. هەنووکە بەو چەکانەی کە

بـە دەسـتمانەوەیە خۆمـان دەپارێزیـن و دڵنیایـن کـە وەزارەتـی جەلیلـە بـە لەناوچوونـی خۆمـان و بـە تاڵانچوونـی داراییـمان ڕازی نییـە.

لــە خزمــەت حکوومــەت و وڵاتــی خۆشەویســتی خۆمــان بــە هــەر شـێوەیەک کـە وەزارەتـی جەلیلـە پێـی بـاش بێـت، ئامادەیـن و چاوەڕێــی فەرمانــی ئێوەیــن.

تاهیـر سـمیتکۆزادە، شـێرۆ پسـاغا، قۆتـاز مامـەدی، عەبـاس فەنـەک، حەسـەن هنـارە، محەمـەد ئیسـماعیل، سـەرتیپ مامـەدی.

**بەڵگەی ژمارە: ١٠٩**

*ب-ژمارە ٦٢*
*وەزارەتی دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، کۆنترۆڵ ٨٣٢١، نهێنی*
*ڕێکەوتی وەرگرتن: ١٩٤٧/١/٢٨ (١٣٢٥/١١/٨)*
*لە تارانەوە بۆ وەزیری دەرەوە*

کۆکردنــەوەی بڕێکــی بەرچــاو چــەک کــە لەدەســت خەڵکێکــی جۆراوجــۆر و بەتایبەتیــش کوردەکاندایــە، کێشــەیەکی ســەرەکییە کــە حکوومەتــی ئێــران لــە پــاش گرتنــەوەی ئازەربایجــان ڕووبــەڕووی بووەتــەوە. یەکــەم هەنــگاو بــۆ چەککردنــی کــوردەکان کێشــەی بارزانییەکانــە. هۆزێکــی شــەڕڤانی کــورد کــە لــە ١٩٤٥دا لــە عێراقــەوە هاتنــە نــاو ئێــران و هێــزی ســەرەکیی چەکــداری "کۆمــاری کورد"یــان پێــک دێنــا کــە لــە کاتــی ڕاپەڕینــی کوردەکانــی ئازەربایجــان و بــە ســەرۆکایەتیی قــازی محەمــەد و بــە پشــتیوانیی ســۆڤیەت پێــک هــات.

دەگوتــرێ ئــەو بارزانییانــەی لــە ئێــران نزیکــەی ١٠ هــەزار کەســن و٣٠٠٠ چەکیــان پێیــە، ئێســتا لــە ٢٥ مایلیــی ســنووری عێــراق و نزیــک٥٠ مایلیــی شــوێنی یەکگرتنــی ســنووری ئێــران و تورکیــە و عێــراق نیشــتەجێن. ئــەو ناوچەیــەی ئــەوان بــە نیشــتمانی خۆیانــی دەزانــن، هێندێــک دوورتــر لــە ســنووری نێــوان ئێــران و عێــراق و لەنــاو خاکــی عێراقــدا هەڵکەوتــووە. مــەلا مســتەفا ڕێبــەری ئــەوان، لــە مــاوەی دوو حەفتــەی ڕابــردوودا و بــەو گەرەنتییــەی کــە پێــی درابــوو، لــە تــاران بــووە، بــەڵام ڕۆژی ڕابــردوو ئیزنــی پــێ درا بگەڕێتــەوە نــاو هۆزەکــەی خــۆی. دەگوتــرێ پێنــج ئەفســەری ئێــران بــۆ گەرەنتیکردنــی گەڕانــەوەی

مەلا مستەفا بە سڵامەتی، لەلای هۆزەکەی ئەو بە بارمتە گیراون.

کاتێک ئەو لێرە بوو هەوڵی دەدا بۆ گەڕانەوەی هۆزەکەی بۆ عێراق ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە. دەگوترێ حکوومەتی عێراق ئامادەیە جگە لە مەلا مستەفا و١١٠ کەس لە سەرانی بارزانی کە فەرمانی گیرانیان لەسەرە، لەو بارزانییانەی دیکە کە لە ئێراندان خۆش بێ و ڕێگای گەڕانەوەیان پێ بدات. مەلا مستەفا دەڵێ یا هەموو بارزانییەکان پێکەوە دەڕۆنەوە، یا هیچکەس ناڕواتەوە. ئەو بە ڕەزامەندیی ئێرانییەکان، بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بریتانییەکان بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر حکوومەتی بەغدا بۆ دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی، هەوڵی دا لەگەڵ باڵوێزخانەی بریتانیا پێوەندی بگرێت، بەڵام لێروژوتێل (باڵوێزی بریتانیا لە تاران)، بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی پێی گەیشتووە ئامادە نەبوو پێشوازیی لێ بکات. مەلا مستەفا وتوویەتی ئەگەر ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان قەبووڵ بکەن کە بێلایەن بمێننەوە، ئەو لە ئەرتەشی عێراق ناترسێت و ڕێگای گەڕانەوەی خۆی بە شەڕ دەکاتەوە.

ئێرانییەکان حەز دەکەن کێشەکە چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوەی بوونی کە ئەم شەڕکەرە چەکدارانە لەناو ئێراندا بە هەڕەشەیەکی بەردەوام دەزانن کە بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی ئێرانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. بەرپرسانی ئێرانی نیشتەجێکردنی بارزانییەکان لە دەوروبەری هەمەدانیان تاوتوێ کردووە، هەرچەند ئەم بابەتە کارێکی زۆر پڕ تێچوو و مەترسیدارە، بارزانییەکان دەڵێن جگە لە بەرزاییەکانی نیشتمانی خۆیان لە عێراق، شوێنێک کە١٥٠٠٠ بارزانی دیکە هەر وا لەوێ دەژین، لە شوێنی دیکە ئارام ناگرن.

لەسەر داوای سەرۆکی ئەرکانی ئەرتەشی ئێران، چەند ڕۆژ

لەمەوبەر لە ماڵی کۆلۆنێل سکستۆن ڕاوێژکاری سەربازیی باڵوێزخانە، گفتوگۆیەکم لەگەڵ مەلا مستەفا هەبوو. سەردێڕی پلانی منداڵانەی مەلا مستەفا بەم شێوەیەیە: لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزێکی زاڵ و خوازیاری دادپەروەری بۆ هەموو خەڵکە، ئەو دەیهەوێ خۆی بە نیازپاکیی ئێمە بسپێرێ، تاکوو ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و ئینگلیز کێشەکە چارەسەر بکەین. پێم گوت ئەوە کێشەی ئێمە نییە و هیچ کارێکمان لەدەست نایە.

شەوی ڕابردوو شا داوای کرد لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ من گفتوگۆ بکات. وتم کە پێم وایە ئەم کێشەیە دەبێ بە دانوستانێکی ڕاستەوخۆ و دۆستانەی نێوان بەرپرسانی ئێرانی و عێراقی بسپێردرێت، لەبەرئەوەی عێراق ئەو نیعمەتەی پێ بڕاوە کە بە گوێرەی نەخشە، نیشتمانی بارزانییەکان لەناو خاکی وڵاتەکەیدایە، حکوومەتی بەغداش، ئامادە دەبێ کە بەشێک لەم بەرپرسیارێتییە بگرێتە ئەستۆ. شا سەبارەت بە ئەرکی ئێران بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی کە پێویست دەکا ئەم پەنابەرانە بەرلە گەڕانەوەیان بۆ خاکی خۆیان چەک بکرێن، نیگەرانیی خۆی دەربڕی.

ئەمە کێشەیەکی دژوارە و بۆ هەموو کوردستان گرینگایەتییەکی بەرچاوی هەیە. ئەگەرچی کەڵکەڵەی سەرەکیی ئێمە نییە، بەڵام لە ناوچەیەکدا کە ئەوەندە سەبارەت بە پیلانی دەرەکی هەستیارە، هەر کارێکمان لەدەست بێت بەسوود دەبێت. لە هەر بۆچوونێک لەمبارەیەوە کە ڕەنگە وەزارەتخانە، یا باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغدا هەیبێت، پێشوازی دەکەین.

بە ژمارە ٧٦ بۆ وەزارەتخانە نێردرا. بە ژمارە ١١ بۆ بەغدا دووبارە کرایەوە.

**بەڵگەی ژمارە: ١١٠**

*ب-ژمارە ٦٣*
*وەزارتی دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، نهێنی، کۆنترۆڵ ٢٢٩٥*
*ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢/٨/ ١٩٤٧ (١٣٢٥/١١/١٩)*
*لە لەندەنەوە بۆ وەزیری دەرەوە*

پایمەن لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، دوێنێ لەبارەی مەلا مستەفا و دەستوپێوەندەکانییەوە کە لە ئێرانن وتی:

وەزارەتی دەرەوە ئاگادارە مەلا مستەفا لە تاران لەژێر چاوەدێریی پۆلیسدایە و ژمارەی کەسەکانی (بە پیچەوانەی ژمارەی ١٠ هەزار کە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٤٧٦ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕێکەوتی ٣ی ژانویەدا هاتبوو،١٥٠٠ کەسە). ئەگەرچی عێراقییەکان دەخوازن ئێرانییەکان هەموو ئەو کەسانە چەک بکەن و لە کۆت و زنجیردا ڕادەستی عێراقییەکانیان بکەنەوە، بەڵام ئێرانییەکان ئەوەیان قەبووڵ نەکردووە و لە ئەنجامدا گەیشتوونەتە بنبەست. لەبارەی خودی مەلا مستەفاشەوە، وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا پێی وایە عێراقییەکان ڕازین کە ئەو لە ناوچەیەکی دوور لە سنووری عێراق، بۆ ماوەیەکی نادیار لەژێر چاوەدێریی پۆلیسدا بێت. پایمەن دەڵێ: ئێرانییەکان هەوڵیان داوە پێی بریتانییەکانیش بکێشنە ناو ئەم کێشەیەوە، بەڵام ئەوان بە هیچ شێوەیەک نەچوونەتە ژێر بار و هەر بەم هۆیەش داواکاریی مەلا مستەفا بۆ دیدار لەگەڵ باڵوێزی بریتانیا ڕەت کراوەتەوە.

بــە ژمــارە ٨٥٩ بــۆ وەزارەتخانــە نێــردرا، بــە ژمــارە ٧ بــۆ تــاران دووبــارە کرایــەوە.

گاڵمەن

## هەوڵـە بـێ ئەنجامەکانـی عەمەرخـان بـۆ پێشـگیری لـە لەسـێدارەدانی قـازی محەمـەد:

کۆنسـولی سـۆڤیەت لـە تەورێـز بـە نـاوی «کراسـنیخ» لـە بیرەوەرییەکانیـدا دەنووسـێ:

ڕۆژی ١٩٤٧/٢/١٠ مـن سـەردانی کۆنسـوڵیاری ئەمریکایـی بـە نـاوی «دوهێـر»م کـرد، کـە لـە تارانـەوە بـە شـێوەیەکی کاتـی هاتبـووە تەورێـز. ناوبـراو ئـەوکات لـە باڵوێزخانـەی ئەمریـکا لـە تـاران لەسـەر عەشـیرەتەکانی باشـووری ئێـران و لەسـەر کـوردەکان کاری دەکـرد. لەبەرئـەوەی ئـەو سـەردانی ورمێـی کردبـوو، بۆیـە لێـم پرسـی: کـە گەلـۆ ڕەوشـی ورمـێ چۆنـە، لـەوێ ئارامـی و ئەمنیـەت هەیـە؟ ئەویـش بـەم شـێوەیە وەڵامـی دامـەوە:

«ئێسـتا لـەوێ بـە ڕواڵـەت ئارامـی هەیـە، بـەڵام لەڕاسـتیدا ئێسـتاش وەهـا نییـە. لـەوێ ئازاردانـی ئەرمەنـی و ئاسـوورییەکان و دەرکردنیـان هەیـە. بەداخـەوە سیاسـەتی دەوڵەتـی ئێرانیـش لـە توندڕەوییەکـەوە بـەرەو توندڕەوییەکـی دیکـە دەگۆڕێـت. ڕەوشـی کوردسـتانیش تـا ئێسـتا نادیـار و نەرێنییـە، بـەڵام قـازی محەمـەد کەسـی هـەرە پێشـکەوتوو لـە کوردسـتانە. لـەوێ بـۆم دەرکـەوت کـە کەسـێک تەنیـا لەبەرئـەوەی کـە جیـاواز بیـر دەکاتـەوە، سـزای کوشـتنی بەسـەردا دەسـەپێندرێت، کـە ئەمـە شـتێکی مەترسـیدار و جێـگای سەرسـوورمانە. قـازی محەمـەد هیـچ تاوانێکـی ئەنجـام نـەداوە».

هەروەهـا نووسـیویەتی: دوهێـر لـە بەردەوامیـی ئاخافتنەکانیـدا گوتـی:

«مـن «عەمەرخان»یشـم بینـی. عەمەرخـان پێـی گوتـم کـە ئەگـەر

تاڵــە موویــەک لەســەری قــازی محەمەدکــەم بــێ، هەمــوو کوردســتان ڕادەپەڕێــت».

کراسـنیخ لـە درێـژەی بیرەوەرییەکانیـدا بـاس لـەوە دەکات کاتێـک ئـەو قسـانەی دوهێـرم گـوێ لـێ بـوو، گەیشـتمە ئـەو ئەنجامـە کـە، ئەمریکاییـەکان بـۆ گۆڕینـی بڕیـاری لەسـێدارەدانی قـازی محەمـەد و براکـەی، هـەوڵ دەدەن کـە ئـەو بڕیـارە جێبەجـێ نەبێـت.

**بەڵگەی ژمارە: ١١١**

*ب-ژمارە ٦٤*

*وەزارەتی دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو. نهێنی، ژمارەی کۆنترۆڵ ٤٨٧٧*

*ڕێککەوتی وەرگرتن ١٩٤٧ /٢/١٥ (١٣٢٥/١١/٢٦)*

*لە تارانەوە بۆ وەزیری دەرەوە*

کونسوولیار دوهێر لە کاتی سەردانێکی کاتی بۆ تەورێز لە حەفتەی ڕابردوودا بۆ تاوتوێکردنی دۆخی گشتیی سیاسی و بەتایبەتیش دۆخی گوندەکانی مەسیحی و ئاشوورییەکان لە ناوچەی ڕەزاییە (ورمێ) کە لە کاتی نەبوونی سیستەمی ئیداری و لە پاش دارِمانی حکوومەتی دێموکراتەکان لەلایەن موسوڵمانەکانەوە تالان کراون، سەردانێکی سێ ڕۆژەی بۆ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (پارێزگای ورمێ) هەبوو. سەردانی چەند گوندێکی تاڵانکراو و دیدار لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی، سەرانی کۆمەڵەی ئاسووری و بیانییەکانی نیشتەجێی ڕەزاییە (ورمێ)، دوهێری هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە ئەو کوشتارەی دەگوترێ گیانی٢٠٠ موسوڵمان و مەسیحیی ئەستاندووە، تەنیا هاندەری سیاسیی لەپشت بووە، بەڵام تاڵانکردنی گوندەکانی ئاسوورییەکان، بەهۆی دوژمنایەتیی دینییەوە بووە. بێ هەڵوێستیی ئەرتەشی ئێرانیش پەرەی بەم شتە داوە. تاڵانەکە پێش گەیشتنی ئەرتەش بە ناوچەکە دەستی پێ کرد، بەڵام لانیکەم دە ڕۆژ پاش گەڕانەوەی ئەرتەشیش درێژەی هەبوو. ڕەنگە چوونی کاردارێکی سەربازیی فەرانسە بۆ ڕەزاییە (ورمێ)، سێ ڕۆژ پاش

ڕووخانـــی حکوومەتـــی تەورێـــز، کاریگەریـــی لەســـەر پیشـــگیری لـــە کوشـتاری مەسـیحییەکان بـە هـۆکاری ئایینـی هەبووبێـت. سـەردانەکانی کارداری ســـەربازیی بریتانیـــا و ئێمـــە، کاپتـــان گاگاریـــن و دوهێریـــش، یارمەتیـــدەر بـــوو بـــۆ پێشـــگیریکردن لـــە توندوتیژیـــی زیاتـــر لەلایـــەن موســـوڵمانەکانەوە دژ بـــە مەســـیحییەکان.

دە گونــدی ئاســووری بەتــەواوی تــاڵان کــراون، تەنانــەت دەرگا و پەنجەرەکانیشـیان بـردووە. پـازدە گونـدی دیکـەش تـا ڕادەیـەک تـاڵان کــراون. توندوتیــژی و لەوانــەش دەســتدرێژیی سێکســی زۆر بەربــڵاو بـووە. لـە نێـوان سـێ تـا پێنـج هـەزار ئاسـوور و چەنـد سـەد کـەس ئەرمەنــی – جگــە لــە کەســانێک کــە لەلایــەن دراوســێ موســوڵمان و مەسـیحییەکانی خۆیانـەوە پەنـا دراون و پشـتیوانییان لـێ کـراوە – لـە بــواری خــۆراک، جلوبــەرگ و ســەرپەنادا لــە تەنگانــەدان. بۆچوونــی ئاسـوورییەکان بەگشـتی ئەوەیـە، کـە بەهـۆی مەترسـییەکانی ئەگـەری تــاڵان و کوشــتارێکی ڕێکخــراو، ناتوانــن لــە ناوچــەی ورمــێ بمێننــەوە. دووو کـەس لـە هاووڵاتییانـی ناوبـەدەرەوەی موسـوڵمانانیش پێیـان وایـە تــا ئەوکاتــەی کەمینــەی ئاســووری لــە ناوچــەی ڕەزاییــە (ورمــێ) بــن، هیـچ ئاسـۆیەکی ڕوون بـۆ چارەسـەریی کێشـەکە نابینرێـت.

پێدەچــێ کــوردەکان لەســەر ئــەو بەڵێنــەی ســاڵی ڕابــردوو قــازی محەمــەد و عەمەرخــان بــە کونســوولیار دوهێریــان دابــوو، لەســەر ئــەوەی ئەگــەر ئاژاوەیــەک ڕوو بــدات زیانێــک بــە مەســیحییەکان ناگەیەنــن، بــە تــەواوی وەفــادار مــاون. لــە ڕووداوێکــدا عەمەرخــان گرووپێـک لـە ڕەعیەتـە ناکوردەکانـی یەکێـک لـە گوندەکانـی، بەهـۆی بەشـداربوونیان لـە تاڵانـی گوندێکـی ئاسـووری لـەو دەوروبـەرە، تەمـێ کـردووە. ئـەم بابەتـە لەگـەڵ بـێ توانایـی ئەرتـەش بـۆ جێبەجێکردنـی

ئـەو بەڵێنـەی کـە سـەبارەت بـە پاراسـتنی کەمینـەکان بـە کونسـوول سـاتەنی دابـوو، ناتەباییەکـی ئاشـکرای هەیـە.

لـە ڕەزاییـە (ورمـێ)، سـەرچاوەی باوەڕپێکـراو دەڵێـن ئەرتـەش لـە ڕاگەیاندنـی دۆخـی نائاسـایی کەڵکـی وەرگرتـووە و لـەو کەسـانەی کـە بـە هاوکاریکردنـی دێموکراتـەکان تۆمەتبـارن و بەتایبـەت ئەرمـەن و ئاسـوورییەکان بـاج دەسـتێنێت. زۆربـەی تۆمەتـەکان بـێ بنەمـان و یەکێـک لـەو زیندانییانـەی باوکـی لـە ئەرتەشـی ئەمریـکادا خزمـەت دەکات، بـە گوێـرەی تۆمەتێکـی بـێ بنەمـا زیندانـی کـراوە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـی سـاڵ لەمەوبـەر. لەلایەکـی دیکـەوە، ڕەفیعـی، فەرمانـداری دێموکراتـەکان لـە ڕەزاییـە (ورمـێ) و دەسـتی ڕاسـتی پێشـەوەری لـەم ناوچەیـە کـە وەک فەرمانبـەری کونسـوولگەریی شـۆرەوی دەهاتـە ئەژمـار، ئێسـتا بـە بەرتیلێکـی زۆر گـەورە کـە داوێتـی، لـە تارانـە و ئـازادە.

ئەرتـەش بـە هیـچ شـێوەیەک ناتوانـێ ئاسایشـی ئازەربایجانـی ڕۆژئـاوا (پارێـزگای ورمـێ) دابیـن بـکات و هێشـتاش شـارۆمەندانی چەکـدار لەگـەڵ یـەک دوو سـەرباز، پاراسـتنی گوندەکانیـان لـە ئەسـتۆیە.

فەرمانـداری سـەربازیی شـاهپوور (سـەڵماس)، شـارێکی گرینـگ لـە ناوچـەی کوردنشـین، تەنیـا ئەفسـەرێکە. ئـەو دواتـر بـە دوهێـری گـوت کـە تەنیـا بوونـی گرووپێـک لـە پیاوانـی عەمەرخـان لەنـاو شـار بـوو بـە ڕێگـر لـە بەرانبـەر ئـەوەدا کـە موسـوڵمانە ناکـوردەکان، ژمارەیـەک گونـدی مەسیحی‌نشـینی ئـەو ناوچەیـە تـاڵان بکـەن. وا دیـارە هێـزی نیشـتەجێکراو لـە ڕەزاییـە (ورمـێ) لاوازتـر لەوەیـە کـە بتوانـێ گوندنشـینەکان چـەک بـکات و تەنیـا بەهـۆی ناوبژیوانیـی مسـیۆنێرە

فەرەنسییەکان بوو کە سەرەنجام هێندێک کار لەمبارەیەوە کرا.

کونسوولیار دوهێر لە کاتی ئامادەبوونی لە ڕەزاییە (ورمێ)، لەگەڵ دکتۆر شەفەق، نوێنەری پیشووی مەجلیس دیداری هەبوو کە لەلایەن سەرۆکوەزیران قەوامەوە بۆ کارێک هاتبووە ڕەزاییە (ورمێ). پێدەچێت دکتۆر شەفەق بە باشی لە دۆخی ئەمنیی ئەو ناوچەیە و بەتایبەتیش کاریگەرییەک کە دەتوانێ لەسەر کەمینەکانی ئەو ناوچەیە هەیبێ، ئاگادار بێت و چاوەڕێ دەکرێ لە پاش گەڕانەوەی بۆ تاران، ئەم بابەتە بەتەواوی لەگەڵ سەرۆکوەزیران بێنێتە بەرباس.

ئالێن

**بەڵگەی ژمارە: ١١٢**

*ب-ژمارە ٦٥-١*

*بەشی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باڵوێزخانەی ئەمریکا*

*تاران، ئێران ٢٥/ ٢/ ١٩٤٧ (١٣٢٥/١٢/٦)*

*ژمارە ٣٠٩، نهێنی/ واشینگتۆن.*

بابـــەت: ناردنـــی ڕاپۆرتـــی "سیاســـەتی کوردەکانـــی باکـــوور لـــە بەرانبـــەر حکوومەتـــی ئێرانـــدا"

بەڕێــز وەزیــری دەرەوە! بــە شــانازییەوە ڕاپۆرتێــک لەژێــر نــاوی "سیاســەتی کوردەکانــی باکــوور لــە بەرانبــەر حکوومەتــی ئیرانــدا" کــە لەلایــەن کونســوولیار جراڵــد. ئێــف. پــی. دوهێــرەوە ئامــادە کــراوە بــۆ ئاگاداریــی وەزارەتخانــە، دەنێرمــە خزمەتتــان.

کونســوولیار دوهێــر بــەم دواییانــە بــۆ کارێکــی کاتــی گەڕایــەوە کونســوولگەریی تەورێــز و کاتێــک لــەوێ بــوو توانــی لەگــەڵ چەنــد کــەس لــە ســەرۆکهۆزە گرینگــەکان و کەســایەتییە پایەبەرزەکانــی کــورد لــە ئازەربایجانــی ڕۆژئــاوا (پارێــزگای ورمــێ)، گفتوگــۆی هەبێــت.

لەگەڵ ڕێزدا

جـۆرج ئالێـن. باڵوێـزی

ئەمریـکا

هاوپێچ: ڕاپۆرتێک بەم شێوەیەی باس کرا.

چەنــد نوســخەیەک بــۆ باڵوێزخانــەی ئەمریــکا لــە مۆســکۆ، بەغــدا و ئانــکارا، نوێنەرایەتیــی بەیــرووت، کونســوولخانەی تەورێــز و کارداری ســەربازی.

**بەڵگەی ژمارە: ١١٣**

*ب-ژمارە ٦٥-٢*

*هاوپێچ بە نامەی ژمارە ٣٠٩، ڕێکەوتی ١٩٤٧/٢/٢٥*

*لە باڵوێزخانەی ئەمریکا، تاران، ئێران*

***نهێنی***

*سیاسەتی کوردەکانی باکوور لە بەرانبەر حکوومەتی ئێراندا*

*ئامادەکردن لەلایەن کونسوولیار جراڵد. ئێف. پی. دوهێر*

لە ماوەی بەرپرسیارێتییەکی کاتی کە بەم دواییانە لە کونسوولگەریی تەورێز هەمبوو، ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراوم لە دۆخی سیاسیی هۆزە کوردەکانی ئازەربایجاندا بەدی کرد. کاتێک کە دوابەدوای چوونی ئەرتەشی ئێران بۆ ئازەربایجان لە مانگی دێسامبەر/ سەرماوەز کۆماری کورد ڕووخا، چاوەڕوانیی گشتی ئەوە بوو کە ئەو یەکگرتووییە سیاسییە تا ڕادەیەک ناسەقامگیرەی بەهۆی هەوڵەکانی قازی محەمەد، سەرۆکی حکوومەتی داسەپاوی مەهابادەوە لەنێو هۆزەکاندا پێک هاتبوو، بە خێرایی لەناو بچێت. بەرپرسانی حکوومەتی، هەروەها ئەفسەرانی ئەرکانی ئەرتەشی شاهەنشایی ئێران لەو باوەڕەدا بوون کە "یەکگرتوویی"ی نێوان کوردەکان شتێکی ئاڵۆز نییە و بە ڕووخانی ئەو حکوومەتەی لەلایەن سۆڤیەتەوە لە مەهاباد دروست کرابوو، کوردەکانی باکووریش سەرلەنوێ سەرقاڵی شەڕ و کێشە نێوخۆییە خێڵەکییەکانی خۆیان کە نەریت و سوننەتی نێوخۆیانە، دەبن و بەم شێوەیەش ئەرتەش بە ئاسانی دەتوانێ بە هاندانی خێڵەکان لەدژی یەکتر، ناوچە

کوردنشـــینەکان بخاتــە ژێــر کۆنترۆڵــی خــۆی.

ئەگەرچــی هیچــکات لەگــەڵ بۆچوونــی بەشــێکی زۆر لــە چاوەدێرانــی ئێرانــی کــە پێیــان وابــوو، نفــووزی قــازی محەمــەد تەنیــا بەهــۆی پشــتیوانیی ســۆڤیەتەوە بــوو و ســەرکەوتنی ئــەو لــە پێکهێنانــی هــاوکاری لەنێــو خێڵەکانــدا کاتــی و زووتێپــەڕە، هــاوڕا نەبــووم، بــەڵام بــەو حاڵــەش لــە هاودەنگــی و هاوبۆچوونــی تــەواوی ئــەو ســەرۆک خێڵــە جیاوازانــەی لـــە مـــاوەی دوو حەفتـــەی ڕابـــردوودا دیتوومـــن، لەســـەر پرســـگەلێکی وەک چەککرانـــی خێڵـــەکان، کـــوردە بارزانییـــەکان و چارەنووســـی قـــازی محەمــەد، ســەرم ســووڕ مــا. لــەوەش سەرســووڕهێنەرتر، بەرزبوونــەوەی ڕادەی پێگـــەی بەرچـــاوی عەمەرخـــان، ســـەرۆکی بەهێـــزی عەشـــیرەتی شــکاک لەنێــو عێلەکانــی دیکــەی ئازەربایجانــی ڕۆژئــاوا (پارێــزگای ورمــێ) بــوو و ئامادەبوونــی ئاشــکرای زۆربــەی ســەرۆک خێڵــە گرینگــەکان لــە پەیڕەویکــردن لــە عەمەرخــان لەمــەڕ سیاســەتێکی گشــتی کــە دەبــوا لــە بەرانبــەر حکوومەتــی ناوەندیــدا بیگرنــە بــەر.

لــە دووتوێــی ئــەو گفتوگۆیانــەی لەگــەڵ ئوســتاندار عەلــی مەنســوور و بەرپرســـانی دیکـــەی ناوچەکـــە، هەروەهـــا لەگـــەڵ دوو فەرمانـــداری ســەربازی لــە دوو شــاری ناوچــە کوردنشــینەکان، هەروەهــا ژمارەیــەک ســەرۆک خێــڵ و یــەک لەوانیــش عەمەرخــان، لەبــارەی دۆخــی سیاســیی ئێســتای نێــو کــوردەکان هەمبــوو، بــۆم ئاشــکرا بــوو کــە گومانــی ڕوو لـــە زیادبوونـــی کـــوردەکان ســـەبارەت بـــە نییەتـــی ئەرتـــەش بەرانبـــەر بــە خۆیــان، لــە ســازکردنەوە و تەنانــەت بەهێزکردنــەوەی یەکگرتوویــی نێــوان کوردەکانــدا ڕۆڵــی ســەرەکی هەبــووە.

لــە مــاوەی تەمەنــی (کۆمــاری کوردســتان)دا ناوەرۆکــی ســەرەکیی سیاســەتی حکوومەتــی ســەربازی لــە بەرانبــەر کــوردەکان دەکــرێ لــەم

چەنـد خاڵـەدا کـورت بکرێتـەوە: "چەککـران بـەر لـە چاکسـازی".
جەختکردنـەوەی ئەرتـەش لەسـەر چەککرانـی خێـرا، بـۆ ژمارەیەکـی زۆر لـە سـەرۆک خێڵـەکان، وەبیرهێنـەرەوەی ئەزموونەکانـی ڕابـردوو لەبـارەی چەکدانانەوەیـە کـە نـەک بـە چاکسـازی، بەڵکـوو بـە توندترین شـێوەی سـەرکوت، درێـژەی هەبـوو. سـەرباری ئـەوەش لـە کاتێکـەوە ئەرتـەش جێگیـر بـووە، زێدەڕۆییـش بەرانبـەر بـە کـوردەکان ڕووی داوە.
لـە ڕووداوێکـدا لـە یەکێـک لـە گوندەکانـی دەوروبـەری شـاهپوور (سـەلماس)، پێنجسـەد سـەر مـەڕی گوندنشـینە کـوردەکان، بەبـێ دانـی نرخەکـەی دەسـتی بەسـەردا گیـراوە و کاتێـک کـە عەمەرخـان بـۆ دەربڕینـی وەفاداریـی خـۆی لـە تەورێـز بـوو، لـە ڕووداوێکـی گەمژانـەدا، ئۆتۆمبێلەکـەی بـە بڕیـاری بەرپرسـانی سـەربازیی شـار، دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو.

وا تـێ گەیشـتم کـە سـەرجەم سـەرانی کـورد بـە گوێـرەی ئەزموونـە تاڵەکانـی ڕابـردوو گەیشـتوونەتە ئـەو دەرەنجامـەی کـە نەبوونـی یەکگرتوویـی، گرینگتریـن چەکێکـە کـە حکوومـەت لـەدژی ئـەوان هەیەتـی. لـەو گفتوگۆیانـەی کـە هەمانبـوو، وشـەیەک کـە چەندیـن جـار دەبیسـترا یەکگرتوویـی و یەکبـوون بـوو. ئـەوان نـەک هـەر ئـەو وشـەیەیان بـۆ ئـەو کێشـە کوردییانـەی کـە لەبەردەمیـان بـوو بـەکار دەهێنـا، بەڵکـوو پێدەچـێ فکـری پێوەندیـی نێـوان هەمـوو خێڵەکانیـان مەبەسـت بووبێـت کـە لـەوە بـەدواوە بـە پێچەوانـەی ڕابـردوو، دۆخێـک نەیەتـە پێـش کـە ئەرتەشـی شاهەنشـاهی لـە کـوردەکان بـۆ شـەڕی لـوڕەکان، لـە قەشـقاییەکان لـە دژی بەختیارییـەکان، لـە شـکاک بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی جەلالییـەکان و ... کەڵـک وەربگرێـت.

عەمەرخـان وتـی چـاوەڕێ دەکات لـە ئەگـەری ڕوودانـی شـەڕ لەگـەڵ

قەشــقاییەکان لــە بەهــاری داهاتــوودا، ئەرتــەش داوای یارمەتیــی لــێ بــکات. لێــم پرســی ئاخــۆ هێــزی چەکــدار دەخاتــە خزمــەت ئەرتەشــەوە وەڵامــی دامــەوە: "نەخێــر تەنانــەت شوانێکیشــیان نادەمــێ".

بــە پێچەوانــەی ئــەو شــتەی چــاوەڕێ دەکــرا، ســەرانی ســەرەکیی خێڵــەکان بڕیاریــان داوە بــۆ ئازادیــی قــازی محەمــەد کــە مانگــی ڕابــردوو لەلایــەن دادگایەکــی ســەربازییەوە ســزای ســێدارەی بــۆ دەرچــووە، لــە نفــووزی خۆیــان کەڵــک وەربگــرن. عەمەرخــان لەمبارەیــەوە بۆچوونێکــی زۆر ڕوونــی هەبــوو. ئــەو ڕای گەیانــد: "ئێمــە بڕیارمــان داوە کــە ئەگــەر ئەرتــەش تەنانــەت یــەک تاڵــە مــوو لــە ســەری قــازی محەمــەد کــەم بکاتــەوە، دەبــێ بزانــێ کــە لەگــەڵ کــوردەکان ڕووبــەڕوو دەبێتــەوە". ئــەو وتیشــی: ئــەوان دەزانــن کــە قــازی لــە قەبووڵکردنــی پشــتیوانیی ســۆڤیەت بــۆ حکوومەتەکــەی لــە مەهابــاد هەڵــەی کــردووە، بــەڵام بــە بۆچوونــی ئــەوان ئــەم کارە، شــایانی ســزای لەســێدارەدان نییــە. حەســەن ئــاغ ئەمیــری، ســەرۆکی هــۆزی جەلالیــش، کــە لــە نزیــک ســنوورەکانی ســۆڤیەت نیشــتەجێن، بۆچوونێکــی هاوشــێوەی هەبــوو و تەنانــەت عەبدوڵــڵا ئیلخانــیزادە، یەکێــک لــە ســەرۆکەکانی هــۆزی دێبوکــری کــە دوژمنــی سەرســەختی قــازی محەمــەدە، وازی لــە هەوڵەکانــی خــۆی بــۆ لەســێدارەدانی ڕێبــەری پێشــووی حکوومەتــی داســەپاوی مەهابــاد هێنــاوە و پێــی وایــە دوو ســێ ســاڵ دوورخرانــەوە بەســە بــۆی.

بــەم دواییانــە شــا پرســی چارەنووســی قــازی محەمــەدی لەگــەڵ باڵوێــزی یەکــەم ئالێــن، خســتووەتە بەربــاس و پێــی ڕاگەیانــدووە کــە ئەرتــەش ژمارەیەکــی زۆر تەلەگرافــی لــە ســەرۆک هــۆزە کوردەکانــەوە پــێ گەیشــتووە کــە داوا دەکــەن قــازی و هاودەســتەکانی لــە حکوومەتــی کۆمــاری، بــە توندتریــن شــێوە ســزا بدرێــن، بــەڵام لــە پــاش چەنــد

پرسـیارێک شـا دانـی پێـدا نـا کـە ئـەم تەلەگرافانـە زۆربەیـان لەلایـەن خێڵەکانـی دێبوکـری و مەنگـوڕەوە بـەڕێ کـراون کـە قازانجـی سیاسـیی ئـەوان لـە نەمانـی قـازی لەنێـو کوردەکاندایـە. لـە کاتـی دواییـن هەڵبژاردنەکانـی مەجلیـس، سـەدری قـازی، بـرای قـازی محەمـەد، کـە ئەویـش سـزای سـێدارەی بـۆ بڕاوەتـەوە، بـە جیاوازییەکـی زۆرەوە لـە ئیلخانـیزادەی بـردەوە کـە لەلایـەن دێبوکـری و مەنگوڕەکانـەوە پشـتیوانیی لـێ دەکـرا.

ئیلخانـیزادە بـەم دواییانـە بـە کۆلۆنێـل سێکسـتۆن، کارداری سـەربازیی باڵوێزخانـەی ڕاگەیانـدووە کـە سـەرۆک خێڵەکانـی سـەرووی ئـەو، تەنیـا لەژێـر گوشـاری ئەرتەشـدا ژێـر ئـەو تەلەگرافەیـان واژۆ کـردووە کـە شـا ئامـاژەی پـێ کردبـوو. باڵوێـزی یەکـەم، ئالێـن، پێشـنیاری بـە شـا کـردووە تـا ئەوکاتـەی لـە بۆچوونـی عەمەرخـان کـە بەهێزتریـن سـەرۆکی کوردسـتانی باکـوورە (هەرێمـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان- وەرگێـڕ) ، ئـاگادار نەبێـت، بڕیـاردان لەبـارەی لەسـێدارەدانی قـازی دوا بخـات.

کـوردەکان لـە کـردەوەی ئـەم دواییـەی ئەرتـەش زویـر بـوون کـە فڕۆکـەی ناردبـووە ناوچەکانـی خێڵـەکان و ڕاگەیەندراوێکـی بەسـەردا بـڵاو کردبوونـەوە کـە تێیـدا نووسرابـوو هـەر کوردێـک چەکەکـەی ڕادەسـت بـکات، لێبووردنـی گشـتی دەیگرێتـەوە. عەمەرخـان بـە ئاماژەکـردن بـەوەی ڕەنگـە باشـتر بووبـا ئـەو لێبووردنـە بـۆ ئەرتەشـێک بـێ کـە پێنـج سـاڵ لەمەوبـەر لـە بەرانبـەر هێرشـی ئەرتەشـی سـوور بـۆ ئازەربایجـان، چەکەکـەی فـڕی دا و هـەڵات، هەڵوێسـتی خێڵەکـەی خـۆی لـەم بارەیـەوە ڕاگەیانـد. ئـەو ئـەم پرسـیارەی هێنایـە ئـاراوە کـە "کاتێـک کـە پشـتیوانانی ئێمـە وەک کەروێشـکی ترسـنۆک هەڵاتـن، بـۆ

ئێمــە جگــە لــە ڕاهاتــن لەگــەڵ ســۆڤیەتییەکان چ ڕێگایــەک مایــەوە؟ ئــەو لایەنــەی زیانــی پــێ گەیشــت، کوردەکانــن ئێســتا ئــەوان دەبــێ پێشــنیاری لێبــووردن بــدەن بــە ئێمــە.

یەکێکــی دیکــە لــەو خاڵانــەی کــە عەمەرخــان جەختــی لــێ کــردەوە و ســەرۆکەکانی دیکــەش پشتڕاســتیان کــردەوە، ئــەوە بــوو کــە کــوردەکان بڕیاریــان داوە یارمەتیــی هــەر خێڵێکــی کــورد بــدەن کــە دەکەوێتــە بــەر ئۆپەراســیۆنی چەککردنــی ئەرتــەش. ئــەو وتــی ئــەم بڕیــارە بارزانییەکانیــش دەگرێتــەوە کــە "کــوردن و ئێمــە ناتوانیــن لــە بەرانبــەر ئەرتەشــدا هــەر وا لێیــان گەڕێیــن". ئــەو وتیشــی بارزانییــەکان چەنــد قەبــزە تۆپــی ســەحرایییان هەیــە کــە لــە ڕوانگــەی کوردەکانــی باکــوورەوە، لــە ئەگــەری هێرشــی ئەرتــەش بــۆ چەککرانــی خێڵــەکان، بــۆ بەرگــری لــە بەرانبــەر تانــک و زرێپۆشــەکان، پێویســتن.

ڕێبــەری شــکاکەکان بــە منــی گــوت بڕیــارە ڕۆژی ٩ی فێوریــە/٢٠ی ڕێبەنــدان، ســبەینێی ئــەو ڕۆژەی کــە پێکــەوە قســەمان کــرد، زۆربــەی ســەرۆک خێڵــەکان لــە ســنووری ســۆڤیەتەوە تــا مەهابــاد، لــە بــارەگای ئــەو لــە زندەشــت کــۆ ببنــەوە. دیاریکردنــی سیاســەتێکی گشــتی لەلایــەن خێڵــە کوردەکانــی باکــوور لــە بەرانبــەر حکوومەتــی ئێرانــدا، ئامانجــی ئــەم کۆنفرانســی خێڵانەیــە. ئاسایشــی ســنوورەکان، هەڵوێســتێک کــە دەبــێ لــە بەرانبــەر بارزانییــەکان بیگرنــە بــەر، شــێوازەکانی ڕزگارکردنــی قــازی محەمــەد و چۆنیەتیــی دابەشــکردنی ئــەو چەکــە زیادییــەی کــە لــە پــاش ڕووخانــی حکوومەتــی دێموکراتــەکان کەوتــە دەســت شــکاک و جەلالییــەکان، هەروەهــا هەڵبژاردنــی ســەرۆکێکی بــاڵا و ناردنــی بــۆ تــاران بــە مەبەســتی دانوســتان لەگــەڵ حکوومــەت بــە نوێنەرایەتیــی خێڵــە بەشــداربووەکان، لــەو خاڵانــە بــوون کــە دەبوایــە قســەیان

لەبـارەوە بکـرێ. عەمەرخـان ئـاگاداری کردمـەوە کـە لەبـارەی زۆربـەی ئـەم پرسـانە پێشـتر لـە ڕێـگای ئاڵوویـری نامـەوە بڕیـار دراوە و ئامانجـی کۆنفرانسـەکە تەنیـا پەسـندکردنی بڕیارەکانـە.

خەمڵاندنێکــی ورد لــە هێــزی ســەربازیی خێڵــەکان زۆر دژوارە. لانیکەمـی خەمڵاندنێـک کـە دەکـرێ، ٢٥٠٠٠ قەبـزە چەکـە لـە نێـوان سـنووری سـۆڤیەت تـا مەهابـاد، بـەڵام بۆچوونـی گشـتی بـاس لـە بوونـی هەشـتاد تـا سـەد هـەزار چـەک و ڕەشـاش لەنێـو کوردەکانـدا دەکات.

دەگوتــرێ شــکاکەکان دەســتیان بەســەر بارێکــدا گرتــووە کــە هەشسـەد ڕەشاشـی دەسـتیی لەخـۆ دەگـرت و لـە کاتـی ڕاکردنـی دێموکراتـەکان لـە ڕەزاییـە (ورمـێ)، بـە کامیـۆن بـەرەو سـنووری سـۆڤیەتیان دەبـرد. حەبیـب ئەمیـری، نوێنـەری عەمەرخـان لـە تـاران بـە منـی گـوت کـە ئـەو وەک ڕێبـەری گرووپێکـی پەنجـا کەسـی لـە خێڵـەکان بەرپرسـی ئـەوە بـوون کـە ئـەو دێموکراتانـەی پـاش خۆبەدەسـتەوەدان دەگەڕێنـەوە سـەر مـاڵ و حاڵـی خۆیـان، چـەک بکـەن و گوتیشـی لــە کاتــی بەڕێوەبردنــی ئــەم ئەرکــەدا چەنــد ڕەشاشــێکی ئاســایی و ژمارەیەکـی یەکجـار زۆر تەقەمەنیـی هەمەجۆریـان دەسـت کەوتـووە. ئــەو وای دەخەمڵێنــێ کــە تەنیــا شــکاکەکان بــە تەنیــا ئەوەندەیــان چـەک هەیـە کـە هـەرکام لـە شـەڕکەرانی خێـڵ، دوو چەکیـان وەبـەر دەکەوێــت. ئێســتا چەکــە زیــادەکان لــەو ئەشــکەوتانەی لــە ناوچــە کوێسـتانییەکانی ژێـر فەرمانـی "عەمەرخـان"ن شـاردراونەتەوە و تەنیـا کاتێــک دەدرێــن بــە خێلەکانــی دیکــە کــە ئەرتــەش بیهــەوێ لــەدژی کــوردەکان، بجووڵێتــەوە.

ژمارەیــەک لــە ســەرۆک عێلــەکان لــەو بڕوایــەدان ئەرتــەش

بــە ڕادەســـتکردنەوەی ڕواڵەتیـــی هێندێــک چــەک لەلایــەن خێڵــە جیاوازەکانــەوە ڕازییــە و کەسـانێکی دیکـەی ئاگاداریـش کـە مـن قسـەم لەگـەڵ کـردن ئـەم بۆچوونەیـان پشتڕاسـت کـردەوە. جەلالییـەکان کـە بــە گوێــرەی خەمڵاندنــەکان لــە نێــوان پێنــج تــا دە هــەزار چەکیــان هەیــە، بــەم دواییانــە ١٢٥ چەکـــی شـــکاو و ژەنگیاوییـــان داوەتــە دەســـت ئەرتــەش و دوو ڕۆژ دواتــر ڕۆژنامەکانـــی تەورێـــز و تــاران، ڕاگەیەندراوێکـی فەرمـی ئەرتەشـیان بـڵاو کـردەوە کـە تێیـدا هاتبـوو، جەلالییـــەکان چـــەک کـــراون. عەمەرخـــان ڕای گەیانـــد بەرپرســـانی ســـەربازیی نیشـــتەجێی ناوچەکـــەی ئـــەو، پێیانـــی ڕاگەیانـــدووە لـــە تارانــەوە فەرمانیــان بــۆ هاتــووە کــە خێڵــەکان دەتوانــن ئەوەنــدەی بــۆ ئاسایشــی ناوخۆیـی خۆیـان و پاراسـتنی سـنوورەکان لـە هێرشـی خێڵـە کوردەکانــی تورکیــە و عێــراق پێویســتیانە، چــەک ڕابگــرن. ئــەو وتیشــی پێدەچــێ ئەرتــەش زیاتــر بــەدوای ڕادەســـتکردنەوەی تۆپخانەکانـــەوە بێــت کــە لــە لای بارزانییەکانــە، نــەک ئــەو چەکانــەی لــەلای خێڵەکانــە، بــەڵام پێشــبینیی ئــەوەش دەکات کــە پــاش ئــەوەی تۆپەکانیــان ڕادەســت کــرا، زۆری پێناچــێ داوای هەمــوو چەکــەکان دەکــەن.

ڕێبـــەری شـــکاکەکان لـــە ١٨ی فێوریـــە/٢٩ی ڕێبەنـــدان، بـــە نوێنەرایەتیــی عێلەکانــی ژێــر دەســەڵاتی خــۆی، بــۆ دانوســتان لەگــەڵ حکوومــەت گەیشــتە تــاران. لەگــەڵ کۆتایــی هاتنــی ئــەم دانوســتانانە لەگـــەڵ بەرپرســـانی حکوومـــی و ســـەربازی، دەرەنجامەکـــەی لـــە ڕاپۆرتێکـــدا دەنێردرێـــن.

**بەڵگەی ژمارە: ١١٤**

*ب-ژمارە ٦٦*
*وەزارەتی دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، نهێنی، ژمارەی کۆنترۆڵ ٧٦٤١*
*ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢/٢٥ /١٩٤٧ (١٣٢٥/١٢/٦)*
*٩/٢٤ی بەیانی، لە تارانەوە بۆ وەزیری دەرەوە*

ڕاپۆرتمـان پـێ گەیشـتووە، چەنـد هێزێکـی سـەربازی لـە مەهابـاد و ڕەزاییـە (ورمـێ)وە لـەدژی کـوردە بارزانییـەکان وەڕێ کەوتـوون. دەگوتـرێ ئــەم هێــزە حکوومییانــە لەژێــر فەرماندەیــی ســەرهەنگ زەنگەنــەدان کـە لـە ناوچـەی نەغـەدەی هەڵکەوتـوو لـە باشـووری ڕەزاییـە (ورمـێ) لەگـەڵ گرووپێـک لـە کـوردەکان لێکیـان داوە، بـەڵام عەمەرخـان، سـەرۆکی عەشـیرەتی شـکاک کـە ئێسـتا لـە تارانـە دەڵێـت، گرووپێـک کـە لـەم پێکدادانـەدا بەشـدارە، لـە خەڵکـی ڕەشـۆکی ناوچەکـە و ئـەو ئاسـوورییانە پێـک دێـن کـە لەژێـر فەرمانـی زێـڕۆ بـەگ، ئەفسـەری پێشـووی کۆمـاری گەلـی کـورددان و کـوردەکان ئـەو وەک خائیـن بـە گەلـی خـۆ دەناسـێنن. ئـەو وتیشـی بارزانییـەکان هێشـتا لەگـەڵ ئەرتـەش تووشـی تێکهەڵچـوون نەبـوون، بـەڵام ئـەو لەسـەر ئـەم بڕوایەیـە کـە ئەگـەر بـۆ چەککردنیـان پەنا بـۆ زەبروزەنـگ ببرێـت، ئـەوا بارزانییەکانیـش بەرگـری دەکـەن و کـوردە هەرکـی و بەگزادەکانـی ناوچـەی ڕەزاییـە (ورمـێ)ش یارمەتییـان دەدەن.

هەروەهــا ڕەنگــە لــە ئەگــەری بــە ئەنجــام نەگەیشــتنی ئــەو دانوســتانانەی کـە ئێسـتا لـە نێـوان عەمەرخـان و بەرپرسـانی ئێـران لـە ئارادایــە، هــۆزی چەکــدار و کــۆک و پۆشــتەی شــکاک، پشــتیوانی لــە بارزانییــەکان بکــەن.

**بەڵگەی ژمارە: ١١٥**

*ب-ژمارە ٦٧*

*بەشــی دەرەوەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، باڵوێزخانــەی ئەمریــکا*

*تاران، ١٩٤٧/٢/٢٧ (١٣٢٥/١٢/٨)*

*ژمارە ٣١٢، نهێنی*

بابــەت: ناردنــی نووسراوەیەکــی پێوەندیــدار بــە گفتوگــۆ لەگــەڵ عەمەرخانــی شــکاک

زۆر بەڕێــز، وەزیــری دەرەوە، واشــینگتۆن، بــە شــانازییەوە یادداشــتی پێوەندیــدار بــە گفتوگــۆ لەگــەڵ عەمەرخــان، ســەرۆکی هــۆزی کــوردی شــکاک، کــە ئێســتا بــۆ دانوســتان لەگــەڵ ئەرتەشــی شاهەنشــاهی ســەبارەت بــە چەکداماڵینــی هــۆزە کوردەکانــی ئازەربایجــان لــە تارانــە، بــۆ ئاگاداریــی وەزارەتخانــە، دەنێرمــەوە خزمەتتــان.

عەمەرخــان نزیکــەی ٧٣ ســاڵی تەمەنــە و بێگومــان ئێســتا وەک بەبڕشــترین ڕێبــەر لەنێــو عێلــە کــوردەکان دێتــە ئەژمــار. ئــەو لــە پــاش مردنــی دەســتەبرای خــۆی (ســمکۆی بەناوبانــگ) کــە لــە ســاڵی ١٩١٩-١٩٢١ ڕێبەریــی هێرشــی کــوردەکان لــەدژی مەســیحییەکانی ڕەزاییــە (ورمــێ)ی لــە ئەســتۆ بــوو، لــە مــاوەی چەنــد ســاڵی ڕابــردوودا لەجێــی ئــەو سەرپەرشــتیی کــوردە شــکاکەکانی لــە ئەســتۆ گرتــووە.

دوای چەندیــن ســاڵ ئــەوە یەکەمجــارە عەمەرخــان ســەردانی تــاران دەکات. دواییــن جــار کــە لەســەر بانگهێشــتی ڕەزا شــا هــات بــۆ تــاران، زیندانــی کــرا و مــاوەی شــەش ســاڵ لــە زینــدان مایــەوە. بــەم دواییانــە

کـە شـای ئێسـتا بانگهێشـتی کـرد بێـت بـۆ تـاران، هیـچ حـەزی نەدەکـرد بانگهێشـتەکە قەبـووڵ بـکات، لـە کۆتاییـدا پـاش ئـەوەی بیسـتی کـە بەرپرسـە ئەمریکییـەکان هەسـت دەکـەن ئـەو دەتوانـێ بـە سـڵامەتی ئـەم سـەردانەی بـکات، قەبووڵـی کـرد کـە بێتـە تـاران. ئێسـتا ئـەو تـا ڕادەیەکـی زۆر بەهـۆی ئـەو پێوەندییـە باشـەی کونسـوولیار دوهێـر لـە کاتـی سـەرۆکایەتیکردنی کونسـوولگەریی تەورێـز توانـی لەگەڵـی سـاز بـکات، زۆر بـە تونـدی و لـە ناخـی دڵـەوە لایەنگـری ئەمریکایـە. سـێ مانـگ لەمەوبەریـش ئارچیباڵـد ڕۆزڤێڵـت، یاریـدەدەری کارداری سـەربازی لـە کوردسـتان سـەردانی کـرد و دەرەنجامـی باشـی لـێ کەوتـەوە. عەمەرخـان لەگـەڵ "ژێـنراڵ شوارتسـکۆف"یش هاوڕێیەتییەکـی تایبەتـی هەیـە و متمانـەی پێـی هەیـە.

بـە گوێـرەی هەمـوو بەڵگـەکان وا پێدەچێـت هـۆکاری هەمـوو ئـەو تاڵانکارییانـەی بـەم دواییـە بەرانبـەر بـە مەسیحییەکانی ناوچەکـە کـراوە، ئازەربایجانییـە تـورک زمانـەکان بووبـن، نـەک کـوردەکان. عەمەرخـان، ئەوەنـدەی بتوانـێ هـەوڵ دەدا بـۆ ئـەوەی ڕێـگا لـە ڕوودانـی وەهـا ڕووداوگەلێـک بگرێـت. مـۆن سـینیور پاپـالاردۆ، نوێنـەری پـاپ لـە تـاران کـە بـەم دواییانـە لـە سـەردانی ئازەربایجـان گەڕاوەتـەوە، ئـەم باسـەی پشتڕاسـت کردووەتـەوە و دەڵێـت دۆخـی ئاسـوور و ئەرمەنییەکانـی ناوچەکـە ئێسـتا وردە وردە بـەرەو باشـبوون دەچێـت، هەرچەنـد کـە ئـەو وا هەسـت دەکات، تاکـە ڕێگەچـارەی گونجـاو، ڕاگواسـتنی مەسـیحییەکانی ئـەم ناوچەیەیـە.

لەبـارەی ئـەو قسـەیەی عەمەرخـان کـە عەشـیرەتی ئـەو لـە کاتـی گەڕانـەوەی دووبـارەی ئەرتـەش بـۆ ئازەربایجـان، بیـری لـەوە کردووەتـەوە کـە بـەرەو تورکیـە ڕابـکات، مـن شـەوی ڕابـردوو ئـەو

بابەتــەم لەگــەڵ باڵوێــزی تورکیــە خســتە بەربــاس و ئــەو گوتــی هیچـكات لـەم بارەیـەوە شـتێکی نەبیسـتووە و گومانـی هەیـە هیچـکام لـە بەرپرسـانی تورکیـە پێشـنیاریان کردبـێ شـکاکەکان وەربگـرن. ئـەو دڵنیـا بـوو حکوومەتەکـەی ڕێـگای چوونـە ژوور بـەوان نـادا و دەگوتـرێ عەشــیرەتی شــکاک لانیکــەم دە هــەزار چەکــداری کــۆک و پۆشــتەیان هەیــە کــە تفەنگەکەیــان لــە گیانیــان خۆشــتر دەوێــت.

لەگەڵ ڕێزدا

جۆرج وی ئالێن

باڵوێزی ئەمریکا

هاوپێــچ: یادداشــتی گفتوگۆیــەک هــەر بەمجــۆرەی ئامــاژەی پــێ کـرا، دەقـی نووسراوەکـەی بـۆ وەزارەتخانـە و کۆپییەکیـش بـۆ باڵوێـزی ئەمریــکا لــە مۆســکۆ، لەنــدەن، ئانــکارا، بەغــدا و ئۆفیســی کارداری ســەربازیی ئەمریــکا لــە تــاران نێــردراوە.

**بەڵگەی ژمارە: ١١٦**

*ب-ژمارە ٦٨*
*وەزارەتی دەرەوە، تەلەگرافی هاتوو، نهێنی، ژمارەی کۆنترۆڵ ١٤٠*
*١/٣/ ١٩٤٧ (١٠/١٢/ ١٣٢٥)*
*لە تارانەوەی بۆ وەزیری دەرەوە*

عەمەرخـــان، ســـەرۆکی کـــوردە شـــکاکەکان دەڵێـــت: ڕەزم ئـــارا، ســـەرۆکی ئەرکانـــی ئەرتـــەش داوای لـــێ کـــردووە بـــۆ کۆتاییهێنـــان بـــە پێکدادانـــی ئەرتـــەش و گرووپـــی ســـەربزێو (زیـــڕۆ بـــەگ) خێـــرا بگەڕێتـــەوە بـــۆ ڕەزاییـــە (ورمـــێ). (ڕاپۆرتـــی باڵوێزخانـــە، ١٣٠، ٢٥ی فێوریـــە)

بەهـــۆی ئـــەوەی عەشـــیرەتی بەگـــزادە هێزێکیـــان بـــۆ یارمەتیـــی زێـــڕۆ بـــەگ نـــاردووە، دۆخەکـــە زۆر ئاڵـــۆز بـــووە. عەمەرخـــان ڕاســـپێردراوە پێشـــنیار بداتـــە زیـــڕۆ بـــەگ و ســـەرانی بەگـــزادە کـــە لـــە ئەگـــەری کۆتاییهێنـــان بـــە شـــەڕ، وەبـــەر لێبـــووردن دەکـــەون.

ئەرتـــەش هێشـــتا لەگـــەڵ کـــوردە بارزانییـــەکان کـــە بـــەرەو شـــنۆ پاشەکشـــەیان کـــردووە، چـــاوەڕێ دەکـــرێ لـــەوێ بەرگرییەکـــی ســـەخت بکـــەن، هیـــچ پێوەندییەکـــی نەبـــووە.

ئـــەو دانوســـتانانەی لـــە تـــاران لـــە نێـــوان عەمەرخـــان و ســـەرانی ئەرتـــەش لـــە ئـــارادا بـــوو، گەیشـــتە ئـــەو دەرەنجامـــە کـــە شـــکاکەکان ڕێگایـــان پـــێ درا ســـەرجەم چەکەکانـــی خۆیـــان ڕابگـــرن، ئەرتـــەش چاوەڕوانیـــی ئـــەوەی هەیـــە، شـــکاکەکان لـــە چەککردنـــی خێڵەکانـــی دراوســـێیان یارمەتیـــی ئەرتـــەش بـــدەن، بـــەڵام ئەگـــەری زۆرە عەمەرخـــان تەنیـــا چەکـــە کـــۆن و شـــکاوەکان بـــۆ ڕادەســـتکردنەوەیان بـــە ئەرتـــەش

کــۆ دەکاتــەوە و لەجێــی ئــەم چەکانــە، ئــەو چەکــە نوێیانــەی لــە دێســامبر / ســەرماوەزی ڕابــردوودا و پــاش ڕووخانــی حکوومەتــی ژێــر پشــتیوانیی ســۆڤیەت، لــە دێموکراتەکانــی ئەســتاندووە، بداتــە خێڵــەکان. ئەگەریشــی زۆرە کــە ئەرتــەش بــە ناچــاری ئــەو چەککردنــە ڕواڵەتییــە قەبــووڵ بــکات.

عەمەرخــان چــوار جــار لەگــەڵ نــاسر خــان لــە عەشــیرەتی قەشــقایی دیــداری بــووە و ئەگەرچــی لەبــارەی دەرەنجامەکانــی ئــەم دیدارانــە هیــچ زانیارییەکــی وردی نەدرکانــد، بــەڵام باوەڕمــان وایــە کــە ئــەم دوو ســەرۆکە، ڕێــک کەوتــوون کــە لــە ئەگــەری جیایــی ئاشــکرای نێــوان شــا و ســەرۆکوەزیران، پشــتیوانیی تــەواو لــە قــەوام بکــەن. هــەردووک ئــەم ســەرۆک خێڵانــە ڕایــان گەیانــدووە کــە لەســەر کارلادانــی قــەوام لــە پۆســتی ســەرۆکوەزیران، بەدڵنیاییــەوە دەبێتــە هــۆی ســەرهەڵدانی نائارامیــی جــددی لــە سەرانســەری ناوچــە خێڵەکییــەکان.

دووپاتە بۆ بەغدا بە ژمارە

ئالێن

## لەسێدارەدانی قازی محەمەد:

دوای ڕووخانـــی کۆمـــاری کوردســـتان لەلایـــەن ئەرتەشـــی ئێرانـــەوە، قـازی محەمـەد و سـەیفی قـازی و سـەدری قـازی لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە کاربەدەســتانی کۆمـار، لـە دوو شـوێنی جیـاواز دەستبەسـەر دەکرێـن. دواتـر قـازی محەمـەد و سـەیفی قـازی و سـەدری قـازی، لـە دادگای نیزامیـی محەمـەد ڕەزا شـادا بـە تۆمەتـی هەوڵـدان بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان و هەوڵـی دابەشـکردنی ئێـران و خەیانـەت بـە دەوڵەتـی ئێـران، دادگایـی دەکرێـن. قـازی محەمـەد لـە پرۆسـەی دادگاییەکردنەکـەدا زۆر ئازایانـە، بەرگریـی لـە بەرپرسـایەتیی خـۆی لـە هەمـوو کار و کردەوەکانـی کۆمـاری کوردسـتان کـردووە و تۆمەتەکانـی ئەوانـی ڕەت کـردووە. دوای تێپەڕینـی سـێ مانـگ، دادگای نیزامیـی محەمـەدڕەزا شـا، سـزای لەسـێدارەدانی بەسـەر قـازی محەمـەد و محەمەدحوسـێن خانـی سـەیفی قـازی و عەبدولقاسـم سـەدری قازیـدا سـەپاندووە.

بەرلـە لەسـێدارەدانی قـازی محەمـەد و هاوڕێیانـی، دەوڵەتـی ئێـران ١١ کـەس لـە بەرپرسـانی کۆمـار و سـەرۆک عێلەکانـی فەیزوڵابەگـی، لـە شـارەکانی سـەقز و بـۆکان بـە ناوەکانـی: عەلـی بەگـی شـێرزاد، ئەحمـەد خانـی شـەجیعی، حەمەئەمیـن بەگـی بابەخـان، ئەحمەدخانـی فارووقـی، عەبدوڵڵاخانـی مەتیـن، حەمـە خانـی دانشـوەر، محەمـەد بەگـی بابەخـان، عەلیخانـی سـەرتیپ، حەسـەن خانـی جەلالـی، شـێخ سـدیق ئەسـەدی، شـێخ ئەمیـن ئەسـعەدی، دەستبەسـەر دەکات. لـە کاتێکـدا کـە ئـەو شۆڕشـگێڕانە زۆر نەترسـانە و مێرخاسـانە بەرگرییـان لـە ئامانجـە نەتەوەییەکانـی کۆمـاری کوردسـتان کـردووە، بـەڵام دادگای

نیزامیـــی شـــەڕ، حوکمـــی لەسـێدارەدانی بەســـەریاندا ســـەپاندووە و لـــە ١٩٤٧/٢/١٤دا لـــە ماوەیەکـــی کورتـــدا ئـــەو حوکمـــەی بـــە ســـەریاندا جێبەجـــێ کـــردووە.

بەرەبەیانـــی ڕۆژی١٠/ ١/ ١٣٢٥ی هەتـــاوی (١٩٤٧/٣/٣١ی زایینـــی) ئـــەو حوکمـــە ڕەشـــە بـــە بڕیـــاری دادگای نیزامیـــی ئێـــران، لـــە مەیدانـــی چوارچـــرای مەهابـــاد، واتـــە هەمـــان ئـــەو شـــوێنەی کـــە کۆمـــاری کوردســـتان لـــەوێ ڕاگەیەندرابـــوو، لەســـەر قـــازی محەمـــەد و هاوڕێیانـــی جێبەجـــێ کـــرا. دوا وتـــەی قـــازی محەمـــەد لـــە کاتـــی لەسـێدارەدانیدا ئـــەوە بـــووە کـــە بـــە کاربەدەســـتانی ئێرانـــی گوتـــووە: «چاوەکانـــم نەبەســـتن، مـــن شـــەرمەزاری خەڵکـــی خـــۆم نیـــم و دەمهـــەوێ لـــە دواســـاتەکانی ژیانمیشـــدا چاوەکانـــم بـــۆ دیتنـــی خەڵـــک و نیشـــتمانم کـــراوە بـــن.» هەروەهـــا قـــازی محەمـــەد لـــە وەســـییەتنامەکەیدا زۆر ئامـــۆژگاری بەنرخـــی بـــۆ نەتـــەوەی کـــورد نووســـیون.

## بەشێک لە وەسیەتنامەکەی قازی محەمەد:

بسم الله الرحمن الرحیم

میللەتی زوڵملێکراو و برا عەزیزەکانم، برا بەشخوراوەکانم

لـە دواییـن سـاتەکانی ژیانـدا بابەتگەلێتـان وەك ئامـۆژگاری پـێ دەڵێـم.

وەرن بـۆ ڕەزامەندیـی خـودا دەسـت لـە دوژمنایەتیـی یەکـتر هەڵبگـرن، یـەك بگـرن و پشـتتان بـە یەکـتری قایـم بکـەن، لـە بەرانبـەر دوژمنـی زۆردار و زاڵمـدا ڕاوەسـتن و بەخۆڕایـی خۆتـان بـە دوژمـن مەفرۆشـن. دوژمـن هـەر ئەوەنـدە ئێـوەی دەوێ تـا کاری خـۆی پێتـان جێبەجـێ دەکات و دواتـر قـەت بەزەیـی پێتـان نایـە و لـە هـەر هەلێکـدا بـێ، قـەت لێتـان نابوورێـت.

دوژمنانـی نەتـەوەی کـورد زۆرن، ئـەوان زاڵـم و زۆردارن، بێبەزەیـی و بێویژدانـن، ڕازی سـەرکەوتنی هـەر نەتەوەیـەك، یەکیەتـی و پێکەوەبوونـە. ئازادیـی نەتەوەیـەك پێویسـتی بـە پشـتیوانیی گشـت نەتەوەکەیـە، هـەر نەتەوەیـەک کـە یەکیەتـی و تەبایـی نەبـێ، هـەردەم ژێردەسـتی دوژمنانـی دەبـێ. ئێـوە گەلـی کـورد هیچتـان لـە گەلانـی سـەر گـوێ ئـەم زەوییـە کەمـتر نییـە، بەڵکـوو لـەوان بـە غیرەتـتر و لێهاتووتـرن، ئـەو میللەتانـەی کـە خۆیـان لـە چنـگ دوژمنـە زۆردارەکان ڕزگار کـردووە، یەکێتییـان دە نێـودا هەبـووە. بـا ئێـوەش وەکـوو هەمـوو گەلانـی دونیـا چیـتر ژێردەسـت نەبـن، بـە یەکگرتـن و حەسـوودی بـە یەکـتر نەبـردن و خۆنەفرۆشـتن بـە دوژمنـان لـەدژی نەتەوەکەمـان، دەتوانـن ڕزگار بـن.

براکانـم ئیـتر فریـوی دوژمنـان مەخـۆن. دوژمنـی نەتـەوەی کـورد

لــه هــەر تاقــم و گــرووپ و ڕەنــگ و ڕەگەزێــك بێــت، هــەر دوژمنــە، بێبەزەیــی و بــێ ویژدانــە و ڕوحمتــان پــێ نــاكا و ئێــوە لــە یــەك بــەردەدا و بــە دەســتی یەکــتر بەکوشــت دەدات. دوژمــن تەماحتــان وەبــەر دەنــێ و بــە درۆ و بــە فێــڵ بەگــژ یەکترتانــدا دەکات. لەنێــو هەمــوو دوژمنەکانــی کــورددا، دوژمنــی عەجــەم لــە هەموویــان زاڵمــتر، خوانەناســتر و بێبەزەییــترە. ئــەوان لــە هیــچ تاوانێــک بەرانبــەر بــە گەلــی کــورد دەســت ناگێڕنــەوە و بــە درێژایــی مێــژوو لەگــەڵ گەلــی کــورد غــەرەز و کینــەی ڕیشــەداریان هەبــووە و هەیانــە. بڕواننــە تــەواوی گــەورە پیاوانــی گەلەکەتــان، هــەر لــە ئیســماعیل ئاغــای شــکاك تــا جەوهــەر ئاغــای بــرای و حەمــزە ئاغــای مەنگــوڕ و چەندیــن قارەمانــی دیکــە، هەموویانیــان بــە قورئــان ســوێند داوە، فریــوی ئــەم زۆردارە مەلعونانەیــان خــوارد و ناپیاوانــە شــەهید کــران.

مــن وەک بــرای بچووکــی ئێــوە، لــە ڕێــگای خــودادا، پێتــان دەڵێــم پشــتی یەکــتر بگــرن و قــەت پشــتی یەکــتر بــەر مــەدەن، دڵنیــا بــن ئەگــەر عەجــەم هەنگوینتــان بداتــێ، دیــارە ژەهــری تــێ کــردووە، قــەت بــە ســوێند و بەڵێنیــی درۆی عەجــەم فریــو نەخــۆن. ئەگــەر هــەزار جــار ســوێند بخــۆن، دووبــارە هیــچ ئامانجێکیــان جیــا لــە لەنێوبردنــی ئێــوە نییــە.

مــن لــە دواییــن کاتژمێرەکانــی ژیانمــدا، بــە خاتــری خــوای گــەورە ئامۆژگاریتــان دەکــەم و پێتــان دەڵێــم و خــودا بــە شــایەتی دەگــرم کــە لەڕێــگای ئــازادی و بەختەوەریــی ئێــوەدا، ئــەوەی لــە دەســتم هــات، لــە هیــچ هــەوڵ و تێکۆشــانێک کۆتاییــم نەکــرد.

چیــتر فریــوی عەجەمــان نەخــۆن، لــەلای ئەمانــە، کوردبوونــی ئێــوە تاوانــە، ســەر و گیــان و مــاڵ و شــەرەفی ئێــوە لــە لایــان حەڵاڵــە. ئــەوان

چونکـە لـە گۆڕەپانـی شـەڕدا ناتوانـن لـە بەرانبـەر ئێـوەدا ڕاوەسـتن، هەمیشـە هانـا بـۆ فێـڵ و تەڵەکـە دەبـەن. مـن هەمـووی ئەوانـەم لـە بیـر بـوو و قەتیـش بـڕوام بـە عەجەمـان نەکـردووە، بـەڵام شـا و دەسـت و پێوەندییەکانـی بـە جـاران پەیامیـان نـارد کـە بـۆ وتووێـژ ئامـادەن و نییەتـی خێریـان هەیـە و مەیلـی خوێنڕشـتنیان نییـە. هەرچەنـد مـن دەمزانـی ئـەوان درۆ دەکـەن، ئێسـتا ئێـوە ئەنجامـی بەڵێنەکانـی ئـەوان بـە چـاوی خۆتـان دەبینـن، ئەگـەر سـەرانی هـۆز و عەشـیرەتەکان خەیانەتیـان نەکردبـا و خۆیـان بـە حکوومەتـی عەجـەم نەفرۆشـتبا، ئێمـە و ئێـوە و کۆمارەکەمـان ئـاوای بەسـەر نەدەهـات.

ئامـۆژگاری و وەسـیەتم ئەوەیـە: بـا منداڵەکانتـان بخوێنـن و فێـری زانسـت بـبن. چونکـە نەتـەوەی ئێمـە شـتێکی لـە نەتەوەکانـی تـری جیهـان کـەم نییـە، جیـا لـە خوێنـدن و زانسـت نەبێـت. فێـری خوێنـدەواری و زانسـت بـن تـا لـە کاروانـی پێشـکەوتن دوا نەکـەون. زانسـت چەکـی لەنێوبردنـی دوژمنانـە. دڵنیـا بـن ئەگـەر تەبایـی و یەکگرتـن و خوێندەواریتـان بـاش بێـت، زۆر باشـیش بەسـەر دوژمنـدا سـەر دەکـەون.

ئێـوە نابـێ بـە مردنـی مـن و بـرا و ئامـۆزام، تـرس بچێتـە دڵتانـەوە. هێشـتا زۆر کەسـی دیکـە دەبـێ گیـان فیـدا بکـەن تـا داری ئازادیـی کوردسـتان بگاتـە بەرهـەم. دڵنیـام لـە دوای ئێمـەش، زۆر کەسـی دیکـە دەکەونـە داوی فرتوفێڵـی عەجەمـان و بـە فێـڵ و دووڕوویـی لەبەیـن دەبرێـن. بـەڵام هیـوادارم مەرگـی ئێمـە ببێتـە دەرسـی عیـبرەت بـۆ دڵسـۆزانی گەلـی کـورد.

شـایەت لـە خۆتـان بپرسـن بـۆ مـن سـەر نەکەوتـم؟ لـە وەڵامـدا دەبـێ بڵێـم بـە خـودا سـەرکەوتووی ڕاسـتەقینە منـم. چ نێعمەتێـك

لەوە سەرترە کە سەر و ماڵ و گیانم لە ڕێگای نەتەوە و نیشتمانمدا بەخت بکەم. ئێوەش لە خەبات و تێکۆشان مەوەستن تاکوو وەک هەموو گەلانی دیکە لەژێر چەپۆکی دوژمنان ڕزگارتان دەبێ. ماڵی دونیا هیچ نییە، ئەگەر وڵاتێکتان هەبێ، سەربەستییەکتان هەبێ، ماڵ و خاک و نیشتمانەکە هی خۆتان بێ، ئەوکاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەرەوت و هەم ئابڕوو.

خزمەتگوزاری گەل و نیشتمان

قازی محەمەد

شایانی وتنە، دوای لەسێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێیانی، لە ١٩٤٧/٤/٧دا چوار بەرپرسی دیکەی کۆماری کوردستان بە ناوەکانی: حامید مازووچی، ڕەسووڵ نەغەدەییان و عەبدوڵڵا ڕۆشنفکر و محەمەد نازمی، لە مەهاباد لەسێدارە دران.

هاوکات دوای گەڕانەوەی بەشێک لە هێزی بارزانییەکان بۆ عێراق، چوار ئەفسەری کورد بە ناوەکانی: «مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، خێروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحموود»، کە پێشتر لەناو ئەرتەشی عێراق هەڵاتبوون و لەگەڵ بارزانییەکان خزمەتی کۆماری کوردستانیان کردبوو، لەلایەن حکوومەتی نووری سەعید لە عێراق، بە سزای لەسێدارەدان حوکم دران و لە ١٩٤٧/٦/١٩دا ئەو حوکمە بە سەریاندا جێبەجێ کرا و ئەوانیش چوونە ڕیزی شەهیدانی نیشتمانەوە.

## بەڵگەی ژمارە: ١١٧

ل-۱

در جواب مراسله حروف و اعداد ممیزه که متمم شماره است با شماره ذکر شود

اداره

دائره

تاریخ ۱۳۲۶/۱/۲۹

شماره ۴۹۱/۱۷۵۸/۱

پیوست

موضوع

وزارت کشور

شهربانی کل کشور

وزارت کشـور

باستحضار میرساند . شهربانی مهاباد گزارش میدهد :

۱- حمید باروخی ۲- محمد ناظمی ۳- عبداله روشنفکر ۴- رسول نقده

ازافسران دمکرات های مهاباد وازهمدستان محمد قاضی که در جبهه سردشت وغیره برعلیه قوای دولتی قیام مسلحانه کرده ودر دادگاه زمان جنگ باعدام محکوم ودرتبریز زندانی بوده اند شب ۱۳۲۶/۱/۱۷ بمهاباد آورده وساعت ۲۴ پس ازاجرای مراسم مذهبی ومقرراتی درمیدان پهلوی واقعه درخیابان بچوبه دار آویخته وصبح ساعت ۸ اجساد را پائین آورده وپس ازاجرای آئین اسلامی مدفون ساخته اند وامنیتامات برقرار بوده است .

ازطرف رئیس شهربانی کل کشور- سرهنگ حسام وزیری ۲۷۰

شمارۀ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران $\frac{۲۹۳}{۱۲/۱۴۳/۱}$ می‌باشد.

وەزارەتی ناوخۆ

شارەبانیی گشتیی وڵات

ڕێکەوتی: ١٣٢٦/١/٢٤ (١٩٤٧/٤/١٤)

وەزارەتی ناوخۆ

پێتان ڕادەگەیەنین شارەوانیی مەهاباد ڕاپۆرتی داوە:

١- حامید مازووچی – محەمەد نازمی – عەبدوڵڵا ڕۆشنفکر – ڕەسووڵ نەغەدە، لە ئەفسەرانی دێموکراتەکانی مەهاباد و لە هاودەستانی قازی محەمەد کە لە بەرەی سەردەشت و ناوچەکانی دیکە لەدژی هێزەکانی حکوومەت ڕاپەڕینی چەکدارییان کردووە و لە دادگای سەردەمی شەڕدا سزای سێدارەیان بۆ بڕاوەتەوە، لە تەورێز زیندانی بوون، شەوی ١/١٧/ ١٣٢٦ (١٩٤٧/٤/٧) هێنراون بۆ مەهاباد و کاتژمێر ٢٤ پاش بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئایینی و ڕێنمایی پێویست، لە گۆڕەپانی پەهلەوی لە شەقام لە سێدارە دران و کاتژمێر ٨ تەرمەکانیان داگیرا و پاش بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی ئیسلامی، نێژران و دۆخەکە کۆنترۆڵ کراوە.

لە لایەن سەرۆکی شارەوانیی گشتیی وڵات – سەرهەنگ حیسام وەزیری

# بەشی شەشەم

## هەڵسەنگاندنی «ئارچیبالد ڕۆزڤێڵت» لەمەڕ کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان:

ڕۆزڤێڵت لە چەند خاڵدا، بەم شێوەیە باسی لە جیاوازییەکانی نێوان کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان کردووە: «بە هەڵسەنگاندنی هێندێک لەو هۆکارانەی سەرنەکەوتنی کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان لە تەورێز، مرۆڤ دەتوانێ باشتر لە ڕاستییەکانی ئەوکات تێ بگات.

لە حاڵێکدا کە هەردوو ئەو ڕێکخراو و حکوومەتانە لە یەک سەردەمدا دامەزراون و بەپێی ڕەوشی وەک یەک و لە یەک سەردەمیشدا لەنێو چوون، بەڵام لە نێوانیاندا جیاوازیی ئاشکرا و بنگەهی بەرچاو دەکەون.

-جەعفەر پیشەوەری، سەرۆکی دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان و زۆر لە هاوڕێی سەرکردایەتیی فیرقەی دێموکرات و کاربەدەستانی ئازەربایجان ئەندامی دێرینی حیزبی کۆمۆنیست و سەر بە سۆڤیەت و مارکسیست بوون، بەڵام قازی مەحەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، نەتەوەپەروەر و نوێنەری بۆرژوازیی کوردستان بوون و سەر بە هیچ حیزبێکی بیانی نەبوون.

-ئامانجی سەرکردەکانی دەوڵەتی میللیی ئازەربایجان ئەوە بوو بتوانن ئازەربایجانی ئێرانیش بخەنە سەر ئازەربایجانی سۆڤیەت، بەڵام ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هەوڵیان داوە لەنێو جوغرافیای ئێراندا بۆ نەتەوەی کورد کۆماری کوردستان دابمەزرێنن، کە خەونی سەدان ساڵەی چەندین نەسڵیان بووە.

-هەروەها جیاوازییەکی بنەڕەتیی دیکە لە نێوان ئەو دوو

دەسـەڵاتەدا ئەمـە بـووە، کـە کۆمـاری کوردسـتان تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو لـە بەرامبـەر کاربەدەسـتانی سـۆڤیەت و دەسـتێوەردانەکانیان سـەربەخۆ بـووە و بـە شـێوازێکی دێموکراتیـک کاروبارەکانیـان بەڕێـوە بـردووە. بـەڵام دەوڵەتـی میلیـی ئازەربایجـان، هـەر گرێـدراوی ئازەربایجانـی سـۆڤیەت و حیزبـی کۆمۆنیسـت بـووە و بـە شـێوازێکی پۆلیسـی و توندوتیـژی ئیـدارە کـراوە.

-لـە تەمەنـی ١١ مانگـی کۆمـاری کوردسـتاندا، تەنیـا یـەک کەسـی مەدەنـی کـوژراوە و هیـچ گیراوێکـی سیاسـی لـە بەندیخانەکانـی کۆمـاردا نەبـووە، بـەڵام لـە دەوڵەتـی میلیـی ئازەربایجانـدا زۆر کاری تیرۆریسـتی و قەتڵـی سیاسـی ڕوویـان داوە و زۆر بەندیـی سیاسـی لـە گرتووخانەکانیانـدا هەبـووە.

-لەنێـو گەڕەکەکانـی مەهابـاددا، گوێگرتـن بـۆ ڕادیـۆی بیانـی وەک لەنـدەن و ئەنقـەرە، نۆرمـاڵ و سەربەسـت بـووە، بـەڵام لـە تەورێـز گوێگرتـن بـۆ ئـەو ڕادیۆیانـە سـزای ئێعدامـی بـەدواوە بـووە.

-کۆمـاری کوردسـتان و قـازی محەمـەد لەنێـو گەلەکەیانـدا زۆر خۆشەویسـت و بروومـەت بـوون و لـە کاتـی ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتاندا خەڵـک خەمبـار بـووە، بـەڵام لـە تەورێـز سـەرەڕای هەبوونـی تـرس لـە ڕێکخـراوە ئەمنیەتییـەکان و پۆلیسـی نهێنیـی حکوومەتـی ئازەربایجـان، بـەڵام خەڵـک لـە حکوومـەت نـاڕازی و بێـزار بـوون و کاتێـک هێزەکانـی دەوڵەتـی ئێـران گەیشـتوونەتە تەورێـز، ئازەرییەکانـی ئـەوێ لـەدژی کاربەدەسـتانی حکوومەتـی ئازەربایجـان، سـەرهەڵدانیان کـردووە و زۆر لـەو کاربەدەسـتانەی حکوومەتـی ئازەربایجانیـان کوشـتووە.

-بـەم شـێوەیە سـەرەڕای ئـەوەی، کـە کۆمـاری کوردسـتانیش لـە

دەرفەتـی هاتنـی سـۆڤیەت بـۆ ئێـران، توانیبـووی بـە پشـتگیریی ئـەوان دامەزرێ و هێندێـک هاوکاریـی کەمیـان لـێ وەربگرێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەو کۆمـارە بەرهەمـی بیروبـاوەڕی نەتـەوەی کـورد بـووە، بۆیـە ئێسـتاش دوای تێپەڕینـی دەیـان سـاڵ بەسـەر ڕووخانـی ئـەو کۆمـارەدا، بـەڵام ڕێبـازی ئـەو کۆمـارە لەنێـو دڵ و مێشـکی کوردانـدا هـەر زینـدووە، بـەڵام چونکـە دامەزراندنـی حکوومەتـی میلیـی ئازەربایجـان، لەسـەر بنەمـای بیروبـاوەڕی نەتەوەیـی و گرێـدراو بـە خەڵکـی ئازەربایجـان نەبـووە، بۆیـە یـادی ناکـەن و هیـچ شـوێنەوارێکی لـێ نەمـاوە.

## عەمەرخان، دوای کۆماری کوردستان:

عەمەرخـــان چەنـــد جـــار لـــە کۆبوونەوەکانـــی حیزبـــی دێموکراتـــی کوردســـتان، بێبڕوایـــی خـــۆی لەبـــارەی بـــە سیاســـەتی ســـۆڤیەتییەکان بـــە کـــوردان وتبـــوو، بـــەڵام دوای کشـــانەوەی هێزەکانـــی ســـۆڤیەت و دوورکەوتنـــەوەی زۆربـــەی عەشـــیرەتە کـــوردەکان لـــە کۆمـــاری کوردســـتان، «عەمەرخان»یـــش بیـــری لـــەوە کـــردووە کـــە ئەگـــەر چاوەڕوانـــی ئـــەو ناڕوونییـــەی ڕەوشـــی کۆمـــار، هەروەهـــا نەبوونـــی بڕیـــاری بەرخـــۆدان لەلایـــەن بەرپرســـانی کۆمـــارەوە بمێنێـــت، دیـــار نییـــە لەگـــەڵ خۆڕادەســـتکردنی قـــازی محەمـــەد و بەرپرســـانی کۆمـــار، ئـــەوکات چارەنووســـی خـــۆی و زۆربـــەی شـــکاکەکان کـــە هـــەم لـــە ســـەردەمی شۆڕشـــی ســـمکۆدا لـــەدژی دەوڵەتـــی ئێـــران شـــەڕیان کردبـــوو و هەمیـــش لـــە ســـەردەمی کۆمـــاری کوردســـتاندا خەباتیـــان کردبـــوو، دەبێتـــە چـــی و چییـــان بەســـەر دێـــت؟

هـــەر بۆیـــە عەمەرخـــان، بـــە باشـــی زانیـــوە بـــۆ پاراســـتنی خۆیـــان لـــە بەرانبـــەر هـــەر مەترســـییەک لەلایـــەن دەوڵەتـــەوە، جـــارێ خۆیـــان ڕادەســـتی دەوڵـــەت نەکـــەن و بـــە چەکەکانیانـــەوە لـــە هەرێمـــی ورمـــێ و ســـەڵماس بمێنـــن، بـــۆ ئـــەوەی بتوانـــن چارەیـــەک بـــۆ دواڕۆژی خۆیـــان ببیننـــەوە.

لـــە هەمـــان کاتیشـــدا لەژێـــر گوشـــاری بەردەوامـــی کاربەدەســـتانی شـــای ئێـــران، کـــە فەرمانیـــان دەرکردبـــوو دەبـــێ کـــوردەکان چەکەکانیـــان ڕادەســـتی دەوڵـــەت بکـــەن، بـــۆ ئـــەو مەبەســـتە «شـــێخ عەبدولڕەحیـــم شـــەمس بورهان»یـــان نـــاردووە بـــۆ زندەشـــت و لـــە کۆبوونـــەوەی لەگـــەڵ عەمەرخـــان و ســـەرۆک عێلانـــی شـــکاک، لەبـــارەی بـــە ناڕوونیـــی دواڕۆژی

کــوردان لــە ئەگــەری دژایەتیــی دەوڵەتــی ئێــران قســەی کــردووە. بەتایبەتــی لــەدژی قــازی محەمــەد و مــەلا مســتەفا بارزانــی قســەی کــردووە، بــەڵام عەمەرخــان و ســەرۆکعێلانی شــکاک بــەو نێــردراوی دەوڵەتیــان وتــووە کــە باشــتر بــوو تــۆ قورســایی خــۆت و بنەماڵەکــەت پاراســتبا و لەباتــی دژایەتــی لەگــەڵ قــازی محەمــەد و بارزانــی، ئــاڵای کوردســتانت هەڵدابــا، بــەڵام ئێســتا کــە تــۆ نێــردراوی دەوڵەتــی، بــڕۆ بــە دەوڵــەت بڵــێ تــا ئەوکاتــەی لێبووردنــی گشــتی بــۆ شــکاکەکان دەرنــەکات، ئــەوان چەکەکانیــان ڕادەســت ناکــەن. ئێمــە بەهــۆی نیگەرانــی لــە دواڕۆژی خۆمــان و بێبڕوایــی بــە دەوڵەتــی ئێــران، ناچاریــن لەگــەڵ عێــل و عەشــیرەتەکانمان لــە ئێــران وەدەرکەویــن و پەنابــەری عێــراق و تورکیــە ببیــن.

ئــەو بەرخۆدانــەی شــکاکەکان لەپێنــاو ڕادەســتنەکردنی چەکەکانیــان بــە دەوڵــەت، چەنــد مانــگ دوای ڕووخاندنــی کۆمــاری کوردســتان درێــژەی هەبــووە. لــەو کاتــەدا "جــۆرج ئالێــن" باڵوێــزی پێشــووی ئەمریــکا لــە یوگســلاڤیا کــە ســاڵێک بەرلــە دامەزراندنــی کۆمــاری کوردســتان هاتبــووە تــاران و ئــەوکات چەنــد جــاران لەگــەڵ عەمەرخــان هەڤدیتنــی هەبــووە و پێکــەوە دۆســتایەتییان هەبــووە، پەیامێکــی بــۆ عەمەرخــان نــاردووە و پێــی وتــووە: مــن ســەبارەت بــە تــۆ و هــۆزی شــکاک لەگــەڵ شــا قســەم کــردووە. مــن پێــم وتــووە عەمەرخــان هــەر لــە ســەرەتای هاتنــی ڕووســەکان بــۆ ئێــران دژی نفــووز و دەســتێوەردانیان لــە ئێرانــدا بــووە و ئــەو هیــچ متمانــەی بــە ڕووســەکان نەبــووە. هەروەهــا وتوویەتــی کــە مــن شــام ڕازی کــردووە تــۆ و عەشــیرەتی شــکاک ببورێــت.

جــۆرج ئالێــن لــەو پەیامــەی خۆیــدا داوای لــە عەمەرخــان کــردووە ســەردانی لەشــکری ٦٤ی شــا لــە ورمــێ بکــەن و دوای ڕادەســتکردنی

چەکەکانیـــان، لــە زێــدی خۆیـــان ئـــارام دابنیشـــن. دوای ئـــەو پەیامــە عەمەرخـــان لەگـــەڵ ســـەرۆکعێلانی شـــکاک کـــۆ بووەتـــەوە و لەگـــەڵ ڕەشـید بەگـی جەهانگیـری و تەمرخانـێ هنـارە چوونەتـە لای فەرمانـدەی لەشـکری شـا لـە ورمـێ و وەفاداریـی خۆیـان بـە شـا و دەوڵەتـی ئێـران ڕاگەیانــدووە.

بــەم شــێوەیە جــۆرج ئالێـــن هـــەم عەمەرخـــان و شـــکاکەکانی لـــە مەترســـیی ئێعـــدام ڕزگار کـــردووە و هەمیـــش وەفاداریـــی عەمەرخـــان و شـــکاکەکانی بـــە شـــای ئێـــران ڕاگەیانـــدووە. دوایـــی ئـــەو قۆناغـــە عەمەرخـــان تـــا کۆتایـــی ژیانـــی لـــە "زندەشـــت"دا ماوەتـــەوە و وەک گـــەورەی شـــکاکەکان لـــە هەمـــوو خێـــر و شـــەڕی ئـــەو قۆناغانـــەدا بەشـــدار بـــووە.

هەروەهـــا تـــا کۆتایـــی ژیانـــی خـــۆی لـــە ئاســـتێکی بـــەرزدا لەگـــەڵ کاربەدەســـتانی دەوڵەتـــی ئێـــران پێوەندیـــی هەبـــووە و چەنـــد جاریـــش لەگـــەڵ شـــای ئێـــران یەکتریـــان بینیـــوە و لـــە زۆربـــەی ڕێوڕەســـم و کۆبوونەوەکانـی دەوڵـەت، بەتایبەتـی ئەوانـەی پێوەندیـدار بـە کـوردەوە بـــوو، بـــە نوێنەرایەتیـــی شـــکاکەکان بەشـــدار بـــووە و بڕیـــاری داوە.

عەمەرخـان، سـاڵی ١٣٣٧ی هەتـاوی (١٩٥٨ی زایینـی) لـە تەمەنـی ٨٥ سـاڵی کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە ڕێوڕەسـمێکی بەرفراوانـی سـەرۆک هۆزەکانـــی شـــکاک و هەرکـــی و ســـۆران و کاربەدەســـتانی دەوڵەتـــی ئێـران، لـە گونـدی زندەشـتی سـەر بـە ورمـێ بـە خـاک سـپێردراوە.

## بۆچوونــی کەســایەتییە سیاســییەکان لەبــارەی پێگــە و کەســایەتیی عەمەرخــان:

ڕاپۆرتــی ڕۆزڤێڵــت یاریــدەدەری نیزامــی لــە باڵوێزخانــەی ئەمریــکا لــە تــاران ســەبارەت بــە عەمەرخــان:

ڕۆزڤێڵــت لــە ڕاپۆرتەکەیــدا لەبــارەی عەمەرخــان نووســیویەتی: «کــردەوەی هێندێــک لــە ســەرۆک هۆزەکانــی کــورد بەپێــی بۆچــوون و مەبەســتی ئــەوان، هێندێــک گومــان دروســت دەکــەن، یەکێــک لــەو نموونانــەی ســەرنجڕاکێش مــژاری عەمەرخانــی شــکاکە.

عەمەرخــان، ئــەوکات ڕێبــەری پلــە یەکەمــی عەشــیرەتی شــکاک و بەهێزتریــن و ڕێزدارتریــن کەســایەتیی کوردســتانی ئێــران بــوو. مەزەنــدە دەکــرێ عەمەرخــان لــە پێوەنــدی لەگــەڵ ڕووداوەکانــی ئــەوکات، کاریگەرییەکــی ئەرێنیــی لەســەر چاودێرانــی ئەمریکایــی هەبــووە».

ڕۆزڤێڵــت عەمەرخانــی وەک «پیــری گــەورەی کوردســتان» نــاو بــردووە.

ســپەهبۆد (ژێنــراڵ)ی ڕەزا شــا بــە نــاوی ئەحمــەد ئەمیــر ئەحمــەدی نووســیویەتی:

«کاتێــک مــن و ئارچــی ڕۆزڤێڵــت، (کــە ئــەوکات ناوبــراو کاربەدەســتێکی ئەمریکایــی بــوو لــە ئێــران) باســی عەمەرخانــی شــکاکمان دەکــرد، ڕۆزڤێڵــت پێــی گوتــم کــە «عەمەرخــان پیــری گــەورەی کوردســتانە».

ڕاپۆرتی ڤیلیام داگلاس لەبارەی عەمەرخانەوە:

لـە ساڵی ١٩٥٠دا «ڤیلیـام داگلاس» دادوەری نـاسراوی دیوانـی بـەرزی ئەمریـکا، لـەو کاتـەدا چاوپیکەوتنێکـی لەگـەڵ عەمەرخـان کـردووە و لـە بەشـی چـواری پەرتووکەکەیـدا باسـی لـە سـەفەری خـۆی بـۆ زندەشـت بـۆ بینینـی عەمەرخـان کـردووە و تێیـدا وەهـای نووسـیویە: «سـەرەتا من سڵاوی «جـۆرج ئالێـن»م گەیانـدە عەمەرخـان، کـە ناوبراو ئـەوکات باڵوێزی پێشـووی ئەمریـکا لـە ئێـران، هەروەهـا دۆسـتی عەمەرخـان بـوو. ئەویـش بـە گەرمـی مێوانداریـی کـردم. سـەرەڕای ئـەوەی عەمەرخـان هیـچ خوێندەوارییەکـی کلاسـیکی نەبـوو، هەروەهـا هیـچ ڕۆژنامـە و گۆڤارێکیـش لـەلای نەبـوون کـە بخوێنێـت، بـەڵام ناوبـراو لەڕێـگای ڕادیـۆوە، هەمـوو هەواڵەکانـی جیهانـی تاقیـب کـردووە و، کەسێکی خـاوەن زانسـتی سیاسـی و ئـاگادار لـە ڕەوشـی جیهـان و شرۆڤەکارێکـی لێـزان بـوو.

کاتێــک بینیــم عەمەرخـــان چـــۆن لەســـەر کۆمۆنیزمـــی ســـۆڤیەت، هەروەهـــا لەســـەر ڕەوشـــی کۆریـــای باکـــوور و پەیمانـــی ئاتلانتیـــک قسـەی دەکـرد و لـەم بـوارەدا بۆچـوون و ڕەخنەکانـی بـاس دەکـرد، مـن تووشـی سەرسـووڕمان بـووم، کـە عەمەرخـان چـۆن ئەوەنـدە زانیـاری و تێگەیشـتنی سیاسـیی کـۆ کردووەتـەوە و بـەو زانابوونـەی خـۆی زۆر بـاش پرسـە سیاسـییەکان شرۆڤـە دەکات. مـن وام هەسـت دەکـرد کـە ئـەو مامۆسـتایەکە کـە وانـە بـە قوتابییـەکان دەڵێـت».

ناوبراو هەروەها نووسیویەتی:

«عەمەرخـان لەگـەڵ کۆمـاری کوردسـتان هـاوکار بـووە و یەکێـک لـەو چـوار ژێنراڵـەی کۆمـار و ئەندامێکـی کاریگـەر لـە سەرپەرەسـتیکردنی حیزبـی دێموکـرات بـووە، هەروەهـا یەکێـک لـە واژۆکەرانـی پەیماننامـەی نێـوان کۆمـاری کوردسـتان و دەوڵەتـی میللیـی ئازەربایجـان لـە ساڵی

١٩٤٦ بووە و شەڕڤانەکانی ژێر فەرماندەیی ناوبراو بەشێک لە هێزی سەرەکیی کۆماری کوردستان بوون. کاتێک ئەو زانیویەتی ڕووخانی کۆمار نزیک بووتەوە، هاوکاریی خۆی لەگەڵ کۆمار پچڕاندووە و بە گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی لە زندەشت، چاوەڕوانی دوایین گۆڕانکارییەکانی کردووە.

مەزەندە دەکرێت عەمەرخان بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لەگەڵ کۆمار بووە، پێوەندیی لەگەڵ جۆرج ئالێن باڵوێزی ئەمریکا لە تاران هەبووبێت. ئەو کارەی عەمەرخان وەک ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ دواڕۆژ بووە». ڤیلیام داگلاس لەمەڕ ڕزگاربوونی عەمەرخان لەو تراژیدی و مەترسییەی دوای کۆمار، کە بە نێوبژیوانیی باڵوێزی ئەمریکا لەگەڵ شای ئێران پێک هات، نووسیویە:

«بە درێژایی ئەوکاتەی کە عەمەرخان لەگەڵ کۆماری کوردستان هاوکاریی دەکرد، قەت پێوەندییەکانی لەگەڵ جۆرج ئالێن نەپساندووە و لەنێو کۆماریشدا هەموو کاتێک لەدژی سیاسەتی سۆڤیەت ڕاوەستاوە. دوای ڕووخانی کۆماریش وا مەزەندە دەکرا «عەمەرخان»یش لەگەڵ قازی محەمەد لەسێدارە دەدرێت؛ بەڵام جۆرج ئالێن لەلای شا پشتی گرتووە و لە ئاکامدا نەیهێشتووە عەمەرخان بکوژرێ.

شەریپۆرف دیپلۆماتی سۆڤیەت لە ئێران لەبارەی عەمەرخانەوە نووسیویە:

«لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٢/٦ کاتێک کە من لە تەورێزەوە دەگەڕامەوە ورمێ، لە ڕێگا تووشی عەمەرخان بووم. عەمەرخان لەمەڕ هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی نێوان عەشیرەتە کوردەکان، کە پێشتر لەگەڵ یەکتری ناکۆک بوون قسەی دەکرد. ئەو لەو پێناوەدا دەیهەویست

جارێکـــی دیکـــە ســـەردانێکی باکـــووری ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان بـــکات. عەمەرخـــان دەیگـــوت: «مـــن چەنـــدە لـــە ڕێـــگای ڕادیـــۆوە دەنگوباســـی جیهانـــم تاقیـــب کـــردووە، هەرگیـــز لـــە گەورەیـــی ســـۆڤیەت شـــتێک تـــێ نەگەیشـــتووم، بـــەڵام دیســـانیش هیـــوادارم ســـۆڤیەت بـــۆ ســـەربەخۆیی کوردســـتان پشـــتیوانی لـــە خەباتەکەمـــان بـــکات».

نەمـــر دکتـــۆر ئەفراســـیاب هەورامـــی، مێژوونووســـی نـــاوداری کـــورد، کـــە زۆربـــەی بەڵگەنامەکانـــی پێوەندیـــدار بـــە کـــوردی لـــە ئارشـــیڤی ڕووســـەکان وەرگرتـــووە، لەبـــارەی عەمەرخانـــەوە نووســـیویەتی: «ســـەرەڕای ئـــەوەی زۆر کـــەس لەســـەر ڕووخانـــی کۆمـــاری کوردســـتان، عەمەرخـــان و هێندێـــک لـــە ســـەرۆک هـــۆزی دیکەیـــان وەک خیانەتـــکار ناســـاندووە، بـــەڵام عەمەرخـــان لـــە ســـاڵی ١٩٤٢وە تـــا ئێســـتا ســـەرەڕای ئـــەو داوایـــەی کـــە لەلایـــەن دەوڵەتـــی ئێرانـــەوە لێـــی کـــراوە، کـــە ئەگـــەر هاوکارییـــان لەگەڵـــدا بـــکات، ئەوانیـــش زۆر پۆســـت و پـــارەی پـــێ دەدەن، بـــەڵام عەمەرخـــان ئەمـــەی قبـــووڵ نەکـــردووە و دواتریـــش وەک ژێنراڵێکـــی کۆمـــاری کوردســـتان، لەســـەر خەباتـــی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانپەروەری بـــەردەوام بـــووە.

هـــاوکات عەمەرخـــان و هێندێـــک سەرۆکعەشـــیرەتی کـــورد لەگـــەڵ قـــازی محەمـــەد لەســـەر ئەمـــە ڕێـــک کەوتـــوون کـــە شـــارەکانی ورمـــێ، کـــەلا خـــوێ، ســـەڵماس و ماکـــۆ کـــە بەشـــێکن لـــە کوردســـتان، بـــە هـــەر شـــێوەیەک بۆیـــان بکرێـــت، دەبـــێ ئـــەو هەرێمانـــە بگەڕێننـــەوە ژێر دەســـەڵاتی کۆمـــاری کوردســـتان».

بـــەڵام پێویســـتە بگوتـــرێ کـــە قـــازی محەمـــەد زیاتـــر پێداگریـــی لەســـەر گەڕاندنـــەوەی هـــەردوو شـــاری ســـەقز و بانـــە بـــۆ ســـەر دەســـەڵاتی کۆمـــاری کوردســـتانی کـــردووە و وتوویەتـــی بـــۆ شـــارەکانی دیکـــە پێویســـتی بـــە هاوئاهەنگـــی لەگـــەڵ دەوڵەتـــی ئازەربایجـــان هەیـــە.

«ســـەلومین»ی سەرکۆنســـوولی ڕووس لـــە ماکـــۆ، لـــە ســـاڵی ١٩٤٦ لـــە

ڕاپۆرتـی خۆیـدا سـەبارەت بـە عەمەرخـان بـەم شـێوەیە نووسـیویە:

«عەمەرخـان مرۆڤێکـی فێڵبـاز و لێزانـە، ئـەو ئـاگاداری هەمـوو ڕووداوکانـی ئێـران و جیهانـە، ئـەو توانیویەتـی هەمـوو عەشـیرەتی شـکاک چەکـدار بـکات. ئـەو لـە کاتـی ئاخافتنـدا بـە ئاسـانی دەتوانـێ ئاخافتنەکـە بـەرەو لایەکـی دیکـەوە ببـات و مژارێکـی دیکـە بخاتـە بەربـاس و هۆشـی مـرۆڤ بـە لاڕێـدا ببـات. بـۆ نموونـە ئـەوکات ناوبـراو باسـی لـە پەیمانـی ئاتلانتیکـی بـۆ مـن دەکـرد.»

(پێویسـتە بوترێـت، مەبەسـتی عەمەرخـان لـە ئاماژەکـردن بـە پەیمانـی ئاتلانتیـک لـە چاوپێکەوتنەکانـی لەگـەڵ کاربەدەسـتانی ڕووسـی و ئەمریکایـی، جەختکردنـەوە لەسـەر ناوەڕۆکـی بەیاننامـەی ٤١ مادەیـی ویلسـۆن، سـەرکۆماری ئەمریـکا لـە شـەڕی جیهانیـی یەکەمـدا بـووە کـە لـە مـادەی ٢١ی ئـەو بەیاننامەیـەدا بـاس لـە مافـی چـارەی خونووسـینی گەلانـی ژێردەسـتی عوسـمانی و یـەک لـەوان نەتـەوەی کـورد کرابـوو. ئـەو بەیاننامەیـە دواتـر لـە سـاڵی ١٤٩١ بـوو بـە بناغـەی جاڕنامـەی ئاتلانتیـک کـە لـە نێـوان وینسـتۆن چرچیـل سـەرۆک وەزیرانـی بریتانیـا و فرانکلیـن ڕۆزڤێڵـت، سـەرکۆماری ئەمریـکا واژۆ کـرا و لـە خاڵـی ٣ی ئـەو جاڕنامەیەشـدا بـە ڕوونـی پێداگـری لەسـەر مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی ئـەو گەلانـە کـراوە کـە بـە هـەر هۆکارێـک لـە دەسـەڵاتی نیشـتمانی و سـەروەری بـە سـەر خاکـی خۆیانـدا بێبـەش کـراون.).

بۆچوونـی جـورج ئالێـن باڵوێـزی ئەمریـکا لـە تـاران لەبـارەی عەمەرخـان:

«عەمەرخـان، سـەرۆکی هـۆزی شـکاکە و بـۆ ماوەیەکیـش وەزارەتـی جەنگـی کۆمـاری کوردسـتانی لـە ئەسـتۆ بـووە. تەمەنـی نزیکـەی ٧٣

ساڵە و هەمیشە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە شەڕدا بووە. بەشێک لە ساڵەکانی تەمەنی لاوەتیی خۆی لە بەندیخانەکانی ڕەزا شادا بەسەر بردووە و چەند ساڵێکیش بۆ تورکیە دوور خراوەتەوە. هێشتا وەک سەربزێوێکی دەستەمۆنەکراو دێتە ئەژمار. کونسوولی بریتانیا لەسەر ئەم بڕوایەیە کە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان کە قازی محەمەد دەتوانێ بۆ سەلماندنی ئیدعای خۆی لەبارەی پاراستنی سەقامگیریی سیاسیی ناوچەکە بیهێنێتە ئاراوە، ئەوەیە کە تا ئێتسا توانیویەتی وەفاداریی عەمەرخان بپارێزێت.»

بۆچوونی قۆتاز مامەدی لەبارەی عەمەرخان:

«عەمەرخان کەسایەتییەکی ڤێرەک (بوێر) و لێهاتوو و خاوەن هەیبەت بوو، بۆیە سمکۆ لە پێشدا ناوبراوی خۆش دەویست و لە کاتی نانخواردن هەموو کاتێک ناوبراوی بانگ دەکرد و پێکەوە نانیان دەخوارد، بەڵام ئەو ڕێزگرتنەی کە سمکۆ لە عەمەرخانی دەگرت، ببووە هۆی حەسوودیی عەودۆییەکانی پساغای دەوروبەری سمکۆ. بۆیە دواتر سمکۆش هێدی، هێدی لە پێشکەوتنی عەمەرخان و لایەنگریی شکاکەکان لە عەمەرخان نیگەران ببوو».

بۆچوونی سەنار مامەدی لەبارەی عەمەرخان:

«عەمەرخان لە بواری نیزامیدا فەرماندەیەکی لێزان و ڤێرەک و نیشانەپێکێکی کارامە و پلە یەک بوو. لە بواری سیاسیدا سیاسەتمەدارێکی زانا، خاوەن بیرکردنەوە بۆ دواڕۆژ بوو. ناوبراو لەو قۆناغە هەستیارەی ئەوکاتدا توانیویەتی بە لێزانینێکی باش، پێوەندییە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ دیپلۆماتە ئەمریکایی و ڕووسییەکان و

دەوڵەتـی ئێـران دابنێـت و لـە هەمـوو چالاکـی و پێوەندییەکانـی خۆیـدا، بـۆ مافـی کـورد و سـەربەخۆیی کوردسـتان تێکۆشـاوە».

شـەهیدبوونی دوو کـوڕ و دوو نـەوەی عەمەرخـان لـە ڕیزەکانـی «حـدکا»

لـە ساڵی ١٩٧٩ و دوای ئـەوەی کـە کۆمـاری ئیسلامی لـە ئێرانـدا دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گـرت، خومەینـی ڕێبـەری مەزهەبیـی ڕێژیمـی ئێـران بڕیـاری جیهـادی لـەدژی گەلـی کـورد دەرکـرد و هێزەکانـی ڕێژیمـی ئێـران هێرشـیان کـردە سـەر ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. لـە کاتـی بەرگریـی گەلـی کـورد لـە خاکـی کوردسـتان، لـە بەرانبـەر ئـەو فتوایـەی خۆمەینـی، هـەزاران ڕۆڵـەی کـورد لـە مەتەرێـزی بەرخۆدانـدا گیانیـان فیـدا کـرد، کـە لـە نێویانـدا دوو کـوڕ و دوو نـەوەی «عەمەرخان»یـش هەبـوون.

کوڕێکـی عەمەرخـان بەنـاوی «فەرزنـدە شـەریفی» لەگـەڵ نەوەیەکـی بەنـاوی ««محەمـەد شـەریفی» لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی ژینۆسـایدی گەلـی کـورد لەلایـەن ڕێژیمـی ئێرانـەوە، لـە گونـدی «کـووڕێ» و «بەلەهـی»ی سـەر بـە ناوچـەی «ئەنـزەل»ی ورمـێ لەگـەڵ چەندیـن کەسـی دیکـەی مەدەنـی شـەهید کـراون.

هەروەهـا کوڕێکـی دیکـەی بەنـاوی «ئیبراهیـم شـەریفی» کـە بـە «گـورو» دەنـاسرا، لەگـەڵ نەوەیەکـی دیکـەی بەنـاوی «فەرهەنـگ شـەریفی» کـە ئەویـش کـوڕی ئیبراهیـم (گـورو) بـوو، هەردووکیـان لـە ڕیزەکانـی «حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران»دا فەرمانـدەی لێهاتووی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـوون و لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە شـەڕێکی قورسـدا کـە لـە گونـدی «بەلەهـی»ی ناوچـەی ئەنزەلـی نزیـک ورمـێ ڕووی دا، شـەهید بـوون.

# وێنەکان



سمکۆی شکاک



لـە چەپـەوە بـۆ ڕاسـت: نەفـەری یەکـەم سـمکۆ، نەفـەری چـوارەم جـەوەر ئاغـای براگـەورەی سـمکۆ، نەفـەری پێنجـەم «مسـتێ» باوکـی «بـرێ» نـەورۆزی



لـە چەپـەوە بـۆ ڕاسـت: ریـزی پێشـەوە، نەفـەری سـێیەم سـمکۆ، نەفـەری چـوارەم نیکیتیـن دیپلۆماتـی ڕووسـیە، نەفـەری پێنجـەم سـورمە خانمـی خووشـکی مارشـیموونی ئاسـووری



لـه ڕیـزی پێشـەوە: دانیشـتوان، سـمکۆ لەگـەڵ قـادر ئاغـا و جـەوەر ئاغـای هەرتۆشـی، ڕاوەسـتاوەکان:
نـوورۆ و حاجـی ئاغـای هەرتۆشـی




لەچەپەوە بۆ ڕاست ڕیزی پێشەوە، لە دانیشتوان نەفەری دووهەم شێخ عەبدولسەلام بارزانی



لـە چەپـەوە بـۆ ڕاسـت: ڕیـزی پێشـەوە، کەسـی دووەم جـەوەر ئاغـای شـکاک، لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی قاجـار لـە تەورێـز و جەنگاوەرانـی شـکاک کـە بـە پێـوە ڕاوەسـتاون (١٩٠٥)




عەمەرخانی شکاك



قەڵای چەهریق «چاری»



عەبدولڕەزاق بەدرخان



شێخ سەعیدی پیران



شێخ مەحموود بەرزەنجی




شێخ ئەحمەدی بارزان




مستەفا پاشا یامۆلکی



ژینێراڵ شەریف پاشا



شێخ عەبدولرەحمانی سەران



جەمیل کاکل محەمەد ئاغا گەردی



قۆتاز مامەدی باوکی سەنار



فارس ئاغای زێباری



فەرزەندە بەگی حەسەنی



تەمرێ جانگۆ فەنەکی



لەچەپەوە بۆ راست: نەفەری سێهەم برۆیێ حەسکێ تێلی و جەنگاوەرانی ئارارات



لەچەپەوە بۆ راست: برۆیێ حەسکێ تێلی



ئیحسان نووری پاشا و یاشار خانمی هاوژینی



لە چەپەوە بۆ راست، نەفەری چوارەم: بابەکر ئاغا پشدەری



لــە چەپــەوە بــۆ ڕاســت: ریــزی پێشــەوە، کەســی دوویــەم ســمکۆی شــکاک لەگــەڵ جەنگاوەرانــی کــورد




لــە چەپــەوە بــۆ ڕاســت: عەمەرخــان، ســمایل ئاغــای پســائاغای کاردار، زەکــی بــرای ســووتۆ، ســووتۆیێ ئۆرەمــار، مــوراد گەورکــی، شــێخ مــوراد



قازی محەمەد و ئارچی باڵد ڕۆزڤێڵت



لە چەپەوە بۆ ڕاست: نەفەری سێیەم، عەمەرخان



له چەپەوە بۆ ڕاست: ڕیزی پێشەوەی دانیشتووان، نەفەری ناوەڕاست قازی محەمەد



مەلا مستەفا بارزانی و قازی محەمەد



عەمەرخان بە لیباسی نیزامی



لە چەپەوە بۆ ڕاست: ڕیزی پێشەوە، نەفەری شەشەم، زێرۆ بەگی هەرکی



لــه چەپــەوە بــۆ ڕاســت: لــە ڕیــزی ڕاوەســتاوەکان، نەفــەری پێنجــەم، مــەلا مســتەفا بارزانــی، نەفــەری شەشــەم قــەدری جەمیــل پاشــا (١٩٤٦)



سەربازگە «قشلە»ی ئاکرێ لەسەردەمی عوسمانییەکاندا



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: عەمەرخان، جۆرج ئاڵێن باليۆزی ئەمريكا لە تاران، حەبيب ئەميری نوێنەری عەمەرخان



عەمەرخان و سەييد عەبدوڵای شەمزينی لەگەڵ پێشمەرگەکانی شکاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان




لە چەپەوە بۆ ڕاست: ڤیلیام داگڵاس و عەمەرخان



لە چەپەوە بۆ ڕاست: نەفەری سێیەم، تاهیر خان سمکۆ و براکانی




عەمەرخانی شکاک




فەرزندە شەریفی کوڕی عەمەرخان



ئیبراهیم شەریفی (گورۆ) کوڕی عەمەرخان



لە چەپەوە بۆ ڕاست: نەفەری دووهەم سەنار مامەدی



فەرهەنگ شەریفی نەوەی کوڕی عەمەرخان



چیای ئارارات، عەمەرخان



مەزارگەی عەمەرمەرخان

سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:

- بارزانـی، مەسـعوود. (٢٠٢٠)، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کـورد، بەرگـی یەکـەم، (١٩٣١-١٩٥٨)، چاپـی یەکـەم، هەولێـر چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات

- جەلیـل، جەلیـل. (١٩٩٩)، بیۆگرافیـا عەبدولـڕەزاق بەدرخـان، چاپـی یەکـەم، بەرلیـن، لـە بڵاوکراوەکانـی گۆڤـاری هاڤیبـوون.

- حەمـــە باقـــی، موحەمـــەد. (٢٠١١)، بیرەوەرییەکانـــی ســـەید عەزیـــزی شـــەمزینی، ســـلێمانی، بنکـــەی ژیـــن.

- دۆغـان، فەیسـەل. (٢٠٢٠)، سـیا دیرۆکـێ، سـەرهڵدانێن کـوردان، بەشـا خۆیبـوون و ئـارارات.

- ڕەفیـق، سـاڵح و سـدیق، سـاڵح. (٢٠٠٧)، ڕۆژنامـەی کوردسـتان-مەهابـاد، ١٣٢٤-١٣٢٤ هەتـاوی. سـلێمانی، بنکـەی ژیـن.

- سـۆلتانی، ئەنـوەر. (٢٠٠٥)، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە بەڵگەنامەکانـی وزارەتـی دەرەوەی بریتانیـدا، سـلێمانی، بنکـەی ژیـن.

- سـەبری، عوسـمان، ,(٢٠٠٩) فەرزنـدە بـەگ، گۆڤـارا بیـر، گوڤـارا لێگەڕیـن و لێکۆڵینـێ، ژمـارە ١٠، ل. ٥٥-٦٨.

- عەزیـز سـەعید، هیـوا. ((٢٠٠٦، کۆمەڵـەی خۆیبوون-پارتـی هیـوا-کۆمەڵـەی ژێـکاف، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، چاپخانـەی یـاد.

- عیـزەت، مەحمـوود مـەلا. (٢٠٠١)، جەمهوورییەتـی کوردسـتان، لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی و سیاسـی، سـلێمانی، دەزگای سـەردەم.

- عیـزەت، مەحمـوود مـەلا (٢٠٠٣)، دەوڵەتـی جمهـووری کوردسـتان، سـلێمانی.

- قـادری، کاوە. (٢٠٠٨)، کۆمەڵـەی ژ.ک تـا کۆمـار (بیرەوەرییەکانـی

محەمەدئەمیــن قــادری کۆلیــج)، چاپــی یەکــەم، هەولێــر، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات.

- قاســملوو، عەبدولڕەحــمان. (١٩٨٨)، چــل ســاڵ خەبــات لەپێنــاوی ئــازادی، چاپــی دووەم، چاپخانــەی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران.

- کۆچێــرا، کریــس. (٢٠٠٦)، کــورد لــە ســەدەی ١٩ و ٢٠، وەرگێڕانــی حەمەکەریــم عــارف، چاپــی دووەم، ســلێمانی، چاپخانــەی شــڤان.

- گەوهــەری، حامیــد. (٢٠١١)، کۆمــاری کوردســتان، هەولێــر، چاپخانــەی شــەهاب.

- گەرنــاس، ئــارام. ,(٢٠٠٨) فەرزنــدە بــەگ، گۆڤــارا بیــر، گوڤــارا لێگەریــن و لێکۆڵینــێ، ژمــارە ٨، ل. ٩٢-٩٦.

- لازاریــڤ، م. س. (١٩٨٩)، کێشــەی کــورد، وەرگێڕانــی؛ کاوس قەفتــان، بغــداد، مطبعــە الجاحــظ.

- مســتەفا ئەمیــن، نەوشــیروان. (٢٠٠٥)، کــورد و عەجــەم مێــژووی سیاسـیی کوردەکانــی ئێــران، چاپــی ســێیەم، ســلێمانی، چاپخانــەی ڕوون.

- مســتەفا ئەمیــن، نەوشــیروان. (٢٠٠٧)، حکوومەتــی کوردســتان، کــورد لــە گەمــەی ســۆڤیەتدا، چاپــی ســێیەم، ســلێمانی، ســەنتەری لێکۆڵینــەوەی ســتراتیجی کوردســتان.

- مەنگــوڕی، میــرزا موحەمــەد ئەمیــن. (٢٠٠١)، بەســەرهاتی سیاســیی کــورد، لــە ١٩١٤وە تــا ١٩٥٨- بەشــی دووەم، ســلێمانی، چاپخانــەی ڕاز.

- نــووری پاشــا، ئیحســان. (٢٠٠١)، بیرەوەرییەکانــی ئیحســان نــووری پاشــا، وەرگێــڕ: وریــا قانیــع، هەولێــر، چاپخانــەی وزارەتــی پــەروەردە.

- هەورامــی، ئەفراســیاب. (٢٠٠٦)، کــورد لــە ئارشــیڤی ڕووســیا و ســۆڤیەتدا، هەولێــر، چاپخانــەی وزارەتــی پــەروەردە.
- هەورامــی، ئەفراســیاب. (٢٠٠٧)، ڕووداوەکانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لــە بەڵگەنامەکانــی ســۆڤیەتدا (١٩٤٥-١٩٤ )، ســلێمانی، بنکــەی ژیــن.
- هەورامــی، ئەفراســیاب. (٢٠٠٨)، پێوەندییەکانــی کوردســتان و ئازەربایجــان و هەرەســهێنانی هــەردوو لا، لــە ســاڵی ١٩٤٦دا. ســلێمانی، دەزگای چــاپ و پەخشــی ســەردەم.
- هەورامــی، ئەفراســیاب. (٢٠٠٨)، ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لــە ســەردەمی شــەڕی دووەمــی جیهانــی، ســلێمانی، بنکــەی ژیــن.
- یانــۆڤ، ئەڤیــر. کــورد لــە جەنگــی ڕووســیا لەگــەڵ ئێــران و تورکیــا، وەرگێــڕ: هەورامــی. ئەفراســیاب،

سەرچاوە فارسییەکان:

- ادمونــدز، سیســیل جــی. (١٣٨٣)، کردهــا، ترکهــا، عربهــا. ترجمــه ابراهیــم یونســی، چــاپ دوم، چاپخانــه نوبهــار.
- امیــر احمــدی، احمــد. (١٩٩٤)، خاطــرات نخســتین ســپهبد ایــران احمــد امیــر احمــدی، تهــران موسســه پژوهــش و مطالعــات فرهنگــی.
- بخش‌پــوور، جلیــل. (١٣٨٥)، ســلماس و دوره مشروطیــت، فصلنامــه مطالعــات تاریخــی، شــوماره ١٢ بهــار، ٢٢٤-٢٦٩.
- برفروخــت، رزگار. (١٣٩٨)، حرکــت ســمکو در کشــاکش ناســیونالیزم و عشــیرەگرایی، تهــران، نــشر تاریخــی ایــران.
- بــورل، روبــرت میچــل. (١٣٩٢)، یاداشــتهای سیاســی ایــران، (١٨٨١-١٩٦٥)، جلــد ٧: ١٩٢٤-١٩٢٦، مترجــم: افشــار امیــری و مهــدی رحمانــی،

تهــران: مرکــز اســناد انقــلاب اســلامی، موسســه فرهنگــی- هــنری انتشــارات.

- توفیــق، رەحمتاللــه. (۱۳۹۳)، تاریخچــه ارومیــه، یادداشــتهایی از ســالهای جنــگ جهانــی اول و آشــوب بعــد از آن، تهــران، انتشــارات پردیــس دانــش.

- جویــد، وادی. (۲۰۰۶)، جنبــش ملــی کــورد، جمهــوری مهابــاد، فصلنامــه فرهنگــی اجتماعــی گفتگــو ۱۳۸۸، شــماره ۵۳، ص: ۴۷-۸۲.

- چوپانــی، احمــد. (۱۳۹۴)، اســماعیل آقــا ســمکو، تهــران، انتشــارات آنــا.

- خامه‌ای، انور. (۱۳۷۲)، خاطرات سیاسی، تهران، نشر گفتار.

- خــسروزاده، ســیروان. (۱۳۹۷)، مجموعــه تاریــخ معــاصر ایــران- شکســت اردوی آهنیــن: گزارشــی از ســمکو بــه مهابــاد و انهــدام هنــگ چهاردهــم ژاندرمــری، مهــر ۱۳۰۰ شمســی. تهــران انتشــارات شــیرازه کتــاب مــا.

- درخشــانی، علــی اکــبر (۱۹۹۴). از جنگهــای گیــلان و لرســتان تــا واقعــه آذربایجــان. ماریلانــد، درخشــانی.

- دهقان، علی. (۱۳۴۸)، سرزمین زردشت. تهران، ابن سینا.

- ســجادی، امیــر. (۱۳۹۸)، جامعــه شناســی سیاســی حــزب کومەلــه تجدیــد حیــات کوردســتان، ســنندج، انتشــارات مادیــار.

- شریفــی ممکانــی، ابراهیــم. (۱۳۸۸)، ایــل شــکاک در مســیر حــوادس. ارومیــه، حســینی اصــل.

- جرالــد ف.پ. دوهــر. (۱۹۴۶)، کوردهــا و فرقــه دموکــرات آذربایجــان، ماهنامــه گفتگــو، شــماره ۵۳، ص:۱۳۳-۱۵۲.

- مامــدی ،ســنار. (۱۳۷۹)، خاطــرات و دردهــا، جلــد اول و جلــد دوم،

سـوئد الفابـت ماخـما.

- مامـدی، سـنار. (١٩٩٩) حملـه، اعـدام، یـورش و یـاوه سرایـی بلوریـان، و فهرسـت از خاطـرات سیاسـی مـن، جلـد اول. سـوئد، نـاشر بـاران.

- موبلـی. ا. ڕیچـارد. (٢٠٠٨)، ڕوابـط جمهـوری کوردسـتان و آذربایجـان ١٩٤٥-١٩٤٦، ترجمـه: حسـن قـازی، سـلێمانی، چاپخانـەی شـڤان.

- موقـدم، حسـن. (١٣٠٩)، قتـل اسـمعیل آغـا سـمیتقو، قطـع ڕیشـه فسـاد، کوشـش، سـال هشـتم شـماره مسلسـل ١٣٢٨. (٣١,٠٤,١٣٠٩).

- هوشـمند، احسـان. (١٣٨٨)، سـالهای آشـوب، فصلنامـه فرهنگـی اجتماعـی گفتگـو ١٣٨٨، شـماره ٥٣، ص: ٢٩-٤٦.

- هومایـون، سـعید. (٢٠٠٤)، پیشـوای بیـداری، خاطـرات سـعید هومایـون، گـردآوری: هاشـم سـلیمی، اربیـل، چاپخانـه وزارت آمـوزش و پـرورش.

- قاضـی، د. رحیـم، (١٣٨٥) اسرار محاکمـه قاضـی محمـد و یارانـش... گـردآوری و ترجمـه: محمدرضـا سـیف قاضـی، چـاپ سـوم, نـاشر: نـشر آنـا – تهـران.

ڕاپۆرت:

- سازانۆف. ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە

- هەڵسەنگاندنی ئارچیبالد ڕۆزڤێلت

- ڤیلیام داگلاس

-CENTRAL INTELLIGENCE AGENCY, (1960), GEO-GRAPHIC INTELLIGENCE PEPORT, THE KURDSIN 1959,

OFFICE OF PESEARCH AND REPOTS.

بەڵگەنامەکانکان:

کوردی:

- بەڵگەی دیپلۆماتکاران و ئارشیڤی ڕووسیە

- بەڵگەی دیپلۆماتکارانی ئەمریکا

- بەڵگەی سی. ئای. ئەی

- بەڵگەی ئارشیڤی عوسمانییەکان

- بەڵگەی لەشکری بریتانیا

- بەڵگەنامەکانی کۆکراوەی پێوەندیدار بە ڕێبەرانی کورد و جوولانەوەی کوردستانەوە

- ڕۆژنامەی «کوردستان» لە سەردەمی کۆماری کوردستان

- نامەکانی نێوان فەرماندەکانی کۆماری کوردستان لە بەرەی شەڕدا

- ئارشیڤی زارەکی، (وەرگیراو لە فۆلکولۆر و دواندنی کەسایەتییە شارەزاکان)

فارسی:

- اسناد وزارت پست و تلگراف

- سازمان اسناد ملی ایران

- وزارت کشور، اداره کل شهربانی (١٣٢٢)، رونوشت گزارش شهربانی، رضائیه، مورخه 1321.03.08 شماره ١٨٤.